بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد

لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە

محەمەد عەلی قەرەداغی

بەرگی نۆیەم



بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد

لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە

محەمەد عەلی قەرەداغی

ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

بەرگی نۆیەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

محەمەد عەلی قەرەداغی
بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد - بەرگی نۆیەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٠٢
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٩٠ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
پیتکاری: سەیران عەبدوڵڵا
هەڵەگری: بۆکان نووری، شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

وتەیەک

خوێنەری بەڕێز ئەوەی لە سەرەتای ئەم بەرگەی (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد)ەوە دەمەوێ بە تۆی ئازیزی بڵێم ئەوەیە:

هەوڵم داوە- بە یارمەتی خوا- لە رووی دەوڵەمەندیی ناوەڕۆک و زانستی نەوازە و نەبیستراو، بە متمانەییی سەرچاوە و وردەکاریی لە بابەتەکان و، ڕێکوپێکتریان- بە گوێرەی توانا- لە ڕێکخستندا ئەم بەرگەیش- ئەگەر لە بەرگەکانی پێشووی- چاکتر نەبێ لەوان کەمتر نەبێت و، ماندوویێتی و ساردیی منی پێوە دیار نەبێت.

هەر وەک لە بەرگەکانی تردا کردوومە لەم بەرگەیشدا لەسەر ئەو نەریتە ڕۆیشتووم کە دوو بابەتی سەرەکیی و دامەزراو بخەمە پێش بابەتەکانی ترەوە:

١- بابەتی حوجرە و مەدرەسەکانی کوردستان، کە تاکە سەرچاوەی ڕۆشنبیری گەلی کوردن.

٢- دەستخەتی قورئان و شوێنەواری مامۆستایان و زانایانی کورد.

لەسەر ئەم دوو بابەتە نووسیومە و قسەم کردووە کە:

لە رووی نووسینەوەی مێژووی حوجرەوە دەتوانین بگەینە مێژوویەکی پڕ شکۆی هەوڵی زانایانی کورد و رەشەخەڵکی کوردستان، کە چۆن یەکەمیان هەوڵی فێربوون و بڵاوکردنەوەی زانستیان داوە و دووەمیشیان چۆن بە بەخششی بێ سنووریان ژیانی حوجرە و فەقێ و مەدرەسەکانیان دابین کردووە.

مێژووی خۆشنووسانی کوردیش مێژووی چینێک لەو بلیمەتە دەستڕەنگینانەی گەلی کوردە کە ئەگەر وەک پێویست- ئەوەی ماوە و لە دەستدایە- لە مێژوویان کۆ بکرێتەوە و بخرێتە کتێبخانەی جیهانی و ئیسلامییەوە، ئەوا مێژووی بەشێک لە شارستانیەتی گەلی کورد بە جیهان دەناسێنرێت.

ئەگەر تەمەن بە بەریەوە بێت و بۆم بگونجێت بە هیوام- بە یارمەتی خوا- ئەلبوومێکی رەنگین لە شاکاری بەری رەنج و دەست و پەڕەمووچی ئەو بلیمەتانە برازێنمەوە و بیکەم بە یادگاری ئەو سەربازە بێنازە نەناسێنراوانە و، بەم کارە بچووکە سووچێکی قەرزی گەورەی ئەو مامۆستایانە بدەمەوە و- هیچ نەبێ- ناویان زیندوو لە مێژووی خۆشنووساندا بپارێزرێت.

هەر وەک بەرگەکانی تر سەرەتا بە باسی حوجرە و مەدرەسەکان دەست پێ دەکەم و ناوی چەند مەدرەسەم دەست کەوتبێت کە لە بەرگەکانی تردا نەنووسراون و پێشتر پەییم پێ نەبردوون بە پێی پیتی هیجا دەیاننووسم. بە دوای ئەوانیشدا باسی ئەو قورئانە دەستخەتانە دەنووسم کە تا ئێستە باسیانم نەنووسیوە.

ورده زانیاریی

جار جار لەملاولاو لە دەمی مامۆستایان و کەسانی تر هەندێ ورده زانیاریی دەبیسم کە رەنگە تۆمار نەکرابن، یان ئەگەر تۆمار کرابن لە پێچ و پەنا و دوورەدەستدا بن، بۆیە لەم پێشەکییانەدا دەیانخەمە روو بەڵکو بۆ کەسانی خۆیان سوودگەیێن بن. لەوانە:

مامۆستا سەید باقری هاشمی دەفەرموێ:

١- مەلا محەمەدی قوبادیی و مەلا محەمەدی باوەجانیی دوو مامۆستای کورد بوون، هەردووکیان کوێر بوون، هەردووکیشیان دوو شاعیری پلەی یەکەمی هەجوو- داشۆرین بوون، بەڵام بەداخەوە بەرهەم و شوێنەواریان کۆ نەکراوەتەوە.

٢- خانای قوبادیی کە خوسرەو و شیرینی داناوە تەواوی نەکردووە، دوای ئەو چوار کەس تەواویان کردووە:

أ- مەڵکەی مراوەیس کە نەخوێندەوار بووە.

ب- شێخ قادری کەمانگەر.

ج- میرزا ئەولقادری پاوەیی.

د- مامۆستا سەید تاهیری هاشمی.

٣- سەرهەنگ موحەرەرزادە لە شاری سنە بەیاضێکی نایابی شیعری کوردی، فارسی لەلا بووە کە کاتی خۆی بۆ (أمان الله خانی والي كوردستان) نووسراوەتەوە.

قورئانە دەستخەتەکانی پێشانگەی قورئان لە سەقز

برای هێژا مامۆستا عیرفانی پارسا هەوڵێکی دڵسۆزانەی بۆ دام و وێنەی سەرەتا و کۆتایی و چەند لاپەڕەیەکی لە هەر یەکێک لەو قورئانە دەستخەتانەی لە ڕەمەزانی ساڵی ١٤٣٠ک دا لە شاری (سەقز) لە پێشانگەی قورئاندا نوێنرابوون بۆ سکان کردبووم و خستبوونییە سەر سیدی.

لەگەڵ سوپاسی زۆرمدا بۆ مامۆستا عیرفان لەم دەرفەتەدا بۆ هەر یەکێک لەو قورئانانەی ناوی نووسەرەوە و مێژووی نووسینەوەیان دیارە کورتە پێناسەیەک دەنووسم، بە هیوای ئەوەی ئەمانەیش خشتگەلێکی تر بن لە کۆشکی ڕەنگینی مێژووی خۆشنووسانی کورددا.

باسی ئەم قورئانانەم پێکەوە نووسیوە و بۆ بەرو دواییان مێژووی نووسینەوەم کردووە بە بنەما، واتە کامیان لە گشتیان کۆنترە ئەوەم لە پێشەوە داناوە و، یەک لە دوای یەک ئەوانی تریشم بەپێی مێژووی نووسینەوەیان داناوە. ئەگەر گونجایش نموونەی وێنە لە هەر یەکێکیان لە تەک باسەکەیدا دادەنێم.

قورئانی دەستخەتی مامۆستا خونسرد

١

ئەم قورئانە پێوانەکەی ٧,٥×١٢ بەرگەکەی بە گوڵی جوان نەخشێنراوە، زەرکەفتکارییەکی نایابی تێدا کراوە، پێش سەرەتای قورئانەکە دوو لاپەڕە زەرکەفتکاریکراوی تێدایە ناوەڕاستەکانیان هەشتگۆشەییەکی تێدا بە ئاوی تەلا نەخشێنراو دانراوە، دوعایەکی تێدا نووسراوە. ناوی سوورەتەکان لەناو لاکێشییەکی تەلاییدا بە مەرەکەبی سوور نووسراوە. کۆتاییی ئایەتەکان بە خڕکەییەک کە چوار باڵی شینی لێ جیا کراوەتەوە و خڕکەییەکە تەلاییە، دیاری کراون.

چوارچێوەی هەموو لاپەڕەکانی بە جۆگەلەی تەلایی و ڕەش گیراوە، نیشانەی حیزب و جوزئەکان بە گوڵی تەلایی و جوان ڕەنگێنراوە، ناوی حیزب و سوورەتەکان بە مەرەکەبی سوور نووسراوە. لە سەرەتای سوورەتەکانەوە ناوەکانیان بە گوڵێکی تایبەتیی جوان کە ناوی سوورەتەکەی تێدا بە مەرەکەبی سوور نووسراوە، دیاری کراوە.

هەندێک پەڕپووت و شپرزەبوونی پێوە دیارە.

لە کۆتاییدا دوعایەکی کورت نووسراوە. دوای دوعاکە ناوی نووسەرەوەکەی نووسراوە کە بەداخەوە دەستێکی چەپەڵ ناوەکەی کوژاندووەتەوە، لەوە دەچی (أبوالقاسم الحسيني) بێ. نووسەرەوەکە نووسیویە:

(راقمه اقل السادات أبو... الحسيني في سنة ١٢٢٢).

واته ساڵی ١٢٢٢ک. نووسیویەتییەوە.

پێشانگەی قورئانی سەقز ١٤٣٠ رەمەزان.

قورئانی محەمەدی کوڕی مەحموود سوڵتان

٢

ئەم قورئانە دەستخەتەیش یەکێکە لەو قورئانانەی لە پێشانگەی قورئانی پیرۆزدا لە مانگی رەمەزانی پیرۆزی ساڵی ١٤٣٠ک.دا لە شاری سەقز نمایش کراون.

ئەم قورئانە بەرگێکی پێستی هەیە. پێوانەکەی (٩×١١,٥)ە. بە خەتێکی نوسخی مامناوەندیی نووسراوەتەوە، زەڕکەفت و رازاندنەوەی تێدا نەکراوە. بە مەرەکەبی رەش و سوور نووسراوەتەوە. ناونیشانی سوورەتەکان و ئاماژەکانی تەجوید تێیدا بە مەرەکەبێکی سووری کاڵی مەیلەو پرتەقاڵی نووسراون.

لە کۆتاییەوە نووسراوە:

«در حال هم و غم بسيار از گردش روزگار ناپايدار بيد العبد المذنب الراجی محمد ابن محمود سلطان، حاكم محال خورخوره، از يوم چهار شنبهء بيستم شهر ذي قعدة الحرام از قريهء قولدرهء عليا من محال افشار بتوفيق خدای پروردگار باتمام رسيد، مباركباد بمحمد وآله الامجاد»

لێرەدا ساڵەکەی نەنووسیوە، بەڵام لە سەرەوە دەڵێ: لە ساڵی ١٢٧٧دا بووە.

قورئانی دەستخەتی ئەڵلاوێردی

٣

ئەم قورئانە دەستخەتە پێوانەکەی (١٨×٢٥)ە، پێستێکی چەرمی قاوەیی نەخشێنراو بەرگی بووە. بەرگەکەی کۆن بووە بنەکەی دڕاوە و بە پەڕۆیەکی خەتخەت بنی تێ گیراوەتەوە.

ساڵی ١٢٣٢ بە دەستی ئەڵلاوێردی کوڕی فەرەضِ عەلی بەگی سنەیی نووسراوەتەوە.

چوارچێوەی تەلایی بۆ لاپەڕەکانی دانراوە، سەرەتاکەی- سوورەتی فاتیحە و لاپەڕەی یەکەمی سوورەتی البقرة- زەڕکەفتکارییەکی جوان کراوە، بەڵام بە رەنگگەلێکی مات و کەمێک تاریک.

ناوی سوورەتەکان و نیشانەی بەشکردنی جزم و حیزبەکان بە مەرەکەبی سوور نووسراون.

بە خەتی (نسخ) نووسراوە، دوعای خەتمی قورئانەکەی بە خەتی (ثلث) نووسراوە لە کۆتاییەوە نووسیویە:

«حرر تراب أقدام المؤمنين **اللهوردی** ولد فرضعلی بک سنندجی الاصل بالاستعجال بجهة اخوی خضر آقا كوی در پانزهم شهر ذی الحجه الحرام قلمی شد سنه ١٢٣٢»

واتە: تۆزی پێکانی موسڵمانان ئەڵلاوێردی کوڕی فەرض عەلی بەگ پازدەی ذیلحەجەتولحەرامی ساڵی ١٢٣٢ بە پەلە لەبەر خاتری برای خضر ئاغای کۆیی نووسییەوە.

قورئانی دەستخەتی محەمەدی بانەیی

٤

ئەم دەستخەتەیش شوێنەواری خۆشنووسێکی کوردە، بەڵام بەداخەوە باش هەڵنەگیراوە و وەک پێویست نەپارێزراوە، لە سەرەتاوە سوورەتی فاتیحەی تێدا نییە، دڵۆپە و تەڕبوونی زۆری پێوە دیارە، بەڵام مەرەکەبەکەی نەکوژاوەتەوە، زەخرەفە و زەڕکەفتکاریی پێوە نییە، بە مەرەکەبی رەش بە خەتی (نسخ) نووسراوەتەوە، ناوی سوورەتەکان بە مەرەکەبی سوور نووسراوە.

نووسەرەوەکەی ناوی خۆی و هۆز و تیرەی بە درێژیی نووسیوە، منیش دەقەکەی وەک خۆی دەنووسم:

«قد تم المصحف الشريف والقرآن اللطيف على يد احقر العباد وأضلّهم طريق الارشاد، محمد بن محمد مؤمن بيك بن عليقلي القلعة دزدي البانوي ولاية ومسقطا، والشافعي مذهبا، والاشعرى عقيدة، والقصيراني طريقة، والماموى عشيرة وقبيلة، في قصبة بروژة بعد العصر يوم السبت شهر ذي القعدة الحرام في مسجد الجامع. اللهم اغفر لي ولوالدي ولسائر المسلمين. في سنة ١٢٣٥ .

اللهم صل على محمد سيد الأولين والآخرين وعلى آله وأصحابه وسلم تسليما».

قورئانی عەلی رەحمەتئابادی

٥

ئەم قورئانە بە خەتێکی (نسخ)ی جوان نووسراوەتەوە، سەرەتا و کۆتاییی ماوە، لە سەرەتاوە زەخرەفە و رازاندنەوەی تێدا نییە، بە مەرەکەبی رەش و سوور نووسراوەتەوە، ناوی سوورەتەکان و ژمارەی ئایەتەکانی بە مەرەکەبی سوور نووسراوە، چوارچێوەی جووتخەتی بۆ لاپەڕەکانی کراوە.

تەفسیری فارسیی دێر بە دێر لە ژێر دێرەکاندا بە خەتی سوور نووسراوە.

عەلی کوڕی (میر مطهری) حسەینیی رەحمەتئابادی ساڵی ١٢٤٧ک. نووسیویەتییەوە.

هەندێ شوێنی دڕاوە و پینە کراوەتەوە. هەندێ شوێنی ئاو و دڵۆپەی بەرکەوتووە.

قورئانی شێخ سەعیدی گەورە

٦

ئەم قورئانە دەستخەتە پێوانەکەی (١٨×٢٩)ە، بەرگێکی نوێی سەوزی زەڕکەفتکراوی بۆ کراوە. لەسەر ئەو بەرگە نووسراوە: «قورئانی کەریم، دەسخەتی شێخ سەعیدی گەورە، لە دێی هەرشەل، ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی»

ئەم دەستخەتە باش پارێزراوە و سەرەتا و کۆتاییی ماوە و شوێنەواری دڵۆپە و تەڕبوونی پێوە نییە. دوو لاپەڕەی سەرەتای زەرکەفتکارییەکی جوان کراوە، چوار دەوری ئەو دوو لاپەڕە بە گەڵا و گوڵ بەڕەنگەکانی مەرەکەب نەخشێنراوە، لەناو ئەو نەخشانەدا زنجیرەیەک دەبینرێ بە ڕەنگی شین دروست کراوە و لەناو هەر ئەڵقەیەکیدا چوار خشتی سوور دانراوە. ناوی سوورەتەکان بە مەرەکەبی سوور لەناو لاکێشی تەڵاییدا دانراوە، لاپەڕەکانی تر بە چوارچێوەیەکی تەڵایی و لە سەرووی ئەویشەوە بەچوارچێوەیەکی شین چواردەور گیراون. کۆتاییی ئایەتەکان بە خڕکەی تەڵایی جیا کراونەتەوە. نیشانەی بەشکردنی جزم و حیزبەکان بە مەرەکەبی سوور لەناو گوڵێکی تەڵاییدا نووسراوە.

کۆتاییی لاپەڕەی کۆتاییی قورئانەکە بە پینەیەکی سپیی پینە کراوە، گومانی ئەوە دەکرێت بەو پینە نووسراوێک کە لەوانەیە ناوی نووسەرە و مێژووی نووسینەوەی قورئانەکە بێ، داپۆشرابێت. لە لاپەڕەی دوای ئەوەدا بە خەتێکی جوانی نوێ بە کوردی نووسراوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

پاش مردنی مەرحوومی حاجی مەلا محەمەدی حاجی کاکەوڵا لە ساڵی یەک هەزار و چوارسەد و دوازدەی هیجری ٢٤٩٦ی کوردی لەلایەنی عەبدولقادری کوڕی مەرحوومی حاجی مەلا محەمەد ئەم قورئانە گەڕاوە بۆ کاک شێخ مەحموودی کوڕی مەرحوومی شێخ محەمەد ئەمین.

لەبەرئەوەی ئەو هونەرە جوانە ئەو خەتە کەم نەزیرە بە دەست و پەنجەی مەرحوومی شێخ سەعیدی باپیری کاک شێخ مەحموود نووسراوەتەوە، گەڕاوە بۆ کاک مەحموودی ئەسعەدی»

قورئانی دەستخەتی مەحموودی "برنکهانی" کوڕی ئیبراهیم بەگ

٧

ئەم قورئانە بە خەتی (نسخ) نووسراوەتەوە. زەخرەفە و ڕازاندنەوەی بۆ نەکراوە، لە سەرەتاوە چوارچێوە بە خەتی سوور بۆ لاپەڕەکانی کراوە. ناو دێرەکانیشی جۆگەلەی سووری بۆ کراوە. کۆتاییی ئایەتەکان دیاری نەکراوە.

ساڵی ١٢٦٧ مەحموودی (برنکهانی) کوڕی ئیبراهیم بەگ نووسیویەتییەوە.

لە کۆتاییییەوە نووسراوە کە کاتی خۆی وەقف کراوە بە وەقفی عام، دوایی مەحموودی نووسەرەوەی وەقفەکەی هەڵوەشاندووەتەوە و وەقفی کردووە بۆ حاجی ئاغا.

لە کۆتاییییەوە هەندێک شیعری فارسی بە خەتی (نستعلیق) تێدایە.

ئەم قورئانە لەلای مامۆستا شێخ محەمەدی باییەرە لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە، کاتی خۆی مامۆستا شێخ ئیبراهیمی باوکی لە بانە مەلا بووە، ئەم قورئانەی پێشکێش کراوە.

قورئانی دەستخەتی ئەحمەدی هەرشەلی

٨

ئەم قورئانە دەستخەتە بەرگێکی پێستی قاوەیی هەیە، بە خەتی (نسخ) نووسراوەتەوە، تەرجەمەی فارسیی لە تەکدایە. ساڵی ١٢٨٥ک نووسراوەتەوە پێوانەکەی (٤٠×٢٥) لە کتێبخانەی شێخ مەحموودی ئەسعەدیدایە.

قورئانەکە زۆر شڕ و پەڕپووت و دڵۆپە لێدراوە، سەرەتا و کۆتاییی دیار نییە، زەڕکەفت و نەخشاندنی پێوە نییە. ئەو زانیارییانەی سەرەوەم لەو پێناسە وەرگرت کە بۆ پێشانگەکە بۆی نووسراوە.

بەپێی ئەو پێناسە ئەحمەدی کوڕی شێخ مەحموردی کوڕی شێخ محەمەد سەعیدی هەرشەلیی ڕۆژی شەموو ڕەمەزان ساڵی ١٢٨٥ک لە مزگەوتی کەسنەزان نووسیویەتییەوە .

قورئانی دەستخەتی کوڕی ئیسماعیل

٩

ئەم قورئانە دەستخەتە پێوانەکەی (٢١×١٤)ە، بە خەتی (نسخ) نووسراوەتەوە، سەرەتا و کۆتاییی ماوە، نەخشاندن و زەڕکەفتکاریی تێدا نییە، بە مەرەکەبی رەش و سوور نووسراوەتەوە. ناوی سوورەتەکان و نیشانەکانی جزم و حزبەکان بە مەرەکەبی سوور نووسراونەتەوە.

ڕۆژی شەمووی سەرەتای مانگی ذیلقەعدەی ساڵی ١٢٨٥ک نووسراوەتەوە. لە سەرەتای ئەم قورئانەوە بە خەتێکی نوێ بێ مێژووی نووسین بە زمانی فارسی لاپەڕەیەک نووسراوە کە ئەمە پوختەکەیەتی بە کوردی:

ئەم قورئانە پیرۆزە بە خەتی مامۆستا کوڕی ئیسماعیل لە ساڵی ١٢٨٥ک دا نووسراوەتەوە. لەلایەنی ڕەحمەت و محەمەد حەیدەری بۆ محەمەدی کوڕی مەحموود حەیدەری لە مەلا محەمەد ئەمین بەگی ئیمامی گوندی کانی سفیدی (کانی سپیکە)ی سەر بە دیواندەرە بە گایەک و گوێرەکەیەک هەدیە کراوە. مەحموود حەیدەریش ساڵی ٧٨- ١٣٧٧ هەدیەی کردووە بە ئەمین محەمەد زادەی برازای.

داوا لە یاسینی کوڕم و میراتگرانم دەکەم کە چاودێریی ئەم شوێنەوارە بکەن و بۆ ماڵی دنیا لە دەستی نەدەن و لەو خانەوادەماندا بمێنێتەوە.

ئەمین محەمەد زادە

قورئانی دەستخەتی ئەبولقاسمی حسەینی

١٠

ئەم قورئانەیش یەکێک بووە لە قورئانە نایاب و جواننووسراوەکان و کاتی خۆی ڕەنجێکی زۆری تێدا دراوە، نووسەرەوەکەی توانای هونەریی خۆی تێدا بەکار بردووە. بەڵام دیارە باش هەڵنەگیراوە و بایەخی زۆر بە پاراستنی نەدراوە، بۆیە شپرزە بووە و ئاو و دڵۆپەی بەرکەوتووە و، لە کۆتاییيەوە لە سوورەتی (القدر)ەوەی نەماوە.

ئەم قورئانە پێوانەکەی (١٢×٧,٥)ە و بەپێی ئەوە لە پێشانگەکەدا نووسراوە ئەم دەستخەتە بە خەتی (ئەبولقاسمی حسەینی)یە.

بەرگێکی پێستی بە گوڵی ئاڵ ڕەنگێنراوی هەیە، بنەکەی دڕاوە و بە پەڕۆ چاک کراوەتەوە.

دوو لاپەڕەی پێش دەستپێکردنی قورئانەکە بە مەرەکەبی تەلایی و بە گوڵ و گەڵای جۆراوجۆر نەخشێنراون. دوای ئەوە سوورەتی (ا لفاتحة) و سەرەتای سوورەتی (البقرة) لاپەڕەی یەکەمی بە زەرکەفتییەکی جوان کراوە و ڕەنگەکانی شین و سوور و تەلایی زاڵن بە سەریدا. ناوی سوورەتەکان بە مەرەکەبی سوور لەناو لاکێشی تەلاییدا نووسراوە. لاپەڕەکانی تری چوارچێوەی تەلاییيان بۆ کراوە و، کۆتاییی ئایەتەکانیش بە خڕکەی تەلایی جیا کراونەتەوە.

نیشانە و بەشکردنی جزم و حیزبەکان لە ناو گوڵی تەلاییدا بە مەرەکەبی سوور نووسراون.

قورئانی رووس

١١

ئەم قورئانە کاتی خۆی قورئانێکی زۆر نایاب بووە، بەرگی پێستی قاوەیی بووە، پێوانەکەی (٢٤×١٥)ە.

لاپەڕەی یەکەمی نەماوە، لاپەڕەی دووەمی زەرکەفتکارییەکی جوان کراوە، بە ڕەنگەکانی مەرەکەبی جۆراوجۆر بە ڕەنگی گەڵا و گوڵ نەخشێنراوە.

چوارچێوەی تەلایی بۆ لاپەڕەکانی و جۆگەلە بۆ دێرەکانی کراوە. کۆتاییی ئایەتەکان بە خڕکەیی تەلایی جیا کراوەتەوە. لاکێشیەکی جوان و نەخشێنراو بۆ سەرەتای سوورەتەکان کراوە، ناوی سوورەتەکەی بە مەرەکەبی تەلایی تێدا نووسراوە. نیشانەی بەشکردنی حیزب و جزمەکانی خراوەتە ناو گوڵ و گەڵایەکی جوانەوە.

بە خەتی (نسخ) نووسراوەتەوە، کۆتاییيەکەی نەماوە، ناوی نووسەر و مێژووی نووسینەوەی دیار نییە.

بەم قورئانە دەوترێ (قورئانی رووس) بەهۆی ئەوەوە کاتێ لە شەڕی جیهانیدا رووس هێرشی هێناوە بۆ سەر ئێران و گەیوەتە ئەو ناوچەیە قورئانەکەی تێدا بووە- کە گوندێک لە گوندەکانی کوردستان بووە- خەڵکەکە قورئانەکەیان بردووە بە پیریی سوپاکەوە بەڵکو ڕێزی لێ بگرن و زیان

بە گوندەکە و خەڵکەکەی نەگەیەنن، بەڵام ئەو کەسانە لە بری ڕێزگرتن لە قورئانەکە بە شمشێر لێیان داوە و قورئانەکەیان لە تلەلەت کردووە و، ئەو لەتبوونەی لە سوورەتی (النساء)ەوە پێوە دیارە.(*)

قورئانی شێخ حەسەنی مەولاناوا

١٢

ئەم قورئانە یەکێکە لە قورئانە نایاب و بە بایەخە دەستخەتەکانی کوردستان. شێخ حەسەنی مەولاناوای خاوەنی قورئانەکە بایەخێکی زۆری پێ داوە و لە گەلێ ڕووەوە روونکردنەوەی لەسەر نووسیوە. لێرەدا پوختەیەکی ئەو زانیارییانە و ئەو خزمەتانەی بەم قورئانە کراون دەخەمە پاڵ باسی ئەو قورئانانەی کە ناوبەناو باسیان دەکەم:

ئەم قورئانە لە قەوارەی گەورەدا نووسراوەتەوە و پێوانەکەی (٦٠×٤٠)سم، ١٩١٨ لاپەڕەیە، کێشانەکەی ١٦ کیلۆیە.

لاپەڕەی (١٠) دێری تێدایە، بێجگە لە تەفسیر و حاشیە. تەفسیری دێر بە دێری بە زمانی فارسی کراوە، تەفسیرەکە بە مەرەکەبی سوور لەژێر دێرە قورئانەکانەوە نووسراوە. بەرگێکی پێستی جوانی نەخشێنراوی هەیە.

ئەم قورئانە خەتی ڕەسووڵی کوڕی یەحیای کوڕی زەکەریایە، ڕەسووڵ قورئانەکەی بۆ شێخ حەسەنی مەولاناوایی نووسیوەتەوە. بەشێکی تەفسیر و ئەسبابی نوزوول و باسی ناسیخ و مەنسووخ و وردەکاریی تر بە خەتی خودی شێخ حەسەنن.

مامۆستا ڕەسووڵی نووسەرەوە لەم بارەوە نووسیویە:

> ڕەسووڵی کوڕی یەحیای کوڕی زەکەریا لەبەر خاتری گەورە و مەولام و شێخی شێخان شێخ حەسەنی کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ئیبراهیمی صادقی ناسراو بە (بستی) نووسیویەتییەوە. نووسینەوەکەی لە ڕۆژی دووشەمەی مانگی (ربیع الاول)ی ساڵی ١١٢٧دا تەواو بووە.

دوای نووسراوانەی قورئانەکە شێخ حەسەن قورئانەکەی هەڵگرتووە و بردوویەتی بۆ عەرەبستان و میسر و شام و لە تەک قورئانە کۆنە دەستخەتەکانی سەرەتای ئیسلامدا بەراوردی کردووە و، لە تەک گەلێ لە زانایانی ئەو وڵاتانەدا دانیشتووە و گفتوگۆی کردووە. شێخ حەسەن لە لاپەڕە ٧٨٤ی قورئانەکەیدا لەم بارەوە نووسیویە:

> «یا من یقرأ علی مصحفي هذا بالله علیك لا تغیر ما کتبتُ ولو حرفا او حرکة، فأنه مصحح بالکرات المتعددة، وقد قوبل بتصاریف الصرف، وقواعد النحو، ونتایج القضایا، ولطایف الاستعارات، وبدایع المعاني. وحقائق أقوال المفسرین، وأرسام

(*) لێرەدا قورئانەکانی پێشانگەی سەقز تەواو بوون.

التجاويد، واتباع القرائن من أوله إلى آخره. فلا تحرفه جهلا منك إلا إذا كنت عالما ماهرا باصطلاح النحاة وأقاويل المصنفين، واطلعتَ على محرّف، وكررت النظر إليه، او شاورت العلماء، وفوق كل ذي علم عليم. والا فـأكون خصمك يوم فصل القضاء والحساب.

وقد اجتهدت في تحصيل هذا المصحف الشريف غاية الجهد قريبا من عشر سنين. تا حق سبحانه وتعالى به فضل وكرم بى پايان خود خلعت توفيق اتمام آن بر فقير پوشانيده. ونرجو من الله سبحانه يصح ان يقال له ام القرآن في بلادنا. فمن ثم سميته بأم القرآن. فوالله ما وضعت فيه حرفا ولا حركة ولا نقطة ولا رمزا من رموز القراءة إلا بالدليل.

هذا آخر وصيتي، عليكم إخواني -وفقني الله وإياكم الى ما يحب ويرضى- واستودع الله ديني ودينكم ودنياكم، ورزقه الله لقاءكم في الجنة أجمعين. ورزقني الله وإياكم لقاءه بمنه وكرمه وفضله، وما ذلك على الله بعزيز. ربنا تقبل منا إنك أنت السميع العليم. وتب علينا إنك أنت التواب الرحيم، واهدنا إلى الحق وإلى طريق المستقيم. واغفر لنا ذنوبنا انك أنت التواب الرحيم. وسلام على المرسلين.»

جگە لەوەی شێخ حەسەن تەرجەمە و تەفسیری زۆری بە زبانی فارسی بەسەر قورئانەکەوە نووسیوە، ڕا و بۆچوونی زۆری تایبەتیی خۆیشی نووسیوە، لە دوای بۆچوونەکانی خۆیەوە نووسیویە (وێم) واتە: (خۆم) کە مەبەستی ئەوەیە ئەوەی نووسیویە بۆچوونی خۆیەتی.

شێخ حەسەن یەکێک لە مامۆستایانی دیار و ناسراوی تەجوید و قیرائات بووە. لەم بارەوە دانراوێکی بە هۆنراوە هەیە. هەر لەبەرئەوەیشە شێخ حەسەن لە پاڵ تەفسیرەکانی ئایەتەکاندا وێنەی دەم و ددان و قورگی کێشاوە و، شوێن و مەخرەجی حەرفەکانی بەپێی ئەو وێنە، هەر حەرفێ لە مەخرەجی خۆیدا، دیاری کردووە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قورئانە ئەوەیە شێخ حەسەن هەر حەوت قیرائەتەکەی قورئانی پیرۆزی لەناو قورئانەکەدا بە نیشانە و مەرەکەبی سوور دیاری کردووە.

شێخ حەسەن لەلای هەر ئایەتێکدا کە بۆ موناسەبەیێ یا دوعایێ بخوێنرێت باسی ئەوەی لە کتێبی (خواص القرآن) وەرگرتووە و لەوێدا نووسیویە:

> سێ وەقفنامە لە کتێبخانەی شێخ حەسەندا کە لە گوندی مەولاناوایە هەن، لە هەرسێ وەقفنامەکەیدا کتێبەکانی خۆی لەسەر زاناترین نێرینەی برازاکانی: شێخ ڕەسووڵ و شێخ حەیدەر و نەوەی ئەوان وەقف کردووە و، ئەوانی لە فرۆشتن یان هیبە و بەخشین یان بەکرێدانی ئەو کتێبانە مەنع کردووە و. وە هەر کەسێ ئەوە بشکێنێ و بەپێچەوانەی ئەو وەقفنامەوە کار بکاتی بەر لەعنەتی خوا خستووە.

مامۆستایان مەلا ئەحمەدی وزڵەی مودەڕیسی باشماخ و، مامۆستا مەلا عەبدوللەتیفی مامۆستای گوندی (گول تەپە) و، مامۆستا محەمەد سادقی قازی و مودەڕیسی سەقز ئەو

وەقفنامەیان ئیمزا کردووە. چەندان کەسیش وەک: مامۆستا مەلا زەکەریا و مامۆستا مەلا فەتحوڵڵا و شێخ عەبدوڵڵا و حاجی حسەین بەگ و حاجی یەعقووب و حاجی مستەفا شایەتی ئەو وەقفە بوون.

ئەم قورئانە لە گوندی مەولاناوای سەر بە خورخورەی ناوچەی سەقز پارێزراوە.

شێخ حەسەن ساڵی ١٠٧٣ک ١٦٦٢ز لەدایک بووە، ساڵی ١١٣٦ک ١٧٣٢ز کۆچی دوایی کردووە.[١]

قورئانی مەلا نەزیری تەوێڵە

١٣

ئەم قورئانەیش یەکێکە لە قورئانە دەستخەتە کۆنەکانی کوردستان. سەرەتا و کۆتایی ماوە، زەرکەفتکاری و جوانکاری تێدا نەکراوە، سەرەتاکەی نەنەخشێنراوە، بە خەتێکی خۆشخوێن لە نێوان (نسخ) و (ثلث)دا نووسراوەتەوە، سەرەتای سوورەتەکان بە مەرەکەبی سوور نووسراوە. کۆتایی ئایەتەکان بە خڕکەیەکی بچکۆلەی سوور دیاری کراوە، هەروەها نیشانەکانی تەجویدیش بە مەرەکەبی سوور نووسراون، لە کەنارەوە بەشکردنی جوزء و حیزبەکان بەهەمان شێوە.

تا کۆتایی قورئانەکە بە یەک جۆر کاغەز نووسراوە، بەڵام دوعای خەتمی قورئان کە لە کۆتاییەوەیە لە کاغەزێکی تر و جۆرێکی تردا نووسراوەتەوە، خەتی دوعای خەتمەکەیش زۆر لە خەتی قورئانەکە دەچێت.

لە کۆتاییەوە نووسراوە:

«تم الكتاب المجيد بعون الملك الحميد بعد الظهر يوم الأربعاء في شهر ذي القعدة في قرية روان على يد أحقر الع.... ملا نذير طويلي الاصل سنة الف ومائتين وإحدى وثلاثين من بعد هجرة سيد المرسلين. هذا المصحف الثالث والثلاثون»

ئەو شوێنەی کە خاڵم تێدا داناوە دوای (الع) ئەوە دیارە بە ئاشکرا کاغەزەکەی بڕاوە و کرێنراوە، ئیتر نازانم بە چ مەبەستێک بووە، بە دووری نازانم بۆ مامۆستا مەلا نەزیر نووسرابێتەوە و خەتی خۆی نەبێت و، ئەو بەشە کرێنراوە ناوی نووسەرەوەکەی بێت، هەر لەبەر ئەمەیش نووسیم (قورئانی مەلا نەزیری تەوێڵە) و نەمنووسی دەستخەتی مەلا نەزیری تەوێڵە.

دەستخەتی تری مەلا نەزیریشم نەدیوە تا بەراوردی بکەم لە تەکیدا و بزانم خەتی خۆیەتی یان نا.

---

(١) ئەم زانیارییانەم لە مامۆستا عیرفانی پارسا وەرگرتووە.

قورئانێکی دەستخەتی تری سیاگوێز

١٤

ئەم قورئانە دەستخەتێکی کۆنی دڕاو و چەند جار پینەکراو و سەحافیی کراوەیە. نووسەرەوەکەی- یان نووسەرەوەکانی- ناوی خۆی نەنووسیوە.

بە خەتێکی (نسخ)ی مامناوەندی نووسراوەتەوە.

لە سەرەتاوە زەخرەفە و جوانکاریی بۆ نەکراوە، لاپەڕەی یەکەمی (سوورەتی فاتیحە) کەمێک دڕاو و لۆچە. ناوی سوورەتەکان و خڕکەییی کۆتاییی ئایەتەکان بە مەرەکەبی سوور نووسراون. لە سووچی سەرەوەی لای چەپیەوە لەسەر لاپەڕەکان ناوی سوورەتەکان نووسراوە.

دوو لاپەڕەی سەرەتای سوورەتی (مریم) واتە نیوەی قورئان بە رەنگی تەلایی و رەش نەخشێنراون و جوانکاریی تێدا کراوە. لەوێیشەوە شێوەی خەتەکە دەگۆڕێت و زیاتر بەرەو (ثلث) دەچێ.

قورئانەکە لەناو پێستێکی چەرمی قاوەیی دوو سێ قاتدا دانراوە، کە کراوە بە بەرگی و پەڕۆی تێ گیراوە.

لە کۆتاییی قورئانەکەوە وەقفنامەیەک هەیە لە چەند ڕووەوە سوود گەیێنە، بۆیە بە دەقەکەی خۆی بێ هیچ دەستکاریکردنێک، جگە لە خاڵبەندی، دەینووسمەوە.

دەقەکە بە خەتی مامۆستا مەلا ئەحمەدی پاشبەردیی بانەییە. ساڵی ١٢٦٩ک ١٨٥٢ز نووسیویەتییەوە، ئەم مامۆستایە یەکێکە لە مامۆستا مەلا ئەحمەدە پاشبەردییەکان کە دەڵێن: شەش پشتیان یەک لە دوای یەک هەر مەلا بوون و ئەحمەدیشیان ناو بووە.[١]

پێنج ساڵ دوای ئەوەیش مامۆستا مەلا محەمەدی کوڕی عەبدولعەزیزی[٢] بانەیی زەردەبەنی، واتە لە ساڵی ١٢٧٤ک ١٨٥٧ز دا هەندێک شتی لە وەقفنامەکە زیاد کردووە، بەتایبەتی باسی ئەوە دەکات کە فەقێ محەمەدی باوکی فەقێ عەلی قورئانێک کە موڵکی خۆی بووە و، دیارە دەستخەتیش بووە، لەسەر فەقێ عەلی کوڕی وەقف دەکات، ئەم قورئان وەقفکردنە ساڵی ١٢٧٤ بووە، بەڵام دیار نییە قورئانەکە ئەم قورئانەیە کە باسی دەکەم و وەقفنامەکەی بە سەرەوە نووسراوە، یان قورئانێکی ترە.

قەباڵەی وەقف (وەقفنامە)[٣]

---

(١) چەندان دەستخەت و شوێنەواری بە نرخی بنەماڵەی پاشبەردی و- بەتایبەتی ئەم مامۆستا مەلا ئەحمەدەیان- لە (م، م)- المرکز الوطني للمخطوطات-دا لەنگەریان گرتووە. (بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی پێنجەم، ل: ٥٥).

(٢) بەشێکی کەشکۆڵستانیش دەستخەت و شوێنەوار و شیعری ئەم مامۆستایە. (بڕوانە: ئەلبوومی کەشکۆڵ ل: ٣٩، هەروەها بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی سێیەم، ل: ٨٨) هەروەها بەرگی هەشتەم ل: ٣٢٩.

(٣) ئەم ناونیشانە خۆم دام نا.

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وآله وصحبه أجمعين.

أما بعد: بر حاكمان اولو العدل وقاضيان ذوى الفضل مخفى وپوشيده نباشد، كه در سنهء يك هزار دويست شصت نو از هجرة حضرت رسالتپناه در نزد چند شهود معتبر القول ومقبول الروايه وموصوف بصفات شهادت، كه اسامى ايشان در حاشيهء قباله مرقومند، فقه محمد پسرى حسن خداداد هرچند رزو املاك وزمين كه عبارتند از (رز آلاى شل) و (كانى بچوك) و (زمين آلاي شل) وخانهء وجاى خانه ودكان... همه را وقف پسرى خود فقه على نام كرده. (وقفا لا تباع ولا توهب ولا تنذر!) وفقه على قبول كرد. بعد ازان فقه محمد أملاك مضفوره وقف اولاد فقه على واولاد اولاد او بطنا بعد بطن الى انقراضهم نمود.

وفقه محمد گفت: هر وقت اولادهاى فقه على نمانند املاكهاى مذكوره وقف از مسجد سياگويز باشد (فمن بدله بعد ما سمعه فإنما إثمه على الذين يبدلونه).

اين چند كلمه قلمى شد تا عند الحاجة بكار آيد. تحريرا في سنة ١٢٦٩ .

جرى ذلك كذلك لدى الحقير أحمد الپاش بردى

مۆرەكەی (عبده أحمد)

الشهود بما فيه: محمد ابن الشيخ عبدالقادر.[٤]

أقر الفقيه الواقف المزبور فى هذا السجل بوقفه الاملاكات المرقومة على ابنه الفقيه على حسبما رقمه العالم العامل الفاضل الكامل مولانا أحمد الپاشبردى.

أنا الحقير الغريب محمد ابن عبدالعزيز الخطيب الباني الزردبني. حررته حين الاقرار في سنهء الف ومائتين وسبعين واربع من الهجرة المباركة.

وأيضا نذر الفقيه على منافع الاملاكات المسفوره على أبيه الفقيه محمد مدة حياته في التأريخ السابق. والسلام على من اتبع الهدى.

الحقير محمد الخطيب بن الخطيب...

وأيضا وقف الفقيه محمد الواقف السابق كلام الله المصحف المجيد ملكه على ابنه الفقيه على، الموقوف عليه السابق، وعلى اولاده الذكور والفقيه على قبل الوقف.

حررته زمان الوقف سنة ألف ومائتين وسبع واربع.

الحقير محمد الغريب الخطيب الباني ابن عبدالعزيز الخطيب الزردبني.

لە ناو سێکوچکەی ئەم نووسینەی مامۆستای زەردەبەنیدا شایەتیی مصطەفای کوڕی

---

(٤) ئەم محەمەدی کوڕی عەبدولقادرە رەنگە مامۆستای نووسەرەوەی دەستخەتی کۆمەڵە دانراوی (مەهدی نامە) و (تذكرة العوام) و (بيت الحشر)ی شەوقی و... بێت. (بڕوانە: دەقنامە).

عەبدولقادر هەیە، کە ڕەنگە برای محەمەدی کوڕی عەبدولقادر بێت کە لە سەرەوە بە شاهید نووسراوە. نووسینەکە ئاوایە:

انا حاضر السامع مصطفى ابن عبدالقادر سياگويزيى.

هەر بۆ تۆکمەکردنی ئەم وەقفە لە ناوەڕاستی قورئانەکەدا لە کۆتاییی سوورەتی (الكهف)ەوە وەقفنامەیەکی کورتی تر لە هەمان ساڵدا بە خەتێکی تر نووسراوە، ئەمەیش ئەو دەقەیە:

«بر ناظران شريف پوشيده ومخفى نماند كه درينوقت حسن بن خداداد ملك خود كه مسما به (يارا آلى شل) مى باشد وقف صحيح شرعى نمود بر أولاد ذكور بطنا بعد بطن (لا تباع ولا تؤجر ولا توهب) والشهود بما فيه شيخ محمد وشيخ مصطفى وشيخ قادر وفقى محمد وسواره ومحمود... وساير جماعت سياگويزى سنه ١٢٩١»

ئەم دەقەیان بە ناوی (حەسەنی خوداداد)وەیە کە دەبێ بە باوکی فەقێ محەمەدی خاوەنی وەقفنامەی پێشوو. مێژووەکەی ورد نووسراوە و دڕاوە، جا ئەگەر وابێ وەک نووسیم (١٢٩١) چۆن دەبێ باوک دوای کوڕ ماڵەکەی وەقف کردبێت. دەگونجێ ئەو مێژووە هەڵەیەکی تێدابێت یان دڕاوییەکە تێکی دابێ.

نووسەرەوەی ئەم خەتە ناوی خۆی نەنووسیوە، بەڵام ئاشکرایە خەتی هیچ کام لە دوو نووسەرەوەی پێشوو- مەلا ئەحمەدی پاشبەردی و محەمەدی کوڕی عەبدولعەزیزی زەردەبەنی- نییە.

دۆزینەوەی قورئانێکی تری دەستخەتی "محمد الجديد"(*)

١٥

ڕۆژی دووشەمەی ٢٠١٠/١/٤ سەر لە بەیانی کەناڵی (العربية) هەواڵی- لەناو هەواڵەکانی ئەو ڕۆژەیدا- ئەوەی پەخش و پێشان دا کە لە ساڵی ١٩٤٧دا شوانێک لە ئەشکەوتێکدا دەستخەتێکی کۆنی تەوراتی دۆزیوەتەوە، دوایی حکوومەتی ئوردن دەستخەتەکەی لە شوانەکە کڕیوە و بووە بە بەشێک لە دەستخەتی کۆنی ئەو دەوڵەتە و لە مۆزەخانەی خۆیاندا پاراستبوویان.

دواتر کە ئیسرائیل لە شەڕی ساڵی ١٩٦٧دا دەستی گرت بەسەر بەشێک لە خاکی ئوردندا، ئەو دەستخەتە و ئەو مۆزەخانە بەشێک بوون لەوانەی کەوتنە ژێر دەستەڵاتی ئیسرائیل و، ئێستە ئەو دەستخەتە یەکێکە لەو بابەتانەی کێشەی لەسەرە لە نێوان ئوردن و ئیسرائیلدا، ئوردن دەڵێ: بەشێکی جیانەکراوەیە لە میراتی فەرهەنگی ئوردن، ئیسرائیلیش دەڵێ: تەورات کتێبی پیرۆزی ئێمەیە و مافی خۆمانە لەلامان بێ و بیپارێزین و ئوردن چ پێوەندییەکی بەو باسەوە هەیە؟.

هەر ئەو ڕۆژە و سەعاتێک دوای ئەو هەواڵە مامۆستا شێخ عومەری نیزامی بە تەلەفون هەواڵی دۆزینەوەی قورئانێکی دەستخەتی دامێ، کە جگە لە سوپاسی زۆرم بۆ مامۆستا شێخ عومەر کە

(*) لە ژمارە (٤١٦)ی ٢٠١٠/٣/٢٧ی هەفتەنامەی کۆمەڵدا بڵاو بووەتەوە.

منی بە یەکەم خەمخۆری ئەو بابەتە زانی و ئەو هەواڵەی پێ دام، هەواڵەکە خۆی جێگەی سرنجە و پوختەکەی لە پێش باسی دەستخەتەکە و باسی (محمد الجدید)ی نووسەرەوەی دەستخەتەکەدا دەخەمە ڕوو:

شێخ ئازادی کوڕی شێخ نەجمەدینی کوڕی مامۆستا شێخ نووری شێخ بابا عەلی تەکیەیی- کە خاڵۆزای مامۆستا شێخ عومەر بوو- پاش نەخۆشییەکی درێژخایەن بەیانیی ڕۆژی ناوبراو کۆچی دوایی کرد. خوای مەزن بە میهرەبانیی خۆی لە گوناهی شێخ ئازاد خۆش بێت و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکا و سەبووریی کەسوکار و خانەوادەکەیشی بدا.

دوای ئەوەی شێخ ئازاد گیانی بە خوای میهرەبان دەسپێرێتەوە، تەرمەکەی دەبەن بۆ مزگەوتی شێخ بابا عەلی، باپیرە گەورەی، تا لەوێ بیشۆرن و نوێژی لەسەر بکەن و خزم و کەسوکاریش کۆ ببنەوە و تەرمەکەی بۆ ئارامگای هەمیشەیی بەڕێ بکەن.

دوای شۆردن و کفنکردنی تەرمەکە لە مزگەوت دای دەنێن و موسڵمانان لە دەوری کۆ دەبنەوە و، هەر یەکەیان- ئەوانەیان قورئانخوێن- دەست دەدەنە قورئانێک تا بە گوێرەی کات و توانا پێش بەڕێکردنی تەرمەکە قورئانی بە سەرەوە بخوێنن.

مامۆستا شێخ عومەریش یەکێک دەبێت لەوانەی کە دەست دەداتە قورئانێک بۆ ئەو مەبەستە. بێ ئەوەی دەست بگێڕێ یان بە هیچ مەبەستێک قورئانێک هەڵبژێرێت، دەست دەبات لە تاقێک لە تاقەکانی مزگەوتدا قورئانێک دادەگرێت. هەر کە دەمی قورئان دەدرێتەوە شتێکی چاوەڕواننەکراو دەبینێ! دەبینێ ئەو قورئانەی دەستی ئەو قورئانێکی دەستخەتی کۆنە و، نموونەیەکی نایابی شوێنەواری مامۆستایەکی دەسترەنگینی کوردە.

مامۆستا شێخ عومەریش- ماڵی ئاوابێت- لە تەک ئەوەی ئەو کۆستەکەوتووەی لە بەردەمدا بووە و، بە دیار تەرمی خاڵۆزای گەنجی کۆچکردوویەوە بووە، ئەو هەواڵەی دوا نەخست و بە منی گەیاند و منیش لە تەک سوپاسی زۆری چەند بارەی مامۆستا شێخ عومەردا- وەک ئەرک و پیشەی هەمیشەییی خۆم- زوو بە دەم هەواڵەکەوە چووم و، ئەم قورئانە دەستخەتەیشم بە کتێبخانەی کوردی و مێژووی خۆشنووسانی کورد ناساند، بەهیوای ئەوەی گەلێ هەواڵی تری ئاوا و لەمە خۆشترمان دەست بکەوێ.

ئێمەی کورد و شوێنەواری زانایانمان

مەبەستم لە بەستنەوەی هەواڵی دۆزینەوەی قورئانە دەستخەتەکەی مزگەوتی شێخ بابا عەلی بە هەواڵەکەی (العربیة)وە، ئەوە بوو کە ئەوە بۆ چەندەمین جارە بیڵێمەوە: گەلانی جیهان دەمێکە لە کۆکردنەوەی شوێنەوار و کەلەپوور و میراتی فەرهەنگی خۆیان بوونەتەوە و، لە جێگەی باشدا پاراستوونیان و فیهرەست و بیبلیۆگرافیایان بۆ کردوون و، بە گەورەترین سامانی نەتەوایەتیی خۆیانیان دادەنێن و، بە شوێن شتگەلێکیاندا دەگەڕێن کە- بەشێوەیەک لە شێوەکان لەبەر هەر هۆیەک- ئاوارەی وڵاتانی تر بوون، تا بیاندۆزنەوە و بیانگەڕێننەوە بۆ وڵاتی خۆیان و، بۆ ئەم

مەبەستەیش یاسای نێودەوڵەتیی هەیە بۆ دادوەرییکردن لەو کێشانەدا کە لەم رووەوە سەر هەڵدەدەن و، ئەو کێشانەیش کەم نین و گەلێ جار لەبارەیانەوە دەبیستین و دەخوێنینەوە.

بەڵام ئێمەی کورد، وەک گەلێ جار نووسیومە، ئەگەر لە رووی قەوارەی خۆمانەوە، دەوڵەمەندترین گەلی جیهان نەبین لە رووی سامانی کولتووری کەلەپووری- و بە تایبەت- دەستخەتەوە، ئەوە یەکێکین لە گەلە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان لەم بارەوە. بەڵام مخابن و سەد مخابن تا ئێستە شوێنێکمان نییە- وەک گەلانی خوا پێداوی جیهان- ئەو گەنجینە و سامانە بەنرخەی تێدا بپارێزین و، وەک گەلانی جیهان ئێمەیش شانازی بە شارستانیەتی خۆمانەوە بکەین و، بە دەوری خۆمان بەشداری زانایانی پێشوومان لە خزمەتکردنی رۆشنبیریی جیهانیدا بە جیهان رابگەیەنین.

نەک هەر ئەوە بگرە خەمساردیمان لەم بوارەدا لە ئاستێکدایە تا ئێستەیش هیوای دەرکەوتنی خەمخۆرێکی دەسترۆیشتوو و بە توانامان لە ئاسۆوە دیار نییە و، هەر بە داخ و کەسەری ئەوەوە دەتلێینەوە کە رۆژانە دەبینین بەشانێک لەو سامانەمان یان لە بەین دەچێت، یان بە دەستی نەزانان و ناحەزان و دژ بە کولتوور و مێژوومان ئاودیو و ئاودیوادیو دەکرێن و بەرەو ئاوارەیی و چارەنووسی نادیار دەبرێن.

قورئانە دەستخەتەکەی مزگەوتی شێخ بابا عەلی

خودی ئەم هەواڵە بەڵگەیەکی گەورە و روونە لەسەر کەمتەرخەمیکردن و بایەخ نەدانمان بەو سامانە. ئەگەر ئێمەیش لەم رووەوە لاسایی گەلانی جیهانمان بکردایەتەوە دەبوو ئەو شوێنەوارە و هاوشێوەکانی لە شوێنی قایم و ئەمیندا لە چوارچێوەی زێریندا بۆ تەماشاکەران بنوێنرایەن.

داخ و کەسەر زۆرە و ئەمە هەر وەک بیرخستنەوە دەنووسم و لەمە زیاتر لە سەری ناڕۆم و ئەم هەواڵەیش دەخەمە پاڵ هەواڵی دزرانەوەی قورئانەکەی ئەحمەد ئاوا کە لە ژمارە (٤٠٣)ی رۆژی ٢٠٠٩/١٢/٢٦ی هەفتەنامەی کۆمەڵدا بڵاوم کردەوە، بەڵکو ساجارێک بەرچاوی خەمخۆرێک و دڵسۆزێک بکەون و، غیرەتی پارێزکردن لە سامانی نەتەوایەتی لە ناخیاندا بجووڵێنێ و، ئەوەی کە دەبوو دەمێ ساڵ لەمەوبەر لای لێ بکەینەوە، بخرێتە بواری خەم لێخواردن و کۆکردنەوە و بووژاندنەوەوە.

وەک گوتم خودی ئەم هەواڵە بەڵگەی کەمتەرخەمی و بایەخ نەدانمانە بە شوێنەواری زانایانمان؛ چونکە جگە لەوەی ئەم قورئانە دەستخەتە چەند وەختە کەس ئاگای لێی نییە، ئەی ئەو قورئانانەی تر کە ئەم مامۆستا بەرێزە نووسیونیەوە لە کوێن؟ یان وەک لە وتاری پێشوودا باسیم کرد مامۆستایەکی ترمان ٣٢ قورئانی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە- رەنگە زۆر لەو ژمارەیش زیاتری نووسیبێتەوە- ئێمە تەنیا هەواڵی ئەو قورئانەیان دەزانین کە بۆ مامۆستا مەلا نەزیری گەورەی تەوێڵەی نووسیوەتەوە.

ئەمەیش تەنیا لە تەک دەستخەتی قورئاندا نییە، بەڵکو بۆ شوێنەواری هەموو زانایانمان

هەروەها کەمتەرخەمین؛ چونکە کێمان ئاگای لە نوسخەی دەستخەتی دیوانی نالی، یان سالم، یان کوردی، یان وەفایی و...، کێ و کێی تر لە شاعیرانمان هەیە کە بە خەتی خۆیان لە دەستدابن؟ بەبێ دوودڵی و وەستان دەڵێم: کەسمان ئاگامان لە دیوانی کەسیان نییە و، دیوانی کەسیان بە خەتی خۆی شتێکە جێگەی باس نییە. ئەمەیش بۆ شوێنەواری زانا گەورەکانمان هەر هەمان شێوەیە و، مەگەر لە سەدان کەس بە دەگمەن نموونەی خەتی کەسێکیانمان لەلا بێ.

ئەم قورئانە دەستخەتەی "محمد الجدید"

دوای تەواوبوونی تەعزیەی شێخ ئازاد چووم بە سەردەمی قورئانە دەستخەتەکەوە و، ویستم لە نزیکەوە بە خزمەتی بگەم و، بە وردی لە سەری بنووسم، بەڵام ئەوانەی کە سەرپەرشتی قورئانەکەیان گرتبووە ئەستۆ بە دەنگمەوە نەهاتن و ماوەی بینینی قورئانەکەیان نەدام، وەک بەوەیش رازی نەبوون خۆیان چەند لاپەڕەیەکم بۆ سکان بکەن تا نموونەی لێ بخەمە بەر دیدی خوێنەران. بەوە باش بوو ئەو کاتەی بە قورئانەکەیان زانیبوو چەند کەسێک بە موبایل چەند وێنەیان لەبەر گرتبووەوە، هەرچەند وێنەکان جوان دەرنەچوون، بۆ من سوودی ئەوەیان هەبوو کە ناوی نووسەرەوەی و مێژووی نووسینەوەکەی و هەندێ شتی لێ وەربگرم.

باسێکی دەستخەتەکە

لە وێنەکانەوە دیارە و- وەک بۆیشیان باس کردم- قورئانەکە باش پارێزراوە و سەرەتا و کۆتایی ماوە و هیچی لێ لەناو نەچووە.

دوو لاپەڕەی سەرەتای قورئانەکە- واتە سوورەتی فاتیحە و لاپەڕەی یەکەمی سوورەتی البقرة- زەڕکەفتکارییەکی زۆر جوان کراوە، رەنگەکانی رەش و سوور و شین و سەوز و پیرۆزەیی و تەڵایی تێدا بەکار هێنراوە. ناوی سوورەتەکان و ژمارەی ئایەتەکان بە مەرەکەبی سوور لەناو جێگەی تەڵایی بۆ ئەوە بڕدراودا نووسراوە.

هەموو لاپەڕەکانی لەناو چوارچێوەی تەڵایی و لە سەرووی ئەوەیشەوە چوارچێوەیەکی شین نراون. نیشانەکانی تەجوید و سەجاوەندیی بە مەرەکەبی سوور جیا کراونەتەوە. کۆتایی ئایەتەکان بە خڕکەییەکی تەڵایی دیاریی کراون. لە کۆتاییەوە دوعایەکی درێژی (ختم القرآن)ی تێدایە، دوای ئەوە مامۆستای نووسەرەوە ناوی خۆی و مێژووی نووسینەوەی قورئانەکەی دیاری کردووە، کە لێرەدا دەقەکەی وەک خۆی و بێ چاککردنی هەڵەی زمانی عەرەبی دەنووسم:

«... وانا الحقير المذنب كثير التقصير، الراجي المحتاج الى عفو الملك الكبير محمد الذي بالجديد معروف وشهير، بن رسول، بن فقه سليمان في قرية عزيز كند، في سنة ١٢٨٩ في شهر ذي القعدة الحرام في يوم الجمعة، وهذا مصحف الثالث والعشرون من المصفحات التي كتبت بيدي. اللهم بحرمة النبي الذي انزلت عليه القرآن ان تغفر لي وترحمني، والحقني بالرفيق الاعلى، وان تغفر لوالدي ولأقاربي ولمن وصاني بالدعاء

ولجميع المسلمين والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات ولمن يذكرني بدعاء الخير في الحياة وبعد الممات. آمين والحمد لله رب العالمين وصلى الله على خير خلقه محمد وآله واصحابه- اجمعين برحمتك يا ارحم الراحمين»

واته: منی بێچارە و هەژار و گوناهبار- نووسەرەوەی ئەم قورئانە- نیازمەند و داواکاری لێخۆشبوون لە خوای گەورە و میهرەبان، محەمەدی ناسراو بە (الجدید) کوڕی رەسووڵی کوڕی فەقێ سولەیمان لە گوندی (عەزیزکەند) لە رۆژی جومعەی مانگی ذیلقەعدەی ساڵی ١٢٨٩دا نووسیمەوە. ئەمەیش قورئانی (٢٣) هەمە لەو قورئانانەی کە بە دەستی خۆم نووسیومنەوە.

مامۆستا محەمەدی نووسەرەوەی ئەم قورئانە

بەداخەوە لە ژیان و بەسەرهاتی ئەم مامۆستا خۆشنووسەی کورد- وەک زۆربەی مامۆستایانی ترمان- شتێکی ئەوتۆمان لە دەستدا نییە و سەرچاوەکانمان لە عاستی ژیانی و هونەرە گەورەکەیدا بێدەنگن. خۆشبەختانە ئەوە بوو من پێشتر بە خزمەت قورئانێکی دەستخەتی تری ئەم مامۆستا گەیشتم و هونەرەکەیم بە مێژووی خۆشنووسانی کورد ناساند[1]. کە ئێستەیش ئەم باسە کورتە لەسەر ئەم قورئانە دەنووسم یەک دوو خاڵی ترمان لە ژیانی مامۆستا (محمد الجدید) بۆ روون دەبێتەوە:

یەکەم: قورئانەکەی پێشووی ساڵی ١٢٨٤ک نووسیوەتەوە. ئەم قورئانەیشی ساڵی ١٢٨٩ک. نووسیوەتەوە.

دووەم: لەم مێژووەی سەرەوەوە دەردەکەوێ کە ئەم مامۆستا بەرێزە لە نووسینەوەدا زۆر بە دەست و پل بووە، چونکە لە ماوەی (٥) ساڵدا (٧) قورئانی نووسیوەتەوە، کە رەنگە لەو ماوەدا چەند شتی تریشی نووسیبێتەوە، چونکە لە دوای نووسینەوەی قورئانی (١٦)میەوە نووسیویە (٢٠) دەلائیلیشم نووسیوەتەوە.

سێیەم: قورئانی پێشووی لە گوندی (بغدەکندی) لە دەوروبەری تورجان نووسیوەتەوە. ئەم قورئانەیشیانی لە گوندی (عەزیز کندی) هەر لەو دەوروبەرە نووسیوەتەوە.

چوارەم: لەوانەیە ئەم مامۆستا بە تەمەن بووبێت و تەمەنی درێژ بووبێت و، دوای ئەم قورئانەیش قورئانی تریشی نووسیبێتەوە، چونکە بەلای کەمیەوە ساڵی یەک قورئانی نووسیوەتەوە، ئەگەر زیاتری نەنووسیبێتەوە.

لەوانەیشە نووسینەوەی قورئان رێگەیەک بووبێت لە رێگەکانی بژێو پەیداکردنی شەرەفمەندانەی خۆی، چونکە قورئانە شازدەمەکەی لەلایەنی محەمەد ئەمینی دارۆغەی کوڕی ئەبوبەکر ئاغاوە وەقف کراوە، کە دەشێت داوای لە مامۆستا (محمد الجدید) کردبێ تا ئەو قورئانەی بۆ بنووسێتەوە و ئەمیش بۆ خێری خۆی و کەسوکاری وەقفی کردبێ.

---

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی چوارەم، ل: ٢٢١

قورئانە دەستخەتەکەی ئەحمەد ئاوا بچووکترین قورئان لە کوردستاندا(*)

١٧

مێژووی نووسینەوەی قورئانی پیرۆز و ئەو هەوڵ و کۆششانەی لەو پێناوەدا دراون مەیدانێکی بەرینە و، من بزانم تا ئێستە کارێکی وای بۆ نەکراوە سووچێکی ئەو رەنجە و وێنەیەکی ئەو خزمەتە گەورە بە قورئانی پیرۆز کراوە بخرێتە بواری ناساندن و نواندنەوە.

یەکێک لەو نموونانە کە من بە چاوی خۆم دیومە ئەوەیە: لە سەردانێکی کتێبخانەی مەلیک عەبدولعەزیزدا لە شاری مەدینەی پیرۆز لیستی ئەو قورئانە دەستخەتانەیان پێشاندام کە لەو کتێبخانەدا پارێزراون و، دوایی بە خزمەت چەند دانەیەکی جۆراوجۆری زۆر نایابی ئەو قورئانانە گەیشتم.

تەنیا لەو کتێبخانەدا زیاد لە (١٧٨٠) قورئانی دەستخەت هەیە بە گەلێ خەت و شێوەی نووسینی جیا جیا، چونکە لە سەردەمانی پێشوودا، بە درێژاییی مێژووی ئیسلام، کەسانی خێرخوا قورئانی دەستخەتیان لە ولاتانی خۆیانەوە بردووە و کردوویانە بە وەقفی رەوضە و مزگەوتی پێغەمبەر (د. خ) و ئەو دەستخەتانە ئێستە لەوێ پارێزراون.

لە بیرم نییە بچووکترین قورئانی دەستخەتی ئەو کتێبخانە لە چ ئەندازە و پێوانەیەکدا بوو، بەڵام زیارەتی گەورەترین قورئانی دەستخەتیانم کرد کە کێشەکەی (١٥٥) کیلۆگرام بوو.

ئەگەر یەکێک بیەوێ باسی نایابیی ئەو قورئانانە و شێوەی خزمەتی موسڵمانان بۆ قورئان بکا نموونەی نایاب و بێ وێنەی وەها دەبینێ جێگەی سەرسامی و سەرسوڕمانە، هەر بۆ نموونە یەکێک لەو قورئانە دەستخەتانە خۆشنووسێکی ئەیووبیی- کورد- پێش ٢٥٠ ساڵ نووسیویەتییەوە، ئەو مامۆستا کە ئەو قورئانەی نووسیوەتەوە لە کۆتاییییەوە نووسیویە: گومان نابەم کەس پێش من کاری وەهای کردبێ، بڕوایش ناکەم کەسی تر بتوانێ کاری وەها بکا.

بە درێژی باسی ئەم قورئانە دەستخەتە ناکەم کە لە شێوەی نووسینەوە و رازاندنەوە و جوانکارییدا کەموێنەیە. تەنیا باسی یەک لایەن لەو لایەنانە دەکەم کە جێگەی سەرنجی تایبەتییە، مامۆستای نووسەرەوەی، کە قازی زادەی ئەیووبییە، دەفەرمووێ: دوای پرس و را و مەشۆرەت بە دۆستان و خۆشەویستانم لە ڕۆژی عاشووردا دەستم بە نووسینەوەی کرد، لە ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەردا (د. خ) شەوی دووشەمەی هەمان ساڵ، واتە لە ٦٢ ڕۆژدا ئەو کارە پیرۆزەم ئەنجام دا.(١)

ئەمە نموونەیەکە لە دەیان نموونەی جێگەی سەرنجی یەک کتێبخانەی جیهانی ئیسلامی، خۆ

(*) لە ژمارە (٤٠٢)ی ٢٠٠٩/١٢/٢٦ی هەفتەنامەی کۆمەڵدا بڵاو بووەوە.

(١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی هەشتەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل: ٢٨ .

ئەگەر سرنجی بەشێک لەو کتێبخانانە بدرێت ئەوە نموونەکان ئەوەندە زۆر دەبن- کە هەر یەکەیشیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە- خوێنەر دەگاتە ئەو بڕوایە کە تەنیا قورئانە ئەو هەموو خزمەتەی کراوە و، ئەو هەموو توانا و وزانە خۆبەخشانە ئەو کارە شایستانەیان ئەنجام داوە.

من کە زۆر کەم گەڕاوم و وڵاتانی دەرەوەم نەدیوە نازانم چی لە دنیادایە، وەک دەڵێن- بە چاوی موشتەری- سرنجی یەک دوو کتێبخانەی بەغدام- المركز الوطني للمخطوطات و، مكتبة الاوقاف المركزية و، مكتبة الحضرة القادرية- داوە هەر یەکێکیان ئەوەندەی کاری نایاب و جێگەی سرنج تێدایە بەشی کتێبێکی گەورە دەکەن ئەگەر شارەزایەک لەسەریان بنووسێ.

جا ئەگەر بەری رەنجی خۆشنووسان و بلیمەتانی جیهانی ئیسلامی- ئەوەی کە ماوە- بەسەر بکرێتەوە و، ئەو خزمەتانەی لە بواری نووسینەوەی قورئانی پیرۆزدا کردوویانن کۆبکرێنەوە و نموونە (زۆر) نایابەکانیان یەک بخرێن و نمایش بکرێن و دەست و چاوی موسڵمانان و غەیری موسڵمانان بیانگاتێ و بیانبینێ، ئەوسا دەزانرێت خوای مەزن چی بۆ ئەو قورئانە پیرۆزە کردووە و چ کەسانێکی بۆ خزمەتکردنی ڕەخساندووە.

من لێرەدا ئاواتی ئەوە دەخوازم:

خۆزگە سایتێکی جیهانی بۆ قورئانی پیرۆز دەکرایەوە و، بەروبوومی رەنجی سەدان ساڵەی بلیمەتانی گەلانی موسڵمان لە بواری نووسینەوەی قورئانی پیرۆز و نواندنی هونەری جۆراوجۆر لەو کارەدای تێدا نمایش دەکرا و، ئەو سایتە ئازاد و بێ ماف و مزد دەبوو.

لەم خاڵەوە دەگەڕێمەوە بۆ لای ئەو مەبەستەی کە ئەم وتارە کورتەم بۆ ئامادە کردووە، ئەویش ناساندنی کارێکی نایابی سەربازێکی نەناسراوی لە بواری نووسینەوەی قورئانی پیرۆزدا بەجۆرێکی سرنجڕاکیش. بەڵام دووبارە وەک بیرخستنەوەی خزمەتی بلیمەتانی گەلی کورد بە قورئانی پیرۆز ناوی چەند کەسێکیان دەکەم بە دەستپێکی ئەم بابەتە، دەبێ ئەوەیش بڵێم: مەبەستم هەموو ئەو قورئانانە نییە کە لە کوردستاندا یان خۆشنووسانی کورد نووسیونیانەوە، بگرە تەنیا نموونە لە وردەکاریی نایاب دێنمەوە:

١- یەکێک لەو بلیمەتانەی گەلی کورد- کە من ناویم لە یەکەمەکانی جیهاندا دانا-(٢) مامۆستا محەمەد تاهیری کوردیی خۆشنووسی شاری مەکەی پیرۆز و جیهانی ئیسلامە. کارە ورد و پڕ بایەخەکانی ئەم مامۆستا ئەوەندە نایاب و جێگەی سرنجن لەوانەیە کە بە چاوی خۆیشت بیانبینی هێشتا بڕوا نەکەیت. بۆ نموونە:

أ- لەسەر هێلکەیەکی مریشک دوای ئەوەی خاڵیی کراوەتەوە جزمی (عم)ی، چەند سوورەتێکی کەمی نەبێ، نووسیوەتەوە.

ب- لەسەر یەک دەنکە گەنم ئەم ئایەتانەی نووسیوە:

---

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٣٧٣ .

«ان المتقين في جنات وعيون، ادخلوها بسلام آمنين، ونزعنا ما في صدورهم من غل اخوانا على سرر متقابلين».

ج- لەسەر دەنکە گەنمێکی تر نووسیویە:

«واوحى ربك الى النحل ان اتخذي من الجبال بيوتا ومن الشجر ومما يعرشون، ثم كلي من كل الثمرات فاسلكي سبل ربك ذللا. يخرج من بطونها شراب مختلف ألوانه فيه شفاء للناس، إن في ذلك لآية لقوم يتفكرون».

د- لەسەر دەنکە گەنمێکی تر سوورەتی (لايلاف قريش) و سوورەتی (قل هو الله أحد)ی لە تەک (بسم الله الرحمن الرحيم)ی هەردووکیاندا نووسیوە.[٣]

من خۆم بە خزمەت دوو دەنک برنج گەیشتووم کە لە (المركز الوطني للمخطوطات) لە بەغدا پارێزراون، لەسەر هەر یەکێکیان سوورەتێکی تەواوی قورئانی پیرۆزی نووسیوە.

جگە لەمانە دەیان شاکاری کەموێنەی لێ بەجێ ماوە.

٢- خۆشنووسێکی ترمان مامۆستا مەلا ئیبراهیمی (مووری)یە کە قورئانێکی نووسیوەتەوە بە لێوردبوونەوەیەکی کەمێک بە سرنجەوە دەردەکەوێت ئەوە جگە لە (اعجاز)ی قورئان شتێکی تری نییە و، ئەم نووسەرەوە و خۆشنووسە ئەو یادگارەی بەو ئیعجازە دوای خۆی بەجێ هێشتووە، دیارە ئەم شێوە نووسینەوەی قورئانی پیرۆزە- لە تەک شێوەکانی تردا- لە کوردستاندا باو بووە و من لە خزمەتی دوو پەڕەی تردام کە هەر یەکێکیان پاشماوەی قورئانێکی دەستخەتی نایابی خۆشنووسێکی کوردە کە ئەو شێوە ئیعجازەیان تێدا نواندووە.[٤]

٣- هەر لەو بوارانەدا کە خۆشنووسان و زانایانی کورد خزمەتیان بە قورئانی پیرۆز کردووە خۆشنووسی وامان هەبووە دەیان جار قورئانی پیرۆزی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە، لەوانە بە خزمەت قورئانێک گەیشتم کە مامۆستایەک بۆ مامۆستا مەلا نەزیری گەورەی تەوێڵەی نووسیوەتەوە، لە کۆتاییەوە نووسیویە: ئەمە (٣٢)یەمین قورئانە نووسیومەتەوە.[٥]

٤- هەروەها (محمد جديد) لە کۆتایی قورئانێکی دەستخەتییەوە دەڵێ: ئەمە شازدەمین قورئانە نووسیومەتەوە.[٦]

٥- لە خزمەتی قورئانێکی دەستخەتی خۆشنووسی گەورەی کورد مامۆستا شێخ محەمەدی شێخ یووسفدام لە کۆتاییەوە دەفەرمووێ: ئەمە یازدەمین قورئانە نووسیومەتەوە.[٧]

---

(٣) بڕوانە: في رحاب أقلام وشخصيات كردية، محمد علي القرداغي، بنكەی ژین، ٢٠٠٧، ل: ٩٧

(٤) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی دووەم، ل: ٢٤٤ .

(٥) بە یارمەتی خوا لە بەرگی نۆیەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایاندا- کە ئێستە لە ژێر چاپدایە- بڵاو دەبێتەوە.

(٦) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، بەرگی چوارەم، ل: ٢٢١ .

(٧) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، بەرگی حەوتەم، ل: ٣٧ .

ئەم ڕێگە خۆشکردنەم بۆ ئەوە کرد هەواڵی دۆزرانەوەی قورئانێکی دەستخەتی نایاب بخەمە پاڵ ئەو هەواڵانەی تر کە لەم بوارانەدا رادەگەیەنرێن[٨].

پوختەی هەواڵەکە ئاوایە

بنەماڵەی وەستا فەرەج لە گوندی ئەحمەد ئاوا پشتاوپشت لە باپیرانیانەوە قورئانێکی دەستخەتیان بۆ ماوەتەوە.

وەک دەگێڕنەوە قورئانەکە بۆ پیرۆزی و تەبەڕوک- نەک بۆ خوێندن و دەور تێداکردنەوە- سوودی لێ وەرگیراوە، وا باو بووە کە هەر کەسێک نەخۆش بووبێت و نەخۆشییەکەی درێژەی کێشابێ وتوویانە: بچن دوعاکەی- قورئانەکە-ی ماڵ وەستا فەرەجی بۆ بهێنن.[٩]

ئەم قورئانە لەناو سێ پێستی یەک لەناو یەکدا وەک جانتای بە تەڵی پێست دووراو پارێزراوە.

---

(٨) وەستا فەرەجی ئاسنگەر کە قورئانە دەستخەتەکە ئێستە لەلای نەوەکانی ئەو پارێزراوە. لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٠ز. دا لە گوندی دزڵی لەدایک بووە. ئەم بنەماڵە پێشتر لە پاوەدا بوون و بە بنەماڵەی (شەفیعی) بەناوبانگن.

حاجی وەستا فەرەج بەشداریی چەکداریی لە تەک شێخ مەحمووددا لە بزووتنەوەکانیدا کردووە. هەروەها لە تەک مەحموود خانی دزڵیدا ڕووبەڕووی دەستەڵاتی پەهلەوی بووەتەوە. دوای ئەو ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕێکی سەخت بنەماڵەکەی لە دزڵی هەڵکەنراون و ڕوویان کردووەتە ئەحمەد ئاوا و بە یەکجاری لەوێ نیشتەجێ بوون.

حاجی وەستا فەرەج پیاوێکی دەسترەنگین و سنعەتکار بووە و، بە بەری رەنجی خۆیشی دەستەڵاتدار و خاوەن سامان بووە. بەو ماڵ و سامانەی کە بوویەتی یارمەتیی خەڵکی داوە و نانبدە و دەست و چاو تێر بووە.

وەستا فەرەج ساڵی ١٩٥٦ سەردانی ماڵی خوای کردووە و فەریزەی حەجی بەجێ هێناوە. ساڵی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی بیلال لە ئەحمەد ئاوا بە خاک سپێرراوە.

دەگێڕنەوە حاجی فەرەج زۆرجار ئەو کیفەی قورئانەکەی تێدا بووە لای خۆی و لە گیرفانیدا هەڵی گرتووە.

(ئەم زانیارییانەم لە کاک عەبدورەحیمی کوڕەزای حاجی فەرەج وەرگرت، لە تەک ئەوەدا قورئانە دەستخەتەکەیشی بۆ هێنام زیارەتیم کرد و ئەو زانیارییانەی سەرەوە کە لەبارەی قورئانەکەوە نووسیمن لێیم وەرگرت).

(٩) تەبەڕوک بە قورئان و کتێبخانە لە کوردستاندا کۆنە و نموونەیشی کەم نییە. من خێزانم کچی مامۆستا شێخ جەمیلی موفتییە و لە نەوەی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانین، لە ساڵانی ١٩٧٠وە لە تەک ئەو بنەماڵەدا تێکەڵاویم هەیە بەتایبەتیی لە تەک کتێبخانەی شێخ عەبدوڵڵادا ئاشنایەتیم پەیدا کردووە و یەکەم بەرهەمی نووسینیشم لەسەر دەستخەتەکانی ئەو کتێبخانە بوو. ئەو کتێبخانە نیمچە عەیادەیەک بوو بۆ نەخۆشانی هەڵەبجە و دەوروبەری و، گەلێ جار دیومە شێت و نەخۆشیان دەهێنا دەیانبردن لە ژووری دەستخەتەکاندا دایان دەنان و دوای ماوەیەک دەیانبردنەوە و بە زۆریش چاک دەبوونەوە.

دوای سالانی ۱۹۷۹ و وێرانکردنی ئەو گوندانە بە بۆنەی شەڕی عێراق- ئێران و سیاسەتی چەپەڵی ڕێژیمی بەعسەوە، بنەماڵەی وەستا فەرەجیش وەک ئەو هەموو خەڵکەی تر لە زێدی خۆیان هەڵدەکەنرێن و گوندە کاولکراوەکەیان بەجێ دێڵن و ئاوارە دەبن.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و گەڕانەوەی خەڵک بۆ سەر زێدی باو و باپیرانیان ئەمانیش دەگەڕێنەوە بۆ گوندی ئەحمەد ئاوا. ئیتر ئەمانیش وەک دەڵێن: سەردەرکە ماڵ دەبێتەوە. ڕەنگە کاتێ گوندەکە وێران کراوە بە جۆرێ رایان کردبێ سەر گەلێ شتیان نەپەرژابێت و، یەکێک لەو شتانەی فریای دەرکردنی نەکەوتوون ئەو قورئانە دەستخەتە بووبێت و ئیتر دوایی هەر لە بیریان چووبێتەوە.

دوای ڕاپەڕین و دوای کشانەوەی دەستە و دایەرەی بەعسیش کە خەڵک گەڕاونەتەوە بۆ سەر گوندەکانیان نەوەی وەستا فەرەج دەستەلاتی ئەوەیان نەبووە هەموو کەلاوەکان تێک بدەن و سەرلەنوێ خانووەکانیان دروست بکەنەوە و، لە سەرەتاوە ئەوەندەیان لەو خانووانە کردووەتەوە کە جێگەی خۆیانی تێدا بکەنەوە، تا ئەمساڵ-۲۰۰۹- لە مانگی (۱۱)دا کاک عەبدوڕەحمانی کوڕی وەستا حەمە سەعید ویستوویەتی لە نزیکی خانووەکەی ماڵی باپیریەوە- دیارە شوێنەکە کەلاوە بووە- خانوویەک بۆ خۆی دروست بکا. لە کاتی تێکدانی کەلاوەکە و دەرهێنانی دار و پەردووی کۆندا کیسەیەک، یان توورەکەیەک دەرکەوتووە، ئەویش لە سەرەتاوە هیچ بایەخیکی پێ نەداوە و بە شرووڕەی کۆنی زانیوە، دوایی دەستی داوەتێ بزانێ چی تێدایە و چییە، کە کردوویەتییەوە جزدانێک یان جانتایەکی پێست دەرکەوتووە، جزدانەکەی کردووەتەوە تەماشا دەکات جزدانێکی تری لەناودایە، ئەو جزدانەیشی کردووەتەوە دەبینێ شتێکی بچکۆلەی نووسراوی تێدایە کە دەبێتە کرۆکی ئەم هەواڵە.

دەبێ من لێرەدا ئەوە بنووسم کە ئەو ساڵەهای ساڵە ئەو جزدانە پێستە وەک شتێکی پیرۆز و مایەی شیفای نەخۆشی ماڵە و ماڵی پێ کراوە و، ئەم نەخۆشە و نەخۆش براوە و هێنراوەتەوە، کەس نەیکردووەتەوە و تەماشای ناوەکەیان نەکردووە، چ جای ئەوەی وەک قورئان دەوری تێدا بکرێتەوە یان تێیدا بخوێنرێ، چونکە قورئانەکە ئەوەندە ناسکە و پەڕەکانی ئەوەندە تەنکن کەسی زۆر شارەزا و لەسەرخۆ نەبێت کە زۆر بە پارێزەوە دەستی بداتێ و پەڕەی هەڵداتەوە بە دوو سێ جار کردنەوە لە بەین دەچێت. کەچی ئەم قورئانە جگە لەوەی (۳۰) سی ساڵ لە شوێنێکی کوێستان و تەڕ و بەفراویدا لەناو کەلاوە و لەژێر دار و پەردوودا بووە، ئێستەیش حاڵەتی پەڕە و پێست و بەرگ و پارێزراویی زۆر باشە.

ئەوەی جێگەی باسە لێرەدا ئەوەیە: من بە حوکمی کارکردنم لە تەک دەستخەتدا و گەڕان و هەوڵدانم بۆ ئەوەی بەروبوومی ڕەنجی خۆشنووسانی کورد لە ڕێگەی نووسینەوەی قورئانی پیرۆزدا بزانم و بیاندۆزمەوە، بە خزمەت گەلێ قورئانی جۆراوجۆر گەیشتووم و، لە بەرگەکانی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کوردا باسی زۆریانم کردووە و، لە خزمەتی چەند دەستخەتی جۆراوجۆری گەورە و بچووکی قورئانی پیرۆزیشدام، بەڵام ئەم قورئانە دەستخەتە یەکەمین قورئانە

بەو حەجم و کێش و قەوارە لە بچووکیدا بە خزمەتی بگەم.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بە سەریدا نەڕۆم ئەوەیە بیستوومە لە بەغدا لە (المركز الوطني للمخطوطات)دا قورئانێکی دەستخەتی زۆر بچووک هەیە، بەڵام من بە خزمەتی نەگەیشتبووم. بۆ ئەم مەبەستە بە تەلەفوون پێوەندیم بە بەڕێوەبەری گشتیی ئەو شوێنەوە کرد هەواڵەکەی تەئکید کردەوە و وتی: ئەو دەستخەتەی لای ئەوان لەسەر پێستی مار نووسراوەتەوە و هەشت گۆشەیە و قوطرەکەی یەک ئینجە و، مێژووی نووسینەوەی دیار نییە.

باسێکی دەستخەتەکە

ئەم قورئانە بەپێچەوانەی زۆربەی قورئانی دەستخەتەوە، کە یان لە شێوەی چوارگۆشە یان لاکێشی (موستەطیل) دان، لە شێوەیەکی خڕی هەشتگۆشەییدا نووسراوەتەوە و لە شێوەی قەوارەی (٢٥٠) فلسییەکی ئاسنی ئەوسادایە. لە پێنج سەنتیمەتر بە پێنج سەنتیمەتردا نووسراوەتەوە. مێژووی نووسینەوە و ناوی نووسەرەوەی پێوە نییە، گومان بۆ ئەوە دەچێت ئەوانە لە لاپەڕەیەکدا بن کە کەوتبێ.

لاپەڕەکانی سەرەتا و کۆتایی بە ڕەنگی گوڵ و گەڵای جوان و ئاوی تەڵا زەڕکەفتکاری کراون. لاپەڕەکان بە جۆگەلەی ئاوی تەڵا قەراخ گیراون. دێرەکانی هەموو خراونەتە ناو جۆگەلەی تەڵاییەوە. لە ناوەوە لە چەند شوێنێدا هەڵە و لەبیرچوون هەیە بە خەتێکی تر ئەو هەڵانە چاک کراون.

قورئانەکە بە خەتێکی (نسخ)ی جوان نووسراوەتەوە. کاغەزەکەی زۆر تەنکە و وەک کاغەزی سیغار و تەنکتریش وایە. کۆتاییی ئایەتەکانی. جیا کراونەتەوە. ناونیشانی سوورەتەکان بە مەرەکەبی سوور نووسراوە.

پێوانەی قورئانەکە وەک وتم (٥) پێنج سەنتیمەترە و قلختکەیشی (سمک) و ئەستوورییەکەی نزیکی پێنج سەنتیمەترە. (٢٤٠) لاپەڕەیە.

بەرگێکی پێستی قاوەیی هەیە، جزوبەندەکەی لە ناوەڕاستدا پساوە. سەرەتا و کۆتاییی ماوە.

لە ناوەوە لە چەند شوێنێدا کون هەیە وەک ئەوە وایە مۆرانە لێی دابێ. گومان بۆ ئەوە دەچێ کۆتاییەکەی تێدا چووبێت و کەسێکی تر تەواو و نوێی کردبێتەوە.

شێخ حەیدەری کوڕی شێخ عەلی تەوێڵەیی خۆشنووسێکی تری کورد

١٨

یەکێکی تر لە و خۆشنووسە کوردانە– لەگەڵ ئەوەدا کە ماوەیەکی زۆر نییە کۆچی دوایی کردووە– کە شوێنەوارەکانی تێدا چوون و هەواڵێکی ئەوتۆمان لێیان نییە، مامۆستا شێخ حەیدەری تەوێڵەییە کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم پوختەیەکی ژیانی تۆمار کردووە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم دەفەرمووێ:

شێخ حەیدەر لە دەوروبەری ساڵی ١٢٦٥ی کۆچیدا لە گوندی تەوێڵە لەدایک بووە، لە خانەوادەکەی خۆی و لە مەدرەسەی پیرۆزی تەوێڵە و لەلای مامۆستایان و زانایانی ئەو مەڵبەندە زانستییە گەورەدا خوێندنی دەست پێ کردووە و هەر لەوێ خوێندنی تەواو کردووە.

دوای ئەوە خۆی بە دنیاوە خەریک نەکردووە و ژنی نەهێناوە و ماڵ و خێزانی پێکەوە نەناوە. بە دەرامەتێکی کەمی خۆی ژیاوە، لە رێگەی خوادا دەرزی گوتووەتەوە و فەقێیان لە زانستەکەی بەهرەمەند بوون، کە دەرزوتنەوەی تەواو کردووە خەریکی خواپەرستی و نوێژکردن و دەورکردنەوەی قورئانی پیرۆز بووە.

مامۆستا شێخ حەیدەر خەتێکی خۆشی هەبووە و گەلێ کتێب و نامیلکەی بەو خەتە خۆشەی نووسیوەتەوە، لەوانە: هۆنراوەی (الفضيلة)ی سەید عەبدورەحیمی مەولەوی، (محاسن الغرر في شمايل سيد البشر)ی دانراوی مامۆستا مەلا محەمەدی جێشانەیی (ئیبنولحاج).

وا باو بووە مامۆستا شێخ حەیدەر لە ژیانیدا پارووی حەرامی نەخواردووە و قسەیەک لە زاری دەرنەچووە مایەی پەشیمانی و سەرکۆنە بێ. لەسەر ئەو شێوە و رێبازە ژیاوە تا لە سەردەمی شێخ عەلادینی بیارەدا ساڵی ١٣٥٣ک. کۆچی دوایی کردووە و لە ملەگای چنار بە خاک سپێرراوە.[١]

ئەم مامۆستا بەرێزە تەمەنێکی درێژ و پیرۆزی بەسەربردووە و، سەرقاڵی ماڵ و خێزان و پێوەندیی دنیایی و کۆمەڵایەتیی نەبووە. دوور نییە لەو تەمەنە پیرۆزەدا گەلێ کتێب و شتی نایابی نووسیبێتەوە، بەڵام دوای خۆی کەسی خەمخۆری نەبووبێت و شوێنەوارەکانی وەک شوێنەواری زۆربەی مامۆستایانمان تێدا چووبن.

ئەوەتا مامۆستا مەلا عەبدولکەریم ئاگای لەوە نەبووە کە شێخ حەیدەر قورئانی پیرۆزی نووسیوەتەوە. لەوانەیە دەلائیلیشی نووسیبێتەوە و رەنگە قورئانی تریشی نووسیبێتەوە.

لەم رۆژانەدا برای خۆشەویست کاک عیرفانی عیزەت بەگی هەڵەبجە وتی: لە خزمەت قورئانێکی مامۆستا شێخ حەیدەردا ین حەز دەکەی ببینی؟ منیش وتم: زۆرم پێ خۆشە و شتێکیشی لە بارەوە دەنووسم. زۆری پێ نەچوو کاک عیرفان قورئانێکی دەستخەتی بۆ هێنام و وتی: ئەم قورئانە لەلای خاڵۆ محەمەد پارێزراوە و ئەم قورئانە دەستخەتی مامۆستا شێخ حەیدەرە و بەداخەوە بەهۆی زۆر بەکارهێنانییەوە سەرەتا و کۆتاییی نەماوە.

سەرەتا و کۆتاییەکەیش لە سەرەتاوە سوورەتی فاتیحەی تێدا نەماوە و، لە کۆتایشیەوە دوعای خەتمی قورئان و مێژووی نووسینەوە و ناوی نووسەرەوە و ئەو شتانەی نەماون.

ئەم قورئانە بە خەتێکی نوسخی جوان نووسراوەتەوە. سەرەتای سوورەتەکان و ناوی سوورەتەکان بە مەرەکەبی سوور نووسراونەتەوە، هەروەها نیشانەکانی تەجوید بە مەرەکەبی

(١) بڕوانە: عبدالكريم محمد المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدين، الطبعة الاولى، بغداد، دار الحرية، ١٩٨٢، ص: ١٨١ .

سوور نووسراون. پێوانەکەی (١٧×١٠)ە. لاپەڕەی (١٥) دێری تێدایە. دواتر پارێزراوە و بەرگێکی باشی سەوزی تێ گیراوە.

وەک نووسیم هەواڵی شوێنەواری تری ئەم مامۆستا مەزنەیش نازانم و بە دووریشی ناگرم شوێنەواری تری زۆری بووبێت. هیوابڕاوی ئەوەیش نیم لەمەولا شتێک لەو شوێنەوارانە دەربکەون، چونکە دوور نییە لەناو دەستخەتەکانی کتێبخانەکانی تەوێڵە و بیارەدا شتگەلێکی بووبێ کە بۆ شێخانی ئەو مەڵبەندە ئاینی و رۆشنبیرییانەی نووسیبێتەوە و پەرتەوازە بووبن و لەملاولا مابن و پارێزراوبن.

کاک عیرفان بۆی گێڕامەوە شێخ حەیدەر ئەم قورئانە دەستخەتەی پێشکێش کردووە بە مامۆستا مەلا قادری بیارە، قورئانەکە لەلای مامۆستای ناوبراو ماوەتەوە، کە مامۆستا مەلا قادر خێزانی پێکەوە ناوە و خێزانەکەی فاتمەخانی کچی شێخ عومەری ضیائەدین بووە، مامۆستا مەلا قادر قورئانەکەی خەڵاتی خێزانی کردووە کە دەوری تێدا بکاتەوە، لەلای فاتمەخان ماوەتەوە تا کۆچی دوایی کردووە، دوای کۆچی دوایی ئەو کەوتووەتە دەست مەلا حسەینی کوڕی، دوای ئەویش کەوتووەتە لای محەمەد ئەفەندیی کوڕی کە ئێستە لە ژیاندایە لە سلێمانی و قورئانەکە ئێستە لە لای ئەو پارێزراوە.

الكبرى امين دستان الملك الوالي فصيح واسنة دين الاله ها ادبهم والاعالي ذاته

جنابك كل ادب وله حسب فوق النسب شعر مزنه شرف

وجلت واعتلت من ان تماس علاه بهاء كما

ها هو الامير ابن الامير الخان ابن الخان ابن الخان

علي اكبر خان ابن المرحوم محمد صادق خان

ابن المغفور المبرور امان الله خان الوالي

بكردستان اللهم وفقه على تلاوته حق

التلاوة ومتابعته كما ترضى

وترضى بها صاحب الرسالة

ووقع الفراغ شهر جمادي

الاول ١٢٨٠

هذا المصحف هو المصحف الثاني الذي وفقني الله على كتابته وهذا على الاول

بكتابة السراج الحمد لله الذي

هدانا لهذا وما كنا

لنهتدي لولا

ان هدانا

الله

على العبد المعبود المبين باتمام كتاب كلام الله الملك الغني

ابن اسمعيل بن صالح القرداغي اولاد سيد الكل

سلطان محمد امين اللهم اجعله وسيلة

وذريعة لشفاعة صاحب المقام

المبين يوم السبت في عشر

ذي القعدة الحرام في سنة خمس

وثمانين ومائتين بعد الالف

من الهجرة النبي المبعوث

لكل الانام ١٢٨٥ وهذا هو المصحف الاول

هذا دعا ختم القرآن بسم الله الرحمن الرحيم

صدق الله العظيم وبلغ رسوله النبي الكريم ونحن على ما قال ربنا

الهنا وربنا ومولانا من الشاهدين اللهم تقبل منا ختم

القرآن وتجاوز عنا ما كان في تلاوته من نسيان او تحريف كلمة عن

موضعها او تغيير حرف او تقديم او تأخير او زيادة او نقصان او تأويل

على غير ما انزلته او ريب او شك او سهو او عجلة عند تلاوته او كسل

بسم الله الرحمن الرحيم

قل اعوذ برب الناس ملك الناس اله الناس من شر الوسواس الخناس الذى يوسوس فى صدور الناس من الجنة والناس

صدق الله العلى العظيم وبلغ رسوله النبى الكريم ونحن على ما قال ربنا وخالقنا ورازقنا ونحو لانا من الشاهدين وتمت كلمة ربك صدقا وعدلا لا مبدل لكلماته وهو السميع العليم سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين

قد تم فى سنه ١٢٧٧

دربن بسم ختم تمبار لذكوش روده قاريا يدلد سيد يعقوب محمد ابن الراجى
محمد ابن محمود سلطان صلكم كه خونخوب لديوم چهارشنبه تيم نهر
ذى قعده الحله لد فتريه ولدى محمد تعلبام حمد اوف بتوفيق
هذا برده كار باتمام رسيه مبارك كتاب الحمد لله كسكار

... جاء نصر الله والفتح ۝ ورأيت الناس يدخلون

في دين الله أفواجا ۝ فسبح بحمد ربك واستغفره

سورة أبي لهب إنه كان توابا خمس آيات مكية

بسم الله الرحمن الرحيم

تبت يدا أبي لهب وتب ۝ ما أغنى عنه ماله وما

كسب ۝ سيصلى نارا ذات لهب ۝ وامرأته

حمالة الحطب ۝ في جيدها حبل من مسد ۝

سورة الإخلاص أربع آيات مكية

بسم الله الرحمن الرحيم

قل هو الله أحد ۝ الله الصمد ۝ لم يلد ولم يولد ۝ ولم

سورة الفلق يكن له كفوا أحد خمس آيات مكية

بسم الله الرحمن الرحيم

قل أعوذ برب الفلق ۝ من شر ما خلق ۝ ومن شر

غاسق إذا وقب ۝ ومن شر النفاثات في العقد ۝

سورة الناس ومن شر حاسد إذا حسد ست آيات مكية

بسم الله الرحمن الرحيم

قل اعوذ برب الناس ۝ ملك الناس ۝ اله الناس ۝
من شر الوسواس الخناس ۝ الذي يوسوس في
صدور الناس ۝ من الجنة والناس ۝

صدق الله العظيم وبلغ رسوله الكريم ونحن على ذلك من
الشاهدين وبه مؤمنين فقد تم المصحف الشريف والمتولي
اللطيف على يد احقر العبادا واضلهم لحربق الارزنا محمد
بن محمد مؤمن بيك بن على بيك القلعه دردي البابوري ولاية
مسغطا والشافعي مذهبا والاشعري عقيدة والقصري الحوفية
والمانوي عشيرة وقبيلة في قصبة برورة بعد العصر يوم
السبت شهر ذي قعدة الحرام في مسجد الجامع اللهم
اغفر لي ولوالدي ولسائر المسلمين
في سنة ١٢٣٥ اللهم صل على محمد
سيد الاولين والاخرين
وعلى آله واصحابه
وسلم تسليما
كثيرا كثيرا
آمين

خَيْرَ الدُّنْيَا وَنِعَمَ الْآخِرَةِ وَاخْتِمْ مِنْكَ بِالسَّعَادَةِ

وَالرِّضْوَانِ وَالْمَغْفِرَةِ اللَّهُمَّ ارْزُقْنَا بِحُرْمَةِ الْقُرْآنِ الْعَظِيمِ

خَيْرَ الدَّارَيْنِ وَاصْرِفْ عَنَّا بِبَرَكَةِ الْقُرْآنِ الْعَظِيمِ شَرَّ الدَّارَيْنِ

اللَّهُمَّ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً

وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ وَعَذَابَ الْقَبْرِ وَعَذَابَ الْفَقْرِ وَعَذَابِ

الدَّيْنِ وَالْمَظَالِمِ وَعَذَابَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ اللَّهُمَّ يَا فَارِجَ

الْهَمِّ وَيَا كَاشِفَ الْغَمِّ يَا مُجِيبَ دَعْوَةِ الْمُضْطَرِّينَ وَيَا غِيَاثَ

الْمُسْتَغِيثِينَ اغِثْنِي يَا رَحْمٰنَ الدُّنْيَا وَرَحِيمَ الْآخِرَةِ ارْحَمْ

مَنْ لَيْسَ لَهُ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةُ وَصَلَّى اللَّهُ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ

وَأَصْحَابِهِ أَجْمَعِينَ بِرَحْمَتِكَ يَا أَرْحَمَ الرَّاحِمِينَ

لله الحمد جملة وتفصيلا وله الشكر بكرة واصيلا على ما شرفنا

بكتابه تنزيلا وامرنا بقرآنه ترتيلا وصدق الله ومن اصدق قيلا

قد وفق وشرف باختتام كلام المجيد الملك العلام

على وفق وترتيب رسم مصحف امير المؤمنين وامام المتقين

عثمان ابن عفان رضي الله عنه [illegible]

[illegible]



هو الله احد ۝ الله الصمد ۝ لم يلد ولم يو

لد ولم يكن له كفوا احد ۝

سورة الفلق خمس ايات مكية

بسم الله الرحمن الرحيم ۝

قل اعوذ برب الفلق ۝ من شر ما خلق ۝ ومن

شر غاسق اذا وقب ۝ ومن شر النفاثات في

العقد ۝ ومن شر حاسد اذا حسد ۝

سورة الناس ست ايات

بسم الله الرحمن الرحيم ۝

قل اعوذ برب الناس ۝ ملك الناس ۝ اله

الناس ۝ من شر الوسواس الخناس ۝ الذي

يوسوس في صدور الناس ۝ من الجنة و

الناس ۝ ١٢٢

اللهم ارزقنا بركة القرآن العظ

الدارين واصرف عنا بركته

الذين يا خالق الثقلين برحمتك يا


سورة فاتحة الكتاب

بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين الرحمن
الرحيم مالك يوم الدين اياك
نعبد واياك نستعين اهدنا
الصراط المستقيم صراط الذين
انعمت عليهم غير المغضوب عليهم
ولا الضالين

وهي سبع آيات

فاكهة والنخل ذات الاكمام ۝ والحب ذو العصف والريحان ۝ فباى الاء

ربكما تكذبان ۝ خلق الانسان من صلصال كالفخار ۝ وخلق الجان من مارج من نار ۝

فباى الاء ربكما تكذبان ۝ رب المشرقين ورب المغربين ۝ فباى الاء ربكما

تكذبان ۝ مرج البحرين يلتقيان ۝ بينهما برزخ لا يبغيان ۝ فباى الاء ربكما

تكذبان ۝ يخرج منهما اللؤلؤ والمرجان ۝ فباى الاء ربكما

تكذبان ۝ وله الجوار المنشئات في البحر كالاعلام ۝ فباى الاء ربكما

تكذبان ۝ كل من عليها فان ۝ ويبقى وجه ربك ذو الجلال والاكرام ۝ فباى الاء ربكما

تكذبان ۝ يسئله من في السموات والارض كل يوم هو في شان ۝ فباى الاء ربكما

تكذبان ۝ سنفرغ لكم ايه الثقلان ۝ فباى الاء ربكما

لا تنفذون

تكذبان ۝ يا معشر الجن والانس ان استطعتم ان تنفذوا من اقطار السموات والارض فانفذوا الا بسلطان ۝ فباى الاء ربكما

تكذبان ۝ يرسل عليكما شواظ من نار ونحاس فلا تنتصران ۝ فباى الاء ربكما

تكذبان ۝ فاذا انشقت السماء فكانت وردة كالدهان ۝ فباى الاء ربكما

تكذبان ۝ فيومئذ لا يسئل عن ذنبه انس ولا جان ۝ فباى الاء ربكما


بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين الرحمن
الرحيم مالك يوم الدين إياك نعبد
وإياك نستعين اهدنا الصراط
المستقيم صراط الذين أنعمت عليهم
غير المغضوب عليهم ولا الضالين
لا يمسه إلا المطهرون


٢

سورة البقرة مدنية مائتان وست وثمانون آية

بسم الله الرحمن الرحيم
بنام خداوند بخشاینده مهربان

الم ذلك الكتاب لا ريب فيه هدى
منم خدا دانا این کتاب نیست شک در او راه نماینده است

للمتقين الذين يؤمنون بالغيب ويقيمون
مر پرهیزکاران را آنانکه میگروند بخدا و فرستاده نهانی و برپا میدارند

الصلوة ومما رزقناهم ينفقون والذين يؤمنون
نماز پنجگانه و از آنچه روزی کرده ایم ایشان را انفاق کنند و آنانکه میگروند

بما انزل اليك وما انزل من قبلك وبالآخرة هم
بآنچه فرو فرستاده شد بتو و آنچه فرستاده شده پیش از تو و بروز بازپسین ایشانند

يوقنون اولئك على هدى من ربهم واولئك هم
یقین دارندگان آنها بر هدایتند از پروردگارشان و آنها ایشانند

المفلحون
رستگاران





بسم الله الرحمن الرحيم
الم ذلك الكتاب لا ريب فيه
هدى للمتقين الذين يؤمنون
بالغيب ويقيمون الصلوة ومما
رزقناهم ينفقون والذين
يؤمنون بما انزل اليك وما انزل
من قبلك وبالاخرة هم يوقنون



قل هو الله احد الله الصمد لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا احد

سورة الفلق بسم الله الرحمن الرحيم هي خمس آيات

قل اعوذ برب الفلق من شر ما خلق ومن شر غاسق اذا وقب ومن شر

النفاثات في العقد ومن شر حاسد اذا حسد سورة الناس بسم الله الرحمن الرحيم

قل اعوذ برب الناس ملك الناس اله الناس من شر الوسواس الخناس

الذي يوسوس في صدور الناس من الجنة والنا[س]

كتبه العبد المذنب الحقير الفقير المحتاج الى الله الغني اقل السادات الحسيني علي ابن ج

مغفور مبرور سیادت ونجابت پناه میر مظهر الحسینی جنت آبادی فی تاریخ چهار

شنبه [illegible] بیستم شهر جمادی الاولی من شهور سنه ۱۲۶۷


سورة فاتحة الكتاب مكية وفيه مدنية

بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد لله رب العالمين الرحمن الرحيم
مالك يوم الدين إياك نعبد وإيا
ك نستعين اهدنا الصراط المستقيم
صراط الذين أنعمت عليهم غير المغضوب
عليهم ولا الضالين

لا يمسه إلا المطهرون

حوجره و مەدرەسەکان

پیتی ئەلف

١- ٤٤/٤١١- شەرحی حەدیسی (کنت کنزا مخفیا فأحببت ان اعرف)ی دانراوی (یوسف الاصم) محەمەدی کوڕی عەبدولقادر ساڵی ١٢٤٥ لە قەڵای **(ئەربیل)** نووسیویەتییەوە.

٢- ٤٤/٨٣ لب الاصول

مستەفای کوڕی شەمسەدین ساڵی ١٢٥٠ لە گوندی **ئەڵەبجە** لە خزمەتی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانیدا نووسیویەتییەوە.

٣- ٤٤/٣٠٣-٣ گلنبوی آداب.

صالحی حەسەنیی **ئینچکی** ساڵی ١٣٠٣ لە شارۆکەی سەقز لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدوڕەحماندا لە مزگەوتی شێخ **ئیسماعیل** لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەجید خاندا نووسیویەتییەوە.

٤- ٤٤/٣١١ قەرەباغی

حسەین لە بانە لە مەدرەسەی حاجی **ئومیس** لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدوڕەحماندا ساڵی ١٣٠٤ نووسیویەتییەوە.

نووسەرەوە چەند جار هاوار لە دەست برسێتیی دەکات.

٥- ٨/٢٩٣ /ع الاعراب عن القواعد الاعراب

عەبدولقادری کوڕی مەحموودی ئاسنگەری هەنگەژاڵی ساڵی ١٣٠٦ لە گوندی **ئوتمیش** نووسیویەتییەوە.

٦- ٤٤/٤١٢-٣ الرائض في علم الفرائض دانراوی عەبدوللەتیفی بێدرەی.

محەمەدی کوڕی محەمەدی جەلەمۆردی ساڵی ١٣١٦ لە مزگەوتی **ئیمام قاسم** لە کەرکووک لە خزمەتی مەلا شێخ محەمەدی بێدەریدا نووسیویەتییەوە.

٧- ٤٤/٥١٤-٣ الرائض في علم الفرائض دانراوی عەبدوللەتیفی بێدەری محەمەدی کوڕی محەمەدی جەلەمۆردی ساڵی ١٣١٦ لە مزگەوتی **ئیمام قاسم** لە کەرکووک لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەمەدی بێدەریدا نووسیویەتییەوە.

٨- ٧/٢٧٢-ع نامیلکەی بەیان، دانراوی مەلا عەبدوڵڵای شێخ قادری (الالهی).

مەلا عارفی کوڕی ئەحمەد (صائیب) ساڵی ١٣٢٧ لە گوندی **(ئەبوعوبەیدە)** نووسیویەتییەوە.

٩- ٦٧٢/٤٤ العقد الجوهري في الفرق بين قدرة العبد وكسبه وبينهما عند الماتريدي والاشعري.
المعروف ب (الارادة الجزئية). دانراوى مەولانا خالیدی شارەزووری.

مەلا ئەحمەدی رۆژبەیانی ساڵی ١٣٣٣ لە مەدرەسەی **الابراهیمیه** نووسیویەتییەوە.

١٠- ٤٤/٤١٥-٢ (الزوراء)ی جەلالەدینی دەوانی.

ساڵی ١٣٤٣ لە مەدرەسەی مەلا ئەفەندی لە **ئەربیل** نووسراوەتەوە.

١١- ٤١٥/٤٤ حاشیة الحوراء.

ساڵی ١٣٤٤ لە مەدرەسەی مەلا ئەفەندی لە **ئەربیل** نووسراوەتەوە.

محەمەد ئەمینی دێڵێژەیی

هەندێکی بە پەخشانی کوردی نووسیوە.

١٢- ٤٤/٤٠٤-٣ نامیلکەیەکی بچووک لە (جهة الوحدة)دا دانراوی مەلا عەلیی زەکیی.

لە مەدرەسەی مەلا **ئەفەندی** نووسراوەتەوە.

پیتی بێ

١٣- ٤٠١/٤٤ شەرحی موقەدیمەی حەضرەمی. محەمەد ئەمینی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی خضر ساڵی ١٢٩٠ لە گوندی **بێژوە** لە خزمەتی مەلا ئەحمەددا نووسیویەتییەوە.

حاشیەی مەلا مەحموودی بێتووشی بە سەرەوەیە. حاشیەکان بەشێکیان لە ئەربیل نووسراونەتەوە.

١٤- ٤٤/٣٢٤-٢ القصیدة الخمریة.

لوتفوڵڵای کوڕی مەحموودی ئەوێهەنگیی ساڵی ١٢٩٢ لە گوندی (**برقرو**) نووسیویەتییەوە.

١٥- ٢٧٢/٣ /ع (تشریح الافلاک) دانراوی بەهادینی عامیلی ساڵی ١٣٥٠ لە **بیارە** لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمدا نووسیویەتییەوە.

١٦- ٤٤/٥١٠-١ منظومة عروض النودهي

سولەیمانی قەرەبەگی ساڵی ١٢٩٦ لە سەردەمی گرانیدا لە گوندی **باڵخ** لە خزمەتی مامۆستا مەلا مەحموودی نوورەبابیدا نووسیویەتییەوە.

١٧- ٤٠٠/٤٤ هۆنراوەی عەرووضی شێخ مەعرووفی نۆدێیی، سولەیمانی قەرەبەگی ساڵی ١٢٩٦ لە گوندی (**باڵخ**) نووسیویەتییەوە.

١٨- ٢/٢٩٤ /ع

نامیلکەی وەضع. دانراوی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمی. حسەین لە گوندی **بێژوە** و ئەحمەدی کوڕی حسەینی مێرگاسەیی ساڵی ١٢٩٧ نووسیویانەتەوە.

١٩- ٣/٢٩٤ /ع بیان البیان دانراوی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمی.

ئەحمەد لە گوندی **بێژوە** لە خزمەتی مەلا محەمەد ئەمینی شێخ محەمەدی سەراویدا لەگەڵ حسەینی دۆلکیدا ساڵی ١٢٩٧ نووسیویانەتەوە.

٢٠- ٤/٢٩١ /ع گەلەنبەوی ئاداب ئەحمەدی میرگاسی ساڵی ١٣١٥ لە شاری سابلاخ لە مزگەوتی **بازاڕ** نووسیویەتییەوە.

٢١- ٦/٢٩٣ /ع حاشیە بەسەر تەسریفی مەلا **عەلییەوە**.

عەبدولقادری کوڕی مەحموودی ئاسنگەری هەنگەژاڵی ساڵی ١٣٠٦ لە شاری بانە نووسیویەتیەوە.

٢٢- ٢٨٦/ع حاشیة في النحو.

ڕەسووڵ ساڵی ١٣٤٦ لە گوندی **بنەصلاوە** لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەمەدی حاجی تەهادا نووسیویەتییەوە.

٢٣- ٤٠٢/٤٤ تەرجەمەی الاشرافیة

دانراوی مەلا ئەحمەدی کوڕی حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلێژە...

محەمەدی کوڕی سەید ئەمینی قەشقەیی ساڵی ١٣٥٥ک ١٩٣٦ لە مزگەوتە **بچکۆلە** لە سلێمانی نووسیویەتییەوە.

٢٤- ٥١٥/٤٤ حرف شرح المغنی

محەمەدی قولتەپەیی لە گوندی **بەردەسپی** لە خزمەتی مامۆستا مەلا سەعیدی ئاوماڵیدا نووسیویەتییەوە.

پیتی پێ

٢٥- ٤١٤/٤٤ حەرفی شەرحی موغنی

محەمەدی قولتەپەیی لە گوندی **(حجر الابیض)** لە خزمەتی مامۆستا مەلا سەعیدی ئاوماڵیدا نووسیویەتییەوە.

تبصرة (فتنة المقبور)

دانراوی جەلالەدینی سیووطی.

ساڵی ١٢٩٤ شێخ مەعرووفی کوڕی شێخ محەمەدی سیاگوێزی لە مەدرەسەی **پێنجوین** کاتی هاتنی موژدەی سەرکەوتنی سوڵتان بەسەر ڕووسدا نووسیویەتییەوە.

(شێخ عەبدوڵلای سیاگوێزی).

٢٧- شرح المقدمەی شەهابەدین شێخ ئەحمەدی مەکی هەیتەمی.

محەمەد ئەمینی کوڕی شێخ ئەحمەدی سیاگوێزی ساڵی ١٣٠٠ لە فەرمانڕەوایی ئەحمەد بەگی کەرکووکیدا لە گوندی **پێنجوێن** نووسیویەتییەوە.

دەستخەتەکە لەلای شێخ عەبدوڵلای کوڕی شێخ سەعیدی سیاگوێزییە.

٢٨- نثر الدرر من كلام امير المؤمنين علي بن ابي طالب

محەمەد ئەمینی کوڕی شێخ ئەحمەدی سیاگوێزی ساڵی ١٣٠٠ لە گوندی **پێنجوێن** نووسیویەتییەوە.

شیخ عەبدوڵڵای شێخ سەعیدی سیاگوێزی.

٢٩- ٣٤٨/٤٤ عبدالله یزدی.

سەعیدی بێورەیی ساڵی ١٣٠١ لە شاری پێنجوێن نووسیویەتییەوە.

٣٠- ٣٣٤/٤٤-٣ الناسخ والمنسوخ

لوتفوڵای کوڕی مەحموودی کوڕی محەمەدی کوڕی مورادی ئەویهەنگیی ساڵی ١٣٠٣ لە گوندی **پێنجوێن** نووسیویەتییەوە.

ئەو کاتە سەردەمی فەرمانڕەواییی (احتشام السلطنة) ئیبراهیم میرزا بووە کە ئەمیش دوای فەرمانڕەوایی (اقبال الملك) میرزا محەمەد خان بووە.

پیتی تێ

٣١- ٢/٢٩٥ /ع رسالة في المصدر والحاصل بالمصدر

دانراوی مەلا مەحموودی مەزناوی، محەمەد حەسەنی پیرەباب ساڵی ١٣٠١ لە مەدرەسەی **تورجان** لە حوجرەی خواروو بۆ مەلا ئیبراهیمی مەرخوزی نووسیوەتەوە.

٣٢- ٣٣١/٤٤ سەعدینی. ساڵی ١٣٢٦ لە گوندی **تەنگیسەر** نووسراوەتەوە.

پیتی جیم

٣٣- ١/٢٩٤ /ع شەرحی تەسریف. ئەحمەدی کوڕی حسەینی میرگاسەیی لە شاری کۆیە لە مزگەوتی **جامیعە** لە خزمەتی مەلا عەبدورەحمانی گەناویدا نووسیویەتییەوە.

پیتی چ

٣٤- ٤٠٠/٤٤ مەکتووباتی کاکەحمەدی شێخ بە دەستی چەند کەس نووسراوەتەوە یەکێکیان ناوی عەیدولئەحمەدی کوڕی مەلا عەبدولسەمەدی ساغیرییە ساڵی ١٢٩٣ لە دەوروبەری گوندی **چناران** نووسیویەتییەوە.

٣٥- یەک لاپەڕەی کۆتاییی کتێبی ئیساغۆجی شێخ حەسەنی سیاگوێزی لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدولقادری چنگنیانیدا ساڵی ١٣٣١ لە مەدرەسەی **چنگنیان** نووسیویەتییەوە.

(شێخ عەبدوڵڵای سیاگوێزیی).

٣٦- ٣١٦/٤٤ البهجة المرضية في شرح الالفية.

محەمەدی سنەیی لە نەوەی مەلا خدری رواریی لە گوندی **چۆڕ** نووسیویەتییەوە.

پیتی حێ

٣٧- ٤٠٦/٤٤ عیسامەدین بەسەر (الرسالة العضدیة)وە، ئیبراهیمی کوڕی ئەبوبەکر ساڵی ١٠٦٢ لە شاری **حەریر** نووسیویەتییەوە.

٣٨- ٤٤/٥١٣-٢ البرهان في المنطق

ئەبوبەکری کوڕی ئیبراهیم ساڵی ١٠٦١ لە شاری **حەریر** نووسیویەتییەوە.

پیتی خێ

٣٩- ٤٤/٤٠٧-٣ وەڵامی پرسیارێکی شەرع لە گوندی (**خرابە دراو**) لە ناوچەی (سەقز) نووسراوەتەوە.

٤٠- ٤٢٠/٤٤ فەرائیضی شیرازی مەحموودی کوڕی محەمەد ساڵی ١٣٢٨ لە گوندی خضر بێگ نووسیویەتییەوە.٩

٤١- دەستخەتێکی کۆنی دڵۆپەلێدراوی مشکخواردوو لەلای مامۆستا شێخ عومەری شێخ ئەحمەدی نیزامییەوە دەستمکەوت. رەسووڵی کوڕی حەسەنی کوڕی حسەینی کوڕی محەمەد لە گوندی گەناو لە مەدرەسەی مەلا **خزری** کوڕی مەلا حەسەنی رازانی نووسیویەتییەوە. مێژووەکەی دیار نییە. دەستخەتەکە مێژووی ١٢٥٨ی پێوەیە.

پیتی دال

٤٢- ٤١٧/٤٤ عەوامیلی جورجانی مەحموود لە گوندی **دیبەگە** نووسیویەتییەوە.

٤٣- ٤٤/١٣-١ شەرحێکی ئیساغۆجییە حەسەنی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی ساڵی ١٣٠١ لە گوندی **دەوڵەت ئاباد** لە خزمەتی مامۆستا مەلا قاسمی فاوەجی (پاوەیی)دا نووسیویەتییەوە.

پیتی رێ

٤٥- ٤١١/٤٤ الفناری محەمەدی کوڕی سولەیمان ساڵی ١٢٤٥ لە مەدرەسەی مەولانا **رەسووڵی** برای مەحمووده رەش نووسیویەتییەوە.

٤٦- ٤٤/٥٢٠-٥ فەنناری

محەمەدی کوڕی سولەیمان ساڵی ١٢٤٥ لە مەدرەسەی مەولانا **رەسووڵی** برای مەحمووده رەش نووسیویەتییەوە.

پیتی زێ

٤٧- ١٠/٤٤ حاشیەی مەلا حەسەنی زێباری بەسەر نامیلکەی سەمەرقەندییەوە. ئەحمەدی کوڕی محەمەد لە (**زاخۆ**) نووسیویەتییەوە.

پیتی سین

٤٨- ٣٥٧/٤٤ کۆمەڵێک دەستخەتە یەکێکی نەوەی شێخی کەرابادی بیلالیی ساڵی ١٢١٢ لە گوندی سیاومە نووسیویەتییەوە.

٤٩- ٣/٤٤ حاشیەی محەمەد حسەینی حەریری بەسەر ریسالەی حەنەفییەوە لە ئادابدا ساڵی ١٢٥٧و ١٢٥٨دا کاتێک ئەحمەد پاشای والی لە بەغدا زیندانی کراوە و لەسەر کار لابراوە. عەبدورەحمانی کانی خاکی لە **سلێمانی** نووسیویەتییەوە.

الفرائض محەمەد ئەمینی کوڕی شێخ ئەحمەدی سیاگوێزی ساڵی ١٣٠٢ لە گوندی **سیاگوێز** لە خزمەتی مامۆستا مەلا مەحمووددا نووسیویەتییەوە.

لە خوارەوە نووسیویە لەو ساڵەدا خێزانم پێکەوە نا.

شێخ عەبدوڵڵای شێخ سەعیدی **سیاگوێزی**.

٥٠- ٢٩٨/٤٤-ع المخدوفات حسەینی کوڕی محەمەد ئەمین ساڵی ١٣١٥ لە شاری **سەقز** لە خزمەتی مامۆستا مەلا رەحیمی [**سیادری**!] دا نووسیویەتییەوە.

٥١- ٣٠٦/٤٤-٣ فتح الجواد بشرح منظومة ابن العماد.٩

محەمەد عەلی قامیشی ساڵی ١٣٤٩ لە گوندی سووره قەڵات نووسیویەتییەوە.

٥٢- ٢٩٧ /ع پاشماوەی کتێبێکی دوعایە شڕ و پەرپووت و بێ سەرەتا و کۆتاییە. لە پەراوێزێکدا نووسراوە فەرەج لە مزگەوتی **سیاگوێز** نووسیویەتییەوە.

٥٣- ٢٧٢/٨ /ع الرسالة الحنفية في الآداب

محەمەدی ئەڵەبجەیی لە (**سلێمانی**) نووسیویەتییەوە.

پیتی شین

٥٤- ایساغوجی قەسیمی کوڕی حسەینی شەرکانی ساڵی ١٢٢١ لە گوندی **شەرکان** نووسیویەتییەوە.

ئەم دەستخەتە و حاشیەی (محی الدین) و چەند دەستخەتی تری بنەماڵەی مەردۆخی لەلای د. ئیسماعیلی شەمس لە (دائرة المعارف بزرگی اسلامی) پارێزراوە.

پیتی عەین

٥٥- ٢٧٢/٢-ع نامیلکەی عەرووزی ئەندەنووسی.

محەمەدی ئەڵەبجەیی لە شاری سلێمانی لە مزگەوتی **عەبدورەحمان** پاشا نووسیویەتییەوە.

٥٦- ١٣/٤٤-٤ قول احمد. وەلی کوڕی ئیسماعیل ساڵی ١٢٤٤ لە مەدرەسەی **عوثمان بەگ** لە خزمەتی مامۆستا مەلا مستەفادا نووسیویەتییەوە.

٥٧- ٥-٣٤٤/٤٤ تشريح الافلاك دانراوی مامۆستا مەلا حسەینی پشدەری. فەتحوڵلای جوانڕۆیی ساڵی ١٣٣٥ لە مزگەوتی **عەلی بەگ** لە شاری کەرکووک لە کاتی گەرما و برسێتیدا نووسیویەتییەوە.

٥٨- ١-٣٣٢/٤٤ تشريح الافلاك دانراوی بەهادینی عامیلی، محەمەد سەعیدی حافیدی قزڵجی ساڵی ١٣٥٢ لە سلێمانی لە مزگەوتی **عیرفان** نووسیویەتییەوە.

پیتی قاف

٥٩- ٥١٧/٤٤ حاشية الخيالي على شرح العقائد النفسية.

محەمەدی کوڕی حاجی سولەیمان ساڵی ١٢٩٢ لە مزگەوتی **قازی** لە کەرکووک نووسیویەتییەوە.

٦٠- ٢-٤٣/٤٤

تصریف الملا علی. مەلا فەتاحی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی ئەحمەدی نەورۆڵی کاگردەڵی. ساڵی ١٣٢٥ لە گوندی **قزڵجە** لە خزمەتی مامۆستا مەلا ئەحمەددا نووسیویەتییەوە.

لەو ساڵەدا محەمەدی کوڕی سەلیم کوڕی حەسەنی چۆڕی لە مەکەوە گەڕاوەتەوە بۆ مەریوان. ساڵی ١٣٢٧یش لە گوندی حاجی قەرە بووە لە خزمەتی شێخ محەمەد ساڵحی قەرەداغیدا.

پیتی کاف

٦١- ١-٥٢٠/٤٤ حسام کاتی

محەمەدی کوڕی سولەیمانی ئەربیلی ساڵی ١٢٤٥ لە شاری **کۆیە** نووسیویەتییەوە.

٦٢- ١-٣٣٤/٤٤ عەقائیدی مەلا جەلال، لوتفوڵلای کوڕی مەحموودی کوڕی محەمەدی کوڕی موراد. ساڵی ١٢٨٩ لە مزگەوتی **کانی ئاسکان** لە سلێمانی نووسیویەتییەوە.

٦٣- ٢-٥١٠/٤٤ شرح آداب طاش کبری زادة.

سولەیمانی کوڕی ئەبوبەکر ساڵی ١٣٠٠ لە شاری **کەرکووک** نووسیویەتییەوە.

٦٤- ٦٧٥/٤٤ هۆنراوەی عەوامیل بە فارسی.

محەمەد سەعیدی کوڕی مەجید ئەفەندیی کوڕی مەلا عەلی ساڵی ١٣٤٣ لە **کەرکووک** لە خزمەتی مامۆستا مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانیدا نوسیوویەتییەوە.

٦٥- ١-٤١٢/٤٤ فرائض شرح المنهج. محەمەدی کوڕی محەمەدی جەڵەمۆردی ساڵی ١٣١٩ لە مزگەوتی حاجی مەلا عومەر ئەفەندی لە شاری **کۆیە** نووسیویەتییەوە.

٦٦- ٤٠٧/٤٤ فرائض المنهج

محەمەدی کوڕی عەبدوڵلای مەخمووری ساڵی ١٣٢٩ لە **کەندیناوە** نووسیویەتییەوە.

٦٧- ٥-٣٠٩/٤٤ مەلا ئەحمەدی بێتووشی لە **کۆیسنجق** نووسیویەتییەوە.

٦٨- ٤٠٠/٤٤ شەرحی طاش کوبری زادە، سولەیمانی کوڕی ئەبوبەکر لە **کەرکووک**

نووسیویەتییەوە.

٦٩- ٥٢٠/٤٤-٣ شرح حديث كنت كنز مخفيا دانراوی (يوسف الاصم).

محەمەدی کوڕی سولەیمان لە مزگەوتی **گەورە** لە قەلآی ئەربیل نووسیویەتییەوە.

٧٠- ٢٩٩ /ع / ٢ رسالة في المسائل المختلف فيها بين الامامين الشافعي وأبي حنيفة.

ئەحمەدی کوڕی عەباسی قامیشی شینکی لە گوندی **(کلک)** لای عەبدوڵلا ئاغای (رمک) نووسیویەتییەوە.

پیتی میم

٧١- **٣٠٠/٤٤-١** اعلال التصريف دانراوی گۆرانی، عەبدوڵلای کوڕی فەقێ حەسەنی کارەیی ساڵی ١٢٠٠ لە گوندی **ماکۆ** نووسیویەتییەوە.

٧٢- ٥٨٩/٤٤ الاربعون النووية.

عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی مەحموود لە مەدرەسەی **مەولانا محەمەد** لە قەرەداغ ساڵی ١٢٦٩ نووسیویەتییەوە.

٧٣- ٥/٢٧٢-ع طاش كبرى زاده (آداب البحث والمناظرة).

- لە مەدرەسەی شێخ **محەمەد ئەمین** لە ئەڵەبجە نووسراوەتەوە.

٧٤- ٣٥٠/٤٤ (فرائض) ناتەواوە.

محەمەدی زەرگەتەیی لە مەدرەسەی مەولانا عەبدولغەفوور لە گوندی **مۆرتکە** نووسیویەتیەوە.

(لەوە دەچێت ئەم محەمەدی زەرگەتەییە محەمەدی ئیبنولحاج بێت، چونکە ناوی محەمەدی ئیبنولحاجی وەک نووسەرەوە تێدایە).

پیتی واو

٧٥- ٣٤٦/٤٤ سعدالدینی، سولەیمانی قەرەداغی سیدوسینانی لە ویلایەتی شوان لە مەدرەسەی مەلا **وەیسی**

٧٦- سەرداری شوان [رەنگە مەلا **وەیسی** عەسکەری بێت] ساڵی ١٢٩١ نووسیویەتییەوە.

٢٨٤/ع گلنبوی الشرح. عەبدوڕەحیمی گەلیی مەریوانی ساڵی ١٣٤٥ لە گوندی شێخ **وەیس** لە خزمەتی مامۆستا سەید غەفووری حاجی مامەندیدا نووسیویەتییەوە.

٧٧- ٢٩٣/٥/ع مەکتووباتی کاک ئەحمەد

عەبدولقادری کوڕی وەستا مەحموودی ئاسنگەری هەنگەژاڵی ساڵی ١٣٠٧ لە گوندی **نەلاس** نووسیویەتییەوە.

٧٨- ٢٩٣/١/ع فەنناری. عەبدولقادری کوڕی وەستا مەحموودی ئاسنگەری هەنگەژاڵی ساڵی ١٣٠٥ لە گوندی **نەلاس- نلاس**- نووسیویەتییەوە.

پیتی هێ

٧٩- ٤٠٣/٤٤ حاشیەی گەردی بەسەر (الانوار)ەوە، محەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی زێباری ساڵی ١١٢٦ لە گوندی (**هربرکمندا**!) نووسیویەتییەوە.

دەستخەتەکانی کتێبخانەکانی مەکە و مەدینە

٥٤٥

لە ماوەی گەڕانم لەناو کتێبخانەکاندا و پشکنینی کتێبخانەکان بۆ دەستخەت گەیشتوومەتە ئەو بڕوایە کە دانراو و شوێنەواری مامۆستایانی کورد لە کتێبخانەکانی دەرەوەی کوردستان زۆرن و، کەم کتێبخانەی شارە گەورەکانی وەک : ئەستەمبوڵ و تاران و قاهیرە و دیمەشق و مەکە و مەدینە و... هتد هەیە شوێنەواری جۆراوجۆری مامۆستایانی کوردی – زۆر تا کەم- تێدا نەبێ. هەر لە زوویشەوە لەناو نووسینەکانمدا ئەمەم بە گەلێ شێوە درکاندووە، بۆ نموونە هەر لە یەک بەرگی «بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە»دا نووسیومە:

«خۆزگە یەکێک بۆ بڕوانامەی خوێندنی باڵا، یان هەر بۆ خۆی و خزمەتی زانایانی گەلەکەی، پرۆژەی ئەو زانا کوردانەی چوونەتە مەکە و مەدینەی دەگرتە دەست و ناو و مێژوو و بەرهەمیانی کۆ دەکردەوە و لەسەری دەنووسین، بەمەیش لایەکی مێژووی زانایانی روون دەکردەوە».

یان:

«پێش ئەوەی بچمە سەر ژماردنی کتێبەکان و ناونووسکردنیان ئەوە دووپات دەکەمەوە: خۆزگە کۆمەڵ و کۆڕێک یان چەند کەسێکی جیا- جیا دەکەوتنە کێوماڵ و پشکنینی کتێبخانەکانی تورکیا و، شوێنەوار و بەرهەمی مامۆستایانی کوردیان بۆ دەدۆزینەوە!»(١).

لە جێگەیەکی تریشدا نووسیومە:

لێرەدا ئەو ئاواتە دەخەینەوە سەر کاغەز: خۆزگە ڕۆژێک دەبوو یان دەماندی پسپۆڕ و شارەزایانمان کێوماڵێکی وردی کتێبخانە گشتییەکانی جیهانیان دەکرد و بە دەستخەتەکاندا دەگەڕان و، سۆراخی دانراو و شوێنەواری زانایانی کوردیان دەکرد»(٢).

دەمێکە ئەو خۆزگە و ئاواتە لە ناخمدا چەکەرەی کردووە و سەوز بووە، بەڵام هەر چاوەڕوانی ئەوە بووم ڕۆژێک بێت بەرهەمەکەیان ببینم. تا پار- ساڵی ٢٠٠٦- چووم بۆ حەج و سەردانی کتێبخانەکانی مەکە و مەدینەم کرد و گومانەکەم لەلا بوو بە بڕوایەکی پتەو، پاش ئەوەی چەند شوێنەواری زانایانی کوردم لەو کتێبخانەدا دی، وێنەی هەندێکیانم لە تەک خۆمدا هێنایەوە.

بەڵام ماوەکە کەم بوو نەمتوانی وەک پێویست و وەک دەمویست و ئارەزووم بوو وەها بە کتێبخانەکاندا بگەڕێم. بۆیە ئەمساڵیش بە هەمان ئاوات و ئارەزووەوە ئەو ڕێگە پیرۆزەم گرتەوە

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی:٣، ل:٢/ ١٤٧ و ٢١٧

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، بەرگی:٤، ل: ٢٥٤

بەر و چوومەوە بەسەردەمی دەستخەتەکانەوە، خۆشبەختانە هەرچەندە کاتەکە زۆر کەم بوو و سەرقاڵی بەجێهێنانی فەریزەی حەج و دیداری شوێنە پیرۆزەکانیش بووم و، پابەندیش بووم بەوەوە لە تەک کاروانی حەجدا هاتوچۆ بکەم.. توانیم هەر شتێک بە شتێ بکەم، پەی بە دانراو و شوێنەواری چەند مامۆستای کوردی ئاوارە ببەم.

گومان لەوەدا نییە ئەوەی من لەو شوێنانەدا دیومە تەواوی شوێنەواری مامۆستایانی کوردی ئاوارەی ئەو شوێنانە نییە و لەوانەیە چەندان شوێنەواری تری گەلێ لەمانە بە بایەختر لەو کتێبخانانەدا مابن، بەڵکو لەمەولا سا من یان هەر کەسێک بۆی لوا ئەو ئەرکە بەجێ بێنێ و ئەوەی من دەستم پێ کردووە تەواوی بکا.

دەبێ لێرەدا ئەوە بڵێم: یەکێک لەو گەنجینانەی لەو شوێنانەدان پاشماوەی کتێبخانەی عارف حیکمەتە. کە دەڵێم: پاشماوە ئاماژە بەوە دەکەم دوای کۆچی دوایی عارف حیکمەت دوو جار دەست خراوەتە ئەو کتێبخانە و، دوو کەسی بە دەستەڵات بە ئارەزووی خۆیان گوڵبژێری ئەو کتێبخانەیان کردووە و، بە ئارەزووی خۆیان دەستخەتیان لێ دەرهێناوە. بەڵام دوای ئەوەیش هێشتا زیاتر لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار دەستخەتی نایابی تێدا ماوە.

عارف حیکمەت لە سەردەمی خۆیدا شێخولئیسلام بووە لە ئەستەمبوڵ، واتە دەتوانین بڵێین: سەرپەرشتیکەری هەموو کارە زانستیی و ئاینییەکانی دەوڵەتی عوسمانیی بووە و، هەر کەس بۆ هەر مەبەستێکی سەر بەو لایەنانە ڕێگەی کەوتبێتە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیی- ئەگەر کارەکەی بایەخدار بووبێت- دەبوو ئەنجامی کارەکەی لای ئەو تەواو ببێت. بەتایبەتی کاری زانستیی و دانانی قازیی و موفتییەکانی دەوڵەتی عوسمانیی و، بڕینەوەی مووچە و خەڵات و بەرات بۆ گەورە زانایان و هەڵکەوتوو و بلیمەتەکان. لەو سەردەمەیشدا باو بووە هەر کەسێک ویستبێتی خۆی بناسێنێ و جێگەی دیاربێت، یان کتێبێکی لە بابەتێک لە بابەتە زانستییەکاندا داناوە و توانا و لێهاتوویی خۆی تێدا دەربڕیوە[٣]، یان پارچە شیعرێکی باڵا و بەرزی لە بوارێکدا گوتووە و پێشکێشی بارەگای شێخولئیسلامی کردووە، تا لەو ڕێگەوە بگاتە مەبەست و ئامانجی خۆی. دیارە ئەو کتێب و دانراو و شیعرانە نوسخەی نایابی دەستخەتی دانەر- یان لەسەر داوای ئەو نووسراوە- یان لە دیوانی شێخولئیسلامدا پارێزراوە.

گەلی کوردیش ئەگەر هیچیان نەبووبێت لە ڕووی زانستییەوە لە گەلانی جیهان دوانەکەوتوون و زانا و بلیمەتی زۆریان بووە و، لە ناویاندا کەسانێک بوون کە بەرهەمی خۆیان گەیاندووەتە ئەو شوێنە و بەهۆی ئەو بەرهەمەیشەوە ناسراون و بوون بە خاوەنی پلە و پایە و نان و ژیان[٤]. وەک

---

(٣) بۆ نموونە کاتێک (أبو الثناء الآلوسي) لە بەغدا لەسەر کاری (الافتاء) واتە موفتێتیی بەغدا لابراوە و هەوڵی داوە بیگەڕێننەوە سەر کارەکەی چووە کتێبی (شهی النغم في ترجمة شيخ الإسلام عارف الحكم)ی نووسیوە، کە هەمووی پیاهەڵدانی عارف حیکمەتە.

(٤) دەکرێ وەک نموونەی ئەمەیش باسی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای شێخ مەموودییان بکەین. (بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی ٢ ل: ١٣٦)

دانراوی مامۆستایانی کورد گەیوەتە لای دەسەڵاتدار و گەورە و پێشەوایانی سەردەمی خۆیان، ئەم بابەتەیش زۆری دەوێ ئەگەر وەک پێویست لەسەری بنووسرێ[٥]، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان شێخولئیسلام عارف حیکمەت و کتێبخانەکەیەتی.

ئەم پیاوە- وەک دەردەکەوێ- شەیدای دەستخەت و دانراوی بە بایەخ و جوان بووە و، کتێبخانەکەی گەنجینەیەکی کەموێنە و سامانێکی پڕ بایەخی بەری کۆششی ئەو مامۆستا بەڕێزە بووە. ڕەنگە چەندان مامۆستای بلیمەتی کوردیش لەو سەردەمەدا هەوڵی ئەوەیان دابێت بۆ ناساندنی خۆیان هەوڵی گەیشتن بەو شوێنەیان دابێت و، بەرهەمی نەوازەیان لە کتێبخانەی شێخولئیسلامدا پارێزرابێ.

ئەو کاتەی لە دەستی مندا بوو ئەوەندەی بە بەرەوە نەبوو بە وردیی بەو کتێبخانەدا بگەڕێم و ناوەڕۆکەکەی بزانم، وەک ئەوەیش ئەو کتێبخانە فیهرەستی بۆ نەکراوە تا بە ماوەیەکی کەم پەی بە باسی دەستخەتەکانی ناوی ببرێت. لەوە زیاتر لە توانادا نەبووە کە ئەنجامم دا.

جگە لەو لایەنە لایەنێکی تریش هەبووە بۆ ئەوەی شوێنەواری مامۆستایانی کورد لەو شوێنە پیرۆزانەدا کۆ ببێتەوە. ئەو لایەنەیش ئەوەیە مامۆستایانی پێشوومان لە تەک ئەو پلە بەرزەی زانستدا کە بوویانە پلەی خواناسیشیان زۆر باڵا بووە و، ئاواتیان ئەوە بووە حەجی ماڵی خوا بکەن و ماوەیەک، یان تا کۆتاییی ژیانیان، لەو شوێنە پیرۆزانەدا بمێننەوە.

دیارە زانا بچێت بۆ هەر شوێنێک سەرمایەکەی کە کتێب و دانراوەکانیەتی هاوڕێی دەبن و، ئەگەر زۆریش لەو شوێنانەدا مابنەوە ئەوە لەوێیش کتێبیان داناوە و شوێنەواریان زۆر بووە، ئاشکرایە کاتێکیش لەوێ کۆچی دواییان کردووە دانراوەکانیان لە کتێبخانەکانی ئەو جێگە پیرۆزانەدا پارێزراون. بۆیە ئێستە لەناو فیهرەستەکانی کتێبخانەکانیاندا چەندان دانراوی نایاب و بیستراو و نەبیستراوی زانایانی کورد دەبینرێن. ئەمانەیش بەشێکن لەوانەی من لە سەفەری حەجی ئەمساڵدا بە خزمەتیان گەیشتووم و، لەم دەرفەتەدا ناوی هەندێکیان بە مێژووی زانا و ناودارانی کورد دەناسێنم.

ئەوەیش کە زیاتر دەستم پێیدا گەیشتبێ و سوودی باشم لێ وەرگرتبێ کتێبخانەی -المسجد الحرام- یان (مكتبة الحرم المكي الشريف) بوو کە فیهرەستی بۆ کراوە و ناوی کتێبەکان و ناوی دانەرەکانیان نووسراوە.

ئەوەی من لێرەدا لە دانراوی مامۆستایانێ کە لەو کتێبخانەیەدان و ناویان دەبەم بەشێکی

---

(٥) بۆ نموونەی ئەمانەیش ئاماژە بە (ابن الرسول) و شێخ تەهای سنەیی و، شێخ عەبدولەجیدی کوڕی و، مامۆستا شێخ عەبدولقادری موهاجیر دەکەم. (بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، ل: ١٣٦و ١٣٨و ١٤٦و ٢٠٨و، ٣١١و ٣٤٢و، بەرگی سێیەم، ل: ٩٦و ١٠٥و ٢٨٠و ٣١٨و ٣٣٠و ٢٨٢و، بەرگی چوارەم، ل: ١١١و ١٤٦و ١٦٤و، ٢٦٠...).

جگە لەمانەیش کەسێک نەبووە مووچە و بەراتی تایبەتیی بۆ ببڕێتەوە، یان بکرێ بە قازیی یان موفتیی پێش ئەوەی لێهاتوویی و شیاویی خۆی بە دانراوێک یان نووسراوێک دەربخات.

کەمیانە و گەلێ لەمە زیاتر لەو دانراوانە ماوە کە نەکرا وێنەیان لێ وەربگرم و لەسەریان بنووسم، بەڵام هەر ناوی دانەرە کوردەکان وەک لە فیهرەستەکەدان دەخەمە روو بەڵکو لە هەلێکی تردا بتوانم سەریان لێ بدەمەوە، خۆ ئەگەر منیش بۆم نەکرا یان تەمەن بەبەریەوە نەبوو بەڵکو کەسێکی تر لە کوێوە من وەستام تێ هەڵبچێ و تەواوی بکا.

ئەم کارە بۆ؟

لەوانەیە کەسانێک بڵێن: ئەوا زانیمان لە کتێبخانەکانی جیهاندا ناوی دەیان و سەدان و زیاتریش زانای کورد هەیە. یەکە یەکە ناوی بەرهەم و شوێنەوارەکانیشیانمان زانی. ئەمە چ سوودێک بە ئێستەی ئێمە و مێژووی کورد دەگەیەنێ؟.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم:

لەلایەکەوە ئێمە لە چەرخێکدا دەژین گەلانی جیهان دەمێکە گەلێکیان لەوە بوونەتەوە کەلەپوور و شوێنەواریان کۆ بکەنەوە و لە شوێنی باش و شیاودا بیانپارێزن. ئەوانی تریشیان شەو دەدەنە دەم ڕۆژ و بە هەموو وزە و توانایەکیانەوە سەرگەرمی کۆکردنەوەی شوێنەوارەکانیانن و، جگە لەوەی لە وڵاتی خۆیاندا بێ وچان کار بۆ ئەو مەبەستە دەکەن بە وڵاتانی تریشدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی ئەگەر شتێکیان کەوتبێتە وڵاتێکی تر شناسایی و دەستنیشانی بکەن و لە ڕێگەی قانوونییەوە هەوڵی گەڕاندنەوەی بۆ شوێنی خۆی بدەن.

ئێمەی کورد ڕەنگە شتی ئاوارە و هاوگەلەمان لە هەموو گەلانی جیهان زیاتر بێت و ڕەنگیشە کەس نەبێت بە ئەندازەی ئێمە خەمسارد و بە تەنگەوە نەهاتوو بۆ دۆزینەوە و کۆکردنەوەی شوێنەوار و کەلەپووری باو و باپیران بێ.

ئەگەر بڵێم: ئەم کارەی ئێرە سەرەتای هەنگاوێکە لەسەر ئەو ڕێگەدا کە ئەگەر ئەمڕۆیش نەبێت دەبێ هەر سبەی بینێین.. زیاد نەڕۆیشتووم.

لەلایەکی تریشەوە لە ڕێگەی ئەم دەستخەت و دانراوانەوە دەتوانین ناوی گەلێ زانای ئاوارە و ناو ونبوو بدۆزینەوە و- وەک ئەم کارەی من- مێژووی گەلێ زانایان ببووژێنینەوە.

لە هەموو حاڵەتێکیشدا ئەگەر لە کوردستاندا مەڵبەندێکی دەستخەت بکرێتەوە، دەستخەتەکان خۆیشیان نەگەنەوە کوردستان، بە وێنەی دەسخەتگەلی خۆماڵیی ئەو مەڵبەندە دەوڵەمەند بکرێتەوە.

الأربعون حديثا

سەرەتاکەی:

«الأربعون حديثا جمع الشيخ عبدالله إبراهيم الگوراني رحمه الله.

محمد بن عبدالله الصفار بن إبراهيم بن إسماعيل...»

کۆتاییەکەی:

«قال المؤلف عبدالله أبراهيم بن حسن عفا الله عنه: تم تسويده ظهر يوم الاثنين يوم التروية ثامن ذي الحجة الحرام سنة ١٠٨٣ بالروضة المقدسة تجاه المحراب النبوي على مشرفها أفضل الصلاة والسلام عدد خلق الله بدوام الله الملك العلام آمين.

وتم تحريره وتصحيحه ٢٩/ من ذي الحجة سنة ١٠٨٣ وآخر دعواهم أن الحمد لله رب العالمين. وببعض من ٢٨ ذي الحجة وقوبل فصح بصحة الأصل إن شاء الله تعالى. وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليما كثيرا. والحمد لله رب العالمين.

ويتلوه

«إفاضة العلام بتحقيق مسألة الكلام»

٢٥٢ لاپەڕەیە.

ئەم دوو کتێبە دانراوی مامۆستا مەلا ئیبراهیمی شارانیی گۆرانین، لە نووسینی ناو کتێبی (فهرس مكتبة الحرم الملكي الشريف)ەوە گومان بۆ ئەوە دەچێت کە دانەرەکەی (عبدالله)ی ناو بێت؛ چونکە لەوێ نووسراوە: «الگوراني، عبدالله إبراهيم بن حسن» بەڵام دانەرەکەی -وەک گوتم- مامۆستا مەلا ئیبراهیمە و (عبدالله) کە مەبەستی پێ بەندەییی خۆیەتی بۆ خوا.

ئەم مامۆستا گەلێ دانراوی هەیە، بەشێکیان لای ئێمە ناسراون و، بەشێکیان لە سەرچاوەکاندا ناویان هاتووە و، بەشێکیشیان نوسخەیان هەیە و لە کتێبخانەکاندا پارێزراون.

لە بەرگی دووەمی بووژانەوەی مێژووی زانایانی کورددا لام لە بەرهەمەکانی ئەم مامۆستا کردووەتەوە و ناوی بەشێکیانم تۆمار کردووە، بەڵام وا دیارە دانراوەکانی لەوە زیاترن بە ئاسانیی ناویان بزانرێت و ژمارەیان دیاریی بکرێ.

جگە لەوانەی کە لەوێ ناویانم نووسیوە ناوی ئەم دانراوەی تریشی لە چەند سەرچاوەدا هەیە:

کتێبخانەی ئەوقافی بەغدا

١- جناح النجاح بالعوالي الصحاح (٦٧٩).

٢- اللمحة السنية في تحقيق الإلغاء في الأمنية (١١٢٧).

٣- الإعلام عما في قوله تعالى (وعلى الذين يطيقونه) عن النسخ والأحكام. (٦٩٩).

٤- شرح العوامل المائة لعبدالقاهر الجرجاني.

٥- عجالة ذوى الأنتباه بتحقيق اعراب لا إله إلا الله. (٥٥٦٥).

٦- رسالة في خلق الأعمال (٧٠٩٤).

یەکێکی تر لەو دانراوانەی مامۆستای شارانیی گۆرانیی کە لە کتێبخانەی (الحرم المكى الشريف)دا پارێزراوە کتێبێکیەتی بە ناوی:

(اتحاف المنيب الاواه بفضل الجهر بذكر الله)

ئەم دانراوە ١٤٨لاپەڕەیە، ساڵی ١٠٨١ک واتە لە سەردەمی ژیانی دانەرەکەیدا محەمەدی کوڕی ئیسماعیلی کوردیی نووسیویەتییەوە.

بە ژمارە (٤٨٦٣ خاص) و (٢٥٣٠عام) لە کتێبخانەی ناوبراودا پارێزراوە.[1]

هەروەها لە کتێبخانەی (الحرم المکي الشریف)دا ئەم دانراوانەی تریشی هەیە:

- إمداد ذوي الإستعداد لسلوك السداد. (٣٨پەڕە) (١٢٨٦/١٣٤٩).
- تنبیه العقول علی تنزیه الصوفیة من اعتقاد التجسیم والعینیة والاتحاد والحلول. (١٠پەڕە)، (١٣٧٠/١٤١٠).
- ذیل المتممة للمسألة المهمة. (٤ پەڕە)، (١٢٨٥/١٤٩٧).
- القصد السبیل الی توحید الحق الوکیل (شرح العقیدة للغشاشي) (٢٠٦پەڕە)، (١٣٨٨/١٨١٩).
- المتممة للمسألة المهمة (١١پەڕە)، (١٢٨٥/١٨٨١).
- مسلك الاعتدال الی فهم آیة خلق الأعمال. (٨ پەڕە)، (١٢٨٥/١٨٩١).
- مسلك السداد الی مسألة خلق أفعال العباد (٢٠ پەڕە)، (١٢٨٥/١٨٩٢).
- النبراس الکاشف للالتباس الواقع في الأساس لعقائد طائفة سموا أنفسهم بالأکیاس (٢٢٠پەڕە)، (١٩٢١/ ١٤٥٥).
- تحریر الحاوي لجواب ایراد ابن حجر علي البیضاوي (١پەڕە)، (١٢٨٥/٢١٩٨).

الأنتصار للأولیاء والأخیار

ئەم کتێبە دانراوی مامۆستا یووسفی کوڕی عەبدولجەلیلی کوڕی مستەفای کوردییە.

ئەم مامۆستا لە سەرچاوەکاندا ناوی هاتووە و دەڵێن: چووەتە میسر. ناوی دوو کتێبی دێنن، جگە لەم کتێبە (کشف الأسرار وذخائر الأنوار)یشی هەیە[2].

کتێبی یەکەمی کە باسی دەکەم لە (مکتبة الحرم المکي الشریف)دا بە ژمارە ٢٢٨٨/٤١٤١ /عام لەنگەری گرتووە.

ئەم کتێبەی لە (موصل) داناوە، چەند مامۆستا لەوێ دیویانە و (تقریظ) بەباڵابرینیان لەسەر نووسیوە. لەوانە:

١- أحمد بن إبراهیم خطیب الرابعیة.
٢- قاسم بن الحاج بکر.

---

(١) مامۆستای شارانیی کتێبێکی تری هەیە بە ناوی (نشر الزهر في الجهر بالذکر) پێشەکیم بۆ نووسیوە و ناوی دانراوەکانی مامۆستای شارانیم تێدا کۆکردووەتەوە و، ئامادەی چاپە، هیوادارم خزمەتێکی بچکۆلە بێت بەم مامۆستا مەزنە.

(٢) بڕوانە: معجم المؤلفین ج/١٣/ص: ٣٠٦ . ایضاح المکنون ج /١ ص: ١٣٠ .

٣- یوسف الواعظ. له مزگەوتی نەبی جرجیس له مووسڵ.

٤- أسعد بن المرحوم حاج عبدالقادرأطرش زادة.

٥- الحاج عمر السعدي القادري النقشبندي.

له وێنەکەدا کۆتایی دانراوەکە دەرنەچووە تا بزانم کێ نووسیویەتییەوە و کەی نووسراوەتەوە.
بەڵام لەسەر لاپەڕەیەکی بە تورکی نووسراوە:

«بغداد ايالتي تحريراتي معاوين {قوتلوا!} طاهر أفنديك كتابيدر ٧/ ن/٦١».

ئەم مامۆستا جگە لەم دانراوەی کە لە (مكتبة الحرم المكي الشريف)دا لەنگەری گرتووە و، جگە لە (كشف الأسرار وذخائر الأنوار) چەندان دانراوی تری هەیە، بۆیان نەلواوە بناسرێن و، نووسەران و دانەرانیش بایەخێکی شیاوی پلەی خۆییان نەداوەتێ. تەنانەت مامۆستا (سالم عبدالرزاق) لە (فهرس مخطوطات مكتبة الأوقاف العامة في الموصل)دا کە زۆرترین دانراوی ئەم مامۆستای تێدایە ئەوەی کردووە بە ژێر لێوەوە کە بڵێ کوردە و زیاتر بایەخی بە لەقەبی (الخضري) داوە و، نە (الموصلي) و نە (الكردي) نەخستووەتە بەر تیشکی (فهرسة)کە.

لێرەدا هەندێک لە دانراوەکانی ئەم مامۆستایە ناونووس دەکەم:

١- إجازة الشيخ يوسف بن الملا عبدالجليل الخضري للواقف حسن پاشا بن الحاج حسين علي پاشا الجليلي في استعمال ورد سورة الفاتحة.

٢- الإلهام من الله العلام في مديح سيد الانام. ٥/٢٩

٣- نقولات من كتاب الانتصار للأولياء. ٥/٣٤

٤- فتح الفتاح في شرح مفتاح النجاح. ٥/٩١

٥- مفتاح الفلاح في شرح ورد الصباح. ٨/١١٩

٦- الإستشفاء بأحاديث المصطفى.

ئەم دانراوە لە کتێبخانەی ئەوقافی بەغدادایە[1].

رسالة في بيان معنى لا إله إلا الله

ئەم نامیلکە کە ژمارە (٣٨)ە مە لە کۆمەڵە نامیلکەیەک کە بە ژمارە ١٦٢٩ خاص ٤٦٢١ عام لە (مكتبة الحرم المكي الشريف)دا پارێزراوە. (٢پەڕە).

ئەم نامیلکە دانراوی مامۆستا حەمزەی کوڕی بەیرەمی گۆرانییە.

سەرەتاکەی ئاوایە:

«بسم الله الرحمن الرحيم» وبه ثقتي

وقد سألني بعض إخواني وأحبائي في شرح بيان معنى لا إله إلا الله بلسان أهل الحقائق، فنقول

(١) بڕوانە: فهرس المخطوطات العربية في مكتبة الأوقاف العامة في بغداد. ج/ ١ ص: ١٨٨ .

وبالله التوفيق لالهام بيان ما سألوه من هذا القاصر في بضاعته: الحمد لله محير العقول في نتايج الأمم، وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

کۆتاییيەکەشی ئاوایە:

«... وهذا وجه من وجوه معنى لا إله إلا الله على اعتبار أهل الحقائق. تيسر بحسب الوقت على لسان حمزة بن بيرام الگوراني في يوم السبت رابع محرم الحرام. سنة ثمانية عشر ومائة وألف من الهجرة النبوية على صاحبها ألف تحية.

هەر بە دوای ئەمەدا نامیلکەیەکی بچکۆلەی لاپەڕە و نیویی هەیە سەرەتاکەی ئاوایە:

قال الناظم رحمه الله تعالى:

رأت قمر السماء فأذكرتني

ليلي وصلها بالرقمتين

كلانا ناظر قمرا، ولكن

رأيت بعينها ورأت بعيني

قال الشارح للأبيات حمزة الگوراني عفى عنه:

الحمدلله مفيض النعم، ومبدي المعارف والحكم. والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وأصحابه المتأدبين بآدابه.

وبعد: وهذا ما أفاض الملك القدير على اللسان الفقير من شرح هذين البيتين بلسان أهل الحقائق، جاعلا ذلك هدية لحضرة مولانا أحمد أفندي القاضي بدمشق الشام- أدام الله عمره على الاستقام، ونفح به الخاص والعام بجاه سيد الإنام-».

کۆتاییيەکەشی ئاوایە:

«وهذا وجه من وجوه لمعنى هذين البيتين ورد على لسان الفقير حمزة الگوراني، والله يقول الحق وهو يهدي السبيل. قال الشاعر في الوعد والوعيد:

وإني إذا أوعدته أو وعدته

لمخلف إيعادي ومنجز موعدي

تمت بحمد الله وعونه وحسن توفيقه والحمد لله رب العالمين»

...

ئەم مامۆستا دوو دانراوی تری لە هەمان کتێبخانەدا هەیە، بەڵام وێنەیانم لەلا نییە، ئەمە ناونیشانەکانیانە:

١- رسالة في الكلام ابن العربي. (٣پەڕە)، (٤٢٩٤/٣٨٤٧).

٢- شرح (تطهّر بماء الغيب إن كنت ذا سر) (١پەڕە)، (٤٣٣١/٣٨٤٧).

مامۆستا مەلا حەسەنی بەرزنجی

ئەم مامۆستایش یەکێکی تر لەو مامۆستا کوردانەیە - کەوا دیارە- پاشماوەی ژیانی، یان بەشێکی ژیانی، بردووەتە شارە پیرۆزەکانی مەکە و مەدینە و، نازانین هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە یان نا، بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە گەیوەتە ئەو شوێنە پیرۆزانە ناوی بیستراوە و لەسەر لاپەڕەکانی مێژووییش نووسراوە. عومەر ڕەزا کەحالە باسی دوو دانراوی دەکات کە:

١- أسرار القلوب وكشف الحجاب عن المحجوب.

٢- إزالة الوهم والالتباس وإزاحة الوسواس عن بعض الناس.

دەیشڵێت: ١١٧٢ک ١٧٥٩ زکۆچی دوایی کردووە، ئیتر باسی دانراو و شتی تری ناکات.

بەڵام کتێبێکی بچکۆلەی تری هەیە بە ناوی (مقامات البرزنجي) ئەم کتێبە سێ نوسخەی لە کتێبخانەی (مكتبة المحرم الملكي الشريف)دا پارێزراوە[1].

ئەم مامۆستا لە پێشەکیی ئەم کتێبەیدا کە بە عەرەبییەکی زۆر باڵا و ڕەوان نووسیویەتی باسی کوردستان دەکات و وەک بەهەشتی دادەنێت، بەڵام گلەییەکی زۆر توندوتیژ لە خەڵکەکەی دەکات و ئەوە دەکاتە هۆی ئاوارەبوونی خۆی لەوێ.

نوسخەکانی بە ژمارەکانی ٦١٢٢و ٦١٢٣و ٦١٢٤ لە کتێبخانەی ناوبراودا پارێزراون[2].

ناوی تەواوی حەسەنی کوڕی محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی بابارەسووڵی بەرزنجییە.

سەرەتاکەی:

«بسم الله الرحمن ».

قال العبد الفقير الحقير، المقرّ بالعجز والتقصير، الحسن الحسيني الشافعي الكردي النودهي

---

(١) بڕوانە: مخطوطات مكتبة الأوقاف المركزية في السليمانية. ٢٠٦/٥ .

هەروەها بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد. ١١٥/٤ .

خوای مەزن یارمەتیی دام توانیم ئەم کتێبەم بە پێشەکیی و لێکۆڵینەوەوە چاپ کرد.

لەو لێکۆڵینەوەدا بۆم دەرکەوت ئەوانەی فیهرەسیان بۆ کتێبخانەی (مكتبة الحرم المكي الشريف) کردووە لە ناوی ئەم مامۆستادا بەهەڵەدا چوون و بە شێخ حەسەنی گلەزەردەیان داناوە، بەڵام لە بەراوردی ژیانی ئەم بە ژیانی شێخ حەسەنی ناوبراودا دەردەکەوێ دوو کەسی جیاوازن، چونکە ئەم شێخ حەسەنە هاوچەرخی داود پاشا (م: ١٢٦٧ک ١٨٥١ز) بووە، شێخ حەسەنی گلەزەردە نزیکەی (١٠٠) ساڵ پێش ئەو مێژووە بووە. (بڕوانە: مقامات أو حوادث البرزنجي. حققه وقدم له محمد علي القرداغي، مطبعة آراس، أربيل، ٢٠٠٨، ص:٨).

(٢) بڕوانە: الفهرس المختصر لمخطوطات مكتبة الحرم المكي الشريف. ج ١٦٩٠/٤، معجم المؤلفين، ٢٦٨/٣ .

البرزنجي، غفر الله له ورحمه: تباركت ربنا وتعاليت، فلك الحمد على ما قضيت، حمداً يرتضيه جمالك، ويقتضيه جلالك. ولك الشكر على ما أوليت، شكراً نلحق به روابي العطايا، ونمحق به شوامخ الخطايا، ونعصم به اللهج من الزلل والابتهار، ونعصم به المحج عن الألل والإجتهار، في مبارزة الجهال، فرسان الضلال. وأفضل الصلاة والتسليم على نبينا الكريم المنعوت في الذكر الحكيم بالخلق العظيم، وعلى آله وصحبه أجمعين. ما اقترع جيل المبدعين، قرع المبتدعين.

أما بعد: فإن أرضنا الأريضة الرواء، المستريضة الهواء، أرض إذا عفّانَ ودائقها، حجوت أن الجنة على مثلها أعدّت لأهلها، فلو رآها آدم قبل ما أدخل دار الفوز والمنة، بكى على الغبراء في جنة، بُكاه في الغبرا على الجنة...

ئەم نوسخە ناتەواوە و کۆتاییەکەی دیار نییە.

جگە لەم دانراوە لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیدا دانراوێک هەیە بە ناوی (رسالة المغالطات) دانراوی (السيد حسن البرزنجي) دوور نییە ئەم مامۆستا هەمان مامۆستای باسەکەمان بێت.

هەروەها دانراوێکی تر هەیە لە باسی میعراجدا دانراوی مامۆستا (السيد حسن البرزنجي السنوسي الحسني المدني)یە بە دووری نازانم دانراوی ئەم مامۆستا مەلا حەسەنە بێت و، بالآیی و ڕەوانیی زمانی عەرەبییەکەیشی پشتگیریی ئەم بۆچوونە دەکات و، لەو زمانە بالآدا لەیەک نزیک دەبنەوە.

مامۆستا مەلا حسەینی دیاربەکری

یەکێکی تر لەو مامۆستا کوردانەی کە وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتووە و دوا دواییی ژیانیان لە شارە پیرۆزەکانی مەکە و مەدینە بەسەر بردووە، (مامۆستا مەلا حسەینی دیاربەکری)یە.

درێژەی ژیانی ئەم مامۆستا بە تەواویی نازانین و سەرچاوەی روونیمان لە دەستدا نییە، ئەوەندەی لەبارەی نووسراوە و زانراوە ئەوەیە کە: ئەم مامۆستا لە شاری مەکەدا قازی بووە. وا نووسراوە کە ساڵی ٩٦٦ک کۆچی دوایی کردووە. چەند دانراوی هەبووە دووانیان لە (مكتبة الحرم المكي الشريف)دا لەنگەریان گرتووە.

یەکەمیان: (تأريخ خميس) الخميس في أحوال أنفس نفيس.

ئەم کتێبە بە گوێرەی فیهرەستەکان چاپ کراوە و دوو بەرگە. دوو نوسخەی دەستخەتی لە کتێبخانەی ناوبراودایە.

دووەمیان: (رسالة في ذرع الكعبة المعظمة وبيان مساحة المسجد الحرام).

دوو نوسخەیش لەم کتێبە لە هەمان کتێبخانەدا پارێزراوە، تا ئێستە چاپ نەکراوە، بەڵام تازە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.

سەرەتاکەی:

«الحمد لله رب العالمين. والصلاة والسلام على رسوله محمد وآله وصحبه أجمعين. وبعد: فهذه

رسالة في ذرع الكعبة المعظمة ومساحة المسجد الحرام وغير ذلك. جمعها أضعف العباد الى الله حسين بن محمد الدياربكري. غفرالله له ولوالديه وأنالهم كرامة لديه».[1]

كۆتاییيەكەی:

«قد نجز القلم واستراح، بعون الله الملك الفتاح، على يد العبد الذليل، المرتجي رحمة ربه الجليل، وعفو مولاه الكريم، عبده عبدالرحيم بن محمد صالح بن سليمان بن عبدالستار بن عبدالقادر الميمن- غفر الله ذنوبهم الرب المهيمن- عصر يوم الأربعاء رابع شهر ذي الحجة الحرام، آخر شهور عام الثالث والثلاثين والثلاثمائة بعد الألف، من هجرة من خلقه الله على أكمل الوصف- صلى الله عليه وسلم وآله وصحبه وسلم- من رسالة شيخ أسعد دهان، سلمه الرب المنان».

مامۆستا مەلا محەمەدی سۆرانی

یەکێکی تر لەو مامۆستا کوردانەی کوردستانی بەجێ هێشتووە و شوێنەوارەکانی پارێزراون، مێژوونووسان هەواڵیان زانیون، مامۆستا مەلا محەمەدی کوڕی مەلا ئەبوبەکری، کوڕی مەلا سولەیمانی سۆرانییە.

ئەم مامۆستا ساڵی (١٠٤٨ک ١٦٥٢ز) لە (الجامع الأزهر)دا بووە، دیارە مامۆستا بووە؛ چونکە لەوێ کتێبی داناوە. ئیتر نەزانراوە هەر لەوێ ماوەتەوە تا کۆچی دوایی، یان لەوێوە چووەتە مەکە و مەدینە و لە یەکێک لەو شوێنانەدا ماڵئاوایی لە جیهان کردووە؛ چونکە شوێنەواری ناسراوی لە شاری مەکەی پیرۆزدا پارێزراوە، بۆیە دەگونجێ وەک گەلێ لە مامۆستایانی تری کورد- ئەمیش- کۆتاییی ژیانی بردبێتە ئەو شوێنە پیرۆزانە و، لەوێ ماڵئاوایی لە ژیان و جیهان کردبێت.

ئەم مامۆستا دانراوێکی لێ بەجێ ماوە و پارێزراوە بە ناوی:

«الاختصار والتنقيح للطائف الأعلام في إشارات أهل الإفهام للكاشاني» ئەم دانراوە (١٠٦) لاپەڕەیە و بە ژمارە (٢٣٦٣/٤١٢٥ تصوف عام) لە کتێبخانەی (مكتبة الحرم المكي الشريف)دا پارێزراوە.

سەرەتاکەی ئاوایە:

«الحمدلله الفتاح لأبوابه، العارفين الكاملين من أحبائه، الذين سقاهم ربهم شرابا طهورا، حتى رووا من زلال شرابه. فشاهدوا حقائق الكون بعد ما كان بين سرابه... (تا دەڵێ): أما بعد: فيقول العبد الفقير الى عفو ربه القدير محمد ابن ملا أبي بكر بن ملا محمد بن ملا سليمان الكردي السهراني: لما رأيت...»

---

(١) بڕوانە:الفهرس المختصر لمخطوطات مكتبة الحرم المكي الشريف. ج/٣ . ل: ١٠٧٢، ١٠٧٤ . هەروەها معجم المؤلفين. عمر رضا كحالة. ٤٧/٤ . والأعلام. خيرالدين الزركلي ٢٥٦/٢ .

کۆتاییەکەیشی:

«شيخ المعارفين، ويقال: إمام العارفين، وهو المتحقق بأعلى مقامات المعرفة التي هي مقامات التمكين، كما عرفته في باب الإمامة..»

دیارە ئەم نوسخە ناتەواوە و هیچ زانیاریی تریشمان- ئێستە- لەبارەی لە دەستدا نییە. بەڵام دیارە- وەک مامۆستا خۆی نووسیویەتی- مەلا زادەیە و لە بنەماڵەی مەلایان و مامۆستایان بووە و ڕەنگە چەند پشتی تریشی هەروا مەلا بووبن[1].

لە کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی بەغدایشدا کتێبێک هەیە بە ناوی (أنفس نفائس الدرر على شرح همزية ابن حجر) دانراوی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکری (سهراني - سۆراني)یە دەبێ هەر ئەم مامۆستا مەلا محەمەدە بێت. دەڵێ: دانەرەکەی ساڵی ١٠٤٨ک لە دانانی بووەتەوە[2].

دانراوێکی تری ئەم مامۆستا

الدرة المضية في شرح الكوكبة الدرية في مدح خير البرية

سەرەتای ئەم کتێبە لەو وێنەدا کە لای منە تەواو نییە. لە ناوەڕاستی ئەو لاپەڕەدا نووسیویە:

«فأردت أن أشرحها شرحا لطيفا أمضي فيه على العبارات، وأبين لطائف الإشارات، وجعلت كل بيت من القصيدة كتاب مستقل (!) وأذكر فيه بالمناسبة من الفوائد ما يحتمل، فهو- إن شاء الله تعالى- كالروض المزين بالأزهار، والحديقة المنورة بالأنوار. وسميته ب(الدرة المضية في شرح الكوكبة الدرية) في مدح خير البرية. وأسأل الله تعالى أن يجعله خالصا لوجهه ومكفراً لذنوبي، وهو حسبي ونعم الوكيل...».

کۆتاییەکەی:

کۆتاییەکەیشی هەر ناتەواوە و، نە کۆتاییی دیارە و نە مێژووی نووسینەوەی، بەڵام لە (الفهرس المختصر لمخطوطات مكتبة الحرم المكي الشريف)دا دەڵێ: دانراوی محەمەدی کوڕی مەلا ئەبوبەکری کوڕی محەمەدی کوردییە، کە ساڵی ١٠٤٨ ک. لە ژیاندا بووە.

دەبێ لێرەدا ئەوە نەبوێرم کە ئەم قەسیدە- قەسیدەی بوردییە- لەلایەنی مامۆستایانی کوردەوە بایەخێکی زۆری پێ دراوە و بێجگە لەم مامۆستا لەلایەنی چەند مامۆستای ترەوە شەرح کراوە. من پێشتر ناوی چەند کەسیانم نووسیوە، لەوانە:

١- مامۆستا مەلا عەلی سۆسنی. ٣/٢٦٨ بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد.

---

(١) بڕوانە: (الفهرس المختصر لمخطوطات مكتبة الحرم المكي الشريف) ج٣/ ص/١١٤٦.
هەروەها: معجم المؤلفين. عمر رضا كحالة، ٩/ ١١٠ .

(٢) بڕوانە: فهرس المخطوطات العربية في مكتبة الأوقاف العامة في بغداد. عبدالله الجبوري، الجزء الثالث، مطبعة العاني. ١٩٧٤ . ص: ١٤ .

٢- سولەیمان خانی. بووژاندنەوەی... ٨٦/٦ .

٣- فەخرەدینی کوڕی ئەبوئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکر بووژاندنەوەی... ١٣٨/٦ .

جامع الأسرار

دانراوی عبدالمحسن الگورانی مامۆستا لە (ڕەوضەی پێغەمبەر-د. خ-).

ئەمەیش تەفسیری سوورەتی فاتیحە و تا سوورەتی (الأعراف)ە لە قورئانی پیرۆز.

ئەم مامۆستایش یەکێکە لەو مامۆستا کوردانەی کە لە کوردستان هەڵکەنراون و بە توانای خۆیان و پلەی باڵای زانستیان لە شوێنە دیارەکانی جیهاندا جێگەی خۆیان کردووەتەوە.

ئەم مامۆستا نازانین کەی بووە گەیوەتە ڕەوضەی پێغەمبەر (د. خ) لە شاری مەدینەی پیرۆز، لەوێ بووە بە مامۆستای ئەو جێگە پیرۆزە تا دوا ڕۆژی ژیانی و هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە و بە خاک سپێرراوە.

سەرچاوەکان تەنیا باسی ئەو تەفسیرەی دەکەن کە بە ناوی (جامع الأسرار)ەوە دای ناوە و تا سوورەتی (الأعراف)ی لە سەرەتای قورئانەوە تەفسیر کردووە و پێشکێشی کردووە بە سوڵتان مورادی چوارەم.

باسی چاپکرانی ئەم تەفسیرە نییە و، ئەوەیش کە لە (مكتبة الحرم المكي الشريف) پارێزراوە تەنیا تەفسیری سوورەتی فاتیحا و سوورەتی یووسفە و، ئەویش سەرەتاکەی ناتەواوە. نزیکی ٦٠٠ لاپەڕەیە.

ئەم مامۆستا لە دەوروبەری ١٠٤٠ک دا کۆچی دوایی کردووە. سەرەتای تەفسیرەکەی ئاوایە، جگە لەوەی کە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی نووسراوە:

«من كتب الموقوفة ببلد الله الحرام المفخم، لمولانا السلطان الأعظم والخاقان المعظم، خادم الحرمين الشريفين، السلطان عبدالمجيد خان أبن السلطان الغازي محمود خان، أطال الله عمره إلى آخر الدوران آمين.

«العبد الداعي السيد الحاج

مصطفى أنوري

القاضي بمكة المكرمة»

علمه البيان، تبارك الذي نزل الفرقان، كتاب مستطاب أحكمت آياته من لدن حكيم عليم. فلا يقدر على معارضته أنس ولا جان...»

کۆتاییەکەی:

«... وما يبدو منه من نعم مشاهدته، وكرايم ألطافه ورحمته، مرحما لقلوب المحزونين، وباكورة لفؤاد المحبين، وشمومة لأرواح العارفين والله أعلم.

تم تفسير أحسن القصص حسب المرام بعون الملك العلام، في جوار أفضل الرسل الكرام، محمد عليه أفضل الصلاة وأزكى السلام في سنة أربعين بعد الألف.

سوده الفقير المذنب محمد المولوي الأدرنوي حامدا! لله تعالى على نعمه. ومصليا على نبيه محمد وآله وأصحابه أجمعين».

له خودی ئەم دەستخەتی تەفسیرەوە دوو شت وەردەگیرێ:

یەکەم: سەرچاوەکان دەڵێن: تا کۆتایی سوورەتی (الأعراف)ی تەفسیر کردووە. بەڵام لە دەستخەتەکەدا وا دەردەکەوێ تەفسیرەکە تا کۆتایی سوورەتی (یوسف) ڕۆیشتووە.

دووەم: دەڵێن: لە دەوروبەری (١٠٤٠ک) دا کۆچی دوایی کردووە. بەڵام لە کۆتایی تەفسیرەکەوە مامۆستای گۆرانیی خۆی نووسیویە کە لە (١٠٤٠)دا- واتە ئەو ساڵەی کە بۆ کۆچی دوایی دایان ناوە- لە نووسینی تەفسیری سوورەتی یووسف بووەتەوە. ئەمەیش کەمێک گومان لە ساڵی کۆچی دواییدا دروست دەکات.[1]

الأدلة الواضحة على المثالب الفاضحة

ئەم کتێبە دانراوی مامۆستا عەلی کوڕی تاجەدینی سنجارییە.

ئەم مامۆستایەش یەکێکە لەو مامۆستا کوردانەی گەیوەتە شاری مەکەی پیرۆز و ماوەیەک لەوێ ماوەتەوە، دیار نییە لەوێ کۆچی دوایی کردووە یان لە شوێنێکی تر.

ئەم دانراوەی لە سەرەوە ناویمان نووسی لە (مكتبة الحرم المكي الشريف)دا لەنگەری گرتووە.

لە (معجم المؤلفين)یشدا ناوی کتێبی: «القربة بكشف الكربة عن بيان عدم صحة صلاة المؤتم بالإمام الخارج وهو في جوف الكعبة» براوە.

هەروەها لە (إيضاح المكنون في الذيل على كشف الظنون)یشدا. بەڵام هیچ لایەکیان باسی ئەم کتێبەیان نەکردووە کە لە (مكتبة الحرم المكي الشريف)دا پارێزراوە.

سەرەتای لاپەڕەی یەکەمی ئەم کتێبە زەرکەفتکارییەکی جوان کراوە، بە خەتێکی ئێرەتیی نووسراوەتەوە، بە خاڵی سوور کۆتایی بڕگەکان دیاری کراوە.

سەرەتاکەی ئاوایە:

«بسم الله الرحمن الرحيم، وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم. الحمدلله قامع الملحدين، بصفائح ألسنة أهل الدين. والصلاة والسلام على سيدنا محمد المجاهد باللسان والسنان، المبعوث بأقوى برهان من البلاغة والبيان. المبعوث بكونه مرسلا ورحمة وإحسان...»

---

(١) بڕوانە: (الفهرس المختصر لمخطوطات مكتبة الحرم المكي الشريف) ج/١ ص/ ٥٠ . هەروەها (كشف الظنون) ٥٣٤/١ و(معجم المؤلفين) ج/ ٦ ص: ١٧٢ .

لەسەر لاپەڕەی یەکەمی نووسراوە:

«الأدلة الواضحة على المثالب الفاضحة، لمولانا العلامة الشيخ علي سنجاري، شكر الله سعيه الجميل».

وێنەی لاپەڕەی کۆتاییم لە دەستدا نییە.

٢٢٤ لاپەڕەیە.

دانراوێکی تری مامۆستای مەلا عەلی تاجەدینی سنجاری

هەر لە (مكتبة الحرم المكي الشريف)دا دانراوێکی تری ئەم مامۆستا هەیە بە ناوی:

(منايح الكرم في أخبار مكة والبيت وولاة الحرم). ئەم دەستخەتە بە ژمارە (٣٩٠٤) (خاص) و بە ژمارەکانی (٣٥٣٥- ٣٥٣٧) عام پارێزراوە. کتێبەکە سێ بەرگە.

لە سەرەتای ئەم دەستخەتەوە لەبارەی نووسراوە:

ناوی عەلی کوڕی تاجەدینی کوڕی تەقیەدینی سنجاریی حەنەفیی مەکییە، ئیمام و خەتیبی (البلد الحرام) بووە. ساڵی ١١٢٥ کۆچی دوایی کردووە، شێخ مستەفای نەحاسی شاعیری میصر دەربارەی کۆچی دوایی ئەم مامۆستا وتوویە:

لما قضى المولى المفضل نحبه

وسرى وصار مجاور الغفار

أرخت: بالله هب ولك البقاء

وارحم فناء على السنجاري

سەرەتاکەی:

«الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد خاتم النبيين وعلى آله وصحبه أجمعين. أما بعد: فهذه زبدة من منايح الأخبار، ونبذة من روايح العلماء الأخيار. التقطتها».

روضة المريدين في آداب الصوفية

ئەم کتێبە دانراوی مامۆستا خەلیلی قادری کەرکووکییە.

لە (مكتبة الحرم المكي الشريف)دا پارێزراوە و هیچ سەرچاوەیەکم نەدی باسی ئەم مامۆستای کردبێت.

دەستخەتەکە ٧٦ لاپەڕەیە. سەرەتاکەی ئاوایە:

«هذا كتاب روضة المريدين في آداب الصوفية وأحكامهم وطريقتهم وأحوالهم وأخلاقهم. وفي ترتيب تلقين الذكر وإعطاء البيعة والإلباس، وسلسلة أهل التوحيد. تأليف شيخنا المرشد الكامل السيد خليل القادري الكركوكي- رحمه الله ونفعنا به».

دوای ئەم ناونیشانە و دوای لاپەڕەیەک لە سەرەتای دانراوەکە زنجیرەی ئیجازەی شێخانی

تەریقەتی قادری دێت و تێیدا ئیجازە دەدرێت بە حاجی محەمەد عەبدوسەتاری کوڕی عەبدولوەهابی حەنەفی، ئەو کەسەی کە ئیجازەکەی داوە بە حاجی محەمەد عەبدوسەتار دەڵێ:
ئیجازەم لە شێخ عەبدولڕەحمانی کەرکووکی وەرگرتووە، ئەویش لە شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی باوکی، ئەویش لە شێخ مەحموودی کوردستانی، ئەویش لە شێخ ئەحمەدی هیندیی لاهووری، ئەویش لە شێخ محەمەد حسەینی ئەزمیرانی، ئەویش لە شێخ محەمەد مەعسوومی مەدەنی... بەو شێوە دەستاو دەست تا شێخ یەحیای بەسری و، شێخ عوسمانی جەلیلی و، شێخ عەبدولڕەزاقی کوڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و، ئەویش لە باوکی، تا دەستاو دەست دەگاتە خزمەتی حەزرەتی (محمد المصطفى) - صلى الله عليه وسلم-..

دەستخەتەکە دوای باسکردنی هەندێ ڕێبازی تەریقەت و فەرمایشتی پێغەمبەر (د. خ) و هەندێ شتی پێوەندیدار بەو باتەوە، تا لاپەڕە (٣٨) واتە لاپەڕە (٧٦) دەڕوات، من وێنەی هەموو دەستخەتەکەم لا نییە، بەڵام لەو ئەندازەدا کە لای منە جگە لەو ناوی سەرەتایە ناوی شێخ خەلیلی کەرکووکی نابینرێ.

١٠٢٥- ئەم ژمارەیە بۆ دەستخەتێک دانراوە کە وێنەی چوار لاپەڕەی لای من هەیە، لە سەرەتاوە فیهرەستی بۆ کراوە بەم شێوە:

١- ثبت أحمد بن عبداللطيف

٢- الإمداد في علو الإسناد

٣- مناقب سالم بن عبدالله سالم البصري.

٤- سند من عابدين محمدأمين.

٥- ثبت محمد أبوطاهر بن إبراهيم الكردي. وفيه إجازة السيد أحمد محمد مقبول الأهدل.

٦- ثبت إبراهيم بن محمد الزمزمي. كما في السجل.

ئەو چەند لاپەڕەی وێنەکەیانم لایە خەتەکانیان جیاوازە. لە کۆتاییی لاپەڕەکانی ٩، ١٠ەوە [کە لە سەرەوەیشی ١٢٤، ١٢٥ نووسراوە] نووسراوە:

«...نفعه الله بالعلم وجعله من أهله، قال ذلك نجلاء كتبه وجلا العبد الفقير المعترف بالتقصير، محمد أبوطاهر بن إبراهيم الكردي، المدني المولد والمنشأ الشافعي، غفر الله له ولوالديه وأحسن إليهما واليه، سائلا من المجاز أن لا ينساني وذريتي من صالح دعوات تنتج حسن الختام، والفوز بالجنة وجواره في دار السلام. آمين. وفرغت من كتابتها عصر يوم الخميس المبارك ٢٦رجب الفرد١١٥٣بمنزلي بظاهر المدينة المنورة، على مشرفها أفضل الصلاة وأزكى التحيات بكرة وعشية آمين.».

(ئەم مامۆستا خاوەنی کتێبی (منتخب كنز العمال)ە کە باسی دەستخەتی دانراوەکەیم لە بەرگی چوارەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایاندا کردووە[1].

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو، ل: ٢٦٠ .

ئەم دەستخەتە كۆمەڵێك دانراوی تێدایە، لەسەر لاپەڕەی یەكەمی بەم شێوە ناونیشانیان نووسراوە:

فهرس المجموعه ١٠٤

١- رسالة في التوحيد- خالد النقشبندي.

٢-رسالة عن الطريقة النقشبندية - خالد النقشبندي

٣- آداب الذكر - خالد النقشبندي

٤- سلسلة - خالد النقشبندي

٥- رسالة الشيخ مصطفى مستقيم نيازي- أعجمية.

٦- رسالة أخرى بالأعجمية.

سەرەتای دانراوی یەكەم ئاوایە:

«الحمدلله فاطر السماوات والأرض وخالق العباد وما يعملون، الذي إذا أراد شيئاً أن يقول له كن فيكون.».

كۆتاییەكەی:

«إقتصر الخيالي منها على عدم جريان بعض الأدلة فيما سواه، الحمدلله رب العالمين.

اثر خامهء أضعف العباد إبراهيم النقشبندي الخالدي».

دانراوی دووەم:

«الحمدلله وسلام على عباده الذين اصطفى، من العبد الفقير المستهام خالد النقشبندي المتمسك باتباع سنة خير الأنام...».

كۆتاییەكەی:

«وصلى الله على سيدنا أفضل الانام، وعلى آله وأصحابه الكرام، أضعف العباد خالد النقشبندي القادري المجددي. ٢٦ / - / ١٢٣٨».

نامیلكەی سێیەم:

سەرەتاكەی:

«الحمدلله وكفى، والسلام على عباده الذين اصطفى. أما بعد: فهذه فائدة في بيان آداب الذكر وغيره عن السادات النقشبندية- قدس أسرارهم العلية-».

كۆتاییەكەی:

«قال الجنيد: إذا رأيت الصوفي ولم يكن على يمينه التفسير، وعلى يساره الفقه، وعلى قدامه الحديث فإنه لص الشيطان. من لبس الصوف على الصفا، ورمى الدنيا وراء القفا، وطعم نفسه طعم

الجفا، فهو على شريعة المصطفى».
أثر خامهء إبراهيم القريمي غفرالله له ولوالديه وأحسن اليهما. سنة ١٢٤٢».

ناميلكەی چوارەم.
سەرەتاکەی:
«سلسلهء خواجگان - قدس الله تعالى أسرارهم. بسم الله الرحمن الرحيم.
اللهم يا حي يا قيوم يا بديع السموات والأرض، ويا مالك الملك، ويا ذا الجلال والإكرام. إني أسألك بمحبوبية قطب الإرشاد السائر في الله الراكع الساجد ذي الجناحين. حضرة ضياءالدين مولانا خالد- قدس سره-».

کۆتاییەکەی:
«ولا تعاملنا بالعدل، وتتوب علينا توبة نصوحاً، وترزقنا العافية في الدنيا والآخرة، ووالدينا والمؤمنين والمؤمنات، إنك قريب مجيب الدعوات، وصلى الله على سيدنا محمد المبعوث رحمة للعالمين، وعلى آله وصحبه أجمعين».
ص: ٥٢

منتخبات شهنامه

ئەم دەستخەتەیش یەکێکە لە دەستخەتەکانی کتێبخانەی (الحرم المكي الشريف)، ئەو ناونیشانەی لەسەر نووسراوە. بەڵام ناوەرۆکی دەستخەتەکە کە شیعری فارسییە لەوە ناچێت (هەڵبژاردەی شانامە) بێت، بگرە لەوە دەچێت دانراوێک بێت بە شیعر لە پەند و ئامۆژگاریدا، ئەمەیش هەندێک لەسەر باس و ناونیشانەکانی ناو دەستخەتەکە:

باب يكم در توحيد بارى عز اسمه
باب دوم در نعت نبى عليه السلام
باب سوم در بحث چهار يار گزين
باب چهارم در تضرع مناجات
باب پنجم در دعا و نياز
باب ششم در ستايش خرد و دانش
باب دوازدهم در صدق و راستى
باب بست سوم در اظهار حال دردمندى
باب سى و پنجم در صفت محبوب
باب سى و ششم در صفت رستم جنگ او
باب سى و نهم در نصح و پند
باب چلم ابيات شتى

بەم چل بابەیش دانراوەکە تەواو دەبێت.

لە کۆتاییشیەوە نووسراوە:

كتبه الفقير الحقير المذنب الحاج شيخ محمود أفندي برزنجي زاده غفرالله تعالى على والدين ولى أستاذيه تمت.

الرياض الأنيقة في بعض مناقب الصديقة

ئەم کتێبە دانراوی (أبو القاسم ابن إبراهيم ابن قاسم ابن حيدر ابن رسول البرزنجي)يە.

سەرەتاکەی ئاوایە:

«المنة لمن فتق رتق الوجود برمته من نوره الأسنى، وشق ينابيع المضوعات بضرب تجلي أسمائه الحسنى، وتقدس فياضا امتن بواسع جوده الباهر لإظهارهم من سرحة الغيوب لأنور المسالك.».

کۆتاییەکەی:

«واغفر اللهم لجامع هذه الرياض الأزهرية، والطف به عند حلول سهام المنية، وكذا والديه والأصحاب والذرية، ما أصغت أذن لسماع ذكر الكمل الأعلام، وفاز محب بركوب جواد البدء والختام».

لەسەر لاپەڕەی یەکەمیشی نووسراوە:

«الرياض الأنيقة في بعض مناقب الصديقة، لمولانا السيد الأجل الراجي عفو ربه الكريم المنجي، أبو القاسم ابن إبراهيم إبن القاسم إبن حيدر إبن رسول البرزنجي، غفرالله له ولوالديه، وجعله من كمل المحبوبين لديه. آمين آمين، تمت.».

دەستخەتەکە دوازدە لاپەڕەیە.

مجموعة رسائل نفيسة

ئەم دەستخەتەیش ئەو ناونیشانەی سەرەوەی بۆ دانراوە. ئەو کۆمەڵە نامە و دانراوەیش کە لە دەستخەتەکەدان ئەمانەن:

١- مجموعة رسالة نفيسة أبو السعود. بە تورکی ٢٤پەڕەیە.

٢- رسالة دعاء مجربات شيخ شهاب الدين السهروردي بە زمانی عەرەبیی ٩پەڕەیە.

٣- هذا كتاب جزري. هۆنراوەیەکە لە تەجویددا. ئەمەیش ٦پەڕەیە. محەمەد عەلی ساڵی ١٠٥٣ نووسیویەتییەوە.

٤- دوای ئەو نامیلکەیە لە باسی (علوم القرآن)دا. لە پەڕەی پەنجادا بێ ئەوەی ئەم تەواو بێت هۆنراوەیەکی تر دێت و دوای ئەوە وەک کەشکۆڵ کۆمەڵێک شیعر دێت، لە پەڕەی ٥٨دا تەواو دەبێ. شیعری شێخی سەعدی و چەند شاعیری تری تێدایە.

إفاضة الأنوار على أصول المنار

دانراوی (علاء الدين الحصكفي) (م ١٠٨٨ك)، (٦٥ پەڕە)، (١٤٩٦/٢٠٥٤).

سەرەتاکەی:

«حمداً لك يا من نورت منار الشرع الشريف بكتابك المعجز المنيف، وصلاة وسلاماً على من خصصته بكل كمال وتشريف. وعلى آله وصحبه ما نعت بأما بعد في كل تأليف. فيقول المفتقر إلى ذي اللطف الخفي محمد علاء الدين بن علي بن الحصكفي، المفتي بدمشق الشام الحنفي..»

کۆتاییەکەی:

«قد وقع بلطف الله تعالى الفراغ من تأليف هذا الشرح المختصر المسمى بافاضة الأنوار على أصول المنار، على يد جامعه علاء الدين بن علي الأمام بجامع بني أمية بدمشق المحمية، بعد أذان الثلث بمنارة الجامع المزبور ليلة الجمعة أواسط شهر ذي الحجة الحرام، سنة أربع وخمسين وألف، وكنت شرعت فيه أوايل شهر ذي القعدة تلك السنة، فكانت مدة تأليفه مدة المواعدة بلا ريب، وذلك بفضل الله يؤتيه من يشاء، وعنده مفاتح الغيب...»

إجازه الحافظ العراقى لأبن حجر

وێنەی دوو لاپەڕەیم لایە لە سەرەتای لاپەڕەیەکیانەوە نووسراوە:

«وجدت في آخر الأربعين العشارية ما نصه:

قرأت جميع هذه الأربعين العشارية، تخريج الحافظ زين الدين العراقي على شيخنا الإمام الأوحد المحدث المتقن الضابط المفيد، أبو عبدالله محمد الحجازي الشعراني الشافعي الواعظ، بمجالس بجامع المؤيد بمصر المحروسة، وأجازني بكل مروياته بحق إجازته بالأربعين المذكورة عن عدة مشايخ منهم الشهاب ابن يشبك...».

لە سەرەتای لاپەڕەکەی تریشەوە نووسراوە:

«العشاريات لأبن حجر العسقلاني.

يقول راجي العفو والرضا محمد مرتضى الحسيني الزبيدي- رحمه الله تعالى-: أروى العشاريات عن شيخنا أبي عبدالله محمد بن الطيب وعبدالخالق بن أبي بكر، كلاهما عن أبي الأسرار...». بەم شێوە رشتەکەی دەڕوات تا دەگاتە سەر «الشيخ عبدالرؤف المناوي، عن القطب الشعراوي عن الشيخ الإسلام عن المؤلف...».

دوای ئەوەیش نووسراوە:

«اطلعت على الأربعين العشارية للحافظ زين الدين العراقي بخط تلميذه الحافظ شهاب الدين ابن حجر أتمه كتابة وسماها».

ورد الكوثر لمحيا فضايل صديق الأمه الأكبر للبرزنجى المدنى.

دانراوی: محەمەد زەینەلعابدینی کوڕی محەمەد هادیی بەرزنجی.

دوای پێشەکییەک دەڵێ:

«أما بعد: فيقول المفتقر الى الفيض الإلهي والمدد النبوي، محمد زين العابدين بن محمد الهادي البرزنجي الحسيني الموسوي: هذه نفحات قدسية ولمحات أنسية، ورياض زاهرة، وحياض زاخرة.».

کۆتاییەکەی:

«وكان الفراغ من نقلها يوم الجمعة أول رجب الفرد الأصم الحرام. سنة ١٣٠٧ في مكة المعظمة، بمقابلته على اصل النسخة، بقلم الفقير الراجي غفران الذنب من ربه الخفى تاج الدين عبدالستار الصديقي أبو الفياض الحنفي غفر له ولمشايخه ولمن له حق عليه آمين آمين».

(٦پەڕە) ، (٤٠٩٧/٢٨٨٧).

الرحمة الهابطة في ذكر الرابطة

دانراوی مامۆستا حسەینی کوڕی ئەحمەدی دووسەریی

سەرەتاکەی:

الحمدلله الذي رفع لواء السنة السنية، وجدد أمر الملة المحمدية، وأيد الشريعة الحنيفية، بظهور أهل المزية، وبروز أولي الخصوصية، ووجود الطائفة المهدية، الزمرة التقية النقية...

کۆتاییەکەی:

وقد وقع الفراغ من كتابة هذه النسخة في يوم السبت قبيل العصر، خامس شهر ربيع الآخر لسنة أربع وستين ومائتين وألف من هجرة من له العز والشرف. وذلك بمكة المكرمة، حرسها الله تعالى وزادها شرفاً وتكريماً.».

ئەم دانراوە بەشێکە لە دەستخەتێک کە چەند دانراوی تێدایە بەم شێوە:

١- آداب المريدين للشيخ أبي نجيب ضياءالدين عبدالقاهر السهروردي. قدس الله سره العزيز. ونفعنا به آمين.

٢- الرحمة الهابطة في ذكر الرابطة. تا لاپەڕە ٧٣.

٣- صورة مكتوب لمولانا خالد. ١٣٧.

٤- صورة مكتوب آخر لمولانا خالد- أيضا. ١٤٧.

٥- صورة مكتوبين من مكاتيب الإمام الرباني. ١٥٠.

٦- معرفة من المعارف اللدنية للإمام الرباني ١٥١.

٧- رسالة في بيان المقامات المجددية. ١٥٧.

٨- ترجمة رسالة الاشتغال بذكر اسم الجلال للشيخ عبدالله الدهلوي، مسماة بالفيوضات الأحدية في المراقبات الأحمدية. أصلها بالفارسية، للشيخ أحمد الدهلوي. ١٧٠.

٩- رسالة التوحيد للصدر القنوي. ١٧٧.

١٠- ترجمة تكملة النفحات. ١٩٤.

١١- رسالة في تمثيل الموجودات بالأشياء النورية للسيد الجرجاني - ٢٠٧.

١٢- ترجمة شرح بيت لمولانا الرومي - ٢١٥.

١٣- رسالة في وحدة الوجود - ٢٢٠.

١٤- رسالة مسماة بالمرشدة للشيخ محمد البكري - ٢٥٦.

١٥- رسالة موسومة بالعروة الوثقى، ترجمة كلام القطب الأحدى الخواجه أحرار- قدس سره- ٢٣٧

ئەم دەستخەتە لە کتێبخانەی ساڵح ئەفەندیی عەترچی مامۆستای (حەرەمی شەریف)دا بووە و، ئەو وەقفی کردووە بۆ کتێبخانەی حەرەمی مەکیی.

ئەم دەستخەتە محەمەد ساڵحی کوڕی محەمەد ئەمینی نەقشبەندیی موجەدیدیی قادریی ئیسلامبوولی ساڵی ١٢٦٤ ک. نووسیویەتییەوە.

تێکڕای دەستخەتەکە ٢٦١ لاپەڕەیە، وەک لە ناونیشان و سەرباسەکانیشیەوە دیارە ناوەڕۆکی بابەتەکان- بەزۆریی- تەسەووفە.

دوا نامیلکە ناوی (مرشدة)یە، نووسەرەوەکەی لە کۆتاییشیەوە نووسیویە: (تمت المرشدة بعون الله وكرمه).

مامۆستای دووسەریی وەک نووسەر بووە شاعیریش بووە. پارچەیەک شیعری لە دەستخەتی ژمارە [٢/٢٥٣٨٠ مجاميع]ی کتێبخانەی مەرکەزیی ئەوقافی بەغدادا پارێزراوە.

بە سەرچاوەکانی بەردەستماندا گەڕام شتێکم لەبارەی ژیانی دەست نەکەوت، ئەوەندە هەیە لە پێشەکیی دانراوەکەی (الرحمة الهابطة)وە دەردەکەوێ کە سەردانی بەسرە و بەحرەینی کردووە، ئیتر دیار نییە دوای ئەوانە بۆ کوێی تر چووە.

مامۆستا عەبدوڵڵا جبووریی لە فیهرەستی کتێبخانەی ئەوقافدا، ساڵی ١٢٤٧ک بۆ کۆچی دوایی ئەم مامۆستا دیاریی کردووە، بەڵام سەرچاوەی دیاریی نەکردووە.

لە فیهرەستی کتێبخانەی (مكتبة الحرم المكي الشريف)دا دەڵێ: ساڵی ١٢٣٧ک لە ژیاندا بووە.

لەمانە زیاترم لەبارەی ژیانی دەست نەکەوت.

الروضة الريا فيمن دفن بداريا من الصحابة والتابعين

ئەم کتێبە دانراوی مامۆستا عەبدوڕەحمانی کوڕی محەمەدی کوڕی محەمەدی عیمادییە.

سەرەتاکەی ئاوایە (دوای الحمدلله و صەلات و سەلام):

«وبعد: فيقول الفقير الى لطف ربه الخفي، وبرّه الوفي، عبدالرحمان العمادي الحنفي: إن زيارة الصالحين من أقرب القربات. وهي لاستمطار سحايب البركات من الأمور المجربات، وقد أمرنا بالتعرض للنفحات، ولا شك أن مواطنهم من أكبر مظان إجابة الدعوات.

ثم لما كان من أعظم مزارات الشام الموصوفة مزارات داريا الكبرى، القرية المعروفة، جمعت هذه النبذة في شأنها...»

کۆتاییيەکەی:

«الحديث السابع: روى المسند أبو البقا محمد بن عمار بقرية داريا عند ضريح أبي مسلم بسنده إلى عايشة– رضى الله عنها– قالت: سمعت رسول الله لحسان بن ثابت: روح القدس لا يزال يودك ما نافحت عن رسول الله.

انتهت الرسالة بحول الله وقوته في اليوم الثاني من شهر ربيع الأول سنة أربع وستون ومماية وألف.».

دەستخەتەکە ٢٦ لاپەڕەیە، بە مەرەکەبی ڕەش و سوور بە خەتی (نسخ) نووسراوەتەوە.

لاپەڕەی ١٧ دێری تێدایە، پێوانەی ٢١× ١٤سم.

بەژمارە ١/٢٨١٨/٤٠٠٦ تراجم پارێزراوە.

* دەستخەتی ژمارە ٢٩٧٩ (٢١٩٣عام) دانراوێکە بە ناوی (نقد الدرر حاشية على الدرر والغرر لملا خسرو) دانراوی محەمەدی کوڕی مستەفای[1]. وانیی (م ١٠٠٠ک)ە.

بەپێی فیهرستی کتێبخانەی (الحرم المكي) ٢٨٨ لاپەڕەیە، من وێنەی سەرەتا و کۆتاییيەکەییم لەلایە، سەرەتاکەی ئاوایە:

«الحمد لوليه، والصلاة على نبيه، ، وآله وصحبه أجمعين.

وبعد: فلما قرأ علي الولد الأعز أعني موهبة الله تعالى من لطفه الرباني، پير محمد بن محمد الواني، كتاب الدرر والغرر درسا فدرسا، حررت ما لاح في قلبي وجال في خلدي شيئا فشيئاً، من دفع الشبهات، وبيان المبهمات، مع الإشارة إلى ما فيه من ذلك الشارح، وخلل الناسخ، فقبل إتمام نقله إلى بياض الأوراق، انتقل المرحوم إلى رحمة الملك الخلاق، فالمأمول من كرم من نظر فيه أن يستغفر له ولوالديه ولجميع المؤمنين والمؤمنات، الأحياء منهم والأموات، إنه مجيب الدعوات...».

کۆتاییيەکەیشی ئاوایە:

«قوله: وليس بمولى عليه، أي على التصرف من جهة مولاه الذي يتصرف عليه، وهذه المقدمة مما يحتاج إليها في بيان ثبوت الأهلية...».

ئەمە لە لاپەڕە (٢٢٧) دایە، بەڵام دیارە تەواو نییە.

دیارە ئەم کتێبەیش شوێنەواری مامۆستایەکی کوردە کە کتێبەکەی لە ئەنجامی دەرزوتنەوەی بە

---

(١) گومان بۆ ئەوە دەچێ ئەم مستەفای وانییە دانەری کتێبی (الأظهار) بێت.

کوڕێکی خۆیدا وتووە، بەڵام دەستی قەدەر کوڕەکەی لێ وەرگرتووەتەوە و جوانەمەرگ بووە.

* دەستخەتی ژمارە (٣٨٣٢عام) ٤٧١٠ کتێبێکە بە ناوی (غرر الحکم ودرر الکلم من کلام علی إبن أبي طالب).

دانراوی: عەبدولواحیدی کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدولواحیدی ئامودیی (م: ٥٥٠ک)ە.

سەرەتاکەی دوای (الحمدلله و صەلات و سەلام) ئاوایە:

«وبعد: فإن الذي حداني على تخصيص فوائد هذا الكتاب وتعليقها، وجمع كلمه وتنميقها، ما تبجّح به أبو عثمان الجاحظ عن نفسه، وعدده وزبره في طرسه، وحدده من المائة الحكمة الشاردة عن الأسماع الجامعة أنواع الانتفاع التي جمعها عن أمير المؤمنين علي بن أبي طالب...».

کۆتاییەکەی کە لاپەڕە ٨٦١ی دەستخەتەکەیە ئاوایە:

«ينبغي عاقل إذا علّم أن لا يعنف، وإذا عُلِّم أن لا يأنف. تم والحمدلله أولا وآخرا وباطنا وظاهرا، والصلاة على رسوله الله محمد وآله طيبا وطاهرا...».

ئەم مامۆستا دانراوێکی تریشی ناوی زانراوە کە:

(جواهر الكلام في شرح الحكم والأحكام من قصة سيد الانام عليه السلام)ە.

بەڵام دەبێ دانراوی تریشی هەبێت و تێداچووبن یان هەواڵیان نەزانین، چونکە ئەو بەو هەموو لەخۆڕاپەرموونەوە بەرانبەر بە (جاحظ) بەو شێوە بدوێ دەبێ چ کەڵەزانایەک بووبێت؟[1]

دانراوێکی "قوام الدين الكاكي السنجاري"

ئەم مامۆستا یەکێکە لە مامۆستا دێرینەکانی کورد و، یان مێژوو لە عاستیدا بێدەنگە، یان ئەوەی مێژوو لەبارەی نووسیویەتی دەست ئێمە نەکەوتووە، سا یا تێدا چووە، یان هێشتا دوورە دەستی لێکۆڵەرەوانە.

هەرچۆن هەبێ بەهۆی هەندێک لە دانراوەکانییەوە کە ڕەنگە کاتی خۆی، زۆر لەوانەی ئێستە زانراون، زیاتری هەبووبێت، ناوی لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی زانایانی ئیسلام زیندە ڕاگیراوە. لە سەرچاوەکانی لای خۆماندا شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەنووسراوە.

ئەم مامۆستایش یەکێکە لەو مامۆستایانەی بەشێک لە شوێنەوارەکانی گەیشتووەتە (مكتبة الحرم المكي الشريف) و منیش بەو هۆیەوە لێرەدا یادێکی دەکەمەوە و ناوی شوێنەوارەکانی تریشی دەخەمە پاڵی.

لە (کشف الظنون)دا ناوی چەند دانراوی هاتووە بەم شێوە:

یەکەمیان: (عيون المذاهب الأربعة الكاملي) کە دانەری (کشف الظنون) دەڵێ: خۆم دوو نوسخەم لەم کتێبە دیوە، یەکێکیان ساڵێ دوای دانانی نووسراوەتەوە و، بە ناوی سوڵتان (محمد ملك

---

(١) بڕوانە: معجم المؤلفين ٦/٢١٣ .

هەروەها فیهرەستی (مکتبه الحرم المکی الشریف) ج / ٣ / ١٢٧٧ .

المظفر)ەوە دای ناوە. دووەمیانی ساڵێک دوای ئەو نووسیوەتەوە بە ناوی (شعبان إبن محمد الملك الكامل)ەوە ناو ناوە.

مامۆستای دانەری (كشف الظنون) جێگەی بۆ ئەم جیاوازیەیش کردووەتەوە.

دووەمیان : (جامع الأسرار شرح منار الأنوار).

سێیەمیان: (معراج الدراية الى شرح الهداية).

جێگەی سەرنجە مامۆستای کاکی لە سەرەتای ئەم کتێبەیدا- وەک خاوەنی (كشف الظنون) نووسیویە- نووسیویە کە- دیارە لە ژیانی خۆیدا- دانراوەکانی ون بوون و، ویستوویەتی بەوەی لەم کتێبەیدا کۆی کردووەتەوە جێگەی بەشێک لە کتێبە ونبووەکانی بگرێتەوە.

چوارەم: (بنيان الوصول في شرح الأصول) ئەمەیشیان لە(معجم المؤلفين)دا نووسراوە.

ئەوەی هێنامیە ناو ئەم باسە دەستخەتی ژمارە (٢٧٥٤)ی (مكتبة الحرم المكي الشريف)ە، کە نوسخەیەکی کتێبی (عيون المذاهب الأربعة الكاملي)یە. ئەم نوسخە (٢٤٤) لاپەڕەیە و، ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی کوردیی لە (ربيع الأول)ی ساڵی (٨٥٩)دا نووسیویەتییەوە.

جگە لەمانەیش خاوەنی (معجم المؤلفين) دەڵێ: شەرعزان و ئوسوولیی بووە، چووەتە قاهیرە، دوایی ماردین و لەوێ بووە بە موفتیی و مامۆستا و، تا کۆتاییی ژیانی لەوێ بووە و ساڵی (٧٤٩ک ١٣٤٨ز) لەوێ کۆچی دواییی کردووە.[1]

لە سەرەتای ئەو دەستخەتەوە کە لە (مكتبة الحرم المكي الشريف)دا پارێزراوە نووسراوە:

«كتاب عيون المذاهب المظفري. مؤلفه الإمام الكبير قوام الدين محمد الكاكي إمام جليل القدر، قدم إلى قرم ثم إلى قاهرة، فأقام بجامع الماردانى، يؤم به، ويدرس به للطائفة الحنفية سنة تسع وأربعين وسبعمائة. وتفقه بترمه على الإمام عبدالعزيز شارح الأخكنى، وسأله أن يضع كتابا على الهداية، واسمه محمد بن محمد بن محمد البخاري الكاكي. والكاك بلغتهم بايع الكعك. وقال السمعاني: أظنها قرية من قرى بخارى يقال: كاكي. له هذا الكتاب وشرح المنار وكنوز المطالب. رحمه الله رحمة واسعة.».

سەرەتای کتێبەکە:

«الحمدلله باسط الأرض ورافع السماء، وباعث الرسل والأنبياء، صلوات الله عليهم خصوصاً على سيدنا محمد زبدة الأصفياء وإمام الأتقياء. وعلى آله وأصحابه الطاهرين القامعين للأعداء. وسلم تسليماً كثيراً. وبعد: فإني لما رأيت علم الفقه أعظم...».

کۆتاییەکەی:

«والحمدلله على التمام. وقع الفراغ منه سلخ شهر ربيع الأول من شهور سنة تسع وخمسين وثمان

---

(١) بڕوانە: (الفهرس المختصر لمخطوطات مكتبة الحرم المكي الشريف) و (معجم المؤلفين ١١/١٨٢) و (كشف الظنون ٢/١١٨٧، ١٨٢٤، ٢٠٢٣).

مایة علی ید أفقر عبادالله وأحوجهم إلی رحمة الله الحاج إبرهم عرف بابن الكردي القادري غفرالله الكریم له ولوالدیه وأحبابه ومشایخه ولكل المسلمین أجمعین. والصلاة والسلام علی سید المرسلین محمد صلی الله علیه وسلم وعلی آله وصحبه أجمعین- والحمدلله رب العالمین.».

دەبێ لە کۆتاییی ئەم کورتە نووسینەوە لا لە دوو وشە بکەینەوە:

یەکەم: کە دەڵێ: (البخاري) وا بزانم ئەمە هەڵەی نووسەرەوەیە و، لە نێوان (سنجاري) و (بخاري)دا نزیکیی و لە یەکچوون هەیە و، ڕەنگە نووسەرەوەیەک ناوی (سنجار)ی نەبیستبێ و بە هەڵەی زانیبێ و کردبێتی بە (بخاري) و ئیتر وا ڕۆیشتبێ.

دووەم: کە ئەمە زانرا ئەو مانایش بۆ (کاکی) کراوە، کە گوایە کێکیان دروست کردووە یان فرۆشتووە، بێ مانا دەمێنێتەوە و، هەر لە (کاکە)ی کوردانەوەیە و، لەوانەیشە لەو سەردەمەدا لە ناوچەی (سنجار) گوندێک بە ناوی (کاک) یان (کاکە) یان شتێکی وا بووبێت. ئەمەیش لە خۆمەوە ناڵێم و، لە هەندێک لە سەرچاوەکاندا هەر (سنجاري) نووسراوە.

هەروەها بەسەر ئەوەیشدا نارۆم کە زانایەکی ترمان هەیە بە ناوی (قوام الدین الحسني) و ئەمیش گەلێ دانراوی هەیە. بەڵام ئەم وەک مامۆستای سنجاری کۆن نییە.[١]

چوار نوسخەی تری ئەم کتێبە لە کتێبخانەی ئەوقافی موسڵدا هەیە، بە ژمارەکانی:

أ- (١٨/١٢٤ مجموع) پارێزراوە لەناو (مجموع)ەکەدا ژمارە (١٣)یە.

ب- (٩/٣٨).

ج- (١١/٢).

د- (٩/٢٢)[٢]

هەروەها نوسخەیەکی لە کتێبخانەی ئەوقافی بەغدادا بە ژمارە (١٦٠٥)[٣]

دوو نوسخەیشی لە کتێبخانەی ئەوقافی قادریە لە بەغدادا هەیە.[٤]

ئەو دانراوانەی لە فیهرستەکاندا ناویان هاتووە:

١- الحاشیة الإلهامیة السلیمة (حاشیة علی الجزء التاسع والعشرین والثلاثین من تفسیر البیضاوي). (١٤٢/٥٥١) (م؟).

دانراوی عەلی کوڕی محەمەدی کوڕی عەلی ئامودی، (١٩٨ پەڕە).

٢- رسالة في مخارج الحروف. دانراوی محەمەدی کوڕی حەسەنی ئامودی، (٣٩١/٤١٥- ١٩ پەڕە).

---

(١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... بەرگی پێنجەم، ل: ٢٨١ .

(٢) بڕوانە: فهرس مخطوطات مكتبة الأوقاف العامة في الموصل، سالم عبدالرزاق، الجزء الثامن، ص: ١٩٧ و الجزء الرابع ص: ٨٠ . والجزء الخامس، ص: ١٧٥ . والجزء الأول ص: ٩٤ .

(٣) بڕوانە: فهرس المخطوطات العربیة في مكتبة الأوقاف العامة في بغداد ج ١/ ص: ٤٨٦ .

(٤) بڕوانە: الآثار الخطیة في مكتبة القادریة. ج ١/ ص: ١٦٣و ج ٢/ ٩٤ .

٣- رسالة في الفرق بين موضوع العلم الإلهي والكلامي. دانراوی مەحمموودی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی ئەحمەد (م ٦٨٢ك) ئورمەویی، (٣٨١١/٦٣٢١ عام) (٤ پەڕە).

٤- مختصر المنتهى، دانراوی ئیبنولحاجیب عوثمانی کوڕی ئەبوبەکر (م٦٤٦ ك)، (١٥٢٦/٢١٤٤). (٩٢پەڕە).

٥- وفيات الأعيان في أنباء أبناء الزمان، دانراوی ئیبنوخەلەکان، ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئیبراهیم (م ٦٨١ك).

(٤٠٩٨/ ٣٥٤٩). (٣٤٥پەڕە).

٦- الأربعون التساعية (تساعية ابن جماعة) دانراوی عەبدولعەزیزی کوڕی ئیبراهیمی کەتانیی. (م ٧٦٧ك). (٧٩٣/٩٦٤). (٨ پەڕە).

٧- تحرير الأحكام في تدبير جيش الإسلام. دانراوی ئیبنوجەماعە محەمەدی کوڕی ئیبراهیم (م٧٣٣ ك)، (٣٨٠٠/٢١٩٧). (٤٦ پەڕە).

٨- نجاة الهلك في فهم معنى مالك الملك، دانراوی محەمەدی کوڕی رەسووڵی بەرزنجیی (م ١١٠٣ك) (١٤٥٦/١٩٢٢) (٧ پەڕە).

٩- أ- جالية الكرب بأصحاب سيد العجم والعرب. دانراوی جەعفەری کوڕی حەسەنی کوڕی عەبدولکەریمی بەرزنجیی. (م ١١٨٧ك). (٤٣٤٠/٣٥٦٣) (٢٠ پەڕە).

ب- مولد البرزنجي. (٢٧٣٣/٣٦٩٩) (٣١ پەڕە).

ج- الجنى الداني في مناقب الجيلاني. (٣٩٧٩/ ٢٨٠١) (٣٤ پەڕە).

د- مناقب حمزة سيد الشهداء (إتحاف السعداء بمناقب سيد الشهداء) (٢٨٨/٤٠٧٥). (٢٠ پەڕە).

هـ- مناقب عبدالقادر الجيلاني. (٢٣٩٧/٤٠٧٨) (١٣ پەڕە).

١٠- جالية الأرب في نظم جالية الكرب بأصحاب سيد العرب والعجم. دانراوی زەینەلعابیدینی کوڕی محەمەد (م١٢٤٢ ك)، (٢٦٢٨/٣٥٦٢). (٢١ پەڕە).

١١- ئەم مامۆستای لێرەدا ناوی چەند دانراوێکی دەنووسم کە لە کتێبخانەی (الحرم المكي الشريف)دا لەنگەریان گرتووە لە سەرچاوەکاندا بە چەند شێوە ناوی نووسراوە، لەوانە: (محمد البركلي، محمد البرقلعي، محمد البركوي) ئەوەیش کە من دەربارەی دۆزیمەوە لە یەکێک لە دەستخەتەکاندا نووسەرەوەیەک سەر و بۆری بۆ کردووە و نووسیویە: (بەرکێویی) وەک وتم ئەم دانراوانەی لەو کتێبخانەدا لەنگەریان گرتووە:

أ- الدر اليتيم في علم التجويد. (م ٩٨١ك) (٤ پەڕە).

ب- أربعون حديثا. (١٠ پەڕە).

ج- شرح الأربعين حديثا. (٨٧ پەڕە).

د- رسالة في العقائد (٣٣ پەڕە).

هـ- شرح الكلام البركوي في التوحيد (١٥ پەڕە).

و- ذخر المتأهلين والنساء في تعريف الاطهار والدماء (١٢ پەڕە) (٣٧٥٩/٢٦٠٩).

ز- معدل الصلاة، (١٩ پەڕە) (٢١٣٩/٢٩٠٢).

ح- إنقاذ الهالكين. (١٨ پەڕە) (٢٤٢٩/٤٥٦٣).

ل- إيقاظ النائمين وإفهام القاصرين (٢١ پەڕە) (١٧٩١/٤٥٦٦).

ي- جلاء القلوب. (٦٣ پەڕە) (٢٤٤٧/٤٥٩٥).

ك- الطريقة المحمدية (١٤٨ پەڕە) (٢٤٨٣/٤٦٨٩).

ل- مفتاح الفلاح، (٢٦ پەڕە) (٤٧٩٦/ ٢٣٨٤) .

م- إظهار الأسرار في النحو، (١٩ پەڕە) (٢٩٤٦/٥٣٣٠).

ن- إمتحان الأذكياء في شرح لب الألباب للبيضاوي (١٥١ پەڕە) (٢٩٦٩/٥٣٦٨).

س- شرح لب الألباب في علم الإعراب. (١١٦ پەڕە)، (٣٩٢١/٥٥٢٨).

ع- العوامل في النحو (٥ پەڕە) (٣٠٦٧/٥٥٥٠).

ف- إمعان الأنظار فى شرح المقصود فى الصرف (٢٦ پەڕە)، (٢٩٧٢/٥٦٩٥).

ص- كفاية المبتدى في التصريف (٥ پەڕە)، (٣١٧١/٥٧٦٥).

١٣- الجامع الوجيز المشهور بالفتاوى البزازية. دانراوی محەمەدی کوڕی شەهابی کوڕی یوسفی کوردیی (م ٨٢٧ ك) (٥٨٦ پەڕە)، (٢٠٠٤/٣٢٦٤).

١٣- إفاضة الأنوار على شرح منار الأنوار. دانراوی محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی محەمەدی حەصکەفی. (م ١٠٨٨ ك) (٦٥ پەڕە) (١٤٦٩/٢٠٥٤).

١٤- تعليق على حاشية مصلح الدين اللارى على شرح القاضي مير على هداية الحكمة.

دانراوی حەیدەری کوڕی ئەحمەدی سەفەویی حەریریی (حەیدەری) (م ١١٢٩ك) (٣٨٨٨/٦٢٤٤) (٢٠٤ پەڕە).

١٥- فك الأشتباك عن معاني تشريح الأفلاك. دانراوی ئیبراهیم فەصیحەدینی کوڕی صیبغەتوڵڵای حەیدەری (م١٢٩٩ك)، (٣٦٢١/٦٦٦١). (١٣٦ پەڕە).

١٦- أ- رسالة في إثبات الواجب. دانراوی جەلالەدینی محەمەدی کوڕی ئەسعەدی سیدیقی دەوانیی (م٩١٨ ك) (١٢٧١/١٥٢٨). (٤٧ پەڕە).

ب- رسالة في أفعال العباد، (١٣٩٧/١٥٣٩). (٤ پەڕە).

ج- رسالة في محصل التوحيد، (١ پەڕە)، (١٣٤٤/١٦١٩).

د- الزوراء (نبذة من الحقائق وزبدة الدقائق) (٣ پەڕە)، (١٣٤٤/١٦٤٧).

هـ- شرح ديباجة طوالع الأنوار للبيضاوي. (٥ پەڕە)، (٤١٤٦/١٦٧٦).

و- شرح الزوراء، (٢ پەڕە)، (١٣٤٤/١٦٧٩).

ز- شرح العقائد العضدية، (٥٨ پەڕە)، (١٦٩٦/١٢١٤).

ح- شرح هياكل النور، (٦٩ پەڕە)، (١٧٣٠/١٣٩٧).

ط- حاشية الدواني على حاشية الجرجاني على شرح الإيجي لمختصر المنتهى (٦٠ پەڕە) ، (١٤٩٢/ ٢٠٨١).

ي- رسالة في تشييد الصلاة على النبي بالصلاة على إبراهيم (٢ پەڕە)، (٤٩٧٥/٣٩٢٩).

ك- حاشية الدواني على شرح مسعود الشرواني لآداب الفاضل شمس الدين السمرقندي. (١,٥ پەڕە)، (٥١٥٢//٤١٤٤).

ل- شرح تهذيب المنطق والكلام (٤١ پەڕە)، (٦٣٤٧/١٣٧١).

م- شرح رسالة الجواهر المفارق المسمى بالعقل الكل لنصير الطوسي (٦ پەڕە).

ن- دقائق على رسالة إثبات الجوهر الطوسي (٤ پەڕە)، (٦٤١٦/٣٩٠٩).

س- انموذج العلوم (٢٩ پەڕە)، (٦٦٩٥/٣٧٩٩).

١٧- حاشية على فتح الوهاب شرح منهاج الطالبين. دانراوی عەلی کوڕی یەحیای زیادیی. (م ١٠٢٤ك)، (٣٠٦٨/١٦٦٢). (٢٠٤ پەڕە).

١٨- حاشية السكتاني على شرح السنوسية. دانراوی عیسای کوڕی عەبدورەحمانی سکتانیی. (م ١٠٦٢ك)، (١٤٣٥/١٣٢٢)، (١٤٠ پەڕە).

١٩- آداب المريدين. دانراوی عەبدولقاهیری کوڕی عەبدوڵڵای سوورەوەردی (م ٥٦٣ك). (١٢٨٥/ ٤١٢٠). (٣٦ پەڕە).

٢٠-أ- أجوبة أسئلة في التصوف. دانراوی شەهابەدین عومەری کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای سوورەوەردی (م ٦٣٢ك)، (٤١٢٢/٢٤٩٧)، (٢ پەڕە).

ب- تعليقة في قوله -ص-: (ازهد فيما عند الناس يحبك الناس).(٤١٨٥ / ٢٤٩٧) (٢ لاپەڕە).

ج- الرحيق المختوم لذوي العقول والفهوم (٤٢٣٣/٢٤٩٧)، (٦ پەڕە).

د- رسالة في الحث على اتخاذ الشيخ ذي البصيرة. (٤٢٧٦/٢٤٩٨)، (٢پەڕە).

هـ- رسالة في السلوك (٤٢٨٠/٢٤٩٧)، (٢ پەڕە).

و- رسالة في السير والطير (٤٢٨٣/٢٤٩٧)، (٢ پەڕە).

ز- رسالة في الفقر والغنى (٤٢٨٥/٢٤٩٧)، (پەڕە و لایەک).

ح- عوارف المعارف (٤٣٧٩/٢٤٩٧). (٢٤٧ پەڕە).

ط- وصية شهاب الدين السهروردي (٤٨٤٧/٣٨٨١)، (٤ پەڕە).

ي- إعلام الهدى وعقيدة أرباب التقى. دانراوی عومەری کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای سوورەوەردی (م٦٣٢ ك)، (١٣٣٠/٢٤٩٧)، (١١ پەڕە).

٢١- قصيدة السهروردي. (دانراوی ئەبولفەتووح شەهابەدین یەحیای کوڕی (حبيش) کوڕی

(امیرک)ی سوورەوەردی (م ٥٨٧ك)، (٤٠٨٥/٥٨٩٥)، (یەک لاپەڕە).

٢٢-أ- الفية العراقي في أصول الحديث. دانراوی زەینەدین عەبدورەحیمی کوڕی حسەینی کوڕی عەبدورەحمانی عێراقی. (م ٨٠٦ك) (٧٣٩/٩٧٦) (٤٤ پەڕە).

ب- تخريج أحاديث إحياء علوم الدين. (٨٨٧/١٠٠١)، (٢٦٢ پەڕە).

ج- ثبت بشيوخ العراقي (٣٨٧٥/١٠٢٠)، (٢٦ پەڕە).

د- شرح ألفية العراقي (٧٧٠/١٠٩٤)، (١٦٩ پەڕە).

هـ- نظم الدرر السنية في السيرة الزكية (٢٧٤٢/٣٧٠٤)، (٥٦ پەڕە).

٢٤- مبرز المعاني في شرح قصيدة حرز الأماني. دانراوی محەمەدی کوڕی عەمری کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەدی عیمادیی (٧٦٢ك)، (٤٣٤/٤٣٨)، (٢٢٩ پەڕە).

٢٥- رسالة في المسح على الخفين. دانراوی محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی مستەفای عیمادی. (م٩٨٢ك)، (٣٨٢٣/٢٢٧٨)، (١٠ پەڕە).

٢٦- رسالة مصباح الفلاح في دعاء الاستفتاح. دانراوی حامیدی کوڕی عەلی کوڕی ئیبراهیمی عیمادی، (م ١١٧١ك)، (٣٧٩٩/٢٢٨١)، (٦٩ پەڕە).

٢٨- أ- إجازة لعبدالستار عبدالوهاب الدهلوي. محەمەدی کوڕی عەبدولکەبیری کوڕی محەمەدی کەتانی (م١٣٢٧ك) ئیجازەکەی داوە پێی. (٧٥٤/١٢٣٢)، (یەک پەڕە).

ب- ثبت محمد عبدالحي بن عبدالكبير الكتاني. (٧٩١/١٠٢٩)، (٣٥ پەڕە).

٢٩- جملة من أسانيد محمد بن جعفر بن إدريس الكتاني. (م١٣٥٥ك) عەبدوسەتاری کوڕی عەبدولوەهابی دەهلەوی کۆی کردۆتەوە. (٧٥٤/١٠٣٤). (٩ پەڕە).

٢٩- تراجم أبواب البخاري. دانراوی عومەری کوڕی ریسلانی کوڕی نەسری کەتانی (م ٨٠٥ك). (٢٧٧٩/٣٩٤٩)، (٤٦ پەڕە).

٣٠- أ- فتح القدير باختصار متعلقات نسك الأجير، دانراوی محەمەدی کوڕی سولەیمانی مەدەنیی کوردی (م ١١٩٤ك). (١٠٦٦/٨١٨)، (٨ پەڕە).

ب- رسالة في بيان جواز اقتصار ركعتين قبل صلاة العصر. (٤٦٢٧/٢٢٤٩)، (٦ پەڕە).

ج- رسالة في شروط الوضوء مقتبسة من منهاج الطالبين للنووي. (١٦٤٣/٣٠٨٠). (٢٠ پەڕە).

٣١- تعليقات على حاشية أبي الفتح السعيدي الأردبيلي على شرح محمد الحنفي على آداب عضدالدين. دانراوی عەبدوڵڵای کوڕی حەیدەری حەیدەریی (م؟). (٣٩٣٦/٥١٤٣)، (٥٠ لاپەڕە).

٣٢- الرد على أبي حامد الغزالي (المنخول). دانراوی (شمس الأئمة) محەمەدی کوڕی عەبدوسەتاری کوردی (م٦٤٢ك). (٢٢٦٧/٢٠١٨)، (٥٢ پەڕە).

٣٣- حيرة الفقهاء. دانراوی عەبدولغەفاری کوڕی لوقمان (م ٥٦٢ك). (كردي) (٢٠٩٢/٢٥٦٦)، (١٠ پەڕە).

٣٤- بيان مشكلات شرح الكافية لعبدالرحمن الجامي. دانراوی ئیبراهیمی کوڕی سولەیمانی کوردیی حەلەبی. (٧ پەڕە) (م؟)، (٥٣٧٦/٢٩٧٤).

٣٥- شرح أبيات المتوسط. دانراوی عوسمانی کوڕی عەبدوڵەلیکی کوردی. (م ٧٣٨ك). (/٣٠٢٦ ٥٤٨٩)، (٦١ پەڕە).

٣٦- الكوثر الجاري على رياض البخاري. (م٨٩٣ ك)، (٦٥٠ پەڕە) دانراوی ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی گۆرانی. (١١٨٣/٨٤٨)، (٦٥٠ پەڕە).

٣٧- أ- تعليق على ثلاثة أبيات من كتاب منازل السائرين الى الحق المبين لعبدالله بن محمد الأنصاري، دانراوی یووسفی کوڕی عەبدوڵڵای گۆرانی (م ٧٦٨ ك) (١ لاپەڕە)، (/٣٨١٩ ٤١٨٣)، (١ پەڕە).

ب- كتاب بيان اسرار الطالبين في التصوف (بيان أسرار فيما يحتاج اليه الأبرار) (٥٧ پەڕە)، (٢٣٥٥/٤٤٣٠).

٣٨- ثبت محمد بن إبراهيم بن حسن الگوراني الكردي. دانراوی محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی کوردی. (م ١١٤٥ك) (٥ پەڕە)، (٤٢٥٦/١٠٢٥).

٣٩- أ- إرشاد الفارض إلى كشف الغوامض في الفرائض. دانراوی محەمەدی کوڕی محەمەدی ماردینی (م ٩٠٧). (١٣٧ پەڕە) (٤٠٤٧/٣٤٠٢).

ب- شرح مختصر على المقدمة الرحبية. (٣١ پەڕە). (٢٢٥٧/٣٤٤٥).

٤٠-البحر المواج في شرح المنهاج. دانراوی محەمەدی کوڕی فەخرەدین عوسمانی ماردینی (م ٨٧١ك)، (٢٣٤ پەڕە)، (١٦٣٨/٣٠٣١).

٤١- شرح خلاصة في الحساب (شرح الرسالة البهائية)، دانراوی عومەری کوڕی ئەحمەدی جەلیی مائیی. (م؟) (٥٥ پەڕە)، (٣٦٥١/٦٤٦٥).

٤٢- شرح اللمع في الحساب. دانراوی (بەدرەدین) محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەحمەد (م ٩٠٧ك) (٢٥ پەڕە)، (٣٦٦٢/٦٤٦٨).

٤٣- شرح لارجوزة في الجبر والمقابلة. دانراوی شەهابەدین ئەحمەد (م؟) (٢ پەڕە)، (/٢٩٣٦ ٦٤٨٣).

٤٤- أ- حاشية ملا خسرو على تفسير البيضاوي. دانراوی مەلا خەسرەو، محەمەدی کوڕی فەراموزر. (م ٨٨٥ك) (٢٨٩ پەڕە)، (٥٨١/١٦٤).

ب- مرآة الأصول في شرح مرقاة الوصول. (٢٥٣ پەڕە)، (١٥٢٧/٢١٤٥).

ج- مرقاة الأصول الى علم الأصول. (١٦ پەڕە)، (١٥٢٤/٢١٤٨).

د- كتاب الوصية. (١٠٠ پەڕە)، (٣٨٧٢/٢٣٤٥).

هـ- الأستخلاف للخطبة. (١ لاپەڕە) (٣٨٢٣/٢٤١٧).

و- تعليقات على غرر الأحكام. (٧ لاپەڕە)، (٣٨٦٨/٢٤٩٧).

ز- درر الحكام في شرح غرر الأحكام. (٣٩٩ پەڕە)، (١٨٥٦/٢٥٩٣).


ح- رسالة في بيان أحكام الولاء. (٣ پەڕە)، (٣٨٨٥/٢٦٢٧).

ط- حاشية على المطول. (١٤٦ پەڕە)، (٣٣٦٣/٥٨٣٠).

٤٥- أ- رسالة حفظية للأمور النفسية. دانراوی مەلا زادە محەمەدی کوڕی مەلا ئەبوبەکری کوردی (م؟) (١١ پەڕە)، (٣٧٣٢/١٥٠٧).

ب- رسالة مرقاة العلوم والسرّ المكتوم (٤ پەڕە)، (٤١٠٤/٦٧١٣).

٤٦- نقد الدرر حاشية على الدرر والغرر لملا خسرو، دانراوی محەمەدی کوڕی مستەفای وانی (م. ١١٠٠ك) (٢٨٨ پەڕە)، (٢١٩٣/٢٩٧٩).



وقفت هذه النسخة الحاجة فاطمة بنت احمد وقفاً
شرعياً وجعلت ثواب ذلك روح زوجها الشيخ
حافظ محمد جعفر افندي بشرط ان توضع بعد وفاتها
في الكتبخانة المجيدية في الحرم الشريف

ثبت الشيخ عبد الرحمن بن الشيخ
عبد القادر الفاسي
الفهري رحمه الله تعالى
آمين

صور بالأرقام

وهو بخط الشيخ أبي العباس الهلالي السجلماسي
عن الشيخ محمد بن عبد القادر الفاسي المذكور

بسم الله الرحمن الرحيم

قال الفقير الحسن الحسيني ... رحمه الرحمن في الدارين

حمدا لمن أنعم بالإسلام ... وفجر الحكمة من كلامي

القادر الذي أذل العظما ... وجمع العالم في قطرة ما

أحمده حمدا يوافي نعمه ... أهدي بتقلاد يوافين عمه

ثم بالصلوة والسلام أقتدي ... في محشر الرسل لهم محمد

مستشفعا بآله وصحبه ... تحية تسليم يسرون به

وبعد فالعلم أجل ما اقتفي ... وفيه كنز العمر والمال الترف

خلعة حق يكتسيها الخافي ... في كسبها حلة الشباب

حلة مجد محكمت للابس ... كلؤلؤ نشيا غمرت المجالس

يا عجبا من قوم الجنس ... بها يرى للناكس المفلس

فمنتهى بهم ونحيا ... كأنه محو الجهات

وطال ما الغنية شيعها اقتفا ... في منتهى بقل الحمقى الجهلة

لكنهم لم يذروا موضع كف ... إلا وقد وقف فيه من وقف

فملت ميل هائم عن منزلي ... وقادني الشوق لصدر المحفل

فلم أزل من بعد ذا أزاير ... غواصة في أبحر المحابر

ثم يلي درة يتيمي ... ضياؤها طوارق اليقين

فائقة رائقة مفترقة ... معرفة بالحق حق المعرفة

عابقة بأحسن التبيين ... ظلام شك عن أصول الدين

لائقة بتاج فخر العالم ... وقدوة الوجود في المكارم

ذي همم رأي ابن حجي ... وفهم قلب لا يحد وهمه

ليث الشرى في هو عيث ... في طوله ملجا العلى متحاكو

كم جا كونه كريما عافيا ... يشيخ الأعراب إليه حافيا

والقرشين استغنت بوده ... حدث وثبت شبها حدادها

كل امرئ نص بحسن مجده ... مفتخر بما يكون سنده

ولو دعاه أمرؤ وعمرو ... لنا وطال بيضه وسمره

ولا رأى المكروه للفؤاد ... في النفس والأموال والأولاد

هو لم أعتن في الشرح والتبيين ... مثل مواصلة عضد الدين

دەستخەتەکانی کتێبخانەی مەلیک عەبدولعەزیز لە شاری مەدینە

٥٤٦

دوور نەڕۆیشتووم ئەگەر بڵێم: کتێبخانەی مەلیک عەبدولعەزیز دەوڵەمەندترین کتێبخانەی وڵاتی سعوودییەیە بە نیسبەتی شوێنەواری مامۆستایانی کوردەوە"، چونکە بەشێک لە دەستخەتەکانی ئەو کتێبخانە دەستخەتەکانی کتێبخانەی (عارف حیکمەت)ە کە بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین کتێبخانەی دەستخەت دادەنرێت کە شوێنەواری مەلای کوردی زۆر تێدابێ.

بەڵام بەداخەوە تا ئێستە ئەم کتێبخانە فیهرەستی بۆ نەکراوە و بە دروستیی ناوەڕۆکەکەی نازانین. تەنیا بەشی (الحديث الشريف وعلومه)ی کاری تێدا کراوە، ئەم بەشە ناوی چەند زانایەکی کورد و شوێنەواریانی تێدایە، لەم هەلەدا ناویان تۆمار دەکەم و چاوەڕوان دەبم بەڵکو بەشەکانی تریشی کاریان بۆ بکرێت و، بەشی زانایانی کورد لەوانیشدا بزانین.

مامۆستایانی کورد لە زانستی حەدیسدا- وەک زانستەکانی تر- خزمەتی گەورە و دیار و بەرچاویان هەیە. بەڵام ئێمە ئەو مامۆستا کوردانە هەموویان ناناسین و، نیشانەیەکی دیار نییە کە کوردایەتی ئەوانی پێ بزانین ئەوە نەبێ کە بەشێکیان ناوی خۆیان گێڕاوەتەوە بۆ لای زێدی باو و باپیرانیان و بەوە ڕەسەنی خۆیان پاراستووە، بەڵام گەلێکی تریان ئەوەیان نەکردووە و نایانناسین، بەڵکو بەشێکی زۆریان دوای ئەوەی گەیشتوونەتە شوێنانێکی تر ئیتر ناوی ئەو شوێنانەیان لە خۆیان ناوە و بەوەیش ناوی شوێنی باوباپیرانیان بزر بووە.

وەک کەسانی وایشیان هەیە لە پاڵ ناوی زێدی باو و باپیرانیاندا ناوی شوێن و گەلی وایان پێوە نراوە گومانی لە عاستی زێد و ڕەسەنیاندا دروست کردووە، وەک دەنووسن فلانی خەرپووتیی رۆمیی، یان دیاربەکری تورکیی... منیش لەبەر ئەمانە گەلێ ناوم بواردووە و لەناو ئەو ئاڵۆزییەدا ئەمانەی خوارەوەم هەڵبژاردووە.

أ- الأسفار عن أصل إستخارة الليل والنهار. دانراوی ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی گۆرانیی شارەزووری. (٣٧ پەڕە)، (ع،ح. ٢/٣١٣).

ب- الأمم لإيقاظ الهمم (٤٩ پەڕە)، (٢٠٦/٢٥٩ آل الصافي).

ج- حاشية على نزهة النظر شرح نخبة الفكر (١٨ پەڕە)، (٧/٢٥/٨٧٤).

د- مسالك الأبرار إلى أحاديث النبي المختار (٧٦ پەڕە)، (٣٣/١٦٤٣).

هـ- مسلسلات الگوراني. (١٠٥ پەڕە)، (٢/٣٧٦/١٦٥٤).

و- المسلك الوسط الداني إلى الدر الملتقط للصغاني، (٣٠ پەڕە)، (٤/١٠٢٣/١٦٥٥).

ز- نظام الزبرجد في الأربعين المسلسلة بأحمد، (١٣ پەڕە)، (١/٣١٣/١٨٨٧).

٢- الكوثر الجاري الى رياض أحاديث البخاري. دانراوی (شەهابەدین) ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی گۆرانی، (م ٨٩٣ك)، (٦٥٧ پەڕە)، (٤٧٩/١٤٩٢ ع، ح).

(بەخەتی دانەرەکەی)

٣- أ- الصافي عن الكدر فيما جاء عن سيد البشر في القضاء والقدر. دانراوی محەمەدی کوڕی عەبدوڕەسووڵی بەرزنجی (م ١١٠٣ك) (٥٤ پەڕە)، (٤٤٨/١٢٤٨).

ب- القول المختار في حديث «تحاجت الجنّة والنار»، (٦ پەڕە)، (٤٤٨/١٤٦١).

٣- أ- الأربعون حديثا. دانراوی (محیدین) محەمەدی کوڕی پیرعەلی بەرکێوی. (م ٩٨١ك)، (٢ پەڕە)، (٢/١٣٧/٧٧، ع، ح).

ب- رسالة في أصول الحديث. (٦ پەڕە)، (٤٣١/٩٧٩).

ج- شرح الأربعين حديثا. (٣٩ پەڕە)، (١٣٣/١٠٨٣).

د- شرح الحديث الأول من الأربعين حديثا. (٢٤ پەڕە)، (١٣٣/١١١٩).

هـ- شرح سبعة أحاديث من الأربعين. (٥٤ پەڕە). (٧٧٩/١١٢٤).

٤- المستفاد من مبهمات المتن والإسناد. دانراوی ئەبوزەرعە ئەحمەدی کوڕی عەبدوڕەحیمی عێراقی. (م ٨٢٦ك). (٥٩ پەڕە). (٥٠٣/١٦٤٩ ع، ح).

٥- أحاديث القصاص. دانراوی (تقي الدين) ئەحمەدی کوڕی عەبدولحەلیمی ئیبنو تەیمیەی حەڕڕانی. (م ٧٢٨ك)، (٢ پەڕە)، (٤١/٢٦٢١).

٥- المنتقى من الأحكام عن خير الأنام- عليه الصلاة والسلام- دانراوی (مەجدەدین) عەبدوسەلامی کوڕی عەبدوڵڵای حەڕڕانی، ئیبنوتەیمیە. (م ٦٥٢ك)، (٣٣٥ پەڕە). (١٧٥/١٧٩٣، ع، ح).

٦- زوال الترح بشرح منظومة ابن فرح، دانراوی (عزالدين) محەمەدی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی جەماعەی کەتانی. (م ٨١٩ك)، (٥ پەڕە)، (٦٦/١٠١٥، ع، ح).

٧- دانراوی ئەبولفەزل عەبدوڕەحمانی کوڕی ئیبراهیمی خەرپووتی. (م ١٢٥٩ك) (١٤ پەڕە)، (٣٩١/٤٧٨).

٨- أ- التبصرة والتذكرة (ألفية الحديث) دانراوی (زەینەدین- ئەبولفەزل) عەبدوڕەحیمی کوڕی حسەینی عێراقی (م ٨٠٦ك). (٥٧ پەڕە)، (٢٧٨/٣٣٧).

ب- تقريب الأسانيد وترتيب المسانيد (١٠٦ پەڕە)، (٢٩٤/٤٠٩، ع، ح).

ج- التقييد والإيضاع لما أطلق وأغلق من كتاب إبن الصلاح (١٢٠ پەڕە). (٢٩٨/٤٢١).

د- شرح ألفية الحديث. (٢١٠ پەڕە)، (٣٣٧/١١٠٩).

هـ- المغني عن حمل الأسفار في الأسفار في تخريج ما في الأحياء من الأخبار. (٢٢٦ پەڕە)، (٣٢٦٦/١٧٧٣).

و- ثبت بشيوخ العراقي: (٢٦ پەڕە)، (٣٨٧٥/١٠٢٠).

٩- مسلسل العيدين وغير ذلك، دانراوی عەبدولعەزیزی کەتانی، (م ٤٦٦ك)، (٨ پەڕە)، (١٨٠/١٦٥٢، ع، ح).

١٠- علوم الحديث. دانراوی (تەقیەدین) ئەبو عەمر عوثمانی کوڕی عەبدوڕەحمانی شارەزووری (ئیبنوصەلاح)، (م ٦٤٣ك)، (٨٨ پەڕە)، (٣٣٩/١٢٦٧، ع، ح).

١١- ثبت عمر النعيمي. دانراوی عومەری کوڕی ئەحمەدی خەرپووتی (م ١٢٩٩ك)، (١٤ پەڕە)، (٣٩١/٤٨١).

١٢- أ- رسالة في ذكر الكتب الحديثية. دانراوی ئەبو عەبدوڵڵای محەمەدی کوڕی جەعفەری کەتانی. (م ١٣٤٥ك)، (٢٥ پەڕە)، (٨٥/٩٩٠).

ب- الرسالة المستطرفة لبيان كتب السنة المشرفة. (٥٣ پەڕە)، (٨/٤/٩٩٣).

١٣- إجازة محمد ومحمد عبدالحي الكتانيين من محمد بن سالم السري. ئەو دوو محەمەدە ئیجازەیان لە محەمەدی کوڕی سالم وەرگرتووە، محەمەدی کوڕی عەبدولکەبیر (م ١٣٢٧ك)، محەمەدی کوڕی عەبدولحەی (م ١٣٨٢ك). (٢١ پەڕە)، (٣٩٤/٢٨).

١٤- مسند أبي حنيفة. دانراوی مووسای کوڕی زەکەریای کوڕی ئیبراهیمی حەسکەفیی (م ٦٥٠ك)، (١٤٨ پەڕە)، (٢٣٢/١٥٧/١٦٦٥، ع، ح).



رسالهٔ اعتقادیه برای شرح حدیث شریف جبرائیلیه

مرحضرت شیخ مولانا خالد قدس سره العلیه

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله الذی انعم علینا وهدانا إلی الإسلام * وجعلنا
من امة سید الأنام علیه وعلی آله الصلوة والسلام
باید دانست که حضرت حق سبحانه وتعالی منعم علی
الاطلاق است اگر وجود است از جناب قدس او تعالی
موهوب است واگر بقا است هم از آن حضرت عطا
است واگر صفات کامله است هم از رحمت شامله اوست
سبحانه وتعالی زندگی وتوانائی ودانائی وبینائی
وشنوائی وگویائی هم از آن حضرت جل شانه مستفاد
است وانواع نعم وصنوف کرم که از حد وعد بیرون
است هم از جناب اقدس او تعالی مفاض * ازاله عسر
وشدت او میفرماید تعالی واجابت دعوت ودفع بلا
او مینماید سبحانه رزاقیست که از کمال رأفت خود را
ارزاق عباد را بعلت گناهشان منع نکند ستار است که

از غفور عفوّ تجاوز فعل ایشان بارتکاب سیئات
ننماید حلیم است که به مؤاخذه و عقوبتشان استعجال
ننماید کریم است که عموم کرم خویش از دوست
و دشمن باز ندارد و اَجلّ و اعظم این نعم و اعزّ و اکرم
اینها دعوت باسلام است و هدایت بدار السلام و دلالت
بمتابعت سید الانام علیه و علی آله الصلوة و السلام که
حیات ابدی و نفحات سرمدی بدان مربوط است و رضای
مولا و لقای او سبحانه بآن منوط و بالجمله انعام و اکرام
و احسان او تعالی اظهر من الشمس است و اجلی من القمر
و انعام دیگران باعطا و تمکین اوست تعالی و اعطای ایشان
از قبیل الاستعانة من المستعیر و السؤال من الفقیر
نادان در رنگ دانا باین معنی اقرار دارد و غبی مثل ذکی
باین امر معترف است بیت گر بر تن من زبان شود هر موی
یک شکر تو از هزار نتوانم کرد * و شک نیست که ببدیهه عقل
حکم بوجوب شکر منعم می نماید و تعظیم و توقیر او لازم میداند
پس شکر منعم حق سبحانه و تعالی که منعم حقیقی اوست سبحانه
ببدیهه عقل واجب گشت و تعظیم و تکریم و توقیر او تعالی لازم
آمد و چون معرفت حق سبحانه و تعالی مدرک کمال نفسی و تتمّه
است و مبادی در غایت تقدّس و تنزّه از کمال [illegible]

فەتوا لە کوردستاندا

٥٤٧

وەک گەلێ لایەنی مێژووی زانیاری و بوارەکانی تری کوردستان نادیارە، مێژووی (فەتوا) و (ئیفتا)یش بەشی خۆی لەو نەزانراوی و مێژوو و نییە هەیە.

ئەوەی کە دیارە و کارەساتە سەختە مێژووییەکان نەیانتوانیوە بیسڕنەوە بوونی چەندان بنەماڵە و خانەوادەیە لە کوردستاندا بە ناوی (موفتی)یەوە ناسراون، ڕەنگە ئەگەر بیشمانەوێ ناوی ئەو خانەوادانە بژمێرین و ناونووسیان بکەین زۆری بوێت و لە ئەنجامیشدا پەی بەناوی گشتیان نەبەین. کە بۆ ناوی موفتییە کۆنەکانی کورد و ناو کوردستان بگەڕێین لەوانەیە لە دەرەوەی کوردستانەوە دەست پێ بکەین باشتر بە مەبەست بگەین و زیاترمان لە موفتیانی دێرین چنگ بکەوێت. پێش ئەوەی بێمە سەر ناونووسکردنی هەندێک لە موفتییەکانی کوردستان دەبێ پەنجە بخەمە سەر ئەوە کە دەکرێت، وەک بابەتبەندیی موفتییەکانی کوردستان بکەم بە دوو بەش:

بەشی یەکەم:

ئەو موفتییانەی بە ڕەسمی و فەرمی فەرمانی فەتوایان لە دەوڵەتەوە بۆ دەرچووە. ئەمانە بریتین لە کۆمەڵێک زانا و کەسایەتی و، دواتریش کۆمەڵێک بنەماڵە و موفتی و موفتیزادە.

ئەم بەشە لە بەشی دووەم کەمتر و دیارترن.

بەشی دووەم:

ئەو مامۆستا و زانایانەی کوردستانن کە بە فەرمی فەرمانی فەتوایان بۆ دەرنەکراوە، بەڵام خۆیان زانا بوون و پلەی خوێندەوارییان بەرزبووە و، جێگەی ڕێز و متمانەی خەڵک بوون، بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی و کاروباری ئاینی و فەتوا لە مەسئەلە شەرعییەکاندا پەنایان بۆ براوە و ئەوانیش بێ هیچ مەرج و مز و داوایەک بە دەنگ کێشەکانی خەڵکەوە چوون.

بەشی یەکەم هەرچەند لە بەشی دووەم زۆرتر و زیاترن ئەمانیش بۆ خۆیان ئەوەندە زۆرن ئەگەر کەسێ- یان کەسانێ- کی شارەزا بە پشووی قووڵەوە لەسەرخۆ بکەونە تۆمارکردنی ناویان و نووسینی هەندێک لە مێژووی ژیانیان، ئەوە دەتوانێ کتێبێکی گەورە و پڕ لە زانیاری و جێگەی شانازی لە ناوی ئەو کەڵەزانایانە پڕ بکاتەوە، کە نەک تەنیا کوردستان، بگرە لە وڵاتانی جیهانیشدا ناو و شۆرەتیان دەنگی داوەتەوە و خزمەتی دیاریان بە موسڵمانانی ئەو ناوچانە کردووە. من لە بابەتێکی وا کورتدا تەنیا بەوەدا دەگەم چەند نموونەیەکیان لێ بهێنمەوە و بە ناوی

پیرۆزیان ئەم بابەتە برازێنمەوە". بەڵام پێش ئەوە دەبێ ئاماژە بۆ یەک زانیاریی کورت و پێویست بکەم:

مەرج نییە موفتی زاناترین کەسی کوردستان بووبێت و لە ناوچەی خۆیدا کەس لەو زاناتر نەبووبێت، بگرە هەندێ جار وابووە مامۆستایەک بۆی ڕێککەوتووە چووەتە ئەستەمبوڵ و لە تاقیکردنەوەدا دەرچووە و بووە بە موفتی و ئەوەی بۆ ئەو گونجاوە بۆ کەسانی تر- با لەویش خوێندەوارتر بووبن- نەلواوە.

ئەم بابەتەیش یەکێکە لەو بابەتانەی من بزانم کاری بۆ نەکراوە و بابەتێکی زۆر دەوڵەمەند و ئاسۆفراوانیشە، تەنیا کارێک- من پێی بزانم- لەم بوارەدا کرابێت ئەوەیە کە خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس کردی و سێ بەرگی بە ناوی (جواهر الفتاوی)وە لە فەتوای مامۆستایانی کورد کۆ کردەوە، بەڵام مامۆستایش تەنیا لایەنی کۆکردنەوەی فەتواکانیانی گرتبووە ئەستۆی خۆی و ئەوەی نەکردبوو هەر مامۆستایەک لەو مامۆستایانەی لە کتێبەکەیدا ناوی هێنابوون شتێکی- با کەمیش بێ- لەسەر ژیانیان نووسیبا.

ئەمەیش من لێرەدا دەیکەم هەر بیرخستنەوە و خستنە بەرچاوی ئەم چینەیە لە زانایانی کورد، کە دەکرێ وەک بابەتێکی زۆر دەوڵەمەند پرۆژەیەکی گەورەی لێ پێک بێت و لایەنێکی مێژووی گەورەزانایانی کوردی تێدا ڕۆشن بکرێتەوە.

من لەم هەلەدا لە خزمەت چەند مامۆستایەکی سلێمانی و دەوروبەریشدا دەوەستم کە هەندێ زانیاریم لەسەر فەتوا و ژیانیان هەیە، ئەمەیش ڕەنگە وەک نموونە هێنانەوە زیاتر بچێ تا مێژووی موفتییەکان و موفتییەکانی کوردستان لەوە زیاترن من بتوانم هەر ناویشیان لێرەدا تۆمار بکەم.

دەبێ کە باسی موفتییە کوردەکان دەکەم بەسەر ئەوەیشدا نەڕۆم- وەک لەم باسەدا دەیبینی- زانایانی کورد ئەوانەیان لە کوردستان دەرچوون بە زۆری لەو شوێنانەدا کە تیایانا نیشتەجێ بوون بە زۆری بوون بە موفتی، یان دەتوانین بڵێین: بە زۆری زانایانی کورد- با لەو شوێنانەدا غەیری موفتیشیان هەبووبێت- لە هەر شوێنێکدا بووبن پلە و توانای زانستییان وای لێ کردوون - تا ئەوان بووبن- کەم کەسی تر شیاوی ئەوە بوون پلەی فەتوا و ئیفتایان بدرێتێ، ئەمەیش لە بەغدا و مەکە و مەدینە و دیمەشق و شوێنانی تریشدا ئاشکرا و دیارە.

زانایانی کورد و فەتوا

دەتوانین بڵێین لە مێژووی دێرینی کورددا دەستەڵاتی زانایانی کورد ئەگەر لە دەستەڵاتی میر و فەرماندارە کوردەکان باڵاتر نەبووبێ ئەوا شان بەشانی دەستەڵاتی ئەوان لە کاروباری ئاینی و کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی خۆی بینیوە.

لەبەرئەوە خەڵکی کوردستان پابەند بوون بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە و لادان و دەرچوون لە ڕێبازی ئەو ئاینە بە تاوانی گەورە ژمێرراوە، خەڵکی کوردستان لە کاروباری ڕۆژانەیاندا ئەگەر کێشەیەکیان بووبێ پەنایان بۆ لای مامۆستای گوند و ناوچەکانیان بردووە و لەلای ئەو شەرعیان

کردووە و، هەرچی شەرع بۆی دانابن سەرپێچییان لێ نەکردووە. لێرەوە فەتوا لە کوردستاندا هەر لە کۆنەوە دامەزراوە، هەر مامۆستایەک- بەپێی توانا و رۆڵ و دەرەتانی خۆی- موفتییەک بووە بۆ خۆی.

وەک باسی دەکەم مەرجیش نییە ئەو مامۆستایە بە فەرمی کرابێت بە موفتی، بەڵکو ئەوانەی بە فەرمی موفتی بوون لە چاو ئەوانەدا کە فەرمانی فەتوایان نەبووە زۆر زۆر کەم بوون.

لە باسی زانایانی کورددا -وەک لەمەولایش ئاماژەی بۆ دەکەم- دەکرێ ئەگەر بمانەوێ تۆزێک لق و پۆپی بچووک لەم باسە بکەینەوە ناوی ئەو زانا کوردانە ببەین کە لە دەرەوەی کوردستان و لە شارە گەورەکان و پایەختە دیارەکاندا موفتی و قازی و مامۆستای گەورە و دیار بوون دەست پێ بکەین. بەڵام ئەمەیش زۆری دەوێ و لێرەدا ناوی چەند کەسێکیان دەبەم و بە کورتیش لەسەر چەند کەسێکی تریان دەنووسم:

١- ئیسماعیلی ئامودی قازیی مەدینەی مونەووەرە.

٢- محەمەدی وانیی ناسراو بە وانقولیی، قازیی مەدینەی مونەووەرە.

٣- مەلا چەلەبیی دیاربەکریی قازیی قازییەکان (قاضي القضاة).

٤- محەمەدی گۆرانی قازیی حەلەب.

٥- عوسمانی کوردیی دادوەر لە قاهیرە.

٦- ئەحمەدی گۆرانی قازی و موفتیی لە قوستەنتەنیە.

٧- عەلی کوڕی قاسمی شەهرەزووری. قازیی واسیط و مووسڵ.

٨- محەمەدی کوڕی قاسمی کوڕی موزەفەری شارەزووری، قازیی جزیرە و شام.

٩- حسەینی کوڕی عەلی کوڕی قاسمی شارەزووری قازیی حەریمی (دار الخلافة) لە سەردەمی (المستنجد بالله)دا.

١٠- ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی قاسمی شارەزووریی قازیی مووسڵ.

١١- محەمەدی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی قاسمی شارەزووری، قازیی رەحبە و مووسڵ.

١٢- محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی قاسم قازیی قازییەکان[(١)]

١٣- محەمەدی کوڕی سولەیمانی کوردی- یان گەردیی- مەدینەیی. خاوەنی چەندان کتێب و فەتاوا. ١١٢٧- ١١٩٤ک ١٧١٥- ١٧٨٠ز[(٢)]

١٤- جەعفەی کوڕی حەسەنی کوڕی عەبدولکەریمی کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدورەسووڵی بەرزنجی موفتیی شافیعی لە مەدینەی مونەووەرە.[(٣)]

---

(١) بروانە: محمد فيضي الزهاوي، محمد علي القرداغي، ص: ٨، ٩ . و شهرزور السليمانية، عباس العزاوي، ص:١٤٠ و ١٤٢ .

(٢) بروانە: معجم المؤلفين: ٣/١٣٧ و ١٠/٥٤ .

(٣) م: ١١٨٧ک ١٧٦٤ز.

الله اعلم
کتبه عثمان عفی عنه

یا حسین ...

بو صورتده
مشغول اولدیغی ملک منزلی مرکب ... زید وقف ایدوب ... تسلیمه ...
وارثی ... منزلی ... ملکیت ... زید بیع و تسلیم و تفویض ...
... کتبه ... وقف ... منزل ... زیدک الذین ... العلم ...

اولماز لازم کتبه السید احمد
عفی عنه

بکر :

الله اعلم
کتبه ...

بو صورتده
منزلی ... زید عمرو ... متولیه الاعبار
... وقف منزلی ... زید منزل
و تسلیم ایدوب ... ایدرسه عمرو ... غیری ... ایلسه
... آلوب ... اندن ... اولور ...

اولور کتبه السید احمد
عفی عنه

مەلای گۆرانی

زانای پایەبەرز ئەحمەد - شەمسەدینی- کوڕی ئیسماعیلی کوڕی عوسمانی گۆرانی

لە دەوروبەری (٨٩٩ک ١٤١٦ز)دا لە شارەزوور لەدایک بووە. لە کوردستاندا خوێندوویە، دوایی چووەتە قاهیرە و، قورئانی پیرۆزی بە هەر دە قیرائەتە بەناوبانگەکە خوێندووە، هەروەها زانستەکانی حەدیس و تەفسیری خوێندووە، زانایانی چەرخی خۆی ئیجازەیان داوەتێ. بەتایبەتیی ئیبنوحەجەر ئیجازەی حەدیسی داوەتێ و، زانایانی ئەو سەردەمە شایەتیی بە توانایی و زانایی و پلە و رێزی زۆریان بۆ داوە.

لە قاهیرە لەلای (ظاهر جقمق) پایەی بەرزی بەدەست هێناوە. دوایی لای سوڵتان موورادی دووەم لە دەوڵەتی عوسمانیدا پلەی بەدەست هێناوە و، بووە بە مامۆستای سوڵتان محەمەد فاتیح و، لە رزگارکردنی (قسطنطنیە)دا بەشدار بووە و، لەو سەردەمەدا قازیی عەسکەر بووە. بەهۆی هەندێ نیگەرانییەوە چەند ئەمسەرە و سەری نێوان قاهیرە و ئەستەمبوڵی کردووە، لە هەردوو لایاندا جار لە جار زیاتر جێگەی رێزی دەستەڵاتدارانی هەردوو لا بووە.

ساڵی (٨٨٥ک- ١٤٨٠ز) بووە بە شێخولئیسلام و هەشت ساڵ شێخولئیسلام بووە لە ئەستەمبوڵ تا کۆچی دوایی لە (٨٩٣ک- ١٤٨٨ز)دا. ئەم زانا مەزنە جگە لەوەی لە گەلێ بواردا دەستی باڵای هەبووە و دانراوی تێیاندا بووە. کاری گەورەی لە زانستی تەفسیر و حەدیسدا هەبووە:

١- لە زانستی تەفسیردا کتێبێکی گەورەی داناوە بە ناوی: (غاية الأماني في تفسير السبع المثاني) ئەم کتێبە تەفسیرێکی گەورەیە و نووسخەی نایابی لە کتێبخانەکانی ئەستەمبوڵدا هەیە.

٢- لە زانستی حەدیسیشدا کتێبێکی گەورەی بە ناوی (الكوثر الجاري على رياض البخاري) داناوە. کە یەکێکە لە شەرحە ناسراوەکانی سەحیحی بوخاری.

جگە لە مانەیش مەدرەسەی تایبەتیی خۆی هەبووە بە ناوی مەدرەسەی گۆرانی و خۆی دەرزی تێدا گوتووەتەوە و، دوای خۆیشی تا ساڵی (١٣٣٧ک- ١٩١٨ز) بەردەوام بووە و جێگەی زانست بووە.[١]

موفتییە عیمادییەکان - ئەبو سعوودی عیمادی

محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی مصطەفای عیمادی، ساڵی (٨٩٦ک- ١٤٩٤ز) لەدایک بووە، ساڵی (٩٨٢ک- ١٥٧٤ز) کۆچی دوایی کردووە.

لای گەلێک لە زانایانی چەرخی خۆی خوێندوویە، ئیجازەی لە شێخ عەبدوڕەحمانی ناسراو بە شێخ زادە وەرگرتووە. دوای ئیجازەوەرگرتنی لە چەند مەدرەسە لە مەدرەسە گەورە و

(١) بروانە: تأريخ مؤسسة شيوخ الإسلام في العهد العثماني ٨٣٨- ١٣٤١هـ ١٤٢٥- ١٩٢٢م. تأليف: أحمد صدقي علي شقيرات، الجزء الأول، الطبعة الأولى، أربد- الأردن ١٤٢٣هـ- ٢٠٠٢م. ص:٣٢٨ .

بەناوبانگەکانی تورکیادا دەرسی گوتووەتەوە.

ساڵی ٩٥٢ک- ١٥٤٥ز بووە بە موفتی، نزیکەی سی ساڵ لەو پۆست و پلەدا بووە، جاری وا بووە لە یەک ڕۆژدا وەڵامی (١٠٠٠) هەزار پرسیاری داوەتەوە. وەڵامەکانی جێگەی بایەخی زانایان بوون، جگە لە تەفسیرە بەناوبانگە ناسراوەکەی بە تەفسیری (أبي السعود) و جگە لە کۆمەڵە فەتاواکەی چەندان دانراوی بە نرخی لێ بەجێ ماوە.[1]

چەند دانە لە دانراوەکانی لە (م، و)دا پارێزراون لەوانە:

١- قانوون نامە. دوو دانەی هەیە بە ژمارەکانی (٤/١١٥٥٤) و (٢/١٢٢٣٩).

٢- فرائض أبي السعود (١/١٢٢٣٩).

مفتي الفريقين وبركة الخافقين عبدالرحمن أفندي العمادي:

ئەم مامۆستا کوڕی محەمەدی کوڕی محەمەدی عیمادی دیمەشقی ساڵی ١٠٥١ک- ١٦٤١ز کۆچی دوایی کردووە.

ئەم مامۆستا دانەری کتێبی (الروضة الريا فيمن دفن بداريا من الصحابة والتابعين)ە.[2]

ئەم کتێبە نوسخەی لە (مكتبة الحرم المكي الشريف) و (م، و)دا هەیە.

لە (مكتبة الحرم المكي)دا بە ژمارە (/٢٨١٨ تراجم) پارێزراوە. لە (م، و)یشدا بە ژمارە (١١٥٧١) پارێزراوە.[3]

شێخ مستەفای موفتیی بەرزنجەیی

ئەم زاتە کوڕی شێخ بابا ڕەسووڵی بچووکی کوڕی شێخ تەهای کوڕی شێخ ڕەسووڵی بایەزیدی کوڕی شێخ ئیسماعیلی کوڕی بابا ڕەسووڵی گەورەیە.

ساڵی ١٢٣٥ک - ١٨١٩ز لە گوندی بەرزنجە لەدایک بووە، لە سەردەمێکی زێڕینی زانستدا لە سلێمانی دەستی کردووە بە خوێندن و دوای هەندێ خوێندنی سەرەتایی لای موفتیی زەهاوی خوێندوویە، کاتێ موفتی زەهاویی سلێمانی بەجێ هێشتووە ئەمیش چووە بۆ سابڵاخ و لای مەلا چاکەکانی ئەوێ درێژەی بە خوێندن داوە، هەر لەوێ ئیجازەی زانستی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی لە مزگەوتی عەبدوڕەحمان پاشا- کە ئێستە بە مزگەوتی سەید حەسەن ناسراوە- بووە بە مامۆستا.

دوایی پلەی فەتوایشی بە فەرمی و فەرمان لەلایەنی دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ هاتووە. مامۆستای موفتی کارەکانی فەتوا و تەدریسی شان بەشانی خزمەتی موسڵمانان بەڕێوە بردووە و

---

(١) بڕوانە: عقود الجمان، ٦٣٥ .

(٢) بڕوانە: فهرس مخطوطات مكتبة الحرم المكي الشريف. ٣/١١١٢ .

(٣) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی دووەم، ل: ٩٢ پێشتریش لەم بەرگەدا باسی ڕابورد.

لە ژیانیدا شوێنەدەستی دیار بووە و جێگەی ڕێزی موسڵمانان بووە.

ئەم مامۆستا بەڕێزە لە تەک ئەو توانایەیدا ئەدیبێکی بە توانا و هەڵکەوتوویش بووە و بە عەرەبی و فارسی و کوردیش شیعری جوانی هەبووە.

لەسەر ئەو خزمەت و پلە و ڕێزە دەوامی کردووە تا لە ساڵی ١٣٠٢ک - ١٨٨٤ز دا کۆچی دوایی کردووە.[١]

مەلا ئەحمەدی موفتیی چاومار

ئەم مامۆستا کوڕی مەلا مەحموودی کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا محەمەدی ناسراو بە مەلا محەمەدی گەورەی پیر حەسەنییە.

ئەم مامۆستا ساڵی ١٢٢٠ک ١٨٠٥ز لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، لە مەدرەسەی خانەوادەکەی خۆیاندا کە پشتاوپشت مەلا و مەلازادە بوون، سەرەتای خوێندنی دەست پێ کردووە، دوایی لەلای شێخ مەعرووفی نۆدێیی و مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای ڕەش و مامۆستایانی تری شارەکە خوێندوویەتی، دوای ئەوە کە خوێندنی تەواو کردووە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە بووە بە مامۆستای مزگەوتی موفتی لە سلێمانی، فەقێی زیرەک و بە توانا نموونەی موفتی زەهاوی و مەلا عەبدوڕەحمانی پێنجوێنی لە خزمەتیدا کۆبوونەتەوە و سوودیان لە زانیاری و توانای بەرزی بینیوە. ئەم مامۆستا نموونەیەک بووە لە زیرەکی و بلیمەتی و توانای بەرز و کەم وێنە. هەر لەبەر ئەو زیرەکییەی ناوبانگی بە (موفتی چاومار) دەرکردووە.

دوای کۆچی دوایی شێخ مەعرووفی نۆدێیی لە ساڵی ١٢٥٥- ک ز بووە بە سەرۆکی زانایانی سلێمانی و دەوروبەری و، لەسەر ڕێبازی زانا گەورەکانی کوردستان لە تەک پلەی موفتێتیا خزمەتی مامۆستایان و خەڵکی شارەکەی کردووە.

پلەی ئیفتایش لە خۆیەوە گوێزراوەتەوە بۆ مەلا محەمەدئەمینی کوڕی و دوای ئەویش بۆ مەلا عەبدولعەزیزی کوڕەزای.

ئەم مامۆستا بەڕێزە دوای تەمەنێکی پیرۆزی پڕ لە خزمەتی زۆر و بە پیت ساڵی ١٢٨٨ک - ١٨٧١ز کۆچی دوایی کردووە.[١]

مامۆستا مەلا ئەحمەدی دێلێژەیی

گەلێک لەو مامۆستایانەی من لەم هەلەدا ناویان دێنم و لە ریزی موفتییەکانی کوردستاندا، هەر یەکەیان، ماوەیەکی کەم لە خزمەتیاندا دەژێم، شیاوی ئەوەن نامیلکە و کتێب و باسی تێروتەسەلیان لەسەر بنووسرێ و ناویان و مێژووی ژیانیان و بەرهەمەکانیان بە نەوەکانی خۆیان لە کوردستان و زانایانی جیهان لە جیهاندا بناسێنرێن. بەڵام بەداخەوە من کات و بواری ئەوەم

---

(١) بڕوانە: علماؤنا في خدمة العلم والدين. ص: ٥٦٦ .

(١) بڕوانە: علماؤنا في خدمة العلم والدين. ص: ٧٦ .

نییە ئەو کارە ئەنجام بدەم و، ئەوەی لێرەدا پێم دەکرێ ئەوەیە ئەم باسە بە ناوی ئەو مامۆستا بەڕێزانە پیرۆز دەکەم و، بە چەند دێڕێک بۆ هەر یەکێکیان یادیان زیندە رادەگرم، بەڵکو خوا بک لەمەولا کەسانی بە ئەمەک و لێهاتوو لە من زیاتریان بۆ ئەو مامۆستایانە پێ بکرێ.

دەبێ بەسەر ئەوەیشدا نەڕۆم زۆر لەو موفتی و زانایانە هەوڵی کۆکردنەوەی فەتواکانی خۆیان نەداوە، دیارە یەکێکیش خۆی خەمی خۆی نەخوات کەسانی تر- هەرکەسێ بێ- لە خۆی دڵسۆزتر نابن بۆ ئەوەی ئەو کارەی ئەو ئەنجامی نەداوە ئەمان ئەنجامی بدەن. لەبەر ئەم هۆیەش دەبینین شوێنەوار و فەتوای ئەو زانایانە پەرتەوازە و بێ ناز و لە بەردەم گەلێ هەڕەشە و مەترسیی گەورەدا لەملاولا بەرەو لەناوچوون دەڕۆن.

یەکێک لەو مامۆستایانەی لەم نەریتە باوەی ناو زانایانی کورد لای داوە و، پێڕەوی ڕێبازێکی دروست و بەسوودی بۆ خۆیی و مێژووی زانایانی گەلەکەی کردووە مامۆستا مەلا حەمە سەعیدی کوڕی مامۆستا مەلا ئەحمەدی دێلێژەیە. ئەم مامۆستا بەڕێزە بەشێک لە فەتواکانی باوکی لە تەک کۆمەڵێک فەتوای زانایانی ئەو سەردەمەدا کۆ کردووەتەوە و پێکەوە جزوبەندی کردوون و باش پارێزراون، ئەگەر بگونجێ و کەسی خۆی هەبێت شیاوی ئەوەن- وەک: یادگارێکی مەزنی ئەو مامۆستا- چاپ بکرێن و جێگەی خۆیان لە کتێبخانەی کوردستان و موسڵمانانندا پڕ بکەنەوە.

بەڵام دووبارە داخ و کەسەری ئەوە دەچێت بە دڵی ئەو کەسانەوە بە پەرۆشی زانینی مێژووی ئەم زانایانەوەن کە خۆیان لە پاڵ فەتاواکانیاندا شتێک- با کورتیش- یان لەسەر ژیانی خۆیان نەنووسیوە، هەروەها- وەک وتمان کە خۆیان هیچیان بۆ خۆیان نەکردووە- نەوەکانیان و مامۆستا و ڕۆشنبیرانی هاوچەرخیشیان کارێکیان بۆ نەکردوون.

ئەوەی لەبارەی ئەو مامۆستا بەڕێزەوە- مامۆستا مەلا ئەحمەدی دێلێژەیی- نووسراوە و زانراوە زۆر کەمە و بە هیچ کلۆجێک لە ئاستی پلە و ڕێزی ئەو مامۆستادا نییە. بەڵام کە لەوە زیاتر لە دەستدا نەبێ ناچارین لەم هەلەدا پوختەی ئەوەی لەسەری نووسراوە بخەینە دامێنی باسی فەتواکانی:

مامۆستا مەلا ئەحمەدی دێلێژەیی

ئەم مامۆستا بەڕێزە ساڵی ١٢٥٠ک - ١٨٣٤ز لە گوندی دێلێژەی سەر بە قەرەداغ لەدایک بووە، لە حوجرە و مزگەوتەکانی قەرەداغ و سلێمانی درێژەی بە خوێندن داوە تا سەرکەوتووە و هەڵکەوتووە و بووە بە زانایەکی گەورەی چەرخی خۆی.

وەک مامۆستا گەورەکانی ئەو سەردەمە دەستی کردووە بە دەرزوتنەوە و پێگەیاندنی فەقێیان و ئیجازە پێدانیان. یەکێک لەو زانایانەی لە بەردەستی ئەودا پێگەیشتوون زانای پایەبەرز مامۆستا مەلا حەمە سەعیدی کوڕی بووە، کە دواتر بە مامۆستا مەلا حەمە سەعیدی مزگەوتی خومخانە ناسرا.

مامۆستا مەلا ئەحمەد زانایەکی بلیمەت و خاوەنی بیرێکی تیژ و هۆشێکی کەموێنە بووە، لە

تەک مامۆستایانی سەردەمی خۆیدا گفتوگۆی زانستییانە و موناقەشەی فەتاوا و مەسەلە ئاینییەکانی زۆر بووە، بەتایبەتی لە تەک مامۆستا مەلا عەبدورەحمانی پێنجوێنیدا.

ئەم مامۆستا بەرێزە پەراوێز و تەعلیقاتی بەسەر کتێبە شەرعەکانەوە هەیە، دوو دانراوی لە شوێن بەجێ ماوە:

١- الرسالة الكلامية.

٢- رسالة الفتاوى الفقهية.

هەردووکیان دەستخەتن و لە کتێبخانەی خوالێخۆشبوو مەلا حەمە سەعیدی کوڕیدان تا ئێستە چاپ نەکراون.

مامۆستا مەلا ئەحمەد ساڵی ١٣١٨ک-١٩٠٠ز لە شاری سلێمانی ماڵئاوایی لە دنیا کردووە.(١)

تا ئێرە پوختەی وەرگێڕراوی ئەوەیە کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە (علماؤنا في خدمة العلم والدين)دا لەسەر ئەم مامۆستا نووسیویە.

منیش لە پەراوێزی نووسینەکەی مامۆستاوە دەڵێم:

ئەو کتێبەی کە مامۆستا دەفەرمووێ (الرسالة الكلامية) دیارە هەر ئەوەیە کە ناوی (رسالة وجود الواجب)ە و ساڵی ١٣٥٤ک- ١٩٣٥ز لە چاپخانەی سلێمانی چاپ بووە و، لە خزمەت نوسخەیەکی دام.

دووەم: ئەو کتێبەی کە مامۆستا دەفەرمووێ (رسالة الفتاوى الفقهية) دوور نییە ئەو کۆمەڵە فەتاوا بێت کە نەوەکانی مامۆستا مەلا حەمە سەعیدی کوڕی مامۆستای دێلێژەیی شەرەفی ئەوەیان پێ ڕەوا بینیم کە ئەم کتێبەم پێشکێش بکەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کتێبی «بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی...» وە کارێکی بۆ بکەم. لە تەک سوپاسی زۆرمدا بۆ ئەو بەڕێزانە لێرەدا ئەوەندەی ئەم کتێبە و بەرنامەکەی جێگە و ڕێگە بدا ئەم یادگارە مەزنە بە مێژووی زانایانی کورد دەناسێنم. بەڵام پێش ئەوەی بێمە سەر باسی دەستخەتەکە و فیهرەستەکەی بنووسم دەڵێم: دێمەوە سەر ئەو باسەی گەلێ جار نووسیومە ئەویش فەوتان و تێداچوونی شوێنەواری زانایان و مامۆستایانی کوردە. ئەم مامۆستا مەزنە مامۆستا مەلا حەمە سەعیدی کوڕی لە هەوڵی ئەوەدا بووە شوێنەوارەکانی باوکی کۆ بکاتەوە و وەک بینیمان فەتاواکانی کۆ کردووەتەوە، بەڵام مامۆستا مەلا ئەحمەد کتێبێکی نایابی لە شەرحی ئادابدا بۆ بەرپرسێکی ئەو سەردەمەی بەغدا کە ناوی ئەحمەد سدقی ئەفەندی بووە نووسیوە. نوسخەی کتێبەکەی لە بەغدا پارێزراوە(٢)، نوسخەکەیش بە خەتی مامۆستای دێلێژەیی خۆیەتی، کەچی نەوەی مامۆستای دێلێژەیی ئاگایان لەم باسە نییە و بە بیریاندا نایەت مامۆستا مەلا ئەحمەد دانراوی وەهای بووبێت، بۆیە بە دووری ناگرم دانراوی تریشی بووبێت، بەڵام یان لەناوچوون یان ئێمە- ئێستە- شوێنیان نازانین.

---

(١) بڕوانە: علماؤنا في خدمة العلم والدين، ص: ٨٢ .

(٢) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی ٣ ل: ٣٤٧ .

ئەم دانراوە لە بەغدا لە کتێبخانەی (المركز الوطني للمخطوطات)دا پارێزراوە، بە خەتی دانەرەکەیەتی و ساڵی ١٢٨٤ک نووسیویەتییەوە.

باسی دەستخەتەکە:

ئەم دەستخەتە کتێبێکە تێکڕا ٣٧٤ لاپەڕەیە. جزوبەند کراوە، بەرگی تێ گیراوە، باش پارێزراوە، خەتی دوو سێ نووسەرەوەی تێدایە، بەشێکی خەتی نووسەرەوەیەکە لەوانەیە فەقێی مامۆستا مەلا حەمە سەعید بووبێت" چونکە بۆ ئەوی نووسیوەتەوە، ناوی محەمەد ئەفشاری- هەوشاری- یە، ئەم نووسەرەوە دوا مێژووی نووسینەوەی ساڵی ١٣٥١ک -١٩٣٢ز بووە. وەک گوتم خەتی چەند کەسی تریشی تێدایە.

لە کۆتاییەوە بە قەڵەمی (ڕەصاص) فیهرەستێک بۆ ئەم دەستخەتە کراوە، ئەو فیهرەستە وەک خۆی دەنووسم، دوای ئەوە خۆیشم چاوێک بە دەستخەتەکەدا دەخشێنمەوە و چی شتی بە بایەخی تێدا بخوێنمەوە بە کورتی ئاماژەی بۆ دەکەم.

فیهرەستی دەستخەتەکە:

ئەو فیهرەستەی بۆ دەستخەتەکە کراوە لێرەدا بە ناتەواوی ماوەتەوە، واتە ئەو کەسەی ویستوویەتی ئەو فیهرەستە بکا لێرەدا- لەبەر هەر هۆیەک- دەستی لێ هەڵگرتووە. من لێرەوە تەواوی دەکەم.

٢٩- لە لاپەڕە ١٠٣دا نووسیویە:

«یحیی المزوري. کتبت حین استماع إیقاع القي بالسلیمانیة. وکنت خائفاً من فراق إخوان السلیمانیة بموتنا أو بموتهم آخ من الفراق. في سنة ١٣٢٢»

٣٠- لە دوای چەند فەتوا لە لاپەڕە ١١٤دا نووسیویە:

«کتبته بعد المراجعة من... پینجوین وحین وصول المراسلة في نحو محمد أفندي زرداو في قریة سیتك وإخباره بأنه قد توفي من سلیمانیة بعلة الوباء خمسون شخصاً اللهم احفظ أحبابنا جمیعاً خاصة کریم أفندي. في سنة ١٣٢٢ شهر جمادي».

٣١- چەند فەتوا و هۆنراوە، (أداة التعلیق)ی دانراوی پێنجوێنی ١٢٣

٣٢- لە دوای چەند فەتوای ترەوە لە لاپەڕە ١٣٢دا نووسیویە:

«کتبت حین کنت عاجزاً من موت قوة ظهري وکبدي وباعث حیاتي ملا عزیز بعلة الوباء شهر جمادي الأولی عشر الأول سنة ألف وثلاثمائة واثنان وعشرون من هجرة النبویة علیه وآله ألف سلام وتحیة آخ من...»

نووسەرەوەی ئەم فەتوانە کە باسی مردنی مەلا عەزیز دەکات و ئێمەیش نازانین مەلا عەزیزی کۆچکردوو کێیە.. ئەمیش ناوی مەلا عەزیز بووە و لە شوێنێکدا نووسیویە:

«بید عزیز حین التعجیز بموت عزیز آخ ألف آه»

٣٣- لە دوای چەند فەتوای ترەوە کە دوایینیان فەتوای پێنجوێنییە نووسیویە:

«كتبه بيده حقير محمد علي ١٣٢٢» ل: ١٤٧ .

٣٤- كۆمەڵێكی زۆر فەتوای جیا جیای زانایانی جیا جیا، هەر فەتوایەكیان لاپەڕەیەک كەمتر یان زیاتر تا لاپەڕە ٢٢٣ لەوێدا لە پەڕاوێزدا نووسیویە:

«كتبه عزيز قبيل الغروب بجامع وسطه حاج فتح الله الپينجويني حين كنت متفكراً من تلطفات كريم أفندي وفراقه، اللهم أوصل الينا(!) ولو في المحشر آمين.»

٣٥- دوای ئەوەیش چەند فەتوایەكی مامۆستایانی وەک نۆدشی و پێنجوێنی و نۆدێیی و چەند كەسی تر نووسراوە تا لاپەڕە ٢٤٥ . لەوێدا نووسیویە:

«قد حرر العزيز بپينجوين بأمانة ملا محمد خواهر زاد، وقد كنت متأسفاً من الوباء الواقعة بالسليمانية وخائفاً من فراق أصحابنا في العمل والتحصيل، خاصة منهم كريم أفندي. اللهم احفظهم عميماً خاصة ميرزا كريماً لازال أعطاؤه علينا جديداً وقديماً آمين بحرمة محمد في سنة ١٣٢٢ آخر (٢٧) شهر جمادي الأولى.»

٣٦- دوای ئەمەیش تا لاپەڕە ٢٥٧ چەند فەتوای مامۆستایانی كورد هەیە، لە لاپەڕە ٢٥٧دا نموونەیەكی نایابی ڕێزی نێوان مامۆستایان و زانایانی پێشوومان هەیە، شیاوی ئەوەیە بنووسرێ و بزانرێ بۆ ئەوەی پەیڕەوی بكرێ. لەسەر فەتوایەک نووسویە:

«هذا ما قاله المتبحر النودشي- رحمه الله- حين المناظرة مع الفاضل القزلجي-رحمه الله- أيضاً بعد مراجعته من قرية الطويلة بترجان كما تراه بعيد ذلك».

لە دوای ئەو فەتواوە كە ئاماژەی بۆ كردووە مامۆستای نۆدشی نووسیویە:

«مولاي وسيدي، هذا هو الذي يخطر بقلبي في جعل قول الكردي المذكور صريحاً. وإنما القبول والرد إلى جنابكم، فإن تلقاه طبعكم المحقق المدقق النقاد بالقبول فهو غاية المأمول. ونهاية المسؤل، وإلا فأنا أخس تلميذ ومتجرع قطرة من جرّتكم، فأين السهى من القمر، واللؤلؤ من المدر؟! أحمد النودشي النودي»

٣٧- لەوێیشەوە تا لاپەڕە ٢٨٩ كۆمەڵێكی تر فەتاوای مامۆستایانی كوردستانە، كە بە زۆری باسی نیكاح و تەڵاقن، لە كۆتایی دوا فەتواوە مامۆستا مەلا عەبدولقادری كانی كەوەیی ناڕەزایی لە بارودۆخی مامۆستایان دەردەبڕێ و دوعایان لێ دەكا و دەفەرمووێ:

«نعوذ بالله من إفتاء بعض علماء زماننا وإفتائهم ليس الأغواء (!) فقد ضلوا وأضلوا أصلح الله حالهم أو قتلهم ليستريح الناس من إفسادهم والله أعلم. المدرس ببياره عبدالقادر».

٣٨- نامیلكەیەک لە باسی تەقلیددا دانراوی پێنجوێنی. ل: ٢٩٠

٣٩- لە لاپەڕە ٢٩٥یشەوە كۆمەڵێک فەتاوا نووسراوە بە زۆری فەتاوای مامۆستای پێنجوێنین لە كۆتاییيانەوە نووسیویە:

«كتبته حين وصول المراسلة من نحو محمد أفندي زرداو وإخباره بنا بأنه قد توفي خمسون بل ستون شخصاً كل يوم من السليمانية بالقيء. اللهم احفظ أستاذنا وملاذنا ملا محمد أمين

وأحبابنا وأصحابنا جميعاً، خاصة كريم أفندي. بحرمة من بشر بشارة وإنذاراً. آمين يارب العالمين. آه من الفراق آه ولا حول ولا الخ...» ل: ٣٤٦

٤٠- لێرەیشەوە تا کۆتایی چەند فەتوای تر نووسراوە بە زۆری-دووبارە- فەتوای مامۆستای پێنجوێنین و فەتوایەکی مەلا ڕەسووڵی زەکی و چەند کەسی تری تێدایە. لە تەک باسێکدا لەسەر خواردنی سەربڕراوی دەستی جوولەکە. لە کۆتاییەوە محەمەدی ئەفشاری (هەوشاری) دەڵێ: لەبەر خاتری مامۆستا مەلا محەمەد سەعید ئەفەندیی ساڵی ١٣٥١ک ز نووسیمەوە. ل: ٣٦٩.

٤١- دوای ئەوەیش چەند فەتوایەکی تر نووسراوە. کۆتاییی دەستخەتەکە لاپەڕە ٣٧٣یە.

واتە نووسینەوەی ئەم دەستخەتە یان کۆکردنەوەی بابەتەکانی ناوی لە ١٣٢٠وە تا ١٣٥١، ٣٠ساڵی زیاتر پێ چووە.

ئەگەر چاوێکی تر بە لاپەڕەکانی ئەم دەستخەتەدا بگێڕین دەبینین لە مێژووی جیا جیادا چەند کەس بەشدارییان لە نووسینەوەیدا کردووە. لەوانە: محەمەد ساڵح ساڵی ١٣٢٠.

وەک بینیمان عەزیز ناوێکیش بەشی زۆری ئەم دەستخەتەی نووسیوەتەوە، ئەمیش لە ساڵی ١٣٢٢دا بووە. هەروەک بینیمان محەمەدی ئەفشاری- هەوشاری- ش ساڵی ١٣٥١ کاری لە نووسینەوەیدا کردووە.

مامۆستا مەلا حەمە سەعیدی خومخانە

مامۆستا مەلا حەمە سەعید کوڕی مامۆستای بەناوبانگ مامۆستا مەلا ئەحمەدی دێلێژەییە.

ئەم مامۆستا بەڕێزە لە دەوروبەری ساڵی ١٣٠٤ک دا لە شاری سلێمانی هاتووەتە دنیا، لای باوکی بەڕێزی خوێندوویە و، دواتریش لە حوجرەکانی کوردستان وەک باوی ئەو سەردەمە خوێندوویە. زیرەکییەکی باش و توانایەکی کەموێنەی تێدا بووە. دوای تەواوکردنی زانستە باوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی و دەرزوتنەوە، لە مزگەوتی (خومخانە) بووە بە مامۆستا و قوتابی و فەقێی زیرەک و شەیدایانی زانستی بالا لە هەموو لایەکەوە هاتوونەتە خزمەتی و لە دەوری دەرز و مەدرەسەکەی کۆبوونەتەوە و لە خزمەتیا بە پەرۆشەوە خوێندوویانە.

لەناو زانایانی سلێمانیدا جێگەی ڕێز بووە و قسە و فەتوای ڕەوا بووە. لە دوا دوایی تەمەنیدا تووشی شەلەل بووە، بەلام بەو نەخۆشییەشەوە هەر خەریکی خزمەتی زانست بووە و کۆڵی نەداوە. تا لە دەوروبەری ساڵی ١٣٦٥ک- ١٩٤٩ز دا کۆچی دوایی کردووە.(١)

ئەم مامۆستایش گەلێ فەتوای هەبووە، بەلام بەداخەوە کە فەتواکانی باوکی و زانا گەورەکانی کۆ کردووەتەوە ئەو بایەخەی بە فەتواکانی خۆی نەداوە و فەتواکانی پەرتەوازە بوون و تێدا چوون.

ئەوەی من بزانم لە شوێنەواری مابێتەوە نامیلکەیەکی بچکۆلەیە بە ناونیشانی «رسالة فتح

(١) بڕوانە: علماؤنا في خدمة العلم والدين، ص: ٨٢.

الرحمن في الرد على منكر الطلاق الثلاث وطلاق السكران» ساڵی ١٣٦٨ك- ١٩٤٩ز لە سلێمانی چاپ بووە.

تەقریظ و بە باڵابڕینی مامۆستایان: مەلا حسەینی پیسکەندی و شێخ نووری شێخ بابا عەلی و سەید عەبدولغەفوور و سەید ئەحمەدی کوڕی سەید عەبدوڕەحمانی عازەبانی بەسەرەوەیە.

مامۆستا مەلا حەمە سەعید نامیلکەیەکیشی بووە لە فەرائیضدا، دەڵێن چاپ کراوە، هەوڵم دا نوسخەیم دەست نەکەوت.

مامۆستا مەلا حەمە سەعیدی خومخانە لەو مزگەوتەیدا خزمەتی زانایانی کردووە و فەقێی باشی پێ گەیاندووە تا لە خزمەتیدا بوون بە مەلا چاک و ئیجازەی تەدریسی داونەتێ. دەتوانین لەو مامۆستایانەی مامۆستا مەلا حەمە سەعید پێی گەیاندوون ناوی ئەم چەند بەڕێزە ببەین کە بێگومان ئەمانە بەشێکی کەمن لەبەری ڕەنجی (٥٠) ساڵ خزمەتی مامۆستا مەلا حەمە سەعید لە ڕێگەی پێگەیاندنی مامۆستایاندا:

١- دوکتۆر مستەفا زەڵمی.

٢- دوکتۆر فازیل عەبدولواحید.

٣- مەلا عەبدولعەزیم.

٤- مەلا قادری کۆکۆیی.

٥- مەلا سەعیدی شانەخسەیی.

٦- مەلا مەحموودی گرگاشەیی.

٧- مەلا محەمەدی تەوێڵەیی.

مامۆستا مەلا حەمە سەعید ذەوقی ئەدەب و شیعریشی هەبووە و لە تەک مامۆستا مەلا مەحموودی بێخوددا نێوانیان خۆش بووە و مامۆستا بێخود بە شیعر مێژووی لەدایکبوونی منداڵەکانی بۆ نووسیوە.[1]

مامۆستا شێخ مستەفای موفتیی هەڵەبجە

ئەم زاتە کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانییە، ساڵی ١٢٩٥ك- ١٨٧٨ز لە هەڵەبجە لەدایک بووە و سەرەتای خوێندنی لە خانەوادەی خۆی و مەدرەسەی باو و باپیریدا بووە، هێشتا خوێندنی تەواو نەکردووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، ئەمیش بۆ خوێندن ڕووی کردووەتە بیارە و لە خزمەت مامۆستا مەلا عەبدولقادری بیارەدا درێژەی بە خوێندن داوە تا ئیجازەی تەدریسی لە مامۆستای ناوبراو وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە هەڵەبجە و لە جێگەکەی باوکیدا بووە بەئیمام و خەطیب و مودەڕیس. دواتریش فەرمانی فەتوای بۆ دەرچووە و وەک باوکی بووە بە موفتی هەڵەبجە. لە ژیانیدا تووشی دوو کارەساتی ناخۆش بووە:

---


(١) بۆ ئەم بابەتە جگە لە (علماؤنا في خدمة العلم والدين) سوودم لە وتارێکی خوالێخۆشبوو جەمال موفتی وەرگرتووە کە وێنەکەیم لەلایە. بەڵام ژمارەکەی نازانم. کە لەوانەیە لە (هاوکاری)دا بلاو بووبێتەوە.

[illegible] بعد طلاقها ما اقتضى النص عليه ما ذكره الشيخ والخلاف مختصر في شرح والله
[illegible] بصفة التعليق [illegible] ثم اعطت بالفعل يقع طلاقها مالا او بالفعل فيقع
[illegible] بالطلاق الاول فلا يلحقها ما قال الزاجر بعد طلب
[illegible] معلق لعينها او دينها ما يقع طلاقها الاول رجعيا بالعوض اللفظ
[illegible] فثبت يقع طلاقها رجعيا والا فلا يقع والله

السؤال

[illegible]

[illegible] طلاق كتب ما لم يكن لها شيء من ذلك العدد واعطاه
[illegible] منها [illegible] من غير تعليق صحيح
[illegible] وسكنة وعليه ما حكم الله في ذلك
[illegible] ولا يجابرا احدا وان [illegible] ولا يجاوزا في [illegible]
[illegible] الجواب ان عبارة التعليق في قوة ان اعطيت الصداق فانت طالق
[illegible] بالمذهب [illegible] العصر [illegible]
[illegible] بالاعطاء [illegible] التعليق على ما
[illegible] الشيخ [illegible]
[illegible] كتقدم طلب الطلاق [illegible] التعليق
[illegible] الطلاق [illegible] على ما في الزيادة [illegible] الحي
[illegible] للتمليك [illegible]
[illegible] الخالصة [illegible] والاعطاء
[illegible] الطلاق في التعليق باعطاء [illegible] المعطي [illegible]
[illegible] الشيخ في فتاويه [illegible] عليه [illegible] الرشد
[illegible] الطلاق [illegible] المعطي [illegible]



یەکەمیان: ئەوە بوو ئەم مامۆستا بەڕێزە دژی ئینگلیز و دەستەلاتیان بوو لە ناوچەکەدا و بەرهەڵستی کردن، ئەنجام بە دەستی هەوا خواهانی ئینگلیز دیل و دەستگیر کرا و سزا و ئەشکەنجەیەکی زۆر درا و، بە کۆت و بەندەوە چەندان ڕۆژ لەبەر خۆری هاویندا رایان گرت. ئەنجام سزا و تۆڵەیەکی گەورەی هەزاران روپیەییان بەسەردا سەپاند، تا ناچار هەرچی زەویوزار و باخ و ئاش و سامانیان هەبوو هەمووی فرۆشت تا لەو تۆڵە و غەرامە دەرچێ.

دووەمیان: تووشی نەخۆشیی پرۆستات بوو، لەو سەردەمەیشدا چارەسەری ئەو نەخۆشییە ئاسان نەبوو، بەو دەردە ساڵی ١٣٨٧ک –١٩٦٧ز کۆچی دوایی کرد.[١]

یەکێک لەو زیانە مێژوویییانەی کە هەرگیز لە دڵم دەرناچێ ئەوە بوو: بە ژیاندا بە خزمەت تووباخانی خێزانی شێخ مستەفای موفتی گەیشتم و بە وردی بەسەرهاتی مامۆستای مێردی دەزانی، من نەمکرد درێژەی ئەو کارەساتە لە دەمی ئەو خانمە بەڕێزە وەربگرم، تا ساڵی ١٩٨٨ لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا شەهید بوو بە ڕەحمەتی خوا شاد بوو.

چەند قازییەکی تر:

قازیی قازییەکان نیزامەدین عەبدولمونعیمی بەندەنیجی:

ساڵی ٥٩١ک– ١١٩٢ز لەدایک بووە، سەرەتای ژیانی لە مەدرەسەی (فخر الدولة)ی کوڕی موتەلیبی ناسراو بە (دار المذهب) خەریکی خوێندنی شەرع بووە تا تێیدا سەرکەوتووە و بووە بە موفتی، دوایی بووە بە مامۆستای بەشی شافیعیی لە مەدرەسەی موستەنسەرییە لە بەغدا. ساڵی ٦٦٧ک– ١٢٦٧ز کۆچی دوایی کردووە.[٢]

ئەبوعەلی بەندەنیجی

ئەبوعەلی، حەسەنی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی یەحیای بەندەنیجی. سەرەتای خوێندنی لە وڵاتی خۆیدا بووە، دوایی چووەتە بەغدا و لەوێ حوکمی کردووە. دوایی گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی خۆی و ساڵی ٤٢٥ک– ١٠٢٤ز لەوێ کۆچی دوایی کردووە.[٣]

زەیدولعابیدینی گۆرانی موفتیی بەغدا:

باسی ئەم مامۆستا تەنیا لە یەک دەستخەتدا هەیە کە ئەویش دانراوی خۆیەتی و بەپێی ئەو دانراوە، ساڵی ١١٦٥ک– ١٧٥١ز موفتی بەغدا بووە، بەڵام لەوە زیاتر زانیاریم لەبارەیەوە دەست نەکەوتووە.[٤]

---

(١) بڕوانە: علماؤنا في خدمة العلم والدين ص: ٥٦٧ .

(٢) بڕوانە: بندنیجین (مندلي).

(٣) بڕوانە: بندنیجین (مندلي) في التأریخ قدیماً وحدیثاً، محمد جمیل الروژبیاني، مجلة المجمع العلمي العراقي، الهیئة الكردیة– العدد (٧) ١٩٨٠ ص: ٣٦٠ .

(٤) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... بەرگی چوارەم، ل: ١٤٩ .

سیبغەتوڵڵای حەیدەری:

کوڕی ئیبراهیمی کوڕی حەیدەری کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی حەیدەر پیرەدین. ئەم مامۆستا باپیری حەیدەرییەکانی بەغدایە کە پلەی فەتوای شافیعی و حەنەفی لە بەغدادا تەنیا بە دەست ئەوانەوە بووە و لەواندا بووە.

گەلێ دانراوی بە سوودی هەیە لەوانە:

١-ناملکەیەک لە طاعووندا.

٢- حاشیەی بەسەر تەفسیری سوورەتی فاتیحەی بەیضاوییەوە.

٣- حاشیەی لەسەر بەیضاوی.

٤- رسالة في تحقيق زيادة الصفات.

٥- رسالة في مدح بعض الوزراء بالفارسية...

چەند دانراوی تریش

ئەم مامۆستا ساڵی ١١١٠ک- ١٦٩٨ز لەدایک بووە، ساڵی ١١٨٨ک- ١٧٧٤ز کۆچی دوایی کردووە، لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە خاک سپێرراوە.[١]

زیائەدین حەیدەری حەیدەریی:

ئەم مامۆستا کە کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی حەیدەرە ساڵی ١٢٤٦ک- ١٨٣٠ز لەدایک بووە سەرەتای خوێندنی لەلای باوکی لە بەغدا و دوایی خوێندنی لە کوردستان تەواو کردووە، دواتر لە حەمیدیە و بەغدا موفتی بووە. دەرزی گوتووەتەوە و کتێبی داناوە لە دانراوەکانی ئەمانەم زانیوە:

١- عمدة الكلام في شرح برأة الأنام.

٢- شەرحی نامیلکەی بەیانی مامۆستا مەلا ئەحمەدی گەرەویی.

مێژووی کۆچی دواییم نەزانی.[٢]

عوبەیدوڵڵای کوڕی عوبەیدوڵڵای حەیدەریی:

ئەم زانا یەکێکە لە زانا زۆر مەزنە حەیدەرییەکان کە گەلێکیان موفتیی شافیعی و حەنەفی و مامۆستای مەدرەسەکانی بەغدا بوون، بەڵام بەداخەوە ژیانی ئەو مامۆستا مەزنانە کە خاوەنی دەیان دانراو بوون و لە چەندان مەدرەسەی گەورەدا دەرزیان گوتووەتەوە بە وردی نەنووسراوە و، کەم لەبارەیانەوە دەزانرێت و، زۆریان ساڵی لەدایکبوون و مردن و ماوەی موفتێتییان لە بەغدا و شارەکانی تردا نەزانراوە. ئەمەیش ناوی چەند کەسی تر لەو موفتییە حەیدەرییانە:

١- عەبدولغەفووری حەیدەری.

---

(١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد. بەرگی شەشەم، ل: ٢٢٩ .

(٢) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... بەرگی شەشەم. ل: ٢٥٠ .

٢- ئەسعەد سەدرەدینی حەیدەری.

٣- عەبدوڵلا ئەفەندیی حەیدەری.[1]

مامۆستا مەلا ئەحمەدی نۆتشیی:

ئەم مامۆستا ١٢٢٨ک ١٨١٣ز چاوی بە جیهانی بەریندا هەڵهێناوە.

مامۆستا دوای تەواوکردنی خوێندنی لە خزمەتی گەلێ لە مامۆستا گەورەکانی ئەو چەرخەدا وەک شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی و وێنەی ئەو و ئیجازەوەرگرتنی ماوەیەک لە شاری سلێمانی موفتی بووە.

دوایی چووەتە شاری سنە و لەوێ ساڵی ١٣٠٢ک - ١٨٨٤ز کۆچی دوایی کردووە. لەوێش- واتە لە شاری سنە- موفتی بووە.

ئەم مامۆستا جگە لە چەند دانراوی بە نرخ گەلێ فەتوای لە کاروباری ئاینی و شەرعیدا لێ بەجێ ماوە.[2]

مامۆستا شێخ بابا عەلی تەکیەیی:

ئەم زاتە کوڕی زانای گەورە شێخ عەلی مەلای تەکیەییە. ساڵی ١٢٥٧ک- ١٨٤١ز لە گوندی تەکیەی قەرەداغ لەدایک بووە. جگە لە باوکی بەڕێزی لای چەند مامۆستای گەورەی چەرخی خۆی خوێندوویە.

دوای تەواوکردنی خوێندن ماوەیەک لە تەکیە ماوەتەوە لە پاشان چووەتە سلێمانی لەو مزگەوتەی کە ئێستە بە مزگەوتی بابا عەلی ناسراوە مامۆستا و مودەڕیس بووە، تا لە ساڵی ١٣٥٩ک- ١٩٤٠ز دا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا شێخ بابا عەلی جگە لەوەی زانایەکی گەورەی چەرخی خۆی بووە لە خواناسیشدا کەموێنە بووە و، گەلێ کەرامەتی لێ دەگێڕنەوە.

کۆمەڵێ زانای گەورەیشی پێ هیاندووە و لەسەر دەستیدا ئیجازەیان وەرگرتووە.

گەلێ فەتوای هەیە بەداخەوە پەرتەوازەن و کۆ نەکراونەتەوە.[3]

موفتی زەهاوی:

لەبارەی ئەم مامۆستا مەزنەوە گەلێ شت نووسراوە، لەوانە کتێبی مفتی زەهاوی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ. نووسەری ئەم بابەتەیش بە زمانی عەرەبی کتێبێکی بە ناونیشانی:

---

(١) بڕوانە: محمد فيضي الزهاوي. ل: ١٧٤ .

(٢) بڕوانە: يحيى مظهري، علامة دهر النودشي. چاپ دووەم، ١٣٨٤ش. هەروەها بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد بەرگی: ١٣٧/٤.

(٣) بڕوانە: علماؤنا في خدمة العلم والدين ص: ١١٣.

«محمد فيضي الزهاوي نبذة عن حياته وشيء من آثاره» نووسيوه.

ئەم مامۆستا یەکێک بووە لە بلیمەتەکانی جیهان و دوای کۆچی دوایی لە «السجل العثمانی»دا لەسەری نووسراوە: (یفوق کافة علماء عصرنا) واتە لە هەموو زاناکانی ئەو سەردەمەی دەوڵەتی عوسمانیی زاناتر بووە و، تاقانەی چەرخی خۆی بووە. ساڵی ۱۳۰۸ک- ۱۸۹۰ز لە بەغدا، دوای ئەوەی ۳۸ ساڵ موفتیی عیراق بووە، کۆچی دوایی کردووە.

محەمەد سەعیدی زەهاوی:

ئەم مامۆستا بەڕێزە کوڕی محەمەد فەیزی زەهاویی موفتی عێراق بووە. ساڵی ۱۲۶۸ک – ۱۸۵۱ز هاتووەتە دنیا، ساڵی ۱۳۰۸ک – ۱۸۹۰ز دوای کۆچی دوایی باوکی بووە بە موفتی بەغدا، ۲۷ساڵی تەواو لەو وەزیفەدا ماوەتەوە، ساڵی ۱۹۲۱ کۆچی دوایی کردووە، لە تەنیشتی باوکیەوە لە مەدرەسەی سلێمانی لە بەغدا بە خاک سپێرراوە.[۱]

ئەمجەد زەهاوی:

کوڕی محەمەد سەعیدی کوڕی محەمەد فەیزی زەهاوی. مامۆستای بلیمەت و خواناسی کەموێنە.

ساڵی ۱۳۰۰ لە بەغدا هاتووەتە دنیا و لای باوکی و باپیری خوێندوویە، دوایی لە ئەستەمبوڵ بە سەرکەوتوویی و یەکەمیی خوێندنی تەواو کردووە و بووە بە موفتی لە (الأحساء)، چەند پلە و پایەی جۆراوجۆری لە بواری دادوەریدا دیوە. دوا پلەی ئەوە بوو موفتیی بەغدا بووە.

ساڵی ۱۳۸۷ک – ۱۹٦۷ز لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.[۲]

مامۆستا بابا رەسووڵی بێدەنیی عەبابەیلێی

ئەم زاتە کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدوسەمەدی بێدەنییە و لە سەیدە بەرزنجەییەکانی سۆڵەیە.

ساڵی ۱۳۰۳ک –۱۸۸۵ز لە گوندی بێدەن هاتووەتە دنیا.

مامۆستا لە گەڵێ جێگە خوێندوویە و دوای تەواوکردنی خوێندن چووەتە بیارە و لەسەر دەستی شێخ نەجمەدیندا تەمەسوکی کردووە.

لە گەڵێ دێدا خزمەتی ئاین و مەلایەتی کردووە. شاعیر بووە بە فارسی و کوردی شیعری هەیە، فەتوای هەیە. نازناوی شیعری (کوردی) و (بابا)یە.

---

(۱) بڕوانە: الإمام أمجد بن محمد سعید الزهاوی فقیه العراقیین والعالم الإسلامی، تألیف کاظم المشایخی. ص: ۷۰ . و محمد سعید الزهاوی مفتی بغداد حیاته ومخطوطاته. تألیف الدکتور عماد عبدالسلام رؤوف.

(۲) بڕوانە: الإمام أمجد بن محمد سعید الزهاوی فقیه العراقیین والعالم الإسلامی.

ساڵی ١٣٦٢ک- ١٩٤٣ز لە گوندی عەبابەیلێ کۆچی دوایی کردووە.[١]

مامۆستا شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی

ئەم مامۆستا کوڕی شێخ ئەمینی قەرەداغی و لە بنەماڵەی مەردۆخییە. ساڵی ١٣٠٢ک - ١٨٨٥ز لەدایک بووە.

ئەم مامۆستا یەکێک بووە لە زانا هەرە بەناوبانگ و خواناسە کەموێنەکانی کوردستان لە چەرخی خۆیدا.

تەمەنێکی پیرۆز و پڕ خزمەتی ئاین و زانستی بەسەربردووە. دەیان زانای گەورەی پێ گەیاندووە.

لە هەموو زانستەکانی باوی سەردەمی خۆی و حیساب و ریاضیات و ئوستورلاب و رویعدا، دەستێکی باڵای هەبووە.

جگە لەوەی زانایانی پێ گەیاندووە و ئیجازەی عیلمی پێ داون و، جگە لە فەتوا زۆرەکانی کە بەشی زۆریان مامۆستای مودەڕیس لە (جواهر الفتاوی)دا بڵاوی کردوونەتەوە.. دانراوی لە زانستەکانی تردا بەزۆری هەیە.

لە ساڵی ١٣٥٣ک- ١٩٣٤ز کۆچی دوایی کردووە.[٢]

مامۆستا مەلا قادری سۆفی

ئەم زاتە کوڕی محەمەدی کوڕی سەفەری کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەمەدە لە تیرەی (وەڵی)یە.

لە دێی ژاڵەناو لەدایک بووە، مێژووی لەدایکبوونی نەزانراوە.

جگە لەوەی پیاوێکی زانا و خزمەتگوزارێکی دڵسۆزی ئیسلام بووە پیاوێکی کۆمەڵایەتیش بووە و بۆ چاککردنەوە و پتەوکردنی نێوانی خەڵک هەوڵی زۆری داوە.

لای مامۆستا مەلا قادری بیارە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. مەنسووبی شێخانی بیارە بووە و پێوەندی پتەوی لە تەکیانا بووە.

چەند جێگە بە مەلایەتی گەڕاوە، دوا قۆناخی گوندی بانی خێڵان بووە، تا لە ساڵی ١٩٥٣ز دا لەوێ کۆچی دوایی کردووە.[٣]

مامۆستا شێخ مستەفای قەرەداغی

مامۆستا شێخ مستەفا کوڕی شێخ نەجیبی کوڕی شێخ عەبدوللەتیفی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای قەرەداغییە.

---

(١) بڕوانە: بنەماڵەی زانیاران بەرگی دووەم ل: ٥٩١ .

(٢) بڕوانە: بنەماڵەی زانیاران، ٥٧٨/٢ .

(٣) بڕوانە: بنەماڵەی زانیاران بەرگی دووەم. ل: ٦٣٠ .

ساڵی ١٣٠٣ک- ١٨٨٥ز لە قەرەداغ لەدایک بووە.

لەلای باوکی و زانایانی تر خوێندنی تەواو کردووە. ئیجازەی لە باوکی وەرگرتووە.

جگە لەوەی پیاوێکی زانا و بلیمەت و زانا بە زانستی ریاضیات بووە، پیاوێکی بەخشندە و میهرەبان و کۆمەڵایەتیی و خانەدانێکی دەست و دڵ گوشاد و بەڕێز لەلای هەموو چینەکانی چەرخ و دەوری خۆی بوو.

لەسەر ئەو ڕێبازە پیرۆزە ساڵانێکی درێژ لە قەرەداغ خزمەتی ئاین و وڵاتی کرد. لە دوادوایی تەمەنیدا گواستیەوە بۆ سلێمانی و لەوێ درێژەی بەو خزمەتە پیرۆزە دا و لە مزگەوتی شێخ عەبدوڕەحمانی عازەبانی جێگەی ڕێزی موسڵمانان بوو.

دوای تەمەنێکی پیرۆزی پان و درێژ لە سلێمانی ساڵی ١٣٩٠ک ١٩٧٠ز کۆچی دوایی کرد.[٢]

---

(٢) بڕوانە: علماؤنا في خدمة العلم والدين. ل: ٥٦٨.

[illegible]

بسمله سبحانه وتعالى

قال الفاضل السيد بابا رسول ما حاصله ان تخصيص المدرس الجبر طلاقه واقع ظاهراً وباطناً لان حلف الجبار ليس بالاكراه على خصوص الطلاق حتى لا يقع ولا يجاري التورية ولا يصدق في ادعاء التورية لان تصديق مدعي التورية في الطلاق مشروط بحصول الاكراه فيه ولا اكراه [illegible] فلا تصديق [illegible] مع اشتراط تصديق مدعي التورية في الطلاق بحصول الاكراه [illegible] ولو ورى المكره [illegible] يقع [illegible] وحكم المورى المكره في الطلاق لا يقع [illegible] بخصوصه وبتعليق الحكم بالمشتق المورى في الطلاق [illegible] فيه يقع طلاقه كما [illegible] المنافي الذي يتراءى بين قوله ولو ورى المكره [illegible] باعتبار نفي التورية في الطلاق بين الاكراه [illegible] باعتبار التورية في الطلاق الذي [illegible] باشتراط حصول الاكراه وعدم اعتبارها [illegible] مقيد بعدم حصول الاكراه فيكون الاعتبار الذي [illegible] قبيل قوله [illegible] في الطلاق المتضمن المذكور [illegible] ظاهراً وباطناً ولا [illegible] التورية [illegible] لم لا يأول قوله ولو ورى المكره المورى [illegible] من كون الفعل مجهولاً او صفة والاسم [illegible] [illegible] ليس كذلك لان المكره حقيقة لا يقع طلاقه [illegible] ان يقول [illegible] بالتأويل الاخير ولكن هذا القيد [illegible] وحكم كذا [illegible] كما في قوله تعالى وربائبكم اللاتي في حجوركم الخ على انه لو قيل ليس المعنى على اعتبار التفريع بل على اعتبار الاداة والموهوم للقيد المذكور بناء على ان معنى قوله ولو ورى المكره المتردد في كونه مكرهاً المورى في الطلاق لا يقع طلاقه [illegible] قوله لا قول وتغير الخ ويدل عليه ايضاً عدم امتناع الاكراه في التورية بل لا ناف [illegible] صحيح وليس ببعيد ولينفع [illegible] الذي ذكر ما وقع به الاخ الفاضل النسيب الشيخ عبد اللطيف وامثاله من الاخبار الذي الكلام فيه من قبيل قول الاقوال [illegible] السلطان الخ مبني على ابتناء هذا القول على عدم اعتبار القيد بعدم التورية مع انه [illegible] فلا [illegible] كما لا يخفى [illegible] قول صاحب التحفة [illegible] قول المتن فلو ورى متصلاً به [illegible] حلفه في العزم من [illegible] الاستحلاف او حلف ابتداءه فالعبرة بنيته وان اثم بها ان ابطلت حقاً لغيره الخ يدل [illegible] على امتناع التورية مطلقاً حين الاكراه وعدمه في الطلاق وغيره [illegible] قول شيخ الاسلام في شرح المنهج بازيد تفصيلاً حيث قال فلو حلف انسان ابتداء او حلف عند الحاكم او حلفه الحاكم بغير طلب او بطلاق او نحوه اعتبرت نية الحالف ونفعته التورية وان كانت حراماً حيث يبطل بها حقاً لغيره اه اذا فهمت هذا فالوجه الظاهر الحكم بالوقوع ظاهراً لا باطناً والحق [illegible] اعلم وهو الذي ابتدا الى عيوب واخرجني من الجهل عبد القادر [illegible]

[illegible] مجبر [illegible] وقصد التوريه [illegible] اگر لفظه کی مراد [illegible] : [illegible]

[illegible]

[illegible] كما افاده مولانا [illegible]

[illegible]

[illegible] عبد القادر [illegible]

٥ / ٢٠ / ... [illegible]

سئل عن رجل قاطع الطريق اخذ دراهم كثيرة من رجل آخر في ميدان جلال واشتكى المظلوم الى رئيس ... [illegible]

... عن رجل ... في ميدان جلال فقال الرجل في جوابه ما اخذت شيئا منه وما سلبت منه اموالا ... [illegible]

... ان تحلف بالطلاق ثلاثا ... [illegible]

وجرى الرجل ... الصيغة كما قاله الرئيس بحضور جماعة من الطلبة ثم بعد مدة ثلاثة اشهر ... [illegible]

في ميدان جلال لاخذ المال ظلما ... فهل اجبار الرئيس اياه على الحلف ... [illegible]

... القصد كما صرح كلام الانوار في بحث الاكراه في صحيفة ... [illegible] ... الطلاق ...

... ولو ادعى التورية صدق ... [illegible]

منه بل يدين كما صرح ... في بحث الطلاق في صحيفة ١٠٧ ولو قال ان دخلت الدار او كلمت زيدا فانت طالق ثم قال ... [illegible]

... لانه امين في حقوق الله تعالى ... [illegible]

ولم يقبل ولو قال والله لا ادخل الدار او لا اكلم زيدا ثم قال ... [illegible]

... بالنية كما لو قال لا ادخل دار زيد وقال اردت مسكنه دون ملكه فيقبل في الحلف بالله ... [illegible]

... قال ابن الصباغ في الشامل ... ولو حلف حالف ... [illegible]

الطلاق والعتاق ويدين فيهما ... فان كان في طلاق او عتاق لم يقبل ... [illegible] ... الجواب ان

... ولو اخذه السلطان الظالم بسبب غيره وطالبه به فقال لا اعرف موضعه ... [illegible]

اجبار الرئيس ليس باكراه ... [illegible] ... ذلك القصد وما يدل عليه ... [illegible]

... فلم يخله حتى يحلف بالطلاق ... [illegible]

... [illegible] ... الحلف ...

بالطلاق والعتاق ... [illegible] ... كلام ... في فصل كيفية الحلف وضابط الحالف ... [illegible]

... [illegible] ...

... الاستثناء والشرط مثلا ... عند الذكر لا القصد فقط

... [illegible] ... هذا القصد لا يقبل من الحالف في مسئلتنا والله اعلم بالصواب

[illegible]

اقول وبالله التوفيق وعليه التكلان – الاجبار المذكور في السؤال ليس باكراه حتى لا يحتاج الى التورية ... [illegible] ... في حصول الاكراه ...

... فلا تنفعه التورية ظاهرا ... قال ابن الصباغ في الشامل والماوردي في الحاوي

ولو حلف حالف ... فان كان في طلاق او عتاق لم يقبل ... [illegible]

... الطلاق والعتاق ... [illegible]

... التورية والتأويل في الدعوى ... في صحيفة ... [illegible]

... [illegible] ... الحالف وتنفعه التورية ... [illegible]

... الطلاق ... [illegible] ... فان كان في طلاق


او عتاق لم يقبل ... [illegible] ... الانوار ... الثاني

... [illegible] ... سيدنا محمد وآله وصحبه ... [illegible]

[illegible]

... [illegible] ...

... [illegible] ... والسلام ... [illegible]



السؤال

لو وقع عقد صحيح [illegible] ثم [illegible] الصغيرة [illegible]

[illegible] القاضي [illegible] الحكم [illegible] بالابطال [illegible] الحكم [illegible]

عبارة التحفة وشرح الحاوي في باب القضاء [illegible] رأيت [illegible]

وكلام المتحرر هذا اعلان الانكحة الصحيحة في مذهب [illegible] مذهب الشافعي [illegible]

الحكم بصحتها قبل رفعها [illegible] البطلان متفقا عليه [illegible] الخلاف [illegible]

قبل رفعها [illegible] الصحة متفقا عليه ولا يجوز للقاضي الشافعي [illegible] الحنفي صحيح [illegible]

فهل الاسائل [illegible] تحقيق الحق [illegible] الشبهة والفتوى [illegible] صحيح [illegible]

فنرجو الجواب [illegible] الحقير [illegible]

الجواب [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] سيدنا محمد صلى الله عليه وسلم [illegible]

[illegible] ولا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم [illegible]

[illegible]

"بحر الأنساب" و شەجەرەکانی بنەماڵە سەیدەکانی کوردستانیش سەرچاوەگەلێکی بێگەردی مێژووین

٥٤٨

بۆ ئێمەی کورد کە خۆمان مێژووی کورد و کوردستان و زانا و ناودارانی کوردمان نەنووسیوەتەوە و، ئەوەیشی کە بیانیان لەبارەی مێژووی کورد نووسیویانە هەرچی ببێت ناتەواوە و، وەک پێویست یان کاریان بۆ نەکردووە، یان بۆیان نەکراوەو، ئەوەی نووسیویانە بێ هەڵە و کون و کەلەبەر نییە و زۆرمان ماوە بگەینە مێژوویەکی تۆمارکراوی دروستی جێگەی متمانە.. بۆ ئێمە لە وەها حاڵێکدا پێویستیمان بە هەموو سەرچاوەیەکی دروستی پێوەندیدار بەهەر بابەتێکی مێژووی کوردەوە هەیە، دەبێ زۆر ورد بۆ ئەو سەرچاوانە بگەڕێین و، بیانبووژێنینەوە و، هەرچییان لێ وەردەگیرێ بیخەینە بەردەستی لێکۆڵەرەوان و مێژوونووسانمان.

یەکێک لەو سەرچاوانە کە تا ئێستە وەک پێویست سوودی تەواوی لێ وەرنەگیراوە شەجەرەی بنەماڵە شێخ و سەیدەکانی کوردستانە کە لە کۆنەوە لە کوردستاندا جێگەی بایەخ بوون و، بە خەتی خۆش و عیبارەتی رەوان و بەرز نووسراونەتەوە و، پشتاوپشت لێیان زیاد کراوە و نەوەی نوێیان خراوەتە سەر و هەموو جارێکیش بۆ پشتڕاستکردنەوەی ناوەڕۆکەکانیان مامۆستا و شێخ و پیاو چاک و زانا و ناوداری ئەو چەرخە کراون بە شایەت لەسەر ناوەڕۆکی شەجەرەکان و، بە نووسین و ناو و مۆری خۆیان دروستیی ناوەڕۆکی شەجەرەکەیان سەلماندووە.

بۆ زانینی سەردەمی ژیانی ئەو زانا و مامۆستا و ناودارانە بوونی مۆر و ئیمزایان بە دامێن و پەراوێزی شەجەرەکانەوە بەڵگەگەلێکن وێنەیان کەمە و جێگەی گومان و دوودڵیش نین.

لەم بارەوە مامۆستایان و زانایانی پێشوومان چەندین کتێب و (بحر الأنساب)یشیان نووسیوە، گەلێکیان تێدا چوون و ناویان بەسەر زاران و لە سەرچاوەکاندا ماوەتەوە. هەندێکیشیان لەملاولا ماونەتەوە و تا ئێستە بۆیان نەلواوە چاپ بکرێن و بخرێنە بەردەستی پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوان.

ئەو کتێبانەی لەبارەی رشتەی بنەماڵەکان (الأنساب)ەوە نووسراون سەرچاوەگەلێکی بێگەردن بۆ زانینی مێژووی زانایان و ناوداران و هاوچەرخانیان؛ چونکە گەلێ لە دانەرەکانیان بە قووڵی و فراوانی لە کارەکانیاندا رۆچوون و، باش دەستیان داگرتووە و، باسی هەر کەسێک لە زانایانی سەردەمی خۆیان و پێشتریان کردووە بە تانی لایەنەکانی ژیانیاندا چوون و، لە خوێندەوارییان و خەتخۆشییان و ئازایەتییان و بەخشندەیی و دەهەندەییان وهاوەڵان و هاوتەمەنانیان و مامۆستا و قوتابییانیان و... هتد، هیچ لایەکیان بێبەش نەکردووە، هەر کامێکیان بەشی خۆیان لە نووسینەکەدا هەیە. ئەوانیش تێکڕا یان یەکە یەکە بۆ کەسانی ئەمڕۆ کە بۆ دۆزینەوەی مێژووی

دروستی ئەوان ئەگەڕێن نرخیان هەر تەواو نابێ.

ناوی گەلێک لەوانەم بیستووە و هەندێکیشیانم دیوە. یەکێک لەوانە کە وێنەم لەلایە و تا ئیستە چاپ نەکراوە و، چاوەڕێی هەوڵ و کۆششی کەسانی پسپۆڕ و کارامەیە تا کاری بۆ بکەن، سا یان وەک خۆی، یان بە وەرگێڕراویی بۆ زمانی کوردی یان عەرەبی چاپی بکەن و کتێبخانەی مێژووی زانا و ناودارانی کورد بەو سەرچاوەیە دەوڵەمەند بکەن.. یەکێک لەوانە کتێبی (الأشرافية)ی دانراوی شێخ مەحموودی شۆڕیجەیە، کە کتێبێکی گەورە و نایاب و کەموێنەیە.

جگە لەم کتێبەیش چەندان (بحر الأنساب)ی هاووێنە و لەو گەورەتر و بچووکتر هەیە، ئەوانیش هەر چاوەڕوانی هەوڵی دڵسۆزانەی شارەزایانی ئەو بوارەن، بەڵکو لایان لێ بکەنەوە و چاپیان بکەن.

لە ناوەڕۆکی ئەم (بحر الأنساب)ەو هاووێنەکانیانەوە گەلێ زانیاری بەسوود و نەوازە وەردەگیرێن لە شوێنانی تردا بە ئاسانی دەست ناکەون. بۆ نموونە:

ئەو شێخ و سەیدانەی لە شەجەرەکان و (بحر الأنساب)ەکاندا ناویان هاتووە، بە زۆری شاعیر و ئەدیب و زانایان تێدا بووە، دەکرێ لە رووی شەجەرەکانەوە لاپەڕەگەلی نەزانراو لە ژیانیان بزانرێت.

کە لە تەک باسی شێخەکاندا باسی کەرامەت و خەواریقاتیان دەکرێت، یان باسی مورید و مەنسووبیان، یان تەنانەت ئەوانەی دژیان بوون... زۆربەی ئەو کەسانە ئەدیب و شاعیر و زانا بوون، بەمەیش هیچ نەبێ کات و سەردەمی ژیانیان دەزانرێ.

لە (بحر الأنساب)ەکاندا ناوی دەیان شەجەرەی بنەماڵە شێخەکان هاتووە، کە هەر شەجەرەیەکیان ناوی چەندان زانا و شێخ و ناوداری ئەو سەردەمەی پێوە بووە، زانینی هەواڵی هەندێک لەو شەجەرانەیش بۆ خۆی کارێکی ترە.

لە (بحر الأنساب)ەکاندا چەند پارچە شیعر و تاک و چوارخشتەکی هەن کە یان لە سەرچاوەکانی تردا نین یان جیاوازییان هەیە، دۆزینەوە و ساغکردنەوەی ئەو پارچە شیعرانە و دانانیان لە شوێنی خۆیاندا لە دیوانەکاندا، گوڕ و تینێکی نوێ دەدا بە کاری لێکۆڵینەوەی بەرهەمی شاعیرانمان، بۆ نموونە لەم (بحر الأنساب)ەدا کە باسی دەکەین یەک تاک شیعری شێخ رەزای تاڵەبانی هەیە، لەلایەکەوە تاکە شیعرەکە لە دیوانەکەدا نییە، لەلایەکی تریشەوە: شاعیر شیعرەکەی بۆ کێ داناوە؟ ئەمەیش لە قسەی خاوەنی (بحر الأنساب) شێخ مەحموودەوە دەردەکەوێ کە دەڵێ: ئەم بەیتەی بۆ من وتووە، واتا بۆنەی وتنی شیعرەکەمان زانی بەوەیش مانا و مەبەستی شیعرەکە باشتر و روونتر دەزانرێ.

ئەمەیش تاکە شیعرەکە:

شاد باش أي شيخ (محمود) الخصال

أي جليل القدر معدوم المثال.

***

هەروەها وا دەبێ نووسەری (بحر الأنساب)ەکە لە کاتی نووسینی ناو و باسی زانایاندا باسی دانراوەکانیان دەکات و، ڕێک کەوتووە ئەو دانراوەکانی ئەو زانایانەی دیوە و ناوی هەموویان یان هەندێکیان دەبات کە ئێمە هەواڵێکمان لێیان نییە. ئەمەیش بۆ خۆی لایەنێکی تری دەوڵەمەندکردنی مێژووی زانایان و ناودارانمانە.

بۆ نموونە لەم (بحر الأنساب)ەی بەردەستماندا ناوی چەندان کتێب هاتووە لەوانە:

١- جامع الكرامات: دانراوی مەلا سولەیمانی نەقشبەندی.

٢- جغرافية حاجي أمين أفندي.

٣- زنبيل مختصر كشكول.

٤- (بحر الأنساب)ی شێخ حەسەنی گڵەزەردە و چەندان کتێبی تر.

***

دەبێ ئەوەیش نەبوێرم لێرەدا مەبەستم کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هەموو شەجەرەکانی بنەماڵە سەیدەکانی کوردستان نییە و، ئەو شەجەرانە لەوەندە زیاترن کتێبێکی وەها بیانگرێتەوە، وەک مەبەستیشم ئەوە نییە لە ڕاست و دروستیی یان نادروستیی ناوەڕۆکی شەجەرەکان و ڕشتەکانیان بکۆڵمەوە، ئەوەیش -دووبارە- هەر زۆر و بگرە زۆرتری دەوێت، پێش زیاتر لە چارەکە سەدەیەک لە کۆتاییی بنەماڵەی زانیاراندا ڕا و بۆچوونی خۆم لەسەر ئەم لایەنە بە ڕوونی نووسیوە. مەبەستم لەم کارەم لایەنی مێژوویی و بەڵگەنامەییی ئەم شەجەرانەیە و هەرکەس هەر چۆن بۆیان بڕوانێ ئەگەر لە چاوی منەوە یان لە چاوێکی واقیعبینانەوە سەیریان بکا ناتوانێ لە بابەتی بەڵگەنامەی مێژوویی وەدەریان نێ.

لایەنێکی تر:

ڕەنگە کەسانێک بێن بڵێن: بەم کارە بەشێکی کوردستان دەبن بە عەرەب و ڕشتەیان دەگەڕێتەوە بۆ عەرەبەکان! لێرەدا دەگوترێ: وەک عەرەب بۆ زۆرکردنی ژمارەی خۆیان دەڵێن: (العربية لسان) یان (العرب من تكلم العربية) واتە: عەرەبی و عەرەببوون بە زمانە، یان عەرەب ئەو کەسەیە بە زمانی عەرەبی بدوێت، ئێمەیش دەڵێین: کورد ئەو کەسەیە بە کوردی بدوێت و کوردی بزانێ و ئاخاوتنی بە کوردی بێ.[١]

جگە لەمەیش خاوەنی ئەو ڕشتە و شەجەرانە شانازی بە کوردایەتی خۆیانەوە دەکەن و، لە ڕشتەکانیاندا جگە لە کوردی لەقەبی گۆرانی بە خۆیان دەدەن.[٢] من لێرەدا حەز دەکەم بەو

(١) جگە لەمانەیش من بزانم ئێمەی کورد ڕشتە و ڕەگەزی خۆمان بە دروستی نەپاراستووە و ناتوانین بڵێین: فلان تیرە و هۆز پاش ئەوەندە پشت دەچنەوە سەر ڕەگەزی فلان ناوداری دێرین و ناسراوی کورد و فلان تیرەیش دەچنەوە سەر کەسایەتییەکی ناوداری دێرینی کورد. ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە و لێدوانی وردی زۆری دەوێ.

(٢) ئەم دیاردەیش تەنیا لەناو کورددا نییە و لە گەلانی غەیرە عەرەبی دراوسێی و دوورە شوێنێدا هەن وە =

کەسانە بڵێم: ئەی بۆ خەمێک لەو سەدان زانای گەورەی کورد و دەیان خێزان و بنەماڵەی زانیاری کوردە ناخۆن کە لە ئاوارەییدا تواونەتەوە و ناویشیان نەماوە؟ هەر لە بەغدادا بنەماڵەکان: زەهاوی حەیدەری و سنەیی و پشدەری و، لە مەکە و مەدینەدا گەردیی و گۆرانی و، لە زۆربەی شارەکاندا شارەزووریی و چەلەبی و... هەبوون هەموویان بوون بە ئاردی بن درک و کەس هەواڵیان نازانێ!

رەنگە کەسانێکیش بڵێن: ئەی ئەم هەموو شەجەرەیە چییە؟ بۆ ئەوەیش دەڵێم: رەنگە ئەم شەجەرانە کەم بن و زۆر لەمانە زیاتریش هەبووە و تێداچوون، چونکە هەر لەناو ئەم شەجەرانەدا دەخوێنینەوە کە شێخ مەعرووفی نۆدێ دوو شەجەرەی بۆ دوو برا دروست کردووە، یان یەک دێی بچووکی وەک دێی تەکیە، لەچاو ئێستەدا، هەشت شەجەرەی تێدا بووە.

لەلایەکی تریشەوە ئەگەر بمانەوێ رەوشی زانست و بوونی پیاوانی زانا و ژمارە و ئەندازەی توانا و لێهاتوویی زانایانی چەرخانی پێشوو و سەردەمی ئەو زانایانەی ئەو شەجەرانەیان مۆر کردووە بزانین، ئەوە ئەگەر ئەو شەجەرانە لە سەدا سەدی ئەو بوارانەمان نەدەنێ ئەوە دەشێ بکرێن بە بەڵگەی رواڵەتێکی نزیک لە تەواوی ئەو مەبەستانە؛ چونکە لەلایەکەوە لە هەر چەرخێکدا کە شەجەرەیەک نووسراوەتەوە هەوڵی ئەوە دراوە زانایانی ئەو ناوچەی شەجەرەکەی تێدا نووسراوە بکرێن بەشایەت لەسەر ئەو شەجەرە، ئەمەیش ئەگەر بە هەموو زانایان نەگەیشتبن، یان هەموویان مۆریان نەکردبێ ئەوە-بێگومان- بەشی زۆریان بەو کارەدا گەیشتوون.

کە ئەمەیش ئەنجام درا بە زۆری دەقەکان دەبنە ئاوێنەی نواندنی توانای مامۆستایانی خاوەن دەق و بەرمۆرەکان. ئەوەتا لەم دەقە جۆراوجۆرانەدا دەقی زۆری باڵای وا دەبینی هاوار دەکات و پێت دەڵێت: ئەو کەسەی ئەم دەقەی نووسیوە پیاوێکی خاوەن توانای کەموێنە بووە. وەک لە تەک ئەو دەقەدا دەقی مامناوەندی و لاوازیش دەبینی.

هەروەها لە رووی ناوی خاوەن دەقەکانەوە دەزانین لەو سەردەمەدا کێ قازی کوێ بووە. کێ لە فلان ناوچەدا موفتی بووە، مامۆستا و مودەڕیسی مزگەوتی فلان کام مامۆستا بووە. ئەو کەسانەی کە بە کاری نووسینی مێژووی زانایان و ناودارانەوە خەریک دەبن دەزانن بوونی ئەم ناوانە لەو شەجەرانەدا بە خەتی خودی مامۆستا و موفتی و قازییەکان چ دەورێکی هەیە لە دروستیی نووسینی مێژووی ئەو زاتانەدا. جا ئەگەر ناوەکان لە چەند شەجەرەی جۆراوجۆردا کە لە کاتگەلی جیاجیادا نووسرابنەوە و دەست بکەون ئەوە ئەوەندەی تر سەرچاوەی مێژوویی بۆ لێکۆڵەرەوان دەخەنە دەست.

= جێگەی تەشەر و توانجی گەلەکانیشیان نین. بۆ نموونە سەید عەلی خامنەئیی و پێشتر ئایەتوڵڵا خومەینی و سەیید محەمەدی خاتەمیی و دەیان گەورەی ئێران ناوی سەیدیان پێوەیە و بەمەیش لە فارسێتیی نەشۆراونەتەوە. بگرە ئەوەندەی ئەوان هەوڵی پاراستنی رەگەزی فارسیی دەدەن کەم کەس بەو شێوە رەگەزی خۆی دەپارێزێ.

الأشرافيه

سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ مێژووی زانایانی کورد

٥٤٩

ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە دەگمەن و گەورەکانی دەستخەتخانەی کوردستان.

دانراوی زانای مەزن شێخ مەحموودی شۆڕیجەیە، بە زمانی فارسییە. (٥٠٠) لاپەڕە زیاترە. پێوانەکەی (١٣×١٧)ی، لاپەڕەی (١٢) دێر زیاتر و کەمتری تێدایە.

لەبەرئەوەی ئەم کتێبە تا ئێستە چاپ نەکراوە و دەگمەنە و کەم کەس ئاگای لە ناوەڕۆکەکەیەتی، وام بە باش زانی گەشتێکی خێرای پێدا بکەم و پسپۆڕان و خاوەن مەبەستان لە ناوەڕۆکەکەی ئاگەدار بکەم، بەڵکو لەو گۆشەی دوور لە خوێنەرانە رزگاری ببێت و، شوێنی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێت.

ئەم دەستخەتە لە سەرەتاوە ناتەواوە و پێشەکی دیار نییە و لەوە دەچێت زۆری لەناو چووبێت.

١- ئەوەی کە ماوە بە باسی ڕووداوی کەربەلا و شەهیدبوونی حەزرەتی حسەین دەست پێ دەکات. لە پەڕەی (٦)دا هەندێک باسی بنەماڵەی (خادم السجادە) لە کەرکووک دەکات.

٢- باسی حەزرەتی (زین العابدین) (١٢).

٣- باسی ئیمام محەمەدی باقر. (١٣).

٤- باسی ئیمام جەعفەری سادق. (١٥).

٥- هەندێک باسی پیر خدری شاهۆ (٢٣).

٦- هەندێک دەربارەی ئیمام مووسا و بەسەرهاتەکانی (١٧).

٧- نەوەکانی ئیمام مووسای کازم. (٢٣).

٨- إبراهیم سمین (٢٤).

٩- ئیمام (علي الرضا) (٢٥).

١٠- باسی (محمد التقي) (٣١).

١١- باسی (علي النقي) (٣٣).

١٢- باسی ئیمام حەسەنی عەسکەری (٣٥).

١٣- باسی ئیمامی مەهدی (٣٧).

١٤- باسی ئیمام حەسەن (٤١).

١٥- باسی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (٤٢).

٧٨- باسی شێخ محەمەدە سوورەی کوڕی شێخ محەمەدی نۆدێ (١٦٣).

٧٩- باسی شیخ ئەحمەدی غەزائی کوڕی شێخ محەمەدی نۆدێ (١٦٤).

٨٠- باسی حەزرەتی شێخ مەعرووفی نۆدێ نەوەی شێخ ئەحمەدی غەزایی (١٦٥).

٨١- باسی کاک ئەحمەدی کوڕی شێخ مەعرووفی نۆدێ (١٦٥).

٨٢- موفتی زەهاویی لەناو باسدا (١٦٦).

٨٣- ئەحمەد بەگی کەندە سوورە و زیندانیی (١٦٧).

٨٤- حەسەن فەهمی شێخولئیسلام (١٦٨).

٨٥- لەناو باسدا بابا ڕەسووڵ، مەلا ئەحمەدی چاومار، بابا ڕەسووڵی موفتی (١٧٠).

٨٦- شێخ ئەحمەدی میرەسوور و چەند کەسی تر (١٧١).

٨٧- مەکتووبات و گوللە بەند و کۆچی دوایی کاک ئەحمەد (١٧٢).

٨٨- (نقیب الإشراف)ی سلێمانیە (١٧٣).

٨٩- باسی شێخ عیسای کوڕی شێخ ئەحمەدی غەزائی (١٧٤).

٩٠- باسی شێخ عەلی دۆڵپەموو (١٧٥).

٩١- شێخ ڕەزای هەنگەژاڵ (١٧٦).

٩٢- باسی شێخ عیسای کوڕی شێخ عەلی وەندەرینە (١٧٦).

٩٣- باسی شێخ ئیسماعیلی کوڕی بابا رەسووڵی گەورە (١٧٧).

٩٤- باسی شێخ بایەزیدی کوڕی شێخ ئیسماعیلی کوڕی بابا ڕەسووڵی گەورە (١٧٨).

٩٥- باسی شێخ تەهای کوڕی شێخ رەسووڵی کوڕی شێخ بایەزید (١٧٩).

٩٦- باسی شێخ حسەینی ئەلەعیی نەوەی شێخ بایەزید (١٨١).

٩٧- شێخ حەسەنی کونە کۆتری کوڕی شێخ بایەزید (١٨١).

٩٨- شێخ ئیسماعیلی کونەکۆتری ئیمامی شافیعییەکانی مزگەوتی حەیدەرخانە لە بەغدا (١٨٣).

٩٩- شێخ حەسەنی کوڕی بابا ڕەسووڵی گەورە باپیری سەیدەکانی کاکەسووری (١٨٣).

١٠٠- باسی شێخ محەمەدی مەدەنیی کوڕی بابا ڕەسووڵی گەورە (١٨٤).

١٠١- شێخ حەیدەری کوڕی بابا ڕەسووڵی گەورە باپیری سەیدەکانی ئەڵەبجە و خەرپانی (١٨٤).

١٠٢- لەناو باسدا شێخ مەحموودی کوڕی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی (١٨٤).

١٠٣- چەند دانراوێکی شێخ محەمەدی مەدەنیی و (١٨٤).

١٠٤- باسی ساداتی نەعیم (١٨٥).

١٠٥- باسی نەوە بێ نەوەکانی شێخ بابا ڕەسووڵی گەورە (١٨٥).

١٠٦- باسی سەوزە لەسەر نانی- مێزەری سەوزی- سەیدەکان (١٨٥).

١٠٧- باسی گەورەیی حەزرەتی فاطیمە لە چاو خوشکەکانی تردا (١٨٧).

بە نەقڵ لە ئیبنوحەجەرەوە.

تەرجەمەی الأشرافیە
وەرگێڕانی مامۆستا مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا رەسووڵ

٥٥٠

لەسەر ژیانی مامۆستا مەلا ئەحمەد نووسراوە

ناوی ئەحمەد و کوڕی حاجی مەلا رەسووڵی دێلێژەییە. لە شاری سولەیمانی هاتووەتە دنیاوە لە خانەقین کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی براوەتەوە بۆ سولەیمانی لە گردی سەیوان نێژراوە. شاعیرێکی بەرز و عالمێکی بەرزتر بووە.

دوکتۆر عیزەدینی برازایشی لەبارەیەوە نووسیویە:

فائیز لە مزگەوتی عیرفانی سلێمانی و لە بلێ (زێبار) و لە ساڵانی دوایی ژیانیدا لە مزگەوتی گەورەی خانەقین مودەڕیس بووە. دیوانێکی باشی شیعری هەیە. کاتێ دوکتۆر مارف خەزنەدار خەریکی ئامادەکردنی باسێ بوو پێکەوە چووینە شارەبان لای عەبدولقادری کوڕە گەورەی حاجی مەلا ئەحمەد (کە ئامۆزامە) هەموو بەرهەمی شیعری باوکی لەگەڵ چەند بەڵگەدا بۆ سوود لێ بینین دا بە دوکتۆر مارف. ئەوە بوو ئەویش لە باسەکەیدا بە چەند لاپەڕە باسی (فائیز)ی کردووە و ئیشارەتی بۆ ئەو یارمەتییەی کاک عەبدولقادر داوە...[1] ئەوە دیارە کە ئەم مامۆستا ناوی مەلا ئەحمەدە و لەقەبی شیعری (فائیز) بووە و، ئەم شتە کەمەی لەسەر نووسراوە ئیتر باسی بەرهەمەکانی نەکراوە. باسی ئەوەیش نەکراوە کە ئەم دانراوەی هەبێت. بەپێی ئەوەی ئەم نوسخە لەبەر نوسخەی حەفسەخانی نەقیب نووسراوەتەوە دوور نییە مامۆستا مەلا ئەحمەد ئەم کتێبە (رسالة الأشرافیة)ی لەسەر داوای حەفسەخان تەرجەمە کردبێت. جا ئەگەر ئەو نوسخەی لای حەفسەخان بووە دەست بکەوێت، یان نوسخەیەکی تری دەست بکەوێت ئەوە ئەو کاتە دەزانرێ ئەم کتێبە چۆن وەرگێڕراوە.

بەپێی ئەوەی ئەم دەستخەتە- وەک لەمەولا دەیبینی- ساڵی ١٩٣٦نووسراوەتەوە دەبێ ئەم کتێبە پێش ئەو مێژووە کرابێت بە کوردی، بەڵام نازانین کەی بووە.

باسێکی دەستخەتەکە:

ئەم دەستخەتە بە خەتێکی خۆش بە مەرەکەبی شین و سوور نووسراوەتەوە، لە سەرەتایەوە چەند

---

(١) بڕوانە: دیوانی سەفوەت، دیوانی مەلا مستەفای حاجی مەلا رەسووڵی دێلێژە. پێشەکی و ئامادەکردن و پەراوێز بۆ نووسینی دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ. دار الحریة للطباعة - بغداد. ١٩٨٤ ل: ٣١ .

لاپەڕەیەکی دڕاو و پەڕپووتە، هەندێ شوێنی ئاوی بەرکەوتووە و شوێنەکان شێواون، ١٤٩ لاپەڕەیە.

سەید محەمەدی کوڕی سەید ئەمینی قەشقەیی لە شێخانی سەڵپاتوو لە نەوەی شێخ ئیمام لەبەر نوسخەی حەفسەخانی نەقیب ساڵی ١٣٥٥ک- ١٩٣٦ز، لە ٢٨ی مانگی رەجەبدا نووسیویەتییەوە.

سەرەتاکەی ئاوایە:

«گەورەیی بۆ ئەو خوایە کە گەورەی عالەمە، رێکخەری جامیدات و حەیوانات و ئادەمە، عەقڵ لە چلۆنیی ئیشی ئەو سەرگەردران و ماتە، بۆ ناسینی ئەو پێغەمبەرەکان لە ئادەم تا خاتەمە. برژێنە رەحمەت ئیلاهی بەسەر ئەو محەمەدە کە نەخوێندەوارێکی حەکیمە، دامەزرێنەری دینێکی موهیمە، چەند فەیلەسووف و حوکەما سەرگەردانە لە عەقڵ و زانینی ئەم عاقڵە کە ئینسانە. لە زەمانی جەهالەتدا موئەیەدە بە قورئان، عاجزە لە خەلقی ئایەتێکی هەموو عولەمای جیهان. وە ئەو رەحمەتە لایقە بۆ ئەصحاب و ئال و ئەولاد و ئەتباعی وە بۆ هەرکەس کە ئیمانی هێناوە بە رەوشتی بە ئیجماعی.

لە پاشان: ئەم کتێبە لە پێشا بە زومانی فارسی بوو بۆ هەموو کەس ئیستیفادەی تەواوی نەبوو. کە ریسالەی ئەشرافییەیان پێ دەگوت. لە پاشا موحتەرەم جەنابی مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا ڕەسووڵ تەرجەمەی کرد بە کوردی. وە ئەم ریسالەیە بەحسی سیلسیلەی تاهیرە دەکات، وە بەعزێ لقەکانی کوردستان بەیان ئەکا، وە هەندێ عەرەبیش».

ئەم نووسەرەوە بەڕێزە باسی پێشەکیی وەرگێڕی کتێبەکە- جەنابی مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا رەسووڵ- ناکات و نازانین پێشەکییەکەی چۆن بووە و کەی ئەم کتێبەی کردووە بە کوردی، زانینی مێژووی وەرگێڕانەکە بۆ مێژووی پەخشانی کوردی کاریگەریی خۆی هەیە. نایشزانین ئەو نوسخە کە لە لای حەفسەخانی نەقیب بووە کەوتووەتە کوێ و چی بەسەرهاتووە.

کۆتاییی دانراوەکە:

لە کۆتاییی ئەم دەستخەتەوە هیچ قسەیەکی وەرگێڕ جەنابی مەلا ئەحمەدی کوڕی حاجی مەلا رەسووڵ نییە کە باسی وەرگێڕانەکەی بکا. ئەوەی کە کۆتاییی دەستخەتەکەی پێ هاتووە ئەمەیە:

«بە عەونی باری و حەمدی خودا یاری، وە هیممەتی حەزرەتی ڕەسووڵ و بەرەکاتی (فاطمة البتول) و ئیستیمدادی (علي مرتضى) و یاری (حسين المجتبى) و ئاگاداری جەددەکان و بە ئەنفاسی نافیذینی (سدەکان)- دەبێ سەیدەکان بێت -م. ع. ق- بۆ خزمەتی ئەجناسی سادات و ئەدای لەوازیمی میللەت لە واجیبات زانرا کە ئەم نوسخە بێ لاف و گەزافە بە سەعی و ئیهتیمام تەرقیم کەم لەسەر نوسخەی جەنابی نەقیبزادە کچی شێخ مەعرووفی نەقیب حەفصەخان لە سلێمانی لە مزگەوتە بچکۆلە لە تەئریخی١٣٥٥ی هیجری و لە ١٩٣٦ی میلادی لە مانگی (٢٨) رەجەب تەواوبوو. ئومێد ئەکەم هەر کەس سەهو یا زیاد و نوقصانێ ئەبینێ دەنگ بکا تا چاکی بکەم. وە (کاتب الحروف) سید محمد ابن سید أمين، لە ئەهالی قەشقە لە عەشیرەتی شێخانی سەڵپاتوو لە ئەولادی شێخ ئیمامن. ئومێدی عەفوم لە خوا هەیە و رجای شەفاعەتم لە (محمد

المصطفى) هەیە. یارەبی لێمـان خـۆش بی و بە ئامـالی دین و دنیـا نائیلمـان بکەی و لە غـەم و موصیبەت خەلاصمان بکەی. آمین یارب العالمین»

ئەوەی لێـرەدا دەبێ بگوترێ ئەوەیە کـە ئەم دەسـتـخـەتە ١٤٠ لاپـەڕەیە و، وا نووسـراوە کـە وەرگێڕراوی (الأشرافیة)یە دەبێ ئەمـە وەرگێڕراوی بەشـێکی بێت، چونکە (الأشرافیة) کتێبێکی گەورەیە و بەهیچ جۆر ناگونجێ بە (١٤٠) لاپەڕە بکرێ بە کوردی و دەبێ ئەمە کورتەی بێت.

دووبارە دێمەوە سەر ئەوە کە لێرەدا باسی پێشەکیی وەرگێڕ و قسە لەسەر وەرگێڕانەکەی نییە. بۆیە گومـان بۆ ئەوە دەچێت نووسەرەوەی دەستخەتەکە بەشێکی نووسیبێتەوە، هەروەک گومانیش بۆ ئەوە دەچێت کە وەرگـێـڕ خـۆی لە بنەڕەتدا پـوختـەی (الأشـرافـیـة)کـەی وەرگـێـڕابێت یـان لێی لابردبێ.

شەجەرەی سەیدەکانی حاجی مامەند

٥٥١

شەجەرەکانیش:

لە پەنای ئەو (بحر الانساب) و کتێبە دانراوانەدا لەم بوارەدا چەندان شەجەرەی کۆن و نوێ هەیە کە هەر یەکەیان پێوەندی بە ناوچەیەک و بنەماڵەیەکەوە هەیە و، هەر یەکەیان لە ناوەڕۆکەکەیدا ناوی چەند کەسایەتی هەیە، جگە لەوەی لە پەڕاوێز و ئەملا و ئەولای هەر یەکێکیاندا مۆر و ئیمزا و شایەتیی چەندان کەسایەتیی ناسراو و گەورە و جێگەی بڕوای لای خەڵکی سەردەمی خۆیان پێوەیە، بە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە لە شێوەی کتێب و نامیلکەدا، یان بە کۆکردنەوەی شەجەرەکان وەک خۆیان و چاپکردن و بڵاوکردنەوەیان، بەشێکی باش و سەرچاوەی مێژوویمان لە لەناوچوون رزگار دەکەین، لەولایشەوە کەرەستەی پوخت و جێگەی باوەڕ دەخەینە بەردەستی شەیدایان و سەرگەرمانی ئەو بوارانە.

لێرەدا ناڵێم: کاری گەورەم کردووە و چی بۆ ئەو مەبەستە پێویستە ئەنجامم داوە، ئەوەندە دەڵێم: بە خستنەبەرچاوی چەند نموونەیەک لەو شەجەرانە و، باسکردنی هەندێک لەو (بحر الانساب)انە، سەرنجی خاوەن مەبەستان و لێکۆڵەرەوان بۆ لای بایەخی ئەو سەرچاوانە رادەکێشرێت و بەرچاوڕوونییان دەکرێت و دەستیان دەگیرێت بۆ لای ئەوەی رێبازی سوودوەرگرتن لەو سەرچاوانە بگرنە بەر و، لێکۆڵینەوە و نووسینەوەکانیانیان پێ دەوڵەمەند بکەن.

لە تەک ئەم باسەدا دەق و پەڕاوێزەکانی سەر چەند شەجەرە دەخەمە روو، بە هیوای ئەوەی لێیان زیاد بکرێ و ئەم بابەتە دەوڵەمەندتر بکرێ.

لە پێشدا بە کۆنترین شەجەرە دەست پێ دەکەم کە لەم ماوەدا وێنەکەییم دیوە:

شەجەرەی سەیدەکانی حاجی مامەند

لە سەرەتا و کۆتاییی ئەم شەجەرەوە ناو و مۆری چەند زانا و ناوداری ئەو سەردەمە و دوای ئەو سەردەمەی پێوەیە، هەندێکیان لە وێنەکەدا باش دەرنەچووبوون بۆم نەخوێنرانەوە، ئەوانەیشیان کە خوێنرانەوە لێرەدا تۆماریان دەکەم:

لە سەرەتای شەجەرەکەوە دوو جێگە نووسراو هەیە سێ مۆریان لە خوارەوەیە. بەشی سەرەوەی نووسراوەکان لە وێنەگرتنەوەدا بەرنەکەوتووە و تێداچووە، بە هۆی ئەوەوە نازانرێت نووسراوەکە چییە. ناوی (السید کاك أحمد والسید...) لە بەشی یەکەمدا دەخوێنرێتەوە. لە بەشی دووەمدا (جنت مکان رئیس... السید عبدالغفور) دەخوێنرێتەوە.

له خوار ئەوەوە لەناو خڕکەیەکی سەرەتای شەجەرەکەدا نووسراوە:

(البرزنجي، المدرس العلماء سليمانية السيد حسن گلەزەردە).

له خڕکەیەکی تردا لەلای چەپی ئەمەوە بە مەرەکەبی سوور شتێک نووسراوە باش ناخوێنرێتەوە له کۆتاییەوە ناوی (مـلا مـحـمـد...) هەیە. له خواریەوە مۆرێک هەیە ناوی (مـحـمـد صـائب) یان (محمد صامت)ی تێدا نووسراوە.

له کۆتاییی شەجەرەکەیشەوە ئەم نووسراوانە هەیە:

(السيدان السيد طه، و السيد كاكه حمه، و السيد يسين، و جناب السيد بابا رسول كبير، و شيخ مصطفى نودي، و جناب نقيب الأشراف ميرة سور سليمانية، و جناب شيخ مصطفى مفتي مرحوم، و جناب شيخ حسين القاضي سليمانية، و شيخ عبدالصمد القاضي، كان المتقين و خبرين شهادتهما، و في هذا الشجرة الصحيحة... هما فختمهما جنت مكان رئيس... حضرت كاك أحمد الشيخ...)

(رأيت هذا الشجرة المباركة الصحيحة ما كذبناهما فختمناهما باشكاتب محكمة شرعية مامه خلى).

له ناو ئەم نووسـینانەدا (٣٧) مـۆر هەیە بەڵام ناخـوێنرێنـەوە، بەسـەر یەکێکیـانەوە نـاوی (بابا رسول) هەیە. بەسەر یەکێکیشیانەوە (حفيد سيد عمر) هەیە.

ئەم شەجەرە بۆ سەید مەحموودی قەڵەندەری نووسراوە و بەو دەست پێ دەکات. دوای ئەوە ناوی باو و باپیری نووسراوە تا دەگاتە سەر سەید ئەحمەدی ریفاعی و، سەید ئەحمەدی بەدەوی و، تا دەگاتە سەر (إسماعيل المحدث)ی کوڕی ئیمام مووسای کازم.

ئەوەی کە باوە و نووسراوە ئەوەیە کە شێخانی حاجی مامەندی لقێکن لە شێخانی تەکیە و لەوان جیا بوونەتەوە، بەڵام بەپێی ئەم شەجەرەی بەردەستمان ئەو شێخانە نەوەی (إسماعيل المحدث)ی برای ئیمام هەمزەن و نەوەی ئیمام هەمزە نین، بۆ روونکردنەوەی ئەمەیش دوا بە دوای ئەم بابەتە دەقی یەکێک لە شەجەرەکانی بنەماڵەی تەکیە وەک خۆی دەنووسم، تا بە بەراوردی لە تەک ئەمەدا ئەو راستییە روون ببێتەوە.

دەبێ لێرەدا یەک دوو شت بنووسم:

یەکەم: وەک دەبینی دەقەکە کۆنە و تەمەنی لە (٤٥٠) ساڵ زیاترە، بە فۆتۆغراف وێنە گیراوەتەوە، وێنەکە بچووکی کردووەتەوە، له هەندێ شوێنیدا باش دەرنەچووە و ناخوێنرێنەوە.

دووەم: دەقەکە لە رووی زمانی عەرەبییەوە لاوازە و هەڵەی زمان و رێنووسی تێدایە، وەک خۆی نووسیمەوە و، هەڵەکانیم چاک نەکرد.

سێیەم: قسەکان بە ناوی سەید مەحموودی قەڵەندەرییەوە کراون، کەچی خۆی بە خۆی دەڵێت (الولي، قطب العصر صاحب الخوارق والكرامات...) هەر لە دەقەکەدا و له کۆتاییی نووسینەکەیەوە نووسیویە:

(أما بعد: فإن الرجل الصالح المقبل على مولاه، المعرض عن من سواه، الراغب في الدار الآخرة،

المواظب على الأعمال الصالحة، جدي كبير السيد محمود قلندري، صاحب الخوارق والكرامات...).

جا دەبێ دوو سەید مەحموودی قەلەندەری بن؟ یان نووسینەکە کەوتن و هەڵەی تێدابێ؟

پێش دەقی شەجەرەکە ئەمە نووسراوە:

«هذه شجرة أصلها أصيل، فرعها نبيل، وحاملها رجل جليل، أسأل الله تعالى أن يرزقه الاستقامة بحرمة محمد صلى الله عليه وسلم، المهُبط عليه الوحي والتنزيل، أمضيتها وأنفذتها، وأنا أفقر الورى وخادم الفقراء الراجي عفو ربه الولي السيد محمود قلندري، قطب العصر صاحب الخوارق والكرامات خادم السجادة. جدى السيد الشيخ عبدالقادر الجيلاني قدس الله سره العزيز. اللهم صلي على محمد بحر أنوارك ومعدن أسرارك، ولسان حجتك، وعروس مملكتك، وإمام حضرتك، وطراز ملائكتك، وخزائن رحمتك، وطريق شريعتك، المتلذذ بتوحيد إنسان عين الوجود، والسبب في كل موجود، عين أعيان خلقك المتقدم من نور ضيائك، صلاة تدوم بدوامك، وتبقى ببقائك، لا منتهى لها دون علمك، صلاة ترضيك وتُرضِيه وترضى بها عنا يارب العالمين.»

دەقی شەجەرەکە:

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله فاتح أقفال القلوب بذكره، وكاشف استار الغيوب ببره، ورافع أعلام الزيادة للقائد بشكره. أحمده على أن جعلنا من أهل توحيده، وأشكره طالباَ لفضله ومزيده، وأصلي وأسلم على سيدنا محمد أفضل أنبيائه وعبيده، وعلى آله وأصحابه الحائزين لطويل الفضل ومديده.

أما بعد: فيقول العبد الفقير، المقرّ بالذنب والتقصير، الراجي عفو ربه، الولي، قطب العصر، صاحب الخوارق والكرامات، السيد محمود قلندري القادري الرفاعي، حاجي مامندي، المشهور بقصر الازار -قدس الله سره وأسراره- وأمه وهي من سلسلة حضرة الحسين- رضي الله عنه- إبن السيد إسماعيل.. أز جملة مشايخان بود، واز اولياء متقدمان وأعالم بأنوا ع العلوم الظاهر والباطن ابن السيد جعفر ابن السيد مراد ابن سيد... ابن سيد أحمد، ابن السيد رسول، ابن السيد عبدالرحمن، ابن السيد يوسف، ابن السيد عبدالمجيد، و سلطان العارفين السيد أحمد الرفاعي- قدس الله سرّه- ابن سيد معد، ابن السيد علي، ابن السيد منصور مشهور بالأولياء، ابن السيد مراد، ابن السيد إسماعيل، ابن السلطان العارفين السيد أحمد بدوي، ابن السيد معد، ابن السيد إبراهيم، صاحب الشريعة والطريقة القادري والرفاعي، ذو الخوارق والكرامات، ابن السيد إسماعيل المحدث الهمام الكبراء، ابن السيد موسى كاظم، ابن السيد إمام جعفر الصادق، ابن السيد محمد الباقر، ابن السيد إمام علي مثنى، ابن السيد الإمام زين العابدين، ابن السيد شباب أهل الجنة وقرة العين أهل السنة، الإمام عبدالله الحسيني.[١] رضي الله عنه- الإمام أمير المؤمنين علي بن أبي طالب- كرم الله وجهه- ابن عبدالمطلب، ابن هاشم، ابن عبدالمناف، ابن قصي، ابن كلاب، ابن مرة، ابن كعب، ابن لؤي، ابن

---

(١) لێرەدا هەڵەکە زۆر ئاشکرایە و ڕاستییەکەی ئاوایە: «الامام ابي عبدالله الحسين...»

غالب، ابن فهر، ابن مالك، ابن نضر، ابن كنانة، ابن خزيمة، ابن مدركة...»

تا سەر حەزرەتی ئادەم...

دوای ئەمەیش نووسراوە:

أما بعد: فأن الرجل الصالح المقبل على مولاه، المعرض عن من سواه، الراغب في الدار الآخرة، المواظب على الأعمال الصالحة، جدي كبير السيد محمود قلندري، صاحب الخوارق والكرامات، قدم بغداد، فزار حضرة جدي قطب الدوائر، والدرة الذخائر، ملحق الأصاغر بالأكابر، القطب الرباني، الغوث الصمداني، والقنديل النوراني، صاحب الإشارات والمعاني، السيد عبدالقادر الجيلاني، – قدس الله سرّه–. ثم بعد الزيارة جاء الينا والتمس منا تلقين كلمة التوحيد، فلقنته، كما تلقيته بالسند عن شيخي وإبن عمّي السيد الشيخ عبدالقادر القادري عن أبيه وشيخه السيد أبي بكر، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ إسماعيل، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ عبدالوهاب، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ نورالدين، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ محمد درويش، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ حسام الدين، عن أبيه وشيخه وابن عمه السيد الشيخ أبي بكر، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ يحيى، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ نورالدين، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ ولي الدين، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ زين الدين، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ شرف الدين، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ شمس الدين، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ محمد الهتاك، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ عبدالعزيز، عن أبيه وشيخه السيد الشيخ قطب العارفين ومرشد السالكين شيخ عبدالقادر الجيلاني– قدس الله سرّه– عن شيخه أبي سعيد المبارك المخزوم، عن شيخه حسن الحكاري، عن شيخه أبي الفرج الطرطوسي، عن شيخه عبدالواحد التميمي، عن شيخه أبي بكر الشبلي، عن شيخه أبي القاسم الجنيد البغدادي، عن شيخه سري السقطي، عن شيخه معروف الكرخي، عن شيخه قبلة الباطن أبو الحسن علي ابن موسى الرضا. قال: حدثني أبي موسى الكاظم، عن أبيه جعفر الصادق، عن أبيه محمد الباقر، عن أبيه زين العابدين، عن أبيه سيد شباب أهل الجنة وقرة أعين أهل السنة الإمام أبي عبدالله الحسين، عن أبيه الإمام أمير المؤمنين علي بن أبي طالب– كرّم الله وجهه– قال: حدثني حبيبي وقرة عيني رسول الله– صلى الله عليه وسلم– قال: حدثني جبرائيل– عليه السلام– قال: سمعت رب العزة– جل جلاله– يقول: لا إله إلا الله حصني، فمن قالها دخل حصني، فمن دخل حصني أمن من عذابي.

وبالسند المتقدم الى الشيخ المعروف الكرخي، عن شيخه داود الطائي، عن شيخه الحبيب العجمي، عن شيخه حسن البصري، عن شيخه الإمام الأمير المؤمنين علي بن أبي طالب– كرم الله وجهه– عن رسول الله– صلى الله عليه وسلم– عن جبرائيل– عليه السلام– عن رب العزة– جل جلاله– وبعد أن لقناه كلمة التوحيد، وأمرناه بتلاوتها عقب كل فريضة مائة وخمسة وستين مرة، وفي سائر الأوقات على حسب ما تيسر له... فمن نكث فإنما ينكث على نفسه، ومن أوفى بما عاهد عليه الله فسيؤتيه أجراً عظيماً.

وصلى الله على سيدنا ومولانا وشفيعنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

السيد محمود قلندر صاحب الخوارق والكرامات قدس الله سرّه.

والحمد ثم الحمدلله كه اين شجرهء متبرّكة وإجازه مكرمه در اوان سعيد، و زمان حميد، بتأريخ پانزدهم رجب المرجب في سنة ٩٢٥ هجري عليه الصلاة والسلام- أز دست أحقر العباد، وأضعف الأفراد، جناب سيد محمود قلندر صاحب خوارق وكرامات- غفر الله له ولوالديه- مرقوم ومكتوب گرديد، واز حليهء إختتام وزيور إتمام مزين ومرصع شد.

سيد محي الدين أمر الله، شيخ محي الدين فضل الله، أولياء محي الدين، أمان الله بابا محي الدين، نور الله غوث محي الدين، قطب الله سلطان محي الدين، سيف الله خواجه محي الدين، فرمان الله مخدوم محي الدين. برهان الله درويش محي الدين. آيات الله فقير محي الدين، معشوق الله پادشاه محي الدين، غوث الله.

أولاد حضرت شيخ عبدالقادر الجيلاني قدس الله سرّه العزيز: عبدالعزيز، عبدالوهاب، عبدالرزاق، عبدالجبار، عبدالغفار، عبدالغني، صالح، شمس الدين، محمد إبراهيم، عيسى، يحيى... حضرة السيد محمود قلندر مشهور بالأولياء قدس الله سرّه، ابن سيد إسماعيل، ابن سيد جعفر، حاجي مامندي، من محال سُروچك. رضوان الله تعالى عليهم أجمعين، ولسائر المسلمين آمين برحمتك يا أرحم الراحمين. أمّه الحسني وأبوه الحسيني. في سنة ٩٢٥ . ١٥ رجب المرجب.

شەجەرەی سەیدەکانی باراو

٥٥٢

ئەم شەجەرە بە خەتێکی (ثلث)ی زۆر نایاب نووسراوەتەوە، دیارە نووسەرەوەکەی لە کاتی خۆیدا خۆشنووسێکی دیاری سەردەمی خۆی بووە. کەم شەجەرەی وەها جوانم دیوە، بەڵام بەداخەوە کۆن بووە و دێرەکانی سواو و پواون، هەندێ شوێنی بە زەحمەتی زۆریش ناخوێنرێتەوە.

مۆر و ئیمزا و نووسینی چەند کەسی پێوەیە، بەداخەوە زۆری مۆر و نووسینەوەکانیش ناخوێنرێنەوە. ئەگەر وا نەبووایە لە ڕووی مێژووەوە شەجەرەکە گەلێ سوودی زیاتری دەبوو.

ئێستەیش لە تەک ئەو کۆنی و نەخوێندرانەوەییەیدا چەند زانیاری پڕ بایەخی لێ وەردەگیرێت.

یەکێک لەوانە: ئیمزای مامۆستا مەلا ئەحمەدێکی پێوەیە کە نووسیویەتی (أحمد الذهابي = ئەحمەدی زەهاوی) ئەم ئەحمەدی زەهاوییە بە باوکی محەمەد فەیضی زەهاوی = موفتی زەهاوی دەزانم. ئەگەر وایش بێت ئەوە یەکەم جارە دەزانین باوکی موفتیی زەهاوی مەلایەکی وەها بووە مامۆستا و مودەڕیس بووبێت لە یەکێک لە مزگەوتەکانی سلێمانیدا. وەک پێشتر دۆزیمەوە کە لە زەهاو بووە و ڕەنگە بە فەقێتی لەوێ بووبێت[1] هەروەها ناو و ئیمزای مەحموود ناوێکی پێوەیە کە قازی بووە لە قەڵاچوالان، ئەمەیش بۆ زانینی ئەو کەسانەی کە قازی بوون لە قەڵاچوالان بایەخی مێژوویی خۆی هەیە.

ئەسڵی ئەم شەجەرە لای کاک شێخ بەختیاری باراوی پارێزراوە و، وێنەیشی دا بە من.

شەجەرەی سەیدەکانی باراو[2]

هو الله المستعان واليه المرجع وعليه التكلان

بسم الله الرحمن الرحيم

هذا بيان نسب سيد سليمان الى سيد المرسلين وخاتم النبيين ورسول رب العالمين.

لعنة الله على داخل النسب وخارج النسب

وهذا اسمنا: سيد سليمان، ابن سيد إسحاق، ابن سيد نضر، ابن سيد مراد، ابن سيد محمد، ابن

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی حەوتەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٧ ، چاپی یەکەم. ل: ١٦٤.

(٢) باراو گوندێکە دەکەوێتە (٢٠کم)ی ڕۆژئاوای شاری سلێمانییەوە. سەر بە شارۆکەی چوارتا و ناحیەی بەرزنجەیە. کەوتووەتە نێوان قەڵاچوالان و بەرزنجە.

گوندێکی کۆنە، گۆڕستان و مزگەوت و شوێنەوارەکان بەڵگەی ئەو کۆنییەن. پێش ئەوەی ساڵی ١٩٨٠ =

سيد منهل، ابن سيد حاجي، ابن سيد يوسف، ابن سيد محمود، ابن سيد پير خضر [شاهوئي گويند].

وهو اسمنا سيد محمد، ابن سيد حسن، ابن سيد محمود، ابن سيد موسى، ابن سيد حسين، ابن سيد هدل، ابن سيد خليفة، ابن سيد منهال، ابن سيد ماجدالدين، ابن سيد إبراهيم، ابن سيد إدريس، ابن سيد جعفر الإمام الحسن العسكري، ابن الإمام علي النقي، ابن الإمام محمد التقي، ابن الإمام موسى علي الرضا، ابن الإمام موسى الكاظم، ابن الإمام جعفر الصادق، ابن الإمام المحمد! الباقر، ابن الإمام الزين العابدين، ابن الإمام الحسين، ابن الإمام المتقين علي بن أبي طالب.

وهذا بيان... نسب سيد المرسلين، وخاتم النبيين، ابن أبو البشر آدم عليه السلام، وهو محمد- صلى الله عليه وسلم- ابن عبدالله ابن عبدالمطلب إبن هاشم ابن عبدالمناف...

ئەو دەق و مۆرانەی دەخوێنرێنەوە

١- هو العالم تعالى شأنه

وحين ما نظرت في هذه الشجرة المباركة واطلعت عليها وأيقنت أنها صحيحة لا مرية فيها فمهرتها. أنا الحقير أحمد المشهور بذهابي المدرس ببعض مدارس سليمانية.

[مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە]

=ڕژێمی بەعس وێرانی بکا ٦٠ ماڵ بوو، ئیستە ئاوەدانە و نزیکەی ٣٠ ماڵی تێدایە. مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانەی تێدا دروست کراوەتەوە.

لە کۆنەوە قوتابخانەی ئاینی و مامۆستای شارەزا و بە توانای تێدا بووە. دانیشتوانی بەشدارییان لە ئاوەدانیی سلێمانیدا هەبووە، کە دروست کراوە. چەندان کەسایەتیی دیار و بەرچاوی تێدا بووە. لەوانە شێخ محەمەدی گوڵانیی کە لە سەرەتای دروستکردنی شاری سلێمانییەوە مزگەوت و قوتابخانەی ئاینی هەبووە بە ناوی (مزگەوتی قامیشان) لە گەڕەکی (کانی ئاسکان) باراوییەکان ئەم شێخ محەمەدەیان بە ریشسپیی خۆیان داناوە.

هەروەها لەناو خاوەن پیشەکانی سلێمانیدا کەسانی بەرچاوی باراویی وەک شێخ مەحموودی خەیات و شێخ جەلالی خەیات و شێخ مەحموودی دارتاش هەبووە.

ئێستایش چەندان کەسایەتیی ناسراو و خوێندەواری ئەکادیمیی لەناو شێخانی باراویدا هەیە.

شێخانی باراوی بەشداری کاریگەرییان لە شۆڕشەکانی کوردستان و خەباتی ڕێکخراوە کوردییەکاندا هەبووە.

یەکێک لەسەر لەشکرە دیارەکانی شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید شێخ حەمە عەلی باراوی بووە.

پێوەندیی پتەو لە نێوانی باراوییەکان و شێخ مارفی نۆدێ و کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحموودی حەفید و نەوەکانیاندا هەبووە و تا ئیستەیش ئەو پێوەندییە بە پتەویی بەردەوامە.

ئەم زانیارییانەم لە کاک شێخ بەختیاری شێخ مەحموودی شێخ ئەحمەدی باراویی وەرگرت لە تەک وێنەی شەجەرەکەدا کە باسیم نووسی.

٢-هو تعالى شأنه

نظر بمهور علماي معتبر حكم بصحت إين شجرة مصححه معتبره نمود. شجرة ايست كه خلافي ندارد.

تحريرا في شهر جمادي الله حرم سنة الف ومائتين وتسع وعشرين من الهجرة النبوية عليه أفضل صلاة وأكمل التحية.

[شوێنی مۆر و ئیمزاکەی دڕاوە]

٣- ينبغي لمن تأدب في الفقه بمحاسن الأدب أن يقضي بصحة ما شاع ثبوته من عمود كل نسب، وأن لا يطعن في شيئ من الأنساب. وهذا ما درج عليه السلف الصالح وأكابر أولي الألباب. ومدار ثبوت النسب إنما هو على الشهرة وشيوعه على ألسنة الناس، فقد أطبق الفقهاء على أن الإلحاق بالأب أمر حكمي كما حكاه المحقق إبن حجر في التحفة وغيرها عنهم وأقروّه، ولا حاجة إلى إقامة البينة على ذلك كما ادّعاه بعض الجهلة ممن لا يدَ له في الفقه. بل دعوى إقامة البينة... راجعة إلى الطعن وهو من عادة الجاهلية كما في الحديث.

وقد ورد: اثنتان في الناس هما بهم كفر: الطعن في النسب، و... على.

وورد أيضاً: إن الناس يدعون يوم القيامة بأسماء أمهاتهم من الله تعالى عليهم إلا هذا يشير إلى علي وذريته. فإنهم يدعون بأسمائهم وأسماء آبائهم لصحة ولاتهم. وقد قال الله تعالى: «ولا تقف ما ليس لك به علم إن السمع والبصر والفؤاد كل أولئك كان عنه مسؤلا».

حرره الحقير معروف النودهي.

[مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە]

٣- لا ريب فيه.

[مۆرەکەی] يا محمد.

٤- تواترت الأدلة والنقول على صحة هذه الشجرة التي أصلها ثابت وفرعها في السماء.. ولا في صحتها على..... فيه سقما ولا عقما. أنا الحقير طه إبن سيد رسول البرزنجي الحسيني...

[مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە]

٥- مۆرێکی چوارگۆشە دانراوە دوو جار ئەمسەرە و سەر (محمود)ی تێدا نووسراوە. لە پاڵیدا نووسراوە:

(الداعي الحقير محمود القاضي بقصبة قلعة چوالان)

شەجەرەی شێخ ئیسماعیلی کونەکۆتری

٥٥٣

ئەم شـەجـەرە کـاتی خـۆی- لە شێـوەی نووسـینەوە و رازاوەییـدا- یەکـێک بووە لە شـەجـەرە کـەم وێنەکـانی کـوردسـتـان. بە خـەتێکی (ثلث) و (نسخ)ی زۆر جـوان و نـایاب لەسـەر پێـست نووسراوەتەوە.

بەڵام دوایی بە لوولەکـراوی لە شـوێنێکدا دانراوە کـە نازانم لای کێ بووە، مـۆرانە تێی داوە و بەشی زۆری خواردووە و لەنـاوی بردووە. ئەو بەشانەی مۆرانە خـواردوونی بە تەواوی لەناو چوون و کەڵکی سوود لێوەرگرتنیان نەماوە.

لە سـاڵی ١٣٨٤ک- ١٩٦٥ز دا- دیارە لەو کاتەدا هێشـتـا مـۆرانە تێی نەداوە- یەکێک، کە ناوی خۆی نەنووسیوە، بە خـەتێکی خۆش دەقی شەجەرەکەی نووسیوەتەوە، بەڵام گوێی بە پەراوێزەکـانی نەداوە و ئەو مـۆر و شـایەتییانەی لە پەراوێزەکانیدان بەر ئـەو هەوڵی نوێکردنەوە نەکەوتوون، بەڵام خـۆشـبـەخـتـانە بـەشی زۆری شـایەتیی و مـۆرەکـان وەک خـۆیان مـاون و دەخـوێنرێنەوە و، لە سەردانێکدا بۆ ماڵی مامۆستا فوئاد عارف- کە شەجەرەکە لە ماڵی ئەوان پارێزراوە و ئەوانیش لە نەوەی شێخ ئیسـمـاعیلی ناوبراون- شەجەرە کۆنەکەم بینی کە ئێستە گیراوەتە شووشـە و باش هەڵیان گرتووە. ئەوەی کە ئێستە لەلای ئەوان پارێزراوە سێ پارچەی درێژە.

بەشێک لەو سێ بەشە ناوی چەند کـەس و زانا و ناوداری کوردی تێدایە و توانیم بیانخوێنمـەوە و نووسیمنەوە، کە- وەک وتم- ئەوە مـەبەسـتی سـەرەکیی منە لە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دەقی ئەم شەجـەرانەدا. بەپێی ئەو دەقانە تەمەنی ئەم شـەجەرە لە (٣٠٠) سێسـەد ساڵ زیاترە. هەروەها بەپێی ئەو ناوانەی کە شایەتییان لەسەر دروستیی شەجەرەکە داوە دەبێ ئەم شەجەرە لە کەرکووک نووسرابێتەوە و لەوێ پارێزرابێ.

شایەتی و مۆرەکانی سەر شەجەرەکە

* «ذلك الكتاب لا ريب فيه وأنا شاهد بما فيه. السيد عيسى النقيب بمشهدين الشريفين».

(عيسى)

* «ذلك كذلك... شاهد بذلك. أفقر الفقراء... السيد أبو بكر المولى خلافه بمدينة.....[1]

(أبو بكر)

---

(١) ئەو شوێنانەی خاڵم تێدا داناون مۆرانە خواردوونی و ناخوێنرێنەوە.

* «أنا عالم بصحة هذه الشجرة.

الفقير الحقير الى الله تعالى... بابي بكر... أمير زنگنه»

(......)

* «اطلعت الوثيقة وآخرون الفقير هذه الشجرة وقلت وأمضيته.

وأنا الفقير أحمد القاضي بمدينة كركوك.. مع.. »[1]

(......)

* «ونحن الشاهدون الواقفون بصحة الشجرة المباركة.

وأنا الفقير الى الله حمزة أفندي المفتي بكركوك بن علي أفندي المفتي المدرس.

(بندهء لم يزلى حمزة إبن علي)[2]

« أعلم وأشهد أن هذه الشجرة الرفيعة صحيحة والنسب المعدود فيها حق ومتحقق.

وأنا الحقير محمد المدرس ببلدة كركوك

(......)

* «علم وشهد بصحة هذه الشجرة العلية وحقية هذا النسب الرفيع المعلوم المشهور الحقير سفر الخطيب بجامع حاجي حسين في بلدة كركوك».

---

(١) ئەم دەقە بەبێ نوختە نووسراوە، واتە خاڵ و نوختە بۆ پیتە خاڵدارەکان دانەنراوە. بە بۆچوونی خۆم هەندێکیم ساغ کردەوە.

(٢) ئەمە مۆری مەلا حەمزەی سوورچیی موفتیی کەرکووکە. بەم پێیەیش ئەم شەجەرە تەمەنی لە ٣٠٠ ساڵ کەمتر نییە. بڕوانە بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە. بەرگی ٣ ل: ٣٢٩.

شەجەرەی بنەماڵەی شێخ عەبدوسەمەدی یەکەمی قازیی سلێمانی

٥٥٤

ئەم شەجەرە یەکێکە لەو شەجەرانەی بە خەتێکی جوان و شێوەیەکی ڕێکوپێک نووسراوەتەوە، باش هەڵگیراوە، جوان پارێزراوە.

ئەم شـەجـەرە لە سـەید عـەبدوسـەمـەدی یەکـەمـەوە دەست پێ دەکـات و ناوی مـحـەمـەد و عەبدولقادری برایشی نووسراوە کە کوڕی سەید مەحموودی کوڕی سەید حەسەنی کوڕی سەید ئەبایەزیدی بەرزنجین و، بەو شێوە ڕشتەکەیان دەڕوات - وەک شەجەرەکانی تر- تا دەچێتەوە سەر حەزرەتی عەلی و فاتیمەی کچی پێغەمبەر-د-.

هەر لە هەمان دەستخەتدا هەمان شەجەرە کراوە بە شیعر. بەڵام ئەم شەجەرە دووەمە لە شێخ عەبدوسەمەدی دووەمی کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید عەبدوسەمەدی یەکەمەوە دەست پێ دەکات.

ئەوەی لەو شەجەرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە مۆری زۆر لە گەورە زانایانی پێوە نییە و، تەنیا مۆری محەمەدی کوڕی زەینەلعابیدینی کوڕی محەمەدولهادیی بەرزنجیی مەدەنی و حەسەنی کوڕی محەمەدی ناوبراوی پێوەیە.

ئەم شـەجـەرە قـاسـمی کـوڕی سـەید حـەسـەنی کـوڕی سـەید ئەبا یەزیدی بەرزنجی لە ١٥ی ڕەبیعوثانی ساڵی ١٢٠٥دا نووسیویەتییەوە.

درێژییەکەی (٢٣٦سم) و پانییەکەی (٢٧سم)ە.

شەجەرەی تەکیە

٥٥٥

خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ نووری شێخ بابا عەلی لە کتێبە بە نرخەکەی (سەرچاوەی بێگەرد بۆ ناسینی مەرد)دا دەفەرمووێ:

«لە عەسری ئێمەوە تا دەگاتە سەر ئیمام هەمزە شەش قەطعە شەجەرە هەیە...»[١].

دواتر ناوی پێنج لەو خاوەن شەجەرانە دەبات، کە هەموویان لە شێخ نوورەدینی بچووکدا دوای چەند پشت یەک دەگرنەوە.

بەڵام هیچ شەجەرەیەکیانی بە تەواوی نەنووسیوە. خۆزگە تەواوی شەجەرەکان و ناوی ئەو (ئەکابیرە پێشوو)انەی کە شەجەرەکانیان بە مۆر و ئیمزایان تەسدیق کردووە بە وردی تۆمار دەکرد، ئەو کاتە کارەکەی لە ئیستەی زۆر بە نرختر دەبوو زانستییانەتریش دەبوو. بەهەرحاڵ خوا

---

(١) بەڵام من وێنەی چەند لاپەڕەیەکی هەمان کتێبی مامۆستا شێخ نووریم لەلایە بە خەتی خودی مامۆستا، لەوێدا دەفەرمووێ:

سوورەتی شەجەرەکانی دێی تەکیە بەم نەوعەیە

لە دێی تەکیە حەوت قیطعە شەجەرەم دیوە:

١- نووری کوڕی سەید بابا عەلی کوڕی سەید عەبدوڵڵا...

٢- شێخ عەبدوڵڵای کوڕی شێخ حەسەن کوڕی شێخ ئەحمەدی ئیمام...

٣- شیخ عەبدوڵڵای رەئیس کوڕی شێخ محەمەدە بچکۆل...

٤- شێخ جەلالی کوڕی شێخ سلێمان کوڕی شێخ مەعرووف...

٥- عومەری کوڕی شێخ ئەبوبەکری کوڕی شێخ رەسووڵی سەردار کوڕی شێخ فەتاح کوڕی سەید رەسووڵ کوڕی سەید ئەبوبەکر.

٦- عەبدورەحمانی کوڕی شێخ کەریم کوڕی شێخ محەمەد کوڕی شێخ سەعدوونی شەهید کوڕی شێخ حسەینی پساکان...

٧- عەبدولکەریمی کوڕی شێخ ساڵح کوڕی شێخ قادر کوڕی شێخ حسەین کوڕی شێخ جامی...

دوای بەراوردی ناوەرۆکی ئەم لاپەڕانە لە تەک دەقی کتێبەکەدا دەردەکەوێ کە ئەم لاپەڕانە نوسخەیەکی تری هەمان کتێبن. سا یان پێش دەقی کتێبەکە یان دوای دەقەکە نووسراون.

ئەو دەقەیش کە من لە سەرەوە دەینووسم هیچ کام لەم دەقانە نییە. واتە ئەو شەجەرانە دەبن بە هەشت پارچە.

ئەمەیش ئەوە دەسەلمێنێ کە مامۆستا شێخ کەمال لە پێشەکی کتێبەکەدا (ل: ١١) باسی ئەوە دەکات مامۆستا دوو جار ئەم کتێبەی داناوە.

پاداشتی بەخێری بداتەوە، ئەو بناخەی ئەوەی داناوە ئێمە ئێستە شوێنپێی ئەو هەڵبگرین و، لەسەر کارەکەی ئەو- دوای داوای لێبووردن لە گیانی پیرۆزی- زیاد بکەین و، بابەتەکە دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر بکەین.

من لەم دەرفەتەدا دوو سێ سواڵە دەخەمە سەر خەرمانەکەی مامۆستای خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ نووری:

یەکەم: شەجەرەی بنەماڵەیەکی تر لە بنەماڵەکانی تەکیە کە مامۆستا نەیدیوە و باسی نەکردووە. ئەم شەجەرە بە تەواوی وەک خۆی دەنووسمەوە و، دوایی چ شایەتی و قسەی زانا و گەورە پیاوانی ئەو سەردەمەی بەسەرەوەیە وەک خۆی دەنووسم، کە ئەمە لە ڕووی نووسین و زانینی مێژووی زانایانی ئەو سەردەمەوە بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە.

دووهەم: باسی شەجەرەی بنەماڵەی شێخانی خەرپانی دەکەم کە وێنەی بەشێکیم لایە و بەداخەوە بەشەکەی تری تێدا چووە.

شەجەرەی یەکەم:

لەبارەی شەجەرەی یەکەم کە دەقەکەی لەمەودوا دێت، پێویستە بڵێم:

ئەم شەجەرە لە لوولەیەکی ئاسندا کە بەتایبەتیی بۆ ئەو دروست کراوە، هەڵگیراوە، ئەمەیش وای کردووە- لە تەک ئەوەدا هەندێ ئاو و دڵۆپەی بەرکەوتووە- باش بپارێزرێ و لە لەناوچوون رزگاری ببێت.

شەجەرەکە بە خەتێکی زۆر خۆش و جوان لە نێوان (نوسخ) و (ثولث)دا نووسراوەتەوە، دێرەکانی لەناو جۆگەلەی سووردا نووسراون. سەرەتاکەی نەخشێنراوە.

دەقەکە لە کاغەزێکی باشدا نووسراوەتەوە، لە پێشدا پارچە- پارچە بووە. دوایی بە سرێش لەسەر باری درێژیی لکێنراون بەیەکەوە، ئێستە درێژییەکەی (١٧٥سم)ە، پانییەکەشی (١٩سم)ە.

مێژووی نووسینەوەی دیاری نەکراوە. لە دوای شایەتیی و مۆری سەید حسەینی- حسەینیی بەرزنجییەوە- کە رەنگە شێخ حسەینی قازیی بێت- مێژووی ١٢٨٣ک نووسراوە، بەمەیشدا دیارە کە پێش ئەو مێژووە شەجەرەکە نووسراوەتەوە.

مۆر و ئیمزای گەلێ زانای بەسەرەوەیە بەداخەوە تەنیا ئەم دانەیان مێژووی لە تەکدایە. زۆربەیان نەقیب و موفتی و مودەریسی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی بوون.

شەجەرەی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی

٥٥٦

شەجەرەی دووەم:

شەجەرەیەکە بۆ شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی نووسراوە، واتە: سەرەتای شەجەرەکە لەوەوە دەست پێ دەکات.

ئەم شەجەرەیش یەکێکە لە شەجەرە کۆنەکانی بنەماڵەی ساداتی تەکیە. کاتی خۆی وێنەی سەرەتاکەییم لە وتاری (الشيخ عبدالله الخرپاني من خلال مخطوطات مكتبته)دا بڵاو کردەوە[1].

بەڵام دواتر لە رووداو و کارەساتی کوردستاندا شەجەرەکە لەناو چوو.

ئەوەی لەو لاپەڕە وەردەگیرێ لێرەدا دەینووسم:

یەکەم: سەرەتا و پێشەکیی شەجەرەکە هەمان سەرەتا و پێشەکیی شەجەرەکەی دێی تەکیەیە. وەک ئەوە وایە یەکێکیان لەبەر ئەوەیان، یان هەردووکیان لەبەر یەک نوسخە نووسرابنەوە.

دووەم: ئەمیش خەتەکەی زۆر خۆشە و، بەهەمان شێوە بە خەتەکانی (نوسخ) و (ثولث) نووسراوەتەوە.

سێیەم: ئەم شەجەرە ساڵی ١٢١٦ک نووسراوەتەوە. ناوی نووسەرەوەکەی لە وێنەکەدا باش دەرنەچووە، وەک (عبدالرحمن) یان (عبدالله) وایە.

چوارەم: لە رووی بێ هەڵەییەوە ئەمیان دروستتر و پوختترە و، یەک دوو جێگەی دەقەکەی پێشووم لەبەر ئەمدا راست کردەوە.

شایەتییەکان:

ئەم شەجەرەیش وەک لەو سەردەمەدا باو بووە پیشانی مامۆستایان و گەورە زانایانی ئەو سەردەمە دراوە و، ئەوانیش شایەتییان لەسەر دروستیی ناوەڕۆکەکەی داوە و، بە مۆر و ئیمزای خۆیان لە کۆتاییی نووسینەوەکانیانەوە ئیمزایان کردووە.

بەداخەوە لە وێنەی شەجەرەکەدا هەندێک لە نووسینەکان و ناوەکانیان باش ناخوێنرێنەوە. هەوڵ دەدەم لێرەدا ئەوەندەی دەخوێندرێتەوە بینووسم:

١- **«هذه شجرة مباركة أصلها ثابت وفرعها في السماء، لا مرية في صحة اتصالها، ولا مجال للطعن**

---

(١) بڕوانە: الشيخ عبدالله الخرپاني من خلال مخطوطات مكتبته. محمد علي القرداغي، مجلة المجمع العلمي الكردي، العدد الثاني، السنة الثانية، ١٩٧٤ .

فيها لأحد، والناس مأمونون على أنسابهم. قاله بفمه، وكتبه العبد الملهوف الشهير بمعروف النودهي البرزنجي، في رجب من شهور سنة ست عشرة بعد مائتين وألف».

٢- «هذه شجرة مباركة أصلها ثابت وفرعها في السماء، ولا شك في اتصال هذه، والناس معزوون إلى أنسابهم. وشهد بصحة هذه الحقير الأثيم البرزنجي الحسيني العلوي. (مۆرەكەی ناخوێنرێتەوە).»

٣- «... أقول: والناس مأمونون على أنسابهم. يشهد بصحة هذه الشجرة... الراجي إلى الله عبدالرحيم البرزنجي الحسيني النودي... (مۆرەكەی ناخوێنرێتەوە). »

٤- «ثقتُ بخواتم هؤلاء الأفاضل فختمته، وأنا الراجي إلى الله تبارك وتعالى.... ببلدة سليمانية المحروسة....»

٥- «المطلع بما فيه الحقير المدرس بگلعنبر. اطلع بصحة الشجرة المباركة. (مۆرەكەی ناخوێنرێتەوە). »

«أطلع على... الحقير المدرس بقرية بيارە...»

دەبێ ئەوە بڵێم مۆرەكان هیچ كامیان ناخوێنرێنەوە، تەنیا نووسراوەكەی شێخ مەعرووفی نۆدێیی مێژووی پێوەیە. پێ دەچێت نووسراوەكانی تر هەموویان دوای ئەو بن؛ چونكە شەجەرەكە ساڵی (١٢١٦ك) نووسراوەتەوە، نووسینەكەی شێخ مەعرووفی نۆدێیش هەر ساڵی (١٢١٦)ك. یە.

دەقی یەكێك لە شەجەرەكانی سەیدەكانی تەكیە

شەجەرەی یەكەم:

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدله افتتح سلسلة الكائنات بنور نبيه الفاتح الخاتم، ثم فصّل منه الأكوان تفصيلا، ثم اصطفى للخلافة من بين خلقه آدم المخلوق باليدين، وولدُ إبراهيم واتخذه خليلا، ثم اصطفى من بنيه إسماعيل، ومن بنيه كنانة، ومن بنيه قريشا، ومن بني قريش بني هاشم فبجّلهم تبجيلا. إذ اصطفى محمداً- صلى الله عليه وسلم- حبيبه الأكرم وخليله الآخر الأقدم المنزل في أصلاب الطاهرين وأرحام الطاهرات للارتقاء تنزيلا، أحمده على أن أرسل رسوله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولو كرِه من أشرك وعطّل تعطيلا، وأبرزه مبشراً ونذيراً، وهادياً إلى الله بإذنه وسراجاً منيراً. وأكرم به هادياً ودليلاً.

وأشهد أن لا إله إلا الله العلي الأعلى القريب الأقرب الجامع لمقابلات الذات المكمّل من شاء تكميلاً، وأشهد أن سيدنا محمداً عبده ورسوله الأعلم بالله الأتقى لله العبد المحضُ سيّد البشر بما فضله الله على خلقه تفضيلاً، المثني عليه من الله بأنك لعلى خلق عظيم. وما ينطق عن الهوى إن هو إلاّ وحي يوحى، ومن أصدق من الله قيلا؟ صلى الله عليه وسلم صلاة وسلاما فايضيي البركات متحدين على كل مستفيض ما ذلّت الجنة قطوفها تذليلاً، وآله وصحبه غرّ الكرام نجوم الهدى لمن اقتدى على رغم من انحرف واعتدى، عدد خلق الله ما هلّل مهلِّلٌ تهليلا.

أما بعد: فقد قال الله- تبارك جل ثناؤه وتقدست أسماؤه وتعالى جده وكبرياؤه- : (يا أيها الناس إنا خلقناكم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوباً وقبائل لتعارفوا إن أكرمكم عند الله أتقاكم إن الله عليم خبير) إعلاماً بأن التكثير والتعديد بجعلهم شعوباً وقبائل بعد كون الأصل واحدة خلق منها زوجها للتعارف لا للتفاخر، لأنه ليس إلا بأن يكون عند الله كريماً، وليس ذلك إلا بالتقوى فلا فخر إلا بالإسلام والتقوى، فإذا انضمّ إلى ذلك كون المسلم المتقي من آل البيت فذلك من أعظم وجوه الأكرمية بفضل الله تعالى.

ثم - وإن كان لا فخر إلاّ بالإسلام والتقوى- ولكن قال صلى الله عليه وسلم: تعلموا من أنسابكم ما تصلون به صلبكم ثم انتهوا... الحديثَ هذا في المؤمنين عامة. وأما في أهل البيت خاصة فقد ورد أحاديث كثيرة منها ما روي عن أبي سعيد الخدري- رضي الله عنه- قال سمعت رسول الله- صلى الله عليه وسلم- يقول على المنبر: ما بال رجال يقولون إن رحم رسول الله لا تنفع يوم القيامة؟ بل والله إن رحمي موصولة في الدنيا والآخرة، وأنا- أيها الناس- فرطُكم على الحوض.

ومنها قوله - صلى الله عليه وسلم- وسألت ربي أن لا يُدخل أحداً من أهل بيتي النار فأعطانيها. رواه أبو قاسم ابن شبر عن عمران ابن حصين.

ومنها قوله - صلى الله عليه وسلم- : كل نسب وسبب منقطع إلا نسبي وسببي، وكل ولد له فإن عصبتهم لأبيهم ما خلا ولد فاطمة، فإني أنا أبوهم وعصبتهم.

ومنها قوله - صلى الله عليه وسلم- إن الأنساب تنقطع يوم القيامة غير نسبي وسببي وصهري.

ومنها قوله - صلى الله عليه وسلم- : سألت ربّي أن لا أزوج إلا من أهل الجنة، ولا أتزوج إلا من أهل الجنة. رواه ابن عساكر.

ثم لا يخفى انا نشهد إن السيد محمد منخرط في سلك هؤلاء الذرية ذوي النفوس الزكية والأخلاق البهية. إذ هو إبن السيد محمد، ابن السيد عمر، ابن السيد أحمد، ابن السيد إلياس، ابن السيد سيف الدين، ابن السيد عوض، ابن السيد نورالدين، ابن السيد مصطفى، ابن السيد صلاح الدين، ابن السيد عوض، ابن السيد علاءالدين، ابن السيد عوض، ابن السيد نورالدين، ابن السيد إلياس، ابن السيد سيف الدين، ابن السيد أحمد، ابن السيد شمس الدين، ابن السيد علاءالدين، ابن السيد خضر، ابن السيد يوسف، ابن السيد علي، ابن السيد محمود، ابن السيد محمد، ابن السيد محمد، ابن السيد حمزة، ابن الإمام موسى الكاظم، ابن الإمام جعفر الصادق، ابن الإمام محمد الباقر، ابن الإمام زين العابدين، ابن الإمام السبط الشهيد الحسين ابن الإمام علي بن أبي طالب، ابن عبدالمطلب، ابن هاشم، ابن عبدالمناف، ابن قصي، ابن كلاب، ابن كعب، بن لؤي، بن غالب، بن فهد، بن مالك، بن نضر، بن كنانة، بن خزيمة، بن مدركة، بن إلياس، بن نزار، بن معد، بن عدنان... إلى هنا متفق عليه. واختلفوا من آدم إليه، مع وجود الاختلاف، فجمهور المؤرخين على أن من ستة الأنبياء، وهم: إسماعيل، وهود، ونوح، وإدريس، وشيث، وآدم، عليهم السلام دخلوا في عمود النسب الشريف.

قد تمت الشجرة المباركة الشريفة لا... بوى مقامى السيد محمود.

له سەرەتای ئەم دەقەوە شەهادەتی کۆمەڵێ زانا و ناوداری ئەو سەردەمە لەسەر شەجەرەکە

نووسراوە لێرەدا یەک لە دوای یەک دەیاننووسم:

١- « هذه الشجرة صحيحة لا ريب في صحة أنساب أهاليها- قدس الله أسرارهم- يشهد بصحتها العبد الحقير السيد حسين الحسيني البرزنجي ١١ ذي الحجة سنة ١٢٨٣ . (مۆرەکەی) حسين الحسيني».

٢- «نسب صاحب هذه الشجرة صحيح لا شك في صحتها، أيقن بها العبد الضعيف سليمان المدرس. (مۆرەکەی): عبده سليمان».

٣- «صحيح هذا النسب. أنا الفقير إلى عفو ربي المفتي بلواء سليمانية. (مۆرەکەی) عبده أحمد».

٤- «لا ريبة في صحة الشجرة إلا لذي المعاندة القوية، وختمته وأنا الحقير السيد محمود المدرس الخطيب بسليمانية. (مۆرەکەی)...»؟

٥- «لا مرية في صحة هذه الشجرة، ويشهد بصحة أنسابها العبد الفقير السيد أحمد النقيب بلواء سليمانية. (مۆرەکەی) السيد أحمد ».

٦- «نسب سادة تكيه صحيح، قد تلقاه بالقبول العلماء والفضلاء قديماً وحديثاً فختمناه. العبد الفقير إليه عز شأنه. مصطفى البرزنجي. (مۆرەکەی) مصطفى البرزنجي».

٧- «صحة نسبهم مشتهرة بالاستفاضة وثبت لديّ بشهادة شاهدي عدل. أنا الحقير السيد عبدالسلام القاضي بلواء السليمانية المحمية. (مۆرەکەی) السيد عبدالسلام».

٨- «سيادة سادة التكية بلغت صحتها مبلغاً لا ينكرها إلا ذو المعاندة القوية، على أنه شهد بها أخلاقهم الزكية فختمته. وأنا الحقير السيد عبدالرحمن النقشبندي القادري المدرس بسليمانية. (مۆرەکەی) عبدالرحمن النقشبندي».

«سادة قرية تكية صح نسبهم بالأستفاضة بل بالتواتر، ومشهود صحة بسهم (!)[1]

منهم ومن أنفسهم ومن أخلاقهم، فإنهم بأجمعهم وآبائهم وأجدادهم على قدم واحد في العبادة والاجتناب من المناهي، وما هذه إلا أخلاق ذوي النجابة والسادة، وأنا الفقير الحقير مطلع على ذلك. السيد أحمد النودهي البرزنجي.

(مۆرەکەی): عبده أحمد».

---

(١) لە دەقەکەدا وایە، بەڵام ڕەنگە هەڵە بێت و دروستییەکەی (نسبهم) بێت. ئەم شایەتییە شایەتیی کاک ئەحمەدی شێخە.

شەجەرەی شێخ عەبدوڕەحمان

٥٥٧

وێنەی شەجەرەیەکە پێشەکیی و سەرەتاکەی لابراوە، لەناوی شێخ عەبدوڕەحمان ناوێکەوە دەست پێ دەکات. چەند جیاوازییەکی لە تەک شەجەرەکانی تردا هەیە. لەوانە:

یەکەم: رشتەی کەسانی ناو شەجەرەکە ناچێتەوە سەر رشتەی بەرزنجییەکان، وەک ناچێتەوە سەر رشتەی ئەو شەجەرانەی لای منن.

دووەم: ئەو کوڕەی کە شەجەرەکە دەباتەوە سەر ئیمام مووسای کازم ناوی حەسەنە. ئەم ناوە لەناو رشتەی سەیدەکانی کوردستاندا یان نابینرێ، یان کەم دەبینرێ.

ئەم شەجەرە بە خەتێکی (نسخ)ی جوان نووسراوەتەوە. (٩٠×١٤)سم پێوانەکەیەتی، ناوی نووسەرەوەی پێوە نییە. لە کۆتاییدا مێژووی ساڵی (١٢٢١ک - ١٨٠٦ز)ی پێوەیە.

دوای عەبدوڕەحمانی- یەکەم ناوی ناو شەجەرەکە- ناوی چەند پشتی دەنووسم کە بەم شێوەیە:

«عبدالرحمن ابن السيد حسن ابن السيد حسين ابن السيد حسن ابن السيد أحمد ابن السيد حسن ابن السيد خالد ابن السيد ولي ابن السيد نوح ابن السيد قلو ابن السيد إدريس ابن السيد إسماعيل ابن السيد خليل... تا دەگاتە سەر ابن السيد ولي عثمان ابن السيد حسن ابن السيد الإمام موسى الكاظم...».

ئەم شەجەرە ناو و مۆر و بەرمۆری چەندان زانا و گەورەی کوردی پێوەیە. هەوڵ دەدەم هەرچیم بۆ دەخوێنرێتەوە لەناو و مۆر و بەرمۆر لێرەدا وەک خۆیان بیاننووسم:

١- ختام السادة العظام والعلماء الكرام أوثق حجة على صحة هذه الشجرة وأوضح دليل. والله هو الهادي إلى سواء السبيل وهو حسبي ونعم الوكيل. السيد أحمد النقيب بسليمانية.

مۆرەکەی (السيد أحمد).

٢- لا ريب في صحة هذه الشجرة، أصلها ثابت وفرعها في السماء. أنا الحقير سيد معروف القادري الريشلاني البرزنجي.

مۆرەکەی (معروف)ێکی لێ دەخوێنرێتەوە.

٣- قد صح أنا يا، سيد محمود ابن سيد عبدالله نقيب عانه، وقد أمضيت على هذا النسب الشريف.

مۆرەکەی (سيد محمود بن عبدالله).

٤- وثقت بمهور علماء الكرام سادات العظام... الفقير السيد عبدالصمد القاضي بمحروسة سليمانية غفر له.

مۆرەکەی (السيد عبدالصمد).

٥- هذه الشجرة صحيحة لا مرية فيها. أنفذتها وأمضيتها، أنا الضعيف خادم الفقرا طاها القادري البرزنجي المولوي الحسيني المدني.

مۆرەکەی (طه الحسيني المولوي).

٦- من لم يعتمد على ختم هؤلاء العظماء الكرام الذين هم نقّادون للأنساب وبطّالون للذين يلحقون نسبهم بالباطل... الطغام فهو معاند للشريعة ومرتكب الشنيعة. كتبه الفقير الحقير السيد أحمد ولد السيد معروف النودهي ثم البرزنجي.

مۆرەکەی (عبده أحمد).

لە دوای ئەمەوە ناوی دوو کەس باش دەرنەچووە.

٧- لا شك في صحة هذه الشجرة لأنها... كثيرة جداً... الكرام. فصدقته وختمته و... الفقير السيد علي بن السيد بابا رسول البرزنجي.

مۆرەکەی (السيد علي).

٨- وثق خادم السجادة النبوية على صاحبها ألف صلاة وتحية بمهر ولي الزمان السيد أحمد البرزنجي النودي المشهور بكاك أحمد حفظه الله الملك الصمد، وأنا ختمته على وثوقي.

مۆرەکەی (محمد بن... سعدني) لێ دەخوێنرێتەوە.

٩- هذه الشجرة صحيحة لا ريب فيه. أمضيتها وأنفذتها أنا... السيد محي الدين... القولي.

دوا نووسین نووسینێکی کاڵە باش ناخوێنرێتەوە.

شەجەرەی بنەماڵەی شێخ ئەبوبەکری چنارەیی

٥٥٨

ئەم شـەجـەرەیش یەکـێکە لەو شـەجـەرە و درەخـتـی باو و باپیـرانەی بنەمـاڵەیەکی کـوردسـتـان کە رشتەی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ بنەماڵەی پێغەمبەر (د. خ) و یارانی و پیاوچاکانی پێشوو.

من لە دۆزینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم درەخـتـانەدا ناچـمـە بنـج و بنەوانـی هەندێ بـابەت و، وەک شـێـخـی ئیـبنو حـەجـەر فـەرمـوویەتی هـەر کـەس خـۆی بۆ سـەر هەر بنـەمـاڵەیەک بـەرێتـەوە کـەیفی خۆیەتی و قسەکەی وەردەگیرێ و داواکەی نادرێتەوە بە روویدا و، من لەم بارەوە قسەی خۆم هەیە.

ئەوەندەی لەم جـۆرە دەقـانەدا سـوود و کـەڵک وەردەگـیـرێت من لـە رووی مـێـژووی ناوداران و کەسـایەتییـەکانی ناو درەختەکانەوە وردەکاری و لێکۆڵینەوەی کورت دەکەم. بەڵکو گەلێ جار خۆم لەوەیش نادەم و وەک خـۆیی بڵاو دەکەمـەوە؛ چونکە لە دەسـتـدابوونی دەقەکە و بڵاوکـردنەوەی وەک خۆی کارێکی گەورەیە و، سـەرچاوەیەکی رەسـەنی جێگەی مـتـمانە دەخـرێتـە سـەر سـەرچاوەکـانی تری لێکۆڵینەوەی کەلەپوور و مێژووی دێرینی کورد و، کەرەسـتـەی توێژینـەوە دەدرێتـە دەست ئەو کەسانەی بە تەنگ دۆزینەوە و نووسینەوەی مێژووی کۆنی کوردەوەن.

چەند ئامارژەیەک:

وەک چەند ئامـاژەیەکی سـەرەتایی دوای پێشـەکـییـەکی درێژ لە بـاسی پیـاوچاکـان و رێزیاندا و، داوای پاراسـتـنی رشتـەی بنەمـاڵە و زانینی بنەچە دێتـە سەر نـاوی پیاوانی بنەمـاڵەکە و بەم شێـوە دەیاننووسێ:

الشيخ أبو بكر ابن الشيخ سليمان الشـهير بالنجار، السـاكن في قرية چنارة، قرية قرب برزنجة السـادات، وهو ابن الشيخ إسـماعيل، ابن الشيخ إبراهيم، ابن الشـيخ معروف، ابن الشـيخ ميكائيل، ابن الشيخ رسول، ابن الشيخ مصطفى، ابن الشيخ عثمـان- الملقب ب يادگار- ابن الشيخ سيد علي، ابن الشيخ محـمد، ابن الشـيخ أبوبكر، إبن الشيخ الكامل المكمل الفاضل شيخ الزمـان وفريد الأوان مطلع الأنوار، ومنبع الأسـرار، دليل الطريقة، وترجمان الحقيقة، أستاذ الشـيوخ الأكابر الجامع لعلم البـاطن والظاهر، قـدوة العـارفين، وعـمـدة السـالكين، العـالم الرباني شـهـاب الدين الشـيخ مـيكائيل، المشهور ببير ميكائيل بلسـان الفرس لقرب مسكنه في رأس حد ملك العجم، المدفون بدودان فـي مـحـال جوانرود، المسمى قصبته بعلاني. وهو ابن الشيخ الصـالح الولي پير علي، ابن الشيخ التـقي النقي والفرع الزكي پير إسماعيل، ابن الشيخ پير محمد، ابن الشيخ محمد، ابن پير فارس، ابن پير محمد، ابن الشيخ الواثق بـالله المنان پير عبدالرحمن، ابن الشيخ الشيخ السعيد پير وليد، ابن الشيخ المعظم

پیر عبدالرحمن، ابن الشیخ الکبیر المکرم أبان، ابن أمیر المؤمنین وإمام المتقین خلیفة رسول الله- صلی الله علیه وسلم- عثمان ابن عفان- رضي الله تعالی عنه-.

در سنه یکهزار و دوصد و بیست چهار از زبان عالیحضرتان اخوان ملا احمد و ملا محمد پسران مرحوم ملا یوسف عثمانی زلزلهء. وفقیه خضر پسر مرحوم ملا محمد عثمانی زلزلهء شنیدم و شهادت دادند که از زبان پدر خودمان بارها شنیدهایم که نسبت ما... ن[1] چناره یکی میباشد اولاد حضرت امام عثمان- رضي الله عنه- هستیم، و نیز چند کس معتبر از زبان شیخ حمزهء پارزان و شیخ قادر دوسته شنیداند که شهادهت دادهاند که نسب علما یان زلزله ورستامان[2] چنان یک است، تزکیهء شاهدان کردیم واعتماد تمام بر قول آنها کردیم وبصحت رسانیدیم، این شجره را ختم وامضا کردیم. انا الفقیر طاها القادری البرزنجی.

مۆرەکەی طاها القادری البرزنجی.

اعتقدت واعتمدت علی صحة هذه الشجرة بقول الشاهدین وأصحاب الدین. أنا الفقیر أبوبکر الخانقایي.

مۆرەکەی السید أبو بکر...

قال الشیخ الإمام العالم بالأصولین الشیخ ابن حجر- رحمه الله تعالی- في خاتمة فتاواه ما نصه:

الناس مأمونون علی أنسابهم. فلیسلّم له حاله، ولا ینبغي للأنسان یتحسّی سما وهو قادر علی السلامة، فإن السلف یتوقون[3] المنسوبین لرجل صالح ویعظمونهم ولو کان الأب السابعَ، کما في الآیة: وکان أبوهما صالحاً. فإن ذلك الصالح کان أبا سابعاً لهما، فکیف من ینسب إلی سیدنا عثمان لا یوقّر ولا یعظم؟ فأنه کان ذا النورین، وجهز جیش العسرة، وکان ثالث خلفاء الراشدین، فنحن لا ننکر علی هذا النسب. بل لابد علی کل حال من أن یذعن ولا یطعن فیه، لأنه ثابت بشهادة هؤلاء العدول، وأنا الحقیر الفقیر إلی مولاه محمود المرشد الگلەزردی البرزنجي الحسیني.

مۆرەکەی: السید محمود البرزنجی.

إعتمدت علی مهور السیدین السندین الشیخ طاها البرزنجي، والشیخ محمود الگله زردي البرزنجي، والفاضل الشیخ أبي بکر الخانقایي، وخط المرحوم المبرور ملا أحمد الزلزلهء، وشهادة أخیه الصالح ملا محمد، ووثقت بهم فختمته. وأنا الحقیر المدرس بسلیمانیة.

مۆرەکەی السید عبدالرحیم البرزنجی.

چنانچه سادات کرام وعلمای اعلام صحت این شجره را بحد یقین رسانیده اند در حضور... عالی هم مقبول آمد. تحریرا فی جمادی الأول سنة ١٢٢٢

---

(١) لێرەدا مۆرێکی تر هەیە بۆم نەخوێنرایەوە.

(٢) ئەم نووسینە مۆری لە دواوە نییە.

(٣) مۆرەکەی بەر بەشی خوارەوەی کاغەزەکە کەوتووە جگە لەوەی دڕاوە بە تیپی نایلۆنیش پینە کراوە و نووسینەکەی سڕاوەتەوە.

محمود صرصرف بابان...[1]

مۆرەکەی: (وافوض امري الى الله. عبدة محمود)

لا شك في صحة هذه الشجرة ولا شك في الكرم[2] صاحبها بحد تمره، ومن اذاه فهو من العجزه.

كتبه السيد أحمد النودهي.

مۆرەکەی (عبده أحمد)

بسم

بنوبتنا نوقع هذه الشجرة، ونشهد بصحته استقراءا وتتبعا واعتمادا على توقيعات السادات عليها، وتصديقا لمكتوب جدنا الأمجد الحاج السيد كاك أحمد قدس الله أسرارهم.

أنا السيد الشيخ محمود الكردي السليماني النودهي البرزنجي- آل الحفيد.[3]

لا شك في صحة هذا النسب.

كتبه الفقير معروف النودهي.

الشهرة تكفي في ثبوت الأنساب، على أن سمعنا الشهادة من بعض الأصحاب فمهرناها.

(مۆرەکەی دڕاوە و کوژاوەتەوە)

---

(١) ئەمە لە دوای مەحموودەکەوە وەک (متصرف بابان...) دەچێ، بەڵام هیچیان نوختەیان نییە و بۆ شتی تریش دەبن.

(٢) ئەم وشەیە وا دیارە وەک نووسیم، بەڵام دروست نییە و باش بۆم نەخوێنرایەوە.

(٣) ئەمە بە خەتێکی نوێ و بە مەرەکەبی شین نووسراوە، مێژووی پێوە نییە، لە خوارەوە ئیمزای (مەحموود)ی پێوەیە، دیارە شایەتیی شێخ مەحموودی حەفیدە لەسەر شەجەرەکە.

شەجەرەی بنەماڵەی شێخ لەتیفی عەللاف

٥٥٩

ئەم شەجەرەیش یەکێکی ترە لە شەجەرەکانی بنەماڵە سەیدەکانی کوردستان، سەرەتای شەجەرەکە لە سەید عەبدوڵلای کوڕی سەید عومەری کوڕی سەید عەبدولعەزیزی کوڕی سەید ئەبوبەکری کوڕی سەید نەذری کوڕی سەید قەلەندەری کوڕی سەید محەمەدی کوڕی سەید حەسەنی کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید عیسای بەرزنجییەوە دەست پێ دەکات. لەوێوە رشتەی پیاوەکان و بنەماڵەکان وەک شەجەرەکانی تر دەڕوات تا دەگاتە سەر حەزرەتی عەلی و حەزرەتی فاتیمە و پێغەمبەرمان حەزرەتی محەمەد (درودی خوای لەسەر بێت).

ئەم شەجەرە ساڵی ١٢٢٠ک نووسراوەتەوە، نووسەرەوەکەی ناوی خۆی نەنووسیوە.

مۆری گەلێ لە زانایانی پێوەیە، هەندێکیان لە (إستنساخ)دا باش دەرنەچوون و ناخوێنرێنەوە، هەوڵ دەدەم ئەوانەیان دەخوێنرێنەوە لێرەدا بیاننووسم:

١- هذه شجرة طيبة مباركة أصلها ثابت وفرعها في السماء، يشهد بصحتها الفقير محمود المرشد البرزنجي النقيب على الأشراف بسليمانية المحمية في سنة ١٢٤٦ . (مۆرەکەی) : «السيد محمود البرزنجي» .

٢- اعتمد في صحة هذه الشجرة على خط شيخه المعروف بمعروف، وخط مخدومه الشيخ النقيب ومهره وختمه، الحقير السيد علي القاضي بسليمانية. (مۆرەکەی): «السيد علي».

٣- «إستفاض هذا النسب، والاستفاضة لا ترد في الشريعة المطهرة، على أنه شهد على صحته نقدة الأنساب... السيد أحمد النودهي البرزنجي.»

٤- «هذه الشجرة صحيحة... ابن سيد طه القادري البرزنجي.»

٥- «شجرة صحيحة وثمرتها منيفة، تلقاها قبول الكرماء، أنا الحقير السيد حسين الحسيني. (مۆرەکەی): .... حسين الحسيني».

٦- «هذه شجرة صحيحة حكم بصحتها كل من نظر فيها من العلماء الأعلام. كتبه معروف»

٧- «هذه شجرة مباركة ومنيفة، البركة على بابها باركة، حكم بصحتها العبد المذنب أحمد الگلەزردی (مۆرەکەی): أحمد».

٨- «اعتقدت صحة هذه الشجرة لاستفاضتها فختمتها، وأنا الحقير سيد عبداللطيف المدرس بسليمانية (مۆرەکەی): .... عبداللطيف البرزنجي».

٩- اعتمدت على خواتم وخطوط هؤلاء السادة الكرام والعلماء الأعلام، نفعنا الله ببركاتهم. فختمتها

مذعنا بها. حرره... النقيب الگلەزردی النودهي البرزنجي. عفى الله عنه. (مۆرەکەی): ؟ ».

١٠- «لا ريب في نسبة نسب صاحب هذه الشجرة إلى هؤلاء السادة المذكورين هو اولادهم. السيد معروف القادري الريشلاني. (مۆرەکەی): السيد معروف».

١١- «لا شك في صحة نسب صاحب الشجرة. أشهد على أن هذا الخط خط ابن عم والدي المرحوم السيد الصالح معروف بن الشيخ أحمد الإمام. وأشهد... أنه كان عالماً صالحاً متقيا. أنا الفقير...

لە سەرەتای شەجەرەکەیشەوە نووسین و مۆری دوو کەسی پێوەیە باش ناخوێنرێنەوە. دووەمیان مۆری شێخ مەحموودی نەمرە، هەندێکیم بۆ خوێنرایەوە کە بەم شێوەیە:

«أصدق تأسيا بتصديق الجد الأكبر حضرة السيد كاك أحمد- قدس سره- الفقير آل الحفيد السيد الشيخ محمود الكردي النودهي البرزنجي بتأريخ ٢٧ ربيع الثاني ١٣٧٢ بقرية داريكەلی سليماني (ئيمزای) مەحموود».

لە پێش ئەوەیشەوە نووسینێک و مۆرێک هەیە باش ناخوێنرێنەوە. ئەوەندەی دەخوێنرێتەوە:

«قال العلماء: من ادعى نسبا ولم...

شەجەرەی بنەماڵەی سەیدەکانی باخچە

٥٦٠

ئەم شەجەرە لە سەید مستەفای کوڕی سەید حەسەنی کوڕی سەید ساڵحی کوڕی سەید محەمەدی کوڕی سەید مستەفای تایجۆزیی. کوڕی سەید محەمەدی نارایی کوڕی مەلا خضری چوارتایی کوڕی سەید عەبدولکەریمی کوڕی سەید حەسەنی ناسراو بە مەلا ئەبوبەکری موسەننیفەوە دەست پێ دەکات و، وەک شەجەرەکانی تر تا دەچێتەوە سەر حەزرەتی عەلی و فاتیمەی زەهرا.

ئەم شەجەرە گەلێ تایبەتمەندیی هەیە لەوانە:

بە خەتی زانای گەورەی کورد و شاعیری ناودار مامۆستا مەلا عەبدورەحیمی مەعدوومی مەولەوی نووسراوەتەوە.

مۆری دەیان زانای ناوداری سەردەمی مەولەوی و دوای ئەوی پێوەیە.

پێشەکی و دەق و سەرەتای شەجەرەکە عیبارەت و داڕشتنی مەولەوییە.

لەملاولای شەجەرەکەوە هەر بە خەتی مەولەوی لق و پۆپی زۆری لێ کراوەتەوە و ناوی چەندان نەوەی ئەو کەسانەی خراوەتە سەر کە ناویان لە شەجەرەکەدا هاتووە.

دەقی شەجەرەکە مۆر و ئیمزا و نووسینی دەیان زانای ئەو سەردەمەی پێوەیە.

هەوڵ دەدەم لێرەدا- بۆ مێژوو- دەقی ئەو نووسینانە- ئەوەی بۆم بخوێنرێتەوە- بنووسم.

١- «وثقت في صحة هذه الشجرة بتفحص أولئك الثقاة في ثبوتها وتصحيحها، واعتمدت على مهورهم وختمته. وأنا الحقير حسين القاضي بقرەداغ» -مۆرەکەی- (عبده حسين).

٢- «اعتقدت بما كتب فيها. السيد محمد بن سيد بابا رسول البرزنجي. (مۆرەکەی): عبده محمد».

٣- «اعتقدت في صحة هذه الشجرة المباركة إعتقاداً راجحا بمهور العلماء الأثبات. فطوبى لمن دخل في مسلك هذه السلسلة وجنى من أثماراً أغصان تلك الشجرة، فختمته. وأنا الحقير حسن المدرس بقرەداغ (مۆرەکەی):....».

٤- «من جملة الواثقين بمضمون الشجرة المباركة إعتماداً على مهور العلماء المتبحرين، فختمته. وأنا الحقير مصطفى العثماني النقشبندي الخالدي. (مۆرەکەی):....».

٥- «بناء على قول شيخنا شيخ ابن حجر- رحمة الله عليه- من ادعى نسباً ولم يشتهر بغيره سمع دعواه. انتهى. واعتمدت ثانياً على مهر العلماء وختمتها. أنا الحقير والفقير أحمد القاضي والخطيب بألبجة (مۆرەکەی):.....».

٦- «لا شك فيها. عبده عبدالوهاب (مۆرەکەی): عبده عبدالوهاب».

٧- «إعتماداً على تصحيح العلماء، وتوثيقاً بمهور الفضلاء، سيما حضرة أستاذي الكريم الملقب بمولودي الملا عبدالرحيم، الواقف بأنساب صاحب هذه الشجرة، وصحة سلسلة آبائه الكرام، تيقنت بصحتها فختمتها. أنا الحقير الخمول نصرالله الخانقاهي موطنا، الحسيني نسبا. (مۆرەکەی): ألا إن نصرالله قريب».

٨- «هذه شجرة طيبة أصلها ثابت وفرعها في السماء، اعترف بصحتها الحقير علي المدرس بسليمانية الإمام بخانقاه. (مۆرەکەی): عبده علي».

٩- «هذه شجرة طيب العود... عربي العرق، سامي الغصون، حلو المجاني، طوبى لمن استظلوا بظلالها وتمسكوا ولو بأنحل خلالها، الا وقد أحضرت في خضراء الروضة الخضرية، لا زالت تجنى ثمراتها الشهية البهية، وذلك أمر معلوم كما تشهد به إجازة المعدوم وكفى به وبهؤلاء، كتبه العبد المفتقر اليه سبحانه مصطفى بن السيد عبد رسول البرزنجي. (مۆرەکەی) مصطفى».

١٠«كل شجرة تتصل سلسلة أبنائها بحضرة قطب أوانه وفريد زمانه، وحيد الدهر، مرشد العصر، جناب السيد المشهور بـ پير خضر- قدس سره الأطهر- لا ريبة في صحتها، وأحبال أنساب هذه السلسلة متصلة بأذيال حضرته كما نشاهدها، فوجب على كل من يراها أن يعتقد صحتها، فإن الطعن في الأنساب ليس من شنشنة أولي الألباب، هذا ما كتبه بقلمه وقاله بفمه الحقير السيد حسين الحسيني البرزنجي القاضي بمحروسة سليمانية ١٢٦٩. عفى الله تعالى عنه. (مۆرەکەی): حسين الحسيني».

١١- «لما ادعى الأشخاص المكتوب أسماؤهم في هذه الشجرة المباركة اتصال نسبهم الشريف بحضرة پير خضر الشاهوئي الصحيح النسب، وقال الشيخ إبن حجر - رحمه الله- : من ادعى نسباً ولم يشتهر بغيره سمع دعواه. انتهى... اعتقدنا بثبوتها وصحتها فختمناها. الداعي عبدالرحمن المفتي بمحروسة سليمانية. (مۆرەکەی): عبده عبدالرحمن».

١٢- «هذه شجرة غرست في روضة الصدق والصحة والاستقامة، لا زالت مخضرة، تنبت من حبات ثمارها الى يوم القيامة، اعتلت أغصانها فوصلت إلى عرش اليقين، فآمن بصحتها كل من كان هناك لا إيمان من يرى التقليد في أصول الدين، ورجم شهب الجزم! من أراد أن يشمّ روائح أوراقها الطيبة من شياطين الشكوك والأوهام، وأحرقه فجعله كأن لم يكن شيئاً مذكوراً، وكان ذلك أمراً معلوماً بين الأنام. هذا ما كتبه الفقير اليه- عز شأنه- أحمد المدرس بسليمانية. عفى عنه بفضله. (مۆرەکەی): عبده أحمد».

١٣- «من كه مشهور بأحمد إمامم وبگلەزردى معلوم. وثوق بمهر علماى موثوق به نموديم. خطم بجاى مهراست».

١٤- «من المقرين بهذا المكتوب الفقير الحقير أحمد المجذوب».

١٥- شجرة طيبة أصلها ثابت وفرعها في السماء. ويعترف بصحتها الفقير الحقير المعدوم عبدالرحيم. وهذا ما كتبته ببناني واعتقدته بجناني».

١٦- «نسب تحسب العلى بحلاه، قلدتها نجومها الجوزاء، وأرجو ببركته مغفرة الآثام... بسعادة

الاعتراف بسيادة ساداته شفاعة سيد الأنام عليه أفضل الصلاة وأكمل السلام. (مۆرەکەی):
.»

١٧- «اعتمدت على مهور الثقاة فختمته، وأنا الحقير النحيف المفتي بقرەداغ عبداللطيف. (مۆرەکەی): عبداللطيف».

١٨- «اعتمدت على مهر الثقاة فختمته، وأنا الحقير سيد محمد ابن سيد طه البرزنجي. (مۆرەکەی): محمد بن سيد طه».

١٩- «لا شك في مضمون هذه الشجرة المباركة. نسب تحسب العلى بحلاه، قلدتها نجومها! الجوزاء. وأنا العثمان... المجددي النقشبندي. (مۆرەکەی)... ».

٢٠- «اعتمدت على صاحب هذا الخاتم فختمته، أنا الحقير عبدالعزيز القرەداغی».

٢١- «بناء على قول شيخنا ابن حجر وقول العلماء الفضلاء والسادات الزماننا(!) أيقنت على ما رأينا في هذه الشجرة الطيبة المثمرة المباركة المكتوبة المهورة بخطوط ومهور السادات والعلماء والفضلاء، واعتمدت على خطوطهم ومهورهم، واعترفت بها، وحررت توثيقاً على مهرهم، وختمتها، وأنا الحقير ذو التقصير وأضعف الانام، عبدالقادر اثام! وارجو شفاعة سيدنا حضرة سيد الكرام. والسلام عليه وعلى آله الطاهرين... (مۆرەکەی): عبده عبدالقادر».

٢٢- «رأينا مهر الثقاة واعتمدنا على صحة النسب العالية. لا ريب بما كتبنا. الأقل [العبد المذنب جلال الدين الپاوەیی]».

٢٣- «نظر بامضاى مهور أشخاص معتبر مهر كرديد. خادم الفقرا... ».

٢٤- «ما هو المرقوم لا ريب فيه. (مۆرەکەی): محمد... ».

٢٥- «اعتمدت على قول العلماء والسادات العرفاء فختمته وأنا الفقير عبدالقادر الصوفي الكليائی. (مۆرەکەی): عبده عبدالقادر ».

٢٦- «الحقير الخادم للفقراء رسول الحسيني. (مۆرەکەی): ..... رسول الله».

٢٧- «هذه شجرة شريفة لا شك ولا ريب است، الداعى ابن السيد شمامەء با اینجوی. (مۆرەکەی): الحسيني.... ».

٢٨- «الفقير محمود بن عبدالله الشاه ولدي. (مۆرەکەی): محمود الحسيني.... ».

٢٩- «وثقت بهذه الشجرة واعتمدت على جمهور العلماء فختمتها. وأنا محمدأمين القادري البرزنجي.» (مۆرەکەی): ١٢٦٩».

٣٠- «لا شك في صحة هذه الشجرة وأنا الحقير حسين بن السيد أحمد البرزنجي. (مۆرەکەی): ر ».

٣١- «كتاب مرقوم يشهده المقربون. عمر.... النقشبندي. (مۆرەکەی:...... »

٣٢- «اختام العلماء الكرام والسادة العظام أوثق حجة على صحة هذه الشجرة ووجوب العمل بمقتضاها. أنا الحقير محمود المفتي بسليمانية. (مۆرەکەی):...... ».

٣٣- «اعتمدت على قول عمدة العلماء من المحققين جناب المفتي بسليمانية وكتابته وخاتمه فختمته وأنا

الحقير الفقير شريف الإمام. (مۆرەکەی) ».

٣٤- «لا يجتمع أمتي على ضلالة، وهؤلاء الذين ختموا هذه الشجرة كأنهم مجتهدو ازمانهم واتفقوا على صحتها، فلا يسوغ لأحد إنكار. كتبه أحمد النودي. (مۆرەکەی) عبده أحمد».

٣٥- «معتمد القول نسب. شيخ أحمد وندى سيد عبدالكريم. (مۆرەکەی) ».

٣٦- «سيد زادة سيد عبدالقادر (مۆرەکەی) ».

٣٧- «لا شك في صحتها ولا ريب، ولكن الله يعلم علم الغيب. وأنا الحقير حفيد كاك أحمد - قدس سره- (مۆرەکەی) ...... ».

٣٨- «وثقت بصحة هذه الشجرة، واعتمدت على مهور العلماء وختمته، وأنا الحقير محمود بن سيد أحمد».

٣٩- «لا شك في صحة هذه الشجرة وأنا الحقير محمد ابن سيد... (مۆرەکەی)..... ».

٤٠- «وثقت على المكتوب فختمته، وأنا الحقير محمد بن سيد محمد بن السيد طه البرزنجي. (مۆرەکەی).... ».

٤١- «لا شك في صحة هذه الشجرة وأنا الحقير سيد محمد فرج بن سيد محمد البرزنجي. (مۆرەکەی):..... ».

٤٢- «اعتمدت على خواتم الأشخاص المعتبرة وختمت الشجرة المباركة. وأنا ابن المرحوم الشيخ حيدر البرزنجي نسبا الأباعبيدى سكنا (مۆرەکەی):.... ».

٤٣- «اعتمدت على خطوط العلماء ومهر السادات. وأنا الحقير عبدالحكيم (مۆرەکەی):.... ».

٤٤- «وثقت في صحة هذه الشجرة واعتمدت على مهورهم وختمته (!) وأنا الحقير محمد عارف القادري (مۆرەکەی): محمد عارف القادري».

٤٥- «ما هو المكتوب في طي الكتاب صح عندي خالياً عن ارتياب. أنا الحقير الفقير السيد محمد بن سيد مصطفى الباراوي. (مۆرەکەی): ».

٤٦- «لا شك ولا ريب في صحة هذه الشجرة الطيبة. أنا الحقير الخادم للفقراء السيد علي المتولي ابن السيد بابارسول البرزنجي ١٢٦٩ (مۆرەکەی): علي ».

شەجەرەی باخچە وا دەردەکەوێ لە ساڵێکدا پێشانی ئەو هەموو کەسە دراوە و هەموویان مۆریان کردووە. ئەمەیش بۆ زانینی هاوچەرخیی ئەو زانایانە شتێکی بە بایەخە.

لە رووی ئەوەیشەوە کە مۆری پتر لە (٤٦) زانای ئەو سەردەمە و هاوچەرخی مەولەوی پێوەیە، یەکێکە لە شەجەرە دانسقە و کەموێنەکان.

مەولەوی ساڵی ١٢٦٩ لە نووسینەوەی شەجەرەکە بووەتەوە، وەک وتم، هەر لەو ساڵەدا ئەو هەموو مامۆستا و زانا تەماشایان کردووە و مۆریان کردووە.

شەجەرەی شێخ مارفی ڕیشەڵانیی

٥٦١

ئەمەیش یەکێکە لە شەجەرەی بنەماڵەی بەرزنجیی و یەکێکە لە شەجەرە کۆنەکان کە بایەخێکی باشی پێ دراوە.

شەجەرەکە لە شێخ مارفی ڕیشەڵانییەوە دەست پێ دەکات و بەم شێوەیە:

معروف بن السيد احمد الامام الگه زردي بن السيد معروف بن السيد القطب في عصره الشيخ حسن الگلەزردی ابن مربي الثقلين السيد الشيخ محمد النودهي ابن السيد علي اللوتري ابن السيد بابا رسول البرزنجي بن السيد الشيخ عبد السيد... تا کۆتایی شەجەرەی بنەماڵەی بەرزنجیی. ئەم دەقە ئەحمەدی کوڕی سەید ڕەسووڵی بەرزنجیی بە خەتێکی ثولثی جوان ساڵی ١٢٨١ك نووسیویەتییەوە.

ئەم شەجەرە جگە لەم دەقەی سەرەوەی لە خوارەوەیش یەک دوو دەقی دیکەی درێژی بە هۆنراوەی عەرەبیی هەیە کە دانراوی شێخ مەعرووفی نۆدێین و، ئەم دەقانە لە شوێنی تردا نووسراون و چاپ کراون.

ئەوەی زیاتر جێگەی مەبەستی منە ئەو مۆر و ئیمزا و ناوانەیە کە بۆ تەسدیق و پشتڕاستکردنەوەی شەجەرەکە نووسراون، بە داخەوە ئەوەی کە لەلای منە (استنساخ)ی شەجەرەکەیە و زۆر لە قەراخ و بیجاخەکانی لە کاتی (استنساخ)دا دەرنەچوون و باش ناخوێنرێنەوە، هەوڵ دەدەم هەرچییان بخوێنرێتەوە شتێکی بۆ بکەم.

دەقی شەجەرەی شێخ مارفی ڕیشەڵانیی:

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله حق حمده، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد صلى عليه وسلم وآله وصحبه. وبعد: فأقول: انا السيد معروف الريشلاني ابن السيد احمد الامام الگه زردي، ابن السيد معروف، ابن السيد القطب في عصره الشيخ حسن الگه زردي، ابن مربي الثقلين السيد الشيخ محمد النودهي ابن السيد الشيخ علي اللوتري، ابن السيد بابا رسول البرزنجي، ابن السيد الشيخ عبد السيد، ابن السيد الشيخ عبد الرسول البرزنجي، ابن السيد قلندر، ابن السيد الشيخ عبد السيد البرزنجي، ابن السيد الشيخ عيسى الاحدب، ابن السيد الشيخ حسين اللوزعي البرزنجي، ابن السيد الشيخ ابا يزيد البرزنجي، ابن السيد الشيخ عبدالكريم البرزنجي، ابن السيد الشيخ القطب الاعظم والولي الافخم الاكرم سيدي وفخري وسندي وذخري السيد الشيخ عيسى البرزنجي. وهو اول من سكن بولاية

الأكراد وتوطن بقرية برزنجة من عمال شهرزور، وهو ابن السيد العارف الرباني والهيكل الصمداني السيد بابا على الهمذاني، ابن شهاب الدين السيد يوسف الهمداني، ابن اليسد منصور، ابن السيد عبد العزيز، ابن السيد عبدالله، ابن السيد الشيخ اسماعيل المحدث، ابن السيد الامام موسى الكاظم، ابن السيد الامام جعفر الصادق، ابن السيد الامام محمد الباقر. ابن السيد امام زين العابدين...

مۆرەكانى سەر شەجەرەكە:

١- لله در قائله

يا آل بيت رسول الله حبكم

فرض على الناس في القرآن انزله

كفاكم من عظيم الفخر انكم

من لم يصلّ عليكم لا صلاة له

هذه شجرة طيبة العود و... العرق، سامى الغصون،

الجاني، طوبى لمن استظل... في ظلها الوارف، وطالع من

من اورا وز اسرار المعارف، وويل لمن تجافى عنها...

الاشرا هاوي الذل مخلدين...

من الملك الفرد الاحد إلى الابد. اللهم اجعلنا وسائر المسلمين من المستظلين إلى يوم الذين. وصلى الله على سيدنا محمد و على آله وصحبه اجمعين. آمين يا ارحم الراحمين.

كتبه العبد الفقير اليه سبحانه مصطفى ابن السيد بابا رسول البرزنجي عفى عنهما.

٢-

٣-

٤- شجرة ثمرتها انساب الامجاد، ولا ينكر... من لمرض قلبه عن طريق الحق... وما تلقيها الأكابر الفحول، وهبّت عليها لديهم قبول القبول، فختمتها. وانا السيد علي بن السيد بابا رسول البرزنجي (السيد علي).

٥- شجرة صحيحة منيفة لايحوم الشك حولها، يشهد بصحتها الحقير السيد احمد التمياري البرزنجي. (السيد احمد).

٦- هذه شجرة اصلها ثابت وفرعها في السماء لاريب فيها، ولا شك في صحتها يشهد عليها السيد (احمد) نقيب الاشراف في شهرزور.

٧- لا مرية في صحة انتساب هذه الشجرة إلي العترة الطاهرة كيف لا وهو من انتسابهم فضلاءالدين، وعلماء المسلمين .

فتواتر وشاع بحيث لم يبق للانكار عليه مجال.

كتبه الفقير إلى مولاه المفتي بمحروسة لواء سليمانية (السيد احمد) عفى عنه.

٨- شجرة خالية من شايبة الخلل، واتفق على صحتها جميع اكابر الملل، لا ينبغي لاحد رمي الاحجار... طريق الانكار كما هو مشاهد من .... الآثار. انا الحقير المصدق السلام، القاضي بلواء سليمانية السيد (عبد السلام).

٩- ليس تحت اديم السماء شجرة ونسب أصح وأقرب من هذه الشجرة. انفذتها وأمضيتها، وانا الحقير خادم الفقراء السيد معروف القادري البرزنجي الكانى كوي (عبده معروف. ١٢٨١).

١٠- هذه شجرة أضاء نور صحتها في جو السماء، وانتشرت شعشعة تجلّي ثبوتها في بساط الأرض، فلا يكاد لغير المكابر يهوي في مهاوي انكارها. ووثقت به حق الوثوق، فختمته وانا الحقير السيد محمد صالح القادري القازانقايي البرزنجي. (السيد محمد صالح ١٢٨٠)

١١- لاشك في صحتها ولا مرية في ثبوتها، فلذا ختمتها، وانا السيد محمود بن السيد احمد الگلەزردى البرزنجي. (مۆرەكەی ناخوێنرێتەوە).

١٢- هذه شجرة صحيحة وبصحتها الشهرة فصيحة. فلذا ختمتها وانا السيد محمد بن السيد محمد الگلەزردى البرزنجي. (عبده محمد).

١٣- اقول: لا ريب لهذى الشجرة. طيبة شهيرة معتبرة. طلع شمسها كفرع في السماء، وأصلها تحت الاراضي فوق ما. وعندليبها على الفرع يقول: صاحب هذه من اولاد الرسول، لازال عاملا بكل ما علم. غير كائن له بمنتقم.

قال بلسانه وحرره ببنانه العبد الفقير الراجي عفو مولاه المنجي السيد احمد بن السيد محمود الگلەزردى النودهي المدنى البرزنجي. (السيد احمد البرزنجي).

١٤- لا شك في صحة هذه الشجرة بالاستفاضة والتواتر لدى الاصاغر والاكابر، يشهد بذلك حسين النايب بقضاء قرەداغ. عفى عنه الملك المنان. (عبده حسين).

١٥- هذه شجرة علية ثابتة العروق، واصلها علا على العيوق، ثمرتها أطيب الاثمار، وزهرها أحسن الازهار. فطوبي لمن تفيأ بفيئه.

ولا شك ولا ينكرها الا المعاندين (!) غير اهل الحق واليقين. فطبعتها لأني على ذلك من الشاهدين. وأنا الحقير السيد أحمد الحفيد البرزنجي النودهي، عفاه الله بلطفه البهي. آمين (السيد احمد).

١٦- هذه شجرة أنساب أنجاب، طوبىَ لهم وحسن مآب. شجرة مباركة لها ولشجرة القدس مشاركة. فيها عقود نسب تفتخر على اللآلي، بلغت سدرة منتهي المعالي، اتصلت صحتها بالاستفاضة حد اليقين، قرنا بعد قرن في الاولين والآخرين. قاله بفمه وزبره بقلمه العبد الأقل حسين الحسيني البرزنجي في سنة ١٢٨٢ (حسين الحسيني).

١٧- اطلعت اطلاعا جيدا بصحة هذه الشجرة ومضمون ما فيها ونسبة صاحبها إلى البرزنجي. انا الحقير السيد بابا علي القادري التيمارى البرزنجي. (السيد بابا علي).

١٨- هذه شجرة ثابتة اصلها ثابت وفرعها في السماء، لاشك في صحته (كذا) فختمت. أنا الحقير سيد عبدالقادر المدرس بسليمانية (عبدالقادر....)

١٩- هذه شجرة صحيحة لاينكرها العقول، لما تلقيها الفحول بالقبول، فختمتها وانا الفقير إليه عزشأنه. المدرس (نەخوێنرایەوە)

٢٠- شجرة بلغت صحتها غاية الاشتهار، وظهرت ظهور الشمس في رابعة النهار. فختمتها. وانا الفقير إليه - عز شانه- الكاژاوي المدرس (رسول).

٢١- كاد ان يشهد بصحة هذا النسب البهي، السماء والارض والجبال بلسان أنطق من الانسان. فلا يخفي أنوار شمس ظهوره على غير خفاش المعاند، فايقنت به ووسمته.

وانا الحقير الدهليژي احمد المدرس. (احمد حلمي)

٢٢- صحت اين شجره مباركه بصحت پيوسته. كسي شك درين شجره آورد محض افتراست. (السيد عبد الله).

٢٣- هذه شجرة مباركة طيبة لا شك في صحته. شهد بصحتها جماعة من العلماء والصلحاء والسادات المتقدمون (كذا) فختمت. أنا الراجي إلى عفو ربه الكريم سيد حسين البرزنجي. (حسين)

٢٤- شهدوا بصحة هذه الشجرة العلماء المتقدمون بأن نسب سادات البرزنجيين ثبت بالتواتر، فختمت. أنا الحقير سيد حسين التيماري البرزنجي. (حسين الحسيني).

٢٥- لا شك في صحة نسب صاحب الشجرة المباركة التي أصلها ثابت وفرعها في السماء، فختمت وانا الحقير السيد طاها القادري التيماري البرزنجي. (السيد طه).

٢٦- در نسب صاحب شجره مباركه شك وشبه نيست، واز علماء معتبرين وسادات متقدمين به صحت رسيده كه نسب سادات برزنجي به جناب حضرت فخر كاينات عليه افضل السلام والتحيات مي پيوندد. السيد محمود الدهليژەء البرزنجي. (شيخ محمود).

٢٧- هذه شجره اصلها ثابت وفرعها في السماء، لاشك ولا ريب في صحته انا الحقير المدرس به لواء السليمانية معروف. (معروف).

باسێکی دەستخەتەکە:

ئەم شەجەرە لە ڕووی نووسینەوە و کاغەز و خەت و ناوەڕۆکییەوە یەکێکە لە شەجەرە نایابەکانی کوردستان و دەستخەتخانەی کوردیی، بە سێ جۆر خەت نووسراوەتەوە:

(نسخ، ثلث، نستعليق) هەرسێ جۆرە خەتەکەیشی زۆر خۆش و نایابن و، نووسەرەوەی بە یەکێک لە خۆشنووسانی کورد دادەنرێ.

پێوانەی شەجەرەکە (١١×٢٤٠سم)ە لەسەر شێوەی تۆمار نووسراوەتەوە.

بەپێچەوانەی گەلێ لەو شەجەرە و قەباڵانەوە کە من دیومن و نووسخە و وێنەیانم لەلایە، نووسەرەوەی ئەم شەجەرە ناوی خۆی و ساڵی نووسینەوەکەی دیاریی کردووە. نووسەرەوەکەی ماموستا سەید ئەحمەدی کوڕی سەید رەسووڵی بەرزنجییە و، ساڵی ١٢٨١ک نووسیویەتییەوە.

لە تەک شـەجـەرەکـەدا دوو دانراوی شـێخ مـەعرووفی نۆدێی نووسیـوە. یەکێکیـان ناوی (روض الزهر)، و نوسـخـەی لە کتـێبخـانەی مـامۆسـتـا شـێخ مـحـەمـەدی خـاڵدا هەبووە. دوومـیان ناوی (مصبـاح الظلام)ە، هۆنراوەیەکە بە زمانی عـەرەبیی تا ئێستا لە هیچ سـەرچاوەیەکدا ناویم نەدیوە، ڕەنگە ئەمە یەکەم نووسخـەی بێت کە تا ئەم کاتە هەواڵی زانرابێ. ئەم دانراوە (٥٣) بەیتە.

ئەم شەجەرە جگە لەو بابەتانە لە کۆتاییەوە پەیماننامـەو تەریقەتی شێخ مەعرووفی ریشەڵانیی خاوەنی شەجەرەکەیشی تێدایە.

لەبەرئەوەی ئەم جۆرە پەیماننامـە و ئیجازەی تەریقـەتە یەکێکە لەو دەقانەی لەناو پیاوانی ئاینیدا بووە و ئێـسـتـەیش مـاوە، وام بە بـاش زانی وەک یەکـێک لـەو دەقـە کـۆنانە لێـرەدا ئەو زنجـیـرەی تەریقەتە وەک خۆی ڕوونووس بکەم.

شەجەرەی بنەماڵەی سەید محەممەدی عورەیزی

٥٦٢

یەکێکی تر لە شەجەرەی بنەماڵەکانی کوردستان کە پیاوی گەورە و ناسراو و جێگەی بڕوای خەڵکی ناوچەکە بوون و، پیاوی ناودار و خواناس و دنیانەویستی کەموێنەی چەرخی خۆیان تێدا هەڵکەوتووە.. شەجەرەی بنەماڵەی (سەید محەمەدی عورەیضی)یە کە لێرەدا شەجەرەکەی لە ناوی خۆیەوە دەنووسم:

«السيد محمد اب الأحمد والحسين، وهو ابن سيد محمد ابن سيد محمد ابن سيد حسين ابن سيد علي ابن سيد حسين ابن سيد نعمة الله ابن السيد غيب الله ابن السيد صنع الله. ابن سيد سعادالله، ابن سيد مرتضى، ابن سيد محمد، ابن سيد حسين، ابن سيد محمد، ابن سيد حسن،[1] كان رضي الله عنه شيخ زمانه وقطب أوانه، وقد ظهرت على يده خوارق عوائد هي على جلالته وإمامته شواهد، وشوهدت منه كرامات هي على تقريبه علامات، وصار مرقده مزاراً لأهل تلك الأماكن والنواحي من أهل البوادي وعمار القرى، وسكان الضواحي يقصدونه بالزيارات من جميع الجهات، وكثير من أصحاب العاهات والمجانين يؤتى بهم إلى قبره محمولين على ظهور الدواب فيشفون ببركته، ويرجعون سالمين على أقدامهم. وذلك من عجب العجاب. وكثيرا ما شوهدت على مشهده لوامع أنوار ساطعة إلى عنان السماء أمثال المشاعل. كل ذلك شاهد صدق على ما تحلى به من المفاض(!) والمكارم والفضائل. وهو رحمه الله ولد السيد حسين بن السيد عثمان الغازي[2] المكي بن السيد مسعود بن السيد سليمان بن السيد فضل الله بن السيد محمد بن السيد فضل الله، بن السيد علي، بن السيد فضل الله، بن السيد حسين، بن السيد أحمد، بن السيد محمد، بن السيد أحمد، بن السيد حسين، بن السيد أحمد، بن السيد حسين، بن السيد أحمد، بن السيد علي العريضي- نسبة إلى عريض قرية بالحجاز- بن الإمام جعفر الصادق، بن الإمام محمد الباقر، بن الإمام زين العابدين، بن الإمام السبط الشهيد الحسين ولد الإمام المرتضى أسد الله الغالب ومظهر العجائب علي ابن أبي طالب من الزهراء البتول، سيدة نساء أهل الجنة فاطمة بنت سيد المرسلين، وحبيب رب العالمين محمد المصطفى صلى الله عليه وعلى آله وصحبه أجمعين وسلم تسليماً كثيراً إلى يوم الدين...

---

(١) مامۆستا سەید باقری هاشمی کە ئەم شەجەرەم لە خزمەتی ئەودا دی و سوودم لێ وەرگرت ئەفەرمووێ: ئەم سەید حەسەنە بە باوا شێخ حەسەن ناسراوە و گۆڕی پیرۆزی لە خانەگای پاوەیە و زیارەتگای خەڵکی ناوچەکە و دەوروبەریەتی. ئەم زیارەتگا لەسەر ڕێگەی پاوە بۆ خانەگایە، کە ناگاتە دێی خانەگا.

(٢) باوا غازیش گۆڕی پیرۆزی کەوتووەتە ناوەڕاستی دێی خانەگاوە لە نزیکی پاوە.

فقد جددت هذه الشجرة المباركة الطيبة الحسناء اللطيفة من الشجرة المقدمة المطهرة الممهورة بمهر العلماء الغراء المستلفة. وتمت وحررت هذه السلسلة النجيبة بيد الأفقر الفقراء المحتاج إلى عفو الله الملك الصمد أبو الأحمد والحسين، السيد محمد بن السيد محمد في عدل سلطان البرين وخاقان البحرين خادم الحرمين الشريفين السلطان عبدالعزيز خان نصره الرحمن... في سنة ألف ومأتين وثمانين وثمان.

مۆرەكانی سەر شەجەرەكە:

شەجەرەكە وەک نووسەرەوەكەی نووسیویەتی لەسەر شەجەرەیەک تازەی كردووەتەوە كە مۆری گەلێ لە زانایان و ناودارانی پێوە بووە، بەڵام بەداخەوە ئەم نەهاتووە ناوی ئەو زانا و ناودارانە و مۆرەكانیان بگوێزێتەوە سەر شەجەرە تازەكراوەكە، بەوەیش زیانێكی گەورەی لە مێژووی زانایانی ناوچەكە داوە.

دوای تازەكردنەوەی شەجەرەكە خۆیشی مۆر و پشتگیریی چەند مامۆستای خستووەتە سەر، مۆرەكان وەک خۆیان دەگوێزمەوە ئێرە:

١- «صاحب هذه الشجرة يدّعى نسبته إلى نسب السيادة، ولم يشتهر بغيره، فلذا قبلته منه وصدّقته ومهّرته.

أنا الحقير الفقير إليه- عز شأنه- السيد عبدالسلام النايب بگلعنبر.

(عبدالسلام)

٢- من شك في صحة ما فيها من شهادة أولئك الكرام فقد طغى وأخذه الكبر والحسد، ومن بها اعتقد وجزم فقد وصل المنى ورشد، وصلى الله على النبي ومن فيها من عترته وعلى سائرهم.

الفقير الخالصي الحسيني.

(ألا إن نصرالله قريب)

٣- فقد صح هذا النسب واستفاض واشتهر، والطعن فيه كما في الحديث من قواصم الظهر، وأنا الفقير ما أطعن بل قبلته، فثم ختمته.

كتبه الحقير السيد أحمد النودهي ثم البرزنجي.

(عبده أحمد)

٤- كتاب ينطق بما شهد به المقربون. والسلام على من اتبع الهدى. الداعى الأثيم (نسيم السما).

باسێكی دەستخەتەكە:

ئەم دەستخەتە لە كاغەزێكی درێژی زەردباوی زەردكراودا نووسراوەتەوە، پێوانەكەی (٢٤×١٧٠) **چوار دەورەكەی بە مەرەكەبی تەلایی گیراوە، گوڵێكی جوانی درەختیی لە سەرەتایەوە دروست كراوە، بە مەرەكەبی رەش و سوور بە خەتێكی (نسخ)ی مامناوەندیی نووسراوەتەوە، نووسەرەوەكەی** هەمان پیاوە كە شەجەرەكەی بۆ دروست كراوە.

* مامۆستا سەید باقری هاشمی دەفەرمووێ:

لە پاوە لەلای بنەماڵەی عیزەت بەگ قورئانێکی دەستخەتی کۆن هەبووە کە مێژووەکەی بۆ زیاتر لە (١٥٠) ساڵ دەگەڕێتەوە، وەک دەڵێن مێژووی نووسینەوە و ناوی نووسەرەوە و گەلێ مێژووی تری پێوەیە.

ئەم قورئانە لەلایەن خوالێخۆشبوو قادر بەگی کوڕی خوالێخۆشبوو جافر سوڵتانی هەورامانەوە بە هەدییە دراوە بە خوالێخۆشبوو عیزەت بەگی کوڕی خوالێخۆشبوو کەریم بەگی جافر سوڵتان و، لەلایەن ئەویشەوە پێشکەش کراوە بە بورهان بەگی کوڕی خوالێخۆشبوو عیزەت بەگی لهۆنی و ئێستە قورئانەکە لەلای بورهان بەگە.

هەروەها بیستوومە:

کە خوالێخۆشبوو محەمەد بەگی وەکیل[1] کە شاعیر و ئەدیب و ئەدەبدۆست بووە. خزمەتگوزاری ئەدیب و شاعیران و بەرهەمیان بووە. میرزا عەبدولقادری پاوەیی و میرزا عەباسی تاڵەبەندی لە ماڵی خۆیاندا داناوە شەش مانگ خزمەتی کردوون، میرزا عەبدولقادری پاوەیی کتێبی (روضة الصفا)ی بە شیعری کوردی تەرجەمە کردووە، میرزا عەباسیش بەو خەتە جوانەی خۆی کە وەستا و خۆشنووسی خەتی (نستعلیق) بووە نووسیویەتییەوە.

وەک دەڵێن: ئەو دەستخەتە کەوتووەتە لای خوالێخۆشبوو خەلیفە ئەحمەدی حیسامی دانیشتووی پاوە. دوای ئەویش نازانرێت دەست کێ کەوتووە.

---

(١) محەمەد بەگی یەکەم ١٨٢.

شەجەرەی ساداتی گەرمک

٥٦٣

لە ڕێگەی سەید ئەحمەد حەمیدی گەرمکی و سەید ئەنوەری سەید کاملی گەرمکییەوە، دەقی دوو شەجەرەی بنەماڵەی گەرمکیم بینی- هەردوو دەقەکە بە وێنەن- لە سەرەتاوە سێ مۆریان پێوەیە، دووانیان هەر یەک مۆریان تێیدا نووسراوە:

(لا اله إلا الله شیخ عبدالقادر ثنی لله!)

دووەمیان تێیدا نووسراوە:

(عبده نعمان خادم الرحمن).

شەجەری یەکەمیان ئاوا- دوای پێشەکییەکی لاپەڕە و نیوێ- دەست پێ دەکات:

(السید طه إبن السید ولي ابن السید قاسم ابن السید شاه قلي. ابن السید شعبان، ابن السید ولي، ابن السید شعبان، ابن السید إسماعیل، ابن السید أحمد، ابن السید إسحاق، ابن السید محمد ابن السید إسحاق، ابن السید نظر، ابن السید مراد، ابن السید محمد، ابن السید الحاج جویشي، ابن السید محمود، ابن السید محمد زاهد المشهور ب(پیر خضري شاهو)- قدس سره وعوض بره- . ابن السید محمود الثاني ابن السید حسین، ابن السید رحمة الله...

لەم شەجەرەدا دوای تەواوکردنی ڕشتەی نەسەبەکەیان، ڕشتەی پیاوانی تەریقەتیش نووسراوە، واتە دەستودەست و پشتاوپشت ئیجازەی تەریقەتیان لە کێ وەرگرتووە و، کێ خەرقەی تەریقەتی لەبەر کردوون، ئەویش بەم شێوەیە:

«هذا ذکرنا السید النسب وأما عند التلقین والخرقة الشیخ التقي النقي الزکي الصالح... بحسب شیخ پیر قولي أعلى أولاده الشیخ الصمد. وهو تلقین على الأب الشیخ محمد وهو تلقین على الأب الشیخ... وهو تلقین على الأب الشیخ حسن، وهو تلقین على إبراهیم سمین- قدس الله سره العزیز- وهو تلقین من شیخ الکبیر پیر خضر شاهوي، وهو تلقین على الشیخ نجیب السهروردي- قدس سره- وهو تلقین على شیخ شهاب الدین سهروردي - قدس سره- وهو تلقین على شیخ عارف، وهو تلقین على شیخ عبدالله الحقیقي، وهو تلقین على الشیخ الکبیر، وهو تلقین على شیخ جمال الدین بخاري، وهو تلقین على شیخ جنید البغدادي، وهو تلقین على شیخ خالد سرى السقطي، وهو تلقین على حسن البصري، وهو تلقین على الإمام زین العابدین، وهو تلقین على الإمام حسین، وهو تلقین على سیدنا- ومولانا سیف الله الغالب إمام المشرق والمغرب أبي الحسن والحسین علي بن أبي طالب- رضي الله تعالى عنه وکرم الله تعالى وجهه- وهو تلقین على النبي- صلى الله تعالى علیه وسلم- وهو تلقین على جبرائیل- علیه السلام- وهو تلقین من الحق سبحانه وتعالى وتقدس برحمتك یا أرحم الراحمین.

والحمدلله رب العالمين.»

ئەم شەجەرە ساڵی ١٣٣٠ نووسراوەتەوە. لە کۆتاییيەوە ناو و مۆری دوو پیاوی بەسەرەوەیە بەم شێوە:

١- (عبدالوهاب زادەء خادم الفقراء السيد أحمد بن سيد حسن بن سيد عبدالله) مۆرەکەی: (خادم الفقراء السيد أحمد...)ە .

٢- (گیلاني زاده السيد مصطفى القادري كليدار حضرة جده السيد الشيخ عبدالقادر الجيلاني- قدس سره- . مۆرەکەی: (مصطفى السيد...).

شەجەرەی دووەمیش ئاوا دەست پێ دەکات:

«السيد إبراهيم ابن السيد محمد ابن السيد صالح ابن السيد قاسم ابن السيد شاه قلي، ابن السيد شعبان ابن السيد ولي ابن السيد شعبان...».

تا کۆتایی وەک شەجەرەی یەکەم.

ئەم شەجەرەی دووەمە ساڵی ١٣٤١ نووسراوەتەوە. ئەمیش ناوی نووسەرەوەی پێوە نییە، لەوە دەچێت هەردووکیان یەک کەس نووسیبنیەوە. لە کۆتاییی ئەمیشەوە دوو مۆرەکە هەن وەک ئەوی تر. لە تەک شەجەرەکاندا دوو لاپەڕە هەیە باسی کەراماتی سەید محەمەدی ناسراو بە پیر خدری شاهۆ و هاتنی بۆ ئەو دەوروبەرە و، دەرکەوتنی ڕێزی لەلای میر (مقرب الدين) و بەخشینی گوندی (قتلو آباد) بە پیر خدر لەلایەنی میرەوە دەکات.

نووسەرەوەی ئەم شەجەرانە زۆر خەتخۆش نییە و زۆریش خوێندەوار نەبووە و هەڵە لە نووسینەوەکەیدا هەیە.

لقێکی تر شەجەرەی پیر خدرییەکان:

بەپێی ئەوەی کە نووسراوە و دەست من کەوتووە دەقی ئەم شەجەرە لە مەرقەدی وەیسی قەرەن لای کرماشان لە کوردستانی ئێران پارێزراوە. دەقەکە هیچ پێشەکی و سەرەتای نییە و ئاوا دەست پێ دەکات: «هذه سلسلة شريفة من سلسلة مولانا الشريف سيد محمد بن السيد حسن الشهير بملا أبوبكر المصنف ابن سيد هداية ابن سيد يوسف ابن السيد يعقوب ابن سيد هداية ابن السيد محمد خان ابن سيد هداية الله ابن سيد حسن ابن سيد شاه حسين الصفوي ابن سيد حسن الشهير بپير خضر الشاهوي ابن السيد محمود ابن سيد جعفر ابن سيد حسين ابن سيد بدل ابن سيد خلف ابن سيد مطر ابن سيد تاج الدين ابن سيد قاسم ابن سيد إدريس ابن سيد جعفر ابن سيد إمام علي نقي ابن إمام محمد نقي ابن إمام علي رضا ابن إمام موسى الكاظم ابن إمام جعفر الصادق ابن إمام محمد الباقر ابن الإمام زين العابدين ابن إمام حسين الشهيد ابن إمام علي الشهير بأسد الله الغالب كرم الله وجهه... ».

لە کۆتایی ئەم شەجەرەوە پێنج مۆر هەیە ناخوێنرێنەوە، تەنیا یەکێکیان دوو ناوی (منان) و (عثمان)ی لێ دەخوێنرێتەوە.

شەجەرەی سەید سۆفی مەحموودی مووبڕەییی خڕنووکی

٥٦٤

ئەمەیش یەکێکە لە شەجەرەی بنەماڵە سەیدەکانی کوردستان، بە دوو خەت نووسراوەتەوە، لە سەرەتاوە هۆنراوەی (روض الزهر)ی دانراوی شێخ مەعرووفی نۆدێیی نووسراوە، دوای ئەوە شەجەرەی بنەماڵەکە بە خەتێکی تر نووسراوە، هەڵەی زمان و رێنووسی تێدایە. ئەم بنەماڵە دەچنەوە سەر پیر خدری شاهۆ.

پێوانەی شەجەرەکە (٣٠٠×١٥)ه.

ئەم شەجەرەیش شایەتیی و مۆری ژمارەیەک لە مامۆستا و گەورەپیاوانی ئەو سەردەمەی کوردستانی پێوەیە. بەشێکیان هەر ئەو مامۆستایانەن لە شەجەرەکانی پێشوویشدا چەند جار ناویان هاتووە. بەشێکی تریان ناوی چەند مامۆستایەکە کە لە شەجەرەکانی تردا نین.

وێنەی شەجەرەکەم لەلایە باش دەرنەچووە هەندێکی ناخوێنرێتەوە، هەوڵ دەدەم ئەوانەیان دەخوێنرێنەوە لێرەدا بیاننووسم.

١- سەرەتا چەند مۆرێک لە وێنەگرتنەوەدا رەش بوونەتەوە. لە کۆتاییی بەرمۆرێکیاندا ئەوەندە دەخوێنرێتەوە (.... إلا بالحق. أنا الحقير معروف ..... المدرس بسليمانية).

مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە.

٢- لا شك ولا مرية... هذه الشجرة المباركة... أقر بذلك. على بن السيد بابا رسول البرزنجي.

مۆرەکەی (.....).

٣- وثقت واعتمدت على خط سندي ومعتمدي خير العامل القائم بحقوق الله وحقوق المسلمين... فختمت هذه الشجرة العالية وأنا الحقير الفقير السيد حسن البرزنجي المدرس بسليمانية المحروسة.

مۆرەکەی (.....).

٤- وثقت بمهور الجمهور من العلماء والسادات فختمتها أنا الحقير علي الإمام بخانقاه المدرس بسليمانية.

مۆرەکەی (.....).

٥- هذه شجرة أصلها ثابت وفرعها في السماء لا شك في صحتها فمهرتها، أنا الحقير محمد سعيد الخطيب بسليمانية.

مۆرەکەی (.....).

٦- لا مرية في صحة هذه الشجرة لأنها مختومة بخط العلماء والسادات وهم لا يقولون ولا يفعلون إلا صدقاً وحقاً. ولأن من ادعى نسبا آه. فختمتها أنا الحقير أحمد الخالدي النقشبندي.

مۆرەکەی (أحمد الخالدي النقشبندي).

٧- تيقنت بثبوت هذا الانتساب ولا جرم في تحققه وصحة هذه الشجرة المباركة. أنا الحقير عبدالصمد القاضي السابق.

مۆرەکەی (عبدالصمد).

٨- لا شبهة في صحة هذه الشجرة التي أصلها ثابت وفرعها في السماء وأنا الحقير المدرس بن عباس.

مۆرەکەی (.....).

٩- قد مهر هؤلاء المشايخ والعلماء على قبول هذه الشجرة ووصول هذا النسب فوافقتهم على ذلك...

مۆرەکەی (.....).

١٠- اعتمدت على هذه المهور فختمت أنا الفقير عثمان المدرس.

مۆرەکەی (.....).

١١- هذا نسب وليس كغيره بمشكوك كما ختمها العلماء وأنا الحقير محمود المدرس بنوده.

مۆرەکەی (محمود)ێکی لێ دەخوێنرێتەوە.

١٢- لا شك ولا ريب في صحة هذه الشجرة المباركة. الحقير عثمان المدرس إبن المصرف.

مۆرەکەی (عبده عثمان).

١٣- هو الباقي. هذا نسب صحيح قد جزم بصحته فحول من العلماء وجم غفير من السادة الكرماء فوافقتهم على صحته وثبوته. أنا الفقير أحمد المدرس بسليمانية المحمية عفى عنه.

مۆرەکەی (عبده أحمد).

١٤- الختام للعلماء الكرام والسادة العظام أعلى حجة وأوثق عروة في ثبوت صحة هذه الشجرة المباركة والعمل بمقتضاها. أنا الحقير محمود المفتي السابق ببلدة سليمانية.

مۆرەکەی (.....).

١٥- لا شك في صحة هذه الشجرة المباركة وصحة هذه النسب.

أنا الحقير أحمد المدرس بسليمانية.

مۆرەکەی (عبده أحمد).

١٦- وثقت بمهور العلماء السادات. وأنا الحقير الفقير السيد الشيخ حسن السياوش. فختمتها.

مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە (.....).

١٧- هذه شجرة ختمها السادة العظام والعلماء الأعلام فختمتها كما ختمت، ورقمت عليها كما رقمت، وأنا السيد أحمد بن السيد محمود النقيب بسليمانية.

مۆرەكەی (.....).

١٨- شجرة صحيحة الإيمان. ختمها فواضل الزمان، شاهدها عبدالكريم الباني، فليقرأن سبعة المثاني. فاتحة الكتاب والقرآن.

مۆرەكەی (عبدالكريم).

١٩- وثقت بصحة هذه الشجرة واعتمدت على... وأنا السيد الشيخ عبدالقادر الكوانه... إبن السيد الشيخ محمد طه طيب الله ثراه وجعل الجنة مثواه.

ئەم مۆرانەی تا ئێرە ئەوانەن لە خوار شەجەرەكەوە نووسراون، بەڵام لە پێش شەجەرەكەوە چەند شایەتیی و مۆر هەیە باش ناخوێنرێنەوە، هەوڵ دەدەم شتێكیش لەوانە هەڵكرێنم.

٢٠- لا شك ولا مرية في صحة هذه الشجرة المباركة كما شهد بها سيدي كاك أحمد فوسمته أنا الحقير مصطفى القادري النودهي.

مۆرەكەی (.....).

٢١- أشهد الله تعالى على أني أشهد أن الملا (محمد!) وكان مما يوثق به يشهد بأن أولاد الشيخ صوفي محمود الموبرهء - قدس سره- من أولاد جناب البير خضر الشاهوي الذي نسبه هو أصح الأنساب التي في بلاد الأكراد إلا نسب البرزنجيين. ولذا ختمت هذه الشجرة وأنا الفقير الحقير السيد أحمد النودهي ثم البرزنجي ابن السيد معروف...

مۆرەكەی (عبده أحمد).

٢٢- لە دوای نووسینێكی سەید حسەینی حسەینیی بەرزنجییەوە مێژووی ساڵی ١٢٦٨ نووسراوە. دیارە مێژووی دروستی نووسینەوەی شەجەرەكە پێش ئەم مێژووەیە.

شەجەرەی شێخ محەمەدی بەرزنجی

٥٦٥

ئەم شەجەرەیش یەکێکە لە شەجەرە کۆنەکان کە بۆ یەکێک لە بنەماڵە بەرزنجییەکان رێک خراوە، من وێنەکەیم بینی، جگە لەوەی لە وێنەگرتنەوەدا باش دەرنەچووە سەرەتاکەی وێنە نەگیراوە و لە ناوی سەید محەمەدی کوڕی سەید عەبدولکەریمی کوڕی سەید زیننوونی کوڕی سەید بایەزیدی کوڕی سەید رەسووڵی کوڕی سەید بایەزیدی کوڕی سەید ئیسماعیلی کوڕی سەید بابا رەسووڵی گەورەوە دەست پێ دەکات.

لە سەرەتا و کۆتاییەوە ناوی گەلێ لە زانا و ناودارانی کوردستان و مۆریانی پێوەیە، هەوڵ دەدەم هەرچییانم بۆ بخوێنرێتەوە لێرەدا تۆماری بکەم:

١- وليعلم أن ما في هذه الشجرة من مضامين الكلمات التامة العليا صحيحة بل متواترة، ليس كمثلها شيىء في الآخرة ولا في الدنيا، ولصاحبها نسب ألقت الشمس عليه رداءها وحسب، أرخت النجوم عليه أضواءها، وهو من السادة البرزنجية، ذوي النفوس القدسية، لم يزل فناؤهم إلى زماننا هذا قبلة الأقبال وكعبة الآمال، فمن لم يؤمن بها ولم يختمها ختم الله على قلبه، فلذا آمنت بها وختمتها. وأنا الحقير الفقير إلى بركات أنفاسهم الشريفة ورحماتهم اللطيفة المنيفة في البلدة السليمانية من كرام المدرسين المخلص لهم الخالصي القادري الصادق الامين.

مۆرەکەی لە (محمدأمين) دەچێت.

٢- لا شك في سيادة صاحب هذه الشجرة الطيبة التي أصلها ثابت وفرعها في السماء، فطوبى ثم طوبى لمن تمسك بأغصانها، وويل بعد ويل لهؤلاء الذين هم رغبوا عنها، وأنا الحقير السيد عثمان ابن السيد الحاج أيوب...

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

٣- هذه شجرة طيب العود واللحاء، عريق العرق، سامي الغصون. حلو المجاني، قد بلغت فروعها إلى منتهى السعدين. كما وصل الأصل أصل إيجاد الكون- صلى الله عليه وسلم- إلى قاب قوسين، فطوبى لمن استظل بها، وويل لمن أعرض عنها. كتبه المفتي بلواء السليمانية السيد مصطفى ابن السيد بابا رسول البرزنجي. عفى عنه.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

٤- السيد محمود البرزنجي.

مۆرەکەی (محمود).

٥- لا شك ولا ريب في صحة هذه الشجرة الطيبة المباركة ونسب صاحب هذه الشجرة أظهر من الشمس. ختمتها وأنا السيد أحمد النقيب بلواء سليمانية.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

٦- هذه شجرة أصلية.

مۆرەکەی (نووسینێک و مۆرێکی لە دواوەیە ناخوێنرێتەوە).

٧- .... مستفيض بل متواتر لا ينكرها إلا معاند مكابر وحامل هذا النسب من أولئك الكرام ويشهد بهذا السيد علي الغالب ابن السيد بابا رسول ابن السيد طاها البرزنجي. عفى عنهم.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

٨- هذه شجرة طيبة مباركة لا ريب فيها فختمتها وأنا (المولى!) المدرس بسليمانية.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

٩- شجرة أصلها ثابت وفرعها في السماء اقتطفت صحة ثمرتها فحول العلماء الصلحاء، بل تواترت الأخبار وتطابقت الآثار على أن هذه النسبة الطيبة المباركة بلغت في الصحة مرتبة اليقين، فمن أنكرها فهو ممن لا يبالي بالدين. قاله بلسانه وكتبه ببنانه الفقير الى ألطافه الخفية، أحوج مدرسي أدرنه المحمية، السيد أحمد فيضي بن السيد رسول اللوزعي ابن السيد محمد البرزنجي المدرس بمدينة السليمانية.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

١٠- هذه شجرة مباركة لا ريب فيها، فختمتها خادم المساكين متولي البرزنجة محمد بن سيد بابا رسول بن سيد طاها.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

١١- لا يخفى أنه استفاض بل تواترت صحة نسب السادة البرزنجيين بين العوام والخواص والعلماء والعاملين. وأنا الفقير السيد أحمد البرزنجي شاهد على أن صاحب هذه الشجرة السيد محمد منهم. ولذا ختمت الشجرة.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

١٢- هذا شجرة طيبة لا ريب فيها أنا الحقير ساكن بكركوك.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

١٣- أشهد على أن هذه الشجرة الطيبة نمت أغصانها على مواضعها، وخضرت أوراقها في مواقعها. ويشهد على صحة أصلها وفرعها زمرة من أهل الدين. فلذا لا ينكرها إلا من هو من الملحدين. وأنا المحتاج إلى عفو ربي وشفاعة جدي الذي أنتسب اليه -عليه الصلاة والسلام- السيد معروف إبن السيد عبدالقادر السركلويي البرزنجي.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

١٤- هذه شجرة طيبة مباركة أصلها ثابت وفرعها في السماء لا شك في صحتها، وأنا الحقير السيد حسين ابن عم القاضي بالسليمانية.

مۆرەکەی (السید حسین البرزنجی).

١٥- شجرة طيبة مباركة أصلها ثابت وفرعها في السماء بحيث لا ريب في صحتها. وصاحبها من السادة البرزنجية. وأنا القادري القازانقايي.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

١٦- هذه الشجرة لا ريب في صحتها فمن أنكرها فكأنما أنكر ثبوت النسب بطريق الاستفاضة. فلذا اعتمدت على ختم حضرة الشيخ كاك أحمد (أفندي) أدام الله بقاءه علينا وختمناها أنا الحقير الفقير المدرس.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

١٧- لا شك في صحة هذه الشجرة، طيبة صحيحة كما يرى، فعندليبها على الفرع يقول: صاحب هذه من أولاد الرسول، شجرة أصلها محمود، وخلاصة الوجود، نورها جلي، وصنوها على زهرها زهراء. وعيدانها من الأوراق أهل عباء، فختمتها كما ختمها العلماء والسادة الصلحاء الأتقياء. وأنا الفقير كاتب لهذه الكلمات الراجي... العفو من.... السيد أحمد البرزنجي النقيب بلواء سليمانية حماها رب البرية.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

١٨- شجرة لا ريب في صحتها تشهد بها علماؤنا وتتلقتها بالقبول فقهاؤنا كتبه الفقير اليه -سبحانه وتعالى- المدرس المميز بلواء السليمانية المحمية.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

١٩- وليعلم أن هذه الملفوفة، شجرة ثمرة الصحة منها مقطوفة، وأنا الفقير اليه -تعالى شأنه- المدرس.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

٢٠- هذه شجرة صحيحة لا مرية في صحتها وعلانيتها، ولهذه ختمتها أنا الحقير المدرس البرزنجي.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

٢١- لا شك ولا ريب في هذه الشجرة الطيبة وفي صحتها، ومن شك فيها فهو زنديق. ولهذه مهرتها. وأنا السيد إسماعيل إبن بابا رسول مسكونته ببرزنجه.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

٢٢- نسب تحسب العلا بحلاه. قلّدتها نجومها الجوزاء.

هذه شجرة صحيحة أغصانها طيبة، وأثمارها لطيفة مليحة، حاملها رجل وارع، وفي الزهد على ترابها بارع. قاله بلسانه ونمقه ببنانه، أفقر المدرسين السيد أحمد فايز البرزنجي الموليخلافة بقره طاغ.

مۆرەکەی (السید أحمد فایز البرزنجی).

٢٣- شجرة أصلها تحت الثرى وفرعها في السماء، ويل لمن رماها حجرة الإنكار، وعزّة لمن نظرها نظر الاعتبار ب... الأبصار وحميدة خصال، ما بها شاهد صدق على إنصافه بسيادة مثبتة بلا ريب وإنكار. أنا الحقير المصدق السيد عبدالسلام النايب بقضاء گلعنبر المحمية.

مۆرەکەی (ناخوێنرێتەوە).

٢٤- هذه الشجرة في صحتها وثبوتها اعتمدنا على الاستفاضة، فمن أنكرها بعد اتفاق تلك الذوات فهو منكر ومعاند لا ينبغي أن يصغى لكلامه والله أعلم. السيد أحمد البرزنجي التيماري.

مۆرەکەی (السید أحمد).

شەجەرەی شێخ محێدینی دێلێژەیی

٥٦٦

یەکێکی تر لەو شەجەرانەی کە بایەخێکی زۆری پێ دراوە و بە خەتێکی (نسخ)ی زۆر جوان نووسراوەتەوە، شەجەرەی بنەماڵەی شێخ محێدینی دێلێژەیە، بەداخەوە ئەسڵی شەجەرەکە لەدەستدا نییە و، وێنەیەکەیم دیوە کە ئەویش کۆنە و باش وێنەی نەگیراوەتەوە و گەلێ شوێنی ناخوێنرێتەوە.

ئەم شەجەرەیش وەک گەلێ لەو شەجەرانەی من دیومن مۆری چەند کەس لە مامۆستایانی گەورە و ناوداری کوردی پێوەیە، بەداخەوە ئەوانیش باش دەرنەچوون و ناخوێنرێنەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەم ئەوەی پێوەندی بە شێخ محێدینی خاوەنی شەجەرەکەوە هەیە بینووسم و، مۆرەکان و بەرمۆرەکانیش چییان لێ بخوێنرێتەوە دەیخەمە پاڵ ناو و جێگەی شەجەرەکانی تر، دوای پێشەکییەکی درێژ و کۆمەڵێ حەدیس و ئامۆژگاری لەبارەی رێزی ساداتەوە ئاوا دەست پێ دەکات:

السيد محي الدين ابن السيد إسماعيل، ابن السيد عبدالسلام ابن السيد الأفخم والقطب الأكرم، السيد إسماعيل ابن الشيخ محمد ابن السيد الشيخ علي، ابن السيد الشيخ رسول البرزنجي ابن السيد سيد البرزنجي، ابن السيد شيخ رسول البرزنجي ابن السيد الشيخ قلندر البرزنجي، ابن السيد الشيخ سيدي البرزنجي، ابن السيد الشيخ عيسى الأحدب البرزنجي، ابن السيد الشيخ حسين البرزنجي، ابن السيد الشيخ أبا يزيد البرزنجي. ابن السيد الشيخ عبدالكريم البرزنجي، ابن القطب الأعظم السيد الشيخ عيسى البرزنجي الگوراني...

بەو شێوەیە تا کۆتایی شەجەرەی سەیدەکانی بەرزنجە کە دەچنەوە سەر ئیسماعیلی موحەدیسی کوڕی ئیمام مووسای کازم.

مۆرەکانی شەجەرەکە:

ئەم شەجەرەیش، وەک شەجەرەکانی تر، مۆری چەندان زانا و پیاوی گەورە و ناوداری پێوەیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ناوەڕۆکی شەجەرەکە، بەڵام بەداخەوە بە بۆنەی ئەوەوە وێنەکەی باش دەرنەچووە گەلێ لە مۆرەکان ناخوێنرێنەوە، هەوڵ دەدەم لێرەدا ئەوانەیان دەخوێنرێنەوە تۆماریان بکەم:

١- لا مر... وأنا المطلع الحقير السيد حسن... سادات البرزنجي المنسوب إلى الگلەزردە. (مۆرەکەی ناخوێندرێتەوە).

٢- شجرة ثابتة علوية لا شك فيها مع ثبوتها الم.. وأنا المطلع الحقير السيد حسن المتكي خادم

سادات البرزنجي المنسوب إلى گلەزردە.

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە).

٣- لا مرية في صحة نسب السيد محي الدين ولا في صحة هذه الشجرة الشريفة... أمضيتها وأنفذتها.. الضعيف خادم الفقراء طاها القادري البرزنجي.

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە).

٤- لا شك في صحة هذا النسب وحقيقته وأنا الحقير عبدالعزيز الخطيب بالسليمانية.

٥- أقول: ما تحت قبة السماء ولا فوق اديم الغبراء نسبا أصح من هذا النسب. وأنا الحقير محمود الگلەزردی البرزنجي الحسيني.

(السيد محمود البرزنجی).

٦- لا مرية في صحة هذا النسب الشريف للسيد محي الدين المشهور بدهليژی. ولا في صحة هذه الشجرة المباركة. الحقير عبدالصمد القاضي بقصبة السليمانية.

(السيد عبدالصمد).

٧- هذه الشجرة الشريفة صحيحة، لا ريب فيها ولا وجه لمن كان في قلبه شك فيها إلا إنكار ما تواتر، وهو من الأدلة القاطعة.

(... على ...).

شەجەرەی سەیدەکانی جەباری

٥٦٧

خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ نووری لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە (خۆشبەختانە شەجەرەیەکی سەیدەکانی جەباری) دەست کەوتووە و، دەقی ئەو شەجەرەی نووسیوە:

منیش خۆشبەختانە دەقی دوو شەجەرەی کۆنی سەیدەکانی جەباریم دەست کەوت، کە هەردووکیان شێخ مەعرووفی نۆدێیی دروستی کردوون و پێشەکیی بۆ نووسیون.

شەجەرەی یەکەمیانی بۆ عەبدوسەمەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی جانی کوڕی عەلی کوڕی عەبدولکەریم... نووسیوە.

شەجەرەی دووەمیشیانی بۆ مستەفای کوڕی ئیسماعیلی کوڕی جانی کوڕی عەلی کوڕی عەبدولکەریم نووسیوە. واتە شێخی نۆدێ دوو شەجەرەی بۆ دوو برا لە سەیدەکانی جەباری دروست کردووە.

دیارە ئەم دوو شەجەرە پێش ئەو شەجەرەن کە مامۆستا شێخ نووری باسی کردووە، چونکە ئەو شەجەرە- شەجەرەی: سەید جەعفەری، کوڕی سەید عەبدولجەباری، کوڕی سەید محەمەدی جەباری، کوڕی سەید عەبدوسەمەدی، کوڕی سەید عەبدولقادری، کوڕی سەید (مستەفای کوڕی سەید ئیسماعیل)ە. هەروەها وێنەی شەجەرەی سەید عەلیی کوڕی سەید محەمەدی کوڕی سەید عەبدولعەزیزی کوڕی سەید فەتاحی (ناسراو بە مەلای جەباری)کوڕی سەید (مستەفای کوڕی سەید ئیسماعیل)م دەست کەوتووە.

کە هەر یەکێکیان شایەتی و ناو و مۆری چەندان زانای یەک لە دوای یەکیان پێوەیە. هەندێکیان ناخوێنرێنەوە، هەوڵ دەدەم ئەوانەی دەخوێنرێنەوە بیاننووسم:

١- «لا ريب في صحة هذه الشجرة لأنا رأينا خاتم سيدي السيد كاك أحمد النودهي وختمناه. وأنا الحقير السيد حسن الحسيني كاني کەوەيی البرزنجي».

٢- «لا شك في صحة... صاحب الشجرة... لذا ختمتها وأنا السيد أحمد النودهي البرزنجي. (مۆرەکەی): السيد أحمد النودهي البرزنجي».

٣- «هذه شجرة مباركة صحيحة الانتساب... والإستفاضة من... أجدادنا... وأنا الفقير إلى الله حسن الحسيني... البرزنجي».

ئەمانەی سەرەوە لە شەجەرەی یەکەم وەرگیران، شەجەرەی دووەمیش مۆر و نووسینی ئەم زاتانەی پێوەیە:

١- لا شك في صحة نسب صاحب هذه الشجرة، وإلا لما ختمها سيدي وجدي السيد كاك أحمد- مد ظله ومتعنا الله بطول حياته- فلذا ختمتها، وأنا الحقير السيد معروف الحفيد».

٢- «من شك في صحة نسب صاحب هذه الشجرة لم يشمّ رايحة الانصاف، فلذا ختمتها، وأنا الحقير السيد مصطفى الحفيد».

٣- «لمّا رأيت خاتم جدي السيد كاك أحمد النودهي وحكم بصحته، ختمتهُ، وأنا الحقير السيد عمر الحفيد. (مۆرەکەی) السيد عمر».

٤- «الحمدلله والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وآله وأصحابه أجمعين.

وبعد: فهذه شجرة أصلها ثابت وفرعها في السماء ويشهد بصحتها العبد الفقير إلى الله السيد محمود النقيب على الأشراف ببغداد المحروسة. عفى عنه».

٥- «من رأى خاتم السيد الجليل سيدي وجدي- روحي فداه- السيد كاك أحمد - مد ظله ومتعنا الله بطول بقائه - لايشك في صحة نسب صاحب هذه الشجرة، فلذا ختمتها وأنا الفقير السيد محمد سعيد الحفيد».

٦- «هذه شجرة أصلها ثابت وفرعها في السماء، لا ينكرها إلا المنكرون، يشهد بصحتها الفقير إلى الله السيد معروف الريشلاني البرزنجي القادري (مۆرەکەی) محمد معروف».

لە کۆتایی لاپەڕەی کۆتاییی شەجەرەکەوە سێ چوار مۆری پێوەیە، نووسینەکانیان باش ناخوێنرێنەوە، ئەوەی لێیان وەردەگیرێ لێرەدا دەینووسم:

«بسم الله الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله أجمعين.

وبعد: فهذه شجرة مباركة أصلها ثابت وفرعها في السماء لا ينكرها إلا.... ويشهد بصحتها الفقير إلى الله السيد محمود المرشد البرزنجي النقيب على الأشراف بسليمانية المحروسة».

«... هذه الشجرة المباركة أصلها ثابت وفرعها في السماء شهد عليها وحكم ... الحقير السيد البرزنجي القاضي بسليمانية... (مۆرەکەی) السيد علي».

«... استفاضة هذه الشجرة، فختمتها وأنا الحقير المدرس بسليمانية... رسول... ».

دوای ئەمانەیش چەند ناو و مۆری پێوەیە بەداخەوە لە وێنەکەدا باش دەرنەچوون و ناخوێنرێنەوە.

شەجەرەی سێیەم:

هەر لەبارەی سەیدەکانی جەباری- وەک پێشتر نووسیم- شەجەرەیەکی نوێم دەست کەوتووە کە چەند کەس لە خەڵکی ئەم سەردەمە مۆریان کردووە.

شەجەرەکە لە سەید عەلی- ناسراو بە سەید عەلی بەڕادەوە دەست پێ دەکات و ڕشتەکەی بەم شێوەیە:

سەید عەلی کوڕی حاجی سەید محەمەد، کوڕی سەید عەبدولعەزیز، کوڕی سەید فەتاحی ناسراو بە مەلای جەباری، کوڕی سەید مستەفا کوڕی سەید ئیسماعیل کوڕی سەید جانی.

شەجەرەی مەلا عەبدوڕەحمانی کوڕی محەمەد سەلیمی قازیی


٥٦٨

ئەم شەجەرە وەک شەجەرەکانی تر نییە، بگرە ناوەڕۆکی شەجەرەیەکە بە زمانی عەرەبی، لەسەر زمانی عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا محەمەد سەلیمی قازی نووسراوە، جا ئەگەر نووسین و دارشتنەکە- کە لە کۆتاییەوە ناوی کەسی پێوە نییە - دارشتنی عەبدوڕەحمان خۆی بێت، ئەوە دیارە ئەم عەبدوڕەحمانە زانایەکی بە توانا و عەرەبیزانێکی باڵا دەست بووە؛ چونکە دارشتنەکەی بێ گرێ و گۆڵ و بێ هەڵە و پەڵە و ڕەوانە. یەکێک لەو سوودانەی لەم شەجەرە وەردەگیرێت زانینی ئەوەیە کە لقێک لە نەوەکانی مەلا مووسای تەوەکەڵیی پشتاوپشت زانای بەرز و قازیی ناوچەکە بوون، کە بەداخەوە شتێکی دروست و زانراومان لەسەر ئەو رشتە قازییە لەدەستدا نییە، ئەم شەجەرە یەکێکە لەو بەڵگەنامانەی ئەم مەبەستە دەدات بەدەستەوە.

لێرەدا ئەوەندەی پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە وەک خۆی لە قەڵەمی مامۆستای نووسەریەوە دەگوێزمەوە ئێرە. «وبعد: فيقول الفقير إلى الملك المنان عبدالرحمن بن الملا محمد سليم القاضي، بن الملا موسى القاضي، بن الملا عبدالعزيز القاضي، بن الملا محمد القاضي، بن الملا إبراهيم القاضي، بن العالم النحرير والبحر الحبر الخطير، رديف المتقدمين، وإمام المتأخرين، وحيد أوانه وفريد زمانه مولانا الملا محمد القاضي التوكلي، عليه رحمة الملك الغني، حفيد برهان الملة والدين سلطان الحقيقة واليقين، مروج الشريعة الغراء ومحي الطريقة البيضاء. قدوة الانام وعمدة الإسلام مولانا وأولانا الملا موسى التوكلي- نور الله ضريحه ونفعنا الله ببركته آمين:

لما صرح العلماء بأن على كل أحد أن يحفظ نسبه ليتمكن بذلك من معرفة ذوي قرابته وصلة أرحامه، وقد توقفت مسألة فقهية على معرفة الأنساب أصولا وفروعا، هي اشتراط الكفاءة في باب النكاح، حفظنا أنسابنا المصححة المثبتة في كل عصر بالبرهان المبين، استفاضت وتواترت وشاعت صحتها حتى صارت بمنزلة اليقين، إلى أن اتصلت بحضرة مولانا موسى المذكور، وهو- رحمه الله- حفظ أنسابه متصلة الوصول بإمام الآفاق بالاتفاق، أستاد الكل في الكل على الإطلاق، غطريف المتأخرين، وأكمل المتبحرين، ناقد السابقين، وقائد اللاحقين، العالم الرباني السيد محمد المشهور ببير خضر الشاهويي، ومنه بالسبط الشهيد الإمام الخالي عن النقص والشين، أعني به حضرة حسين- رضي الله عنه- ...».

دوای ئەمەیش مامۆستای نووسەری ئەم پوختەی شەجەرەیە باسی ئەوە دەنووسێ کە مامۆستایان: کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ حسەینی قازی و مەلا عەبدوڕەحمانی موفتی نۆدشیی و مەلا ئەحمەدی موفتیی دێلێژەیی، ئەو شەجەرەیان مۆر کردووە و شایەتییان لەسەر ڕاستیی داوە.



چنانچه سادات کرام و علمای اعلام صحت این شجره را

بسم الله الرحمن الرحیم

ادريس النبي عليه السلام ابن برد ابن مهلائيل ابن قينان

ابن انوش ابن شيث النبي عليه السلام ابن آدم صفي الله

در سنه يكهزار و [illegible] صد و بيست چهار
از زبان [illegible] آخوند ملا احمد
و ملا محمد پسران مرحوم ملا [illegible] عثماني [illegible]
و [illegible] پسر مرحوم ملا [illegible] عثماني [illegible]
و شهادت دادند كه از زبان پدر [illegible]
بارها شنيده ايم كه نسب [illegible]
[illegible] اولاد حضرت امام عثمان رضي الله عنه
بشنيدم و نيز چند كس معتبر از زبان [illegible]
[illegible] و شيخ قادر [illegible] شنيده اند كه [illegible]
[illegible] كه نسب [illegible]
چنان [illegible] نيز [illegible] شاهد [illegible] كرديم [illegible]
تمام بر قول [illegible] كرديم و [illegible]
اين [illegible] را ختم و امضا كرديم انا الفقير
طاها القادري البرزنجي

[illegible]




امام اعظم
رحمه الله

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله [illegible] افعال القلوب بذكره وكاشف استار الغيوب بسره
ورافع اعلام الزيادة للقائد بشكره احمده على ان جعلنا من اهل
توحيده واشكره طالبا لفضله ومزيده واصلي واسلم على سيدنا
محمد افضل انبيائه وحبيبه وعلى آله واصحابه الحائزين لطويل
الفضل ومديده اما بعد كما قال الله تعالى ما كان محمد ابا احد من رجالكم
ولكن رسول الله وخاتم النبيين وكان الله بكل شئ عليما وقال
النبي الهاشمي المكي المدني كل حسب ونسب ينقطع الا حسبي ونسبي
ابقاء للوسيلة اليه اوجب موقتهم على عباده ورتب عليها اجرا عظيما
والثواب وكا[illegible] الى رسوله صلى الله عليه وسلم وخاطبه وقال

الشيخ عبدالله الغرباني من خلال مخطوطات ...



بداية ونهاية شجرة العائلة الغربانية ...

عليهم الصلوة والسلام وهم اسمعيل وابراهيم وهود
ونوح وادريس وشيث واقعون في نسبه صلى الله عليه وسلم
وعلى اله وصحبه وسلم اجمعين الى يوم الدين وصل
يارب على جميع الانبياء والمرسلين وعلى ملائكتك و
المقربين وعلى اهل طاعتك اجمعين من اهل السموات
واهل الارضين وعلينا معهم برحمتك يا ارحم
الراحمين كلما ذكرك الذاكرون
وغفل عن ذكرك الغافلون
والحمد لله رب العالمين
تم سنة ١٣٢٠

شجرة صحيحة
كلها صحيحة

جارێکی تریش لەگەڵ ئیجازەنامەی تەریقەتدا

٥٦٩

لە لاپەڕە ٢٣٤ی بەرگی هەشتەمی ئەم کتێبەدا شتێکم لەسەر ئیجازەنامەی تەریقەت نووسی و، لە بایەخی ئەم جۆرە ئیجازەیش دوام و، داوا و پێشنیازی کۆکردنەوەی دەقی ئەم ئیجازەنامانەم کرد.

دوا بەدوای ئەوە چەند دەقی بەڵگەنامە - ئیجازەی تەریقەت- م بەدەست هێنا. دووان لەو ئیجازەنامانە دوو دەقی کۆنن و، ناوی چەندان کەس و کەسایەتیی کورد و زانیاریی بەسوودیان تێدایە.

دەقێکیان لای بەڕێز شێخ بەختیاری باراوی پارێزراوە و، ماوەی ئەوەی دام سوودی لێ وەربگرم و دەقەکەی بڵاو بکەمەوە. زۆر سوپاسی دەکەم. دەقەکەی تریشیان کە لەمیان زۆر کۆنترە و، بە یەکێک لە دەقە کۆنەکان و بەڵگەنامەکانی دەستخەتخانەی کوردی دەژمێررێ، لەلای بەڕێز مامۆستا عەبدولحەمید حیرەتی سەجادییەوە دەستم کەوت، زۆر سوپاسی دەکەم کە ئەم هەلەی بۆ رەخساندم. وێنەی دەقێکی سێیەمیشم دەست کەوت، بەداخەوە لە کاتی وێنەگرتنەوەدا سەرەتاکەی و ناوی ئیجازە دەرەکەی تێدا چووە، ئەوەیانم جارێ دوا خست بۆ کاتی تر.

لێرەدا ئەم دوو دەقە - ئەوەندەیان جێگەی مەبەستی منن - بڵاو دەکەمەوە، لە تەک باسێکی کورتی هەردوو دەقەکەدا، هەریەکەیان لە پێش دەقەکەوە باسەکەی دەنووسم.

سەرەتا بە دەقی یەکەم دەست پێ دەکەم کە دەقی ئیجازەنامەی شێخ مەحموودی ئەردەڵانییە.

ئیجازەی شێخ مەحموودی ئەردەڵانی

ئەم ئیجازە یەکێکە لەو ئیجازە کۆنانەی کە وێنەی لە رووی مێژووی نووسینەوە و قەوارە و ناوی زۆر و مۆری کەسانی زانا و ناودار بەسەریەوە... کەمە و، من تا ئێستا کەم ئیجازەی وەهام دیوە.

خاوەنی ئەم ئیجازە کە ناوی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ سەعدەدینی گۆرانیی ئەردەڵانییە، ئیجازەکەی لە شێخ یاسینی کوڕی شێخ عەبدورەزاق لە نەوەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی وەرگرتووە.

ئیجازەکە کە درێژاییەکەی ٤٦٠سم و پانییەکەی ١٩سم بە خەتێکی نوسخی جوان نووسراوەتەوە. لەناو نووسینەکەدا ناوی گەلێ کەس و ناونیشان بە خەتی گەورە خۆشنووسان نووسراون.

لە سەرەتاوە تا نزیکەی ٤٠سم بەشێکی پواو و سواوە و هەندی شوێنی باش ناخوێنرێتەوە، سەرەتاکەی بە نەخشی گوڵی رەنگاورەنگ رازێنراوەتەوە.

له هەردوو لای کاغەزی ئیجازەکەوە بۆشایی بڕدراوە دوایی ئەو بۆشاییە بە مۆر و نووسین و ناوی چەندان زانای گەورەی ئەو سەردەمە پڕ کراوەتەوە. ئەو نووسینانە چل وێنەن، واتە نووسینی چل کەس و کەسایەتین، بە چەند جۆر خەت نووسراون، خەتی زۆر خۆش و نایابیان تێدایە، وەک خەتی ناخۆشیشیان تێدایە. لە دوای بەشی زۆری نووسینەکانەوە جگە لە ناوی خاوەنەکانیان مۆریشیان پێوەیە. هەموو ئەو نووسینانە- ئەوانەیان بۆم خوێندراونەتەوە- نووسیومنەوە.

گەلێ شت هەیە جێگەی پرسیارن و وەڵامەکەیان لە دەستخەتەکەوە دەست ناکەوێ. بۆ نموونە:

کە مامۆستا گۆرانی و ئەردەڵانییە ئیجازەکەی لە کوێ وەرگرتووە؟ بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی نووسینیان لەملا و لای ئیجازەنامەکەوە هەیە لە سووریا- لە حەلەب و حەما- بوون و لەوێ موفتیی و نەقیب و زانای گەورە و شێخی ناودار بوون، شێخ مەحموودی خاوەنی ئیجازەکە چۆن گەیوەتە لای ئەوان؟ تا چەند لەوێ بووە و؟ ئاخۆ هەر لەوێ شێخایەتیی کردووە؟ ئاخۆ نەوە و وەچەی دوای خۆی لە کوێ بوون و لە کوێ نیشتەجێ بوون؟

دەقی نووسینەکانی ئیجازەنامەکە هەندێکیانم وەک خۆیان روونووس کردووە، لەو دەقانەوە بۆنی ئەوە دێت- ئەگەر گشتیشیان نەبێت- بەشێکی ئەوانەی ئیجازەکانیان داوە بە شێخ مەحموودی ئەردەڵانیی کورد بوون.

چەند کەسێکیان ئاشکرایە کە کورد بوون، ئاخۆ ئەوانیش هەر لە سووریا بوون یان لە شوێنانی تر بوون وەک کوڕی شێخ ئیسماعیلی عەودالانیی؟.

یەکێک لەوانە کە ناو و مۆری بەسەر ئیجازەنامەکەوە هەیە شاعیر و زانا و بلیمەتی گەورەی کورد (یوسف نابی)یە، کە لە خەتەکەیەوە دیارە- جگە لە زانایی و بلیمەتییەکەی- خەتخۆش و دەسترەنگینیش بووە.

ئیجازەکە لە تەریقەتی قادریدایە، بەڵام دواتر شێخ مەحموود ئیجازەی تەریقەتەکانی شازلی و خەڵوەتی و... شی لە کەسانێکی تر وەرگرتووە.

من لەم دەرفەتەدا تەنیا ناوی ئەو کەسانە دەنووسم- لە تەک ئەو نووسینەدا لەسەر ئیجازەنامەکە نووسیویانە- کە ناویان بەسەر ئیجازەنامەکەوەیە، کە ئەمە لە کاری ساخکردنەوەی بەڵگەنامەدا بۆ ئەملا و لا سوودی خۆی دەبێت و، لەم نموونە بەڵگەنامانەوە ناوی کەسانێکی ناوداری سەردەمی خۆیانمان دەست دەکەوێ کە لەوانەیە لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا ناویان نەهاتبێت و، لەم ڕێگەوە- ڕێگەی بەڵگەنامە- ناویان دەدۆزرێتەوە، لەوانەیە ئەگەر چەند بەڵگەنامەی جیا- جیا دەست بکەون بە هەموویان تیشکگەلێکیش بخەنە سەر چەند لایەنێکی ژیانیان.

دەقی ئیجازەنامەکە کە ڕشتەیەکی دوور و درێژی شێخانی تەریقەتی قادری تێدایە بابەتێکی ترە و دەکرێ وەک ناملیکەیەک بنووسرێتەوە و لێکۆڵینەوەی ورد و پێویستی لەسەر بکرێ.

گەلێ شوێنی دڕاوە و پواوە و ناخوێنرێتەوە بۆ ئەو شوێنانە خاڵم داناوە.

ئیجازەکە لە رووی زمانەوە هەڵەی زۆری تێدایە، هەڵەکان وەک خۆیان دەنووسم و چاکیان ناکەم.

له یەک دوو شوێندا له بری سەر و بۆر بۆ عەرەبییەکه نیشانەی ڕێنووسی کوردیی ئێسته- واو و یێ-ی له بری بۆر و ژێر داناوه.

ئیجازەی تەریقەتی قادری له یاسینی کوڕی شێخ عەبدوڕەزاقی گەیلانییەوه بۆ شێخ مەحموودی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ سەعدەدینی گۆرانیی ئەردەڵانی...

ئەم ئیجازه مۆری زۆرێک له زانایان و شێخان و ناودارانی بەسەرەوەیه، بەڵام لەبەرئەوەی لەسەر قەراخی کاغەزەکه نووسراون و کاغەزەکەیش پواو و دڕاوه بەشێکیان تێداچوون و ناخوێنرێنەوه. لەوانه:

١- ناوی خۆی نەنووسیوه و مۆرێکی له کۆتاییەوه داناوه باش ناخوێنرێتەوه، وا پێ دەچێت ناوی (حسین) بێ.

٢- عبدالقادر الحكاري.

٣- الحمدلله رب العالمين وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

وبعد: لما وقفت على هذه الإجازة الشريفة ورأيت المجاز لها أهلا... كما أجازه شيخه وشيخي ووالدي، راجيا منه خير دعائه في خلواته وجلواته، وأنا الفقير الفاني حسن القادري الحسني الحسيني الگيلاني غفر عنهما..

مۆرەکەی (عبده حسن).

٤- الحمدلله الملهم لتوحيده، والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وجنوده. وبعد: فقد وقفت على هذه الإجازة الشريفة... المتوجة بيراع السادة القادرية، وكحلت أجفاني بأثمد مدادها، وتضمخت بخلق من مسكها وجادها، فالمسؤل من المجاز بطريق الحقيقة لا المجاز أن لا ينسى هذا الحقير، المعترف بالتقصير، من صالح دعواته حين خلواته وصفاء أوقاته. والحمدلله وحده والصلاة على من لا نبي بعده، كتبه العبد المذنب الفقير لعفو ربه القدير يس الحسيني القادري غفر الله سبحانه له بمنه وكرمه.

٥- الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على سيد المرسلين وآله وصحبه أجمعين. وهذه إجازة مباركة... الفقير اليه خادم بعض... محمد دده الرفاي. عفى الله تعالى عنه.

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوه).

٦- وهذه إجازة مباركة مقبولة. بعد الصلاة والسلام على سيد... الأنام وعلى آله وأصحابه الكرام أجمعين. صلى الله عليه وعلى آله وصحبه والحمد لله رب العالمين. كتبه الفقير حسن دده خادم الفقراء البكتاشية.

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوه).

٧- بسم الله الرحمن الرحيم، الحمدلله رب العالمين، وصلى الله وسلم على سيدنا محمد خاتم الأنبياء والمرسلين، وعلى آله وصحبه أجمعين، صلى الله عليه وعلى آله أجمعين. وبعد الوقوف على هذه الإجازة الشريفة، ورأيت المجاز لها أهلا، أجزته كما أجز... شيخه وشيخي راجيا منه خير

دعاهو! ،كذا من كل من يقف على هذه الإجازة في خلواتهم وجلواتهم، وأنا الفقير الحقير الأحقر... ذنب والتقصير خادم نعال الفقرا رمضان السعدي ابن الشيخ علي الحلبي موطنا، الشافعي مذهباً، غفر الله له [وليوالديه ولي جميع المسلمين آمين. آمين. آمين. (الفقير اليه الشيخ رمضان السعدي) (دوو مۆری لەدواوەیە باش ناخوێنرێنەوە).

٨- إجازة صدرت من أهلها، وقعت في محلها. حرره الفقير إلى عفو ربه القدير السيد أحمد النقيب... حلب سابقا.

(مۆرەکەی کاڵە و ناخوێنرێتەوە)

٩- الحمدلله وحده والصلاة على من لا نبي بعده. أما بعد: فقد وقفت على هذه الإجازة الشريفة التي أجازها الأستاذ ابن الأستاذ لناقلها الشيخ محمود المذكور، جعله الله من سعدا الدنيا والآخرة، فهي إجازة من أهله في محله. كتبه الفقير عبدالقادر ابن ممد الشافعي القادري إمام الشافعية بجامع الكبير بحلب غفرله.

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە).

١٠- الحمدلله رب العالين وأفضل الصلاة وأكمل السلام على سيدنا محمد النبي الكريم والرسول العظيم، صلاة وسلاماً ما دام لطف الله على عباده، وعلى آله وأصحابه كذلك، والحمدلله على ذلك.

أما بعد: فإن المجاز من طلبة العلم الشريف رغب في طريق القادرية متوكلاً على رب البرية، مده الله بمدده، وبارك له في سعيه وجده، وأناله شفاعة رسوله وشيخه وجده. وصلى الله على سيدنا ورسولنا وحبيبنا محمد وعلى آل بيته وحزبه وسلم. العبد الفقير أحمد الشراباتي.

مۆرەکەی (الفقير أحمد الشراباتی...)

١١- الحمدلله الملهم لتوحيده والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وجنوده.

وبعد: فقد وقفت على هذه الإجازة الشريفة العلية، المتوجة بيرا ع السادة القادرية، وكحلت أجفاني بأثمد مدادها، وتضمخت بخلق من مسكها وجادها، فالمسؤل من المجاز بطريق الحقيقة لا المجاز، وأرجو من الأخ في الله أن لا ينسى هذا الحقير- وإن ما كنت له أهلا- ونسأل الله حسن الختام، وأرجو من الله أن يجعله وإخواننا وجميع أحبابنا من السعداء المعمرين بجاه محمد سيد المرسلين. وأرجو منه صالح دعواته حين خلواته وصفاء أوقاته، والحمدلله وحده والصلاة على من لا نبي بعده، أن لا ينساني من الدعاء.

كتبه الفقير اليه سبحانه وتعالى السيد عبدالرحيم بن السيد عبدالحي القادري القاسمي غفر له بمنه.

مۆرەکەی باش ناخوێنرێتەوە لە کۆتاییەوە (عبدالرحيم) دەخوێنرێتەوە.

١٢- الحمدلله الولي القادر، العالم بما في الضماير، وأشرف الصلاة والسلام على سيدنا محمد المبعوث من أكرم القبائل، وأشرف العشاير، وعلى آله وأصحابه الجالسين على سرر اليقين

الوارثين معالم الدين كابرا عن كابر.

وبعد: فقد وقفت علي هذه الإجازة البهية المحفوفة بأقلام ساداتنا السادة القادرية– لا برحت بركاتهم في هذا القطر الشامي، ولا زال مددهم على طول المدا متصل هامي– وطلب مني أن أكتب عليها، فأقول مستمدا من إمداداتهم: هذا وضع وقع من أهله في محله، فإن المجاز له المذكور، لابس ثوب تقوى من نور، ولقد فاز بهذا التجميل من السيد الجليل، وفقنا الله تعالى وإياه وأعانه، وقدره على حمل هذه الأمانة، وأسأله أن لا ينساني من دعائه في خلواته وجلواته، والله تعالى يسلك بنا وبه سبل الرشاد والمنهج الأقوم، وإن يحيينا ويميتنا على سيرة نبيه صلى الله تعالى عليه وسلم، قاله وكتبه بيده الفانية العبد الجاني عبدالله حفيد المرحوم الشيخ قاسم الخاني، لطف الله بهما.

مۆرەکەی باش ناخوێنرێتەوە لە بەشی خوارەوەیدا نووسراوە (... عبده عبدالله).

١٣– بسم الله الرحمن الرحيم الحمدلله رب العالمين وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم. وبعد: فلما وقفت على هذه الإجازة المباركة القادرية، وهي من شيخنا الشيخ يس حفظه الله تعالى بن الشيخ عبدالقادر الجيلاني، وهو الآن يفتح السجادة القادرية في البلاد الحموية وغيرها من البلاد، وقد كتبت هذه الأحرف لما علمت أن المجاز هو أهلا لذلك. وأنا الفقير إلى الله تعالى السيد محمد بن السيد هاشم الحسيني نسبا، الشافعي مذهباً، القادري طريقة، وحسبنا الله ونعم الوكيل. تم وبالخير عم.

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە).

١٤– بسم الله الرحمن الرحيم. الحمدلله الذي جعل الإنسان الكامل أشرف الأعيان، وجعله مظهراً للهدى وعلمه الحكمة والبيان، وصلى الله على سيدنا محمد سيد ولد عدنان، وعلى آله وصحبه وسلم.

كتبه الفقير إليه سبحانه وتعالى عبدالله الشهير بالخسروي ابن الشيخ أحمد المرحوم.

مۆرەکەی: (عبدالله عفى عنه...).

١٥– الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد خاتم النبيين. أما بعد: فهذه ما كتبه العبد الفقير إلى ربه القدير السيد عبدالسلام البتروني العلواني الهاشمي الحسيني النقيب بمدينة حلب الشهبا غفر له.

مۆرەکەی (مستمدم بحضرت باري عبدالسلام).

١٦– الحمدلله الذي هدانا إلى الطريق السني، وأوقفنا بخدمة عباده التقي النقي. زبره أحقر مخلوقات الغني، خادم الفقراء الشيخ محمد ابن الشيخ إسماعيل الگلشني.

مۆرەکەی: (خادم الفقراء عبده محمد الگلشني).

١٧– الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على واسطة عقد النبيين وأشرف المرسلين وعلى آله وصحبه الطاهرين.

وبعد: فقد وقفت على هذه الإجازة البارعة، واجتليت أنوارها الساطعة. والله تعالى أسأل، وبنبيه أتوسل، أن يوفقنا جميعاً لما يحبه ويرضاه من الأقوال والأفعال والأحوال.

حرره الفقير اليه عز شأنه... محمد القاضي بمدينة حلب عفى عنه وغفر له.

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە).

١٨- الحمدلله الذي بنعمته تتم الصالحات، وتنمو البركات، والصلاة والسلام على سيدنا محمد سيد الكائنات، وعلى آله وأصحابه أولي المراتب العاليات.

وبعد: فلما وقفت على هذه الإجازة الشريفة، وتشرفت بها وبالمجاز له، وكتبت اسمي بذيلها، رجاء أن أحشر مع أهلها لمحبتي لهم، وتذكرة له بأن لا ينساني من دعائه الصالح، وأسأل الله سبحانه أن يوفقني وإياه لما يحبه ويرضاه، وأن يحشرنا تحت لواء سيدنا محمد- صلى الله عليه وسلم- من الآمنين، آمين، وأنا الفقير الحقير محمد بن الشيخ بركات الأركوشي الخلوتي المفتي بها عفي عنه.

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە).

١٩- الحمدلله الذي وحدته من ذاته، وصلى الله على نبيه وحبيبه.

(نمقه الفقير الحاج محمد صادق المولوي).

٢٠ - دڕاوە و ناخوێنرێتەوە.

٢١- الحمدلله الذي عمر زوايا قلوب العارفين... فتح بصائرهم لمشاهدة الأسرار... ظاهرة بوارق أمطر روضات أترارهم ... الفتح فا.. رت رباها والحدائق.....

عبدالباقي خادم الفقراء بمدينة حماه عفى عنه.

٢٢- الحمدلله وكفى، وسلام على عباده الذين اصطفى، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد- صلى الله عليه وسلم- وبعد:... وقفت على هذه الإجازة... الصادرة لشيخنا شيخ... القادرية... للمجاز وارتضاه وفقنا وإياه لما يحبه ويرضاه وأرجو... ينساني من دعواته الصالحات في خلواته وجلواته. كتبه العبد المذنب عبدالرحيم الحسني القادري.

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە).

٢٣- الحمدلله وكفى وسلام على عباده الذين اصطفى.

أما بعد: لما عرضت هذه الإجازة الشريفة القادرية الصادرة من سيدي وسندي. شيخ المشايخ شيخ السجادة القادرية بحماه المحمية. أمدّ الله لنا في حياته، وبارك الله في طول بقائه.

كتبه الفقير إلى عفو ربه الغفور الخلاق الحاج عبدالرزاق خادم السادات العلوانية بحماه.

(مۆرەکەی دڕاوە).

٢٤- الحمدلله على كل حال، ونسأله صلاح الأحوال، ونتوسل اليه بالسيد الأكرم والحبيب المحترم، نور الوجود، وسيد كل موجود، رسول ربنا اللطيف الودود، وصلى الله عليه وعلى آله وأصحابه وأمته ما ذكر ذاكر وشكر شاكر في الوجود، أن يحفظ ... والمجاز في ... من وينيلهما وإيانا

الفوز. كتبه الفقير محمد أسد الله ... الشافعية بمدينة حلب. عفى عنه.

(مۆرەکەی دڕاوە).

٢٥- الحمدلله رب العالمين... والتسليم... رحمة للعالمين وعلى... أجمعين، وتابعيهم إلى يوم الدين.

أما بعد: فإن ناقل هذه الإجازة الشريفة، المنسوبة لساداتنا السادة القادرية- قدس الله تعالى أسرارهم- وأعاد علي وعليه وعلى المسلمين أجمعين من بركات أنفاسهم الطاهرة الزكية بتقوى الله تعالى في السر والعلن، والوقوف عند حدوده فيما ظهر وبطن، والتخلق بالأخلاق الشريفة، والتباعد عن الأخلاق الخسيسة، وملازمة الأوراد والأذكار، ومداومة التبتل والاستغفار آناء الليل وأطراف النهار، والابتهال إلى ذي الجلال والإكرام في طلب التوفيق ومزيد الأنعام، آناء الليل وأطراف النهار، وبكرة وعشية، وأن لا ينسانا من صالح دعائه عقيب... واذكاره.. امرتك الخير.. أتمرت به، وما استقمت قولي... كتبه العبد الحقير ذو الجناح الكسير... من جناح النقصين عبدالله... عبدالله بن محمد النجشي. خادم نعال الفقراء الخلوتية.

(مۆرەکەی دڕاوە).

٢٦- الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وأصحابه الطيبين الطاهرين وسلم تسليما كثيرا. وهذه إجازة مباركة مقبولة مقرونة باليمن والبركة.

كتبه الحقير... ... محمد أمين دده المولوي عفى الله تعالى ذنوبه وستر عيوبه.

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە).

٢٧- الحمدلله رب العالمين والصلاة على.. وآله وسلم.

كتبه أحمد خادم الفقراء..

(دڕاوە).

٢٨- اللهم سهل لنا الإجازة ... ببركات أصحاب الأسامي ... في هذا الرقيم، وأنا الفقير محب الفقراء.. يوسف نابي غفر له.

مۆرەکەی: (خواهد لطف ز خدا يوسف عطا نابي).

٢٩- الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وآله وصحبه أجمعين. كتبه الفقير خادم نعال الفقراء عبدالله غفر له.

٣٠- الحمدلله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيدنا محمد وآله وصحبه أجمعين. أحسنت هذه الإجازة، والله تعالى يحقق ظني. كتبه أحقر الورى الشيخ محمود إبن الشيخ دباغ أفندي- قدس سره العزيز-

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە).

٣١- بسم الله الرحمن الرحيم، الحمدلله الذي جعل الإنسان الكامل أشرف الأعيان، وجعله مظهراً للهدىٰ وعلمه الحكمة والبيان، وصلى الله على نور الأنوار ومعدن الا ... وعلى آله ... نجم وسار.

وبعد: فإنني وقفت على هذه الإجازة، فرأيت المجاز أهلا لذلك، فأجزت له كما أجازه شيخه. وأنا

الفقير الى الله صالح ابن الشيخ قاسم الرفاعي المشهور بمحلول الزنار.

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە).

٣٢- بسم الله الرحمن الرحيم الحمدلله الذي من التجأ... حماه، ومن أراده قرّبه وأدناه، فسبحان من إله يعطي قوماً منازلا وهم يقولون لا إله إلا الله. أحمده حمد عبد فعرف (!) بأنه لا إله إلا الله. وأشكره وأتوب إليه توبة مذنب رجع وندم وقال لا إله إلا الله. وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ولا شبيه له لا إله إلا الله. وأشهد أن سيدنا محمداً عبده ورسوله القائل.. أفضل ما قلت أنا والنبيون من قبلي لا إله إلا الله. صلى الله عليه وعلى آله وأصحابه الذين اتبعوه على كلمة لا إله إلا الله.

وبعد: فقد وقفت هذه (!) الإجازة الشريفة وأتيقن أن الله لا يصنع إلا ما هو الأصلح في حق عبده. وقد أجزت له كما أجازه شيخه، وأرجو أن لا ينساني من صالح دعائه. وأنا الفقير إلى الله الداعي محمد الرفاعي.

(مۆرەکەی: محمد الرفاعي).

٣٣- الحمدلله الذي جعل الأولياء في الأرض أوتادا، وهدى إلى طريقهم من سلك [سلسبيل!] إلى الرشد والسداد، وألبسهم خرقة التصوف، فصف (!) وقتهم وصار ... في الكوز وقادا. وسقاهم شراب الأنس في خلوة القرب، فقرّت عيونهم وأصبح في الكون لهم متقدا. وصلى الله وسلم على سيدنا محمد الذي تفرعت منه الطريق، وعلى آله وأصحابه الذين شرابهم تفرق على أهل الحقايق.

وبعد: فلما تشرفت بمطالعة هذه الإجازة وجدتها السلسلة السلف الكرام جايزة- سلك سبيل أهل الصفا فريق إلى درجات أهل الوفا، سلكنا...

لە مەولای ناخوێنرێتەوە.

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە).

٣٤- الحمدلله رب العالمين، والصلاة والتسليم على سيدنا محمد خاتم النبيين، وعلى آله وصحبه أجمعين.

أما بعد: فهذا ما كتبه الفقير إلى جود ربه الغني، خادم الفقراء السيد عبدالباقي العريان. بأن (!) لا ينساني من صالح دعائه.

مۆرەکەی: (سيد عبدالباقي).

٣٥- الحمدلله رب العالمين، وصلى الله على سيدنا محمد سيد المرسلين. وعلى آله وصحبه أجمعين.

وبعد: فقد تشرفت- وأنا الحقير أحمد الكامل- بهذه الإجازة الشريفة، آملا من الله سبحانه أن يختم لي وللمجاز بها بالصالحات. وصلى الله تعالى على أشرف خاتم محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليماً كثيراً.

(مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە).

٣٦- بسم الله الرحمن الرحيم وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

أما بعد: فقد اطلعت على هذه الإجازة الشريفة والسلسلة المباركة الوجيزة، فرأيت المجاز بها أهلا لذلك، وفقنا الله وإياه لما يحب ويختار، وسلكنا وإياه طريقة السادة الأخيار، بجاه النبي المختار. اللهم صل وسلم عليه وعلى آله وأصحابه الأخيار.

حرره الفقير محمد بن الكاملي الشاذلي. خليفة الشيخ محمد المزكا- المغربي، خادم طريقة السادة الشاذلية.

مۆرەکەی ناخوێنرێتەوە.

٣٧- بسم الله الرحمن الرحيم وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

وبعد: فلما وقفت على هذه الإجازة الشريفة، والأنيقة اللطيفة، فرأيت المجاز له أهلاً لها ومحلها، فأجزته كما أجازه شيخه، متع الله المسلمين بحياته، آمين.

كتبه العبد الضعيف الحقير المسكين أفقر الورى، وخادم نعال الفقرا، الحاج محمد خادم السجادة النبوية بحماه المحمية. وحسبنا الله ونعم الوكيل ولا حول ولا قوة إلا بالله العظيم.

(مۆرێکی چڕ و تێکەڵاوی جوانە ناخوێنرێتەوە).

٣٨- الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وآله وصحبه أجمعين. ولما رأيت في هذه الإجازة القادرية الشريفة. خادم الفقراء عبدالله ابن الشيخ إسماعيل عبدالاني...

مۆرەکەی: (عبدالله...).

٣٩- الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على نبيه محمد وآله أجمعين. ولا شبهة في هذه الكتابة الخلافته، والإجازة الشريفة التبركة(!) وأنا الفقير المحتاج إلى كرم ربه القدير أحقر الورى خاك أقدام فقراء، الشيخ الحاج أحمد سوزي، ابن السيد عمر، ابن السيد مؤيدالدين، ابن السيد خليل، ابن السيد عمر، ابن السيد خليل، ابن السيد مؤيدالدين، ابن قطب الرباني وغوث الصمداني كامل عصره الشيخ العارف بالله شيخنا وعزيزنا وجدّنا ومرشدنا الشيخ شمس الدين -قدس سره المتين- السيواسي.

مۆرەکەی: (السيد الشيخ أحمد سوزي ومن أولاد شمس الدين).

٤٠- الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف المرسلين محمد خاتم النبيين وعلى آله وأصحابه أجمعين.

أما بعد: فقد وقفت على هذه الإجازة الشريفة القادرية، وتشرفت بها الشرف التام، ورأيته لها أهلاً، وأذنت له كما أذن له شيخه. وأنا العبد الفقير إلى الله تعالى الراجي عفو ربه الكريم اللطيف، إبن الحاج عبدالحليم القادري الموصلي.

مۆرەکەی: (الراجي عفو ربه الكريم الشيخ عبداللطيف ابن الحاج عبدالحليم القادري الموصلي).

ئیجازە نامەی دووەم

٥٧٠

وەک نووسیم دەقی ئەو ئیجازەنامەم لای کاک شیخ بەختیاری باراوی دەستکەوت و، وێنەیم لەلایە.

ئەگەر باسێکی کورتی شێوە و ناوەڕۆکی ئیجازەنامەکە بکەم بەم شێوە لەسەری دەنووسم:

ئیجازەنامەکە چ لە رووی ناوەڕۆک و نووسینەوە و، چ لە رووی قەوارەوە جێگەی بایەخ و سرنجیشە.

پێشەکییەکی زۆر درێژ بۆ ئیجازەنامەکە نووسراوە، دوای ئەوە ناوی ئەو کەسە نووسراوە کە ئیجازەکەی دراوەتێ، دواتر رشتەی پیاوانی ئیجازەدەر لەو کەسەوە تا دەگاتە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی نووسراوە. دوای ئەوە باسی نەوەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی نووسراوە، لەوێدا دەقەکە کۆتایی دێت، بەلام تەواوبوونی پێوە دیار نییە و، لەوە دەچێ لە کۆتاییەوە لێی لەناو چووبێت.

لە سەرەتاوە مێژووی سالی ١٢٠٥ک ی پێوەیە ئەو کاغەزەی ئیجازەنامەکەی تێدا نووسراوەتەوە پان و درێژە و ئەوەی کە ماوە (٢٦×٢٥٥).

پەڕۆیەکی خام بۆ پاراستنی ئیجازەنامەکە گیراوەتە پشتەکەی، پێوەی دیارە کە تەڕبووە و ئاو و دلۆپەی بەرکەوتووە.

لەسەر باری درێژیی پارچە - پارچە دراوەتە دەمیەک. خەتی نووسینەوەکەی خۆشخوێنە، بەلام خەتەکەی خۆش نییە. کەم- کەم هەلەی نووسینەوە و رێنووسی هەیە. وەک خۆی هێشتمەوە. دەقی عەرەبیی ئیجازەکە لە رووی دانان و ئینشاوە لاوازە.

ناوی ئەو کەسانەی لە رشتەی ئیجازەکەدا هاتوون زۆر کەمیان لەلای ئێمە ناسراون.

لە سەرەتاوە پێنج مۆر و، ناوبەناویش چەند مۆری پێوەیە، بەلام مۆرەکان ناخوێنرێنەوە.

وەک گوتم پێشەکییەکی زۆر درێژە و لێرەدا ماوەی نووسینەوەی نییە، دەکرێ لە شوێنی تردا وەک خۆی بنووسرێتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ.

وەک گوتم لە شێخ بەختیاری باراوییم وەرگرت، ئەویش لە خزمانییەوە بۆی ماوەتەوە، بەلام نازانرێت پێوەندی بە کوردستانەوە چییە و، چۆن کەوتووەتە لای ئەوان و، پیاوانی ناو ئیجازەنامەکە لە کوردستاندا بوون یان نا... بلاوکردنەوەی ئەم بەشەی پێشاندانی نموونەیەکی ئیجازەی تەریقەتی قادرییە کە نموونەی زۆریمان لە دەستدا نییە. بەم نموونە شێوەی ئیجازەی ئەو تەریقەتە و رشتەیان لەم دەقەدا دەپارێزین.

دەقی ئەو بەشەی پێوەندیی بە ناوەکانەوە هەیە

«... ولباس الهداية في الله... إشارة الولاية بالله، فإذا تلقنها بالسند عن السيد الشيخ عبدالله {أحمد بن} محمد الغازي، عن شيخه السيد إسماعيل، عن شيخه السيد عبدالرحيم، ابن السيد نورالدين،ابن السيد محمد الدرويش، ابن السيد حسام القادري، عن إبن عمه وشيخه السيد أبي بكر، عن أبيه وشيخه السيد يحيى، عن أبيه وشيخه السيد حسام الدين، عن أبيه وشيخه السيد نورالدين الكبير، عن أبيه وشيخه السيد ولي الدين، عن أبيه وشيخه السيد زين الدين، عن أبيه وشيخه السيد شرف الدين، عن أبيه وشيخه السيد شمس الدين، عن أبيه وشيخه السيد محمد الهتّاك، عن أبيه وشيخه السيد نجل قطب الدوائر، ودرة الذخائر، السيد الشيخ عبدالعزيز- قدس الله سره العزيز- عن أبيه وشيخه قطب العارفين ومرشد السالكين، القائل في عصره بأمر الله تعالى: قدمي على رقبة كل ولي، صاحب الطريقة، ومعدن الشريعة، والحقيقة أبي محمد مخدوم السيد الشيخ محي الدين عبدالقادر الجيلاني، - قدس الله سره العزيز ونور الله- عن شيخه رفيع المقام العارف بالله الشيخ السيد المبارك المخزومي الشمطي الحنبل، عن شيخه أبي الحسن ابن علي ابن يوسف القرشي الهكاري، عن شيخه العارف بالله وقطب المعارف الشيخ أبي فرج الطرسوسي، عن شيخه الشيخ أبي الفضل عبدالواحد إبن عبدالعزيز التميمي اليمني، عن شيخه شيخ العاشقين أبي بكر ابن ذلفا إبن حجدر الشبلي، عن شيخه شيخ الصوفية ضياءالدين أبي الحسن السري ابن المغلس السقطي، عن شيخه أسدالدين أبي محفوظ معروف الكرخي، عن شيخه قبلة الباطن أبي الحسن إبن موسى الرضا، قال: حدثني أبي موسى الكاظم، عن أبيه جعفر الصادق. عن أبيه محمد الباقر، عن أبيه زين العابدين، عن أبيه الحسين، عن أبيه علي بن أبي طالب- رضي الله تعالى عنه- قال: حدثني حبيبي وقرة عيني رسول الله صلى الله عليه وسلم- قال: حدثني جبرائيل- عليه الصلاة والسلام- قال: سمعت رب العزة يقول: لا إله إلا الله حصني فمن قالها دخل حصني، ومن دخل حصني أمن من عذابي.

وبالسند المتقدم إلى المعروف الكرخي عن شيخه داود الطائي، عن شيخه حبيب العجمي، عن شيخه حسن البصري، عن شيخه سيد الأولياء أسد الله الغالب أمير المؤمنين علي ابن أبي طالب- رضي الله عنه، وكرم الله وجهه- عن إمام الأنبياء والمرسلين وسيد الأصفياء والمتقين، وشمس الحقيقة والشريعة والدين، أبي القاسم محمد المصطفى رسول الله صلى الله عليه وسلم- عن روح الأمين جبرائيل عليه الصلاة والسلام، عن رب العزة جل وعلا.

وبعد أن لقّنا الشيخ محمد ابن قمر كلمة التوحيد، وأمرناه بتلاوتها عقيب كل [صلاة] مائة وخمس وستين مرة، وفي سائر الأوقات على حسب ما يتيسر له.

واعلم يا ولدي أن إجازة المشائخ نعمة أبدية، ودولة سرمدية، من اتبع أمرهم فقد هدي وصار أهلا لها، وأجزناه كما أجزونا مشائخنا (كذا) أن يلقن الذكر الشريف، ويخلف من يشاء من المسلمين المتقين المتورعين الزاهدين الطالبين الراغبين الصادقين، من صغير وكبير ذكر وأنثى، وأجزنا له أيضاً أن يتوّب من طلب منه تلقين الذكر الشريف، ويجري المقراض على رأسه، وتوصيته بما يقربه إلى

موليه – عز و جل– من أنواع العبادات، وأصناف القربات، وتعلم شرائط القربة والوصول إلى الله، والسالك رعاية أوراد المشايخ المذكورين، وتأمره بالوصية لغيره من التائبين بحسب حاله وقدرته بلا تعب ولا نصب، وإن يستقيم على القدرة، وأجزنا لك أيضاً أن تأخذ باب الزوايا بخدمة الفقراء والمساكين، وتقبل الفتوحات ما دون مجاز بذلك. وإن أردت كسر النفس مجاز أن تدير الزنبيل بنفسك. وأن تأمر بعض أصحابك، وأن تصرف على نفسك ما حصل لك من الفتوحات، وعلى الفقراء والإخوان على قدر حاجتك وحاجاتهم الواردين عليك الصادرين عنك، وأجزنا لك أيضاً أن تأخذ نذور المشائخ المذكورين– قدس الله أرواحهم ورضي الله عنهم– سيما نذر قطب العارفين، ومقتدي السالكين، وشيخ المحققين، درة البيضاء، مالك أزمة المتصرفين، رئيس المحبوبين، السيد الشيخ محي الدين عبدالقادر الجيلاني– قدس الله سره السبحاني ورضي الله تعالى عنهم، وأوصل الينا فتوحه– وأن ترفع علمك وإعلام المشائخ– رضوان الله تعالى عليهم أجمعين– .

وروى جدنا السيد الشيخ عبدالعزيز– قدس الله سره العزيز– عن والده قدوة المحققين، وتاج العارفين، ومرشد السالكين، أنه قال: إن طريقتنا هذه مبنية على الكتاب والسنة، وسلامة الصدور، وسخاء اليد، وبذل الندى، وكف الجفا، وحمل الأذى، والصفح عن عثرات الإخوان.

وأوصيك يا ولدي بتقوى الله وطاعته، والذكر والصلوات الخمس في الجماعات، والخلوة، ومحبة الله تعالى، ولزوم الشرع، وحفظ حدوده، وأوصيك يا ولدي– وفقنا الله وإياك والمسلمين أجمعين– بالفقر، وهو حفظ حرمات الشيوخ، وحسن العشرة معهم، والنصيحة للأصاغر والأكابر، وترك الخصومة إلا في ترك أمور الدين. وعليك بخدمة الفقراء في ثلاثة: أحدها التواضع. والثاني حسن الأدب. والثالث سخاء النفس. وأمت نفسك حتى تحيا، وأقرب الخلق إلى الله أوسعهم خلقاً، وصيتي لك يسمعها من المريدين– كثّرهم الله تعالى– ويوقفك وإيانا على ما ذكرناه وبيناه، ويجعلنا ممن يقف آثار السلف ويتّبع آثارهم. يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا وفي الآخرة.

اللهم اهدنا وسددنا، وألهمنا رشدنا، وأعذنا من شرور أنفسنا، وقوّنا على طاعتك وسبيلك، واجعلنا من أهل محبتك ومتبعي أنبيائك ورسلك وأوليائك، ووفقنا لما يرضيك، واختم بالإيمان بفضلك وكرمك وإحسانك. وصل اللهم على أفضل أنبيائك ورسلك محمد خير خلقك وعلى آله وأصحابه خيرتك وسلم تسليماً كثيراً إلى يوم الدين.

بەڵگەنامەیەک لەناوی پیاوانی تەریقەتی نەقشبەندیدا

٥٧١

شەهابەدین ئەبوثەنای ئالووسی بە دوو جۆر یان لەسەر دوو ڕێگە ناو دەبرێت و، عەباس عەزاوی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت ئالووسی سەلەفیی بووە[١]، لە هەندێ جێگەیشدا قسە لەوە دەکرێ دژی مەولانا خالید بووە و کتێبی دژی تەریقەتەکەی داناوە[٢]، بەڵام من بەڵگەنامەیەکم دەست کەوتووە سەرەتاکەی نووسین و ئینشای ئەبوسەنایە و، بە ڕوونی ئەوە دەردەبڕێ کە لەسەر ڕێبازی تەسەووف بووە و، شانازی بەوەوە دەکات کە لە مەنسووبەکانی مەولانا خالیدە و مەولانا ئیجازەی پێ داوە.

باسێکی کورتی بەڵگەنامەکە:

ئەم بەڵگەنامە بەڵگەنامەیەکی نایاب و کەموێنەیە و من تا ئێستە لە ڕووی جوانی خەتی و، شێوەی نووسینەوەی و، زۆریی ناوی ئەو کەسانەی ناویان تێیدا هاتووە وێنەیم نەدیوە.

ئەم بەڵگەنامە پێوانەکەی (٥٢٥×٢٢سم)ە، بە خەتی نوسخ و ثولث نووسراوەتەوە، وردەکارییەکی زۆر لە نووسینەوەیدا کراوە. ناوی دەیان کەسایەتیی مێژوویی تێدایە، ساڵی ١٢٦١ بەخەتی عەبدوڵلای فەنایی نوور بەخشیی مەولەوی نووسراوەتەوە.

ئەم بەڵگەنامە لە چەند ڕوویەکەوە سوودی بۆ مێژووی کورد و زانایانی کورد هەیە، لەلایەکەوە ئەبوسەنا ئیجازەی لە مەولانا خالید وەرگرتووە، لەلایەکی ترەوە، ئەوەی من بزانم و لە ناوەکانیانەوە دیاربێت ناوی چەندان کەسایەتیی مێژوویی کوردی تێدایە ڕەنگە لە شوێنانی تردا ناویان نەبێ.

ئەم بەڵگەنامە بۆ ئەبوسەنا و لەسەر داوای ئەو نووسراوەتەوە، ئەویش- وا دیارە- لەسەر تەرتیبێکی زەمەنی و مێژوویی ناوی پیاوانی گەورەی تەریقەتی هەڵبژاردووە و بە خۆشنووسێکی نووسیوەتەوە، دوای ئەوەی ئەو ناوانەی لە شوێنی تردا دیوە و داوای لەو خۆشنووسە کردووە- دوای ئەوەی ئەم سەرەتای بۆ نووسیوە- بۆی نووسیوەتەوە.

من لێرەدا سەرەتاکەی ئەبوسەنای ئالووسی وەک خۆی دەنووسمەوە، دوایی بە بۆچوونی خۆم

---

(١) بڕوانە: المحامي عباس العزاوي. ذكرى أبي الثناء الآلوسي. شركة التجارة والطباعة (ذ م م . بغداد، ١٣٧٧هـ - ١٩٥٨م ل: ٣٩ .

(٢) بڕوانە: شهرزور السليمانية، عباس العزاوي، راجعه وقدم له وعلق عليه محمد علي القرداغي. الطبعة الأولى، بغداد- مطبعة السالمي ١٤٢٠- ٢٠٠٠ ، ل: ٢٥٨ .

ناوی ئەو کەسایەتییە کوردانەی لە بەڵگەنامەکەدا هاتوون هەر بە تەرتیبەکەی خۆیان لێرەدا دەنووسم، بەهیوای ئەوەی سوودی خۆی بدا.

ئەمە سەرەتاکەی ئەبوسەنایە:

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله الذي جعل من عباده من يُقاد إلى الجنة بالسلاسل. والصلاة والسلام على مريد هو مراده وخليفته في خليقته وبلاده، محمد سيد الأواخر والأوائل، وعلى آله وأصحابه الذين سلكوا أقوم طريقة فوصلوا- ويا لله تعالى درهم- الى الحقيقة، فغدا لكل منهم المرشد الكامل والشيخ الواصل، وعلى من اقتفى أثرهم وسار في الخلوة والجلوة سيرهم، فلما أشرقت عليهم أنوار شمس الأزل، واتحد لديهم ما لا يزال وما لم يزل. حطوا في فِناء البقاء بعد الفناء الرواحل.

وبعد: فيقول أفقر الورى، وخويدم الفقرا، أبو الثناء شهاب الدين السيد محمود مفتي الحنفية في بغداد المحمية عفا عنه رب البرية: إني منذ ترقيت من مرتبة العقل الهيولاني، وفرّقت بين المعقولات الأول والمعقولات الثواني، لم أزل مولعا بالانتساب إلى السادة الصوفية، والتأدب بآدابهم الصافية عن أكدار الحظوظ النفسانية، رغبة في أن يرشح عليّ ما يطفح من برك بركاتهم، ويشرح صدري ما يسرح في رياض التجربة مما تقتضيه رابطتهم من حسن توجهاتهم، وأن أكون ممن ضمّ إلى زبد العلم الذي مخضته الأفكار شهداً، وعلى جده حتى كان رسول الله -صلى الله عالى عليه وسلم- مرشداً وجداً. ففزت- ولله تعالى الحمد- بالانتساب إلى مشايخ أجلّة، وتحدثا بالنعمة أقول: قد أعطاني ربي- جلّت نعماؤه- جلّ ما رغبت فيه بل كله، وقد حررت أسماءهم في أثباتي، وأدرجت معظمها في درج إجازاتي، إلا أني ظفرت في هذا الأيام (كذا) بجريدة تتضمن من أصول الطرايق عن مشايخ عديدة. وحديث كانت على وضع رفيع القدر عجاب، ولي إلى أكثر من فيها من صالح وولي إنتماء وانتساب، أحببت كتابتها، ضاماً إلى ذلك أسماء آبائي الطاهرين المشرّفين بنسبتهم الصورية والمعنوية إلى سيد المرسلين- صلى الله تعالى وسلم عليه وعليهم أجمعين- ما طلب محبوب، وما جذب سالك وسلك مجذوب...

پێش دەستپێکردنی ناوەکان سەرەتا لە خڕکەیەکی جوانی ڕێکوپێکدا ناوەکانی خوا نووسراون. دوای ئەوە لە خڕکەیەکی تردا ناوی چواردە لە پێغەمبەران و ناوی جبرەئیل لە ناوەڕاستی خڕکەییەکەدا نووسراوە. دوای ئەوە لە خڕکەیەکی تردا ناوی پێغەمبەر (د.خ) نووسراوە بە دەوریدا ناوی کوڕ و کچەکانی و بە دەوری ئەوانیشدا ناوی کۆمەڵێک لە یارانی و شوێنکەوتووانیان دێت.

دوای ئەمانە ناوی دەیان کەس لە پیاوچاکانی ڕێبازی تەریقەت دێن، وەک وتم ئەوانەیان گومانم بۆ ئەوە دەچێ یان بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی کوردن لێرەدا دەیاننووسم:

١- سەید ئەبولوەفا. ڕەنگە ئەبولوەفای نەرجسیی بێت.

٢- نجار الاستراباذی.

٣- علوی دینەوەری.

٤- ئەبوعەلی روودباریی.

٥- ئەبویووسفی هەمەدانی.

٦- ئەبولعەباسی دینەوەریی.

٧- محەمەدی دینەوەریی.

٨- حەسەنی ئوسترابادی.

٩- عين القضاة الهمداني.

١٠- ئەبونەجیبی سوورەوەردی: عەبدولقاهیری کوڕی عەبدوڵلای کوڕی محەمەدی کوڕی (عمرية).

١١- عیمادەدینی سوهرەوەردی.

١٢- خواجە ممشادی دینەوەری.

١٣- شەهابەدینی سوهرەوەردی.

١٤- عەماری کوڕی یاسیری بەدلیسی.

١٥- خواجە یووسفی گۆرانی.

١٦- پیر (حلمه) شیروانی.

١٧- عوسمانی شیروانی.

١٨- سەید عەلی هەمەدانی.

١٩- سەلاحەدینی ئەیووبی.

٢٠- ئەبوبەکری کوردی.

٢١- کاکا بابای غاراسیی.

٢٢- شێخ ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی گۆرانی.

٢٣- مەولانا خالیدی شارەزووری.

٢٤- شێخ عوسمانی سلێمانی.


٢٥- خەلیلوڵلاهی باقلانی.

٢٦- شەهابەدینی مەحمـوودی ئالووسی. خاوەنی ئەم شەجەرە لە خواری ناوەکەی خۆیەوە نووسیویە: أخذ الطريقة العلية الصافية النقشبندية من الشيخ مولانا المشار اليه. ثم أنه - قدس سره- أمره بالاشتغال بالعلم، ووعده بأنه لا يحرم - إن شاء الله- من بركة أهل الطريق.

٢٧- شێخ (أمی) خامۆشی.

٢٨- جەمالی کوردی.

٢٩- مەحموودی ئەشنەوی.



ومانتي وخمس من الهجرة [illegible]

ما [illegible] من اخلاق [illegible] عليهم السلام [illegible] الكرم [illegible] الا [illegible]

[illegible] عن عين [illegible] وهي حقيقة [illegible]

[illegible] والطريقة [illegible] الشريعة [illegible]

[illegible] اشارة [illegible] الصادق [illegible]

[illegible] والليل لموضع [illegible]

العقل اشارة الوسطى [illegible] فيض المحمدية [illegible] والمؤمن [illegible] الله تعالى [illegible]

عصكر فوق بعشر درجات فاما [illegible] التي [illegible] قبضت [illegible] اشارة [illegible] الاربعة علم الشريعة وعلم

الحقيقة وعلم [illegible] واما [illegible] الى فيض السابع [illegible]

[illegible] طريق [illegible] الكريم الى الروح الامين جبرئيل [illegible] الروح [illegible]

الخلفاء الاربعة [illegible] ان [illegible] رضوان الله عليهم اجمعين [illegible]

[illegible] جعفر صادق [illegible] تعالى [illegible] قال [illegible]

[illegible] والرابع [illegible]

[illegible] السابع [illegible] الثامن القناعة [illegible]

[illegible] ايوب [illegible]

[illegible] طريقة [illegible] وآدم [illegible]

[illegible] ونوح [illegible]

[illegible] يعقوب [illegible]

[illegible] شعيب [illegible]

[illegible] عيسى [illegible]

[illegible] زكريا [illegible]

[illegible]

[illegible] الطريقة [illegible] اهل الصفة وهم اربعون

[illegible]

[illegible] جبرئيل ليلة [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] خرقة [illegible] السلام [illegible]

كما اجازنا مشايخنا ان نلقن الذكر لكل من يشاء من المسلمين المتقين من التائبين الطالبين

الراغبين الصادقين من صفين بتكرار ذكر ولجزنا ايضا ان يتوب من طلب تلقين الذكر التائب ويحرض

على وصية ما يقربه الى مولاه عز وجل من انواع العبادات واصناف القربات وتعلم شرائط

القربة والوصول الى الله والسالك رعاية ادب المشايخ المذكورين وتامر بالوصية لغيره من التائبين

بحسب حاله وقدرته بلا تعب ولا نصب ان يستقيم على القدرة واجزنا لك ايضا ان تاخذ بالخدمة

الفقراء والمساكين وتقبل الفتوحات ما دون حاجته بذالك وان اردت كسر النفس عن النوال

بنفسك وان تامر بعض اصحابك وان تصرف على نفسك ما حصل لك من الفتوحات وعلى الفقراء والاخوان

على قدر حاجتك وحاجاتهم لو اردت عليك الصادرين عنك واجزنا لك ايضا ان تاخذ نذور المشايخ المذكورين

قدس الله ارواحهم ورضي الله عنهم سيما اندر قطب العارفين ومقتدا السالكين شيخ المحققين درة البيضاء

مالك ازمة المتصرفين رئيس المحبوبين السيد الشيخ محي الدين عبد القادر الجيلاني قدس الله سره السبحاني ورضي الله

عنهم واوصل الينا فتوحه وان ترفع علمك واعلام المشائخ رضوان الله تعالى عليهم اجمعين وروي السيد الشيخ

العزيز قدس الله سره العزيز عن والده قدوة المحققين وتاج العارفين ومرشد السالكين انه قال ان طريقتنا هذه

مبنية على الكتاب والسنة وسلامة الصدر وسخاء اليد وبذل الندى وكف الجفا وحمل الاذى والصفح عن عثرات

الاخوان واوصيك يا ولدي بتقوى الله وطاعته والذكر والصلوة ... وحجبة الله تعالى ... ولزوم

الشرع وحفظ حدوده واوصيك يا ولدي وفقنا الله واياك والمسلمين اجمعين بالفقر وهو حفظ حرمة الشيوخ وحسن

العشرة معهم والنصيحة للاصاغر والاكابر وترك الخصومة ... جمعه ...

احدها التواضع والثاني حسن الادب والثالث سخاوة النفس واستعمال حتى تحيا ... الخلق الا الله

تعالى او سعهم خلقا وصيتي لك يسمعها من المهتدين كثرهم الله تعالى ووفقك وايانا على ما ذكرناه وبيناه و

يجعلنا ممن يقفو آثار السلف ويتبع آثارهم يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت في الحيوة الدنيا وفي الآخرة

اللهم اهدنا وسددنا والهمنا رشدنا واعذنا من شرور انفسنا وقونا على طاعتك وسبيلك واجعلنا

اهل محبتك ومتبعي انبيائك ورسلك واوليائك ووفقنا لما يرضيك واختم بالايمان بفضلك وكرمك ...

وصل اللهم على افضل انبيائك ورسلك محمد خير خلقك وعلى آله واصحابه خير تابعه وسلم تسليما كثيرا الى يوم الدين

في بيان اولاد حضرة سلطان الاولياء والعارفين ومرشد السالكين غوث الثقلين باز الله الاشهب السيد الشيخ محي الدين

عبد القادر الكيلاني قدس الله سره العزيز ونور الله ضريحه له من البنين عشرة ذكور وقيل احد عشر ذكرا

اولهم اكبرهم سنا واوسعهم علما وحلا السيد الشيخ عبد الوهاب تفقه على والده وسمع منه ومن ابي غالب بن

البنا وغيرهم ودرس بعد والده بمدرسته ووعظ وحدث وافتى وناظر وتوفي ببغداد ليلة الخامس والعشرين

هذه مبنية على الكتاب والسنة وسلامة الصدر وسخاء اليد وبذل الندا وترك الجفا ونفي
عن عثرات الاخوان والنصيحة للاصغار والاكبار و[illegible] ياولدي بالفقراء
واحفظ لحرمات الشيوخ وحسن العشرة مع الاخوان وترك الخصومات الا
في ترك امور الدين واعلم ياولدي وفقنا الله واياك والمسلمين اجمعين ان حقيقة الفقر
ان لا تفتقر الى من هو مثلك وحقيقة الغنى ان تستغني عن من هو مثلك وان
التصوف لا يوخذ عن القيل والقال ولكن اذا لقيت الفقير فلابد بالرفق لعلم وانه
بالرفق فان العلم يوحشه والرفق يونسه و[illegible] ياولدي وفقنا الله واياك والمسلمين
اجمعين ان التصوف مبني على ثمان خصال الاول السخا الثاني الرضا الثالث الصبر
الرابع الاشارة الخامس الغربة السادس لبس الصوف والسابع السياحة والثامن
الفقر فالسخا لنبي الله ابراهيم عليه الصلاة والسلام والرضى لنبي الله اسحاق عليه السلام والصبر
لنبي الله ايوب عليه السلام والاشارة لنبي الله زكريا عليه السلام والغربة لنبي الله
يوسف عليه السلام ولبس الصوف لنبي الله يحيى عليه السلام والسياحة لنبي الله عيسى
عليه السلام والفقر لحبيبي رسول الله عليه الصلاة والسلام كشرف ورع ونجل وعزم واصله
يا ولدي ان تصحب الاغنياء بالتعزز والفقراء بالتذلل وعليك بالاخلاص وهو
نسيان رؤية الخلق ودوام رؤية الخالق ولا تتهم الله في الاشيا واسكن اليه في جميع الاحوال ولا
تضيع هوا نجك انكالا على احد لما بينك وبينه من المودة والصداقة والقرابة
فان الله فرض لكل مومن حقا وعليك لخدمة الفقراء بثلاثة اشيا احدها التواضع
والثاني حسن الادب والثالث سخاء النفس وامت نفسك حتى تحيى واقرب
الخلق الى الله وسيلة واوسعهم خلقا وافضل الاعمال رعاية السر عن الالتفات
الى شيء سوى الله تعالى واعلم ياولدي ان الصولة على من هو دونك ضعف وعلى من هو
فوقك تخبط وان الفقر والتصوف كله جد فلا تخلطه بشيء من الهزل [illegible]
وصيتي لك ولكل من يقف عليها ويسمعها ولواهل المسلمين المريدين
والمحبين كثرهم الله تعالى والله تعالى يوفقنا واياكم لما ذكرناه وبيناه ويجعلنا
ممن يقتفي اثار السلف ويتبع اخبارهم بحرمة سيدنا ومولانا محمد صلى الله
عليه وسلم وعلى اله وصحبه وسلم تسليما كثيرا الى يوم الدين والحمد لله رب
العالمين



بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وكفى وسلام على عباده

الذين اصطفى وشرفهم بوفاء العهود والمواثيق وجعلهم من الحنفاء والائمة

للخلق واقامهم في ارشاد [illegible]

[illegible]

الكتاب العزيز وسنة [illegible] المرسلين والصلاة والسلام على

سيدنا محمد نبيه وعبده ورسوله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره

على الدين كله وجعله شفيعا لمن اتبعه [illegible] واقتفى من بعده

وبعد فيقول [illegible] في كتابته منه [illegible]

الشريفة القادرية المنسوبة الى [illegible] صحيح من الباز الخرقة الشريفه

[illegible]

الذكر واختتامه بشرطه المعتبر عند اهله قال ذلك بفمه ورقمه

بقلمه خويدم [illegible] الفقير الفاني [illegible] الشيخ عبد

الرزاق [illegible] السيد محيي الدين عبد القادر

... ولنبي الله زكريا عليه السلام والغربة
لنبي الله يوسف عليه السلام ولبس الصوف لنبي الله يحيى عليه السلام والسياحة لنبي الله عيسى عليه السلام

والفقر لجدي رسول الله صلى الله عليه وسلم

وشرف وكرم ومجد وعظم اوصيك يا ولدي وفقك الله وايانا والمسلمين اجمعين
ان تصحب الاغنيا بالتعزز والفقرا بالتذلل وعليك بالاخلاص وهو نسيان روية الخلق
ودوام روية الخالق ولا تتهم الله في الاسباب واسكن اليه في جميع الاحوال وان
لا تضع حوايجك اتكالا على احد لما بينك وبينه من المودة والصداقة
والقرابة فان الله فرض لكل مومن حقا وعليك بخدمة الفقرا في ثلاثة اشيا احدها
التواضع والثاني حسن الادب والثالث سخا النفس وامت نفسك حتى تحيا
واقرب الخلق الى الله تعالى اوسعهم خلقا وافضل الاعمال رعاية السر عن
الالتفات الى شي سوى الله تعالى وتعلم ان الصولة على من هو دونك ضعف



ئاشنانەوە لە کوردستاندا

دانراوی مامۆستا مەلا وەسیم

٥٧٢(*)

پێشەکی

دۆزینەوەی هەر دەستخەتێکی کۆنی مامۆستایانی کورد هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی ونبوو و شاراوەی مێژووی ئەدەب و ڕۆشنبیریی و کولتووریی کوردە، بایەخ و سوودی ئەو لاپەڕەیش خۆی لە بەبایەخی ئەو دۆزراوەدا دەنوێنێ کە تازە سەر هەڵدەدا.

دیاریی ئەم جارەم دۆزینەوەی لاپەڕەیەکی کەموێنەی مێژووی ئەدەب و زانستی کوردە، لاپەڕەیەک بەبیری مندا نەهاتووە - و باوەڕیش ناکەم بەبیری ڕۆشنبیراندا هاتبێ - کە مامۆستایانی پێشوومان خۆیان لە قەرەی کاری وا دابێت.

ئەم دۆزینەوەیە ڕەنگە- نەک بەپێودانی بارودۆخی ڕۆشنبیریی کورد- بەپێودانی ڕۆشنبیریی گەلانی جیهانیش دەستپێشخەرییەکی کەموێنە بێ. مامۆستایەکی کورد پێش زیاتر لە ٢٣٠ ساڵ بیر لەوە بکاتەوە باسێکی تێروتەسەل و تەڕ و پاراو و بەپێز لەسەر دروستکردنی ئاش بنووسێ، کە تا ئێستە من وێنەیم نەدیوە و، ڕەنگە وێنەیشی نەبووبێ.

سەرەتا چەند خاڵێک لە بایەخی ئەم کارەدا دەنووسم:

یەکەم: کارەکە بە زمانی کوردییە.

دووەم: کارەکە تا کۆتایی کە لە ٢٧٥ بەیت زیاترە لەسەر یەک قافیە و سەروا ڕۆیشتووە، کە ئەمە خۆی- نەک لە شیعری تەعلیمیی - لە چامەی ئەدەبی کوردیشدا کەموێنەیە.

سێیەم: لە نووسینێکی زوومدا ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە کە دەڕاسە و تەرەکتۆر سەدان وشەی ڕەسەنی کوردیی جووت و گا و دروێنە و خەرمانکوتانیان پێچایەوە[1]، لەم نووسینەیشەوە بۆمان دەردەکەوێ کە وشەی (ئاشە مەکینە) هەگبەیەک وشەی ڕەسەنی کوردیی کە لە ئامرازەکانی ئاشی ئاو پێک دەهاتن پێچایەوە و، ئەم نامیلەکە تۆمارگەیەکی بە ئەمانەتی ئەو وشە ڕەسەنانەیە کە ئەگەر ئاوا نەبووایەت و پێش ئەوەی مەبەست و واتاکانیان لە بیر بچنەوە بمانزانیایەن و فەرهەنگۆکمان بۆ بکردایەن دەیان وشەی ڕەسەنی کوردیمان دەخستە سەر

(*) لە ژمارە (٧)ی کۆواری (ئەکادیمی)دا بڵاو بووەتەوە.

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی، چەند لکێک لە زمانی سێبەری ئەسپە شێدا.

خەرمانی فەرهەنگی کوردی و بۆ بەرانبەری چەندان شت کە ڕەنگ بێ بۆ بەرانبەریان دابمێنین بەکارمان بهێنایەن[1].

دانەری ئەم کتێبە کێیە؟

دانەری ئەم کتێبە خۆشبەختانە لە کۆتاییی کتێبەکەیەوە لە دوو لایەنی پڕ بایەخ دەدوێ - با بەکورتیش بێت - کە هەردووکیان بۆ ئێمە مایەی شادمانیی و جێگەی سوودن:

یەکەمیان: مێژووی دانانی کتێبەکەیەتی کە لەو بارەوە نووسیویەتی:

سەنە هەزار و صەد و نەوەد بی

هەفت سالی هەنی هەم چاگە و دمای

(جە رعافنە وراوم!) کەردەن

هیچ کەس نەواچۆ پەی چێش ژاویای؟

بەم پێیە سالی ١١٩٧ک کتێبەکەی داناوە.

لە دوای ئەمەیشەوە لە بەیتێکدا ناوی خۆی ئاوا نووسیوە:

واو، سین، ی، میم، ئەرجو دارۆ

پەرێش بوانان سوورەی دۆعای

بەگوێرەی سەرەتای ئەم بەیتەیش ناوی دانەرەکەی پێک هاتووە لە (و س ی م) کە دەکاتە (وەسیم).

بەڵام ئەم وەسیمە کێیە؟ دوای گەڕان بەسەرچاوەکاندا و پشکنینی ناوی زانایان، ناوی دوو وەسیم ناو دەبینین: شێخ محەمەد وەسیمی یەکەم کە سالی ١١١٨ک. لەدایک بووە و سالی ١١٧١ک. کۆچی دوایی کردووە. محەمەد وەسیمی دووەم کە سالی ١٢١٩ لەدایک بووە و سالی ١٢٧٥ک. کۆچی دوایی کردووە[2]. بەڵام بەپێی ئەو مێژووەی کە لە کتێبەکەدا نووسراوە، ئەم دانراوە بۆ مێژووی هیچ کام لەو دوو محەمەد وەسیمە دەست نادات.

چونکە مێژووەکە پێش لەدایکبوونی دووەم و دوای مردنی یەکەمە. مێژووی نووسینەوەی کتێبەکەیش کە سالی ١٢٣٣ کۆچییە پاڵپشتی ئەوە دەکات کە بۆ محەمەد وەسیمی دووەم دەست نەدات.

ئەگەر هەڵەیەک یان ئاڵۆزییەک لە نووسینەوەی دەستخەتەکەدا لە شوێنی مێژووەکەدا هەبێت ئەوە دەگونجێ بۆ شێخ محەمەد وەسیمی یەکەم بێت، ئەمەیش دوور نییە؛ چونکە ئەم شێخ محەمەد

---

(١) زانایانی عەرەب کە بەدرێژیی لەسەر زانستی عەرووزی عەرەبیی ڕۆیشتوون و ناویان بۆ بەحرەکانی داناوە، ناوەکانیان بەزۆریی لە ئامرازەکانی دەوار وەرگرتووە، چ دەبێ ئەگەر ئێمەیش لە ئامرازەکانی ئاش ناو بۆ چەند کەرەسەی پیشەسازیی سەردەم دابنێین؟

(٢) بڕوانە: بابا مردوخ ڕوحانی شیوا، تأریخ مشاهیر کرد، سروش، تهران، خیابان استاد مطهری، نبش خیابان دکتر مفتح. ساختمان جام جم، چاپ اول، ١٣٦٤، ل: ٢٣٧، ٤٠٥.

وەسیمە گەلێ دانراوی جۆراوجۆری لە گەلێ بابەتدا بەشێوەی گۆرانیی هەیە و، دەکرێ ئەمەیش یەکێک بێت لە دانراوە نەزانراو و باس نەکراوەکانی.

خۆ ئەگەر ئەمە نەچێتە سەر دەبێ بڵێین: لە نێوانی ئەو دوو شێخ محەمەد وەسیمەدا وەسیمێکی تر هەیە کە تا ئێستە نەناسراوە، ئەویش پیاوێکی زانا و بەتوانا و خاوەن بەرهەم و دانراوی شاکاری وەک ئەم نامیلکە بووە کە لە بەردەستماندایە. لەم حاڵەدا دەبێ بەچاوەڕوانیی بمێنێتەوە تا یان نوسخەیەکی تری دەست دەکەوێت و مێژووەکەیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، یان ناوی شێخ وەسیمی دانەری ئەم کتێبەمان- ئەگەر جگە لە یەکێک لەو دووانە بێت - لە سەرچاوە و شوێنگەلی ترەوە بۆ ڕوون دەبێتەوە.

باسێکی دەستخەتەکە:

ئەم دەستخەتە بریتییە لە دەستخەتێکی کۆنی شڕی پەڕپووتی دڵۆپەلێدراو، بەگوێرەی ڕەنگی لاپەڕەکانی بەلای کەمییەوە دوو تا سێ جار دڵۆپە لێی داوە و، تەڕ بووە و خووساوە، بەڵام خۆشبەختانە مەرەکەبەکەی ئەوەندە چاک بووە و چاک گیراوەتەوە ئەم هەموو تەڕبوونە نەیشۆردووەتەوە، هەر چەند هەندێ شوێنی تێکەڵ و پێکەڵ کردووە.

شیرازەی پساوە و لێی لە ناوچووە، کەسێک هاتووە چەند لاپەڕەی تر- کە لە ناوەڕۆکدا لەیەک ناچنی- هێناوە لە پێشی ئەو دانراوەوە دای ناوە، ئەو چەند پەڕە لە باسی شەرحی چل فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) و هەندێک سەڵاواتدان. بەڵام کاغەزەکانی ئەوەندە خراپن پواون لەخۆیانەوە دەکەون و هەڵدەوەرن. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەو نامیلکەیە کە لە باسی ئاشنانەوەدا نووسراوە. دووبارە خۆشبەختانە کاغەزەکەی ئەم جۆرەکەی جیایە و باشتر خۆی گرتووە و دوای ئەو هەموو کارەساتەی بەسەری هاتووە هێشتا هەر باشە و زۆر نەڕزیوە.

ئەم باسی ئاشنانەوەیە ٢٤ لاپەڕەیە، پێوانەکەی (١١× ١٥)ە، ناشارەزایانە و ناشییانە بە بەن و پەتێکی ئەستوور لە پێستێکی قاوەیی دووبەر گیراوە. هەرچۆن هەیە ئەو پێستە پاراستوویەتی.

سەرەتای نامیلکەکە نەماوە و، ڕەنگ پەڕەیەک یان زیاتری لێ کەوتبێ. کۆتاییەکەی ماوە، نووسەرەوەکەی لە کۆتاییەوە نووسیویە:

تمت شد في يد الحقير الفقير فتح الله بن عبدالله سنة ١٢٣٣.

کە جارێکی تر چاو بەم دەستخەتەدا بگێڕینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو مامۆستای دەستخەتەکەی نووسیوەتەوە، بۆ گەلێک لەو وشانەی خوێندنەوەیان ئاسان نییە، یان خوێندنەوەیان لە ڕوویەک زیاتر هەڵدەگرێت، سەر و بۆری کردووە و، کارئاسانیی بۆ هێنانەوە سەر ڕێنووسی ئەمرۆی کردووە.

لە دەستخەتەکەدا هەندێ - باکەمیش بن - نیشانەی سەرەتای ڕێنووسی کوردیی دەبینرێت؛ وەک بەکارهێنانی (ە) هێی خڕ لەباتیی (فەتحە - سەر).

هەندێ وشەی سەرنجڕاکێش لە ڕووی نووسینەوەوە لە دەستخەتەکەدا دەبینرێن؛ وەک (بەیتەور)

لەو نووسینە کۆنانەدا من دیومن هەموویان (بیطور - بەیطەور)یان تێدا نووسراوە، بەڵام ئەم مامۆستا - ئیتر نازانم هەر دانەرەکەی وای نووسیوە یان داهێنانی نووسەرەوەکەیە - تێکڕا بە (بەیتەور) نووسیویەتی.

هەروەها لە هەندێ شوێندا وشەی لە تەک وشەی تردا لکاندووە بەیەکەوە؛ بۆ نموونە (زیادشکرە) ئەمە لە دەستخەتەکانی تردا وام نەدیوە بەڵکو (زیادش کرە - زیادش کەرە) نووسراوە. هەروەها (یکتمن) لە باتیی (یەک تمەن) و وشەگەلی تریش.

هەر وەک دیارەیەکی تر: بۆ هەموو ئەلفێکی درێژ وەک: (دار)، (ئاچۆ)، (ئارد)، (ئاو)، (هاران) گەلێ جار نیشانەی (مەد - درێژ)ی بەم شێوە (آچو، آرد، آو، هارآن) داناوە.

جاری وایش هەیە بواردوویەتی. بەڵام بۆ ئەلفی کورت وەک: (ئەگەر)، (ئیمجار)، (ئەر)، (ئەوەڵ)... هیچی دانەناوە و هەر (اگر، ایمجار، ار، اول...)ی نووسیوە.

کارێکی تریش هەیە ڕەنگە تایبەتمەندی ئەم دەسنووسە بێت؛ ئەویش ئەوەیە (واو)ێک هەیە لە زاراوەی گۆرانییدا دەلکێنرێ بەدوای وشەوە وەک (وەختو)، (چارەکێو)، (ئەصلو) کە واوی عەتف نییە لەم دەستخەتەدا بەزۆریی لکێنراوە بە وشەکەوە.

مێژووی ئاش لە کوردستاندا:

ڕەنگە زیادەڕەویی نەکەم و دوور نەڕۆم ئەگەر بڵێم: ئاش کۆنترین پیشەسازییە لە کوردستاندا. بەڵام بەداخەوە لا لەم بارە بەنرخەی ژیانی کوردەواریی نەکراوەتەوە و، تا ئێستە نەمدیوە بەشێوەیەکی شیاو و ڕەسا لەسەر ئەم پیشەسازییە نووسرابێ.

کە دەڵێم: ئاش کۆنترین پیشەسازییە لەوەوە بۆی دەچم کە مرۆڤ - هەموو مرۆڤ، دیارە کوردیش - ڕاستەوخۆ ژیانی بەسراوە بەو پیشەوە؛ چونکە هەر کەسێ لوێچێ گەنم یا جۆ یان هەرزن یاگاڵی بووبێ کە ویستبێتی بیکات بە نان یان بە کولێرە یان بەگێتکە، پێویستی بەوە بووە بیهاڕێت و بیکات بە ئارد، ئەمەیش بەدەستاڕ یان ئاش کراوە و، دەستاڕیش کەمتر؛ چونکە ڕەنجی زۆری دەوێت و بەرهەمی کەمیش دەدات.

هەروەها مێژووی ئاش بەگشتیی نازانین، نایشزانین مرۆڤ لە درێژاییی ژیانیدا چەند جۆر ئاشی داهێناوە و بۆ پێویستیی هاڕینی دانەوێڵە بەکاری هێناون؛ چونکە مەرج نییە لە هەموو شوێنێکدا بارودۆخ گونجاو بووبێت بۆ ئەو ئاشنانەوەی تا سەردەمێک لەمەوپێش لە کوردستاندا دەوری هەبوو.

ئەوەتا مامۆستای دانەری ئەم نامیلکەی باسی دەکەین، ناوی چەند جۆر ئاش دەهێنێ، کە دەمێکە لە کوردستاندا یان هەر باویان نەبووە یان باویان نەماوە، لەم ڕووەوە نووسیویە:

واچوو: ئاسیابی چەندێ نەوعێنی

هەم چنای نەوعێ مەبۆشان نیای!

یەکێ زەنبـــوورەک، یـەکێ تـەنوورەن

یەکێ مــەگــێـلـــۆ تیـــرش لاوەلای

یەکێ بە ئەسپ و ئێســتـر مـەگێـلۆ

یـەکێ نـاوەنە، یـەک ئـاســـــاو و وای

ئەمما جـــەی مـــەکـــان نـاوە باونـە

چون ئاســـانـەنە پەی هیچ نەزانـای

مامۆستامان لێرەدا ناوی چوار جۆر ئاش دێنێ کە ئێمە ناویانمان نەبیستووە و، دوا ناویان کە ئاشی ئاوە دەفـەرمووێ: ئەمـەیان لە هەموویان ئاسـانترە و بۆ خـەڵکی سـادە و هیچ نەزان ئەرک و زەحـمـەتی زۆری ناوێ. دووبارە زیادەڕەوی ناکەم ئەگەر بڵێم: هەمـوو گوندێکی کوردسـتـان ئەگەر چەند ئاشی تێدا نەبووبێت ئاشێکی تێدا بووە، دیارە مەبەستم ئەو گوندانەیە کە بارودۆخیان لەبار بووە بۆ ئەوەی ئاشیان تێدا بنرێتەوە.

ڕەنگە ئەم ئاشـە ئاوانەیش بکرێن بەدوو سێ بەشەوە: بەشێکیان هـەر ئاشی زستانـە بووە و، کە کەوتوونەتە بەهار و ئاو کز بووە، ئەو ئاشانەیش ئاویان کەوتووە و پەکیان کەوتووە.

هـەر بەبیرەوەریی من لە زادگای مندا ئاشی زستـانـە هـەبوو، کە زسـتـان ئەهات و ئاو زۆر دەبوو ئەو ئاشە ئەنرایەوە و کاری ئاوایی و چەند شوێنی تریشی مەیسەر دەکرد، تا بەهـار دەهات و وردە وردە ئاو کز دەبوو ئەوسا دەبووایە باراش بۆ شوێنی دوور ببرایەت و، لەوێ نۆرەی بۆ بگیرایەت، تا نۆرەی نەهاتایەت بۆی نەبوو باری خۆی لێ بکا و، پەندی (ئاش و تەنوور بە نۆرەیە) لەوەوە هـاتووە، هـەروەها پەندی (دەوەن بەئاش)یش.

هـەر بەبیرەوەریی من دوو سێ ئاش هـەبوون کە هاوین و زستـانیان بۆ نەبوو، ئاوی بنەوانەکانیان زۆر بوو، هەموو کات ئاشگێڕ زیاتر ئاویان پیا دەهات و ئاشـەکان پەکیان نەدەکەوت، وەک: ئەستێڵ و بانی خــێـلان و دەرەدۆین و، پسـاکــان... ئاشی ئەم شـوێنـانە هەمــوو کـات لە گـەڕدا بوون و – بەتایبـەتی لە هاوین و پایزدا – خــەڵک لـە شـوێنی دوورەوە باراشــیـان بۆ دەبردن و نۆرەیـان تێـدا گیرابوو.

هەر لەو شـوێنە ئاودارانەدا، وا بووە چەند ئاشی بـەرز تێدا نراوەتەوە و، شـوێنی وا بـووە پێیـان وتووە: حەوت ئاشان. وەک گوند هـەبووە بەناوی (ئاشـەوا) کە چەندان ئاشی تێدا بووە[1].

---

(١) ئاشـەوا: ئێستـە هاوینەهەوارێکە لە ناوچەی بادینـان، لە کۆندا چەندان ئاشی تێدا نراوەتەوە؛ چونکە شـوێنەکـە لێـژ بووە و ئـاوی زۆر بەخـوڕ لە سـەرەوە هـاتووەتە خـوارەوە. ناوەکـەیشی دەگـونجێ لەوەوە هـاتبێ کـە دەڵێن: حـــەســەناوا، عــەلیـاوا، ئـاشــەوایش بەوە ناونـرابێ کـە بـەئاش و بۆ ئاش ئاوەدان کراوەتەوە.

هـەر بەبۆنەی ناوی ئاشـەوە مـامۆسـتـا حـەمـەبۆر دەڵێت: لای سلێـمـانیدا ئاشێ بووە پێیان وتووە (ئاشـە پەپوولە) لە سـەردەمی فەرمـانڕەواییی شێخ مـەحمووددا کە سلێـمـانیی بوردومـان کراوە. شێـخ بارەگای گـواسـتـووەتـەوە، یەکـێک لەو شـتـانە گـەنجـینـەکـەی بووە، کـە هـەرچی پارە و لیـرەی هـەبـووە لە سێ =

خۆ ئەگەر بە وردیی سەرنجی مۆزەخانەکان بدەین یان بە شوێنە کۆنەکاندا بگەڕێین نموونەی هاڕینی سەرەتاییی جۆراوجۆر هەبووە و ئیستەیش تاک و تەرایان ماوە. بە بیرەوەریی من لە خوارووی گوندی تەکیەوە بەردێکی گەورە هەبوو ناوەکەی چاڵ کرابوو پێیان دەگوت: (هارەگلیلەکە). هەروەها ئێستەیش لەسەر تەختی قەڵای (باوەکورۆیی) دوو سێ چاڵ هەن کە باش دیارن کاتی خۆی شتیان تێدا کوتراوە و هاڕراوە.

کاری من لەم دەستخەتەدا:

کە ئەم دانراوەم دەست کەوت و چاوێکم پێدا گێڕا و ئەمسەرە و سەرێکیم کرد و لە بابەت و ناوەڕۆکەکەی گەیشتم، ماوەیەک دام نا و نەموێرا خۆم لە قەرەی ئەوە بدەم شتێکی لە تەکدا بکەم، چونکە ناوەڕۆکەکەی - نەک بە من - بە ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆ نامۆیە و، وشە و زاراوەکانی زۆر بەکەمیی لە فەرهەنگە کوردییەکاندا هەن، کەسانێکیش کە مانای ئەو زاراوانە بە دروستیی بزانن، ئەگەر مابن، دۆزینەوەیان ئاسان نییە و، بابەتی وا تا ئێستە لە ڕۆشنبیریی و ئەدەبی کوردیدا بڵاو نەکراوەتەوە تا پەنای بۆ بەرم و بەراورد لە نێوانیاندا بکەم و شتێک بەشتێک بکەم. بۆ نموونە ئەگەر ئەمە باسی ڕاو و شکار، یان سەیرانی کێژان و سەردانی مەزار، یان باسی گوڵ و نەو سوەیل و بەهار، یان باسی کەژ و نسار و لالەزار، یان باسی چنار و تاڤگە و جۆیبار... بوایەت چەندان نموونەیان لە دیوانی شاعیرانی کۆندا هەیە و پەنام بۆ ئەو بابەتانە لەو دیوانانەدا دەبرد و لەبەر ڕۆشناییی ئەواندا ئەمیشم شتێک لێ دەکرد، بەڵام نەبوونی هیچکام لەمانە پشتی سارد دەکردمەوە و دەستم لە عاستی قەڵەمدا گۆی نەدەکرد.

ماوەی چەند مانگێک دەستخەتەکەم وەک خۆی دانا، بەڵام دوایی گوتم: ئەگەر هەر ئاوا دای بنێم دەبێ چارەنووسی چی بێت؟ دەبێ دوای من کەسێک ببێت لە من باشتری لێ بزانێت کاری باشی بۆ بکا؟ گومانم لەمانەدا هەبوو، بۆیە گوتم با چیم بۆ دەکرێت بیکەم و، بەهەڵە و ناتەواویشەوە بێت بیخەمە بەردەستی ڕۆشنبیران و ناوی بەگوێی ڕۆشنبیراندا بدەم، لەوە باشترە بەچاوەڕوانیی چارەنووسی نادیارەوە دایبنێم. چونکە ئەم دانراوە بەم شێوەی کە هەیە لە لێواری گۆڕ و مردندایە و ئەگەر نەیشتوانرێ بەتەواویی ببووژێنرێتەوە و گیانی بەبەردا بکرێتەوە، ئەوا نیوە گیانێکیشی بە بەردا بکرێتەوە هەر لەوە باشترە بەگیانەڵڵا و چاوەڕوانیی مردنەوە بهێڵرێتەوە!

=سندووقدا بووە، نراوە لە هێسترێک و زەلامێک ڕەشۆی هێسترەکەی ڕاکێشاوە، تەیارە هاتووە بۆردومانی کردووە ئەو زەلامەی هێسترەکەی ڕاکێشاوە بەرکەوتووە و کوژراوە، ئەو چەکدارانەیش لە تەکیدا بوو ون پەرتەوازە بوون و خۆیان شاردووەتەوە، هێسترکەیش بەلەسە بووە و خۆی کردووە بەئاشە پەپوولەدا، خاوەن ئاشەکە کە (... ...) بوون بارەکەیان خستووە و، گەنجینەکەیان شاردووەتەوە و، دوایی هەر چەند ئەشکەنجەیان داون و بەندیان کردوون نەچوونەتە ژێر و، ئەو سامانەیان بۆ خۆیان چەپاو کردووە.

هەر بەو بۆنەوە دەڵێم: لە دەوروبەری گوندی تەکیەی زادگای مندا چەند ئاش هەبوو لەوانە: ئاشی بەرامبەر، ئاشی کوورە، ئاشی دوودەر.

بۆیە ورەم بەرنەدا و وزەم دا بەخــۆم و دەست لە دەست و قــووەت لە خــوا، دەســتم کــرد بەنووسینەوەیی و، زۆر لەسەرخۆ و دوای هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی وشەکان، بەبیر و بۆچوونی خۆم هەرچیم بۆ خوێنرایەوە هێنامەوە سەر ڕێنووسی کوردی، هەرچیشم بۆ ساغ نەکرایەوە بە ڕێنووسەکەی خۆی لە نێوان دوو کەوانەدا و، لە تەک ئامرازی سەرسوڕماندا دام نا، هەندێ جاریش شوێنەکە بەتەواویی کوژابووەوە، یان هەر بۆم نەخوێنرایەوە ئەوە خاڵم لە شوێنەکەیدا دانا.

بەم کارەیش - بەبڕوای خۆم - لەلایەکەوە ئەم ئەندازەم لە دانراوەکە لە چنگ مۆتەکەی لەناوچوون دەرهێنا، لەلایەکی تریشەوە دانراوەکە- وەک خۆم بۆم خوێنراوەتەوە - لە تەک وێنەی تەواوی لاپەڕەکاندا - دەخەمە بەردەستی ڕۆشنبیرانی کورد، بەڵکو لای کەسێک نوسخەیەکی تر پەیدا ببێ، یان کەسانی لە من شارەزاتر بەکارەکەی مندا بچنەوە و، ئەوەی من بۆم ئەنجام نەدراوە ئەوان تەواوی بکەن، بەمە و بەهەمووماں شاکارێکی مامۆستایەکی گومناوی مەزنی کورد بخەینە کتێبخانەی کوردییەوە.

دەبێ لێرەدا بەسەر ئەوەدا نەڕۆم کە گومانم نییە هەڵەی زۆرم لە هێنانەوە سەر ڕێنووسی ئەو بەشەیشدا هەیە کە هێناومەتەوە سەر ڕێنووسی کوردیی، بەڵام ئەوەی پاساوی ئەوەم بۆ دەدات دوو شتە:

یەکەم: سەرچاوەی باسەکە، یان کەسانی شارەزام دەست نەکەوت تا پەنایان بۆ بەرم.

دووەم: هەرچیم لە دەست هاتبێت درێغیم نەکردووە و، شەونخوونیی و گەڕان و خۆماندووکردنم لە پێناویدا بەلاوە گران نەبووە.

هەروەها لێرەدا دەڵێم: یادت بەخێر کا فەرەج[1]، ئێستە لە کوێت بێنم یەکە یەکە مانای ئەو زاراوانەم پێ بڵێیت کە سەریان لێ دەرناکەم!

فەرهەنگۆک:

لە زۆری ئەو دەقە کەلەپوورییانەدا کە تا ئێستە بڵاوم کردوونەتەوە - بەتایبەتیی دەقە گۆرانییەکان - هەوڵم داوە فەرهەنگۆک بۆ هەندێک لە وشە و زاراوەکانی ناو دەقەکە بکەم.

بۆ ئەم نامیلکەیش حەزم دەکرد فەرهەنگۆک بکەم و مانای وشە و زاراوەکانی بکەم، بەڵام وەک وتم ئەم بابەتە نامۆیە و، وشەکانی بەگوێ و هەست و بیری ڕۆشنبیری ئەمڕۆ نائاشنان و، کەسانێکی وا دەست ناکەون مانای ئەو وشانە بزانن. بیرم لەوە کردەوە بەیارمەتیی فەرهەنگە کوردییەکان ئەم کارە بکەم، کە سەری فەرهەنگەکانیشم دا بینیم ئەوانیش لەم بوارەدا زۆر هەژار و مەودا تەسکن و، جێگەی متمانە و پشت پێ بەستن نین، بۆ نموونە یەک وشە دەخەمە بەرچاوی

---

(١) کا فەرەج پیاوێکی خزممان بوو هەردەم بەزستان ئاشەوانی ئەو ئاشە زستانەیە بوو کە لە بەرانبەری گوندی تەکیەوە دەنرایەوە. کەم ڕۆژ بوو لە تەک باوکمدا - خوا لێیان خۆشبێ - بەیەکەوە لە ماڵەوە دانەنیشن. ئەم پیاوە تا ئەم ساڵانەی دوایی لە ژیاندا بوو، بەڵام لەلایەکەوە من لە بەغدا و ئەو لە تەکیە و دوایی لە سلێمانیی و، لەلایەکی تریشەوە بەبیرمدا نەهاتووە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەستخەتێکی وام بێتە پێش تا زوو کەرەستەی بۆ بخەم.

خوێنەری ئازیز و، وەک دەڵێن: (مشتێ نموونەی خەروارێکە).

بۆ ئەم مەبەستە (پازناو)م کرد بە نموونە و، ماناکەیشی بەگوێرەی سێ فەرهەنگی کوردیی دەنووسم:

پازناو: مەڵغەی بەرداش هەڵێنان. (ف) اهرُم سنگ آسیا برداشتن. هەمبانە بۆرینە، هەژار، چاپی یەکەم. سروش، ل: ٩٨.

پازناوک: دارێکە وەک بێڵەکان دەکرێ بەنوێڵ و بەرداشی پێ هەڵدەگیرێ. فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، ئاراس ل: ٦٣.

پازناو: دارێکە وەکو تێلا وەکو نوێڵ دەخرێتە ژێر پێی ئاش و پێی ئاشی پێ بەرز و نزم دەکرێت بۆ ورد و درشتیی ئارد بەپێی خواست. پێی ئاش تا بەرز بێ ئاردی زبرە، تا نزم بێت و دابخرێت ئاردی وردە. فەرهەنگی کشتوکاڵ، مەعرووف قەرەداغی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم. ل: ٥٦.

ئەمە بۆ شتێکی ناسراوی ئاش سێ کەس بە سێ جۆر مانایان لێداوەتەوە. جا بۆ شتەکانی دی کە لە نامیلکەکەدان بەشی هەرە زۆریان لە فەرهەنگەکاندا هەر نین و باسیان نەکراوە[١]، دەبێ چی بکرێت؟ بەڵام هەرچۆن هەیە و چیم بۆ کرا و چەندم لە دەقەکە و لە نووسینانی مامۆستایان دەستکەوت بەچنگە کرێ و چنگەکوورێ فەرهەنگۆکێکم خستە پاشکۆی بابەتەکەوە، بەڵکو لەمەولا باشتری بۆ بکرێت و دەوڵەمەندتر بکرێت بەڵکو (کێ دەڵێ) نوسخەی تری دانراوەکە دەربکەوێ.

---

(١) هەر بۆ نموونە ئەمە چەند دانەیەک لەو وشانە: جیرهار، بەلەکی، بەرزەنە، وارنە، خلەچیر، هوربڕنە، بەرمانک، زەردەپل، قەمچش، پلە، نیری، جواما، کەمەرگا، کوورەگا...

دەقی هۆنراوەکە

رەویەک موحتاجیی ندارت حدود!
ئارێو موحتاج بۆ هەم بەرا و خودای
کارش مەسازی جێت دڵ وەش مەبۆ
وەشی هەی وەشی بەهەشت و دنیای!
واچوو: ئاسیابی چەندێ نەوعێنی
هەم چنای! نەوعێ مبۆشان! نیای
یەکێ زەنبوورەک، یەکێ تەنوورەن
یەکێ مەگێلۆ تیرش لاولای
یەکێ بە ئەسپ و ئێستر مەگێلۆ
یەکێ ناوەنە، یەک ئاساو و وای!
ئەمما جەی مەکان ناوە باونە
چون ئاسانەنە پەی هیچ نەزانای
بیناش بنێمێ بە پاکیی دەروون
بە ذەوق و زینەت چەنی [بسم اللە]ی
کەسێ نە جایێ بیناش ئاساوەن
کوورەگاش کنۆ دما و جوامای
دۆزەقەی ئاسا و با موودەوەر بۆ
[مشیو و دایرنی] بە جەدوەل کێشای
... بش بێ زیاد و کەم
بڵندیش [با بو!] قەد و کەمەرگای
[چاکو وار!] طووڵش چەهار گەزێ بۆ
گەزێ پەهنایش نەبا خەلەطیای
... سەر تا بە وار دیوارش کەرە
دیوار مەحکەم دەستکار و پەندای!
دیوار مەحکەم ئەر [بو توی بی بر!]
[مبو تعدل!] دایرە نیای

بەینشـــان جـــە یەک چارەک کـــەم نەبۆ
نەک خـجڵ مـانی وەخـتـو خـجـڵـیـای
هـــەم چـــا نـــە واتم زیـــاتـــر نـــەبـــۆ
تا پێت راحـــەت بۆ وەخـــتـــو هاڕنیـای
ئەر واچی عـــــەیب و کـــــەم و زیادی
با پێت بـواچوو گـــــیـــــانو برای:
ئەگـــەر بـەینشـــا بێ حـــەد زیاد بۆ
ئانە خـــــەراوەن پەی هاوســـــەراونای
ئەگـەر بەینشـان چانە کـەمـتـەر بۆ
[قـتّب!] مـەگـیـران وەخـتـو هاڕنیـای
دارێوە هەنی [ونیـــــوْادیشـــــان!]
داری وەریـــنـــی نـــەوەرش نـــە پـــای
چـاکـــــــو وار داریش پـابـنـی بـانی
تـاکـــــە بڵند بۆ وەر و ئاردەشـــــای
هـەر وەخــتێ کــەردت داربەندیی تەمـــام
مـــەبۆ هەڕو خـاک وە سـەرش کـێـشـای
جـەو دمـا تەخـتـە و خـوانیش بتـاشـە
چەهار سـووچ مـــەبۆ [پاناپش!] نیـــەدای
ســـەرانش هەردوو مـــشـــاربڕ کـــەرە
درازیش با بۆ قـــەد و [کـــورەکـــای!]
جە هەردوو سەرش چەهار ئەنگوشت کەم بۆ
هـەر دوو لا مـــــەبۆ تـەوەنیش نیـــــای
مـــــەبۆ ســــەریۆش بنخـــانە گـــری
فـاقـەش یەک چارەک ئەصل مـوددەعـای
چەهار ئەنگوشت بەینو هەردوو پەلەیش بۆ
تاکـــە مـــەحکەم بۆ تێش نیـــا نە پای
ئەو ســـە جـــەو دمـــا چەنی ئەسکەنە
ســـۆراخ [دوری کن!] جـــە هەردوو لای
چەو دمـــا چووبێ ڕاست و مـــورەببـەع
ئەر مـــودەووەر بۆ قـــەیدش نە جـــەلای

بـاوەرە سـەرێـو زبـانـەش بـڕە
ئەو قـەدەر فـاقـەی جـەی وەر كـوك كـڕنای
ئـاچوو بـە پـەنـەش مـواچـانـی پـاه
بەو پـاوە بـەنـدەن پـەرێ هـارگـێلای
سـۆراخێ جـەی وەر نـە فـاقـەت كـەردەن
یـەكێ هـەنـی كـەر نـە زوان و پـای
ئـەو زوان و پـای بـێ زیـاد و كـەم
مـەبۆ نـە فـاقـەی مـەذكـوورەش نیـای
وەخـتێ پات نیـا [ندلی خـوانی!]
مـەبۆ جـە لاوە مـێـخش ویارای
مـەبۆ ئا چووبە سـەخت چوو پێ بانـی
تا شكست نەبان وەخـتو پا نیـای
جـەو دمـا مـەبۆ بشـمێ ئەوداری
راست و دوو دارەی خـوانـی سـەراونـای
دوو دارەی مـەحكـەم قـەدیم واتمان
بـەنیـو هـەردووشـان [نوا كـلاّش دای!]
[یـونی تـخـتـی راسـتـی رو دمنـی!]
مـەبۆ نـە وەرو نـە پشـتش نیـای
هەر لاشـان صـافـەن بـەرەش پەی خـوانی
خـوانـی نەگـیـران وەخـتـو هۆرێزای
تـەوەنـێ پـانـی صـافـی زەریـفـی
یۆ پەی سـەرخـوانـی، یەكێ پەی لاو پای
هـەر دووشـان بادا مـەحكـەم نـوانـی
نمەبۆ فـرێ ئەشكەنجـەشـان دای
بـاز هـەم تـەوەنـێ پـانـی بـاریـكـی
جـە سـەرخـوان مـەبۆ چیـر سـەرش نیـای
كـەسێ نـەزانۆ هـەر پاسـە خـاصـە
سـەرخـوانش بەرز بۆ كـەمێ ئەولاو پای
جـەو دمـا مـەبۆ پاش وە پاكـەری
سـەرش نەفـاقـە و خـوانـی سـازنـای

[سـیـر سـیـرنش!] دیاری کـەری
قـولانجێ سـۆراخ پەرێش هۆرکنای
سـە چـهـارەک چوش پو نە ویارە
ئاچوون مەواچان: پێش شمشێر و پای
با جـا پاش جـە لاو ئاردەشـانێ بۆ
نەوا خـەڵەت بی بەریش پەی ئەولای
وەخـتێ پانیش تەمـام کـۆک کـریا
بیـمێ سـەروکـار ناو و بارەگـای
بینای بارەگـەش چاکـە بیناکـەر
گـەزێ چە پشت و بیناو بارەگـای
ئا گـەزە واتم پەی پەنج گـەز ناوی
باوا دوو گـەز بـو از... پەی دای
دیوارێ مـەحکەم راست کـۆ بەندی
بڵندیش با بۆ قـەدەر [جـو آمـای!]
پاسـە خـاصـەنە ئەر ئاوێش بەیۆ
هەر چەند بڵند بۆ بشـۆ پەی بالای
جـەو دمـا واچوو چێش مـەبۆ کـەردی
وەخـتێ بارەگـاش تەمـام ونارای:
چەنی طەناف پەیمانەش کـەرە
بەین و دوو دارەی سـەرو بارەگـای
دوو دارەی وەریـن ئـەووەڵ وتمـان
سـەرو دۆزەقـەی جـە ئەصـڵـو پنای
جـەو دمـا مـەبۆ قـەدو طەنافی
دارێ مـوناسب ناوش پەی تارای
پێسـە بەو پەشتـە و ئەنگوشت گـەورەی
راسـتش وناری نەک چون قـووجـیـای
سـەری وەرینش مـەبۆ قـەمـچش بۆ
ئەر قـەمـچش نەبۆ مـەبۆ چەمـچش دای
چەمـچش: تەختـێوەن زەریف تاشـیـا
بری نە بەینش بسـمـاریش کـوای

سەر سەرینش با شانەدەم بۆ
ئاوێ نەگیرۆ وەختو ئاو ئامنای
ئەر نمەزانی [کرتاشاد!] ناوی
پەرێت بواچوو پەسەند و ئوستای
وەختێ [تریت!] تو چری ناوی!
طەرەف قوڵش مەبۆ هۆر کنای
طەرەف قوڵش تەخت سارا کەر
جەو دما مەبۆ طەنافش پێکای
ورچو پەرێشان پێکاو طەنافی
تاکە [بزاندی!] چەنیش طەناف دای
رێسمان صاف کرژو مەحکەم بۆ
باوەر بە [بیکش!] تۆ وە هەردوولای
چەنی سیاوی سیاوەش کەرە
تاکە نەورێو وەختو دەست کێشای
باوەر سێ ئەنگوشت دیاریی کەرە
ئەر ئاوش کەم بۆ سەرو ئارو نای
ئەگەر هەم ئاوش کەم بۆ وێش نیەن
ئەنگوشت هەنیش زیاد پنەدای
سەر سەرینش هەرچەند تێدا بۆ
ئەگەر گوشاد بۆ عەیبش نە جە لای
جە هەر دوو سەرش بەنێ بگیران
بەنێ سیاوێ دەستی توند کێشای
چەنی دوو ئەنگوشت بەنێ بگیرە
سەببەحە و ئەبهام چەنی وسطای
ئەمما جە ناودا دەستێ بگیرە
دەست لار نەبۆ وەختو بەن وەردای
بەنێ هۆرکێشە هەرچەند وسی بۆ
بە ئوستادانە بپێکش ونای
جە سەر تا بە وار نەقشش مەکێشۆ
ئەمجار بەی دەستوور مەپێکش واو...

وەختێ هەر دوو لا سیاویش کێشا
ئەمجار دەست گرە تۆ وە تێشەشای
هەرتا مەتاوی خاصش بتاشە
بادا صافە بۆ جە سەر تا وە پای
بەینو طەناف و ناوێ هۆرکەنە
گوشادش گوشاد تەنگش تەنگ کونای
بەین سەری وارینش بە مشار بڕە
زۆرش زیاد بۆ پەرێ ئاو زیای
جە هەر دوو لاوە گیریش پەی بازە
تا کە نەتەرسای جە ئەڕە خزای
لا و پلەی لیس و بادا باریک بۆ
تاکە نەپێکۆ پلەش لەب دەم نای
پێچیش پەلەو ناو نەزدیکی موان
ئەگەر دووری بان عەیبەن پەی وەستای
هەر وەخت تەمام بی تاشیاو ناوی
بێمێ سەروکار ناوی سەراو نای
صاحێب قووەتێ ناوی هۆرگێران
بیان باوەراش بەنامو خودای
وەختێ ناوشان یاونا بە جاه
[برانیش بلان!] سەرو بارەگای
[... کور و نای!] با هەر جە سەر بۆ
وەردێش باوەران پەرێ کوورەگای
دۆزەقەی ئاسا و پێمانە کەرە
هیچ زیاد نەبۆ ئیلا و ئەولای
[... رومو!] ناوی قەوییی قایمەن
مەبۆ نە چیرۆ مادارِیش لکنای
[... و کر!] هەم دەمش تەنکەن باریکەن
مەبۆ پەنجێوە مەفاصلش دای
... آرو چو رەش مەبۆ بواچۆن
قولانچێ چیرۆ مادارِیش زنای

وەختێ سەراونات راست تەمام راستە
سەعیە بکەری قایمش بنیای
سەرنای با جە سەر دوی پلیش بان
ئاویش کەردە بۆ وەختو ئاو ئامای
بە بێ دەنگ بەیۆ قەڵوەز نەپێکۆ
سۆزە [پیویو!] ئاو نەو لێونای
جەو دما موورەش پەرێ بتاشە
هۆشت باوەرە پەی خاص تاشای
هەرچۆت خەیاڵەن بە مواە کەری
با چون یەکێ بان درێژ و پانای
خاص سەعیە کەرە پەی مودەوەریش
کاری هەمرووی و یا فازش پەی دای!
جەو دما جاگەی پلانش کەنە
بیست و دو یا سێ نەشی چاکو لای
[... قلش!] هەژدە نۆزدە هەم خاصەن
تاقی بزانە پەرێ هەڵمەت دای
جاگەی پلانش ئەنگوشت شادەت
ئەنگوشتی گەورەی بادا پەی مانای
جاگەی پلانش لاری هۆرکنە
با پلێش نەکنان جە وەقت گێڵای
مووریَ کیرِ کەنە سەر صەرفیش هەنبی!
پەی پل نەکەفتە و پەی کەسر بارای
پەی دووریی خاصەن بێ درۆو گەزاف
هارەهارِ مەکەرد هارەی خاص هارهای
بەعدئەزان تاشاو پلان لازمەن
ئەندازەو پلان هەم مەبۆ زانای
چار ئەنگوشت چەنی یەک چارەک تەمام
چار ئەنگوشت پەی موور چارەک پەی گێلای
کاسە دارێ بان کاسم مەکەرە
کاسە دار خاصەن پەی ئاوگر ئامای

ئەصـــڵـــو ئاســـاوی بەڵەکێ خـــاصـــە
بەڵەکێ خـــــاصـــــە پەی هـارروونا رای
ئەر بۆ درازیش پەنچ چارەک خـــاصـــەن
ســـەرش تیـــژ نەبۆ عـــەیبـــەن پەی گـێـــڵای
بە زۆر مـــەنیـــشـــۆ دلێـــر حـــەو جـــۆشی
خـــەرابەن دلێـــر حـــەوجـــۆشی بوای
جـــە گـــێـــڵایەنە دووش کـــەم مـــەبۆ
دایم مـــــەلەرزۆ خـــــوانش چەنی پای
بـــادا پـــلـــو لاوش وێـــنـــەی پـــەلـــو تـــو
چون ســـەرو قـــەلچـیش نەک ســـەروســـارای
جـــەو دمـــا یاران بشـــمێ پەی هـاران
تاکـــە بزانمێ کـــۆ مـــەشـــیـــۆ لوای
نەوەر لانەو بـان بەرمـــــانک زەردەپل
بەیۆیان خـــاصـــەن چەنی بەڕ [لشـــای!]
هەم زوشت و هەم توند صـــەدانی خـــاصـــەن
شـــا مـــەشـــیـــۆ کـــۆشش بدۆ بە صـــەدای
[کلّی!] بێ هەمـــتـــان قـــیـــمـــەت نەدارۆ
تەمـــام بێ عـــەیبـــەن ئەو نە رووی دنیـــای
نەدەر هەم خـــاصـــەن خـــەیلێ مـــەهاڕۆ
کـەم عـومـرەن عـومـرش مـەشـۆ جـەنی دای
کـــێنمـــە هـەر حـــاڵ بەیدەر وای حـــاشـــا
هـاره بڕ مـــەشـــیـــۆ جـــە خـــێـــرش زیای
لانـشـت لاودەنـشـت بـێ زیـاد و کـــــــەم
رویَ بـارێـوەن نـیـــــەن چـاکـــــو لای
چەکـــــینـە ئاردێ وردێ مـــــەهاڕۆ
ئەمما کـــەم مـــەدۆ مـــزد پەی لەم زیای
چە هـەزارانێ هـاری خـــــاصـــــێنی
هـەم گـــردیلەیی [وەرو مـــعـــرونای!]
باقی جـــەی مـــەکـــان هاری خـــاص نیـــەن
[ئەســپەرێز] خـاصـەن چەنی [سیـسـر]ای
ســـەرهار ســـەنگ بڕ بۆ جـیـر هار سـوورەنی

صاحێب ئاساوان بێدی تەماشای
جەو دما هەرجا جە هەر کۆ کانەن
ئوستادش مەبۆ هاری پەسەنیای
ئارورجیی مەبۆ منیچ بزانۆ
تەوەن شناسی میثلو ئوستای
پەرێت بواچوون ویردەر بە واتەم
نەگنی ئەو دماو عەقڵ و ساوای:
بەگشت ڕەنگێوە کان هارانەن
سوورەن، سەفیدەن، زەرد، چەنی سیای
ئەمما خاصیشان رەنگ حساب نیەن
ئەصڵش پیرۆزەن صاحیب مەودای
بەڵێ پیرۆزەش [خرتی!] نەوانی
بوانی عەقیق جە وەختو سویای
پیرۆزی سێ سووچ چوار چلی بان
سەر چون [مووابان!] وەختو هۆرێزای
کوڕ و دەروێشان مەبۆ بواچۆن
ئەرزن، گەندم، جۆ، نخوودەن ئەعلای
ئەرچا زیاتر پیرۆزش دەستەن
دەشتێ مەهاڕۆ وەختو پانیای
وەگەر هەم بینە پاش پەی بکێشی
نمەدۆ وە بەر وەختو پاکێشای
ئەر جە گرد کەمتر بیرۆزەش وەردەن
مەدۆ بەلاودا گشت سەعیە و ئۆستای
پیرۆزەش مەبۆ جیا جیای بان
بە خام بەندی بان نەک پێوە لکیای
[خامیشان تۆزین!] ئەمما مەحکەم بۆ
[تۆزی زردە بو ئەمەبو چرمای!]
ئەر بێ کارە بان تەمام خاصێنی
شەرطێ مەحکەم بان وەختو نەوای
[... سر!] پیرۆزەش بەسەنگ بەندینی
پیرۆزەش دوو بەش، بەشێ سەنگ نەپای

ئانە هەم خاصەن خاص مەهارانی
مەستانان بە زۆر حەق پەرێ ئوستای
ئەر چە پیرۆزە خامش فێشتەرەن
تەنی تۆ مەیۆن بە دەست پو نە شای!
... کلیچ مەهارۆ کەمێ کەمێوە
چەنی قوڵنگەی ونەداو ئوستای
ئەر تۆ بواچی: پیرۆزە چێشەن؟
تەوەن چەخماخەن نشی چاگە و لای
ئەر واچی: ڕەنگش چە ڕەنگێ مەبۆ؟
بەگشت ڕەنگێوە زوو نیشانمدای
ئەمما [داشکسان!] یەکسەر سەفیدەن
هەم بێ پیرۆزەن صەنعەت و خودای
فارسیی: سەنگ بڕ، تورکیی داشکسان
چون شان عەسەل قووت تی نە دەمیای
[کملاش!] شرینەن جە ئاو شرینتەر
شرین ئارۆشەن شرین ئاودێرای
هاوار سەنگ بڕ بۆ ئەر باقی هاران
سەرو چێرشان مەبۆ شناسای
ئەر چێرهار نەرم بۆ مانیع نەدارۆ
سەرهار با توند بۆ توند خاصەن هەی های
[ساتندی کوسی!] پەی پیرۆزە بۆ
پڕ پیرۆزە بۆ چون چیت کرای!
ئەگەر بەی ڕەنگە گەرتەنت بە دەست
ئاوەکەی کاسۆ پلانش پێکای
ئانە بزانە ئاو پلە وێشەن
مەبۆ [چاپاکی!] حەوجۆشش نیای
ئەگەر بن پلەش زیاد مەپێکۆ
قەدو زیادی بەرەش پەی ئەولای
ئەگەر سەر پلەش ئاو نمەدۆ لێش
مەبۆ باوەریش قەدو ئاو نەدای

[تیری أوکي پیسو حمّاجیّ!]
کاسۆ پلانش پەی مەبۆ پێکای
وەختێ ئاو پلەش موهەیبا کەردی
مەحکەمش کەرە خوانە چەنی پای
هارێ مەکەرە بۆ سەرو هاران
گرد سەعیت بۆ بەی هار ونارای
ئەوسە چێرهارەت نیا نەجای وێش
مەبۆ بەڵەکێ چە [کرش زنای!]
ئەگەر بەڵەکەش کۆتاکارەنە
مەبۆ جە چیری چیرخوانش نیای
ئەگەر بەرزەنە ئەو سەرو هاری
هەم مەبۆ جە سەر هاری هور بەڕنای
خرت و بەڵەکی جە کردا کەم بۆ
ساراوە مانۆ زوانە و پانای
وەختێ چێرهارەت بە راست نە یارۆ
ئیمجار پەی لاریی نمەبۆ دیای
مەبۆ ئەندەکێ بگنۆ بە وەردا
نە یەندە قەدو میزان شێویای
میزانی خاصش کەسێ نەزانۆ
بەرێش بواچۆ زانای نە زانای
زاناش ئینەنە ئەمن مەزانۆ
تەجرەبەم کەردەن نەک خودپەسەنیای
ئەر ئاوێت کەرد ئەو سەرو هاری
ئاوەکێ مدرا قەدو تەمەنای
گاهێ ئاردێ وردێ مەهاڕۆ
بێ دەم و بین پەرێ تەماشای
ئەر نەرمی پەی وەر ئاوەردش ناوێ
ئانە سەرهارەش هارەن پەی بەردای
جە دماو ناراو میزان و هاری
مەبۆ خەیلێوە سووکێش پەی تاشای

سووکێ سێ سووچێ نووک باریکێ بان
سەرچاخ وەلێ لەڕ پەڕێ ئاوکێشای
کۆنە کلاشێ کارۆ قەبالەی
مەبۆ گردەنۆ بەلەکیش پێچای
بەلەکە مەدرۆ چەنی کلاشی
دەورو کلاشی سووکەکان [کوای!]
جەو دما بەراست راستە کرانەن
دوو چارەک راستە [مبویش!] تاشای
قەدو چێرهارەی دیاریش کەرە
[هۆرش کەن قەدو زوانە ز...!]
بکەر سۆراخیش بە زوانەدا.
مەبۆ سووکێوەش بەوەردا کوای
یەکێ جە یاران بشۆ ئەو واری
چۆگە دەست کەرۆ پلە چەرخنای
تا لارو راستی ئەو سێ دیار بۆ
تاکە بزانی کۆش مەبۆ خزنای
زینهار! وارنە راستە نەگیری
خراوەن پەڕێ ئاو پل شێونای
راستە ئەووەڵەن جە سەر کۆک مەبۆ
راستەی وارینش بازمێ پەی دمای
راستە جە هەرکۆ هارەی نەگیرۆ
هارەی بخزنە بەرەش پەی ئالای
ئەر نمەزانی چەنیش بەرینە
هارەی بخزنە بە نووک و پازنای
ئەر زیادت بەرد بازهەم نە بێکاش
مەبۆ چاراستە هارەی هور برنای
تا راستش بەیۆ بەیتەور واتمان
چەنیو هور بڕیەی هەم چەنی خزنای
ئانا راستمان بە راست ونارا
بیناکەر بیناو گەردوونە نیای

دیواری دەوری صـــاف و مـــەحکەم بۆ
مـــەبۆ گـــەزێوە بڵـندش نیـــای
جـــــە هـەردوو لاوە زیـادش کـــەرە
چارەکـێ و زیـاد ئـەو دەم و ئـاســـای
دمـــاو تـەمـــامی و دیـوارو دەوریش
مـەبۆ بە صـافـیی سـواخش کـێشـای
بـا بـە ویـرت بـۆ نـەبـا ویـاریش
یاگێ و چەقـچـەقـێش مـازە جـە لاو پای
یاگێ و چەقـچـەقـێش چەو بەینە مـەبۆ
ســـۆراخـێ دەوری نـە دیـوار نیـــای
بڵـندو نزمـــیش قـــەدو ســـەرهارەی
ئـەر بـەرزەن بـەرزە، ئـەر نزمـــەن جـــە پای
دمـــا گـــەردوونەی کـــارێ هـەنێ هەن
گـــــــردش لازمـــــەن نمەبۆش لادای
دوو گـەز تەختـەی راست بـە راست بتـاشـە
پەنج چارەک جـــەنیش داریۆ ئاروشـــای
بشـــاندا بەینش مـــەحکەمش بنیـــە
لـەنگـەر نـەپێکـۆ چەنێـــو لـەنگـەر دای
هەم دوو تـەختـەی صـاف قـەد و ئا تەختـە
ئـەندازەش گـــیـــرە ئـەو قـــەدو ئاســـای
ســـەریۆش بنیـــە قـــەدو چێـــرهـارەی
ئـەو ســەرش قـەدو تەختـەی ســەراونای
ئـەو یەک بـەی دەســـتـوور بنیـە وە ئـەولاش
راســتـیـشـان بەیۆ چەنیـو پێـچـیـای
بنیـــشـــان واچۆن پەیمانەش کـــەرە
چێـــرهـارەی کـــەران چەنی لـەنگـەر دای
هـــەم [زیـــنـــتن!] پـــەی ئـاردە دۆڵـــی
هـەم لـەنگـەرێتـی پەرێ ئـاســـیـــای
جـــەو دمـــا ســـەر هـار بـاوەرە نـەوەر
بە راســـتـــیی دەست کـــر تـەوەرە نیـــای

ئەمما تەوەرێ دوی نەوعەنی
هەم دوی نەوعێ مەبۆشان نیای
ئەوەڵ ئاهنین کارێ مەحکەمەن
دوەم چۆ مەبۆ بە تێشەش تاشای
بەڵێ ئاهنین [سەصرفی!] دارۆ
هەر یەک یەک تمەن مشیۆ قیمەت دای
ئەوەڵ: مەحکەمەن شکستش نیەن
شکست خراوەن پەی پنەکیریای
دووەم: هەر وەختێ سەرهار سەر ڕاست بۆ
سەر لار نمەبۆ دماو راسشامای
سێیەم: ئەر زەڕەی سەر لاریش مانۆ
راست مەگنۆ وەختۆ خلەچیر سوای
واچوو سەراوناو ئاهنێ پەی تۆ
تاکە بزانی چەنیش سەر ئاونای
تەوەرەی بنیە ئەو سەرو کەری
چەنی پەیمانەی راست ئەرە نیای
وەختێ راست نیات ئەو [دلیو!] هارەی
مەبۆ لاش خەیطێ سیاوێ کێشای
ئەوسە هەردوو لاش دیاریی کەردی
بنیش وە ئەولا مازەش چاراستای
سەرقولنگە تیژ بنیۆ خەیطینە
صەبرێ دەست کەرە بەیاگە کنای
یاگێش بگنە یەندە [وسی!] بۆ
باز هەم باوەرەش هەم بنیەش نە جای
ئەر نمەزانی چەند نشتەش وەسێن
جەوی هار بەرز بۆ سەرو ئیلاولای
ئەگەر بواچی ئیلاو لاو چێش؟
سەرێو تەوەرەی جە ئەرە نیای
ئەنا تەوەرەت نیا نەجای وێش
بە بەن بەندش کەر پەی هارەسەر نیای!

بەیتـــەور بەند مـــەبۆ واچۆن پەڕەنیـــان

بەنێـــــوە مـــــەحکـەم کـــرژو وادریای

دوە لاش وزێ قـــــــــــەدو تـەوەرەی

نـەک جـــاو بـەلـەکێ ئیـــــلاو یا ئـەولای

هـەردوو ســــەرانش بشــــان بکـەردا

جـە پشـتـۆ هارەی هەم گـرێشـان دای

جــــەو دمـــــا تـوولێش پـونـە ویارە

مـــەحکەمش کـــەرە چەنی پێـچـیــای

بـادا هـۆشـت بـۆ بـێ گــــــۆ نمـەبـۆ

بێ گــۆ خــراوەن پەی هارە ســـەر نیـــای

گــــۆیێ بتـــــاشـــــە بادا دوی پان

بـەرزیـی بـان ســـــــەرو زوانـە زیـای

ئـەگـــــەر نـزمـی بـان زیـانـش ئـێـــدەن

زوانـە مــــــەبۆ مــــانـیـع و لـوای

هـار ســـەر ســـەنگ مـــەدۆ ســـەر بەلەکێ!

وەخـتـو سـەر وەسـتـیـو وەخـتـو لانیـای!

ئـەگــــەر بەرزی بـان ســــەرێو زوانـەی

وەش [ملو!] وە ســـەر وەش مـــەیۆ پـەی لای

گـــۆوان بەردانـە ســـــەرو چێـــرهـارەی

یەکێ جــە ســـەر خـوان یەکێ جـە لاو پای

چـەنـی [بـاوریـت!] هـارەی هـور بـرنـە

وەرش ئـەو وەر بۆ پشــتـێش ئـەو دمـــای

نـەبـەرمـێ! بنـیش ئـەو ســـەرو گـــۆوان

دمـــاش هـۆر برنـە دەست پێـــوەنیـــای

تـاکـــە بیـــاۆ ســـەرهـار نـەجـــای وێش

تـەوەرەی بـەلـەک راســـتـــێـــوە مـــدرای

بـە پـازنـاوێ خـــــاص هـارەی هـۆربـرنـە

دەست بەرە گـــــۆوان بـاوەرە نـەجــــای

پـازنـاوی دەســــــتــــیـت بـادا دوی بـان

یـۆ پـەی ئـیــــلات بـۆ، ئـەو یـۆ پـەی ئـەولای

ئێـــــدی هۆربڕنـه، ئەوی بکێـــشــــه
ئەوی هـۆربڕنـه، ئێـــــد بـێ پەی دمـــــای
ئەوســـا پازناوێت بەر کـــێــشـــای وە بەر
سـەرهار کـەوت وە سـەر بەلەک شی نەجـای
بـنــــی تــەوەرەی چـــەنـــی تــۆڵــەکــێ
با بە ویرت بۆ مــــەبۆشـــان کـــێــشـــای
تووڵـێ بکێـــشـــــه گـــــره بن وەردە
بەنێ بکێـــشـــه چون گـــرێ کـــێــشـــای
جـــــەو دمـــــا واچە ئەوی هـۆر بنیــــان
تاهار بگێـــڵـــۆ گـــێـــڵا خـــاص گـــێـــڵای
وەخـــتێ ســـەر هارەت خــەیلێـــوە گـــێــڵا
دیاریی مـــــەبۆ بەرز چەنـی نزمـــــای
جـــــەو دامـــــا واچە ئاویش بڕانی
قـــۆچاخێ دەست کـــر هار ئەولا نیـــای
دوو پـــازنـــاو هـــاری هـــۆر بـــڕنـــای
مـــــەزانی هـارێ چەنی لا نیـــــەی!
هەردوو گـــۆ بنیـــه نه چێـــرو ئاســـای
هارەی هـۆر بـڕنـه [نبــــــوی!] پـازنـای
راســـتـــیـــشـــان بنیـــه لاری نەوانی
یەکێ پەی ئێـــــلای یەکێ پەی ئەولای
هارەی بـکێـــــشـــــــه باوەرەش وەلا
دەست بەره پەرێ قـــــــوڵنگەی پۆلای
قـــوڵنگەی پۆلا ئاودار صــاحـــیب برِا بۆ!
یا مـــــەوداش برۆ چەنی قـــوڵنگ شـــای
هەر کـــــامــــێش بەرزەن ئانا دیارەن
ئانا ســـاویان ئەو چەنێــو گـــێـــڵای
بە ضـــەرب پەنجـــه مـــەودا و قـــوڵنگەی
بەرزیشـــان [- پست کـــر!] چەنی وندای
بەعـــــدەزان: واچوون پەرێت گـــۆش دارە:
هـۆشـت باوەره بـۆوە ســـــــــەرو رای

یەک چارەک جـــەیۆ هاران ســـیـــا کـــەر

ســـیـــاوێ بێ عـــەیب یەکســـان ســـیـــاوەری

ئەوســـــا چارەکـــــە بە ئاوی پاکـــــە

تـەڕکـــــــەرە چەنی پەنجـــــــە وەنەدای

باز بەرەش وەســــەر بادا بگێـــــڵــــۆ

یا چەنیـــو دەســـتی ها ئاوی گـــێـــڵای

وەخـــتێ خـــەیلێـــوە ســـەر هارەش گـــێـــڵا

باز هـەم ســــــەرهـارەی بـاوەرۆ پـەی لای

ئـانـا دیـارەن هـەرکـــــــــامـێ بەرزەن

ســـیـــاوش کـــەردەن ئەو چەنی ســـیـــای

چەنی قــــوڵنگەی ســـــیــــاوش چەنە

تا شـــەدە کـێـشـۆ چون شـــەدەی بەغدای

شـــــــەدەش چار ئەنگوشت زیاتر نەبۆ

باقـــیی ســـەفـــیـــد بۆ دوور جـــە وەنەوای!

یەک ئەنگوشت جـــە لەب هاران خـــاڵیی بۆ

بــــا نــــەدۆ ونــــە بـــەدەن پـــەی بـــەروای!

جـــە ســـینەش غـــولله جـــەی لاو لوشـــە

هـارە کـــەرۆ مـــووشـــەدەی کـێـشـیـــای

جـــە شـــەدە ئاردێ مـــەهاڕۆ خـــاص خـــاص

چە خـــاص بەر مـــەدۆ وەخـــتـو تەمـاشـای

ئەگـــەر جـــــە ســـینە مــــەکـــەرۆ ئاردی

ئـاردی بـاوەرۆ تـا وەخـــــتـــــــو بەردای

ئـانـە کـــــــەیلەن بێ دەمـــــــو پلەن

ئـاردی مـنـاوچـۆ! بـاز هـــەم بـەر نـەدای

ئەر خـــــەلە باورۆ بیـــــاونۆ شـــــەدەی

جـــە شـــەدە خـــەلە دەست کـــەر وەســـاوای

باز هەم بەو دەســـتـــوور [هیچ!] مـــەهاڕۆ

لارە لارەشـــــەن جـــــە وەخـــتـــو داندای

وەخـــــتێ ونـارای مـــــیـــــزان و هـاران

بۆ وە ســـەروکـار باقـیی جـــە ئەشـیـــای:

کـــــــەویـژەی نـاویـژ، هـەم دانــە دۆڵـەی
تـەیار بـکـەری هـەم وەســـــەر نـیـــــای
بنو تەوەنی، مــــشـــــتــــیلەو قــــەمی
[وەلا ذەکــــــەرە لشـــــیـــــو نـهـــــای!]
دمـــاو ئانانـە چەقــچــەقـــەش مــاچان
ئانـە لازمــــەن مــــەبۆش پـەی تـاشـــای
چەقــچــەقـــەش دایم شــەقێ مــەشـانۆ
بـەزۆر مـــەســتـــانۆ دانـە پـەی ئاســیـــای
نـە پاســـە نـیـیـــەن حــەق حــەق مــواچۆ
دایم مـــــەکــــەرۆ ئـەو ذیکرو خـــودای
بـەیتـــەورە کـــارت مـــوهـەییـــا کـــەردی
هـیـچ نـەمـــــــانـۆ ئـیـللا ئـاو ئـامـــــای
ئوسـتــاد (سـارای) ئوسـتـادێ خـاص بی
[فـــــرید الـدهـر] بـی نـە دەور دنیـــــای
واچـی ئاســـــاوان ئـاوی هـۆر بـنـیـــــە
ئاوێ خــاصـــەنە پـەی تۆ جــە ئوسـتـــای
ئیـمـام گــەڵبـاغـیی صـاحـێب سـەخـاوەت
مــەعــرەکــە کــەری ئەو چـەنی ئوسـتـــای
[آســــــــیـــــــــــــــاوکـم او...!]
کــەمـئــاو خــاصــە ئـەر ســال ئاو نـەدای
بـادا بـگێـــڵـــۆ هـەفـــتـێ دوو هـەفـــتـــە
جـــــەو پـێ لازمــــــەن هـارەی لا نـیــــای
هـارێ تـێـــــژکــــــەردەی مـــــەبۆ بـزانـی
مـــــەبۆ بـزانـی وە گـــــۆش مـــــەبۆ دای
ئـەگـــــەر تـەوەنێش ســــەخت و رەقـــــەنـە
دامـــــەنـە ســــینـەش چـون یـەک ئـەنجنـای
ئـەگـــــەرتـەوەنێش فـــــرێ نـەرمـــــەنـە
مـــەبۆ [هـرشــــدەو!] دامـــــانش گـــوای
ئـەگـــــەر [یش شـلـەن!] مــــــەبـۆ بـزانـی
مـــەبۆ بـە تـەرتیب ســـووکـــێش [وندای!]

بنێـــو کـــڵاشێ جـــە بەینو ســـووکـــان
چەنێـــو ئەسکەنەی هەم ســـووکـێش کـوای
ڕاســـــتـــــە بکەرە بە بەلەکـــــەدا
بادا شـــەق نەبۆ وەخـــتــــۆ چەرخنای
ئانا دیارەن هەر لا مـــــەگـــــیـــــرۆ
جـــــە واری خـــــوانی بەرە پەی ئالای
ئەگـەر هەم راســتــەن هیچ [نشـیـیـوان!]
زینهـــــار! نمەبۆ دەســـــتش وەنەدای
هارێ ســـەروزە کـــارت تەمـــامـــەن
خـــاتیـــمـــەی کـــارەن جـــە دەورو دمـــای
چێـــویەتەر مـــاچوو گـــۆش وەنەم دارە:
خـــاصێ و هارانیچ هەم مـــەبۆ زانای
هەر هارێ ســـوور جـــە هەڕدەی نەکـــەوت
ئانە هاریۆ خـاصـەن هەم خـێـر و خـودای
ئەگـــــەر هار ســــوور بی ئاردیش ناوای
پڕو پایانت مـــــەبۆ چێش رمـــــای
سـنـە هـەزارو صـــــــــەدو نـەوەد بـی
هەفت ســـاڵی هەنی هەم چاگـــەو دمـــای
[جـــــە رعـــــافنە و!] وڕاوەم کـــــەردەن
هیچ کـــەس نەواچۆ پەی چێش [ژاویای]؟
هەرکـــەس مـــەفـــامـــۆ مـــاچۆ ئافـــەرین
هەرکـــەس نەفـــامـــۆ پەی پنە خـــوای!
[واو]، [سین]، [ی]، [مـــیم] ئەرجـــو دارۆ
پەرێش بوانان ســـــوورەی دوعـــــای
ئەداو بابەشـــان بە ڕەحـــمـــەت شـــاد بۆ
ئەگـــــەر بوانان پەرێم ئەی دوعـــــای
هـــەزاران درووود هـــەزاران ســـــــــەلام
(ز مـــا بر مـــحـــمـــد علیـــه الســـلام)

تمت شد في يد الحقير الفقير فتح الله بن عبدالله سنة ١٢٣٣

فەرهەنگۆک

أ

ئاچووبە: ئەو دارە

ئارور: ئاخر

ئارورچی: ئەبێ منیش، چی ئەبێ منیش

ئاردشا: شای ئارد، ئاردی چاک هێنایان

ئاسیاب: ئاسیاو، ئاش

ئاودێردای: ئاودانی

ئاوچنین: ئاوبڕان

ئاوەکێ: ئاوەکەی

ئەر: ئەگەر

ئەرسالْ: ئەگەر سالْ

ئەسکەنە: ئامرازی شت کوتان

ئەمەبۆ: دەبێ

ئەندەکێ: کەمێ

ئەویشان: ئەویان

ئوستاوانە: ئوستادانە، وەستایانە

ئیلات: ئەملات

ئیلاو: ئەملاو

ب

باریکەن: باریکە

بپێکەش: بیاندە لە یەک

بزاندێ: بزانن

بسماریش کوای: بزمار ڕێژی کەی

بشاندا: ناوەخنی کە

بشمێ: بڕۆین

بنخانە: خانی ژێرەوە

بندینی: بدەی

بن وەردە: گرێی لە بن دراوە

بنیە: بنێ

بەسەنگ: بەکێشانە

بەعدەزان: دوای ئەوە (فارسی)

بەڵەکی: بەردێکی چەخماخی ڕەنگاوڕەنگە، شڵ و بەڵەکە

بەوار: بەهار

بەینێش: بەینی

بەیۆ: بێت

بەیدەر: خەرمان

بواچی: بڵێی

بێبەر: دەست بدا

بێ دەم و بین: بێ قسەکردن، بێ ئەوەی دەم بکەیتەوە وەرە بیبینە

پ

پا: پێ

پلولاش: ناوەکەی، ناو لەپەکەی

پلوتۆ: دەست و پلی تۆ

پەرێ: بۆ

پەرێشان: بۆیان

پەسەنیان: پەسەندکراوی

پەندای: پەنجە، دەست و پەنجە

پەنەش: پێی

پیرۆزە: مزەئاش. بەردی چەخماخ

ت

تاشاو: تاشینی

تریت: ترت، وەختێکی تر

تەڕکەرە: تەڕی بکە

تەنکەن: تەنکە

تەوەن: بەرد

تووڵی بکێشە: ئەندازەی بگرە

تێشە: تەشوێ

چ

چاگەولای: لەوە زیاتر، لەو نەترازێ

چەودما: لەو کاتەدا– پاشان

چووبێ: دارێ

چڕی ناوی: ناوی دەبەی، بانگی دەکەی

چەرمای: سپیی

چو: دار

چێرشان: بنەوەیان، ژێریان

چیتکرا: پێتکرا

چێش: چی

ج

جە گرد: لە بەرد

جەو دما: لەو کاتەدا، لەوەو دوا

خ

خامیشان: خاویان

خرتی: خڕی

خزنای: خزاندن- خزاندت

خەیلێوە: ماوەیەک، گەلێکە

خوانی: مەجالی، ماوەی

خوان: شوێنی دان، دۆڵیانی ئاش

د

دان: گەنم، جۆ، گاڵ، کزن

داندای: داندانی ئاشەکە، بەردانی بەری

درازیش: درێژیی

دەمش: دەمی

ر

روێ: رۆژێ

رێسمان: بەن، پەت

ز

زۆرش: زۆری

زیای: زیادە لە زمانەکەی

ژ

ژاویای: ژاوە ژاوت کرد

س

ساندای: هەساندانی

سەرچاخ: ئامێرێکە

سەروزە: بیخەسەری

سەرهارە: بەردی سەرەوەی بەرداشەکە

سیاوێ: رەشێ

ش

شانەدەم: وەک دەمی شانە، دەمی وەک دەمی شانە

شلەنە: شلە

شناسای: بناسی

ط

طەنافش پێکای: تەنافی بگرە

ف

فرێ: زۆر

ق

قەم: (قوم) دارێکی ئەستووری درێژە. لەسەر باری درێژیی ناوەکەی هەڵکۆڵراوە، کاتی خۆی لە باتی بۆری و لوولەی ئێستە لە چەموچۆڵ و شوێنی نشێودا، ئەمبەرەوبەر ئاوی پێ گوێزراوەتەوە.

قتب، قطب: تەوەرەی ئاش

ک

کوورەکا: چەمچەی ئاگر گواستنەوە، ئاگرکێش

کاسۆ: بێدەنگ دەبێ

کرِنای: کرِاندت

کەردی: بکەی، کردت

کەردەنی: کردووە، کردووتە

کەوێژ: لوولەیەکی دارینە لە دۆلیانی ئاشەوە دانەوێڵەی پێدا دەچێتە خوارەوە بۆ گەرووی بەرداشەکە.

کوای: کوتاندن

کۆ: بەردی گەورە

کۆبەند: دیواری بە بەرد کراو

کۆش: کوێی

کۆک: چاک

کێمند: جۆرە دانەوەێڵەیەکە

گ

گرد: هەموو، بەرد

گێلانش: گەڕانی، گەڕاوەپێدا.

ل

لانشت: ئەوەی بارێکی تەواو خەڵەی بردبێ بۆ ئاش

لاودەنشت: لاتەنیشت، لابار، تایەک یان کەمێک گەنم و دانەوێڵەی بردبێ بۆ ئاش.

لارولای: لارە لاریەتی

لوای: ڕۆیشتنی

م

مازەش: بیهێڵە

مبویش: دەیکەی

ملۆ: دەڕوا

منیچ: منیش

مەبۆ: دەبێ

مەتاوی: دەتوانی

مەسازی: دەسازێنی

مەگێڵۆ: دەگەڕێ

مەلەرزۆ: دەلەرزێ

مواچانی: دەڵێی

هـ

هاری: هارە، بەرداش

هاری پەسەنیا: تاشە بەردێک کە ئوستاد پەسەندی کردبێ

هارگێلای: بەرداش گێڕ

هەرپاسە: هەر ئاوا

هەڕ: قوڕ

هەڵمەت دای: هەڵمەت بردن، خول خواردن

هۆرش کەن: هەڵی کەنە

هۆرکنای: هەڵکەنی

ن

نخوردەن: خواردن

نزمای: نزمایی

نەشۆ: نەڕوا، فیکرت نەڕوا

نمەدۆ: نایەت، نایدا

نمەزانی: نازانی

نیا: دای نا، نییە

نیای: دات نا. (بێنی)

نەبەرمێ: نەبەین

نەبووی: نەبێ

نەپێکۆ: نەپێکێ، نەیپێکێ

نەکنان: نەکات

نەوەرش: لێی نەکەوێ

و

وادریای: بادراو

وەپاکەری: جموجۆڵی پێ بکەی

وەرچۆ: لە بەرچی

وەرو: بەری

وەرین: ئەوەڵین، پێشوو

وەسێ: بەسە

وەنەدای: لێدانی

ونارای: دات نا، ئامادەت کرد: راگرتن

ونای: ئەندازەگرتن


هزاران درود و هزاران سلام
دعا بر محمد علیه السلام

جارێکی تریش بنەماڵەی عیمادیٚ

٥٧٣

بنەماڵەی عیمادی یەکێکە لەو بنەماڵە کۆن و دێرینانەی زانیاری لە کوردستاندا کە دەیان و سەدان ساڵ بێ پسان و بڕانەوە خزمەتی زانست و ڕۆشنبیرییان کردووە و کەڵەپیاویان تێدا هەڵکەوتووە و زانای کەموێنەیان پێشکێشی قافڵەی زانیاران کردووە. بەڵام وەک جاری تریش باسم کردووە بەداخەوە ناو و شوێنەواری زۆربەی ئەو پیاوە مەزنانە کوێر بووەتەوە و هەواڵێکیان نازانین.

پێشتر لە یەک دوو بۆنەدا باسی زانایانی ئەم بنەماڵە دێرینەی زانیاریی کوردم کردووە، چەند نموونە و بەڵگەی گەورەیی پیاوانی ئەم بنەماڵەم خستووەتە ڕوو[1] لە هەر دەرفەتێکی لەباردا شتێکی نوێیانم دەست بکەوێت حەز دەکەم بەسەریدا نەڕۆم، بەڵکو وردە وردە شتێک بەشتێک بکرێ.

ئەمەی لێرەدا پێشکێشی دەکەم دەقی کورتە ئیجازەیەکە کە مامۆستایەکی عیمادی زیاد لە (٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر لە مزگەوتی ئەمەویدا لە دیمەشق مامۆستا بووە و، فەقێ و مەلا و خوازیاری زانستی لە هەموو لایەکی جیهانەوە هاتوونەتە خزمەت و بە پەرۆشەوە لە کۆڕیدا ئامادە بوون و بەشانازییەوە ئیجازەیان لێ وەرگرتووە.

ئەوەتا وەک دەیخوێنینەوە ئەم مامۆستای کە ئیجازەی لە مامۆستای عیمادی وەرگرتووە لە ئەسڵدا خەڵکی مەغریب بووە و لای مامۆستا ئیبراهیمی کوڕی ناسرەدین محەمەدی کوڕی قازیی کەمالەدین محەمەدی کەسبایی عیمادی ئیجازەی وەرگرتووە.

ئەمە ئیجازەیە بۆ خوێندن و خوێندنەوە وتنەوەی کتێبی (الأربعين النووية)یە کە دەقەکەی بە ژمارە (١٢٨٧٣) لە کتێبخانەی (المركز الوطني للمخطوطات)دا لە بەغدا پارێزراوە.

لەم دەرفەتەدا لەمەم زیاتر لەبارەی ژیانی ئەم مامۆستا مەزنە لە دەستدا نییە. بەوە باشە نووسیویەتی کە لە ١٥ی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ٩٥٤ی ک لەدایک بووە، دیارە ئەمەی لە نووسینی باوک و کەسوکاریەوە زانیوە.

هەروەها لە تەک ئەوەدا کە ئیجازەی بەو مامۆستا مەغریبییە داوە، ئیجازەی بە شێخ حسەینی

---

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی دووەم، چاپخانەی سالمی، بەغدا، چاپی یەکەم. ل: ٨٨ .

هەروەها بڕوانە: بایەخدانی میرانی ئامێدی بە ڕۆشنبیری لە دەڤەرەکەیاندا، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦ .

شێخ عەبدونەبیی سەرپەرشتیاری مزگەوتی ئەمەوی و، شێخ محەمەدی کوڕی شێخ محەمەدی حەسکەفیش داوە.

دەقی ئیجازەنامەکە

الأربعين النووية

الحمدلله وكفى، وسلام على عباده الذين اصطفى.

وبعد: فقد قرأ علي هذا الجزء من أوله إلى آخره كاتبه الشيخ شهاب الدين أبو العباس أحمد المغربي الأصل، الدمشقي، بجامع الأموي بدمشق، قراءة ضبط وإتقان بالسند المذكور أوله المنسوب إليّ فيه مع روايتي له ولغيره من بقية مؤلفات شيخ الإسلام وقطب الانام محي الدين أبي زكريا النووي رحمه الله تعالى، من طرق عديدة غير ما تقدم، وكلها معلوم عند أهلها وسمع قراءة لذلك في مجلس واحد الشيخ حسين بن الشيخ عبدالنبي القائم بالجامع المذكور، والشيخ محمد بن الشيخ محمد الحصكفي، وأجزت المذكورين بذلك وبجميع ما يجوز لي به وعني روايته بشرطه. ومولدي ليلة سبت زاهر خامس عشر من ربيع الآخر، وذاك من سنة أربع وخمسين وتسعمائة خلت. وتم.

قال ذلك وكتبه خامس تأريخه أعلاه العبد الفقير إلى مولاه إبراهيم ابن ناصرالدين محمد بن القاضي كمال الدين محمد الكسباي العمادي. حامدا مصليا.

مەنەری مەدرەسە و فەرمانڕەوایی بێتووش

٥٧٤

وتەیەکی کورت:

بە پشکنین و گەڕان بەناو دەستخەت و سەرچاوەکانی بەردەستمدا گەیشتوومەتە ئەوە کە لە بێتووشدا مەدرەسەیەک هەبووە سەرەتای بوونی دیار نییە و، سەدان ساڵ بنکەی ڕۆشنبیری و جێگەی زانای مەزن و پێگەیاندنی مەلا و فەقێیان بووە و، تا ئەم ساڵانەی دواییش نەوەکانی مامۆستایانی بێتووشی پشتاوپشت ئەو مەدرەسەیان ڕاگرتووە و، ناوی چەندان زانای گەورەی بێتووشی لە پەراوێز و کۆتایی دەستخەتەکاندا هەیە، مێژووی زۆریان نازانین.

هەروەها فەرمانڕەوایی یان میرنشینێک لە بێتووش و ناوچەی (ئالان)دا هەبووە، بەڵگەی پتر لە (١٥٠) ساڵ بوونی ئەو فەرمانڕەواییە بە پەرتەوازەیی لەملاولا هەیە.

بەشی ئەوەندە لە بەڵگەنامە و زانیاری لەبارەی (مەدرەسەی بێتووش) و (فەرمانڕەوایی بێتووش)ەوەم لەلا کۆ بووەتەوە بۆ ئەوە دەشێن بیاندەم بە گوێی مێژووی کورد و زانا و ناودارانی کورددا و، بیانخەمە بەردەستی مێژوونووسانی کورد بەڵکو لەمەولا شتێک بۆ مێژووی ئەم ناوچە بکرێ.

بابەتەکەیشم بەناوی «مەنەری مەدرەسە و فەرمانڕەوایی بێتووش»ەوە ناو نا، ئەمەیشم بۆ ئاماژە بۆ ئەو پەندە کوردییە نووسی کە دەفەرمووێ: «قەڵایش برمێ مەنەری دەمێنێ». چونکە بابەتەکەی من منە و گەڕانە بە ناو مەنەر = شوێنەواری حوجرە و کۆشک و تەلاری ئەو دوو شوێنە گەورەی ئەو ناوچەدا.

جگە لە سەرچاوە چاپەکانیش بەشێکی زانیارییەکانم ڕاستەوخۆ لە دەستخەتەکان وەرگرتووە و، بۆ ئەم بەشە ئاماژەم بۆ ژمارەی دەستخەتەکان کردووە، بۆ دەستخەتەکانی ئەو کتێبخانەی بەغدا کە پێشتر پێی دەگوترا (دار صدام للمخطوطات) دوایی (دار المخطوطات العراقية) و دواتر (المركز الوطني للمخطوطات) نیشانەی (م، و)م داناوە. بۆ ئەوقافی سلێمانیش هەندێ جار ناویم نووسیوە و ئەگەر جاریش نووسیبێتم (سلم) ئەوە هەر مەبەستم کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی سلێمانییە. بۆ کتێبخانەی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵیش (خ)م داناوە. ئەگەر (ع)شم دانابێ مەبەستم ئەو دەستخەتانەیە لەلای مەلا عوسمانی موفەتیشی ئەوقاف بوون و سوودم لێ وەرگرتوون.

کتێبخانەی بێتووش

کە مامۆستا مەلا ئەحمەدی بێتووشی وتوویەتی:

لەلای قازیی سەردەشت (٣٠٠) سێسەد دەستخەتی کۆنی دیوە هەموویان مۆری کتێبخانەی بێتووشیان پێوە بووە، دوور نەڕۆیشتووە و،[١] لەوانەیە دەستخەتەکانی ئەو کتێبخانە گەلێ لەو ژمارەیش زیاتر بووبن؛ چونکە ئەو مەدرەسە مەدرەسەیەکی بە تەمەن و فرە مەلا و فەقێ بووە و، پشتاوپشت کوڕی ئەو بنەماڵە - وەک بنەماڵە زانیارییەکانی تری کوردستان- زانیاری و کتێب و دەستخەتی لە باو و باپیریەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە، کام باو و باپیر؟ ئەوانەی بەهەر لایەکدا چووبن کاتێک گەڕاونەتەوە بۆ ولاتی خۆیان دیاریی دەستیان دەستخەت و کتێب بووە و، هەر کاتێ فەقێیەک ویستبێتی کارێکی بە بایەخ بۆ مامۆستایەکی بێتووشی بکا مامۆستا داوای ئەوەی لێ کردووە کتێبێکی باشی بە خەتێکی جوان بۆ بنووسێتەوە.

مامۆستا مەلا مەحموودی برا گەورەی مامۆستا مەلا عەبدوڵلای بێتووشی کاتێک ماوەیەک لە (الإحساء)ی سعوودیە بووە و، دوایی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، چیی لە تەک خۆیدا هێناوەتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مامۆستا مەلا مەحموودی بێتووشی لەو دوور ولاتەوە و، بەو رێگە سەخت و سامناک و دوور و درێژەدا، جگە لە دەستخەت کە لەوێ بە کڕین یان بە دیاری، یان بۆ نووسینەوەی قوتابییانی خۆی بۆی.. یان رێگە گەلی تر، یادگار و شوێنەوارێکی ئەوتۆی دیار نییە لە تەک خۆیدا هێنابێتیەوە.

بەهۆی پەرتەوازەبوون و تێداچوونی کتێبخانەی بێتووشەوە نازانین کتێبخانەی بێتووش چی تێدا بووە و، مامۆستا مەلا مەحموودیش لە (الإحساء)وە چی لە تەک خۆیدا هێناوەتەوە، بەڵام بەڵگەی ئەوەمان لە دەستدایە کە مامۆستا مەلا مەحموود لە (مبرز)ی سەر بە (الإحساء) جێگەی رێزی فەقێ و قوتابییانی بووە و، بە شانازییەوە کتێبی گەورەیان بۆ نووسیوەتەوە و یەک دوو نموونەی ئەم لایەنەمان لە دەستدایە:

یەکەمیان: شەرحی شەمائیلی ترمذیی دانراوی مەناویی. کە لە کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی سلێمانیدا لەنگەری گرتووە، کە فەقێیەکی لە (الإحساء)ی سعوودیە بۆی نووسیوەتەوە و، لە کۆتاییەوە نووسیویە:

«ووافق الفراغ من نسخ هذا الكتاب المسمى بالشمايل، شملنا الله تعالى بالخيرات في الغدو والأصايل آمين. وقت العصر يوم الجمعة وهو اليوم العشرون من شهر رمضان، أحد شهور سنة خمس وثمانين بعد المائة والألف هجرية نبوية، على مهاجرها أفضل الصلاة وأزكى التحية، وذلك بقلم الفقير الحقير المقرّ بالذنب والتقصير، راجي عفو ربه المنان، دخيل الله به سليمان بن هريس،

---

(١) بڕوانە: فهرس مخطوطات مكتبة الأوقاف المركزية في السليمانية. اعداد محمود أحمد محمد، الجزء الأول، مطبعة بغداد. ١٤٠٣هـ - ١٩٨٢م. ص: ١٥.

الإحسائي مولداً ومسكناً، برسم الأجل الأسعد الأرشد الشيخ محمود بن محمد، جعلني الله وإياه ممن عمل بسنة نبيه- صلى الله عليه وسلم- في الحياة، وأماته عليها عند الوفاة آمين. وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم أجمعين.

ئەم دەستخەتە کتێبێکی گەورەی نایابە نزیکی (٦٠٠) لاپەڕەیە. لە کتێبخانەی ناوبراودا ژمارە (٢٥١)ی دراوەتێ.

دووەمیان: کە بەڵگەیەکی گەورەی پەرتەوازەبوونی دەستخەتەکانی کتێبخانەی مامۆستایانی بێتووشە یەک پەڕەی کۆتاییی کتێبێکی تەفسیرە بەناوی حاشیەی (سعدي الرومي)، دیارە ئەمیش کتێبێکی گەورە بووە، بەداخەوە ئێمە تەنیا یەک لاپەڕەیمان لە دەستدایە و، ئەمەیش بەشێکە لەو لاپەڕە کە ئەمیش هەر بە خەتی هەمان نووسەرەوەیە:

«وقع الإختتام بعون المهيمن العلام، يوم الأربعاء خامس جمادي الأول، المنخرط في سلك شهور سنة أربع وأربعين وتسعماية. كملت حواشي العلامة، محقق الروم، سعدي أفندي – قدس الله سره- صبح يوم الجمعة، الخامس والعشرون من شهر ذي الحجة الحرام، أحد شهور سنة ١١٨٦ ست وثمانين ومئة وألف، من هجرته – صلى الله عليه وسلم- كتبها العبد الفقير إلى مولاه، الغني به عمن سواه، راجي عفو ربه الكريم المنان، دخيل الله بن سليمان بن هريس، الإحسائي -عفى الله عنهم بمنّه وكرمه- إنه جواد كريم. وكان نسخها بمدينة المبرز من الإحساء المحروسة، جعلها الله دار أمان، بحرمة من أنزل عليه القرآن، وذلك بامتثال الأسعد الأرشد الموفق لكل خير من الملك المعبود، الشيخ محمود – فسح الله تعالى في مدة حياته، بحرمة القرآن العظيم وآياته آمين- والحمدلله وحده وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليماً».

ئەم دوو نموونەم هێنایەوە تا لە دەرگەی ئەمانەوە بچمە ناو باسی کتێبخانەی بێتووش کە سووچێکی هەواڵ و بەسەرهاتی سامناکیم لەم ڕۆژانەدا بیست، ئەو هەواڵە کە هەر چۆن لێی وردبینەوە و سەرنجی بدەین، داخ و پەژارەمان زیاد دەبێ، دەبێ هەر بەو دەردەوە دەست بەدەستدا بدەین و بە خوێنی دڵی لە چاوەوە سەرکردوو، بۆ بەری ڕەنجی سەدان ساڵەی دەیان زانای گەورەی گەلەکەمان بگرین، کە کەمتەرخەمیکردنی ئێمە لە عاستیاندا بە دەردێکی بردوون، مرۆڤی خاوەن ویژدان و هەست ناتوانێ گوێ لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیان بگرێت.

جا با پێکەوە یەکێک لەو بەسەرهاتە خەمئاوەر و جەرگبڕانە بخوێنینەوە، کە بێگومان دەیان و دەیان کارەساتی لەو بابەتە هەن، دەکرێ کۆ بکرێنەوە و ناوی «ڕەنج سووتاویی مامۆستایانی دێرینی کورد»یان لێ بنرێ.

برای خۆشەویستم مامۆستا عوسمانی موفەتیش لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانیی دەورێکی باشی هەیە لە دۆزینەوە و کۆکردنەوەی دەستخەت و شوێنەواری مامۆستایانی کورددا، تا ئێستە گەلێ شوێنەواری لە ئاوارەچوون و ئاودیوبوون ڕزگار کردووە و، بەهۆی ئەوەوە گەیشتوونەتە شوێنانێک ئۆقرەی تێدا بگرن و مەترسیی لەناوچوونیان و هەڕەشەی دەستێوەردانیان کەمتربێ تێیاندا.

مامۆستا عوسمان - ماڵی ئاوابێت- لە دڵسۆزیی خۆیەوە و لەوەوە کە گومانی دڵسۆزیی بۆ شوێنەواری مامۆستایانی کورد بە من دەبات. هەرچەند شوێنەوارگەلێ دەست بخات پێش ئەوەی هیچیان دەربارە بکا، یان بۆ شوێنێکیان بەرێت، تێکڕایان پێشانی من دەدات و، منیش بۆ کاری خۆم سوودیان لێ وەردەگرم و، لە نووسینەکانیشدا لەبارەیان ناوی مامۆستا عوسمان وەک سەرچاوەی سەرەکیی باسەکە دێنم.

لەم ماوەدا هەواڵی ئەوەی پێ دام کە چەند دەستخەتێکی دەست خستووە و ماڵی ئاوابێت - وەک پێشتر وای کردووە- دەستخەتەکانی بۆ هێنام، دەستخەتەکان نیشانەی گەورەیی کتێبخانەیەکیان پێوە دیاربوو، کە ئەمانە پاشماوەی ئەو کتێبخانەیە بن. لە کاتی پرسیار و گێڕانەوەی باسی دەستخستنی شوێنەوارەکاندا مامۆستا عوسمان یەک دوو قسەی جێگەی سەرنج و مایەی داخیش لە هەمان کاتدای کرد.

یەکێک لەو قسانە ئەوە بوو: ئەم دەستخەتانەی لە شوێنێک لە دەوروبەری سەردەشت دەستکەوتووە و، خاوەنی دەستخەتەکان پێی وتووە: ئەمە پاشماوەی دەستخەتگەلێکی زۆرن کە کابرایەکی فارس هاتووە بەشی چاک و زۆریانی بردووە.

قسەی دووەمی ئەوە بوو: خاوەنی دەستخەتەکان ئەم دەستخەتانەی ترنجاندووەتە ناو کەنوە تەنەکەیەک و، سەرەکەی لەحیم کردووە، کە لە تەک مامۆستا عوسمان رێککەوتوون دەستخەتەکانی بداتێ، ماوەی ئەوەی نەداوە سەری تەنەکەکە هەڵتەکێنێ و بە تەواویی دەمەکەی بکاتەوە، تەنیا بەشێکی کەمی کەنوەکەی شکاندووە و، ئەو دەستخەتە نایابانەی پەڕە پەڕە دەرکێشاوەتە دەرەوە و، ئەو هەموو کتێبە گەورە و نایابەی هەڵوەشاندووە و، شیرازەیانی پساندووە و، پەڕپووت و شپرزەی کردوون! کە هێنانی بۆ لای من و باسەکەی بۆ گێڕامەوە بە کوڵی دڵ بۆ ئەم کارەساتە گەورە و سامناکە گریام کە بەسەر ئەو کتێبخانەدا هاتووە.

دەبێ ئەو کتێبخانە هی کێ بووبێت؟

ناتوانین بڵێین ئەو کتێبخانە تەنیا کتێبخانەی یەک زانا، یان تەنیا مامۆستا مەلا مەحموود بووە، بەڵکو دەکرێ بڵێین: ئەم کتێبخانە تا سەردەمی تێداچوونی، خەرمانی بە پیت و بەرەکەتی ئەو بنەماڵە ماوە و بووە، هەر کەس لە عاستی خۆیەوە شارای گەورەی خستووەتە سەر و، تەمەنێکی پان و بەرینی بووە و، زانایانی ئەوەندە زۆر بوون لە ژمارە نایەن و، ڕەنگە نەتوانین تەنیا ناوەکانیشیان تۆمار بکەین. ئەوەتا لە شوێنێکدا مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای سێیەم ناوی زنجیرەیەکی خۆیان دەنووسێ رشتەکەیان دەگاتە نۆ کەس، کە لە ناوەکانیانەوە دیارە هەموویان زانا و خوێندەوار بوون و، زۆر نزیکە باو و باپیرانی پێشووتریشیان کە ئەم ناوی نەهێناون هەموویان - وەک ئەمان- مەلا و مەلا چاک بووبن.

لە باسی کتێبخانەی بێتووشدا گەلێ شتی شاراوە و باس نەزانراو هەیە، لەوانەیە هەندێکیان هەر نەزانرێن، هەندێکیشیان دەکرێ بە بەڵگە و خوێندنەوەی پەراوێز و پارچە - پارچە کاغەزی ئەملاولا سەرە دەزووی بۆ بدۆزرێتەوە و، هەندێ ئەنجامی باشی بۆ بەدەست بێ.

لە پەنای یەکێک لە دەستخەتەکانی مامۆستا مەلا مەحموودا دوو دێر هەیە هەندێک شت دەدەن بەدەستەوە و گەلێ پرسیاری نوێیش قوت دەکەنەوە. با لە پێشدا دوو دێرەکە بخوێنینەوە:

«من بعض الكتب الذي أخذَت من الفقير إلى الله أحمد بن شيخ محمود الكردي، أخِذَت منه في دجلة. وأُخّاذُها طائفة الخزاعل، جعلهم الله كالظل الزائل! ثم أستردها المكرّم محمود پاشا، رزقه فعل الخيرات».

واتە: ئەم دەستخەتە لە هەندێک لەو دەستخەتانەیە کە هۆزی خەزاعیل - خوا بیانکا بە سێبەری لاچوو (بڵقی سەر ئاو)!- لە بێچارە ئەحمەدی کوڕی شێخ مەحموودیان سەند لە چۆمی دیجلەدا و، دوایی بەڕێز مەحموود پاشا (دیارە بابانە) بۆی سەندمەوە، خوا بیخاتە سەر ڕێگەی کاری چاک.

یەکەم: ئەم کارەساتە کەی ڕووی داوە؟ من - بە گومانەوە- دەڵێم: دوور نییە کاتێ مامۆستا مەلا مەحموود لە ئیحساء گەڕاوەتەوە بە تەمای ئەوە نەبووە ئیتر نەگەڕێتەوە بۆ ئیحساء و، بە سەڵتیی هاتووەتەوە و، کتێب و ماڵ و هەرچیی هەبووە لەوێ بەجێی هێشتووە، دوایی کە دەستبەرداری گەڕانەوەی ئیحساء بووە کتێبەکانی لەوێ ماونەتەوە و، هێنانەوەی کتێبخانەیەکیش لەو سەردەمەدا- لە هەر حەجم و قەوارەیەکدا بووبێت- لە ئیحساوە بۆ بێتووش کارێکی ئاسان نەبووە.

ئەمە لە لایەکەوە، لەولایشەوە کە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای برای مامۆستا مەلا مەحموود گەڕاوەتەوە بۆ ئیحساء، بێگومان، سەرپەرشتیی و پاراستنی ئەو کتێبانەی گرتووەتە ئەستۆی خۆی. جا من وای بۆ دەچم ئەو شتانە هەروا مابنەوە تا مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا لەوێ لە ئاوارەییدا کۆچی دوایی کردووە، دوای ئەوە مامۆستا مەلا ئەحمەدی کوڕی مامۆستا مەلا مەحموود چووبێت بە سەردەمی ماڵ و شوێنەواری مامی و کتێبخانەکەی باوکییەوە کە لەوێ بەجێ ماوە، ئەمەیش لە سەردەمی فەرمانڕەواییی مەحموود پاشای بابان - لە هەر کام جاری فەرمانڕەوایی دابووبێت- دا بووە کە دەکەوێتە دوای کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای بێتووشییەوە.

بەڵگەی پتەوکردنی ئەم بۆچوونەیش لەوەدا دەبینم کە دەستخەتەکانی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا - کە دیارە تا کۆتاییی ژیانی لە دەستی خۆیدا بوون- لە کوردستاندا بوون و، بەزۆریی لە بێتووش و دواتریش لە سلێمانی پارێزراون.

دووەم: کە مامۆستا مەلا ئەحمەد لە نووسینەکەیدا دەڵێت: ئەمە لە هەندێک لەو دەستخەتانەیە (کتێبانەیە) گومان بۆ ئەوە دەچێ ئەو کتێبانەی لە مامۆستا مەلا ئەحمەد زەوت کراون زۆر بووبن و، دیارە ماوەیەکیشی بەسەردا تێ پەڕیوە تا مامۆستا مەلا ئەحمەد گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و، پەنای بردووەتە بەر مەحموود پاشا و، ئەویش کاری بۆ دەستخستنەوەی کتێبەکان کردووە و، لەوانەیە لەو ماوەدا زۆر لەو کتێبانە تێدا چووبن.

هەروەها لەم بنەماڵەدا - وەک لەمەولا ناوی چەند زاتیان دەبەین- چەند قازیی و موفتییان تێدا هەڵکەوتووە، ئەمانەیش بە زۆری وەک چۆن بینیمان مامۆستا مەلا مەحموود لەو ڕێگە دوور و درێژەی سعوودیەوە دەستخەتی گەیاندبووە بێتووش - بێگومان- لە هەر لایەک بووبن و هاتبنەوە، هیوایان کۆکردنەوەی کتێب و دەوڵەمەندکردنی خەرمانی (کتێبخانەی بێتووش) بووە، دیارە ئەم

کتێبخانە ماوەیەکی دوور و درێژ لە گەشەکردندا بووە، تا - نازانین کەی بووە- وردە وردە کەوتووەتە کزبوون و، ئەستێرەی ئاوا بووە و کەوتووەتە بەر چەپۆکی زەمانە و، ئەو کارەساتەی بەسەر هاتووە کە ناتوانین بگەین بە سووچێکی هەواڵە سامناکەکەیدا.

ئەوەندەی من لێرەدا پێم دەکرێت و لە دەستم دێت بیکەم ئەوەیە هەواڵی تێداچوونی ئەو کتێبخانە و، لەناوچوونی دەستخەتەکانی و، پەرتەوازەبوونی بەشێکی بۆ هەندەران و ئەملاولا و، لەدەستدابوونی نیشانە و شوێنەواری ئەو کارەساتە تۆمار بکەم و، لە پەنای ئەو پاشماوە کەمەیشەوە کە توانیومە ببینم ناو و سەردەمی ژیان و شوێنەواری چەند کەسێک لەو مامۆستایانە بخەمە روو، بەڵکو لەمەولایش شتگەلی تر بدۆزینەوە و بەسەرهات و هەواڵی زیاتریان بزانین.

بەو پێیەی بەپێی تەمەن ئێمە هەواڵی دەزانین و مامۆستا مەلا مەحموود یەکەم پیاوی ئەم بنەماڵەیە کە شتێک لە ژیانی و شوێنەواریم دەست خستووە، لە ژیانی ئەم مامۆستا بەرێزەوە دەست پێ دەکەم:

مامۆستا مەلا مەحموودی بێتووشی:

پێش ئەم نووسینە کورتە و نووسینەکانی تریشم، داوای لێبووردن لە خوێنەری ئازیز دەکەم لەبارەی دووپاتکردنەوەی هەندێک مەبەست و باس کە بە بیرخستنەوەی پێویستیان دەزانم بۆ گەلێ کات و جێگە. لێرەدا یەکێک لەو بیرخستنەوانە دێتە پێش و، بێ ئەوە باسەکە ئەو تام و چێژەی نابێ.

گەلێ جار نووسیومە: بەختەوەرترین مامۆستای کورد لە رووی ئەوەوە لە دنیادا ناسرابێت و ناوی کەوتبێتە ناو ناوان، ئەو مامۆستا بووە کە بۆی هەڵکەوتبێ لە کوردستان دەرچووبێ و گەیشتبێتە یەکێک لە شارە گەورە یان دیارەکانی دنیا، ئیتر ئەوە بەس بووە بۆ ئەو مامۆستا کە ناوی دەربکەوێ و جێگەی خۆی بگرێت و، مایەی سوودگەیاندنیش بێت بە دەوروبەری و جێگەی دوورتریش لە وڵاتانی دنیا و، دوای خۆیشی ناوی زیندە و دیار لە ریزی مامۆستا ناودارەکانی گەلانی دنیادا بپارێزرێ. ئەمە چەندە بۆ مامۆستایان راست و دروستە ئەوەندە و زیاتریش بۆ دانراو و شوێنەواری مامۆستایانمان رەوا و شیاوی گوتن و نووسینە.

مامۆستا مەلا مەحموودی بێتووشی برای مامۆستای زانا و ناوداری کورد مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای بێتووشییە. وەک دەگێڕنەوە پلەی مامۆستا مەلا مەحموود لە پلەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا کەمتر نەبووە ئەگەر زیاتر نەبووبێ.

یەکێک لەو باسانەی دەماودەم دەگێڕرێتەوە لەبارەی بلیمەتیی هەردووکیان، ئەوەیە کە جووتە برا پێکەوە رێگەی بەسرە و ئیحسا لە وڵاتی عەرەبستانی سعوودیی دەگرنە بەر، لە رێگەدا پارەیان لێ دەبڕێ و خەرجیی رێگەیان پێ نامێنێ، چەند کتێبێکیان پێ دەبێت، لەوانە توحفە و قاموس، دەڵێن:

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا قامووسەکە لەبەر دەکات و، مامۆستا مەلا مەحموودیش توحفەکە و،

دوایی دەیانفرۆشن و بە و پارەیە سەفەرەکە دەکەن[1]. هەر لەمەیشەوە بووە کە هەردووکیان لە ئیحسا بوون مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەتەڵێکی فیقهیی دروست کردووە و، ناردوویەتی بۆ مامۆستا مەلا مەحموود و داوای وەڵامی لێ کردووە و مەتەڵەکەیش بەم شێوەیە:

«ومما وقع لي– وأنا الفقير إلى الله عبدالله– مع شيخي وأخي الشيخ محمود سنة ١١٧٧هـ في هجرة البحرين، إنني عملت بيتاً وأرسلته إليه أسأله إعرابه، وصورته:

كم مصل صائم من غير ذوق رام وصلا

قلت لما قال لي: هل كل من صام وصلاّ؟

بينوا لنا– أدامكم الله للتبيين، ويبلغكم إلى ذروة سنام اليقين– مقول (قلت) المذكور في البيت. وقاكم الله قول ليت، ولا أفجعكم بنعي ميت، وأقنعنا الله وإياكم بالقصَر والزيت. فوافق وصول السؤال إليه، وإلقاء الرسول الألوكة عليه، وقت اشتغاله بالتدريس، وإفادة الناس بالعلم النفيس، فبعد أن نظر سويعة، في تلك الرقيعة، كتب إليّ فيها كالمنصفين، ولا المجادلين المتعسفين: (مقول قلت لا أعرفه في هذا الحين، وعسى الله أن يأتي باليقين) فلما بلغني شريف جوابه، وفهمت فحوى خطابه، رددت إليه ما كتبه التذاذا بالخطاب الواقع، بعد أن أعربت قوله: (إعرفِهُ) الذي هو مضارع، إعراب فعل الأمر، ففهم بتلك الإشارة الخفية حقيقة الأمر، واتضح أنّ (لا) التي في عجز البيت هي مقول القول، وسلمت المسألة من العول، بحول من له القوة والطول، وحمل ذلك الإعراب على غاية الإغراب، وأغراه مغرى العجب، بالاستنان في سنن الطرب... »[2].

ئەم دەقەم وەک خۆی نووسی تا بە وەرگێڕان تام و چێژەکەی نەبزرکێت و، مامۆستایان کامی بکەن. جا لەم دەقەوە چەند شت وەردەگیرێ:

یەکەم: مامۆستا مەلا مەحموود برا و برا گەورەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا بووە.

دووەم: وەک مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا و شان بەشانی ئەو لە ئیحسا مەدرەسەی بووە و جێگەی ڕێز بووە و دەرسی گوتووەتەوە.

سێیەم: مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا پێی دەڵێت: شێخم و مامۆستام.

چوارەم: مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا نزیکی پێنج ساڵ لە ئیحسا ماوەتەوە.

جا ئەم مامۆستا کە خاوەنی ئەو هەموو پلە و ڕێز و زانیارییە بووە و دیویەتی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای براچووکی ئەو هەموو کتێب و شیعر و ئەدەبەی هەبووە.. دەبێ ئەمیش هەستی نەبزوابێ لاسایی برا بچووکی خۆی بکاتەوە؟ گومان نابرێت. بەتایبەتی کە – وەک لەمەولا باسی دەکەین– دانراویشی بووبێت. ئەی هۆی چییە ئەم مامۆستا وا نەناسراو و بێ ناو و نیشان سەری

---

(١) کە دەڵێن ئەم دوو کتێبەیان لەبەر کردووە، مەبەست ئەوە نییە دانیشتبن و کەلیمە – کەلیمە و دێر بەدێر لەبەریان کردبن. بەڵکو خۆیان پێشتر ئاگەداریی تەواویان لە ناوەرۆکیان بووە و، وەک لەبەریان بووبێ وا بووە، کە پێویستیان بە فرۆشتنیان بووە چاوێکیان پێدا گێڕاون و، دوایی فرۆشتوونیان.

(٢) بڕوانە: البيتوشي، دانراوی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، مطبعة المعارف، بغداد، ١٣٧٧هـ – ١٩٥٧م ل: ٢٦ .

ناوەتەوە؟ هەر ئەو دەردەیە کە باسی دەکەین و هەموو جارێ دەیڵێینەوە، لە کوردستاندا مانەوەی و، بایەخ نەدانی ڕۆشنبیرانی کورد بە مامۆستا و زانایانی خۆمان، ئەمیشی بردووەتە ریزی ئەو هەموو زانایەی کە ناو و شوێنەواریان کوێر بووەتەوە.

خۆشبەختانە دوو نامیلکەی بچکۆلەی ئەم مامۆستام دۆزیوەتەوە کە لە هیچ شوێنێکدا ناویان نەهاتووە و، کەس باسی نەکردوون، لێرەدا لە رێگەی ئەو دوو نامیلکەوە ناوی ئەمیش دەخەینە ناو ناوی زانایان و لە مێژووی زانایاندا جێگەی - با شیاویشی نەبێت- بۆ دادەنێین.

ئەم دوو نامیلکە لە تەک دانراوی تری مامۆستایانماندا گەیشتوونەتە (م، و) و لەوێ لەنگەریان گرتووە.

یەکەمیان: نامیلکەکە لە زانیاریی نەحودا جیاوازیی نێوان (فعل) و (اسم فاعل) دەردەخات، نامیلکەکە دوو لاپەڕەیە. سەرەتاکەی ئاوایە:

«هذا فرق بين اسم فاعل والفعل. من كلام الفاضل العالم البيتوشي ملا محمود رحمه لله. بسم الله الرحمن الرحيم الحمدلله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيد الأولين والآخرين، وعلى آله وأصحابه بآدابه المتأدبين.

أما بعد: فأقول: إعلم أن الفرق بين أسم فاعل والفعل حيث قالوا... ».

کۆتاییەکەی:

«... وبسبب عدم مشابهة الفعل بالمفرد المذكور صار الفعل مع ما هو مغاير له جملة لا مفرداً، هذا الفرق بينهما استعمالي لا وضعي تأمل. تم وبالخير عم، الكاتب حسين الخواهرزاد. ڕەببی بدەی زاد».

ئەم نامیلکە بەشێکە لە دەستخەتێک بە ژمارە (١٩٧٨٩) لە (م، و)دا پارێزراوە.

ئەم دەستخەتە وەک لە سەرەوە نووسیم مامۆستا مەلا حسەینی خواهەرزاد نووسیویەتییەوە. بەپێی دانراوێکی تر کە هەر لەم دەستخەتەدایە مامۆستا مەلا حسەین لە گوندی تورجان لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەمەد حەسەنی کوڕی مامۆستا مەلا عەلی قزڵجیدا ساڵی ١٣٠٠ نووسیویەتییەوە.

لەو دەستخەتەیش وەردەگیرێ کە مامۆستا مەلا حسەین خەڵکی گوندی زینوەیە کە (زینوە) گوندێکە لە ناوچەی سەردەشت.

نامیلکەی دووەم:

نامیلکەیەکە لە شەرعدا باسی ئەندازە و ژمارەی رکاعەتەکانی تەراویح دەکات.

ئەم نامیلکە بەشێکە لە دەستخەتی ژمارە (٤٣٣٦١ م، و) و نامیلکەی ژمارە (١٩)یە لەو نامیلکانەی لە دەستخەتەکەدان. لاپەڕە ١٠١ و ١٠٢ی دەستخەتەکەی گرتووەتەوە.

سەرەتاکەی ئاوایە:

«بسم الله الرحمن الرحيم الحمد لله الذي بيّن الفروض والسنن، والصلاة والسلام على من سلك أكمل سنن. وعلى آله وأصحابه الذين لم يميلوا إلى ترويح إلا تراويح في الدين...»

کۆتاییيەکەشی ئاوایە:

«ولا يكفر جاحد المجمع عليه من غير الدين كوجود بغداد. الحمدلله على ظهور الصواب. والصلاة والسلام على خير من أوتي الكتاب. استخرجه واستنبطه ونقله الفقير إلى الله الغني الصمد، خادم طلبة العلم محمود البيتوشي بن محمد. كتبه أقل الأنام إبن الإمام، واغفر اللهم لهم بحرمة سيد الأنام آمين يا رب العالمين».[1]

ئێمە ئەم دەستخەتەمان ناونا بەدەستخەتی (إبن الإمام) و ئەم مامۆستا ساڵی ١٢٩٢ک ئەم دەستخەتەی نووسیوەتەوە و، دەستخەتەکەی پڕە لە نامیلکە و دانراو و فەتوای مامۆستایانی کورد و دەستخەتەکە تێکڕا ١٢٠ لاپەڕەیە.

تا ئێستە نازانرێ مامۆستا مەلا مەحموود کەی کۆچی دوایی کردووە. ئەوەندە زانراوە تا ساڵی ١١٧٧ک لە ئیحسا بووە و دوای ئەوە لەگەڵ مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای برایدا گەڕاوەتەوە بۆ بێتووش و لەوێ ماوەتەوە تا کۆچی دوایی کردووە.

ئەوەندەی دەخەینە سەر کە مامۆستا مەلا مەحموود تا ساڵی ١١٩١ لە ژیاندا بووە و، لەو ساڵەدا وزەی لەش و توانای چاو و هەستەکانی لە جێگەی خۆیاندا بوون و، وەک لە دەستخەتی ژمارە (٤٠٣) دایە مامۆستا مەلا مەحموود و مەلا ئەحمەدی کوڕی پێکەوە ئەو کتێبەیان موقابەلە کردووە.

جگە لەمانەیش لە ڕێگەی فەقێیەکی مامۆستا مەلا مەحموودەوە شتێکی تر لە ژیانی دەدۆزینەوە:

مەلا عەبدوڵڵای ماویلی فەقێی مامۆستا مەلا مەحموودی بێتووشی:

قوتابیانی مامۆستا مەلا مەحموود:

گەلێ جار باسی ئەوەم کردووە کە بەداخەوە مامۆستایانی کورد هیچ بایەخێکیان بەوە نەداوە چەند فەقێیان بووە، ئیجازەیان بەچەند کەس داوە، لە چەند مەدرەسە دەرسیان گوتووەتەوە، ئەمەیش ئەڵقەگەلێکی زێڕینی لە ژیانی مامۆستایان و حوجرە و مەدرەسەکانیاندا ون کردووە.

مامۆستا مەلا مەحموودی بێتووشی، ئەو زانا مەزنە کە وێنەی لە چەرخی خۆیدا کەم بووە، کێ دەزانێ چەند فەقێ لە خزمەتیدا خوێندوویەتی؟ ئیجازەی بەچەند موستەعیدی ئاخر مادە و مەلا داوە؟ ئەمە وەک بۆ ئەم مامۆستا پرسیاری بێ وەڵامە، بۆ بەشی هەرە زۆری - ئەگەر نەڵێم سەرجەمی- مامۆستایانمان هەر وایە.

خۆشبەختانە مامۆستا (عبدالرقیب یوسف) مامۆستایەکی بەڕێزی دۆزیوەتەوە کە فەقێی مامۆستا مەلا مەحموود بووە، لە ڕێی ئەم فەقێوە چەند شتێکی پڕ بایەخمان دەست دەکەوێ:

---

(١) ئەم نامیلکەم دا بە مامۆستا ئومێد نەجمەدین جەمیل موفتی و ئەویش بە لێکۆڵینەوەوە بڵاوی کردەوە، بڕوانە: رسالة في بيان عدد ركعات التراويح للشيخ محمود البيتوشي، دراسة وتحقيق اميد نجم الدين جميل. گۆڤاری زانکۆی (صلاح الدين) ژمارە (٣٠) ٢٠٠٧ .

یەکەم: مامۆستا مەلا مەحموود ساڵی ١٢٠٧ لە ژیاندا بووە و مامۆستا و (مدرس) بووە.

دووەم: ئەم فەقێ ناوی عەبدوڵڵای کوڕی مەحموودی کوڕی عەبدوڵڵای ماویلی بووە، ماویل گوندێک بووە لە ناوچەی ڕەواندز.

سێیەم: ئەم مامۆستا شەرحی ئەلفیەی ناسراو بە (البهجة المرضية)ی لای مامۆستا مەلا مەحموود خوێندووە و تەحشیەی کردووە و، دوای لێبوونەوەی لە نووسینەوەی کتێبەکە باسی نووسینەوەی کتێبەکە و پلەی مامۆستا مەلا مەحموودی بە شیعری عەرەبیی نووسیوە، ئەوەی پێوەندیی بە مامۆستا مەلا مەحموودەوە هەیە لە خەتی مامۆستا عەبدوڕەقیبەوە دەگوێزمەوە ئێرە:

زينت الحواشي بالتنقيش
في القرية المحمية البيتوشي
من عند من باح ولاح في الورى
وصار طار صيته فوق الثرى
من لبِس الوقار والسكينة
وأيقن المسائل الرصينة
من حار من أسلوبه الأفهام
وانكسرت في وصفه الأقلام
وكشف القناع والستر على
وجه ظلام الجهل والعلم جلا
ويخرج المعاني من الفاظ
ولو أشار فيها باللحاظ
للمشكلات السيف في الفرند
بل مغنطيسها وسبق هندي
وعلم روض زهت أزهاره
وأرسلت لريّها أنهاره
وفيه ما تشتهى له الأنفس
فليسق من سلافه الأكؤُس
لا زال يعلو فضله بين الورى
يموج مثل لجج بحر جرى
أحمد من صيره نحريرا
أشكر من جعله شهيرا
ها هو بحر وافر تمام

ولا تحـــــصي ثـناءه الانـام

ومـــا لهـ- ياخلّ- من مـــثـــيل

وفـــاق الخلق طرا- ياخليلي-

فـــــإنـه من عنـده نـيل المنـى

مـع الـســرور والنشـــاط والهنا

وهـو الذي فـــاق على الأغــيــار

بـالعلـم والـصــــلاح، والأبـرار

لا سيمـا الفـصـاحـة والبـلاغـة

مـــا مـثله في المصــر والمراغــة

كـذاك في الشـام وفـي شـيــراز

كـــأنه من أعـــرب الـحـــجـــار

بل عـــجـــز الكاتب واليـــرا ع

من كــتـــبــه، واليـــد والذرا ع

لـهـمّ هـيــــــأ له فـي الجـنـان

قـصـراً مـرصـعـاً من المرجـان

ولـؤلـؤ فـــيــــروزج اللآلـي

مـثل الذكـا يضــيء بالليـالي

يطيب منه المسك والعـــبـــيـــر

من فـرشـه اسـتـخشن الـحـرير

أســود من بيـــاضــه الكافـــور

ويضـرب الدفـوف فـيــه الحـور

واجــعل له في الدنيــا مــا يريد

واجــعل له خـيـراً ومــا يفـيـد

دوای چەند بەیتێک مێژووی تەواوکردنی کتێبەکەی دەنووسێ کە ئەوە مەبەستی سەرەکیی ئێمەیە لێرەدا:

وجـف من مـــــداده اليــــرا ع

يوم الخـمـيس انفطم الرضـــا ع

بعد ارتفاع الشمس قبل الهاجرة

وأطـلب الـلـه ثـواب الآخــــــرة

في آخـر شـهـر الشـريف رمـضـا

ن زاده الإله قـــدراً ومـــضـــاً
من هجـــرة النبي خـــيـــر الإلْف
ألف وســبع مع خُـمس الألْفِ[1]
١٢٠٧

واته مامۆستا مەلا مەحموودی بێتووشی ساڵی ١٢٠٧ی کۆچی لە گوندی بێتووش مامۆستا بووە و، فەقێ و موستەعیدی وەک مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای ماویلیی زانا و خوێندەوار لە خزمەتیدا بوون.

هەر لەسەر پشکنین و گەڕانم بەدوای شوێنەواری مامۆستایانی ئەم بنەماڵەدا دەڕۆم و هیوابڕاو نیم و، ئومێدی ئەوەم هەیە لەم شارۆدا بەرهەمگەلێ کۆبکەمەوە خەرمانی مێژووی زانایانی بێتووش دەوڵەمەند بکەنەوە.

لە بەری ئەم شارۆدا و لەو شتانەی کە پێشتر پەیی پێ نەبراوە سووچێکی ژیانی کوڕێکی مامۆستا مەلا مەحموودە لە تەک سووچێکی نادیار و نەزانراوی بەسەرهاتی باوکیدا.

خوالێخۆشبوو مامۆستای خاڵ کە لای بەلای بەسەرهاتی مامۆستا مەلا مەحموود و کۆچی بۆ ئیحسادا کردووەتەوە، ڕێگەی لە گەلێ لە هەواڵی ئەو کۆچە نەکەوتووە، یەکێکیان خێزان و خانەوادەی بووە لە (الإحساء). لە پەنای یەک دوو نووسینی مامۆستا مەلا ئەحمەدی کوڕی مامۆستا مەلا مەحموودی بێتووشیدا هەندێک زانیاریی بەسوود دەبینینەوە لەوانە:

١- مامۆستا مەلا مەحموود لە (الإحساء) خێزان و خانەوادەی بووە، بڕوایش ناکرێت ژن و خێزانی لە بێتووشەوە بۆ ئەوێ بردبێ. بەڵام ئاخۆ کە چووە بۆ ئیحساء لێرە خێزاندار بووە؟ ئەمەیش نازانین. بەڵام ئەوە زانراوە کە لە ئیحساوە گەڕاوەتەوە بۆ بێتووش لێرە جارێکی تر خێزانی پێکەوە ناوە و، لەم ڕووەوە مامۆستا مەلا ئەحمەدی بێژوێ بۆی نووسیم:

کە ساڵی ١١٨٩ مەلا مەحموود و مەلا عەبدوڵڵای برای لە ئیحساوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، حاکمی بێتووش دەزانێ جووتە برا بەتەمای گەڕانەوەن بۆ ئیحسا؛ چونکە لەوێ قوتابخانەی گەورە و خێزان و جێگەی باش و ڕێزی زۆریان هەبووە، بۆیە دەڵێ: ئەوا مەلا عەبدوڵڵامان لە کیس چوو با کارێ بکەین مەلا مەحموودیشمان لە کیس نەچێ. حاکم کوێخایەکی زیرەکی دەبێت، دەڵێ: ئەگەر میر بفەرموێت من کارێکی وا دەکەم مەلا مەحموود نەڕواتەوە، میریش دەڵێ: لە قسەت دەرناچم. کوێخا دەڵێ: قوربان ماوەیەکی زۆرە براکەت بە ڕەحمەتی خوا شاد بووە و، براژنت ئافرەتێکی جوان و شۆخ و هەڵکەوتووە، بیدە بە مەلا مەحموود، بەهۆی ئەوەوە دڵ دادەهێنێتەوە بە بێتووشەوە و دانکەنی ئیحسا دەبێ. میر دەڵێ: تەگبیرەکەت پەسندە، بەڵام لەوانەیە مامۆستا بێوەژنی نەوێ، کوێخا دەڵێ:

قوربان من تەگبیری دەکەم.

---

(١) بڕوانە: أعلام الكرد، دانراوی عبدالرقيب يوسف (دەستخەت) ژمارەی تەرجەمە (١٠٧٤).

کوێخا دەچێ بۆ خزمەتی مەلا مەحموود و عەرزی دەکات: میر قەراری داوە نەهێڵێ جەنابت بگەڕێیتەوە بۆ ئیحساء. ئەگەر داوای شتی وای لێ کردیت بڵێ: براژنەکەتم بدەیتێ ناچمەوە ئەویش ئەوە ناکات؛ چونکە خۆی بە هیوایەتی. کە ماموستا دێتە سەر گەڕانەوە حاکم عەرزی دەکات: جەنابت نابێ بڕۆیتەوە، ئەویش ئەفەرمووێ: براژنەکەتم بدەیتێ ناچمەوە. حاکمیش دەڵێ: پێشکێشت بێت. کوێخا لە جیاتی ماموستا مەلا مەحموود هەڵدەستێ دەستی میر ماچ دەکات و، بە شایەتیی ماموستا مەلا عەبدوڵڵا لێی مارە دەکات و، ماموستا مەلا مەحموود لە بێتووش دەمێنێتەوە و، ماموستا مەلا عەبدوڵڵا دەگەڕێتەوە بۆ ئیحسا. ماموستا مەلا مەحموود ماموستا و مودەڕیسی گوندی بێتووش دەبێ تا کۆچی دوایی دەکات و لەوێ بەخاک دەسپێررێت و، گۆڕی پیرۆزی دیارە و زیارەتگای موسڵمانانە.(١)

خانەوادەی مەلا مەحموودی بێتووشی لە (الإحساء):

لە هەندێک لە شوێنەوارەوە کە لە دەستدان، ئاشکرا دیارە کە ماموستا مەلا مەحموود لە ئیحساء ژنی هێناوە و منداڵی لێی بووە، بەڵام نازانرێ کەی ژنی هێناوە، چەند منداڵی لێی بووە، دواتر ئەو خێزانە چییان بەسەر هاتووە.

ماموستا مەلا ئەحمەدی بێتووشی:

ئەوەندە روونە کە ماموستا مەلا مەحموود کوڕێکی لەو خێزانە ئیحسائییەی بووە، ئەو کوڕە ناوی ئەحمەد بووە، بووە بە خوێندەوارێکی باش و مەلا چاک و لەوانەیە جێگەی باوکی گرتبێتەوە.

ئەم ماموستا خۆی دەنووسێ کە لە (الإحساء) لەدایک بووە، وەک لە دەستخەتی (٤٠٣)ی کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی سلێمانیدایە، ئەم دەستخەتە ماموستا مەلا ئەحمەد ساڵی ١١٩٩ک لەگەڵ باوکیدا بەیەکەوە موقابەلەیان کردووە، دەستخەتەکە کە لە (الحدیث) دایە ساڵی ١١٨٤ ئەحمەدی کوڕی عیسای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ضاحیی نووسیویەتییەوە، دوور نییە لە ئیحساء نووسیبێتییەوە.

دەستخەتەکانی (٢٧٣) و (١٨٧)یش بەرگەکانی یەک و دووی (الکاشف عن حقائق السنن في شرح المصابیح)ی (بەغەویی)ن، کە ساڵی ١١٩٨ نووسیونییەوە و بەراوردیشی کردوون.

ماموستا مەلا ئەحمەد خۆی دەنووسێ کە لە (الإحساء) لەدایک بووە، بەڵام مێژووی لەدایکبوونەکەی دیاری ناکات.

ئەوەندە زانراوە ماموستا مەلا مەحموود ساڵی ١١٧٧ لە ئیحساء ماموستا بووە و قوتابخانەی هەبووە، جا دەبێ ئەحمەدی کوڕی کەی لەوێ لەدایک بووبێ؟ وەک لە سەرەوەیش نووسیمان ماموستا مەلا ئەحمەد ساڵی ١١٩٨ خوێندەواری باش بووە و، ساڵی ١١٩٩ لە تەک باوکیدا موقابەلەی کتێبی کردووە.

---

(١) ئەمەم لە نووسراوێکی ماموستا مەلا ئەحمەدی بێژوێ وەرگرت کە بۆی نووسیوم.

لەمانە بەولاوە شتێکی روونمان لەبارەی ژیانی مامۆستا مەلا ئەحمەد لە دەستدا نییە و، هیواداریبن لەمەولا شتی ترمان دەست بکەوێ.

دەبێ ئەوەیش نەبوێرم کە مەلا ئەحمەدێکی ترمان هەیە کە باوکیشی ناوی مەحمووده. ئەم مامۆستا مەلا ئەحمەدەیش ساڵی ١٢٨٥ک لە بێتووش مامۆستا بووە و، لەوێ دەستخەتی (٢٣٨٤-٢٣٨٥)ی نووسیوەتەوە.

مامۆستا مەلا ئەحمەدی بێژوێش دەڵێ:

مەلا مەحموودی بێتووشی ساڵی ١٢٤١ک توحفەی ئیبنولحەجەری نووسیوەتەوە و، لە کۆتاییەوە نووسیویە:

«کتبه محمود البیتوشي مرشد البرزنجي سنة (١٢٤١) ئەم دەستخەتە لەلای مەلا محەمەدی مەعرووفی وەرتێ ئیمامی گوندی خانەقای پیری ماویلییە، بەهۆی حاجی مستەفای گەورە دێیی بایعی ئارد لە گەڕەکی مامۆستایان لای مزگەوتی شەهیدانی مامۆستایانەوە مامۆستا مەلا ئەحمەدیان ئاگەدار کردووەتەوە کە ئەگەر نەوەی مەلا مەحموودی بێتووشیی بێن مامۆستا مەلا محەمەدی مەعرووف ئامادەیە کتێبەکەیان بداتەوە».[1]

ئەم مەلا مەحموودە مەلا مەحموودی یەکەم نییە و مەلا مەحموودی دووەمە. مەلا ئەحمەدی کوڕیشی مەلا ئەحمەدی دووەم یان سێیەم و زیاترە.

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا بێتووشییەکان:

وەک چەند جار باسمان کردووە لە کوردەواریدا - و بەتایبەتیی لەناو بنەماڵە زانیارییەکاندا- زۆر باو بووە کە کوڕ بۆ ڕێزنان لە باوکی خۆی و بە هیوای پیرۆزیی ناوی باوکییەوە کە کوڕی ئەمیش وەک ئەو دەربچێ.. گەلێ جار کوڕێک ناوی باوکی خۆی لە کوڕەکەیدا زیندە و دووبارە کردووەتەوە. ئەم نموونە لە بنەماڵەی حەیدەرییەکاندا زۆر ئاشکرایە و، چەندان جار ناوەکانی ئەحمەدی کوڕی حەیدەر و، ئیبراهیمی کوڕی عاصیم و... کێ و کێ دووپات و چەند پات دەبنەوە.[2]

ئەمەیش تایبەتی ئەم بنەماڵە نییە و گەلێک وێنەی تریان هەیە. بنەماڵەی بێتووشیش لەم نەریتە جێگەی شانازییە بەدەر نییە و، چەند محەمەد و ئەحمەد و مەحموود، وەک کوڕ و باوک، چەند جار بەدوای یەکدا دووپات دەبنەوە.

ناوی عەبدوڵڵایش بەلای کەمییەوە سێ جار لە ڕشتەی بنەماڵەکەیاندا هاتووە، واتە: عەبدوڵڵای یەکەم و دووەم و،سێیەم. کە هەر یەکێکیان شتێکیان لەبارە دەزانین:

---

(١) ئەمەیشم لەو نووسراوەی مامۆستا مەلا ئەحمەدی بێژوێ وەرگرت.

(٢) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی شەشەم، ل: ١٨٤ .

عەبدوڵڵای یەکەم: کە بە مەلا عەبدوڵڵای عەللامەیش ناوبراوە، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای کوڕی شێخ محەمەدە و، یەکێک لە زانا هەرە بەرزەکانی کوردستان بووە و، لە زانستەکانی نەحو و صەرف و بەلاغە و، عەرووض و... دا چەندان شوێنەواری نایابی بەجێ هێشتووە. شیعری بەرزی بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و کوردی هەبووە. شیعرە کوردییەکانی دیار نین و لەوانەیە تێدا چووبن. مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ کتێبێکی باشی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی نووسیوە. لەم دواییەشدا قوتابییانی کوردی زانکۆکان بڕوانامەی ماجستێر و دوکتۆرا لەسەر دانراوەکانی دەنووسن، منیش ماوەیەک لەمەوبەر وتارێکم بە زمانی عەرەبی لەسەر هەندێ لایەنی تازە دۆزراوەی ژیان و بەرهەمی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا نووسی.(١)

مەلا عەبدوڵڵای دووەم:

ئەم مامۆستا بەپێی ئەو زانیارییانەی لەملاولا لەسەر مامۆستایانی بێتووش کۆم کردوونەتەوە پێش من کەس باسی ئەم مامۆستای نەدرکاندووە. ئەم مامۆستا وەک زانیومە هاوچەرخی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای گەورەی بێتووشی بووە و کتێبی ئەویشی نووسیوەتەوە.

دەستخەتێکی کتێبی (تحف الخلان لأشحاذ الأذهان)ی دانراوی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای نووسیوەتەوە، دەستخەتەکە بە ژمارە (٤١٦ /خ) لە کتێبخانەی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵدا پارێزرابوو.

ئەم مامۆستا لە کۆتاییی دەستخەتەکەوە ئەمەی نووسیوە:

«تمت النسخة اللطيفة الشريفة المسماة بالألغاز النحوية، من تأليفات شيخنا وسيدنا مولانا عبدالله الكردي الآلاني البيتوشي صانه الله كل بكرة وعشي. بقلم الحقير الفقير عبدالله بن علي بن محمد البيتوشي، وذلك خدمة وامتثالا لأمر مولانا ملا {لێرەدا ناوەکە کوژێنراوەتەوە، لەوە دەچێ (خضر السنجوي) بێت} في شهر صفر المظفر، في سنة ١١٩٠ من هجرته- صلى الله تعالى عليه وعلى آله وصحبه عدد ماجرى القلم في أم الكتاب، وعدد ما كان ويكون آمين».

هەر ئەم مامۆستا دەستخەتی ژمارە (٢٨٥٠٤ م، و)ی ساڵی ١١٩١ بەشێکی لە گوندی بێتووش

---

(١) بڕوانە: البيتوشي، حياته وآثاره، رسالة تقدم بها خطاب عمر بكر الى مجلس كلية الآداب في جامعة بغداد، جزءً من متطلبات درجة ماجستير آداب في اللغة العربية، ١٤٠٤هـ- ١٩٨٤م.

هەروەها بڕوانە: الحفاية بتوضيح الكفاية دراسة وتحقيق طه صالح امين. رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٣- ١٩٩٤ .

هەروەها بڕوانە: كفاية المعاني في حروف المعاني، تأليف: العلامة الشيخ عبدالله الكردي البيتوشي، شرحه وحققه شفيع البرهاني. (رسالة ماجستير) الطبعة الأولى، دار اقرأ. سوريا - دمشق، ٢٠٠٥ .

هەروەها بڕوانە: محمد علي القرداغي، اطلالة جديدة على جوانب من حياة وآثار البيتوشي، گۆواری خۆری ئیسلام- شمس الإسلام، العدد: ٢٢، ٢٠٠٣ .

ئێستەیش لە (الإحساء)ی دەوڵەتی سعوودی قوتابی (خالد الجريان) خەریکی نووسینی بابەتێکە لەسەر بێتووشی بە ناونیشانی (البيتوشي وجهوده النحوية).

و بەشەکەی تری لە شاری کۆیە نووسیوەتەوە. لەم دەستخەتەیاندا رشتەی باو و باپیری ئاوا نووسیوە:

عەبدوڵڵای کوڕی عەلی کوڕی محەمەدی کوڕی رەسووڵی ئالانیی بێتووشی.

لێرەدا گومان بۆ ئەوە دەچێ ئەم مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا برازای مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای گەورە بێ، چونکە ئەو عەبدوڵڵای کوڕی محەمەدە و، ئەم عەبدوڵڵای کوڕی عەلی کوڕی محەمەدە. بەڵام باپیری مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای گەورە ناوی (إسماعیل)ە.[1]

عەبدوڵڵای سێیەم:

لەبارەی ئەم مامۆستا ئەوەندەم دەست کەوتووە بەگوێرەی دەستخەتی ژمارە (٢٢٤١)ی کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزی، ئەم مامۆستا ساڵی ١٣٠٧ لە گوندی بێتووش مامۆستا بووە و، عەلی ناوێک کە لە خزمەتیدا خوێندوویەتی و کتێبی (المعفوات)ی مەلا خەلیلی سعرتیی نووسیوەتەوە.

مەلا عەبدوڵڵای چوارەم:

ئەم مامۆستا لە شوێنێکدا رشتەی پشتەکانی بەم شێوە نووسیوە:

عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەدی، کوڕی مەحموودی، کوڕی محەمەدی، کوڕی مەحموودی، کوڕی محەمەدی، کوڕی مەولانا ئیسماعیلی، کوڕی مەولانا ئیبراهیمی، کوڕی عیزەدینی بێتووشی.

ئەم مامۆستا دانراوێکی هەیە بە ناوی (إعقاد الدرر في إيضاع شواهد المختصر) نوسخەکەی کە بە خەتی دانەرەکەیەتی و ساڵی ١٣٢١ نووسیویەتییەوە، بە ژمارە (٢٤٠٨) لە کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی سلێمانیدا پارێزراوە.

هەر لە شوێنەوارەکانی ئەم مامۆستا کۆمەڵە دەستخەتی (٢٥٤٣-٢٥٤٥) لە کتێبخانەی ناوبراودا پارێزراوە. کە ساڵی ١٣٢٥ لە سابڵاغ نووسیویەتییەوە.[2]

دەستخەتی ژمارە (٢٤٢٧)ش بە خەتی ئەم مامۆستا ساڵی ١٣٢٧ لە گوندی باغلوجە لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای (الدری)دا نووسراوەتەوە. ناوی عەلی (پەسوێی)شی بەسەرەوەیە.

دەستخەتی (٢٤٠٠)ش شوێنەواری مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چوارەمە و لە شاری کۆیسنجەق نووسیویەتییەوە.

هەروەها دەستخەتی (٢٤٠٢-٢٤٠٣)ش دەستخەتی ئەم مامۆستایە. بەگوێرەی دەستخەتی (٢٤٤١)ش ئەم مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ساڵی ١٣٤٤ک لە ژیاندا بووە.

---

(١) بڕوانە: البيتوشي ص: ١٠ .

(٢) لە دەستخەتەکەدا لە شوێنێکدا نووسراوە: لەو ساڵەدا خەڵکی سابڵاغ لەگەڵ هۆزەکانی مەنگوڕ و پیران و تیرەی دیبوکریدا جەنگاون.

ئەم مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا بەپێی نووسینی کتێبی (إعقاد الدرر)ەکەی، زمانی عەرەبییەکەی زۆر پاراو نییە، بەڵام بەو پێیە ساڵانێک دوای ئەوە لە کۆیە و سابڵاغ بووە، وایش پێ دەچێت بوونەکەی بە فەقێتیی بووبێت، دەبێ ئەو کتێبەی لە کاتی فەقێتیدا دانابێ. بەڵام لەوە بەولاوە دانراوێکی ترمان لە دەستدا نییە.

مامۆستا مەلا ئەحمەدی (بێژوێ)یش لەبارەی ئەم مامۆستایانە هەندێ شتی بۆ نووسیوم تێیاندا دەڵێ:

لە گوندی بێتووشدا چوار مەلا عەبدوڵڵای ناودار بوون:

١- مەلا عەبدوڵڵای یەکەم ناسراو بە مەلا عەبدوڵڵای عەللامە.

٢- مەلا عەبدوڵڵای دووەم ناسراو بە (قاضي عبدالله‌ی ئەعوەر).

٣- مەلا عەبدوڵڵای رەش مەشهوور بە (موفتی).

٤- مەلا عەبدوڵڵای چوارەم ناسراو بە (ئیمام).

مامۆستا مەلا ئەحمەد لەبارەی مەلا عەبدوڵڵای دانەری (إعقاد الدرر) دەڵێ: ساڵی ١٢٨٦ لە بێتووش لەدایک بووە، ساڵی ١٣٢١ کتێبی (إعقاد الدرر)ی داناوە. هۆنراوەی زۆر بووە، لە شەرعدا زۆر شارەزا بووە، ساڵی ١٣٢٨ لە خزمەتی مامۆستا قادری کانی کەوەییدا ئیجازەی تەدریس و مەلایەتی وەرگرتووە. ساڵی ١٣٦٦ لە بێتووش لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

لەبارەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای رەشی ناسراو بە (موفتی)وە دەڵێ: لە دەوروبەری (١٢٨٠)دا لە گوندی بێتووش لەدایک بووە. مامۆستایەکی چاونەترس و تیانەوەستاو و بەسام بووە و، ناحەقی پێ قووت نەچووە و، لە تەک ئاغاکانی میراودەلیدا لە کێشەدا بووە. ئەم مامۆستا ساڵی ١٣٦٠ک کۆچی دوایی کردووە.

لە تەک مامۆستای قازیی کۆیە و مامۆستا مەلا عەبدوللەتیف ناوێکدا لە نامە و باسێکدا ناوی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای رەشی پشدەریی هاتووە، وا پێ دەچێت کە ئەم مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا و ئەو مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا کە لێرەدا مەلا عەبدوڵڵای سێیەمە و، بە مەلا عەبدوڵڵای رەش ناسراوە، یەک کەس بن.[1] بەڵام مێژووەکانیان لە گومان بەدەر نین.

دەبێ بەسەر ئەوەدا نەڕۆم کە دەستخەتی ژمارە (٤٣٣٦١ م، و) کە لەم باسەدا سوودی لێ وەردەگرم و نامیلکەیەکی مامۆستا مەلا مەحموودی بێتووشیی و چەند دانراوی مامۆستایانی تری کوردی لە خۆی گرتووە و ساڵی ١٢٩٢ نووسراوەتەوە.. نووسەرەوەکەی لە کۆتاییی نووسینەکانییەوە دەڵێ (إبن الإمام)[2] واتە ئیبنولئیمام نووسیویەتییەوە، ئیتر نازانم پێوەندی بە مەلا عەبدوڵڵای ئیمامی بێتووشییەوە هەیە یان نا؟.

لەبارەی مەلا عەبدوڵڵاکانی بێتووشی نامەیەکم لەلایە بە روونیی دیار نییە بۆ کام مەلا

---

(١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی یەکەم، ل: ٣٦٢ .

(٢) وێنەی ئەم دەستخەتە لە کتێبخانەکەی خۆمدا هەیە.

عەبدوڵلایان نێرراوە، بەڵام ئەو مەلا عەبدوڵڵا کە نامەکەی بۆ چووە ساڵی ١٣١١ قازیی بێتووش بووە. نووسەری نامەکە ناوی خۆی نەنووسیوە، نامەکە بۆ ئەوەیە کە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا نیکاحی مریەمی خێزانی رەحیم لە نیکاحی حەنەفییەوە بکا بە شافیعی.

چەند مامۆستایەکی ئەو سەردەمە شایەتی ئەو باسە بوون و ناویان و مۆریان بە کاغەزەکەوەیە کە ئەم ناوانەن:

مەلا محەمەد رەحیمی (شوی)، سەید رەزای واژەیی، سەید ئەحمەدی واژەیی. مەلا محەمەد حسەینی تەوەکەڵیی. مەلا (فرج الله).

هەر لەم بارەیشەوە قەسیدەیەکی شێخ مەعرووفی نۆدێیم لەلایە کە مامۆستا مەلا محەمەدی ئیبنولحاجی بانەیی بۆ برای خۆشەویستی مەلا عەبدوڵلای بێتووشیی نووسیویەتییەوە.

هەروەها پارچەیەک شیعری عەرەبیم لەلایە لەسەری نووسراوە نامەی مەلا عەبدوڵلای سێیەم بۆخزمەتی مەلا محەمەدی کوڕی شێخ. بەڵام نامەکە بە زمانی عەرەبییە لە رووی زمان و کێشەوە زۆر لاوازە و نووسینیم بەلاوە پەسەند نەبوو.

مامۆستا مەلا رەسووڵەکانی بێتووشی:

لەناو زانایانی بێتووشدا وەک چەند مامۆستا مەلا عەبدوڵلا هەبووە، هەروەها چەند مامۆستا مەلا رەسووڵیش هەبووە.

یەکەمیان:

ئەگەر وا دابنێین مامۆستا مەلا عەبدوڵلای دووەم باو و باپیرانی مەلا و مەلازادە بوون ئەوا (مەلا رەسووڵی یەکەم) ئەو رەسووڵەیە کە باپیرە گەورەی مەلا عەبدوڵلای دووەمە و، ئەو کاتە ئەم مامۆستا بە یەکێک لە مامۆستا دێرینەکانی ئەو بنەماڵە دادەنرێت؛ چونکە سێ پشت پێش هەردوو مەلا عەبدوڵلای یەکەم و دووەمە کە لە ١١٩١ک دا لە ژیاندا بوون.

دووەمیان:

مامۆستا مەلا رەسووڵی کوڕی حاجی قادری بێتووشییە. ئەم مامۆستا لە دەستخەتی ژمارە (٢٤٠٨)ی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیدا ناوی هاتووە. دەستخەتی ژمارە (١٦٨٧٤ م، و)ش کە کتێبی (عەبدوڵلا یەزدییە) محەمەد تاهیری کوڕی حاجی خضر بەگ ساڵی ١٣١١ک لە خزمەتی ئەم مامۆستا مەلا رەسووڵەدا نووسیویەتییەوە.

سێیەمیان:

بەپێی دەستخەتی (ملتقى الأبحر) کە ساڵی ١٣٢٠ک لە شاری کەرکووک نووسراوەتەوە، دەبێ قازی رەسووڵێکی بێتووشیش هەبێ؛ چونکە نووسەرەوەی ئەم دەستخەتە دەڵێ: منی بێچارە کوڕەزای قازی رەسووڵی بێتووشی ئالانیی ئەم دەستخەتەم لە شاری کەرکووک نووسییەوە. لە مۆرەکەیشی (یا رسول مدنی) هەڵکەنراوە. لە خواریشیەوە نووسیویە: رەسووڵی کوڕی مەحموودی

کوڕی ئەحمەد.

جا ئەگەر ئەم خۆی ناوی رەسووڵ بێت باپیرە گەورەیشی (قازی رەسووڵ)ی ناو بێت ئەوا رەسووڵەکانیش دەبن بە چوار.

بەگوێرەی پەراوێزێکی دەستخەتی ژمارە ٤٤/٤١٢ کە لە کتێبخانەکەی خۆمدایە، مامۆستا مەلا رەسووڵی بێتووشیی ساڵی ١٣١٩ک مامۆستای مزگەوتی حاجی مەلا عومەر بووە لە شاری کۆیە.(١)

هەر لەبارەی ئەم مامۆستا مەلا رەسووڵە و نەوەکانییەوە دوکتۆر فوئاد مەعسووم بۆی گێڕامەوە:

مەلا نەجیم کوڕی مامۆستا مەلا رەسووڵی بێتووشی بووە و ئیمامی مزگەوتی گەورەی کۆیە بووە لە ساڵانی ١٩٥٦ و ١٩٥٧دا کۆچی دوایی کردووە.

هەروەها د. فوئاد بۆی گێڕامەوە کاتێک لە کۆیە فەقێ بووە پڕ سێ گونیە کتێب و دەستخەت و کاغەزیان هێناوە کە پاشماوەی کتێبخانەی مامۆستا مەلا رەسووڵی بێتووشی بوون لە مزگەوت دایان ناون. دوکتۆر فوئاد وتی: من چەند دەستخەتێکم لێ هەڵبژاردن ئەوانی دیمان خستنە تاقەکانی مزگەوت. دوایی نازانم چییان بەسەر هات.

هەر لەبارەی خانەوادەی بێتووشییەوە دوکتۆر فوئاد وتی: لەو خانەوادەدا ئەفسەرێک هەبوو ناوی حەمە ساڵح بێتووشی بوو، یەکێک بوو لەو ئەفسەرانەی لە سەرەتای دامەزراندنی سوپای عێراقدا لە کوللیەی عەسکەری دەرچووبوو. ئەو ئەفسەرە ماوەیەکیش ئامیری خەستەخانەی رەشیدی عەسکەری بوو، لەم ساڵانەی دواییدا کۆچی دوایی کرد.(٢)

زانایەکی تری بنەماڵەی بێتووشی عەبدولکەریمی کوڕی مەحموودی بێتووشییە کە ساڵی ١٢٩٧ لە ژیاندا بووە و کتێبی (شرح العقائد النسفية)ی نووسیوەتەوە کە بە ژمارە (٢٤٤١) لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیدا پارێزراوە.

چەند زانایەکی تری بێتووشی:

بێجگە لەو زانا و مامۆستایانەی کە لە رشتەی بنەماڵەی بێتووشییەکاندا ناویان هاتووە و شتێکم لەسەر نووسین، لە پەراوێز و کۆتاییی دەستخەتەکاندا ناوی چەند مامۆستای تری بێتووشیم دیوە، لێرەدا ناوی ئەوانیش دەخەمە پاڵ ئەمانی تر:

١- مەلا مستەفای بێتووشیی وا دیارە دوو مەلا مستەفای بێتووشی هەبووە:

---

(١) نازانم هەر بە رێکەوت بووە مامۆستایانی بێتووش لە شارۆکەی کۆیە خوێندوویانە و بە فەقێتی لەوێ بوون، دواتریش بە مەلایەتی و دەرزوتنەوە و نیشتەجێبوونی هەمیشەیی... یان پێوەندییەکی تایبەتییان بەو شوێنەوە هەبووە؟ لەم باسەدا بوونی فەقێ و مەلا و مامۆستایانی بێتووش لە کۆیە ئاشکرایە.

(٢) ئەم زانیارییانەی د. فوئاد مەعسووم هەندێکیانی بۆ نووسیوم و هەندێکیشیان بە دەمی لە دانیشتنێکی رۆژی ٢٠٠٧/٦/٦ دا لێم وەرگرت.

یەکەمیان: مستەفای کوڕی ئیبراهیمی کوڕی محەمەدی بێتووشی، بە گوێرەی دەستخەتی (٣/ ١٩٢٠٩ م، و) ئەم مامۆستا ساڵی ١٢٩٢ لە مەدرەسەی مامۆستا مەلا ئەحمەدی بێژوێیدا (قول أحمد)ی نووسیوەتەوە.

دووەمیان: مستەفای کوڕی محەمەدی بێتووشی دەستخەتی (٢٢٦٥٣ م، و) کە دانراوی (قاضي حسين ميبدي)يە لە شاری ئەربیل لە مەدرەسەی مەلا عومەر ئەفەندیی ئەربیلی نووسیویەتییەوە.

مستەفای پاپلانیی دەستخەتی ژمارە (١٩٢٠٩ م، و) کە کۆمەڵێک دانراوی تێدایە ساڵی ١٢٩٠ بۆ مەلا مستەفای بێتووشی نووسیوەتەوە.

هەروەها ئەم مستەفای پاپلانییە ساڵی ١٢٩٦ دەستخەتی ژمارە (٢٤٢٦)ی ئەوقافی سلێمانیی بۆ مامۆستا مەلا مستەفای بێتووشیی نووسیوەتەوە، بەڵام ناوی باوکی نەنووسیوە و، نازانین کام لەم دوو مامۆستا مەلا مستەفا بێتووشییانەیە.

لە دەستخەتی ژمارە (٦٩٣٥ م، و)دا شیعری مستەفای بێتووشی هەیە. ئەمەیش – دووبارە- نازانم کام لەو دوو مامۆستا مەلا مستەفایە.

٥- عەبدولکەریمی کوڕی موفتی بێتووشی ساڵی ١٣٥٣و ١٣٥٤ نامیلکەی (العروض والقافية) و (الفوائد الحسنية)ی مەلا عومەری (کچک مەلا)ی ئەربیلی نووسیوەتەوە، ئەم دەستخەتانەم لە لای مەلا عوسمانی موفەتیشی ئەوقاف بینی، ژمارە ١٤٨/١/ ع ١٤٨/٢ ع م دانێ.

٦- مەلا ساڵحی بێتووشی ساڵی ١٢٨٨ لە مەدرەسەی گەناو لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای بێتووشیدا دەستخەتی ژمارە (٢١٣١٧ م، و)ی کە (حسامكاتي)یەی نووسیوەتەوە.

٧- لە کۆتایی پارچە زەوائیدێکەوە کە حاشیەیەکی عەبدولحەکیمی هیندیی تێدایە. نووسراوە: (كاتبه إسماعيل بيتوشي) بەڵام نە مێژوویەک نە شتێکی تری نەنووسیوە.

پاشماوەی کتێبخانەی بنەماڵەی بێتووشی:

ئاشکرایە بەهیچ شێوەیەک ناتوانین سەرجەمی دەستخەتەکانی کتێبخانەی بێتووشی بزانین؛ چونکە ئەو دەستخەتانە نەپارێزراون و بە گەلێ شوێنی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، بێگومان زۆریشیان بە یەکجاری تێداچوون، لەم باسەدا بە گوێرەی پێویست و بۆ وەرگرتنی زانیاری لێیان ناوی هەندێکیانم هێنا، چەند دەستخەتی تریش هەن ناو و نیشانە و (تملك)ی زانایانی ئەو بنەماڵەیان پێوەیە، بێ سوود نابێ ناوی ئەوانیش تۆمار بکەم، بەڵکو لەمەولایش زیاتریان بدۆزرێتەوە:

١- دەستخەتی ژمارە (٢٣٢٢ سلم) شەرحی (حرز الأماني)یە، لە کتێبخانەی مامۆستا مەلا مەحموودی بێتووشیدا بووە و (تملك)ی ئەوی بەسەرەوەیە.

٢- دەستخەتی ژمار (٢٨٧٣ سلم)یش کتێبی (شرح المغنى)یە، (تملك)ی مەلا محەمەدی بێتووشی بەسەرەوەیە لە تەک مێژووی ١٣١٠دا.

عەبدولکەریمی کوڕی خضری کوڕی ئەحمەد ساڵی ١٢٣٨ لە گوندی (بست) نووسیویەتییەوە.

٣- دەستخەتی (٢٥٣٠ سلم)، (تحفة الطلاب)ە لە تەک چەند دانراوی تردا کۆکراونەتەوە، (تملك)ی

مامۆستایان مەلا مەحموود و مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی لە ساڵی ١١٧٦دا بەسەرەوەیە.

٤- دەستخەتی (٤٣٦ سلم)ش (شفاء الصدور شرح الشذور)ی ئیبنوهیشامە، (تملك)ی مەلا مەحموودی بێتووشی بەسەرەوەیە. دواتریش وەقفی کاک ئەحمەدی بەسەرەوەیە کە وقفی کردووە لەسەر زانایان و قوتابییانی شاری سلێمانی. مێژووی وەقفەکە ساڵی (١٢٨٣)یە، دەستخەتەکە ساڵی ١١٨٥ لەلایەنی ئەحمەدی کوڕی عیسای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی (ضاحی)یەوە نووسراوەتەوە. دوور نییە هەر لە بنەڕەتدا ئەم نووسەرەوە لە (الإحساء) بۆ مامۆستا مەلا مەحموودی نووسیبێتەوە.

٥- دەستخەتی ژمارە (٢٢٢٩ سلم)یش (تحفة الطلاب)ە و (تملك)ی شێخ مەحموودی بێتووشی بەسەرەوەیە.

٦- چەند لاپەڕەی قورئانی پیرۆز کە سوورەتەکانی (الكهف) و (طه)یان تێدایە. بە خەتێکی جوان و بە مەرەکەبی ڕەش و سوور نووسراونەتەوە.

سەرەتا لەلای محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی عوبەیدان بوون، ئەمە لە ساڵی ١١٧٤دا بووە. دوای ئەوە بە کڕین کەوتوونەتە لای مامۆستا مەلا مەحموودی بێتووشی، بەڵام ساڵی کڕینەکەی دیاری نەکردووە.

ئەم دەستخەتەم لەلای مەلا عوسمانی موفەتیشی ئەوقاف بینی.

فەرمانڕەوایی بێتووش و مامۆستایانی بێتووشی

لە کاتی گەڕانم بە ناو پاشماوەی شوێنەواری مەدرەسەی بێتووش و بەسەرهاتی مامۆستایانیدا چەند زانیاریم دەستکەوت لە فەرمانڕەواییەک دەدوێن کە لەو سەردەمانەدا کارا بووە و دەوری لە ناوچەکەدا، هەندێ جار فەرمانڕەواکان یان دەستە و دایەرەیان کێشەیان بۆ مامۆستایانی بێتووش دروست کردووە.

بۆیە بە باشی دەزانم لە ڕووی ئەو زانیارییانەوە ئاماژە بۆ ئەو فەرمانڕەواییە و فەرمانڕەواکانیشی بکەم.

بە دروستی سەرەتا و کاتی دروستبوونی ئەو فەرمانڕەواییە نازانم. یەکەم ئاماژەیەک لەو بارەوە لە دەستدا بێ ئەوەیە پێش ساڵی ١١٥٥ک ١٧٤٢ز شێخە بەگ فەرمانڕەوای بێتووش بووە، ئەوەیش نازانم شێخەبەگ لە کەیەوە فەرمانڕەوا بووە، هەروەک ئەوەیش ڕوون نییە ئەو یەکەم فەرمانڕەوا بووە یان پێش ئەویش فەرمانڕەوا، یان فەرمانڕەوایان بوون.

ئەوەندە دەزانین شێخەبەگ لە ساڵی ١١٥٥ک - ١٧٤٤ز کوڕێکی بووە ناوی یووسف بووە، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی بە پارچەیەک شیعری فارسی ساڵی لەدایکبوونی ئەم کوڕەی دیاری کردووە، هەروەها لە شیعری مامۆستای بێتووشییەوە دەردەکەوێ ئەم یووسف بەگە بووە بە فەرمانڕەوای بێتووش. واتە شێخەبەگ فەرمانڕەوای یەکەمی ناسراوی بێتووش بووە و، یووسفی کوڕی فەرمانڕەوای دووەم. فەرمانڕەوایی یووسف بەگ لە ساڵی ١١٨٠ک - ١٧٦٦ز و دوای ئەو

مێژووەدا بووە، بەڵام نازانرێ تا کەی دەوامی کردووە.[1]

دوای ئەوە هەواڵێکی دروستی ئەم فەرمانڕەواییەمان لە دەستدا نییە تا ساڵی ١٢٩٣ک – ١٨٧٦ز لە دەستخەتی ژمارە (١١٥٠)ی کتێبخانەی مەرکەزیی ئەوقافی سلێمانییەوە ئەوە دەردەکەوێ کە مستەفا ئاغا لەو ساڵەدا فەرمانڕەوای بێتووش بووە.

جێگەی خۆیەتی لێرەدا باسی ئەوە بکەم کە ئەم مستەفا ئاغایە کێشە و سەرئێشەی بۆ مامۆستایانی بێتووش دروست کردووە و ژیانی لێ تاڵ کردوون، روون نییە کێشە و سەرئێشەکە چۆن بووە، بەڵام دیارە لە سنوورێکی فراواندا بووە و کار گەیوەتە ئەوە مامۆستایانی بێتووش پەنا بەرنە بەر کەسانی خاوەن دەسەڵات و خاوەن رێز و داوای لابردنی ستەمی مستەفا ئاغا و دەستە و بەستەکەی لەسەر مامۆستایانی بێتووش بکەن.

بۆ ئەم مەبەستە مامۆستایانی بێتووش پەنایان بۆ لای شێخ مستەفای بەرزنجی بردووە کە ئەو کاتە موفتیی سلێمانی بووە، مامۆستا شێخ مستەفایش نامەیەکی بۆ مستەفا ئاغای فەرمانڕەوای بێتووش نووسیوە،[2] لە نامەکەیدا سەرکۆنەی مستەفا ئاغای کردووە و داوای لێ کردووە کە رێز لەو مامۆستایانە بگرێت و ئەگەر ئەو بێڕێزییە بەرانبەر بەو مامۆستایانە بەردەوام بێ ئەوا مامۆستای بەرزنجی[3] ئەو مامۆستایانە دەهێنێتە سلێمانی و، جێگە و رێگەی شیاویان بۆ دابین دەکات. ئەوەندە لە دەستخەتەکان وەردەگیرێ کە مستەفا ئاغا تا ساڵی ١٣٠٠ فەرمانڕەوا بووە و، لە ساڵی ١٣٠١ک – ١٨٨٣ز بریندار کراوە. ئیتر دیار نییە دوای ئەوە چی بەسەر هاتووە. هەر بەگوێرەی دەستخەتی ژمارە ١١٥٠ی کتێبخانەی ناوبراو ساڵی ١٣٠٠ک – ١٨٨٢ز زاهیر ئاغای کوڕی بایز ئاغای دولکانی فەرمانڕەوای بێتووش بووە. بەڵام ئەویش نازانرێ چۆن لە یەک ساڵدا دوو کەس فەرمانڕەوای ئەو شوێنە بوون.

لێرەدا دەقی نامەکەی موفتیی سلێمانی بۆ مستەفا ئاغا دەخەمە روو:

دەقی نامەکە وەک خۆی:

کراما مهربانا

اولا مطلب اصلی استعلام حالات آنجناب محبت مآب است، ثانی چون مصلحت دینی و دنیایی موانف! آثار منظور نظر محبت است. لهذا بمقام مصلحت جوی آمدم آینکه بر آنجناب لازم

---

(١) بڕوانە: البیتوشي، ص: ٢٨ .

(٢) ئەم نامەم لە رێگەی مەلا عوسمانی موفەتیشی ئەوقافەوە دەست کەوت.

(٣) مامۆستا شێخ مستەفای موفتیی کوڕی شێخ بابا رەسووڵی بەرزنجییە، ساڵی ١٢٣٤ک – ١٨١٨ز لەدایک بووە. سەرپەرشتیاری ئەوقافی سلێمان پاشای بابان بووە. خاتوون مریەمی کچی کاک ئەحمەدی شێخ خێزانی بووە. پاش موفتیی چاومار بووە بە موفتیی سلێمانی. ساڵی ١٣٠٣ک – ١٨٨٥ز کۆچی دوایی کردووە. گۆڕەکەی لە تەنیشتی گۆڕی شێخ مارفی نۆدێییەوەیە لە گردی شێخ مارف لە سەیوان. (هەندێک لەم زانیارییانەم بە دەمی لە مامۆستا عەبدولرەقیب یووسف وەرگرت، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵیش لە لاپەڕە (٧٧)ی کتێبی (الشیخ معروف النودهی)دا باسی کردووە.

وواجب است، که دایما در ترویج اسباب دین، وانجاح امور مسلمین سعی وجهد بلیغ بعمل آرند، وچونکه از زمرهء اصحاب قدرتند، دایما باید در احترام وتوقیر جانب علماء که باعث قوام وقیام ارکان دین مبین اند بکوشند، واز مال خالص خودتان ادارهء وجه معیشت ایشان ابذال صرف همت فرمایند، تاکه مثل دنیا خانه آباد آخرت گردند.

لکن عکس احوال مشاهده گردید، تأسف کلّی خوردیم، زیرا درین روزها ملایان بیتووشی، که همگی خاندان علم، وحقوق کلی بر اهل آنسامان دارند، بدینجا آمدند، بیان نقل کردن خودشان بدینطرف کردند، محب نیز چونکه اینماده موجب وهن کار دین و دنیای آنجناب واهل آنجا بود، ابدا تجویز ننمودم، وبعد از دلالت واستمالت کلی، ایشان را ازین کیفیت نادم ساختیم، و این! است ایشان را باز اعاده آنطرف کردیم، اگر چنانچه امتثال امر آلهی، وترویج دین غرای حضرت رسالتپناهی را منظور میدارند واز خاطر ما محبان ونیک خواهان گذشت نمیفرمایند، کما کان، ایشان در جای ومکان خودشان اسکان، وآنچه مخصوص ایشان بود بدیشان ارجاع و واگذار خواهند داشت، والا اگر گذشت ازهمه جهات خواهند کرد، ما ایشان را بدینجا آورده، بر حسب مطلوب ایشان را جای ومقام خواهیم داد. دیگر منتظر ارجاع مهمات وبیان اینماده...[1] میباشم

٢٧ ذي القعدة سنة ٣٠١

مفتی لوای سلیمانی

له پشتی نامەکە نووسراوە:

«بنظر انور کرام جهان خود مصطفی آغای دولکانی رسیده باد».

***

وا دیارە کێشەی مامۆستایانی بێتووش درێژەدار بووە وەک پەنایان بۆ لای مامۆستا شێخ مستەفای بەرزنجی بردووە پەنایان بۆ لای کاک ئەحمەدی شێخیش بردووە و، کاک ئەحمەدیش بەدەنگیانەوە هاتووە و نامەی بۆ ئەو کەسانە نووسیوە کە ستەمیان لێ کردوون[2]. بەڵام بەداخەوە مێژووی نامەکەی کاک ئەحمەد دیار نییە.

---

(١) یەک دوو وشەی نامەکەم باش بۆ نەخوێنرایەوە، ئەم نامەم لە تەک وتارێکی کورتدا لە ژمارە ٦٣ی کۆواری سلێمانیدا بلاو کردووەتەوە.

(٢) مامۆستا مەلا ئەحمەدی بێژوێیی بۆی نووسیم؛ وەک بۆیان گێڕاوەتەوە قازی مەلا عەبدوڵڵای ئەعوەری بێتووشی و مەلا عەبدولکەریمی مەعنەوی لە مەلایانی بێتووش چوونەتە خزمەتی کاک ئەحمەد و شکاتیان لەو کەسانە کردووە کە ئازاریان دەدەن. کاکەحمەدیش سێ نامەی بۆ نووسیون:

یەکەم: بۆ مستەفا ئاغای باپیراغا کە ئەو کاتە سەرداری عەشیرەتی باپیر ئاغایی بووە لە ئالان.

دووەم: بۆ ئاغایانی تر.

سێیەم: بۆ سەردار و سالاری تەورێز بووە.

ئەگەر وابێ ئەم نامەی ئێرە یەکێکە لەو سێ نامەی کاکەحمەدە و دەبێ چاوەڕوانی دوو نامەکەی تر بین بەڵکو!

هەروەها لە نامەکەی کاک ئەحمەددا کە بۆ (سیف الدین خان)ی نووسیوە دیار نییە کە (سیف الدین خان) فەرمانڕەوای بێتووش بووە یان نە. ئەوەندە هەیە کاک ئەحمەد لە نامەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە ئاغایانی ئالان ئازاری مامۆستایانی بێتووش دەدەن و سووکایەتییان پێ دەکەن و کاک ئەحمەدیش بەوە زۆر نارەحەتە.

دیارە کە ئالان سەر بە بێتووش بووە و، ئەو کاتە ئاغایانی ئەو ناوچە لەژێر دەستەڵاتی فەرمانڕەوایی بێتووشدا بووە.

لێرەدا دەقی نامەکەی کاک ئەحمەدیش بۆ (سیف الدین خان) بە دەقە فارسییەکەی و وەک خۆی بڵاو دەکەمەوە.[1]

بەڵام پێش دەقی نامەکە ئەوەندە دەڵێم: بەپێی دەستخەتی ژمارە (٢٢٤٠- ٢٢٤١)ی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی عەلی ئاغایەکیش فەرمانڕەوای بێتووش بووە، بەڵام دیار نییە لە بەرەی مستەفا ئاغایە یان نا، هەروەک دیار نییە لە چ سەردەمێکدا فەرمانڕەوای بێتووش بووە.

دەقی نامەکە وەک خۆی:

بجناب حبيبي وابن حبيبى سيف الدين خان! دعاى حفظ إيمان وسلامتى جان وفرزندان مى رسانم. بعد السلام ودعا بحصول مرام. عرض است:

ملاّيان بيتوش من القديم خاندان علم وديانت وصلاحت بوده‌اند ومى باشند، ومحسوبيت بخاندان محب داشته اند، بر همه‌كس رعايت وصيانت اهل علم از جملهء واجبات است؛ زيرا قوام دين باوهاست. حال آغايان آلان اراده كرده اند خرج ازوها بستانند، واوهارا تضييق كرده اند، بر سر ايشان- كه له الحمد صاحب تسلط واقتدارند- لازم است كه دفع ظلم ازوها بفرمايند، وبلكه اگر دفع نفرمايند بمفاد: (كلكم راع وكلكم مسؤل عن رعيته) بمحل خطاب ومعاتبهء حضرت باري- جل جلاله- درمي آيند. دخيل بفرياد اوها وخودتان برسند! ورفع اين ظلم عظيم از اوها بفرمانيد، احسان عظيم وموجب ممنونى ودعاهاى خير محب است.

الداعى الحزين على إهانة العالمين

السيد احمد البرزنجى

مۆر: عبده احمد

---

(١) ئەم نامەیشم لای مامۆستا عوسمانی موفەتیشی ئەوقاف دی و ڕێگەی دام بڵاوی بکەمەوە، سوپاسی دەکەم. (بڕوانە: ژمارە ٧٢ی گۆواری سلێمانی).

بجناب حبیبی وابن حبیبی سیف الدین خان دعا حفظ ایمان
وسلامتی جان و فرزندان می رسانم بعد السلام والدعا المحصور
مرام عرض است ملا[؟] یان بلیتوش من القدیم خاندان علم دیانت
وصلاحیت بوده اند ومی باشند ومحبوبیت بخاندان محبت
داشته اند بر همه کس رعایت وصیانت اهل علم از جمله واجبات
زیرا قوام دین باوهاست حال آغایان آلان اراده کرده اند
خرج از وهای بستانند واوها را تضییع کرده اند بر سرایشان
که لله الحمد صاحب تسلط واقتدار لازم است که دفع ظلم
از وهای بفرمایند وبلکه اگر دفع نفرمایند بمفاد کلکم راع وکلکم
مسؤل عن رعیته بمحل خطاب ومعاتبه حضرت باری جل جلاله
در می آیند دخیل صد دخیل بفریادا و ها
وجود شان برسند ودفع این ظلم بکنند

السید علی الحسینی
علی ... العالم
السید محمد الحریری
دولله

[حاشیه:] ... حبیب ... کرده ... ضمیمه ... [illegible]

من المخلصین باغ...

ملا رحیم — السید الوالی — الداعی الحق السید ... الوالی

ملا حسین قلی — ملا ...

مخدوم مکرم مطاع ... جناب ... فضائل ... ملا ...

بعرض دست بوسی و مملو ... مسئلت ... امید ... باشد

در کمال شوق ... ترقی ...

... امیدوار ...

اکنون میل ... که باز موافق مذهب شافعی هم نکاح ...

بەڵگەنامەکانی کوردستان

٥٧٥

سەرەتایەکی کورت

گەلانی خواپێداوی دنیا لە بواری کۆکردنەوەی کەلەپوور و بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەوە گەلێ کاری گەورەیان ئەنجام داوە و، رۆژ لە دوای رۆژیش لەو بوارانەدا کارگەلی گەورە گەورە دەخەنە سەر خەرمانی سامانی نەتەوایەتییان.

بەڵام ئێمەی کورد نە دەستخەتخانەمان بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی دەستخەتەکانمان هەیە و، نە ئەرشیفی نەتەوایەتیمان بۆ پاراستن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکانمان هەیە، دەیان و سەدان و هەزاران بەڵگەنامەی پڕ بایەخ و بە سوودمان هەن چاوەڕوانی ئەوەن شتێکیان بۆ بکرێ و سوودی خۆیان بدەن. من لە ئاستی خۆمەوە جاروبار لە دەرگەی ئەو بابەتانە دەدەم و، هەر جارەی دیارییەک پێشکێشی کتێبخانەی کوردی دەکەم، ئەم جارەیش بەم بەڵگەنامەیەوە دێمەوە ناو ئەم بابەتە، بەهیوای ئەوەی ئەمە هاندەر بێ بۆ ئەوەی لایەک لەم سامانە پڕ بایەخە بکرێتەوە.

بەڵگەنامەی کوردستان

لەبارەی بەڵگەنامە و ئەو دەقانەوە کە بە بەڵگەنامە دادەنرێن نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین دەق و دیکۆمێنتەکان بە زمانی کوردی بن؛ چونکە هەموو دەزانین تەمەنی پەخشانی کوردی ئەوەندە درێژ نییە ئەو جۆرە کارانەی لە کۆندا پێ کرابێ. بۆیە دەبێ بڵێین: (بەڵگەنامەی کوردستان) واتە ئەو بەڵگەنامانەی بەشێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییان بە کوردستان و زانا و ناوداران و کەسایەتییەکانیەوە هەیە، ئەمەیش بەهەر زمانێک بێ کە ئەو مەبەستانەی ئێمەی بەدی هێنا ئەوە بەڵگەنامەی کوردستانە و، لەم دەقانەیش - با لەلای خۆیشمان نەبن- مان زۆر زۆرە و ، تەنیا بەرنامەی گونجاو و شیاو و کەسی کارامە و لێهاتوویان دەوێت کاریان بۆ بکەن.

لە وتارێکدا لە ژمارە (١١٦)ی گۆڤاری راماندا[1] یەکەم جار و دواتریش لە بەرگی هەشتەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوەدا بڵاو بووەوە، باسی گەلێ لە سوود و بایەخی بەڵگەنامەم کرد، هەر بۆ دەرخستنی بایەخی بەڵگەنامە و جۆری بایەخدانی گەلانی تر بە بەڵگەنامە پوختەی سەر وتاری ژمارە (٥٧)ی (گنجینەء اسناد) دەکەم بە کلیلی دەرگەی ئەم بابەتە:

---

(١) **بروانە**: گۆڤاری (رامان) ژمارە (١١٦). هەروەها بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی **دەستخەتەکانیانەوە**. بەرگی هەشتەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل: ٣١٦ .

بەڵگەی نەتەوەیی فراوانکردنی فەرهەنگ

بێگومان لەناو سەرچاوە مێژووییەکاندا بەڵگەی نەتەوەیی و مێژوویی خاوەنی رەسەنی و بایەخ زۆرن؛ چونکە هەر بەڵگەیەکی ئیداری و دەرباری، یان هەر فرمان و نامەیەکی رەسمی - کە لە پێشینانەوە گەیشتبنە دەستمان- پێوەندییان بە رووداوی تایبەتی و دروستەوە هەیە و، لە ئەنجامدا پێوەندییان بە پێشینە و ئێستە و (اثر ومؤثر)ەوە هەیە، جگە لەوەی لەبارەیان دەگوترێت و لە ناوەڕۆکیشیان وەردەگیرێ، لەسەر بناخەی بایەخ و رەسەنایەتی دامەزراو و پایەدارن. بەپێچەوانەی دەقگەلی کۆنەوە کە ڕەنگە کوژاندنەوە و چاککردن و دەستتێوەردانیان تێدا کرابێ.

هەروەها بەپێچەوانەی شوێنەواری کۆنەوە کە بە بۆچوون و گومان و تەخمین و لێکدانەوە بۆیان دەڕوانرێ و کاریان بۆ دەکرێ.

دەبێ لە رووی بایەخی ئەم جۆرە سەرچاوەوە لە عاستی سەرچاوەکانی تری مێژوودا بگوترێت: ئەم بەڵگەنامە و سەنەدانە هەر ئەوە نییە بۆ ناساندن و دۆزینەوەی مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و نیزامی دەژمێردرێن، بەڵکو چونکە ئەنجامی کاردانەوەی ئیدارین و لە بارەی رەفتاری رۆژانەی کەسانی کۆمەڵگەوە بوون و، بۆ پاراستنی پێوەندیی کۆمەڵگە بە دەستگاکانی ئیداری و فەرمییەوە ئامادە کراون، دوورن لە درۆ و خۆ نواندن و، مەبەستی تایبەتی. جا بە بۆنەی ئەو بایەخ و جێگەی متمانەییەی لە رووی رەسەنی و تۆمارکردنی رووداوەکانەوە هەیانە، لە کۆنەوە، تەنانەت لە کۆمەڵگە کۆنەکانیشدا، ناسراو و پڕ بایەخ بوون. لەبەر ئەمە بە سوودوەرگرتن لەم جۆرە بەڵگەنامانە دەکرێ پەی بە هەڵە و پەردەپۆشی و چاو و راوکردن و چەواشەکاری و شێواندنی خواستی هەندێک لە مێژوونووسانی کۆن ببرێت، وەک دەکرێ لە رێگەی ئەو بەڵگەنامانەوە گەلێ رووی تایبەتی و نەزانراوی مێژووی کۆن بە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو بەڵگەنامانە بەدەست بێت.

لەم رووەوە دەتوانرێ بگوترێت: لەناو هەموو سامانی نەتەوەییدا بەڵگەنامەی نەتەوەیی و مێژوویی و ئەرشیفیی بە بایەختر و گرانبەهاتریانن. چونکە ئەو بەڵگەنامانە ئەنجامی زانست و ئەزموونی پێشینانمانن، لە راستیدا دیاریی چینەکانی پێشوون بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ. بۆیە ئێمە چەند بایەخ بە ئەرشیف و پاشماوەکانمان بدەین و چاوەدێرییان بکەین ئەوەندە نیشانەی ئەوەیە کە چەند لە مێژووی شارستانیەت و فەرهەنگی خۆمان ئاشناین و زانست و ژیری و دانایی زیاتر دەزانین و، پەی بە پلەی زانایان و رۆشنبیران و دانشمەندانمان دەبەین و، لە ژیانی رۆژانەماندا لە ئەزموونی پێشینانمان زیاتر بەهرەمەند دەبین و، هەڵەکانی ئەوان دووبارە ناکەینەوە و، کۆمەڵگە، بەتایبەتی گەنجان، لە فەرهەنگی پێشینان دانابڕێن و ئەنجام، چ لە کۆندا چ ئێستە، پلەی ژیری و ئاگایی گەلان و دەوڵەمەندیی فەرهەنگییان لە رووی بایەخدانی دەوڵەتانەوە بەم جۆرە دەسگا و ناوەندانە دەنرخێنرێ و هەڵدەسەنگێنرێ.

خۆشبەختانە لەم ساڵانەی دواییدا بایەخدان بە مێژوو و شارستانیەت و ئەرشیف و بەڵگەنامە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا رەنگ و روویەکی باشی بەخۆیەوە دیوە و ڕۆژانە شایەتی فراوانکردنی زانستی

ئەرشیف و بایەخدان بە بەڵگەنامەی نەتەوەیی و مێژوویی لە کۆمەڵگاکەماندایین، ئەمساڵیش بە کردنەوەی رەسمیی تەلاری (گەنجینەی ئەسنادی نەتەوەییی ئێران) شایەتی ئەوپەڕی بایەخدانی دەوڵەت بەم کارە گەورە بووین و، ئینشائەڵڵا زۆریشی پێ ناچێت کە شایەتی پرشنگدانەوەی نیشانەی زیاتر بە سنگی گەلی ئێرانەوە دەبین"[1].

لە دوای کردنەوەی ئەم دەرگەیەوە دێمە سەر ئەوە بڵێم: ئێمەی کوردیش- وەک هەموو گەلانی جیهان- خاوەنی سامانی نەتەوەیی و کولتووریی خۆمانین و یەدان و هەزاران بەڵگەنامەمان هەیە شیاوی ئەوەن، پێش هەموو شتێک باش بیانپارێزین و لە ترسی مەترسی لەناوچوون و لەناوبردن رزگاریان بکەین، دوای ئەوە بە بەرنامە و لە رێگەی کەسانی کارامە و شارەزا و بە چاولێکردن و پەیڕەوکردنی کاری گەلانی جیهانەوە، هەنگاوی ورد و لەسەرەخۆ بنێین بۆ بڵاوکردنەوە و بووژاندنەوەی ئەو بەڵگەنامانە و، فەرهەنگ و سامانی کولتووریمانیان پێ بەهرەمەند بین و پەندیان لێ وەربگرین.

لەم هەلەدا بەڵگەنامەیەکی گەورەدەستەڵاتدارێکی کورد کە ماوەیەک لە کوردستانی ئەودیودا - سنە و دەوروبەری- فەرمانڕەوا و بەرپرس و فەرماندە بووە، دەکەم بە کەرەسەی ئەم بابەتە، بەهیوای ئەوەی کردنەوەی دەرگەیەک بێت لەم لایەنە فەرامۆشکراوەی سامانی نەتەوایەتیمان و، هاندەرێک بێت بۆ ئەوەی ئێمەیش بەخۆماندا بچینەوە و لاسایی گەلانی جیهان بکەینەوە و- با درەنگیش بێت- نەختێک بەخۆکەوین و بەرگری لە بەزایەچوونی ئەو سامانە پڕبایەخە بکەین.

لەم بوارەدا لە ئەرشیفی تایبەتیی خۆمدا چەندان بەڵگەنامەی بە بایەخم - هەندێکیان وەک خۆی و بە ئەسڵی و هەندێکیان بە وێنە- کۆ کردووەتەوە و پاراستوومن و، ناو بەناو لە چەند گۆڤار و شوێندا لێیانم بڵاو کردووەتەوە[2]، لێرەیشدا هەنگاوێکی تر لەسەر ئەو رێگە دەنێم و، زنجیرەیەک بەڵگەنامە - بەیارمەتی خوا- دەخەمە پاڵ بەڵگەنامە بڵاوکراوەکانی پێشوو.

باسێکی دەستخەتەکانی بەڵگەنامەکان:

ئەمانەی لێرەدا نموونەیان لێ بڵاو دەکەمەوە سێ بەڵگەنامەن لە کۆی (١٨) بەڵگەنامە کە ئەسڵەکانیان لای دوکتۆر کەمال فوئاد پارێزراون.

ئەم سیانەیان لە رووی نووسینەوە و بایەخپێدانیانەوە لەوانی تر جیاوازن و جوانترن. ئەم سیانەیان - وەک لەمەولا دەبینی- پێوەندییان بە عەلی ئەکبەرخانی شەرەفولمولکەوەیەوە بۆ ئەو نووسراون.

بەڵگەنامەی یەکەم: پێوانەی (٣٠×٢٤٠)ە بەخەتی (نستعلیق) نووسراوەتەوە، خەتی شایەتیی و بەرمۆرەکانیشی بەزۆریی بەهەمان خەت نووسراونەتەوە. باسی زەوییوزارەکان لەناو جۆگەلە و بەشبەشی چوارگۆشە و لاکێشیدا نووسراوە. ئەم باسانە بەدرێژیی لە باسی بەڵگەنامەکانیدایە.

---

(١) بڕوانە: گنجینهء اسناد، فصلنامهء تحقیقات تأریخي، سال پانزدهم- دفتر اول، بها ١٣٨٤ . شمارهء ٥٧

(٢) لەوانە: گۆڤاری گەلاوێژی عەرەبی و، گۆڤاری سلێمانی و، گۆڤاری رامان.

بەڵگەنامەی دووەم: لە کاغەزێکی پاندا بە خەتی نوسخ و (نستعلیق) نووسراوەتەوە بەمەرەکەبی رەشی و سوور. پێوانەکەی (٥٣×٧٠)ە.

بەڵگەنامەی سێیەم: لە کاغەزێکی پاندا - وەک بەڵگەنامەی دووەم- نووسراوەتەوە پێوانەکەی (٥٣× ٨٨)ە.

بەڵگەنامەی یەکەم

بۆ ئەم زنجیرە بەڵگەنامە یەکەمیان بەڵگەنامەیەکم هەڵبژارد کە بە فەرمانی عەلی ئەکبەر خانی (شرف الملك)ی جێگری حکوومەتی کوردستان -سنە- نووسراوەتەوە و، وەک لەمەولا دەردەکەوێ بایەخی تایبەتی خۆی هەیە.

عەلی ئەکبەر خان کێیە؟

لەو سەرچاوانەی لە بەردەستمدان دوو سەرچاوە هەیە کە گومانی ئەوەیان بۆ بچێ باسی ئەم پیاوەیان تێدابێ.

یەکەمیان: (لغت نامەء دهخدا) کە بەداخەوە ناوی چەندان (شرف الملك) و (علي اكبر)ی تێدایە ناوی ئەو عەلی ئەکبەرخانەی کوردی تێدا نییە.

دووەمیان: (تأریخ مردوخ)ی ئایەتوڵلای مەردۆخی کوردستانییە، ئەمیش دووبارە - بەداخەوە- (١٣) جار لە کارەسات و رووداوی جۆراوجۆردا ناوی عەلی ئەکبەر خانی هێناوە، بەڵام جارێکیش چییە بەلای مێژووی ژیانیدا نەچووە، لە یەک شوێندا لە رووداوێکدا کە لە رۆژی حەوتی (جمادي الثانية)ی ساڵی ١٣٣٠دا بووە - دیاریی نەکردووە هەتاوی یان مانگییە- عەلی ئەکبەر خان و کورەکەی کوژراون. لە چەند جێگەی پەراگەندەی تردا دەردەکەوێ کە عەلی ئەکبەر خان ساڵی ١٢٩١ لە کوردستان -سنە- بووە و، ساڵی ١٣٠٠ لە فەرمانڕەواییی ئەردەبیل لاچووە و، ساڵی ١٣٠٣ لە سنە کاردار بووە و، ساڵی ١٣٠٤ لە ئەسفەهان بووە و، ساڵی ١٣١١ کاروباری شارۆکەی بانەی رێک خستووەتەوە[١].

ئەم عەلی ئەکبەر خانی (شرف الملك)ە، بە عەلی ئەکبەر خانی یەکەم و (نایب الحكومة) ناسراوە، کوڕی محەمەد سادق خانی ئەردەڵان بووە. محەمەد سادق خان حەوت کوڕی بووە.

١- محەمەد جەعفەرخان.

٢- محەمەد ڕەزاخان.

٣- عەلی ئەکبەر خان (شرف الملك)ی یەکەم (نایب الحكومة).

٤-مووسا خان.

---

(١) بڕوانە: تألیف فاضل شهیر حضرت آیت الله شیخ محمد مردوخ کردستاني. تهران نشر کارنگ، ١٣٧٩ ل: ٤٢٨، ٤٤١، ٤٤٤، ٤٤٦، ٤٥٣ .

٥- لوتفوڵڵا خان.

٦- شێخ فەرەجوڵڵا خان.

٧- محەمەد سەلیم خان.

عەلی ئەکبەر خانیش حەوت کوڕی هەبووە کە ئەمانەن:

١- سلێمان خان (شرف الملك)ی دووەم. خەتخۆش بووە.

٢- عەلی ئەوسەط خان.

٣- عەلی خان (خانی یەکەم).

٤- ئەحمەد خان (شرف الدولة).

٥- مەحموود خان (صغیر).

٦- ئەعظەم خان.

٧- عەلی ئەعلا خان[1].

چەند سوودێکی بەڵگەنامە:

یەکەم: گەلێ جار وا دەبێ ناوی گوند و مەزرا و چیا و کەند و دۆڵ... گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵگەنامە ناوی کۆنی ئەو شوێنانەی لە سەردەمی نووسرانی بەڵگەنامەکەدا چۆن گوتراون، تێدا پارێزراوە، جاری وا هەبووە گوندێک هەر لە بەین براوە یان تێدا چووە، کەچی لە بەڵگەنامەدا ناوی پارێزراوە.

دووەم: لە رووی چەند بەڵگەنامەوە کە لە سەردەمی جیا جیادا نووسرابن شەقڵ و شێوەی جۆراوجۆری نووسینی بەڵگەنامە دەزانرێت و، دەزانین بە چ خەت و کاغەز و مەرەکەبێک نووسراون و، زمانی نووسینی ئەو سەردەمە چۆن بووە.

سێیەم: لێرەدا خۆم وەک واعیز و وتاربێژ دانانێم و، وتارەکەم سەرکۆ و بڵندگۆی مزگەوت نییە، بەڵام بیرخستنەوەی هەندێک رەفتاری چەوت و هەڵەی مێژوویی کە لە هەموو سەردەمێکدا هەندێ دەسەڵاتدار و کاربەدەستی تێ دەکەوێ، بێ سوود نییە، بەڵکو ئەمە یەکێکە لەو سوودانەی لە روانگەی مێژووەوە لەو دەقانەوە دەخوێنرێتەوە و لێیان وەردەگیرێ.

ئەو بابەتانەی ئەم بەڵگەنامیان بۆ نووسراوە چین؟

ئەم بەڵگەنامە بۆ کڕینی گوند و زەویوزار و ئاش و جۆگە و شتی وا نووسراوە، کە ژمارەیان لە حەفتا تێ دەپەڕێ. دەبێ جگە لەمانەیش کڕیاری ئەو زەویوزارانە کە عەلی ئەکبەر خانی (شرف الملك) بووە، چەند فەرشی نایاب و خانوو و تەلاری تری کڕیبێ؟ دەبێ چەند شتی تری ناوماڵی

---

(١) ئەم ناوانەم لە مامۆستا سەید باقری هاشمی وەرگرت، لە ساغکردنەوە و خوێندنەوەی دەقەکەشدا یارمەتی دام.

هەبووبێ؟ دەبێ چەند ئاژەڵ و گا و گۆتاڵ و ماین و ئەسپی ڕەسەنی هەبووبێ؟ دوای ئەمانیش دەپرسین: دەبێ چەند کۆڕ و کۆمەڵی گرتبێ تا ئەو هەموو مامۆستا و زانا و پیاو ماقووڵ و کاسبکارانەی کۆ کردبێتەوە تا بیانکات بە شایەت بەسەر زەویوزار و سامانەکەیەوە؟ جا دوای ئەمانەیش و ئەوانەیش دێمە سەر پرسیاری جێگەی مەبەست و دەڵێم: دەبێ ئەم پیاوە کەی کاتی ئەوەی هەبووبێت بیر لە ڕەعییەت و ڕەشە خەڵک بکاتەوە و بە کاروباریاندا ڕابگات؟ دەبێ چی لەگەڵیاندا کردبێت؟ ئەگەر ئەوەندەی مەبەستی بووە زەویوزار و جۆگە و ئاش بەیەکەوە بنێت ئەوەندەیش ڕەعییەتی مەبەست بووایەت ئەڵبەت ئێستە لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو چەند کاری دیار و شایستەی بۆ تۆمار دەکرا.

ئەم پرسیار و بیرخستنەوانەم بۆ ئەوەیە بڵێم: ئەو زەویوزار و باخ و داخە دوای (شرف الملك) چییان بەسەر هات؟ دیارە وەک مامۆستایەکی ژیر و خاوەن بیر بە میرێکی فەرموو: ئەگەر بۆ کەس بمایەن نەدەگەیشتنە دەست تۆ! ئەمیش بۆی نەماونەتەوە و کەوتوونەتە دەست کەسانی تر و، دوای ئەو چەند دەستی تریان دیوە.

دوای ئەمانە دێمە سەر مەبەست لەسەر ئەم باسە کورتە و وەک لە پێشەکیی (گەنجینەی ئەسنادا)یشدا بوو، یەکێک لە سوودەکانی بەڵگەنامەکانی کۆنمان ئەوەیە کە ئەگەر پێشینانمان هەڵەیەکیان کردبێت ئێمە تێی نەکەوینەوە، هەڵەیش لەوە گەورەتر کامەیە کە یەکێک کارێکی کەوتە دەست و، بەرپرسیارییەکی خرایە ئەستۆ پێش هەموو شت بیر لە کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بۆ خۆی بکاتەوە و هەوڵ بدا خۆی و خزم و کەسوکاری دەوڵەمەند بکا و بیانگەیەنێتە پلە و پایە؟ دیارە ئەمە خواست و ئارەزووی کەسانێکە کە بە هەڵە لە دنیا و بەرپرسیاریەتی گەیشتوون و، ئەوەیان لە بیر دەچێتەوە کە هیچی لەگەڵ خۆیان نابەن و، دوای خۆیان دابەش دەکرێن و بۆ کەسانی تر دەچن و ئەمیش ناوی باشەی بۆ نامێنێتەوە! بەڵکو ژیر ئەو کەسەیە هەوڵی ئەوە بدات - لە جیاتی کۆشک و تەلار و سامان- نەمری بۆ خۆی بهێڵێتەوە، کە ئەویش تەنیا لە ناوی باش و کردەوەی چاکدایە کە بەخزمەتی شیاو و دروستی هاونیشتمان و کەسانێ دێتە دی کە ئەو لە ژیانیدا لێیان بەرپرس و بەرپرسیار بووە.

سوودێکی تری بەڵگەنامە لەوەدایە لە کۆتایی و پەڕاوێزی بەڵگەنامەکاندا ناوی چەندان زانا و کەسایەتیی گەورە و ناودار و ناسراو نووسراوە، کاتی واش هەیە ناوی کەسانێک نووسراوە لە سەرچاوەکاندا باسیان نییە، یان ئەگەر ناویان هەبێت لە سنوورێکی تەسکدایە و، زانیاری لەسەر قۆناخەکانی ژیانیان و ئەو کاروبارانەی لە ئەستۆیاندا بووە و، ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیان بووە و ئەنجامیان داون، لەدەستدا نییە، بەڵام دەبینین لە پەڕاوێزی بەڵگەنامەیەکدا ناوی هاتووە و بەڵگەنامەکە مێژووی پێوەیە. بەوە دەزانین کە ئەو کەسە لەو مێژووەدا لە ژیاندا بووە، لە بەڵگەنامەیەکی تردا دیسان ناوی هاتووە و باسی ئەوە کراوە مامۆستای فلان گوند یان شارۆکە بووە، یان قازیی یان موفتیی شوێنێک بووە، لەمیشەوە شتێکی تر لە مێژووی ژیانی دەدۆزرێتەوە، جا تا چەند ئەو بەڵگەنامانە زۆربن و بۆ قۆناخگەلی جیا جیا بگەڕێنەوە، ئەوەندە مێژوومان

دەوڵەمەندتر دەکەن و سوودی زیاتریان بۆ دۆزینەوەی قۆناخەکانی مێژووی ژیانی زانایان و ناودارمان دەبێ.

چەند سەرنجێک لەبارەی ئەم دەقانەوە:

یەکەم: نازانم و دیار نییە دەقەکان کێ دای ڕشتوون، دیارە پیاوی زانا و پەخشاننووسی شارەزای ئەو سەردەمەیان بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردووە. بە زۆری دەقی بەڵگەنامەکانی کۆن بەم شێوەن.

دووەم: نووسەرەوەکانیشیان کە دیارە لە خۆشنووسانی ئەو سەردەمە بوون، وەک داڕێژەری دەقەکان، زانراو نین. دەبێ ئەوە بڵێم: دەگونجێ نووسەر و داڕێژەرەکەی یەک کەس بووبێت، وەک دەگونجێ دوو کەس بووبن.

سێیەم : نووسینەکان تێکەڵاو و شکستە و لە هەندێ جێگەدا بێ نوختە یان کەم نوختەن و، ئەمەیش کاری خوێندنەوەیانی گران کردووە.

چوارەم: نووسینەکان پوخت و ساف و بێ هەڵەن، ئەگەر کەم - کەم هەڵە لە هەندێکیاندا هەبێت ڕاستی ناکەمەوە و وەک خۆی دەینووسم.

بۆ نموونە لە هەندێک جێگەدا نووسراوە (بسم اللّه وخير الأسماء).

پێنجەم: لە دەقەکاندا فارسی و عەرەبی تێکەڵ کراوە و جاری وا هەیە وای لێ دێت وەک ئەوە وایە دەقەکە عەرەبی بێ.

شەشەم: زۆری بەرمۆرەکان - ئەو دەقانەی لە پێش مۆرەکانەوە نووسراون- وەک یەک وان یان لەیەکەوە نزیکن، بەڵام لەبەرئەوەی مەبەستی سەرەکیی من لە نووسینیان ناوی نووسەرەوەکانیانە دەقەکانیش دەنووسم.

حەوتەم: خەتی بەرمۆرەکان بەزۆری خۆشن و خەتەکانیان خۆشە، ئەگەر خەتی خاوەن مۆرەکان بێت دیارە هەموویان خەتخۆش بوون، دەشگونجێ هەندێکیان کەسانی تر نووسیبنیان.

هەشتەم: زۆربەی خاوەن مۆرەکان تەنیا ناوی خۆیان- یان شتێک کە ئاماژە بێت بۆ ناویان- یان نووسیوە، دیارە ئەو کاتە ناسراو بوون، بەڵام ئێستە نایانناسین. جگە لەمە واش دەبێت یەک ناو - محەمەد- یان مەلا عەبدوڕەحمان... یان- لە بەڵگەنامەیەکدا چەند پات دەبێتەوە، خۆ ئەگەر بە هەر زەحمەتێک مەلا عەبدوڕەحمانێکیان بناسین، ئەوا لەناو ئەو چەند ناوەدا پەی بە کەسایەتیی هەموویان نابەین.

نۆیەم: ئەوەی لە دوای بەرمۆرەکانەوە لەناو دوو کەوانەدا نووسیومە ئەوە نووسراوی ناو مۆرەکانە، واتە ناوی یەکێک لە شایەتەکانی ناو بەڵگەنامەکەیە کە کراوە بە شایەت لەسەر ئەو مامەڵە.

دەیەم: هەر مۆرێکیش کە بۆم نەخوێنرایەوە لەناو دوو کەوانەکەدا چەند خاڵ دادەنێم، تا بزانرێ بۆم ساغ نەکراوەتەوە.

ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان:

ئەم بەڵگەنامانە بە زمانێکی فارسیی تێکەڵکراو لە عەرەبی و بەشێوەیەکی پڕ لە زاراوەی پەسن و ستایش و پیاهەڵدانی لە رادەبەدەر و موبالەغاوی وا نووسراون کە ئەگەر بێتو تەرجەمە بکرێن هەر زۆر زۆریان دەوێت و، زیادیش نەڕۆیشتووم ئەگەر بڵێم: لە توانادا نییە وەک خۆیان تەرجەمە بکرێن. خۆ ئەگەر لە توانایشدا بێت تەرجەمە بکرێن بەو دەقەی خۆیان سوودێکی ئەوتۆ بە ڕەوشی ڕۆشنبیری ئەمرۆ نادەن، بگرە ئەوەی بۆ ئەمرۆ پێویستە ئەوەیە ناوەڕۆکی ئەو دەقانە بزانرێت و، لە هەمان کاتیشدا ئەوە بزانرێت لەو سەردەمەدا چ جۆرە ئینشا و ڕێورەسمێک بۆ نووسینی بەڵگەی موڵکایەتی و قەباڵەجات بەکار هێنراوە.

بۆیە من لێرەدا - کە دەقەکان بەکوردی نین- پوختەی ناوەڕۆکەکانیان و ئەوانەی لێیان وەردەگیرێ دەکەم بە کوردی، تا خوێنەری کورد ئاگەداری ئەو ناوەڕۆکە بێت، کە وا دەزانم لەوەیشی زیاتر بەولاوە جێگەی بایەخ نییە.

بەڵگەنامەی یەکەم:

لەبەرئەوەی عەلی ئەکبەر خان (شەرەفولملوك) جێگری حکوومەتی کوردستان، زەویوزار و دووکان و بازاڕ و کۆشک و تەلارێکی زۆری لە ناوچەی کوردستان بەشێوەی شەرعیی بەدەست هێناوە و، بۆ هەر یەکێک لەو زەویوزار و ماڵانە یەک دانە سەنەد و بەڵگەی موڵکایەتی لەدەستدایە و، ئەو بەڵگە و قەباڵانەیش زۆرن و لەوانەیە لێیان بدزرێت یان لەناو بچێت.. داوای لە پیاوانی شەرع کرد کە ناوەڕۆکی یەکە یەکەی ئەو قەباڵانە بە کورتی لە یەک فیهرەستی سەربەخۆدا کۆ بکەنەوە، کە ئەگەر یەکێک لە قەباڵەکان لەناوچوو ئەو فیهرەستە درێژە جێگرەوەی ئەو لەناوچووە بێت و، بەڵگەی موڵکایەتییەکە بێت. لەسەر داوای ناوبراو کورتەیەک لە درێژەی ناوەڕۆکی قەباڵەکان جیا جیا لێرەدا نووسرا تا بۆ ڕۆژگار بەڵگەی بەهێز و سەنەدی شەرعیی موڵکایەتیی ئەو موڵکانە بن.

دوای ئەمە کاغەزێکی پان و درێژ بە پێوانەی (٣٠×٣٠٠)[1] بە مەرەکەبی تەلایی جۆگەلە-جۆگەلە کراوە و لە زیاد لە حەفتا جێگەیاندا ناوی زەوی و باخ و ئاش و خانوو و شتی تر نووسراوە کە عەلی ئەکبەر خانی شەرەفولملک کڕیونی. لە هەر جێگەیەک لەو جێگایانەدا ناوی کڕیار و فرۆشیار و شتە فرۆشراوەکە بە وردی دیاری کراوە.

لەو بابەتانە لەبەر زۆرییان و، لەبەر ئەوەیش نووسینەوەی گشتیان نابێ بەهۆی زانیارییەکی تازە و بەسوود بۆ باسەکەی ئێمە، وام بە باش زانی بە دەقەکەی خۆیان و وەک خۆیان نموونەیان لێ وەربگرم و، بۆ ئەمەیش لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییی بابەتەکان سێ- سێ.. سێ. نموونەم لێ وەرگرتن و وەک خۆیان ڕوونووسم کردن.

---

(١) درێژییەکەی سێ مەتر زیاترە، بەڵام نزیکەی سێ مەتری نووسراوی تێدایە، ئەوەکەی تر بە جۆگەلە جۆگەلەیی و بە سپێتی هێڵراوەتەوە، لەوانەیە بەهیوای ئەوە بووبێت ئەو بەشەیش بە قەباڵە و سەنەدی کڕینی موڵک پڕ بکاتەوە.

مۆرەكانی سەر بەڵگەنامەكە

ئەم بەڵگەنامە دوای ئەوەی بەو شێوە بە خەتێكی (نستعلیق)ی زۆر جوان نووسراوەتەوە بە باشترین مەرەكەب و كاغەز و خەتخۆشترین كەسی ئەو سەردەمە، بەڵگەنامەكە پێشانی زانایان و قازییان و موفتییان و بازرگان و كاسبكاران و كەسانی تر دراوە، ئەوانیش بە شێوەگەلی جیا جیا، بە زمانەكانی فارسی و عەرەبی، بە دەقی درێژ و كورت، شایەتییان لەسەر دروستیی ناوەرۆكی بەڵگەنامەكە داوە و، لە دوای شایەتییەكانیانەوە مۆری تایبەتی خۆیان داناوە.

ژمارەی ئەو كەسانەی لەسەر ئەو بەڵگەنامە شایەتییان داوە (٨٢) كەسن لە ناوداران و زانایان و پیاوماقووڵانی ناوچەكە و دەوروبەری.

بەشی زۆریان لە مۆرەكانیاندا هەر ناوی خۆیان نووسیوە، وایش دەبێ ناوەكەیشیان بە دروستی نەنووسیوە، تەنیا ئاماژەیان لە مۆرەكەدا نووسیوە، دیارە ئەوە بۆ ئەو سەردەمە بەس بووە و كەسەكان كەسایەتیی ناودار و ناسراوی ناوچەكە بوون، بەڵام بۆ ئێستە و ئێمە نەناسراو و نامۆن و، نازانین كێن و كاتی خۆی چی بوون و چ دەورێكیان گێڕاوە.

هەروەها زۆر كەمیشیان لە تەک مۆرەكەدا مێژووی مۆركردنەكەیان دیاری كردووە. ئەمانە ئەگەر وا نەبووایەن سوودیان گەلێ زیاتر دەبوو.

بەهەرحاڵ من دەقی پێشنووسی پێش هەر ٨٢ مۆرەكەم – ئەوەی بۆم ساغ بووەتەوە– نووسیوە. بەزۆریش ساغم كردوونەتەوە، بەڵام گەلێ لە مۆرەكان یان باش دەرنەچوون، یان شێوەی نووسینەكەیان پێچ و پلووچە و بۆم نەخوێنراونەتەوە، بۆ ئەو شوێنانە لەنێو دوو كەوانەدا خاڵم داناوە.

سەرەتای بەڵگەنامەكە و چەند دەقێک

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله العلي الأكبر الأحكم الأعدل في عالم الإمكان، الذي لا يتطرق إلى سرادقات قدسه تغيير ولا نقصان، وأعطى ما شاء من الأملاك والقرى والبلدان، من شاء حسب الاستعداد والقابلية والشأن، وجعل سيدنا ومقتدانا محمداً علة جامعة ووسيلة ساطعة لإيجاد الأكوان، وصيره شرفاً لملك الإسلام والإيمان، ومعدناً للأمن والأمان، ومنبعاً للجود والإحسان، المختار من المختار من عدنان. صلى الله عليه وعلى آله وأصحابه صلاة وسلاماً يتبعهما روح وريحان، ويعقبهما مغفرة ورضوان.

وبعد: چون سركار عظمت مدار معدلت كردار، امير الامراء العظام، نتيجة الولاة الفخام، باسط بساط أمن وأمان، قالع آثار جور وطغيان، مقرب الخاقان (علي أكبر خان شرف الملك) نائب الحكومهء كردستان– دام إقباله– املاك مفصله را از: قراء، وعمارات، ورباطات، ودكاكين بازار، واقعه در محال كردستان اكتساب شرعي فرموده، وبنجاله وقيد تملك اختصاص خود در آورده بودند ، وبراى ملك هر يك قباله وسجل معتبر محكوم به بخطوط وخواتم اهالي شريعت مقدسه در دست داشت، ليكن بعلة تعدد وتكثر قبالجات ممكن بوده كه بعضى از آنها مفقود ويا مسروق گردد، از اهالي شر ع

مطاع ملتمس وخواهان شد، كه مضمون هر يك ازان قبالجاترا اجمالا در ضمن فهرست عليحده جمع نموده، كه اگر فرضا يكي از آنها مفقود ومعدوم شود همان فهرست سند كافى ودليل وافى باشد.

اجابة للتمسه مجملى از مفصلى هر يك ازان قبالجات را در جداول اين فهرست جدا- جدا ثبت ودرج نموده، تادر روزگار حجت قوى وسند شرعى بر ملكيت املاك مفصله قوى باشد.

نموونه له دهقهكان:

١- چهار دانگ ويك طسوج از قريهء صفى آباد من محال جوانرود از عالى جاهان: محمد جعفر خان، وموسى خان، وفرج الله خان، ومحمد سليم خان، ولطفعلى خان. وعليا جاهان: زيبا خانم، وخورشيد لقا خانم، وحوري لقا خانم، بردران و خواهران سركار مقرب الخاقان على اكبر خان شرف الملك- دام اقباله- بصيغ بيع ونذر واجاره ومصالحهء صحيحيهء شرعيه در مقابل اخذ وقبض مبلغ چهار صد تومان نقد رايج بسركار عظمت مدار علي اكبر خان شرف الملك معظم اليه انتقال شرعى پذيرفته. في شهر شعبان المعظم سنة ١٢٧١ .

٢- ايضا يك طسوج وسه ذره از قريهء صفي آباد مزبوره از عليا جاهان بگم خان، ملقبه بخانم كوچك، صبيهء مرحوم محمد صادق خان- غفر له - سپس بيع ونذر واجاره ومصالحهء شرعيه، در مقابل مبلغ پازده تومان نقد رايج بسركار با اقتدار علي اكبر خان شرف الملك انتقال شرعى يافته، بانضمام سهم موروثي سركار شرف الملك، وسهم موروثي عاليجاه محمد رضا خان، كه بعاليجاه لطف علي خان برادرش سپس معاوضهء ملكى انتقال يافته. واز و نيز بسركار مقرب الخاقان شرف الملك بجميع صيغ ناقلهء شرعيه منتقل گرديده. ششدانگ قريهء مزبوره ملك حق وحق طلق سركار معظم اليه ميباشد.

٣- ششدانگ دو دست عمارات ابتياعى از عاليحضرت خير الحاج حاجي اسد الله تاجر همدانى، از سركار جلالتمدار، فخر الولاة العظام، مقرب الخاقان، امان الله خان والى- دام اقباله- بطريق هبه ونذر شرعى بسركار على اكبر خان شرف الملك انتقال شرعى يافته في شهر صفر المظفر١٢٧١. مخفى نماند كه خانهاى مرقومه الآن درجاى آنها كاروانسراى احداثى سركار مقرب الخاقان شرف الملك- دام اقباله- ساخته وبنا شده است.

٣٠-[١] سه دانگ از قريهء گزنه و سه دانگ از قريهء گندمان من محال حسن آباد، بعد از وضع چند قطعه املاك ورثهء مرحوم ملا سليم، در قريهء گندمان از عاليجاه ميرزا آقاى تاجر كاشاني ناظم التجار كردستان، در مقابل اخذ وقبض مبلغ يكهزارو ششصد تومان نقد رايج، بسركار مقرب الخاقان خان شرف الملك انتقال شرعى پذيرفته في شهر ذي حجة الحرام سنة ١٢٨٦ .

٣١- دو دانگ از قريهء ناوگران، من محال ئيلاق، از عاليجاه زين العابدين سلطان توبخانهء مباركه، بصيغ بيع ونذر واجاره وصلح شرعى، در مقابل اخذ وقبض يكصدو ده تومان نقد رايج بسركار

---

(١) ئەم ژمارە بەپێی ژمارەی ناو بەڵگەنامەكەیە، واتە دەق و نووسینی (٢٧) قەبالەم - دوای سێیەم- بواردووە و هاتوومەتە سەر (٣٠)ەم.

معظم اليه انتقال شرعى يافته. في شهر ذي حجة الحرام سنة ١٢٨٦ .

٣٢- ششدانگ قريهء على آباد، واقعه در محال ئيلاق، از عاليجاه ميرزا مهدى قلى، خلف مرحوم ميرزا اللّه قلى، بطريق مبايعه ومواجره ومناذره ومصالحهء شرعيه، در مقابل مبلغ يكهزار تومان نقد رايج مأخوذ ومقبوض، بسركار با عز وقار خان شرف الملك- دام مجده- انتقال شرعى پذيرفته. في شهر ذي حجة الحرام سنة ١٢٨٦ .

٦٨- دو دانگ از قريهء ولير، من محال ژاورود، از جنابان ملا عبدالرزاق، وملا محمد باقر، خلفان مرحوم مبرور ملا احمد شيخ الاسلام، بجميع صيغ ناقلهء شرعيه از: بيع ونذر واجاره ومصالحهء شرعيه... در مقابل مبلغ يكصد وپنجاه تومان نقد رايج مأخوذ ومقبوض بسركار مقرب الخاقان شرف الملك انتقال شرعى يافته، في شهر رمضان المبارك سنة ١٢٩٢ .

٦٩- ششدانگ مالكى قريهء نورهء عليا وسفلى، از جناب مستطاب ملا لطف اللّه شيخ الاسلام بجميع صيغ ناقلهء شرعيه من: البيع والنذر والاجارة والمصالحه، در مقابل مبلغ دو هزار و پانصد تومان نقد رايج مأخوذ ومقبوض بسركار شوكت مدار مقرب الخاقان شرف الملك معظم اليه انتقال شرعى پذيرفته. في شهر ذي قعدة الحرام سنة ١٢٩٢ .

٧٠- چهار دانگ مفرز از قريهء كرسي، از جناب مستطاب ملا لطف الله شيخ الاسلام بجميع صيغ ناقلهء شرعيه از: مبايعه ومواجره ومناذره ومصالحهء شرعيه، در مقابل اخذ وقبض مبلغ سه هزار تومان نقد رايج، بسركار شوكت مدار مقرب الخاقان على اكبر خان شرف الملك- دام اقباله العالى- انتقال شرعى يافته. في شهر ذي قعدة الحرام سنة ١٢٩٢ .

مۆرەکانی سەر بەڵگەنامەکە

١- كتاب مرقوم يشهده المقربون. اقل عباد اللّه (ابن مرتضى عبدالكريم قلى)

***

٢- فهرست قبالجات املاك سركار شوكت مدار بندگانعالى- دام مجده- مطابق با اصل قبالجات معتبره صحيح است. خلف مرحوم محمد سعيد بگ (يا موسى)(١).

***

٣- فهرست قبالجات املاك سركار شوكت شعار بندگان خداوند كار عالى شرف الملك- دام مجده العالى- مطابق با اصل قبالجات صحيح است. الحقير خلف مرحوم ملا عبداللّه جوانرودى (الراجي فرج الله)(٢).

***

(١) مووسا خان کوڕی محەمەد سادق خانی ئەردەڵان بووە، واتە برای عەلی ئەکبەر خانی (شرف الملك) بووە.

(٢) فەرەجولڵا (شێخ فەرەجولڵا خان) کوڕی محەمەد سادق خانی ئەردەڵان، لەبەرئەوە زۆر بەدین و خواناس بووە پێیان وتووە (شێخ فەرەجولڵا خان).

٤- فهرست قبالجات املاك سركار شوكت مدار بندگانعالی- دام اقباله- مطابق با اصل قبالجات صحيح است. اقل خلق اللّه (يا اسماعيل) داروغه.

٥- فهرست قبالجات املاك مقرب الخاقان على اكبر خان شرف الملك، ونائب الحكومهء كردستان بقراريست كه در اين ورقه ثبت شده، وجنابان عظام علماى فخام- سلمه الله تعالى- وساير اعيان واشراف وكسبه مزين فرمودند صحيح است. في ٢١ شهر ذي الحجة الحرام ١٢٩٢ (...........).

***

٦- فهرست املاك سركار با فر وقار، عظمت مدار، كثير الاقتدار، امير الامراء العظام، نتيجة الولاة الفخام، مقرب الخاقان، (شرف الملك) نائب الحكومهء ولايت كردستان- دام اجلاله العالى- مطابق وموافق اصل قبالجات معتبرهء ممهور بمهر اهالي شرع مطاع، صحيح وبيان واقع است، خداوند مبارك كند ان شاء اللّه. الحقير (فتح اللّه).

***

٧- فهرست قبالجات املاك سركار مدار بندگانعالی- دام مجده- مطابق باصل قبالجات صحيح است. اقل الحاج (عبده الحسنى) بزاز سنندجي.

***

٨- فهرست قبالجات املاك سركار شوكت مدار، بندگان عالي- دام اجلاله- مطابق باصل قبالجات صحيح است، خداوند مبارك كند ان شاء اللّه تعالى (محمد صالح) ابن مرحوم حاجي فتح الله.

***

٩- فهرست قبالجات املاك سركار شوكتمدار بندگان عالى- دام اجلاله- مطابق باصل قبالجات وصحيح ومعتبر است، در بيع وشرائي اكثر آنها اطلاع كامل دارم، خداوند مبارك كند، ان شاء الله تعالى. حرره اقل العباد (عبده فيض اللّه) ابن مرحوم ميرزا حسين كردستاني.

***

١٠- فهرست قبالجات املاك سركار شوكتمند، بندگان عالى- دام اجلاله- مطابق باصل قبالجات صحيح است، در بيع وشرائى اطلاع كامل دارم. خداوند مبارك كند ان شاء اللّه. حرره اقل الحاج ابن مرحوم اقا مصطفى (شيخ نصرالدين).

١١- فهرست قبالجات املاك سركار شوكت مدار، بندگان عالي- دام اجلاله- مطابق باصل قبالجات صحيح است. از بيع وشرائى اغلب املاك اطلاع كامل دارم، ان شاء اللّه مبارك است. حرره حبيب الله حاجى ميرزا حسين. (حبيب الله).

١٢- فهرست قبالجات شوكت مدارخان- دام اجلاله- مطابق با اصل قبالجات معتبره صحيح است (عبده الراجى على).

١٣- فهرست املاك سركار شوكت مدار مقرب الخاقان مجده! اعيان شرف الملك- دام اجلاله

العالی- مطابق قبالجات معتبره صحيح است. اقل حاج (اللهم صلي على محمد وآل محمد) بزاز کردستانی.

١٤- فهرست صكوك وقبالجات املاك بندگان سرکار، شوکتمدار، عظمت آثار، کثیر الاقتدار، مقرب الخاقان، ومؤتمن السلطان، خدایگان خان شرف الملك- دام اقباله العالی- باصل قباله ونویشتجات معتبره مطابق وبیان واقع است.. ریب وتزویري ندارد. ان شاء الله مسعود ومبارك است.. الحقير (بێ مۆر و ناو).

١٥- فهرست املاك سرکار، شوکت مدار، کثیر الاقتدار، با عز وقار، مقرب الخاقان، مؤتمن السلطان، امیر الامراء العظام، ونتيجة الولاة الفخام، شرف الملك- دام اقباله- طبق با اصل قبالجات است وصحيح است. الحقير ابن مرحوم (الله ويردى) ميرزا اسماعيل.

١٦- فهرست قبالجات املاك سرکار شوکتمدار، بندگان عالی- دام اجلاله- مطابق با اصل قبالجات وصحيح ومعتبر است. در بيع وشرای اکثر آنها اطلاع كامل داریم، خداوند مبارك كند ان شاء الله تعالى. حرره العبد اقل ابن مرحوم اقا عبدالله کردستانی. (یا حبيب الله)، (... بابا خان).

١٧- فهرست قبالجات املاك سرکار، شوکتمدار خان- دام اجلاله- مطابق با اصل قبالجات وصحيح است. اقل الحاج (نصرالله) بزاز کردستاني. اقل الحاج غلام... (عبده محمد شفيع).

١٨- فهرست املاك سرکار، شوکتمدار، کثیر الاقتدار، باعزو وقار، مقرب الخاقان، مؤتمن السلطان، امیر الامراء العظام، ونتيجة الولاة الفخام، شرف الملك- دام اقباله العالی- مطابق با اصل قبالجات وصحيح ومعتبر است. الحقير (يا الله المحمود في كل فعاله)[1].

١٩- هوالله تعالى شأنه، فهرست قبالجات املاك اکتسابی سرکار، کثیر الاقتدار، عظمت مدار، مقرب الخاقان، بندگان عالی، شرف الملك، نائب الحكومهء کردستان- دام اجلاله العالی- مطابق با قبالجات سفیرهء اهالی شرع مطاع صحيح وبيان واقع است. خداوند تعالى مبارك كند. اقل الخلق الله (عبده حبيب النبي مصطفى) سننديجي.

٢٠- هو الله.. فهرست قبالجات املاك اکتسابی سرکار کثیر الإقتدار، عمدة الاعيان، مقرب الخاقان، شرف الملك- دام اجلاله العالی-صحيح است. حين بيع وشرائی اکثر از آنها بودم. العبد الاقل ابن مرحوم حاجی حبیب الله همدانی (... اسلام نجف علی).

٢١- بسم الله وخير الاسماء، فهرست قبالجات املاك اکتسابی سرکار، کثیر الاقتدار، عظمت مدار، مقرب الخاقان، بندگان عالی، شرف الملك نائب الحكومهء کردستان- دام اجلاله العالی- مطابق با قبالجات معتبرهء ممهوره اهالی شرع مطاع صحيح وبيان واقع است. العبد الاحقر (عبدالغفور).

٢٢- فهرست قبالجات املاك سرکار، کثیر الاقتدار، عظمت مدار، مقرب الخاقان بندگان عالی، شرف

---

(١) لەناو ئەم دەقەدا چەند جار ناوی مەحموود هاتووە یەکێکیان مەحموود خانی کوڕی عەلی ئەکبەر خانی (شرف الملك) بووە.

الملك، نائب الحكومهء كردستان- دام اجلاله العالى- با قبالجات سفير بمهر اهالى شرع مطاع صحيح است. اقل الحاج تاجر اصفهاني. (محمد...... محمد)[1].

٢٣- فهرست قبالجات املاك اكتسابى، سركار، كثير الاقتدار، عمدة الاعاظم والاعيان، مقرب الخاقان خان، شرف الملك- ادام الله اجلاله العالى-صحيح است. در حين بيع وشراى اكثر آنها حضور داشته ام. اقل الحاج ابن مرحوم حاجى محمد حسين شهير بهمدانى (... عبدالله).

٢٤- بنوعى كه در متن مرقوم شده، فهرست قبالهجات سركار بندگان عالى خان، شرف الملك- دام اقباله- صحيح است. الاقل عباد (يا حبيب الله) ابن مرحوم ميرزا الله ويردى.

٢٥- بسم الله خير الاسماء، وهو المالك الحق بالتحقيق واليقين. فهرست املاك خالص پاك سركار، معدلتمدار، با عز وقار، بندگان عالى، فخر الامراء الفخام، نتيجة الولاة العظام، مقرب الخاقان، شرف الملك- دام اقباله العالى - بر وفق ومطابق قبالجات معتبرهء صحيحهء شرعيهء عليحده، صحيح ومعتبر وحق است. بارك الله له بدوام العمر والعزة والشوكة والاقبال والعدل والجود والعظمة والاجلال، بمنه وكرمه. العبد الحقير (عبده محمد على).

٢٦- بسم الله وخير الاسماء، فهرست املاك سركار، كثير الاقتدار، عظمت مدار، بندگان عالى، شرف الملك، نائب الحكومهء كردستان- ادام الله اقباله المتعالى- مطابق قبالجات معتبرهء عليحده صحيح وبيان واقع است. العبد الحقير (عبدالخالق بن محمد على).

٢٧- هو الله هذه الجداول اضلاع لاشكال مستطيلات، بل بنيان وجدران لعمارات مستقيمات، مشتملات على بيوتات مذهبات عاليات سافلات، بنيت وحليت لان تقر فيها عبارات راشقات، كالحور المقصور في الغرف، او كالشمس في بيت الشرف، حاكيات عن سجلات معتبرات ناطقات، بان الاملاك المرقومة فيها، مملوكة ثابتة لمن له ثبت الفضل والكمال، والدولة والشوكة، والاقبال، امير الامراء العظام، سلالة الولاة الفخام، شرف الملك، على اكبر خان، نائب الحكومة بكردستان، لازال متزايدا بتأييدات الملك المنان. وأنا العبد المفتقر الى الله الواحد الصمد (يا احمد).

٢٨- فهرست املاك سركار بندگان عالى شرف الملك- دام اقباله - صحيح است. الداعى (محمد حسين بن محمود) المتوالى.

٢٩- فهرست املاك سركار مقرب الخاقان قبلهگاهى، شرف الملك- دام اقباله- صحيح ومعتبر است. العبد الاقل (عبده الراجي يوسف).

٣٠- فهرست قبالجات املاك سركار، شوكتمدار، نواب مستطاب خان شرف الملك نائب الحكومه-

---

(١) چەند محەمەدیش ناویان هاتووە، یەکێکیان خەڵکی پاوە و لە مەعازیيەکانی پاوە بووە، لەناو ئەو مەعازیيانەدا زانا و کوێخا و دەمچەرموو هەبووە. لەم دواییەدا بەرهەمی (حاجی سادقی پاوەیی مەعازیی)م دۆزییەوە. (بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی حەوتەم، ل: ٢٢٤).

ادام اقباله العالی– است. وبطوری که قلمی وبیان شده صحیح وبیان واقع است. حرره الداعی (علی بن اسماعیل).

٣١– فهرست قبالجات سرکار، عالی خان، شرف الملك– دام اقباله– صحیح است. العبد الاقل (علی محمد)، (وافوض امری الی اللّه، عبده لطف اللّه).

٣٢– فهرست املاك سرکار، عظمت مدار، مقرب الخاقان شرف الملك نائب الحکومهء کردستان– دام اقباله العالی– معتبر وصحیح است. اقل الطلاب (خلف محمد...).

٣٣– هو اللّه... فهرست املاکات سرکار، مقرب الخاقان، شرف الملك– دام اقباله العالی– صحیح ومعتبر است. (عبده الراجي حسن محمد).

٣٤– فهرست املاك سرکار، عظمت مدار، مقرب الخاقان خان، شرف الملك، نائب الحکومهء کردستان– دام اقباله العالی– که همگی ممهور بمهر علمای کردستان است وموافق احکام شرع انور است. الاحقر (ان ربی غني کریم).

٣٥– این فهرست مجملی است از مفصل قبالجات وسجلات ونوشتجات املاك سرکار عظمت مدار شوکت مدار مقرب الخاقان خان شرف الملك نائب الحکومهء کردستان– دام اقباله العالی– که همگی ممهور بمهر علماء اعلام وحکام شرع کردستان است وصحیح است. العبد الحقیر الحاج (حبیب اللّه ابن شکر اللّه).

٣٦– فهرست املاکات سرکار، بندگان عالی خان شرف الملك– دام اقباله العالی– صحیح ومعتبر است. الحقیر (محمد رضا)[١].

٣٧– فهرست املاکات سرکار، بندگان عالی، خداوندگاری خان، شرف الملك– دام اقباله– است، الحاج (یا محمد).

٣٨– فهرست قبالجات وصکوك، خالی از اوهام وشکوك، سرکار عظمت مدار، نور نهار ابهت واقبال، نور بهار سطوت و اجلال، شرف الملك نائب الحکومه– ادام اللّه اقباله– است، وآفتاب ما سطر بر مشارق صحت لامع، ومهتاب ما سفر بر مطالع حقیت لامع است، الداعی له– دام عمره ودولته– امام الجمعه والخطیب. (عبدالمؤمن)[٢].

٣٩– این فهرست مجملی است از روی قبالجات وسجلات معتبرهء املاك مقرب الخاقان، بندگان عالی، شرف الملك، نائب الحکومهء کردستان– دام اقباله– صحیح ومعتبر است ومطابق هریك

---

(١) محەمەد رەزا خان کوڕی محەمەد سادق خانی ئەردەڵان بووە.

(٢) شێخ عەبدولمومینی دووەم کوڕی شێخ جەمالەدینی یەکەم، زانایەکی بە توانا لە زانستەکانی سەردەمی خۆیدا، بەتایبەتی لە گەردووناسی و هەیئەت و هەندەسەدا بووە، پیاوێکی لەخواترس و بە پارێز بووە، چەند دانراویشی هەبووە، لەوانە (الدر النظیم) هەروەها ئەم مامۆستا کۆکەرەوە و نووسەرەوەی کەشکۆڵی شێخ عەبدولمومینە کە مامۆستا ئەنوەری سوڵتانیی بە لێکۆڵینەوەوە ساڵی ١٩٩٨ لە لەندەن چاپی کردووە. مامۆستا شێخ عەبدولمومین ساڵی ١١٥٢ لەدایک بووە، ساڵی ١٢١١ لە جیهان دەرچووە.

قبالجات از املاك است. (محمد جعفر)[1].

٤٠- فهرست املاكات، عظمت مدار، كثير الاقتدار، مقرب الخاقان، شرف الملك، نائب الحكومهء كردستان- ادام الله تعالى اقباله- در نهايت اعتبار وصحت، موافق ومطابق اصل قبالجات است، خداوند عالم مبارك نمايد. خلف مرحوم فتاح سلطان بانهء (........).

٤١- اين فهرست مجملى است از مفصل قبالجات وسجلات ونوشتجات املاك سركار، عظمت مدار، كثير الاقتدار، مقرب الخاقان، شرف الملك، نائب الحكومهء كردستان- دام اقباله العالى- كه همگى آنها ممهور بمهر علماى اعلام وحكام شرع كردستان است، طابق النعل بالنعل، اين فهرست مختصرى ازان مطول ومفصلها است الاحقر (على اكبر بن عبدالله).

٤٢- فهرست املاكات سركار، عظمت مدار، كثير الاقتدار، مقرب الخاقان، شرف الملك، نائب الحكومهء كردستان- ادام تعالى اقباله- موافق ومطابق اصل قبالجات معتبره است، ونهايت اعتبار وكمال صحت دارد. خداوند عالم مبارك كند. الاقل (الراجي الى عبده اسد الله).

٤٣- فهرست املاك بندگان، سركار، عظمت مدار، كثير الاقتدار، مقرب الخاقان، شرف الملك؛ نائب الحكومه- دام اقباله تعالى- موافق ومطابق اصل قبالهجات است، كمال صحت واعتبار دارد، خداوند مبارك كند. اقل عباد الله (محمد على).

٤٤- فهرست املاك بندگان، سركار، عظمت مدار، كثير الاقتدار، مقرب الخاقان، على اكبر خان، شرف الملك، نائب الحكومهء كردستان- دام اقباله العالى- مطابق اصل قبالجات ميباشد، وكمال اعتبار وصحت دارد. خداوند عالم مبارك فرمايند. الاقل خلف مرحوم ميرزا فتح الله (........ الله).

٤٥- فهرست املاك سركار، مقرب الخاقان، بندگان عالى، شرف الملك، نائب الحكومهء كردستان،- دام اقباله المتعالى- موافق ومطابق اصل قبالهجات معتبرهء محكوم بهاى اهالى شرع مطاع ميباشد. خداوند ان شاء الله تعالى مبارك وميمون فرمايد. ابن مرحوم حاجى عبدالرزاق تاجر كاشانى (ناظم التجار...).

٤٦- فهرست املاك سركار عالى خان شرف الملك- دام اقباله- موافق قبالجات اصل صحيح ومعتبر است. الداعى نقيب السادات (ما از بوء محمد گلشن شدى).

٤٧- فهرست املاك مقرب الخاقان بندگان عالى، على اكبر خان- دام اقباله- مطابق اصل است. (عبدالغفار بن عبدالكريم).

٤٨- فهرست املاك مفصله الاسامي، مطابق اصل قبالهجات معتبرهء ممهورهء جداگانه است، وبخط مهر علماى اعلام وآقايان ذوى احترام، واعزه واشراف سمت تحرير پذيرفته. حرره الاقل (عبده الراجي على رضا).

٤٩- بسم الله خير الاسماء. فهرست قبالهجات واملاكات سركار مقرب الخاقان، على اكبر خان

---

(١) محەمەد جەعفەر خانیش کوڕی محەمەد سادق خانی ئەردەڵان بووە.

(شرف الملك) نائب الحكومهء كردستان– دام اقباله– موافق ومطابق است با اصل قبالجات معتبرهء عليحده. (عبده.. ابو طالب الحسيني).

٥٠- مربعات وضعت في كل بيت منها مزارع وساحات، بل قرى وعمارات، اجمل فيها ما فصل في السجلات والصكوك، المبراة عن اعتراء الاوهام والشوك، بنيت لتأكيد ما اسست من بيان املاك الامير العديم النظير، ولو بالفرض والتصوير، مقرب الخاقان، الخان الجليل الشان، لازال به ذا شرف، وفي حميته ذا كنف. ولكن من بعض آثاره هذا له اثر باق جميل ليوم الحشر مأثور. حرره الداعى الخاطى (عبده الراجى........ الله).

٥١- فهرست املاكات سركار بندگان عالى خان، شرف الملك- دام اقباله- موافق قبالجات صحيح ومعتبر است عندى (يا اسماعيل).

٥٢- فهرست املاك سركار، عظمت مدار، مقرب الخاقان، شرف الملك- دام اجلاله- صحيح وموافق قبالجات وسجلات معتبره است. حرره الداعي الجاني. (عبدالمجيد).

٥٣- فهرست قبالهجات واملاكات سركار، مقرب الخاقان، عظمت مدار، خداوند گار، معظم بندگان عالى، شرف الملك- دام اقياله- باصل قبالها مطابق وصحيح ومعتبر است. الحقير (عبدالعزيز)[1].

٥٤- اين فهرست قبالجات سركار، كثير الاقتدار، شوكت مدار، مقرب الخاقان، على اكبر خان، شرف الملك، ونائب الحكومهء كردستان- دام اجلاله- مطابق قبالجات معتبره على حده است، كه در اقل (السادة كاشاني!) ٢٦ ذي قعدة الحرام ١٢٩٢ (فرج الله ابن الحسيني).

٥٥- هذا الاجمال مطابق للتفصيل. الداعى (احمد... الحسيني).

٥٦- اين فهرست مجملى است از روى قبالجات وسجلات معتبرهء محكوم بهاى اهالى شرع مطاع استخراج واستكتاب شد، وبا قبالجات اصل بطريق اجمال وتفصيل موافق ومطابق است. بهيچوجه مخالف ندارد. الاقل (هو الكريم عبدالكريم وانى).

٥٧- فهرست املاك سركار، شوكت مدار، مقرب الخاقان، قبلهگاهى، على اكبر خان نائب الحكومهء- دام اقباله العالى- مطابق وموافق باصل قبالجات، ودر نهايت صحت واعتبار است. خداوند مبارك كند. العبد الاقل (لا اله الا الله الملك الحق المبين عبده محمد يوسف)، (محمد صادق)، (على نقى).

---

(١) عەبدولعەزیزی حوسەینی: لەوانەیە عەبدولعەزیزی کوڕی سەید عەبدولمەجیدی (ناظم السادات) شێخولئیسلامی سنە بێت. کە پیاوێکی زانا و بەتوانا و لێهاتوو بووە. لای مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای موفتیی دشە خوێندنی تەواو کردووە. سەرەتا لە شاری سنەدا بە ئیمامەت و تەدریس و دواتر بە شێخولئیسلامی خەریک بووە، شاعیر و ئەدیبیش بووە، بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی شیعری ناسکی گوتووە. ساڵی ١٢٨١ک هاتووەتە دنیا و ساڵی ١٣٥٧ک کۆچی دوایی کردووە. (مشاهیر کرد ٢/٢٢٤).

٥٨- فهرست املاك سركار، شوكت مدار، كثير اقتدار، بندگان عالى، على اكبر خان، شرف الملك، ونائب الحكومهء كردستان- دام اقباله المتعالى- موافق ومطابق صورت قبالجات وسجلات معتبرهء اهالى شريعت غرّاست. في شهر ذي قعدة الحرام ١٢٩٢ . (عبده الراجي محمد).

٥٩- فهرست قبالجات املاك سركار عالي شرف الملك- روحى فداه- معتبره وصحيح است. العبد الحقير الاقل (حقير محمد صادق فقير).

٦٠- اضلاع مربعات قائمة على الخطوط المستقيمة، استقامتها حاكمية بالإجمال عن صحة تفاصيل مضامين ما حرر في خلالها من الاملاك، وانتقالها إلى نتيجة الولاة، بل فخرهم عند الثقاة، مقرب الخاقان، شرف الملك، على اكبر خان، النائب لحكومة كردستان- حفظه الله عن شر الزمان- وانا الداعى المدرس المحرر لهذا المقال، في شهر ذي قعدة الحرام. سنة ١٢٩٢ (يوسف بن محمد حسن).

٦١- هذه هي اضلاع المربعات الموضوعة فيها املاك المبيعة المكتسبة الواردة على اعيانها ومنافعها الصيغ الشرعية الناقلة وسائرها، حاوية لجملات مستغرفة لتفاصيلها المعتبرة المنفذة من اولياء الشريعة الغراء، لحضرة سلالة الامراء العظام، وفذلكة الولاة الفخام، مقرب الخاقان، شرف الملك، على اكبر خان، نائب الحكومة بكردستان -لازال مؤيدا بتفضلات الملك المنان- وأنا الداعى لدوام الدولة الابدية. المحرر لهذه السطور شهر ذي قعدة الحرام سنة ١٢٩٢ (محمد بن امام الدين)[١].

٦٢- فهرست املاكات سركار عظمت مدار، مقرب الخاقان، شرف الملك- دام اجلاله- مطابق قبالجات معتبرهء محكوم بها، وموافق تفاصيل بنجاقات منفذهء شرعيه است والاجمال حاك عن التفصيل، وخال عن التطويل. حرره الداعى (احمد الله على كل حال).

٦٣- مبايعات صحيحهء شرعية در خدمت حكام شرع مطاع جريان يافته الحقير (محمد ابراهيم)، (يا هادى المضلين)[٢].

٦٤- فهرست املاك سركار، مقرب الخاقان. خدايگانى ام، سركار على اكبر خان، شرف الملك، ونائب الحكومه- دام اقباله العالى- مطابق وموافق با اصل قبالجات صحيح ومعتبر است. اقل خلق الله تاجر سنندجي (شكر الله بن على).

٦٥- فهرست املاك سركار با عز وقار، كثير الاقتدار، عظمت مدار، امير الامراء العظام، ونتيجة الولاة الفخام، مقرب الخاقان شرف الملك نائب الحكومهء ولايت كردستان- دام اقباله العالى-

---

(١) محەمەدی کوڕی ئیمامەدین زانایەکی گەورە و پایەبڵند و شاعیر و ئەدیب بووە، کوڕی ئیمامەدینی زانای ناوداری شاری سنە بووە. شیعری ناسک و جوانی بە فارسی و کوردی بووە. نازناوی شیعری حەیران بووە، بە فەخرولعولەما ناسراوە. ساڵی ١٢٩٩ک بەبێ نەوە و منداڵ سەری ناوەتەوە و ماڵئاواییی لە جیهان کردووە.

(بڕوانە: شاعران كرد پارسى گويى، عبدالحميد حيرت سجادى ل: ٢٥٤).

(٢) مەلا هادی لە مامۆستایان و قازییانی جوانڕۆ بووە.

مطابق وموافق با اصل قبالجات وصحيح ومعتبر است. حرره الحقير (حبيب الله ابن اسماعيل). (عبده احمد بن طالب الحسينى).

٦٦- فهرست املاك سركار، عظمت مدار، مقرب الخاقان، على اكبر خان شرف الملك، ونائب الحكومهء كردستان صحيح وموافق قبالجات معتبره است. الاقل ١٢٩٢ (ابوطالب بن محمد الحسينى).

٦٧- هذه الاضلاع المربعات المستقيمة الخطواط، موضوعة لاملاك من: القرى، والمزارع، والبساتين، والرباطات، والعقار، والطواحين، وفقما فصل كل في محاضر، وسجلات معتبرات المضاة لدى الحكام المعتبرين، لمن هو سلالة الامراء العظام، وفذلكة الولاة، مقرب الخاقان، على اكبر خان، شرف الملك، النائب لحكومة مملكة كردستان. ومن المطلعين لما في بعض الاضلاع الاحقر الاثيم (عبده الراجى محمد).

٦٨- فهرست املاك سركار، عظمت مدار، مقرب الخاقان، على اكبر خان شرف الملك ونائب الحكومهء كردستان- دام مجده العالى- صحيح ومعتبر است، وبا قباله ونواشتجات اصل بطور اجمال وتفصيل موافق ومطابق است. حرره (عنايت الله الحسينى).

٦٩- فهرست املاك سركار، عظمت مدار، مقرب الخاقان شرف الملك- دام اجلاله- مطابق وموافق قبالجات مفصله ومشروحهء ممهوره ومختومه وموشحه بخط ومهر حكام شريعت مطهرهء نبويه، موافقه لما في الواقع، وما لها من دافع. حرره الاقل (عبدالله). (محمد رضا...).

٧٠- فهرست املاك سركار، شوكت مدار، كثير الاقتدار، امير الامراء العظام، على اكبر خان، شرف الملك- دام اقباله- مطابق وموافق نوشتجات وبنجاقات معتبره ومحكوم بها است، كه در حضور اهالى شريعت مطهره بقانون وميزان شرع انتقال پذيرفته. حرره الداعى الجانى في شهر ذى القعدة سنة ١٢٩٢ (لا اله الا الله الملك الحق المبين. عبده مهدى).

٧١- فهرست قبالهجات املاك سركار، عظمت مدار، مقرب الخاقان، على اكبر خان، شرف الملك، ونائب الحكومهء كردستان- دام مجده العالى- صحيح ومعتبر ومطابق وموافق سجلات وقبالجات حكام شرع مطاع است. حرره الداعى الجانى (عبده الراجى محمد امين).

٧٢- فهرست املاك سركار، باعز وقار، عظمت مدار، كثير الاقتدار، امير الامراء العظام، زبدة الولاة الفخام، مقرب الخاقان، شرف الملك نائب الحكومهء ولايت كردستان- دام مجده العالى- مطابق وموافق با اصل قبالجات،معتبرهء ممهوره بمهر حكام شرع مطاع قديم وجديد است. وانا الداعى الاقل (عبده محمد) حفيد مرحوم ملا محمد.

٧٣- فهرست املاك سركار، شوكتمدار، مقرب الخاقان، على اكبر خان، شرف الملك، ونائب الحكومهء كردستان، مطابق اصل قبالجات وصحيح ومعتبر است. (لا اله الا الله الحق المبين، عبده محمد رضا).

٧٤- فهرست املاكات سركار، مقرب الخاقان، بنگدان عالى شرف الملك- مد ظله العالى- موافق ومطابق با اصل قبالجات وصحيح ومعتبر است. الحقير (حبيب الله ابن عباسقلى).

٧٥- فهرست املاك سركار، نتيجة الولاة العظام، امير الامراء الفخام، مقرب الخاقان، سركار بندگان عالى، شرف الملك- دام اقباله المتعالى- مطابق وموافق با اصل قبالهجات معتبره، صحيح ومعتبر است. (حسن على ابن خان احمد).

٧٦- هذه فهرس الاملاك والبقاع والقرى والضياع، والمزارع والمحلات والخانات والعمارات وغيرها... لامير الامراء العظام، مقرب الخاقان، مؤتمن السلطان، شرف الملك- ادامه الله الرحمن- مجملا من مفصل سجلات وصكوك لا تعتريها السترات والشكوك. حرره الفقير الراجى (محمد صالح بن محمد مهدى).

٧٧- فهرست املاك سركار، شوكت مدار، امير الامراء العظام،- مقرب الخاقان- على اكبر خان، شرف الملك، ونائب الحكومهء كردستان- دام مجده- صحيح ومعتبر ومطابق وموافق سجلات وقبالجات حكام شرع مطاع است. حرره الداعي الجاني (عبده الراجى محمد امين).

٧٨- فهرست املاك مقرب الخاقان، شرف الملك، معتبر است، (يا من هو من رجاه كريم).

٧٩- فهرست املاك سركار عظمت مدار، نبذة الامراء العظام، مقرب الخاقان، على اكبر خان، شرف الملك، ونائب الحكومهء كردستان- دام مجده-صحيح ومعتبر وبا قباله وصكوك وسجلات اصل بطريق اجمال وتفصيل موافق ومطابق است، وكثيرى از معاملات ومبيعات مسطوره باطلاع داعى دوام دولت قاهره وقوع وجريان يافته. بقيه هم بر وفق نوشتجات حكام واهالى شريعت مقدسه گذشته. حرره الداعى الجانى في ذي القعدة الحرام سنة ١٢٩٢ (افوض امرى الى الله عبده لطف الله)[١].

٨٠- فهرست املاك مقرب الخاقان على اكبر خان شرف الملك ممهور بمهور علما واشراف معتبر است. الداعى (محمد بن امان الله).

٨١- فهرست قبالهجات املاك سركار، مقرب الخاقان، على اكبر خان، شرف الملك، صحيح وموافق قبالهجات معتبر است. في شهر ذي حجة الحرام. ١٢٩٢ (حسن قلى ابن امان الله).

---

(١) مەلا لوتفوڵڵای شێخولئیسلام کوڕی مەلا فەتحوڵڵای قازیی کوڕی مەلا ئیبراهیمی کوڕی مەلا حسەینی قازی، ناسراوترین و بەتواناترین کەسی خانەوادەی قازی و والییەکانی شاری سنە بووە. زیاد لەباری زانستی پیاوێکی کۆمەلایەتی تاقانەی چەرخی خۆی بووە، شاعیریش بووە، زیاد لەوەی کە زانایانی سنە بە پرس و ڕای ئەو جووڵاونەتەوە، شای قاجاریش بێ ئاگەداریی ئەو دەسکاریی دانان و لابردنی فەرماندەکانی ناوچەکەی نەکردووە. ساڵی ١٢٥١ هاتووتە دینا، ساڵی ١٣١٥ک کۆچی دوایی کردووە. (مشاهیر کرد ٥٧/٢).

بەڵگەنامەی دووەم

٥٧٦

ئەم بەڵگەنامەیە دوور و درێژە و باس لە کۆچی دوایی ئەکبەر خانی شەرەفولولک و دابەشکردنی ئەو ماڵ و سامانەی دەکات کە لە بەڵگەنامەی پێشوودا بوون و، باسی ئەوە دەکات دوای مردنی عەلی ئەکبەر خانی شەرەفولولک مەلا لوتفوڵڵای شێخولئیسلام بەشێوەی شەرعی و بە تیروپشک میراتی عەلی ئەکبەر خانی بەش کردووە و، دوایی بەشی هەر یەکێک لە میراتگرەکانی بەشێوەیەکی دیار و روون نووسیوە. یەکێک لەوانە مەحموود خان بووە کە لەو سەردەمەدا منداڵ بووە، بەشەکەی بریتی بووە لە چەند گوند و دووهەزار تمەن پارەی نەخت.

هەروەها بەشی براکانی تری کە سلێمان بەگ و عەلی ئەعلا خان و عەلی ئەسغەر خان دیاری دەکات و، بەشەکانیان جەم و جۆر دەکات و لە یەکترییان رازیی دەکات.

دوای ئەوە مامۆستا مەلا لوتفوڵڵا بەشەکانی سەرکار مەحموود خان و عەلی ئەعلا خان ئاڵوگۆڕ دەکات و، لە قەباڵەیەکدا بە مێژووی ساڵی ١٣١٧ک - ١٨٩٩ز تۆماری دەکات. دوای ئەوە کە مەحموود خان باڵغ دەبێ ئەو ئاڵوگۆڕە قەبووڵ دەکات و ئیمزای دەکات.

دواتر مەحموود خان - وەک لە بەڵگەنامەکەدا بە درێژی و چەند شێوە نووسراوە و بەیان کراوە- زەویوزارەکانی دەفرۆشێ بە سلێمان خانی شەرەفولولک بە مەبلەغی نۆ هەزار و سێسەد و پەنجا تمەن.

ئەم کڕین و فرۆشتنە لە ساڵی ١٣١٧ک - ١٨٩٩ز دا بووە.

ئەم بەڵگەنامەیش شایەتی و مۆری (٣١) کەس لە گەورە و ناودار و زانایانی ئەو سەردەمەی پێوەیە، بەشێکیان هەر ئەوانەن کە لە بەڵگەنامەی یەکەمدا بوون.

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله المحمود الأسماء، المعدود الآلاء، المشهود النعماء، الذي له ملكوت الأرض والسماء، يؤتي الملك من يشاء، وينزع الملك ممن يشاء. وجعل سليمان شرف الملك. وآتاه من الملك ما لم يؤت احدا من الأنبياء، فسبحان الذي بيده المنح والعطاء. وبقدرته جريان الماء، ونضارة الخضراء.

والصلاة والسلام على صاحب المقام المحمود، والحوض المورود، واللواء، سيدنا محمد اسوة الأنبياء، وقدوة الأولياء، وعلى آله الاتقياء. واصحابه الأصفياء، ذوي الجود والسخاء، اولى المجد والثناء. مادام البيع مقرونا باشتراء.

وبعد: موجب جريان سواد مداد اين كلمات چون آب روان، بر سر اين صحيفهء صحيحهء شريعت اقتران، ومورث جولان جواد خامهء حقيقت نشان، در ساحت فصاحت ميدان اين عنوان صداقت توأمان، وغرض از طريان انفاس اين عبارات بلاغت بنيان. بر بياض اين وثيقهء حقانيت تبيان، آنكه بعد ازانكه مرحمت مقام، على اكبر خان، شرف الملك، عليه شآبيب رحمة مالك الملك- پيك اجل را

لبيك گفت، وازين سراى فانى رخت بسر منزل جاوداني كشيد. مرحمت مقام ملا لطف الله شيخ الاسلام- طاب ثراه- املاك آنمرحوم را در بين وراث بموجب قرع شرعي تقسيم وتوريث وتوزيع نموده، وسهم هر يك از آنها بموجب نوشته انمرحوم معين ومشخص گشته، من جمله رسد. وسهم الارث عمدة الامراء العظام، محمود خان، كه دران زمان صغير بوده، قراء حسين آباد، وكيلگى، وفيروز آباد، واقعات در محال اسفند آباد، وصفى آباد، واقعه در محال جوانرود، بانضمام مبلغ دو هزار تومان نقد رايج اضافه. بموجب قرع قرار گرفته، وششدانگ محال روانسر، وشادى آباد، وسمنگان، وقشلاقات آنها بالمثالثة والاشتراك، از قرار سهمى دودانگ بسهم الارث جناب جلالتمآب عالى سليمان خان، شرف الملك، وعمدة الأمراء العظام، على اصغر خان سرتيپ سواره شرف، وعلى اعلى خان ياور، مقرر گشته. بعد ازان جناب شرف الملك، با سركار، على اصغر خان سرتيب، وعلى اعلى خان، كه هر يك در دو دانگ سهيم وشريك بودند، بتراضى يكديگر بمقام تقسيم روانسر، وشادى آباد، وسمنگان، وقشلاقات، بر آمده اند، روانسر وسمنگان بانضمام قشلاقات همه بالمناصفه در قسمت جناب شرف الملك، وعلى اعلى خان ياور قرار گرفته. وشادى آباد وقشلاقات، كه در نوشته سركار على اضغر خان سرتيپ است، بالانفراد والاختصاص جهه او معين ومشخص شده.

غب ذلك مرحمت مقام ملا لطف الله، شيخ الاسلام، بملاحظهء صرفه وغبطه صغير سهم الارث محمود خان را، كه عبارت باشد از قراء حسين آباد، وكيلگى، وفيروز آباد، وصفى آباد، ودو هزار تومان با سهم الارث على اعلى خان ياور، كه عبارت بوده از سه دانگ روانسر، وسمنگان، وقشلاقات [هبه] معاوضه ومبادله نموده، وبشرح يكطغرا نوشتهء معتبرهء مورخه بتأريخ جمادى الآخره ١٣١٧، كه تعين شده محمود خان، دران بعمل آمده. محمود خان پس از بلوغ وكبر معاوضه ومبادله مرقومهرا تصحيح وامضا نموده، وبهمان قرار راضى گشته، وبكل صيغ صريح فصيح طوعى قطعى قصدى مرعي ملى اسلامى لازم جازم نمود، در حالت صحت واستقامت جسمانى، وسلامت واستدامت مشاعر وقواى حيوانى، ومكانت ومتانت ورصانت مدارك انسانى، واستقلال لطيفهء بصيرت وباصره واعتدال مزاج وحواس باطنه وظاهره، وجواز تصرفات شرعيه، ونفاذ تبرعات ومعاملات مرعيه، بالطوع والرغبة، لا بالروح والرهبه، من دون اكراه يورث خللا، ومن غير إلجاء يحدث زللا، بلا مقارنة اختلال وفساد، وبدون مقابلة نقص وعناد، عالما بالكم والكيف، مائلا عن الميل والحيف، مصرحاً بالعبارات، معرضاً عن الكناية والاشارات، عارفاً بما يفعل ويقول، عاريا عما يورث النسيان والغفلة والذهول، طالعا طامعا، قاصدا شايقا، بالغا عاقلا، راغبا كاملا، مسندا ملكية البيعة الآتية إلى نفسه في صلب العقود، قائلا: هي الآن حقى وسهمي من تركة أبي، ابادلها بالنقود، عمدة الامراء العظام، ونتيجة الولاة الفخام محمود خان- دام مجده! - خلف مرحوم على اكبر خان شرف الملك- غفر له! - پس از انفكاك علاقه رهن معتمد السلطان آقا حبيب الله تاجر- دام عزه! - واستخلاص مبيعه از قيود منيعة. تمامى وهمگى سه دانگ كامل مشاع سهم الارث متصرفى خودرا، از كل ششدانگ روانسر، ومضافات، وسمنگان وقشلاقات مفصله ذيل، وآنچه كه از بابت سهم الارث بتصرف او در آمده وباو مخصوص ونقل شده:

قریه روانسر ودکاکین علاوه عمارت آنجا که مخصوص شرف الملك است سه دانگ. آسیابهای روانسر (سه دانگ) باغ روانسر سه دانگ، زمین میان جقان سوربان سه دانگ، قشلاق گورگید سه دانگ قشلاق سیرکان سه دانگ ده منصور، سه دانگ، بلزین علیا وسفلی از هریك سه دانگ، خراجیان سه دانگ، ... باوکه سه دانگ، قشلاق پشته سه دانگ، قشلاق درەویان سه دانگ. خرم آباد سفلی با قشلاق یك دانگ و نیم. زرین چقا وتوابع باقشلاقات سه دانگ. قشلاق ده سفید سه دانگ. بابا عزیز سه دانگ. ژرژاوی سه دانگ، برهان الدین سه دانگ، قشلاق بدر آباد سه دانگ. بناوچ سه دانگ، قشلاق بنچلّی سه دانگ، صادق آباد با قشلاق ده صفك از هریك سه دانگ. مسکین آباد علیا سه دانگ. مسکین آباد سفلی سه دانگ، خامیله سه دانگ، قلانچه سه دانگ، سلکانی کچکسینه سه دانگ، جوب خالصه میر برّ حسام آسمان آباد سه دانگ. قشلاق قلاین سه دانگ. گرمخانی با ٦ دانگ عمارت آنجا که مخصوص بایع بوده سه دانگ. کانی خضران سه دانگ، آسیابهای که در خرم آبادین و زرینجقا! واقعند سه دانگ. قریه سمنگان با قلعه سه دانگ، قشلاق شابکار سه دانگ. ده کدخدا مومن وغلام علی بگ سه دانگ. قشلاق اهنگران سه دانگ، بزاور غیر معموره سه دانگ.. باتمام توابع ولواحق آن من: المزارع، والمراتع، والمرابع، والمرابض، والمراكض، والمعالف، والمعاطف، والمساكب، والمشارب، والشعاب، والصعاب، والسهل، والصحارى، والبرارى، والمساكن، والاماكن، والمعاطن، والجبال، والتلال، والاطلال، والمناهل، والعيون، والاودية، والابنية، والفيافي، والمفاوز، والآكام، والأوهاد، والآجام، والمحتطب، والمعتشب، والحرايم. ومطارح الرماد، والمياه، والحصون، والاساطين المنصوبة، والبساتين المنسوبة، ومحل القرى، والطواحين، والاراضي الدايرة والبايرة، والعامرة والغامرة، والاحجار والاشجار مطلقا... مسمّى كانت ام لا، والفلوات، والقنوات، والآبار، والحدايق، والعلايق، والطرايق، والجداول، والانهار، بكل ما يضاف ويسند اليها. ويعدّ ويحسب منها، قريبة او بعيدة، عتيقة ام جديدة. ذكرت ام لم تذكر، شهرت ام لم تشهر، بدون استثناء شيء منها، وشذوذ شطر عنها... ببندگان ذی شوکت و شان نتیجه خانواده شرف، سلالهء دادهء سلف، جناب جلالتمآب عالی، سلیمان خان، شرف الملك ثانی- دام اقباله- در مقابل مال المبايعة معين وثمن المثل مبين، مبلغ هجده هزار و هفتصد تومان نقد رایج، نصفه توضيحا للاصل، مبلغ نههزارو سیصدو پنجاه تومان نقد رایج مسکوك معتبر در معاملات، مأخوذ مقبوض في مجلس التواجب، لا على رسم المقابله، بلکه تا دینار آخر، محاط بحیطه اخذ وقبض، بمبایعهء صحیحه ومعاقدهء صریحه، ومعاملهء فصیحه، ومبادلهء شرعیه اسلامیهء نافذهء جایزهء حایزهء بر ایجاب وقبول، وقبض واقتباض، وتسلیم وتسلم، ورویت کافیه کافهء تامهء صحیحهء عامهء معتبره قبل العقد، ومصالحه غبن، وغبن الغبن، ولو بلغ أقصى المدارج، واعلى المعارج، ووصول وايصال مال مصالح علیه، وقطع خیارات، والزام عقد وسایر قیود وشروط لازمهء جازمهء شرعیهء وارده بر عین ومنافع مبیعه. (وفقما قرره الشارع البارع في قوانين الشريعة).

واحتیاطا دفعا للخیالات، ورفعا للفسادات والاحتمالات، بایع طایع عین ومنافع مبیعات مشروحهء فوق را بموعده... جل یك صد سال کامل شمسی بصد صیغه متکرره متداخله، سنة فسنة، بادخال عقد في آخر، بحيث يكون آخر العقد الاول اولا للآخر، در مقابل مبلغ مزبور بطریق اجارهء شرعیة

بايشان انتقال داد.

ومستأنفا جمعا بين الفريقين مسلوكا في كل من الطريقين، عين ونفع تمام مبيعات را، بالطوع والاختيار، غب اين معامله را- بالغا ما بلغ- در مقابل مبلغ مرقوم، ويك من نبات مصالحهء صحيحهء شرعيهء جامعة الشرايط والاركان خالية عن موجبات الخلل والنقصان والبطلان نمود، وجناب مشترى فورا پذيرفت وقبول كرد.

وتأسيا عين ونفع هريك از مبيعات فوق را، خالصا لوجه الله واتباعا لمرضاته، جناب مشترى معزى اليه نذر تبرر قربى خالى از شائبهء لجاج، وعالى از رائحه ومخامرهء فساد وعناد واعوجاج نمود. وهبه شرعيه مقرونه باذن جديد در تصرف عين ونفع، واعارهء مرعيهء مضحويه به نذر عدم استرداد با مراعاة اجرة المثل زمان تصرف بايشان انتقال عينى وغبنى ونفعى داد و... صيغ ناقله، وعقود مجوزه ومنفذهء شرعيه، وقيود مخصصه ومعتبره فقهيهء مرعيهء مليهء اسلاميهء وارده بر عين ومنافع بجناب مشترى انتقال واختصاص داد، وصيغ مشروحه را طرفين، عربيةً وعجميةً، بزبان جارى وطارى نمودند، وسركار محمود خان ضامن شد بضمان الدرك شرعى: (لو خرجت المبيعات المرقومة كلا او جزءً، عينا ام نفعا، ملكا ومستحقا للغير فعليه: اما بتخليص المثمن، او رد الثمن، مع غرم الخسارات الواردة على المشتري في المشترى).

ومجددا متلفظ شد بآنكه چنانچه من بعد احدى از اقارب واجانب، از جانب او بمقام ادعاى مبيعات برايد، وضرورى وارد بياورد، علاوهء استخلاص مثمن وغرم خسارات معادل قيمت مرقومهء حاليه از مال خود مجانا بجناب مشترى معزى اليه نذرا صحيحا شرعيا برساند.

فعلى المراتب المرقومة: تمامى وهمگى قراء وقشلاقات مشروحه ومفصلهء فوق با كافهء توابع، وعامهء لواحق، هريك از آنها آنچه بسهم الارث سركار محمود خان مشخص گشته ودر تصرف داشته- بدون الاستثناء- ملك حق وحق طلق اكتسابى جناب جلالتمآب سليمان خان شرف الملك است، محمود خان وعلى اعلى خان ياور، وساير وراث مرحوم شرف الملك را در آن، وجها من الوجوه، حقى وحظى ونصيبى باقى نمانده ونيست، بلكه تمام مبيعات مشروحه كه عبارت است از سه دانگ روانسر وقشلاقات وسمنگان وقشلاقات، وششدانگ عمارت گرمخانى، وآنچه سهم سركار محمود خان است، بدون اخراج شيء منها، ملك حق جناب جلالتمآب سليمان خان شرف الملك است. وضميمهء باقى املاك موروثى ومكتسبى ايشان ميباشد. (فله ان يتصرف فيها كتصرفه في باقيها). كان وقوع هذه المعاملة المسعودة والمبايعة المحمودة في العشر الخامس، من الثلث الثاني، من السدس السادس، من النصف الثاني، من العشر السابع، من العشرة الثانية، من المائة الرابعة، من الالف الثاني، من هجرة من نزلت عليه السبع المثاني. اعني پانزدهم شهر ذى الحجة الحرام (بيجقان شد!) ١٣١٧ سنه مسعوده يكهزارو سيصدو هفده هجرى نبوى عليه وعلى آله الاف الصلاة والسلام ورحمة الله وبركاته.

[يا محمود]

ئەو مۆرانەی کە بەم بەڵگەنامەوەن و پێی مۆر کراون:

١- مراتب مبايعهء ومعاملهء مسطورهء متن را مستحضر ومطلع است، وصح وبيان واقع است، وحق بمركز جاگرفته- ان شاء الله- مبارك است، العبد الاقل (مشيرديوان)[١].

٢- مراتب مشروحهء متن گذشته مبارك است ان شاء الله. الاقل آصف ديوان.

٣- هو الله تعالى.. مراتب مسطور در متن جريان يافته بيان واقع وصحيح است، خدا مبارك فرمايد. العبد الاقل (اعزاز الملك)[٢].

٤- مراتب مسطورهء متن بيان واقع وصحيح وان شاء الله مبارك است.

الاقل شجاع لشكر.[٣] ضيا ديوان .

٥- هر حق وادعائى در خرم آباد وزين چقا داشتم... جلالتمآب عالى آقاى شرف الملك- دام اجلاله- نذر تبرر شرعى نمودم، ان شاء الله تعالى مبارك است. (لا اله الا الله الملك الحق المبين... عبده أمان الله)[٤].

٦- مراتب مسطورهء متن را اطلاع دارم، صحيح ومعتبر وبيان واقع است. ان شاء الله مبارك است. العبد الاقل (صديق ديوان).

٧- حقير حضور داشته اقرار واعتراف بمراتب مسطورهء مفصلهء مشروحهء متن- كما رقم- واجراى صيغه ومصالحه واخذ ثمن از سركار محمودخان ابتياع نموده، صحيح است، ان شاء الله مبارك است. الحقير الحاج اعتماد الرعايا.

٨- مراتب مسطورة ومبايعهء مرقومه در متن جريان يافته إن شاء الله مبارك است. الحقير (معتمد)[٥].

٩- برادر مهربان محمود خان [به تفصيل!] ومبايعه متن اعتراف نمودند، صحيح وبيان واقع ومبارك است. الاقل (على اوسط بن على اكبر)[٦].

١٠- از تفصيل مبايعهء متن مطلع ومستحضرم صحيح وبيان واقع است. واخذ تمام قيمت را سركار محمود خان نمودند الاقل (امين الديوان)[٧].

هو الله

١١- مراتب مسطورهء متن مطابق حق وبيان واقع. وان شاء الله مبارك است، أقل عبادالله

---

(١) موشیر دیوان: لە پیاوە گەورەکانی شاری سنە بووە.

(٢) ئیعزازولمولک: لە پیاوە گەورە و ناودارەکانی سنە بووە.

(٣) شوجاع لەشکریش: لە پیاوە ناسراو و ناودارەکانی شاری سنە بووە.

(٤) مەبەست ئەمانوڵلاخانی والی ئەردەڵانە.

(٥) موعتەمەدیش لە کەسایەتییە ناسراوەکانی شاری سنە بووە.

(٦) عەلی ئەوسەط کوڕی عەلی ئەکبەر خانی شەرەفولمولک بووە.

(٧) ئەمین دیوانیش لە پیاوە ناسراوەکانی شاری سنە بووە.

(امين ديوان).

١٢ و١٣- مراتب مسطورهء متن جريان يافته، صحيح وبيان واقع است.

(حبيب الله بن عبدالله). و (هو الله تعالى العزيز)

١٤- مراتب مسطورهء متن صحيح است. (شرف الدولة).

١٥- حقير حضور داشته اقرار واعتراف بمراتب مسطورهء مفصلهء مشروحهء متن كما رقم، واجراى صيغه ومصالحه واخذ ثمن در سركار محمود خان ابتياع نموده صحيح است. ان شاء الله مبارك است. اقل الحاج (على اكبر).

١٦ و١٧ - مراتب مسطورهء متن جريان يافته وصحيح است. العبد الاقل (حسن) و (نواب).

١٨- مراتب مسطورهء قباله صح است، اميدوارم خداى تعالى مبارك كند بدوام عمر وعزت دنيا وآخرت. الفقير (شكرتو لله!).

١٩- وقعت المبايعة والمعاملة من البايع بالطوع والرغبة والاختيار، مع اجراء جميع الصيغ المنقولة منه، واخذ تمام الثمن باطلاع واستحضار من الحقير الاقل (عبدالرحمن)[١].

٢٠- مراتب مسطورهء قباله صحيح است وبيان واقع است، وصيغ بيع ونذور ومصالحه وساير عقود مشروحه را جارى، وتمام هيجده هزارو هفتصد تومان قيمت را اخذ ودريافت نمودام. ان شاء الله مبارك است. (يا محمود).

٢١- مراتب مسطورهء متن جريان يافته صحيح است. ان شاء الله مبارك است. العبد الاحقر (عبذه الراجى على اصغر)[٢].

٢٢- وقعت العقود المشروحة المشروعة بحذافيرها، واخذت النقود المرقومة الى آخر دنانيرها. حرره (عبدالعزيز الحسيني).

٢٣- وقوع المعاملة من البايع الطايع للمشترى امتثالا لمدلول: (هذه بضاعتنا ردت إلينا) صحيح لا سترة فيه. بارك الله لهما حرره الفقير (على بن حسين).

٢٤- وقع الامر حسبما شرح في بسط القبالة الطويلة المقالة. العبد الأقل. (يأتي من بعدى اسمه احمد).

٢٥- وقعت العقود الشرعية المرعية وفقما شرح فيه مع قبض الثمن المعلوم. حرره الفقير (قطب الدين الحسينى).

٢٦ و٢٧ - مراتب مرقومهء متن صحيح است (ظفر الملك)، (خان خانان).

٢٩- قد وقعت المبايعة الشرعية، والمناذرة المرعية، بعد وجود ما يجوزها مع قبض تمام الثمن المسمى في العقد، حرره الداعى الجانى في شهر ذى الحجة ١٣١٧ (عبدالرزاق خلف احمد آل نبي).

---

(١) لەوانەیە ئەو عەبدوڕەحمانە مامۆستا مەلا عەبدوڕەحمانی قازیی جوانڕۆ بێت.

(٢) عەلی ئەسغەر کوڕی عەلی ئەکبەری شەرەفولولک بووە.

٣٠- وقع وجرى جميع المراتب المفصلة المدونة في تلك القبالة الصحيحة الصريحة الشرعية وفقما شرح وبسط مع قبض الثمن المسمى. حرره الداعى الحقير (الراجى حسين بن احمد).

٣١- باسم الله أشرف الاسماء. قد وقعت العقود الصحيحة الشرعية، وجرت الصيغ الصريحة المرعية، حسبما ذكر وبسط وفصل في المتن، مع قبض تمام الثمن المسمى في العقد لدى الداعي الجانى (الراجى عبدالرحيم بن حسن).

بەڵگەنامەی سێیەم

٥٧٧

بەپێی بەڵگەنامەی سێیەم محەمەد جەعفەر خانی کوڕی محەمەد سادق خان دوو دانگ لە شەش دانگی گوندی (تەمتەم)ی سەر بە ناوچەی جوانرۆی فرۆشتووە بە گوڵشەن خانمی دایکی عەلی ئەکبەر خان بە مەبلەغی ۲۷۰ تمەن. ئەم کڕین و فرۆشتنە لەساڵی ۱۲۸۰ک بووە.

ئەم بەڵگەنامەیش شایەتی و مۆری ۳۰ کەس لە زانا و گەورە و ناودارانی ئەو سەردەمەی پێوەیە، کە دەقی شایەتییەکان و مۆرەکانیان- چەندم بۆ خوێندرابێتەوە- تێیدایە.

بسم الله اشرف الاسماء

لك الحمد يا ذا الجود والمجد والعلى. تباركت تعطي من تشاء وتمنع،

فصل على احمد مادمت معطيا، وناجاك أخيار ببابك ركع.

بعد اهداء الحمد والصلاة على اشرف الموجودات: سبب غوطهء غواص قلم، در دریای دوات سیاهی توأم، وباعث كرّ وفرّ او در میدان صحیفهء سعادت رقم: آنكه بفروخت در حالت صحت بدن، وسلامت حواس، ونفوذ اقارير، وجواز تصرفات شرعيه، عالما عامدا مختارا، لا جاهلا او ساهيا او مجبورا، بعد از تقليد امام اعظم- رحمه الله- در جواز رجوع از وقف موقوفات، واسناد ملكيت مبيعه در حين اجرای صيغهء بما يعلم، بنفس خود عاليجاه، رفيع جايگاه، محمد جعفر خان، خلف الصدق، مرحوم محمد صادق خان- غفر له- دو دانگ تام از شش دانگ مشاع قريهء (تم تم) واقعه در خاك جوانرود را، بعليا جاه، عفت وعصمت پناه، افتخار النسوان، خاتون (گلشن) مادر عاليجاه معلى جايگاه، عمدة الخوانين العظام (على اكبر خان) صان الله عن طروق الحدثان، بمبلغ معين، وثمن مبين، مبلغ دويستُ هفتاد تومان نقد فضى مسكوك رائج دار الخلافة طهران، بمبايعهء صحيحهء صريحهء مشتملة بر ايجاب وقبول وقبض اقباض وتسليم وتسلم، ورؤيهء كافيهء معتبره قبل العقد، حسبما يقتضيه الشرع القويم والمنهج المستقيم.

وثانيا مستأنفا عاليجاه بايع، تمامى دو دانگ مسفوره را مسندا لملكيتهما الى نفسه، مع ما يتعلق بهما، در مقابل مبلغ مزبور الى انقضاى مدهء دويست سال تام شمسى، بعليا جاه مشتريهء معزو إليها اجاره داد، ومنافع دويست سالهء آن را باو نذر نمود.

بناء على المراتب المرقومة: بعد اليوم دو دانگ تام قريهء مزبوره، با دو دانگ ما يسند إليها من المزارع والمراتع والمرابع والمعالف، والجبال والتلال، والاشجار والاحجار، والقنوات والعيون والانهار والطواحين، ومحالها، وغير ما ذكر، مما لم يذكر، ملك حق وحق خالص طلق عليا جاه مشتريهء معزو إليها است، والى انقضاى مدهء دويست سال در اجارهء اوست، ومنافع دويست سالهء آن اختصاص بأو دارد، وعاليجاه بايع در هر عقدى از عقود مسفوره ضامن درك است: كه (لو خرجت المبيعة المؤجرة ملكا ومستحقا للغير فعليه بردّ الثمن، او مال الاجارة، او تخليص المثمن.) وبعد جريان

العقود المرقومة صيغهء مصالحهء غبن وغبن الغبن، ولو كان فاحشا، بين المتعاقدين كما قررت في المذهب جارى شد. فللمشترية المعزو إليها التصرف فيها بعد اليوم كما تريد وتشاء.

جرى ذلك في شهر شوال المكرم في سنة ١٢٨٠ (يا امام جعفر صادق)

مۆرەکان:

١- سمعت المراتب المسطورة في المتن عن عاليجاه محمد جعفر خان كما سطر الداعي. (عبده محمود).

٢- وضح وصح ما رقم. الحقير (يا هادي).

٣- استحضرت تصرف وكيل المشترية بإذن البائع ورضائه. وسمعت الاشتراء بطريق الاستفاضة فمهرته. الاقل محمد القاضي بجوانرود. (محمد).

٤- مراتب مسطورهء متن استماع گرديد. الداعي الفاوجي المعاذي. (يا محمد).

٥- از قبله گاهى من جعفر خان مراتب مسطورهء متن را اقرار شنيدم. الحقير الاثيم (عباس ابن عبدالكريم).

٦- مراتب مسطورهء متن صحيح است، وخلاف ندارد. العبد الاقل (لا اله الا الله الملك الحق المبين عبده محمد يوسف).

٧- مراتب مسطورهء متن صحيح وبيان واقع است. الحقير ابن ميرزا محمد رضا (لا اله الا الله الملك الحق المبين عبده محمد يوسف).

٨- به جميع صيغهء ناقلهء شرعيهء مسطورهء متن نقل نمودام. اقل خلق الله (يا امام جعفر صادق).

٩- از محمد جعفر خان شنيدم: دو دانگ قريهء (تم تم) حصهء خودرا، بعصمت پناه خاتون گلشن، بمبلغ دوصدو هفتاد تومان فروختم. الحقير نورالله طالشى. (بە بێ مۆر).

١٠- مراتب محررهء مسطورهء صحيح است. كلانتر (عبده محمد قاسم).

١١- مراتب مسطورهء متن صحيح وبيان واقع است، الاقل (فرج الله).

١٢- مراتب مسطورهء متن صحيح وبيان واقع است (يا موسى كليم الله ومعى هستى فرد!)

١٣- مراتب مسطورهء متن بيان واقع وصحيح است. الاقل (محمد ابن رضا ابن محمد صادق).

١٤- حكم اهالى شرع مطاع صحيح است. الوالى ابن الوالى ابن الوالى ضياء الملك (امان الله ضياء الملك).

١٥- بسم الله اشرف الاسماء.. جرت المراتب المفصلة الصحيحة الشرعية بالتفاصيل المرقومة في المتن. الداعي امام الجمعة والخطيب (عبده عبدالمؤمن).

١٦- جرت المراتب المشروحة حسبما فصل. الداعى (احمد الله على كل حال)[1].

---

(١) ئەمە مۆری ماموٚستا مەلا ئەحمەدی كلاشی- ناسراو بە مەلا باشی- يە كە خەڵكی كلاشی باباجانيی جوانرۆ بووە، پياوێكی زانا و شاعير و قسە خۆش و بە توانا و لێهاتوو بووە. ماوەيەكی زۆر لەلای =

١٧- وقع ما وقع والخير فيما وقع. الداعى (عبده محمود).

١٨- مراتب مضمون متن مسطور از سركار محمد جعفر خان استماع نمودم (حاج عبدالكريم ابن الحاج محمد).

٢/١٨- مراتب مرقومهء، حسبما فصل، صورت جريان پذيرفته. الداعى (على بن اسماعيل).

١٩- مراتب مرقومه مطلع ومخبرم. الحقير (عبده الراجى سلطان ولد).

٢٠- جرت العقود الشرعية الصحيحة حسبما زبر في المتن. الداعي (اللهم صل على محمد وآل محمد).

٢١- جرت المراتب المشروحة الصحيحة الممضاة. الداعي (حسن الحسيني).

٢٢- مراتب مرقومه بيان واقع است. حرره الداعي (عبده الراجى محمدامين).

٢٣ و ٢٤و ٢٥- مراتب مرقومه صحيح وبيان واقع است. (الداعى لدوام الدولة القاهرة يوسف. محمد الحسينى. المذنب الراجى على).

٢٦- بسم الله اشرف الاسماء. جرت المراتب المشروحة من العقود المشروعة، وامضاها مراعيا للشرائط حسبما قرر في الفقه، الداعى الجانى (محمد ابن امام الدين). ١٢٨٠ .

٢٧- مراتب مسطوره، حسبما سطر، صورت جريان يافته. الداعى الجانى (عبده الراجى فتح الله).

٢٨- صح ما زبر حسبما رقم. الداعى (لطف الله ابن فتح الله).


٢٩ و٣٠- (يا امام صادق).


=فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان - بەتایبەتی عەلی ئەکبەر خانی شەرەفولمولک- جێگەی ڕێز و متمانە بووە و، کارگەلی گەورەی پێ سپێرراوە. لە تەک کەیفی جوانڕۆییدا بە نامە شیعریان بۆ یەکتر ناردووە. شیعری پەند و ئامۆژگاری هەبووە.


تا سەرەتای سەدەی چواردەی کۆچی لە ژیاندا بووە.

مۆرەکەی وەک لە سەرەوە نووسیمان (الحمد لله على كل حال) بووە.

(بڕوانە: مشاهير كرد ٢/٥٤ .)







شیوەنێک بۆ کۆڕی زانیاریی کورد(*)

٥٧٨

وتەیەکی کورت

کە باسی کۆڕی زانیاریی کورد دەکەم وا بۆ باسەکەم مەڕوانن کە بڵێم کۆڕی زانیاریی کورد لایەنی باشەی نەبووە و هەموو کارەکانی خراپ بوون. بەڵکو دەڵێم: کۆڕی زانیاریی کورد ئەو دەستکەوتە مەزنەی گەلی کورد بوو کە بەری شۆڕش و بەهای خوێنی هەزاران لاوی خوێنگەرمی کورد بە دەستی هێنا. ئەو دەستکەوتەی کە هەموو شەڕ و تاڵییەکانی دوای بەیانی ئازاریش نەیانتوانی بیسڕنەوە و لەناوی بەرن. ئەگەر بڵێم: بەردی بناخەی بزووتنەوەیەکی بە گوڕ و تینی رۆشنبیری کوردی جارێکی تر لە تەلار و ساختمانی ئەو کۆڕەدا دانرا رەنگە زۆر نەڕۆیشتبێتم.

بەڵام مەبەستم ئەوەیە لایەنە لاواز و کەموکووڕییەکانی کۆڕ دەستنیشان بکەم کە نەدەبوو وابن و، دەبوو زۆر شکۆدارتر بووایەت و، دەبوو ئەو دەستکەوتە مەزنە بە ئەندازەی مەزنییەکەی کاری گەورەی بۆ بکرایە.

کە ساڵی ١٩٧٠ کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا، وەک یەکێک لە بەرە شیرین و بەتامەکانی شۆڕشی گەلی کورد، دامەزرا، رۆشنبیران و دڵسۆزانی رۆشنبیریی کورد ئەم رووداوەیان بە ئاواتی هاتوەدیی یەدان ساڵەی هەموو کوردێک دانا و، هەر رۆشنبیرێک لە عاستی خۆیەوە وەک کۆرپەی ئاواتی چەندان ساڵەی دوای دەیان کۆشش و دوعا و نزا و قازیی بەنێ. لەدایک بووبێ ئاوا پێشوازییان لە رووداوەکە کرد و، هەر کەس لەلای خۆیەوە گەنجینەی دێرینی باو و باپیرانی کردەوە و، دەستی برد نایابترین و بەنرخترین پارچەی کولتوور و کەلەپووری سەدان ساڵی بنەماڵەکەی دەرهێنا و، بە خۆشحاڵی و شانازییەوە بەپێی خۆی بەرەو بەغدای پایتەختی برد و، لەوێ کردی بە پۆیلانەی (کۆرپەی ئاواتی کورد).

ئەگەر بڵێین: وەک لێزمە بارانی بەهار خەڵات و بەراتی دڵسۆزانی کورد لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بەسەر (کۆڕی زانیاریی کورد)دا باری بە لاتەوە سەیر نەبێ و، ئەگەر بڵێین: خەرمانی پۆیلانەی (کۆرپەی ئاواتی کورد) بە چەندان سەپانی کارامە و، وەرزێری دنیادیدە و دڵسۆز نەدەهاتە ناو و سوور نەدەکرا، کەممان گوتووە. بەڵام ئەو خەرمانە چی بەسەرهات؟ بەری رەنجی باو و باپیران کە خۆی لە دیاریی دەستی نەوەکانیاندا بۆ کۆڕ دەدییەوە، بە چ جۆرێ چاودێریی لێ

(*) لە سیمینارێکدا ئێوارەی ٢٠٠٩/١/١٨ لە ئەکادیمیای کوردی خوێندمەوە. دواتریش لە ژمارەکانی: ٣٠٨٤، ٣٠٩٠ی رۆژنامەی خەباتدا بڵاو بووەوە.

کرا و بەرهەم هێنرا؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەم چەند دێرە بۆ مێژوو دەنووسم. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە من هەموو شت دەزانم، وەک مانای ئەوەیش نییە هەرچی دەزانم دەتوانم بینووسم.

لە جێگەی داخی گەورەوە دەست پێ دەکەم، کە ئەوەیە ئەو دڵسۆزییەی رۆشنبیرانی کورد و ئەو هیوای ئەوان بە کۆڕ و کارمەندانی کۆڕیان بوو لە جێگەی خۆیدا نەبوو. ئەوەی ئەوان لە دوورەوە دەیانبینی و گومانیان وابوو کانگای پیاوی کارامە و دڵسۆز و لێهاتوو و خەمخۆری سامانی دێرینی کولتوور و کەلەپووری ئاینی و رۆشنبیریی کوردە، وا نەبوو. مەبەستم ئەوە نییە کەسێک یان کەسانێک تاوانبار بکەم، وەک گوتم دەمەوێ بۆ مێژوو رووی شاراوەی چەند شتێک هەڵبماڵم کە من ئاگام لێیانە و، کەمێک لە قەوارەی ئەو زیانە گەورە دەربخەم کە لە مێژووی کەلەپووری کورد کەوتووە. ئەوەیش کە هانی دام بۆ نووسینی ئەم کورتە باسە هەواڵی دیمەنێک بوو کە دەکرێ بە دوا تابلۆی ئاگر تێبەردانی سامانی کەلەپووری کورد دابنرێت، وەک لەمەودوا باسی دەکەم.

ئەم زیانانە چۆن لە کورد کەوتن؟

وەک گوتم رۆشنبیران و دڵسۆزانی کورد وەک لێزمەی بارانی بەهار کۆڕەی ئاواتی کوردیان بە نایابترین بەرهەمی باو و باپیران پڕیلانە کرد، بەڵام ئەو بەرهەمانە دەست پیاوی شارەزا و دڵسۆز نەکەوتن و، کارێکیان بۆ نەکرا کە شیاویان بێت.

بەپێی بۆچوونی من و، وەک ئەوەیش کە شوێنگەل و کارگەلی ئاوا پەیڕەو کراوە و دەبێ هەمیشەیش پەیڕەو بکرێت، دەبوو:

هەر بەرێزێک شتێ یان شتگەلێکی بە بایەخی دەکرد بە پڕیلانەی کۆڕ، ئەو شتانەی بەهۆی لێژنەیەکەوە لێ وەربگیرایەت و، بە ناوی خاوەنەکەیەوە تۆمار بکرایەت و، لە دەفتەر (سجلی)ێکی تایبەتیدا تۆمار بکرایەت و، بە درێژیی باسی بکرایە، شتەکە چییە؟ چۆنە؟ قەوارەی چەندە؟ چەند لاپەڕەیە؟ کەی نووسراوەتەوە؟ کێ نووسیویەتییەوە؟ چەندان شتی تریش کە ببوایەن بە پێناسەیەکی تایبەتیی بۆ ئەو شتە و، وەها بناسێنرایەت کە هەرگیز لە تەک شتگەلی تردا نەگۆڕێت و، دواتر ئەمانە هەموویان لە (ئەندکس)ی کتێبخانەی کۆڕدا بە چەند نوسخە و دانە هەڵبگیرایەن و، بەرهەمە کەلەپوورییەکانیش لە کتێبخانەی کۆڕدا لە جێگەی پاک و دوور لە مەترسیدا بپارێزرایەن و، پاش ئەمانەیش ناوبەناو ئەو شتە پێشکێشکراوانە بە درێژیی، یان لە گۆڤاری کۆڕدا، یان لە نامیلکەی سەربەخۆدا لەسەریان بنووسرایە و، بەمەیش خاوەنەکانیشیان و جەماوەری کوردیش لە بەخشندەیی رۆشنبیران و دڵسۆزانی کورد و کۆڕی زانیاریی کورد ئاگەدار دەبوون، بەمەیش تۆماری شەرەف و رێز بۆ هەردوو لا پارێزراو دەبوو، دەبوو بە بنەمایەک بۆ چاولێکەری و شوێنپێ هەڵگرتنی رێبوارانی سەر رێگەی ئەو قۆناخەی کاروانی گەشەپێکردنی پاراستنی سامانی کەلەپووری نەتەوایەتی. بەڵام سەد مخابن! ئەم کارە ئەنجام نەدراوە، ئەو دیارییە بێ وێنانە چۆن دەهاتن وەها دەدرانە دەست چارەنووسی نادیار و، کەسان و دڵسۆزانی راستەقینە نەبوون لێیان بپێچنەوە و لەسەریان هەڵبدەنێ و، هەوڵ بۆ پاراستن و بڵاوکردنەوە و

بووژاندنەوەیان بدەن.

ئەوەی من ئاگەداربم کارێکی کەم لەو بوارەدا کرا، ئەویش پاش چەند ساڵێک لە تەمەنی کۆڕ و، پاش ئەوەی گەلێ شتی بە بایەخ لە سامانی کەلەپووری کە بە دیاری بۆ کۆڕ هاتبوون بەڵگوین کرابوون، بە بڕیارێک من و خوالێخۆشبوو کاک فاتیحی مامۆستا مەلا کەریم دیاری کراین بۆ ماوەیەک کە دەستخەتەکانی کۆڕی زانیاریی کورد تۆمار بکەین و، ناو و بابەت و بەشیان جیا بکەینەوە. ئێمە کارەکەمان ئەنجام دا، بەڵام هەر ئەو ئەنجامدانە بوو ئیتر هیچی تری بە شوێندا نەهات و، کاری تری بۆ نەکرا، وەختە بڵێم: ئەنجامی کارەکەی ئێمەیش بزر و شوێنەون کرا.

ئەگەر وا نەبووایە دەبوو هیچ نەبێ دوای ئەوە کەسێکی کارامە کتێبێکی لە بەرگێک یان چەند بەرگێکدا بە ناونیشانی (فهرست مخطوطات مكتبة المجمع العلمي الكردي) دابنایەت و، لە کتێبخانەی کۆڕدا بەشێکی تایبەتیی بکرایەتەوە، (قسم المخطوطات) یان ناوێکی وەهای لێ بنرایە و، دەستخەتەکانی بە جیا تێدا بپارێزرایەن و، لێکۆڵەران بیانزانیایە چی تێدایە و، هان بدرایەن و پشتگیریی بکرایەن بۆ لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی شتە نایابەکانی. ئەمانە هیچیان نەبوون و، رووبیان نەدا و، ئێستا و ئەوسایش کەس نەیزانی چەند شتی نایاب پێشکێشی کۆڕی زانیاریی کورد کرا. بەشی دەستخەتەکان لەدایک نەبوو، ئاواتی نووسینێکی- با کورتیش بێت- لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری کۆڕ یان هەر چاپەمەنییەکی تر نەهاتە دی. ئەو هەموو شوێنەوارە نایابەی کەلەپووری کوردی وەک بەردی بنگۆم بێدەنگ و رەنگ کران. ئەمانە جگە لەوەی کە چەند گرووپ و لێژنە و کۆمەڵ پێکهێنران، ئەرکیان ئەوە بوو دەگەڕان بە گوند و لادێ و شوێنە چەپەک و دوورە دەستەکانی کوردستاندا، لە دەمی شوان و گاوان و سەپان و دنیادیدە و پیرەپیاوان و پیرەژنان... پەند و بەیت و باو و فۆلکلۆری کوردەوارییان بەدەنگی خۆیان لەسەر کاسێت تۆمار بکەن و، لەم بوارەیشدا لەو کاتەدا کە وڵات نەشێوابوو و، کوردستان وێران نەکرابوو، سامانێکی کەموێنە کۆکرایەوە، ئەمانەیش هەموو هەروا کران بە گەرووی ئەو ئاشە بێ ئاشەوانەدا و، هەر کەس دەستی بەهەرچیدا دەگەیشت بۆ خۆی دەیبرد و کەس نەبوو بڵێ بۆ وا دەکەیت؟

رەنگە ئەو قسانەم لای گەلێ کەس لێ وەرنەگیرێت و بە تۆمەتی گەورە و ناڕەوای بدەنە قەڵەم. بەڵام دەڵێین: ئەی ئەو دەیان کاسێت و نووسراو و کەرەستە فۆلکلۆرییانە چییان بەسەر هات؟.

جگە لەمانەیش و لەوانەیش - وەک لە ژمارەیەکی گۆڤاری کۆڕی زانیاریدا باسی کراوە- لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵاتەوە سەدان دانە کتێبی دەگمەن و نایاب بە گەلێ زمان لەلایەن رۆشنبیرانی کورد و بیانییەوە پێشکێشی کۆڕی زانیاریی کورد کران، ئەمانەیش، هەرچەند زۆریان تۆمار کران و لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی کورددا پارێزران، کەمتەرخەمیکردن لە عاستیاندا زۆریانی کرد بە گەرووی پیاوانی کتێبخۆردا و[1]، دوای دەرچوونی دەیان دانەی نایابیان بە ناوی

(١) یەکێک لەوانەی کە - من بزانم- لە هەموو کورددا کەس نەبووە بە قەد ئەو دەستخەتی خۆشویستبێت، کە کتێبی نایابی کردووە بە پۆیلانەی کۆڕی زانیاریی کورد، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بوو -خوا لێی خۆشبێت- ئەم مامۆستا گەڕاوە بە کتێبخانەکەیدا کۆنترین و نایابترین دەستخەتی کتێبخانەی =

(استعارە- خواستن)ەوە، لەلایەن ئەندامانی کۆڕ و کەسانی ترەوە، جارێکی تر نەگەیشتنەوە شوێنەکانی خۆیان لەسەر ڕەفەکانی کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی کورد.

جگە لەوەیش گەلێک لەو کتێبە دەگمەن و نایابانە کە لە دڵسۆزانەوە پێشکێش بە کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی کورد کرابوون، یان هەر تۆمار نەکرابوون، یان دوای مۆرکردنیان بە مۆری کتێبخانە و پێش تۆمارکردنیان، بۆ ماستاوکردن و خۆبردنە پێشەوە لای ئەم و ئەو، لەلایەن بەرپرسی کتێبخانەوە برابوونە دەرەوە و، کرابوون بە دیاریی بۆ کەسانێک کە نە پێیان ڕەوا بوو نە شایستەی ئەوە بوون.

هەروەک نموونە دەیهێنمەوە یەکێک لەو کتێبە نایابانە نامیلکەیەکی بچکۆلەیە بە ناونیشانی (کردستان- او بلاد الأكراد) دانراوی (يوسف ملك) کە یەکێکە لەو کتێبە دێرینانەی بە شێوەیەکی جوان و باش باسی کوردستان دەکەن، پاش ئەوەی لەلای کوردێک یان دۆستێکی کوردەوە گەیشتووەتە کۆڕی زانیاریی، بەرپرسی کتێبخانەکە، پێش ئەوەی بێڵێ جێگەی خۆی بگرێت، بردبووی پێشکێشی جێگری وەزیرێکی کردبوو، کە ئەو جێگرە کورد بوو، ئەمیش لای ئەو خۆی بردبووە پێشەوە، جێگرەکە دیارییەکەی ئەوی نەدابووە دواوە و دڵی نەشکاندبوو، بەڵام بە ڕێکەوت پاش ماوەیەک دوای ئەو ڕێگەم کەوتە لای ئەو جێگرە و، دەیزانی من بایەخ بەو شتانە دەدەم، دەستی برد لە چەکمەجەی مێزەکەی ئەو کتێبەی دەرهێنا و وتی: ئەمە بۆ تۆ باشە و من نامەوێ. لەو کاتەوە تا ئێستە نزیکەی ٣٠ ساڵە ئەو کتێبەم وەک خۆی پاراستووە و، ناو و ئیمزای پێشکێشکەر و پێشکێشکراوی پێوەیە.

هەر لە تاوەۆی تۆمارکردنی دەستخەتەکانی کۆڕدا بوو ڕێگەم کەوتە (مديرية الآثار العامة) بەشی دەستخەتەکان و، کە چوومە ژووری بەڕێوەبەر چاوم بە نزیکەی دە دەستخەتدا هەڵتۆقی، هەر لە دوورەوە سەرنجیان ڕاکێشام و، بەڕێوەبەریش کە ئەو سەردەمە (اسامة النقشبندي) بوو وتی: ئەمانە دەستخەتن! کۆمەڵەکەی ئێوەیش - مەبەستی مامۆستا و قوتابیانی کورد بوو-

---

= خۆی کە (الموطأ)ی ئیمامی مالیک بووە و تەمەنی نزیکەی ٨٠٠ ساڵ بووە پێشکێشی کۆڕی کردووە. ئەم هەواڵە لە ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورددا بڵاو کراوەتەوە.

بەڵام ئەم دەستخەتە چی بەسەر هات؟ دوکتۆر خالیدی کوڕی مامۆستای خاڵ بۆی گێڕامەوە وتی: دوای ئەوەی باوکی کتێبەکەی پێشکێشی کۆڕ کرد (٢٤) سەعاتی بەسەردا تێ نەپەڕی ئەو کتێبە نایابە بێ وێنە دزرا! دوکتۆر خالید دەڵێ: باوکم تا شەش مانگیش دوای ئەوە خەریک بوو شێت ببێت؛ لەپڕ شەو لەخۆیەوە هەڵدەستا و دەگەڕا و هاواری دەکرد.

عەباس عەزاوی یەکێک لەوانەی خاوەنی نایابترین کتێبخانەی دەستخەت بوو لە (شرق الاوسط)دا، نەیدەهێشت کەس دەستخەتی ببینێ، هاتبوو دەستخەتی (سلسلة الذهب) کە بۆ کورد قیمەتی هەر تەواو نابێ- بە خەڵات دابوو بە کۆڕی زانیاری کورد، بەڵام بەرپرسێکی کۆڕی زانیاریی بێ ئەوەی ئەمە بە خیانەت بزانێ دابووی بە زەلامێک لە بنەماڵەی ئیبنوئادەم و دواییش دەستخەتەکە سەری تێداچوو.

مامۆستا فوئاد عارف قورئانێکی نایابی دەستخەتی شێخ ئیسماعیلی کونەکۆتری باپیرە گەورەی کردبوو بەدیاریی کۆڕ ئەمیش بێ سەروشوێنە...!

دەستخەتمان بۆ دێنن؟.

کە زیاتر لە دەستخەتەکان نزیک بوومەوە و ئەمدیوە و دیوێکم کردن گومانم لەوەدا نەما کە دەستخەتی کۆڕی زانیاریی کوردن و، داوای مۆڵەتم لە مامۆستا ئوسامەی بەڕێوەبەر کرد و تەلەفۆنم بۆ کۆڕ کرد و، ئاگەدارم کردن کە کۆمەڵێک دەستخەت لێرەیە، من بە دەستخەتی کۆڕیان دەزانم. پاش ئەوە لە کۆڕەوە دوو کەسیان نارد و دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە، دوایی دەرکەوت دەستخەتەکان لە ڕێگەی بەرپرسی کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی کوردەوە- بۆ شوێنە ونی- دراون بە ئافرەتێک کە بیانفرۆشێ بەو کتێبخانە.

ئەوە بوو دواتر بەرپرسی کتێبخانە گیرا و درا بە دادگە و، زۆریشی پێ نەچوو رزگار کرا و! دەستخەتەکان گێڕرانەوە بۆ کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی کورد.

دەبێ لێرەدا ئەوەندە بڵێم: ئەو دەستخەتانە بەشێک بوون لە دەستخەتەکانی کتێبخانەی خوالێخۆشبوو تۆفیق وەهبی، کە لە ڕێگەی سامی خوندەوە پێشکێشی کردبوون بە کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی کورد و، ئەو دەستخەتانە لە نایابیدا کەموێنە بوون و، بە جوانترین شێوە بەشی زۆریان نوێ کرابوونەوە و، بەرگی نایابیان - هەموویان لای یەک بەرگتێگر- تێ گیرابوو، هەر ئەوەیش بوو وای کرد بە یەکەم چاوپێکەوتن من ناسیمنەوە.

هەر لێرەدا دەبێ ئەوەیش بڵێم: ئەمانەی من دەیاننووسم سەرەمەقەست و سەرەبڕشتن و، بە ڕێککەوت ڕێگەم لێیان کەوتووە و بیستوومن و، بێگومان چەندان جۆرە کارەساتی وا بەسەر شوێنەوارە نایابەکانی کەلەپووریی و کولتوورییەکانی کوردا هاتوون و، کەس پێی نەزانیون و تۆمار نەکراون و، ئەو کەسانەیش ئەنجامیان داون وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون.

من لەو سەردەمانەدا هیچ پێوەندیەکی رەسمی و نیوە رەسمی و بەشداریم لە هیچ کاروبارێکی ناوەوە و دەرەوەی کوردا نەبووە و، وەک هەر رۆشنبیرێکی کورد بۆ کڕینی چاپەمەنی و شت سەردانی کۆڕم دەکرد.[1] کە ئەم کوتەڵ و شیوەنە بۆ ئەو سامانە نابە سامان چووە دەکەم بە ناچاریی دەبێ ناوی کەسانێکی زیندوو و مردوو بهێنم و، ناچارم لەمەودوا باسەکە بۆ لای ئەوانەم رادەکێشێت و، دەبێ تۆزێکیش بۆ هۆی ئەم کارەساتانە بگەڕێین.

هۆیەکی سەرەکیی ئەم کارەساتانە بایەخ نەدانی سەرۆک و بەرپرسانی ناو کۆڕی زانیاریی کورد بوو بە دەستخەت و کەلەپوور و، هەستنەکردنیان بوو بە بەرپرسیی لە عاستی ئەو ئەرکە مێژووییە و ئەو سامانە مشە و فرەدا، کە بێ ئەوەی ئەوان پێیەوە ماندوو بن، یان بۆی بگەڕێن، بە لافاو و لێشاو بەسەریاندا رژابوو.

وەک نموونە خوالێخۆشبوو مامۆستا مەسعوود محەمەد دەهێنمەوە کە خۆی کوڕە مەلا و، لە بنەماڵەیەکی پشتاوپشت مەلا زادەی ناوداری کوردستان کەوتبووەوە و، بەشێکی زۆری ژیانی - ویستبێتی یان نەیویستبێ- لەناو دەستخەت و دانراوی باو و باپیرانی خۆیدا بەسەر بردووە،

---

(١) تۆمارکردنی دەستخەتەکانیش لەلایەنی من و کاک فاتیحەوە بەرانبەر بە پاداشتێک بوو وەک کرێ دایان پێمان و لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا ئەنجامامان دا.

دەزانن ئەم مامۆستا چ بایەخێکی بەو دەستخەتانەی خودی بنەماڵەکەیان داوە و چۆن پارێزگاریی لێ دەکردن؟.

ئوسامە نەقشبەندی بۆی گێڕامەوە وتی: رۆژێک مەسعوود محەمەد هات بۆ لام وتی: وەرە دەستخەتەکانی کتێبخانەکەمان بێنە بۆ ئێرە. منیش وتم: باشە سوپاست دەکەم، رۆژێک دێم پێکەوە بچین بیانهێنین.

وتی- واتە مامۆستا مەسعوود-: من کاتم نییە و بۆم ناکرێت و ناونیشانت دەدەمێ خۆت بچۆ بیانهێنە! ئوسامە وتی: لەگەڵ کارمەندێکی دەسگاکەدا چووین دەستخەتەکانمان لەژێر تۆز و خۆڵ دەرهێنا و، لە گونیە و کارتۆن و سندووقدا بارمان کردن و هێنامانن.

لێرەدا بەسەر ئەوەیشدا نارۆم: بەهۆی ئەوەوە لەم ساڵانەی دواییدا و لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە لە (د. ع)دا کارم دەکرد و، لە نزیکەوە ئوسامەم دەناسی، گەلێ شتم لێ دیوە و بیستووە لەبارەی دەستخەت و شوێنەوارەکان.

یەکێک لەو شتە سامناکانەی لێم بیستووە و داوای لە خۆم کردووە، ئەوە بوو دەیگوت: لە سەرکردایەتییەوە خاترخۆ کراوم هەر دەستخەتێک زیانی بۆ بیروڕای حزب و ئاسایشی نەتەوەیی هەبێت بێ پرسکردن بە کەس و گەڕانەوە بۆ سەرەوە لەناوی بەرم! لەمانەیشدا بەزۆری دەستخەتەکانی سەر بە کورد و شیعەی دەگرتەوە و، سوپاس بۆ خوا رێگەم پێ نەدا - ئەوەی من ئاگەدار بم- پەڕەیەکی شرپیش چییە لەناوی بەرێ.

جا دەگەڕێمەوە بۆ لای دەستخەکانی مامۆستا مەسعوود و دەڵێم: دووگ بدرێتە دەست پشیلە دەبێ چۆنی بپارێزێ؟ ئوسامە و داروەستەیەک کە خاوەنی ئەو بیرە شۆڤێنییە بن دەبێ چ کارەساتێک بەسەر شوێنەواری رەسەنی کورددا بێنن؟ یان دەبێ ئوسامە بۆ سوودی تایبەتیی خۆی چەند دەستخەتی نایابی لەو سامانە وەلاوە نابێت و بۆ خۆی هەڵگرتبێت؟.

مامۆستا مەسعوود ئەو ماوەی سەرۆکی کۆڕی زانیاریی کورد بوو چی بۆ کەلەپووری کورد کرد؟

ئەوەی ئەو وەک حیکایەت لەسەر باو و باپیر و بنەماڵەی خۆیان بۆ حاجی قادریی کۆیی کرد، دەکرا لە قاڵبێکی زانستییانە و لە رێگەی دەستخەتەکانی ناو کۆڕەوە ئەنجام بدرایەت و، لەوەیش کەمتر و بەپێزتر و بەسوودتر دەبوو، ئەگەر بهاتایە - کەمێک خۆی ماندوو بکردایە- لە رێگەی دەستخەتەکانی بنەماڵەکەیانەوە - کە ئەو لە هەموو کەس چاکتر دەیزانی چییان تێدایە- مێژوویەکی بنەماڵەی جەلی بنووسیایە و، ئەو مێژووانەی لە کۆتایی و پەراوێزی دەستخەتەکانیانەوە بوون کۆی بکردایەنەوە و، بابەتبەندیی بکردایەن و، بڵاوی بکردایەنەوە چ کارێکی گەورەی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی و مێژووی کورد ئەنجام دەدا؟.

یان بهاتایە وەک خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بۆ کتێبخانەکەی خۆی کرد، بیلیۆگرافیای بۆ دەستخەتەکانی بنەماڵەکەی خۆیان بکردایە و، لە کتێبێکدا یان لە چەند بەرگێکی گۆڤاری کۆڕدا بڵاوی بکردایەتەوە، هیچ نەبێ ناوی دەستخەتەکانی بنەماڵەکەیانی بۆ دەپاراستین و، ئێستە دەمانزانی چییان بووە و چییان تێدا چووە.

هەر لە رووی بایەخ نەدان بە کەلەپووری کوردەوە دەڵێین: لەو سەردەمە زێرینەی کۆڕی زانیاریی کورددا کۆڕ و چاپخانەی کۆڕ و دەرامەتی کۆڕ و کادرانی کۆڕ، بە کاری لاوەکیی واوە سەرگەرم کران دەبوو وا نەبووایە، ئەگەر لە بری ئەوانە لا لە کەلەپووری کورد بکرایەتەوە و، پەلاماری شتگەلی نزیکە بەلا و بلاونەکراوە بدرایەت ئێستە کار بەجۆرێکی تر دەبوو.

(توحفەی مظفریە) کە کاتی خۆی کۆکراوەتەوە و چاپ کراوە نەدەبوو ئەولەوییەتی بدرایەتێ. (دایك)ی مەکسیم گۆرکی چی وای لێ دەکات پێش دەیان و سەدان دەقی کۆنی رەسەنی کوردیی بکەوێ؟ هەروەها گەلێ کتێب و بابەتی تریش کە یان هەر کاری کۆڕ نەبوون و، نەدەبوو کۆڕیان پێوە خەریک بکرێ، یان نەدەبوو بایەخ و ئەولەوییەتیان بدرێتێ.

ئەندامەکانی کۆڕ و سەرۆکەکانیشی- بە زۆری- هەرکەس کاری بۆ خۆی دەکرد و، گونجان یان نەگونجانی کارەکەی لە تەک رەوتی کۆڕدا شتێکی تر بوو، وا دەبوو بە رێککەوت کاری فلان کەس یان فلان دوکتۆر کارێکی وا دەبوو لەگەڵ رێباز و خواستی کۆڕدا دەگونجا، وەک گەلێ جاریش وا نەدەبوو. پلان و نەخشە دانەنرا بۆ کاری گەورە و سەرەکی، یان پلان دادەنرا، بەلام هەر بڕیار و مەرەکەبی سەر کاغەز دەبوو و بەس. بۆ نموونە بڕیار درا کار بۆ فەرهەنگێکی گەورە و گشتگیر و رەسای زمانی کوردی بکرێت، دوای تێپەڕبوونی (٣٥) ساڵ بەسەر ئەو بڕیارەدا هێشتا شتێکی دیاریی دیار نییە. هەروەها داواکردن و پێشنیازکردنی چەند کار و کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دیوانی چەند لە شاعیرانی گەورەی کورد بێ ئەنجام مایەوە.

ئەم قسانەم بۆیە کرد ئەو کاتە بە خەلات و پۆیلانەی دڵسۆز و رۆشنبیرانی کورد کەرەستەی چەندان بابەتی رەسەن هاتبووە ناو کۆڕ و بەشوێنداگەڕانی نەدەویست، هەر ئەوە بوو داوا لە کارمەندی کارامە بکرێت و دەستبەکار بێ.

بەلام لەم رووەوە هیچ نەکرا. بۆ نموونە لە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمم بیست وتی: لەناو ئەو دەستخەتانەدا بۆ کۆڕ هاتبوون (١٧)- یان (٢٧)- نوسخەی جیا جیا و جۆراوجۆری دەستخەتی (دیوانی مەلای جزیری)م دی، جگە لەوەی ئەم دەستخەتانە هەموو بەڵگوین کراون و لەناو براون، ئەو کاتە چی بۆ ئەو دەستخەتانە کرا؟ چ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر دیوانی مەلای جزیری لە عاستیاندا کرا؟.

نایابترین نوسخە و کۆنترین نوسخەی زانراوی دەقی (مەم و زینی) ئەحمەدی خانی لەناو کتێبخانەی شێخ مستەفای قەرەداغیدا بوو- کە سەرلەبەری کتێبخانەکەی پێشکێشی کۆڕ کرد- و تا ئێستەیش لەو نوسخە پوختتر لە دەقی مەم و زینی خانی نەدۆزراوەتەوە.. لە کۆڕدا چۆن پێشوازیی ئەو دەقەیان کرد؟ چ کارێکیان لەسەر کرد؟ یان هەر هیچ نەبێ بە وتارێک لە کۆوارێ یان رۆژنامەیەکدا باسیان کرد؟ ئەوەیش هیچ، ئایا وەک هەواڵێک- کە لە ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕدا باسی پێشکێشکردنی کتێبخانەکەی شێخ مستەفا نووسرا و،[1] باسی ئەوە کرا ١٢٢

---

(١) کاک ئەحمەد و شەهرزاد خانی مامۆستا شێخ مستەفای قەرەداغی بۆیان گێڕامەوە وتیان: کە هاتن کتێبخانەکەیان بار کرد زیاتر لە پڕ یەک پیکابی دوو تەنی بوو بردیان.

دەستخەتی نایابی تێدایە- خوێنەران لەوە ئاگەدار کران ئەو نوسخە بێ وێنەی دەقی مەم و زین لەناو دەستخەتەکاندایە؟.

ئەم جارەیش دەیڵێمەوە: من لە نزیکەوە تا درەنگانێک ئاگەداری کاروباری ناو کۆڕ نەبووم و نەمزانیوە چی تێدا ئەنجام دەدرێت، وەک بۆ دەستخەت و پۆیلانەکانی کۆڕیش کە من لەم نووسینەدا زیاتر دەستی لێ دادەگرم بە بۆنەی ئەوەوە، ئەو دەستخەت و دیارییانە لە دەفتەر و (سجلی) تایبەتیدا تۆمار نەکراون و، ژمارە و چەند و چۆنییان نەخراوەتە روو، ناتوانین - و رەنگیشە هەرگیز نەتوانین- قەوارەی ئەو زیانە دیاریی بکەین کە بەهۆی کەمتەرخەمیکردنەوە لە عاستی کەلەپوور و شوێنەواری پێشکێشکراو بە کۆڕەوە لە سەرجەمی گەلی کورد و رۆشنبیریی کوردی کەوتووە.

بەڵام هیوادارم کەسانێکی تریش کە وەک من لاوەکیی سووچگەلێکی تری ئەو زیانانە دەزانن دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگم و، چی دەزانن بینووسن، بۆ ئەوەی: لەلایەکەوە قەوارەی ئەو زیانە - کەم تا زۆر- بزانرێت و، لەلایەکی تریشەوە ئەمە زەنگی خەتەر بێت - هەرچەند زۆر درەنگە- بۆ ئەوەی کارەساتی وا جارێکی تر روو نەداتەوە.

هەر لە نموونەی ئەو زیانانەی لابەلا من زانیومن و کارێکی وایان بۆ نەکراوە لەم ساڵانەی دواییدا و دوای دامەزراندنی (کۆڕی زانیاریی کوردستان) لە رێگەی (کتێبخانەی فێربوون)ەوە لە هەولێر کۆمەڵێک دەستخەت برا بۆ کۆڕی زانیاریی کوردستان و، پێشانی مامۆستا شوکور مستەفا دران بۆ ئەوەی بیانکرێت، بەڵام بە بیانووی گرانییان و زۆریی پارەی داواکراو بەرانبەریان، دەستی لێ بەردان. مامۆستا شوکور دوایی ئاگەداری کردم کە بە سکانەر وێنەی گرتوون. ئیتر نازانم وێنەکان لە کوێن و چییان بەسەر هات.

مەبەستم لەم هەواڵە ئەوە بوو مامۆستا شوکور دواتر بۆی باس کردم کە ئەو کتێب و دەستخەتانەیش هەر بەشێک بوون لە دەستخەتەکانی کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا و، لە هەمان رێگە و جێگەوە هاتوون کە پێشتر چەندان شتیان تیا تەرفەنە کردووە.

لێرەوە و دوای ئەم قسە و باسە دێمە سەر ئەو هەواڵە کە لە ناخەوە هەژاندمی و بە کۆستی کەوتووی کۆڕی زانیاریی کوردم داناوە، لام وایە دەبێ هەموو رۆشنبیرانی کورد و دڵسۆزانی کەلەپووری ئەم گەلە کۆتەڵی بۆ بکەن.

هەواڵەکەیش بە کورتی بەم جۆرە بوو:

ماوەیەک پێش رووخانی رێژیمی دیکتاتۆریی بەعس، رۆژێک لە کۆبوونەوەی دەستەی کوردی کۆڕی زانیاریی عێراقدا بووین لە بەغدا، ئافرەتێک، کە تا ئەو کاتە لە نزیکەوە نەمدەناسی، هات و وتی: مامۆستا دوای کۆبوونەوەکە زەحمەت نەبێ سەرێک لە کتێبخانە بدە.

ئەو کاتە کتێبخانە بووبوو بە یەک کتێبخانە و، کتێبەکانی کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی کورد گوێزرابوونەوە بۆ کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق.

کە چووم بۆ کتێبخانە زانیم ئەو ئافرەتە ناوی (جوان) خانە و، ئەمینەی مەکتەبەی کۆڕی

زانیاریی عێراقە و، ئافرەتێکی دڵسۆزی رۆشنبیری و کەلەپووری کوردییە.

دوای دانیشتن دەستی برد لە دۆلابێکدا، کە لە ژوورەکەی خۆیدا بوو، زەرفێکی دەرهێنا، وتی: مامۆستا زەحمەت نەبێ دەتوانی یارمەتیم بدەیت بۆ ئەوەی بزانم ئەمانە چین؟ کە لە کیسەکەم دەرهێنان و تەماشام کردن، بینیم پاشماوەی چەند دەستخەتی دانراوی ئیبنولخەیاتی قەرەداغی و، چەند کەسی تر بوون. ئەوەی بۆم کرا لە جیاکردنەوە و سەروبەرگرتنیان و یەکخستنەوەیان.. کردم.

دوایی وتم: ئەمانە چین؟ بە ترس و پارێزێکی زۆرەوە گوتی: ئەمە ماوەیەکە سەرۆکی کۆڕ سەری کون کردووم؛ هەموو رۆژێ پێم دەڵێ: برۆ ئەو شڕەوپڕانە لەوبەر- واتە لە تەلاری کۆڕی زانیاریی کورد- بسووتێنە. تا لەم رۆژانەدا چووم لە ژوورێکدا- وەک جوان خان وتی-: بە قەد خەرمانێک پاشماوەی دەستخەت و تۆمار و کاغەزی پتورکاو و مۆرانە خواردوو دانرابوو، بەشی زۆری وای لێ هاتبوو کە دەستم دەدایە دادەرزا و هەڵدەوەری، هەندێکیان کاتی خۆی لوولە بوو بە پەت بەسترابوو، کە دەستم دەدایە پەتەکە، لوولەکە هەڵدەوەری تەنیا پەتەکە بەدەستمەوە دەهات و دەما! لە گەلێ شوێنیدا پەڕە پەڕە و پاشماوەی کتێبە کۆنە مابوو، بە دزیی ئەوانەوە بە ترس و لەرزەوە ئەمانەی کە دەیانبینی کۆم کردنەوە و، دوایی پێم ڕاگەیاندن کە ئەوانەم لێ جیا کردووەتەوە و دەیانخەمەوە ناو کتێبەکانی کۆڕ.

جوان خان گوتی: ئەوانی تری ئاگریان تێ بەردرا و سووتێنران!

لێرەدا جێگەی ئەو پرسیارەیە: دەبێ چەندە کەمتەرخەمی لە عاستی ئەو سامانەدا کرابێت تا بەو دەردە چووبێت و، وای بەسەر هاتبێت کەڵکی هیچی پێوە نەمابێت؟ دەبێ بە درێژاییی ئەو ساڵانە چۆن چاودێریی ئەو سامانە کرابێ.

ئەمە لە کاتێکدا گەلانی خواپێداوی وڵاتان بچووکترین شتی کەلەپوورییان لە جوانترین شوێندا و، لە کەش و هەوای ساز و شیاوی ئەو شوێنەوارانەدا، لەژێر چاودێری پسپۆڕ و شارەزا و، لە بەردەم توندترین بارودۆخی ئاسایشیدا، وەک سامانێکی نەتەوەیی دەپارێزن.

دوا وتە:

لە کۆتاییی ئەم کورتە نووسینەوە لەبارەی (کۆڕی زانیاریی کورد) دەڵێم: خۆشبەختانە لە لاوە ئاگەداری قۆناخگەلێکی بە بایەخی رەوتی کۆڕی زانیاریی کورد بووم و، وەک بینیت - با کەمیش بێت- تیشکم خستە سەر گەلێ لایەنی نەزانراو یان باس نەکراو.

دوا تیشکیش دەخەمە سەر لایەنێک وا بزانم کەسانی تر ئاگەدارییەکی ئەوتۆیان لەسەری نییە و، بە رێککەوت بۆ من لوا بیزانم.

لە سەروبەری خۆ ئامادەکردنی رێژیمی دیکتاتۆریی گۆڕکراودا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزی هاوپەیمانان لە دوا شەڕدا کە رێژیم تێیدا دۆڕاو و گۆڕ بەگۆڕ بوو، هەندێ کاری باشیان کرد، کە بە سوودی سامانی کەلەپووری عێراق تێکڕا شکایەوە. لەوانە قایمکردن و هەڵگرتنی دەستخەتەکانی (م، و) لە شوێنێکی دوورە دەست و دوور لە بەڵادا.

هەروەها هێنانی دەستخەتەکانی کۆڕی زانیاریی عێراق بۆ (م، و) ئەو دەستخەتانەیش بریتیی

بوون لە پاشماوەی دەستخەتەکانی کۆڕی زانیاری کورد و، بە بۆنەی ئەوەوە گەلێکیان فارسی و کوردی بوون، ناونووسکردن و ئامادەکردنیان بۆ وێنەگرتنەوەیان لەسەر (مایکرۆفلم) خرایە ئەستۆی من منیش لەو ڕێگەوە توانیم وردە زانیارییەک لەسەر ئەو دەستخەتانە دەست بخەم.

ئەو دەستخەتانە وەک گوتم تێکرا پاشماوەی دەستخەتەکانی کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی کورد بوون و، لە (٦٦٠) دەستخەت زیاتر بوون جگە لە چەند دەستخەتیان کە زۆر شڕ و پواو بوون، هەموویان وێنە گیران و خرانە سەر (مایکرۆفلم) و، بەشێکیان لە کتێبە جوانەکانی کتێبخانەی (تۆفیق وهبی)و، شێخ مستەفای قەرەداغی و، کەسانی ترە. کتێبی بە بایەخی بە زمانی کوردی تێدایە. دەستخەتە نایابەکەی مەم و زینی خانی لەناو ئەو دەستخەتانەدایە.

ئەوەندەی من ئاگەدار بووم، تا دوا قۆناخ ئەو دەستخەتانە بە ئەمانەت پارێزراون و، نەخرانە ریزی دەستخەتەکانی کتێبخانەی (م، و- المركز الوطني للمخطوطات)و، بەزۆریی مۆری (کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی کورد)یان پێوەیە و، گەلێ سەرچاوەی بە بایەخی ئەدەب و زمان و مێژووی کوردیان تێدایە و، سەرجەم ماڵی کورد و کتێبخانەی کوردن.

سەرەنجامی دەستخەتەکان و چارەنووسیان

بەداخەوە وەک گوتم دەستخەتەکان بران بۆ ئەو شوێنەی ئەوسا پێی دەگوترا (دار صدام للمخطوطات) و ئێستە پێی دەڵێن (المركز الوطني للمخطوطات)، بەلام چۆن بران؟ ناردنەکەیان بەپێی لیستەیەک بوو کە ئێستە نوسخەیەکیم لەلایە دەکرێ هەزار فرۆفێڵی تێدا بکرێت. بۆ نموونە وەک لە گۆڤاری کۆڕدا باسی کراوە بەڕێز فوئاد عارفیش پۆیلانەی خۆی بۆ کۆڕ نارد کە بریتی بوو لە قورئانێکی دەستخەتی شێخ ئیسماعیلی کونەکۆتری. لە لیستەکەدا باس لە قورئانێک بەم جۆرە نییە، ئەوەی کە هەیە دەڵێن: قورئانێک بێ هیچ تەفسیلات و باسی بە درێژیی. واتە ئەو قورئانە چەند نایاب بێت دەکرێ قورئانێکی تری دەستخەتی بخەنە شوێن و بیگۆڕن بە قورئانێک کە لە رووی بایەخی نووسینەوە و تایبەتمەندیی مێژوویی و جوانیی نووسینەوەی و لایەنەکانی ترەوە زۆر جیاواز بێت لەگەڵ قورئانە دەستخەتەکەی شێخی کونەکۆتریدا. ئەمە بۆ زۆر لەو دەستخەتانە دەکرێ کە لە لیستەکەدا تۆمار کراون.

---

(١) لە بەرگی دووەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایاندا... ل: ٩٣ تا ١٠٠ گەلێ زانیاریم لەبارەی ئەم مامۆستا نووسیوە. هەروەها لە چاپی دووەمی کتێبی (هوية كركوك الثقافية والادارية)دا لە لاپەرەکانی: ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٥٩، ٩٣، ١٥١دا لەبارەی ئەم مامۆستا گەلێ شتم نووسیوە. (هوية كركوك الثقافية والادارية الطبعة الثانية، دار آراس، اربيل، ٢٠٠٧).

سووچێکی تری ژیانی مامۆستای مەزن مەلا مەحموودی مەزناوی
لە رووی دەستخەتێکییەوە

٥٧٩

لە چەند بۆنە و جێگەی جیا جیادا چەند شتێکم لەبارەی ژیانی ئەم مامۆستا مەزنە نووسیوە،[١] بەڵام نە ئەوانە و نە ئەمانەیش ئێستە لێرەدا دەیاننووسم تەواوکەری بەشێکی ژیان و بەسەرهاتی ئەو مامۆستا بەرێزە نین، بەڵام هەوڵ دەدەم هەرچیم لەبارەی ئەم، یان هەر مامۆستایەکی تری کورد، دەست بکەوێت تۆماری بکەم، بەڵکو بە هەموویان ببن بە کەرەستەی ژینامەی مامۆستایانی دێرینمان.

لەم ماوەدا چەند دەستخەتێکی بنەماڵەی شێخ محێدینی قەرەداغیی کەرکووکیم دەست کەوت کە هەر یەکێکیان لە بواری خۆیدا سەرچاوەیەکی بە نرخی مێژووی زانایانی کوردە.

ئەم دەستخەتەی لێرەدا باسێکی کورتی دەکەم بریتییە لە کۆمەڵێک دانراوی چەند مامۆستایەک، لە گەڵێ شوێنیدا خەت و شیعری مامۆستا مەلا مەحموودی مەزناوی پێوەیە، لە تەک مێژووی رووداو و بۆنەدا کە تێکرایان سووچێکی تری ژیانی مامۆستای مەزناوی روون دەکەنەوە.

لە لاپەڕەی دووەمی دەستخەتەکەدا چەند بەیتێکی عەرەبی و فارسی بە خەتی مامۆستای مەزناوی نووسراون، هەرچەند کوژاندنەوەیان تێدایە و باش ناخوێنرێنەوە، چۆن بۆم ساغ بکرێنەوە دەیاننووسمەوە:

من السريع في تأريخ مسجد نائبزاده:

سئلت عن تأريخ دار السلام
وما به اسس قلت: رخام
حين ترقى الباني للجنة
محمد الاسعد كشف الظلام
وان بقى اولاد الفضل
صار عزاما من بكاء الكرام

لكاتبه محمود المزناوي

دوای ئەمەیش نووسراوە:

---

(١) جگە لە پواوی و کووژانەوە لێرەدا سووچی لاپەڕەکە دڕاوە.

فـحين مـا قـارب للانهـدام
جـدد عـبـدالقـادر بالرخـام
فـاز ومن عـاون بالمغـفـرة
من ربهم شـاكـر سعى الانام
كـمـا أتى تأريخ تعـمـيـره
بمغفرة من عين حسن الختام

هەر لەو لاپەڕەدا نووسراوە:

سـلام الله مـادام الزمـان
على من من مـحـيـاهُ الامـان
سـميّ جده المختـار احـمـد
وقـاه الله ربي المسـتـعـان

لە خوار ئەمیشەوە نووسراوە:

داشت یکی یکدو زنی دلپـذیر
هر دو بخوبی چو دو بدر منیر
زان دو یکی بر پسر غـیـررا
از سر نادانی خـود دادشـیر
گشت برو آن زن دیگر حـرام
تا بقـیـامت نشـود دل...(؟)

دوو پەڕە دوای ئەمەیش نووسراوە:

دەردی زۆر و دەردی نـەبـوون
دوشـمن قـەوەی طالیع زەبوون
دۆسـت بێ پـەروا فـەلەک بـێ
رەحـم و دەوان بـێ سـکـوون!
ئافـەرین شـاعـیـری کـوردیی.

کتبه احمد الحیاوي از وقت غم خواری.

لە لاپەڕەی دوای ئەمەوە لە کۆتاییی مەسئەلەیەکی تەڵاقەوە قسەیەکی مامۆستا مەلا ئەحمەدی نۆدشی بەرانبەری مامۆستا مەلا عەلی قزڵجی نووسراوە، بۆ زانینی نموونەیەکی ڕێزگرتنی مامۆستایانی دێرینمان لە یەکتری دەقی نووسینەکەی مامۆستای نۆدشی دەنووسم:

«مولاي وسيدي هذا هو الذي يخطر بقلبي في جعل قوله المذكور صريحاً. وانما القبول والرد إلى جنابكم، فإن تلقّاه طبعكم المحقق المدقق النقاد بالقبول فهو غاية المأمول، ونهاية المسؤول، وإلا فانا

أخسّ تلميذ، ومتجرّع قطرة من جرّتكم. فأينَ السهى من القمر، واللؤلؤ من المدر؟! احمد النودشي ادام الله بركته.»

ئەوەندە بەسە کە بزانین کە ئەم (احمد النودشي)یە بە (علامەء دهر) ناوبانگی دەرکردووە.[1]

***

دوای ئەمانە لە دەستخەتەکەدا کتێبێکی (فەرائیض) نووسراوە کە (١٣٦) لاپەڕەی لە دەستخەتەکە گرتووەتەوە.

دوای ئەوە لە لاپەڕەیەکدا بە خەتی مامۆستای مەزناویی چەند شیعر نووسراوە کە دەچنە قالبی جەبر و ئیختیارەوە و، وەڵامیش دراونەتەوە، سەرەتا بە شیعری خەییام دەست پێ دەکات و، نەصیرەدینی طووسی وەڵامی دەداتەوە و، دوای ئەو موفتیی زەهاوی، دوای ئەوانیش مامۆستای مەزناویی بە پارچە شیعرێک کۆتاییی بە باسەکە دەهێنێ، بەرو دوا وەک خۆیان چۆنم بۆ خوێنرانەوە دەیاننووسم؛ چونکە خەتەکە کوژاندنەوەی زۆری تێدایە:

خیام:

گر باده پرستُ دغلم سهل بود
بر من چه عتابُ طعن نا اهل بود؟
مي خوردن من حق ز ازل دانسته
گر می نخورم علم خدا جهل بود

***

نصیر طوسی:

گفتی که گنه نزد من سهل بود
این نکته نگوید آنکه او اهل بود
علم أزلي علت عصیان کردن
نزد عقلا ز غایت جهل بود

***

زەهاوی:

خیام! جواب شبهه ات سهل بود
علم ازلی هم تبع فعل بود

(١) بڕوانە: علامە دهر النودشی، تحقیق وتألیف یحیی مظهری، چاپ دوم ١٣٨٤ش، ٢٠٠٥ز. انتشارات کردستان.

(٢) دیارە مامۆستای مەزناوی مەبەستی بووە ئەم بابەتە بخاتە بەر باس و شتی لەسەر کۆبکاتەوە؛ ئەوەتا لە دەستخەتی ژمارە (٣٦٣٥٦ م، و)دا نامیلکەی جوزئی ئیختیار و، هۆنراوەی مامۆستایان: حافز و، نالی و، خانای قوبادی و، مەلا مەحموودی مەزناوی لەبارەی هەمان بابەت یەک خراون.

با قطع نظر ز علم هر معلومی
واقع نشود علم کجا جهل بود؟

***

مزناوی:

متبوع که ذی صورت علم ازلست
مصنوع خدای عالم لم یزل است
صنعش چو بعلم است چو علمش بحضور
دعوی دوی درو بوجه جدلست
گر علم ازل تابع فعل عبد است
او حاکم و، محکوم خدای اجلّ است
محکومی مولی بعبد اولی نیست
این حکم سراسیمهء عکس زلل است
گر خلق ایاز حاکم لطف شه است
خلقش اثر لطف شه بی بدلست
ایجاب غیر نافی امکان نبود
تکلیف عباد بر جواز عملست
گر علم ازل رافع عصیان باشد
تبلیغ پیمّبر عبث بی امل است

....

مصداق قضاوقدر حق جبراست
لکن نه مسلّم [زائیم!] دغل است[1]
ای مفتی دهد عذر خیّام منه
تا مرتکب راه خطاو خطلست
وقتی که موحّد شد تسلیم نمود
دعوای اجلّ دین جوابش اجل است
کثرت شجر شریعت بی ظلت (!)
وحدت شکر حقیقت بی دجل است
تکثیر صفات و ذاتُ اخلاص عمل
برواییهء عابدان شرع جلل است

(١) لێرەدا بەیتێک هەیە لەبەر تێکەڵبوون و کووژانەوەی بۆم نەخوێنرایەوە و بواردم.

توحـيـد صـفـات ذات كـردار وجـود

[سـريهء!] واصـلان راه نبل است

تهليلهء مـخلصـان نداى جـبليـست

در شـرعُ حـقـيـقـةً صـداى جـبلست

چون نشـئـهء احـوال ندارد (مـحـمـود)[1]

در شـيـوهء اقـوال حـزينُ خـجل است

دواى ئەم لاپەڕە هۆنراوەيەكى فارسى دێت لە (٩) لاپەڕەدا شەرحى (اسماء الله)ى تێدا كراوە بە فارسى. بە خەتێكى خۆش نووسراوەتەوە، بەڵام نە ناوى دانەرى هۆنراوەكە و، نە ناوى نووسەرەوەيى و، نە كات و شوێنى نووسينەوەى ديارى نەكراوە.

دواى ئەمەيش هەندێك دوعا لە (مجربات الديربى) وەرگيراوە.

دواى ئەويش شەرحى دوو بەيتى شێخ عەبدوڕەحمانى جامى بە فارسى كراوە. ئەمەيش پێنج لاپەڕەيە. لە كۆتاييەوە نووسيويە:

«كتبه محمود المهاجر المزناوي بالعجلة في سنة ١٢٩٥ .

قـد ذاب من الفـراق لحـمي ودمي

وازداد من الشـوق اليكم ألمي

كم أكـتب قـصـتي بدمـعي ودمي؟

كم أصبر؟ يا ليت وجودي عدمي!

دواى ئەمە چەند لاپەڕە دوعاى جۆراوجۆرى نووسيوە.

دواى ئەمەيش لاپەڕەيەك شيعرى فارسى لە دوو سێ بۆنەدا نووسراوە، بەشێكيان هەندێك لە شيعرەكانى وەڵامى (خەيام)ە كە پێشتر نووسيم. بەشێكى شيوەنێكە بۆ عەبدوڵڵا ناوێكى نووسيوە، كە لە ساڵى ١٣٠٣دا كۆچى دوايى كردووە.[2]

لەسەر بەشێكى تريان نووسيويە:

«لكاتبه محمود المهاجر في جواب شيخ رؤوف ابن مرشد الانام شيخ على- قدس سره-

ئەتۆ مەولاى منى، ئوستادى منى، باوكى منى، في مجلس يوسف پاشا المنكر لهما.

حـال تعليـمى لكم حـال ابيْ

ابن كـعبٍ، كـعب أشـراف لوي

---

(١) لێرەدا مامۆستاى مەزناوى ناوى خۆى نووسيوە، بەڵام نازناوى شيعريى (هجرى)يە و لە شوێنانى تردا دەينووسێ.

(٢) دوور نييە ئەم عەبدوڵڵا كوڕێ يان كەسێكى نزيكى خۆى بووبێت.

مع رسـول الله خـتم الانبـيـا

اشـرف المخلوق مـخـتـار قـصي

انت مـــولاي واســـتـــادي لكم

الـف آلاف امـــــتـنانـات عـلي

لن تزالوا مـرشـدي الاسـلام مـا

دام في الأقـوام والأحـيـاء حي

***

پێش ئـەمـەیش لە سـەرووی لاپەڕەکـەوە دوو بەیتـی کـوردی نووسـراوە بـاش بۆم نەخـوێنرانەوە، ئەمەم لێ هەڵکڕاند کە لە خوارەوە نووسیومە:

یارەببی (کجوت) جەوت و بەڕو یەک نەفەس...

جـووتم بکە بـە تازە گـوڵی سـەروی قـامـەتی

شـەو بێ ئەنیس و ڕۆژ جـەلیـسی جـەمـاعـەتێ

بەس پێم بچێژە ئەذیەتی قەبر و قیامەتێ![1]

دوای ئەمە دوعایەکە لەسەر ئامۆژگاریی مورشیدەکەی دوای تەوبەکردن دەخوێنرێت.[2]

دوای ئەوەیش فەتوایەکی مەلا ئەحمەدی موفتیی سلێمانییە لە مەسئەلەی تەڵاقدا.

هەر لەو لاپەڕەدا نووسراوە:

«قد أنعم الله علي بتولد قرة عيني محمد صالح في سنة ١٣٠١ في ضحى السبت، ثالث الشوال، اللهم عمّره صالحا، واجعله عالما عاملا بحرمة حبيبك محمد- ص-».

دوای ئەوەیش مـەولوودنامەیەک بە عـەرەبی نووسـراوە، بێ ئەوەی ناوی دانەری یان کات و شـوێن و ناوی نووسەرەوەی نووسرابێ.

دوای ئەمەیش نامیلکەیەک نووسراوە کە کورتکراوەی مەسئەلەی تەڵاقە کە نە ناوی کتێبەکە و نە ناوی دانەرەکەی نەنووسراوە.

لە کۆتاییەوە دەڵێ سەید محەمەد ساڵی ١٢٦٠ نووسیویەتییەوە.

(ڕەنگە سەید محەمەدی جەباری بێت).

دوای ئەمـەیش نامیلکەی (ایقـاد الضـرام على من لم يوقع طلاق العـوام)ی ئیـبنولحـاجـە. ناوی

---

(١) مـامۆسـتـای مـەزناوی هـەر لەم مـەعنادا لە دەسـتـخـەتی ژمـارە (٢٦٦٤، م، و)دا دوو بەیتی نووسـیـوە. (بڕوانە مێژووی زانایانی کورد، بەرگی دووەم، ل: ١٠٠).

(٢) وا دیارە مامۆستای مەزناوی مەنسووب و هەواخوای ئەو شێخ عەلییە بووە کە لەبارەی گوتراوە:

خـوا بۆ خـۆی خـەللاق و عـەلیـمـە

لە کەرکووکێ دوعاگۆی (شێخ عەلی)مە.

نووسەرەوەی دیاریی نەکراوە، لەوە دەچێ هەر خەتی سەید محەمەد بێ.

لە کۆتاییی ئەم نامیلکەیشەوە فەتوایەکی مەلا رەسووڵی زەکیی نووسراوە.

دوای ئەوەیش نامیلکەیەکی تری فەرائیض نووسراوە بێ ئەوەی ناوی دانەری دیاری کرابێت.

دوای ئەمەیش فەتوایەکی مەلا یەحیای مزووری نووسراوە.

لە خوار ئەمەوە نووسراوە:

«قد انتقل هذا الكتاب ببيع صحيح شرعي الى تصرفي، وأنا اقل عبادالله محمود المزناوي».

دوای ئەمەیش حاشیەی مەلا یەحیای مزوورییە بەسەر فەرائیضی ئیبنولحەجەرەوە.

کۆتاییی ئەم دەستخەتە (المنبهات على الاستعداد ليوم الميعاد)ە، بەڵام نامیلکەکە بە ناتەواوی ماوەتەوە و دەستخەتەکە کۆتاییەکەی نەماوە.

زانیاریی تر:

مامۆستا کەمال رەئووف محەمەد لە هەوڵی ئەوەدا بووە زانیاری لەسەر مامۆستایانی مەزناوی کۆ بکاتەوە. لەم رووەوە چەند شتی کۆ کردووەتەوە نووسینیان بە پێویست دەزانم بۆ ئەوەی لە تەک ئەوانەی تردا لە یەک بدرێن:

«محەمەد مەزناوی، مەزناویی دووەم کێن؟

لە زیندانی مەنفادا سەرچاوەم بەدەستەوە نییە تەواو رۆشنیان بکەم، بەڵام هێندەی رەنجم بۆ داوە، ئەنجامەکەی ئەمەیە:

١- محەمەد مەزناوی- یان مەلا محەمەدی مەزناوی کوڕی مەلا رەسووڵە. لە مزگەوت، فێرگەی مەڵکەندی- سلێمانی و لەلای مەلا محەمەدی دەنگ گەورە خوێندوێتی و ئیجازەی زانستی وەرگرتووە و بە مەلا ناسراوە. ساڵی ١٩٢٠ز کۆچی دوایی کردووە.

٢- مەزناویی دووەم- یان مەلا مەحمموودی مەزناوی کوڕی مەلا رەسووڵە، وەک برا گەورەی پێشووە، ئەمیش هەر لە هەمان فێرگەدا خوێندوێتی و، ئیجازەی زانستی وەرگرتووە و بە مەلا ناسراوە. ئەمیان لە «تەکیەی شێخ عەلی تاڵەبانی» لە کەرکووکدا جێگیر بووە.

رۆژنامەی کوردی مردنەکەی نیشان کردووە کە رێککەوتی سەعاتی دووی پاش نیوەڕۆی ١٠ی نیسانی ١٩٢١ز- یە. تەمەنی نزیکەی نەوەد ساڵان بووە. رۆژنامەکە پەسنیشی کردووە و دەڵێ: (دوو بەشی ساڵانی ژیانی بە دەرزدادان و زانستەوە رابواردووە و ئیجازەی بە چەند کەسێ داوە، زاتێکی گەورە و باش و بە تەقوا بووە، لە عیلمیشدا تەواو بووە!)[1]

---

(١) بڕوانە: بابی لالۆ، کەمال رەئووف محەمەد، عەقیدەی ئیمان- عەقیدەی کوردی «لوببەلعەقاید». کۆ و کورتکردنەوەی خالید شارەزووریی نەقشبەندی. دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، چاپی یەکەم. ل: ١٥٢

پارچە شیعرێکی تری مەزناوی:

لەو پەڕە پەڕانەدا کە کۆم کردوونەتەوە یەک پەڕە کاغەزی کۆنم پاراستووە لە سەری نووسراوە شیعری مەلا مەحموودی مەزناوییە لەبارەی کاک ئەحمەدی شێخ، خەتەکەی خۆش نییە، هەڵەی نووسینەوەی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی هەر ئەوە لە دەستدایە و رەنگە دوای ئەم جێگەیش جێگەی لەمە لەبارتری دەست نەکەوێ بۆ بڵاوکردنەوە وام بە باش زانی هەرچۆن هەیە بۆ رزگارکردنی لێرەدا وەک خۆی بینووسم. ئەوەیش ناشارمەوە کە پارچە شیعرەکە ناتەواوە و، لە کۆتایی پەڕەکەوە ئاماژە بۆ سەرەتای بەیتێکی تر دەکات کە دیارە لە لاپەڕەیەکدایە کە تێدا چووە.

ئەمەیش بەیتەکان وەک نووسراون:

من كلام ملا محمود المزناوي فی حق حضرت كاك أحمد الشيخ

اسری بداماءِ دماء العين ام
سار الكرى انسان ظبي بالحرم؟
عيني بمسمار الجفون سمّرت
بالنجم والبيضاء من عيني الالم
نام الاخلاء خلياً بالهم
من طيف سكان الخيام بالعلم
اصبحت في زفرات شوقٍ دائماً
حتى يظنّ العاذل اني يهم
يا عاذلي ان ذقت من راح الهوى
أقسمتَ ان الله بالعشق حكم
لو لم يكن بالبال بلبال الجوى
ما ذاب ذوب الثلج في نار الوجم
احشائي بين الصدر صارت جمرة
روحي كلهب النار بالجسم اضطرم
من احمد المعروف بالنور الجلي
هادي سبيل الحق كشاف السدم
غوث الورى غواص داماء اليقين
مزن الندا فياض حسناء الشيم
تقريره شاف لا رباب العلل
تحريره كاف لطلّاب الحكم
قد ضاء في المشتق معنى المصدر
في ورع جد الشرع بالجدّ احترم

دام الليـــالي منه ليل القـــدر وإن

ايّام يوم العـــيـــد والعلم الشـــيم

والله عـــافـــاه وأبقـــاه كـــمـــا

ولاّه فـي مـلـك الفـــؤاد والنّسم

ابناؤه بيـــضـــاء انوار الهـــدى

اوتاد فلك الارض اطواد الهـــمـم

رامـوا سـعـيدا مـصطفى مـعـروفـا

احـــداقـــا لعين العلم مـــادام القلم

يا ربّ قـــاليــهم بظهـــر الكفّ في

المذى في ســجن خـســـران اذم

كي يهـتـدي بالنور قـوم اضـمـروا

في حـــقـــهم بالقلب نارا من اضم

لا زالت الاذيال منـهـم قـــبّـلت

مـا قـبّل الحـجـاج خـيـر المستلم

يا فـضل من مِن يمنه البـدر الجلي

يا نسل من مِن وجهه الصبح ابتسم

الروح عطشــان وقلبى مـــدنف

انت المروّى والمداو للســـــقـم

امتـاز نار [الفسق!] من نور الهدى

لكن نفـــســى مـــا يردّ باللجم

والنفس والشـــيطان في اغـــوائنا

قـــوّاد نار الشـــرّ ســـواق الدّقم

كم من كـبـار الذنب قـد قـارفـتـهـا

غـيـر الذي صـادفت في بحـر اللمم

بالكذب قـــوّال لســـانى دائمـــا

في الصـدق خـرسـان كـأنى في بكم

من رؤية المأمـور عـيني غـمـضت

في نظرة المنهي عـــينى للعـــشم

والاذن مـشـتـاق اسـتـمـاع الباطل

حين اسـتـمـاع الحق من عين العـمـم

انفـى الى شـمّ الحـــرام مـــائل

من ريح ريحـــان الحـــلال انخـــذم
باعى جناح البــاز في صنـيـد القطا
حين ابتـغـاء الشـرّ فـي بر الجــعم
صيت....

شیوەنێک بۆ شێخ عەبدوڕەحمان

"ابو الوفا"

٥٨٠

وا بزانم زیادەڕۆیی نییە و، دوور نەڕۆیشتووم ئەگەر بڵێم: بەسۆزترین و ناسکترین پارچەی ئەدەبیی- بە شیعر و پەخشانەوە- ئەو پارچانەیە کە بەهۆی کۆچی دوایی زانایەکەوە، یان لەدەستدانی ڕۆڵە و خۆشەویستێکەوە، یان لە دنیا دەرچوونی شێخ و گەورە و مورشیدێکەوە گوتراون؛ چونکە گەلێ جار هەستی بە سۆز و جۆش و کوڵی دەروون لە دوای ئەو کارەساتانە ئەوەندە بە تاو دەبێت کەسانی شاعیر و هەست ناسک لە ناخەوە دەهەژێنێ و کەف و کوڵی ئەو سۆزەیان کاتێ دادەمرکێتەوە جوانترین شیعر و پەخشانی ئەدەبی لێ بێتە بەرهەم و، نایابترین مانا و تەعبیری تێدا تۆمار بکرێ.

خوێندنەوەی چەند دەقێک لەوانە – ئەوانەیان کە لە دەستدان- گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن و، خوێنەر کە کاتێ مووچڕکە لەشی دادەگرێت، یان دەیان ساڵ دوای کارەساتەکان فرمێسک لە چاویەوە هۆنە هۆن ڕێگەی کوڵم و ڕوومەت دەگرێتە بەر، هەموو جارێک وا هەست دەکات کە تازە کۆستەکە کەوتووە و، هەر خوێندنەوەیەکی سووکوار و شینەکە شینێکی نوێ بەرپا دەکات.

وەک گەلانی جیهان ئێمەیش دەیان و سەدان لەو پارچە سووکوارە ئەدەبییە زیندووانەمان بووە، بەڵام بەداخەوە ڕێزمان لێ نەگرتوون و، بە دەستی نەزانان بە زیندوویی لە چاڵی کەمتەرخەمیکردن لە عاستیاندا ناشتوومانن.

ئەم بابەتە- ئەگەر چەند سەرە نەبێت- دوو سەرەیە؛ لەلایەکەوە بابەتێکی ئەدەبیی سەرشار لە مانای ورد و ناسک و پڕ هەست و سۆزە، لەولایشەوە سەرچاوەیەکی مێژوویی دروست و ورد و جێگەی باوەڕە، بەتایبەتی بۆ زانینی مێژووی کۆچی دوایی ئەو زانا و ناودارانە کە پارچە ئەدەبییەکانیان بۆ گوتراوە؛ چونکە ئەو شاعیرە یا ئەو ئەدیبە لە کاتی کۆچی دوایی ئەو کەسەدا شیوەنەکەی بۆ نووسیوە، پارچە ئەدەبییەکەی نووسیوە و، گەرماوگەرم و، گەرموگوڕ ئاگای لە بەسەرهاتەکە بووە و بە وردی کات و ساتەکەی، بە ڕۆژ و مانگ و ساڵەوە، لە دەقەکەیدا گونجاندووە.

ئەم دەقانە وەک لەم ڕووەوە سەرچاوەیەکی مێژوویی- مێژووی کۆچکردنی ئەو کەسەن سووکوارەکەی بۆ نووسراوە، لەولایشەوە – دواتر- دەبێت بە سەرچاوەیەکی مێژوویی و ئەدەبیش لە هەمان کاتدا بۆ ئەو کەسەی سووکوارەکەی نووسیوە؛ لە ڕوویەکەوە، لە ڕووی دەقەکەوە

دەزانرێت لە چ سەردەمێکدا ژیاوە و هاوچەرخی کێ بووە و کێ هاوچەرخی بووە، لە روویەکی تریشەوە ئەو پارچە ئەدەبییە دەبێتە نموونەیەکی ئەدەبی بۆ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی وزە و توانای ئەدەبیی ئەو کەسە و دیاریکردنی پلە و پایەی لەناو ئەدیبانی هاوچەرخی خۆیدا.

ئەم بابەتە: سووکوار و شین و شەپۆڕ، بۆ زانایان و ناودارانمان - تا ئێستە- بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە و، بەشێوەیەکی تایبەتی جیا نەکراوەتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە.

ئەم بابەتە چەند لایەن و دیمەنی هەیە:

یەکەم: وا دەبێت یەک کەس کە کۆچی دوایی کردووە بەهۆی پلە و پایەیی و جێگەی گەورەی لە دڵی ئەدیب و زانایانی سەردەمی خۆی، یان مورید و مەنسووب و شوێنکەوتووانیدا، چەندان کەس بە چەندان شێوە و زمان بە شیعر و پەخشان سووکواریان بۆ کردووە. نموونەی نزیکی ئەم لایەنە پیاوانی وەک: مەولانا خالید و، کاک ئەحمەدی شێخ و، شێخی سیراجەدین و هاوێنەکانیانن..

دووەم: وا دەبێت یەک کەسی ئەدیب و بەتوانا و دڵسۆز و بەسۆز شیوەن بۆ چەندان کەسی هاوەڵ و هاوڕێ و هاوسەر و هاوچەرخی خۆی دەکات و، لەو روویەشەوە دیوان و شوێنەوارەکانی تۆمارگەیەکی مێژوویی ئەو سەردەمەی کەسانێکی زۆر دەبن کە ئەو شاعیر و ئەدیبە لە ناویاندا و لە تەکیاندا ژیاوە. لەم بارەیشەوە لەناو دیوانی شاعیرانی کورددا بۆ نموونە دانامێنین و چەندان شاعیری ناسراوی ئەم بوارەمان هەیە کە دیوانەکانیان بەشێکی باشی ئەو تۆمارگەیان لەخۆ گرتووە.

لەناو ئەمانەیشدا دەکرێ رەنجووری و مەولەوی و بێخود و... هتد بخەینە سەر لاپەڕەی پێشەوەی باسەکە.

سێیەم: لەوانەیە لە پەنای ئەم دوو جۆرەدا جۆرێکی سێیەمیش بخرێتە روو کە لە هەردوو سەرەوە پێچەوانەی خاڵەکانی پێشوو بێت. چونکە دەگونجێ شاعیرێک یان ئەدیبێک یەک جار بۆی لوابێت، یان یەک جار بە کۆچی زانایەک یان خۆشەویستێکی هەستی بزوابێت و، دڵی هاتبێتە جۆش و سووکوارێکی پڕ سۆزی بۆ گوتبێت. هەروەها نموونەی ئەو کەسانەیش کەم نین کە دوای کۆچی دواییان لە شوێنی دیار و ناو کۆڕ و کۆمەڵی ئەدیب و شاعیراندا نەبوون و، یەک کەس زیاتر- لەوانەی ئەوەیان لێ دەوەشێتەوە- ئاگەداری ئاکامی مەرگی نەبووە و، بە یەک پارچە شیعری هەتیو شیوەنی بۆ کراوە، یان هەر ئەوەندەیان گەیوەتە دەست دیوانی ئەدیب و مێژوو.

پاشماوەی سووکوارێکی باڵای بێناز

وەک گوتم ئەم بابەتە تا ئێستە لای ئێمە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە و، مێژوونووسان و ئەدیبانمان بۆی دانەهاتوونەتەوە تا بە شێنەیی شوێن مادە و کەرەستەکانی بکەون و، وەک پێویست لێیان بکۆڵنەوە و خزمەتیان بکەن. دیارە لە وەها بارودۆخێکیشدا کەرەسەی ئەو بابەتە بێناز و مادەکانی پەرتەوازە و لەناوچوو دەبن. بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەم پارچە شیعرەی بەردەستمانە کە نازانین شیعری کێیە، بەڵام لەبەر رۆشنایی ناوەڕۆکی شیعرەکەدا دەزانین بۆ کێ

گوتراوە و شیوەنی بۆ کێ تێدا کراوە.

لەناو ئەو پەڕە پەڕە و پارچە کاغەزە دەستخەتە کۆنانەدا کە لەملاولا دەستم خستوون و پاراستوومن پارچەیەک شیعری ناتەواوە، یان باشتر بڵێم لاپەڕەیەکە لە پارچەیەک سووکواری جوان بە شیعری عەرەبی بە خەتێکی (ثولث)ی نایاب نووسراوەتەوە. سەرەتا و کۆتایی نەماوە، لێرەیشەوە نازانین چەند بووە و درێژی و کورتی پارچە شیعرەکە لە چ ئاستێکدا بووە. ئەوەندەی کە ماوە ٢٠ تاک شیعرە.

بە وردبوونەوەیەک لەو ئەندازە ماوەی سووکوارەکە دەزانین کە پارچە شیعرەکە شیوەنێکە بۆ شێخ عەبدوڕەحمان ئەبولوەفای کوڕی شێخی سیراجەدین کراوە، کە لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و، لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە خزمەت گەلێ لە زانایانی کورددا کە ئارامگای هەمیشەییان ئەوێ بووە بە خاک سپێرراوە.[1] لەناو شیعرەکاندا هاتووە کە دەڵێ:

فانطفاء (السراج) أعمى عيوني

اذ لفقد (الوفا) نهاري مساء

لەم بەیتەدا بە (السراج) ئیشارە بۆ شێخی سیراجەدین دەکات، وەک بە (الوفا) ئاماژە بە شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی دەکات.

وەک لە بەیتی:

يا ابا صالح الكريم ويا من

لي وللعالمين فيه غناء

ئیشارە بۆ شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەکات کە کونیەی (أبو صالح)ە.

بە بەیتی:

هو وفّى وفاته عند مثوا

ك هنيئا له ونعم الوفاء

ئیشارە بۆ ئەوە دەکات کە (وەفاتی، ئەبولوەفا) لای ئارامگای شێخ عەبدولقادری گەیلانیدایە و،

---

(١) شایانی باسە ئەو گۆڕستانە تەرمی گەلێ کەڵەزانای کوردی تێدا نێژراوە، ئەوانەی کە من نووسراوی کێلیانم دیوە یان بیستوومە کە لەوێدا بە خاک سپێرراون: مامۆستا مەلا یەحیای مزووری، شێخ عەبدوڕەحمانی ئەبولوەفا، مامۆستا مەلا هیدایەتوڵڵای ئەربیلی، مامۆستا سیبغەتوڵڵای حەیدەریی یەکەم و دووەم. شێخ رەزای تاڵەبانی، مامۆستا عەلادین سەجادی.

خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسیش لە خۆشی ئەو زاتانەوە هەر لە ژیانی خۆیدا لە نێوانی ئەو مامۆستا کوردانەدا جێگە گۆڕی خۆی دیاری کردبوو، چەند جار لە خزمەتیدا چوومەتە سەر ئەو شوێنەی بۆ خۆی دیاریی کردبوو. یەکێک لەو زاتانەی کە دراوسێیەتی و کەس نەکەوتووەتە بەینیانەوە مامۆستا مەلا یەحیای مزوورییە. شتێکی تریش لەم بارەوە ئەوە بوو هەموو جارێ مامۆستا دەیفەرموو: زۆرم پێ ناخۆشە قاچم دەکەوێتە لای سەری ئەبولوەفاوە.

ئەبولوەفا میوانی ئەو زاتە زانا و گەورە و بەڕێزەیە.

دەمێنێتەوە ئەوە کە بڵێم: نازانین ئەم شاعیرە کە ئەم شیوەنەی بۆ ئەبولوەفا کردووە کێیە. وەک نایشزانین نووسەرەوەی ئەو خەتە خۆشە کێیە، ئاخۆ هەر خەتی شاعیر خۆیەتی و، وەک شاعیر بووە خۆشنووسیش بووە، یان هەر خۆشنووسێک دوایی بەو خەتە خۆشەی پارچە شیعرەکەی نووسیوەتەوە؟.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێ چاوەڕوان بین بەڵکو نوسخەیەکی تری ئەم سووکوارە لە شوێنێکدا پارێزرابێت و لەلایەکەوە سەر هەڵبدات و، هەندێ گرێکوێرەی ئەم باسە بکاتەوە.

دەبێ بەسەر ئەوەیشدا نەڕۆم کە خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس چەند بەتەنگ ئەوەوە بووە ژیانی ئەم زانا و شێخانە بە روونی و دروستی بنووسێت هیچ هەواڵێکی لەم سووکوارە نەبووە.

ئەبولوەفا کێیە؟

ماوەتەوە بە کورتی ئەو پیاوە بناسین کە ئەم شیوەنەی بۆ کراوە.

ئەم زاتە ناوی شێخ عەبدوڕەحمانە کوڕی شێخ عوسمانی سیراجەدینە، ساڵی ١٢٥٣ لەدایک بووە.

سەرەتای خوێندنی لە خانەقای خۆیاندا لەگەڵ شێخ محەمەد بەهادینی برایدا لای مەلا مەحموودی دشەیی بووە و، دوایی عیلمەکانی لای مەلا حامیدی کاتب و مەلاکانی تری خانەقا خوێندووە و تەریقەتیشی لەسەر دەستی باوکیا وەرگرتووە و ئیجازەی خەلافەتی لەوەوە دراوەتێ. وەک لە مەیدانی تەریقەتدا بە وەسیەتی باوکی بووە بە مورشید لە مەلایەتیشدا پایەیەکی بەرز و بڵندی بووە.

دوای کۆچی دوایی باوکی ماوەیەک لە تەک شێخ محەمەد بەهادینی برایدا ئیرشاد و ڕێنوێنیی خەڵک دەکات، دوای ماوەیەک دەچێتە گوڵپ و ماوەیەک لەوێ دەبێ، دوایی دەچێتە بەغدا و یەکجاری لەوێ جێگیر دەبێ، ماوەیەک ئیرشادێکی باش دەکات و خەڵکی زۆر سوودی لێ وەردەگرن، لەوێوە دەچێ بۆ سەفەری حەج دوای گەڕانەوەی لە سەفەری حەج نەخۆش دەکەوێ و، لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات و جێگەیەکی گەورە چۆڵ دەکات و[1].... داخێکی سەخت دەبێت لە دڵی مورید و مەنسووبانیدا و ئەم سووکوارە ناتەواوە شوێنەوارێکی ئەو جێگە و داخەیە.

بعـــد ضـــوء الهـــدى ونور
النار الحـشـــا بذاك انطفـــاء
اخـبـروني: أقـاطِنٌ عـيـسـهمُ ام
ضعنوا بالفلا سرَوْا حيث شاؤا؟

---

(١) بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغدا، ١٩٨٣ . ل: ١٠٣ .

مـاليَ اليومَ مـا ارى غيـر ضُـرّي
تعــتــريني الهــمــومُ والبــأســاء؟
فانطفاء (السـراج) أعمى عيـوني
اذ لفـقـد (الوفـا) نهـاري مـسـاءُ
كلُّ داءٍ لـه الدواء ســــوى المـوْ
تِ، فـمــا منه مـخلص وشـفـاء
يا أبـا صـــالحِ الكريم ويـا من
لي وللعـــالَمين فـــيـــه غَناء
جـاءك الضَّـيف أمـلا ودخـيـلا
فـاحـمـهِ في حـمـاك، مني الرَّجاء
هـو وفّى وفـــاته عند مـــثـــوا
ك، هنيـــئـــا له ونعم (الوفـــاء)
فـــوق أتلال ربعـــه الورق ناحَتْ
ورثت فـي فنائـهـــا الورقـــاء
ولأجل الفــراق بعــد اخــيــهم
بكت الفــرقــدان ثم الســمــاء
رجـــفت ارضُ بابلٍ في عـــزاه
بكت الامّـــــهـــــات والآباء
ضـعن الصـبـر، والعـويل قطين
راح مني الهنا وجـــاء البكاء
ســـال بالدَّمع دجلةُ وفـــراتُ
مـثلَ مـا سـال من عيوني الدمـاء
بكت الكرخ والرصـــافـــة بل بـا
بلَ، والـنـهـــــروانُ، والزوراء
قـــبـــره روضـــة كـــروض جنان
وهـو الخلد فـــيـــهـــمـــا الخُلَداء
زهرهـا زُهرة السـمـاء (ضـيـاءً)
نَـــوْرهـا نُـــور أعـــينٍ والـسَّـنـاء
مـرقـد للعـروج مـرقـاتُ فـضل
وبه للمـــعـــارج الإتقـــاء
هـو غـيث، ابوه غـوثُ سـمـاءِ

المكرمـات، ومنهـمـا الإهتـداء

وهو عثمان عـهده صاحب النو

رين في ربه: الغنا والبـــقـــاء

كـان للدين من (ســراج، وفـاءُ)

فالسراج انطفى ومات (الوَفاءُ)

اعز عرش...

چەند پارچە شیعری بڵاونەکراوەی (ئەبولوەفا)

جێگەی خـۆیەتی لە دامـێنی ئـەم کـورتە باسـەدا لا بەلای ئەم بـەرهـەم و شـوێنەواری ئەم زانا مـەزنەدا بکەمـەوە. چونکە مـامۆسـتـا مـەلا عـەبدولکەریمی مودەڕیس هەوڵی داوە بۆ دەسـتـخـسـتنی هەموو بەرهـەمـەکانی ئەم زانا و شـاعیرە، بەڵام شـتێکی ئەوتۆی دەست نەکەوتووە جگە لە بەشێکی دیوانە فارسییەکەی، کە باسی هەوڵ و کۆششی لەم بوارەدا دەکات و دەفەرمووێ:

«حـاجی شـێخ عـەبدولڕەحـمـان ئـەدیبێکی نـاسک و شـاعـیرێکی پایە بڵندی چەرخـی خـۆی بووە. دیوانێکی شیعری بە فارسی هەیە، بیستوومە لای کوڕەکانی شێخ سـادقی برازایەتی کە جاران لە دێی (گوڵپ) دادەنیشتن. بەشـێکیشی لە کەشـکۆڵەکەی حـاجی مەحـموودی یاروەیس لە دێی (تەپی سـەفا)ی شارەزوور و، بەشـێکی کەی لە کـەشکۆڵەکەی مـەحـموود پاشای جـافدا نووسـراوەتەوە، کە ئێستا لە کـتێبخـانەی خـوالێخـۆشـبـوو حـەسـەن بەگی عـەلی بەگی کوڕەزایدایـەتی. هەروا سـەید طاهیری هـاشـمـیی دەوڵەتاواییش بۆی نـووسـیـبووم کە لای ئەویش هەیە. بەڵام بارودۆخی ڕۆژگـار مـەیدانی نەدا وێنەیەکیم بۆ بنێرێ. من خۆم گـەلێکیم دەسگیر بووبوو، بەڵام ئەویش لەبار و کۆچدا لە شـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی کـە بـەشـێکی فـەوتا. ئێسـتـا ئەو ئەندازەیەی لـە بەردەسـتدایە لێرەدا دەینووسـمەوە و بەهـیوام ئەگەر لە هەلێکی ترا ئەوی کـەیشـیم دەست کـەوت هـەمووی بە جـارێ بڵاو کەمەوە... »[1]

منیش لەلای خۆمەوە کـەشکۆڵی شێخی حیسامەدین گەڕام[2] چەند پارچە شیعری فارسیی ئەم مـامۆسـتـای تێدا بوو دوای بەراورد دەرکـەوت دووانیـان لەوانە تا ئێسـتـە بڵاو نەکـراونەتەوە. بۆیە ئێرەم بـە شـوێنی ئەوە زانـی شـیـاو بێت بۆ ئـەوەی ئەو دوو پارچە شـیـعـرەیش بخـرێنە بەرچاوی خـوێنەران، بەڵکو لە هـەلی داهاتوودا بچنە سـەر ئەو بەشـەی مـامـۆسـتـای مـودەڕیس بڵاوی کردوونەتەوە.

هەروەها مـەلا فەتاحی کـاگردەڵیش لە کـەشکۆڵە ڕەنگینەکـەیدا بـەشێک لە بەرهـەمـەکانـی (وەفا)ی

---

(١) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٠٥

(٢) بۆ زانینی زیاتر لەبارەی ئەم کەشکۆڵە و شارەزابوون بە ناوەڕۆکەکەی بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنـەوەی مـێژووی زانایانی کـورد لـە ڕێگەی دەسـتـخـەتەکـانیـانەوە، بەرگی چوارەم، چاپخـانەی (الخنساء). بەغدا، ١٤٢٢ک - ٢٠٠٢ز، ل: ١٨٣ .

نووسیوەتەوە، لەوانەیش سێ پارچەیان لەوانەن دەست مامۆستای مودەڕیس نەکەوتوون.

کەشکۆڵێکی تریشم لەلایە بە ناوی کەشکۆڵی (تۆفیق) لەوێشدا دوو پارچە شیعری بڵاونەکراوەی (وەفا) هەیە. لەم دەرفەتەدا ئەم پارچە شیعرانە بڵاو دەکەمەوە، بەڵکو بۆ چاپی داهاتووی (یادی مەردان) یان بۆ کۆکردنەوەی دیوانی (وەفا) ئەمانیش بچنە پاڵ شیعرە بڵاوکراوەکانی تری (وەفا).

١

نسبت خودرا بیار خویش میدانیم ما
همچو گیسویش ز سر تا پا پریشانیم ما
یا چو آنخال سیه بر عارض اش در بین زلف
برزخ جامع میان کفرو ایمانیم ما
ابروا ست آن بر رخ زیبات یا قوس قزح
یا دم شمشیر تقدیر است؟ حیرانیم ما
نیست ما را الفتی با سیر صحرای ختن
بهر این شهری غزالان سینه بریانیم ما
حیرتی دارم که این فوّارهای دیدگان
از چه میجوشد مگر طنّور طوفانیم ما؟
روز اول آتش عشقت بجان ما فتاد
تا ابد زان آتش جانسوز سوزانیم ما
شورش و غوغای طفلان پیش و پس خوش عالمی است
چون (وفا) از دولت عشق توسلطانیم ما[١]

٢

تا گل روی ترا دیدم ببازار آمده است
هر که در عالم بچشم نقش دیوار آمده است
تا سحر از بیم چشمم فتنه خیزی رهزن است
در دو چشمم کاروان خواب بیدار آمده است
هیچ نقاشی چنین صورت نبسته بر خیال
فکر مانی هم درین سودا چو برکار آمده است
کاش دیگر در چمن میدیدم آن گل پیرهن
تا شدی حل عقدهء مشکل که درکار آمده است

---

(١) ئەم پارچە لە تەک کەمێک جیاوازیدا لە کەشکۆڵی مەلا فەتاحی کاگردەڵیشدا هەیە.

حوریست آن یا فرشته یا بشر یا خود پری؟
کی چنین در عالمی اظهار دیّار آمده است؟
در لطافت شیوهٔ حورو ملك دارد ولی
طبع وخویش در دل آشوبی پریوار آمده است
ناله و فریاد و افغان (وفا) بیوجه نیست
فتنهٔ بهر بلای جهان پدیدار آمده است[١]

٣

ای ز حسن جلوات آیینه‌ها رات صد جلا
چهره ات ز آب لطافت میزند موج صفا
شعلهٔ حسنت بگلها آتش خجلت زند
سرمهٔ حیرت کشد خالت بچشم مدّعا
تا نهال سرو سیم اندام او بالا کشد
در دل ما بینوایان میکشد بالا بلا
لعل جان بخشش گر از جوش تبسّم دم زند
خنده‌ها ریزد بفرق چشمهٔ آب بقا
بیتو چندان دیدهٔ امیدواری جوش زد
پای نومیدی بخون أشك ما بندد حنا
درد هجرشرا کجا تدبیر درمانی کنیم
بعد ازین دست امید ما ودامان دعا؟
جای شبنم مردمك از دیدها پالد (وفا)
ز آب تاب چهره چون آفتاب (بوالبها)[٢]

٤

الحمد لمبدع البدیع
والشکر لخالق البرایا
در روز دوم صباح جمعه
ساعت ز دو بود نه ز بالا

---

(١) ئەم پارچە بەهەمان دەق لە کەشکۆڵی (توفیق)یشدا هەیە.
(٢) ئەم پارچە لە کەشکۆڵی (مەلا فەتاحی کاگردەڵیی) وەرگیراوە.

از ماه رجب که مشعل مهر

من مطلعه اذا تجلّی

شیپور سرور کرس بهجت

در زد بجهان خروش غوغا

ناگاه بگوش من سروشی

من حضرة قدسه تعالی

در داد یکی نویدُ گفتا:

ای خاص بفیض فضل مولا

چوبك زنِ بام تو سکندر

در کوی تو هندویست دارا

ای مهبط واردات غیبی

درویش خرابه گرد شیدا

باز از سرنَوْ نوازش حق

بر کام تو گشت جلوه فرما

دادت پسری که مهر چهریست

رخشنده چو لؤلؤ ایست لا لا

شد بخت به یمن او مباهی

هم توئم تست سعد کبری

در کسوت فضل صدر أنبیا

در خلعت فقر فخر آبا

گردید بنام پیر احرار

مخصوص تفؤلا باسما

در عالم غیب تاج دادند

اورا لقب ز جناب مولا

یا رب به کمال فضل رحمت

این اختر عزت شَرَفرا

با علمُ عمل قرین دولت

توفیقُ رفیقُ عقل برجا

مقرون بصفا و طول مدّت

مسعود سعید سعد فرما

تأریخ ظهور این کرامت

جستم ز خرد، بناز گفتا:

لا ترغب، ثم قلت فارغب

١٢٨٣

الصبح به اذا تجلّی

١٢٨٣

گفتا: که بگوی (بو الوفا) را:

بشراك وحبذا واهلا(١)

١٢٨٣

٥

تا بما آنلب یاقوت تو خندان شده است(٢)

حالت سینهء صد چاك نمایان شده است

جمع گردید حریفان بتماشا کامشب

کوی ما از شراره چراغان شده است

تا دلم بستهء آنگیسوی مشك افشان شد

چمن سینه لگد کوب غزالان شده است

ز آتش سنگ شده گلخن ما گلشن ناز

شکر طفلان که شب هجر چراغان شده است

تیره ایّام چنان است (وفا) در ره عشق

همچو زلف تو سراپاش پریشان شده است

***

---

(١) ئەم پارچەیش لە کەشکۆڵی مەلا فەتاحی کاگردەڵیی وەرگیراوە.

(٢) ئەم پارچە لە (کەشکۆڵی توفیق) وەرگیراوە.

[illegible] ... [illegible]

أخبروني أقاطنون عيسهم أم ظعنوا بالفلا سرى و[illegible]

ما لي اليوم ما أرى غير صبر تشترني الهموم والبأساء

فانطفاء السراج أعمى عيوني إذ لفقد الوفا نهاري مساء

كل داء له الدواء سوى المو ت فما منه مخلص وشفاء

يا أبا صالح الكريم ويا من بي وللعالمين فيه غناء

جاءك الضيف ملء ذرع رجاء فاحمه في حماك مني الرجاء

هو وفى زمانه [illegible] لهف نفسي أنه نعم الوفاء

فوق تلال رفعة الوزن حيثا ورثت في فنائها الورقاء

ولأجل الفراق بعد أخيهم بكت الفرقدان ثم السماء

رجفت أرض بابل في عزاه بكت الأمهات والآباء

ظعن الصبر والعويل قطين راح مني الهنا وجاء البكاء

سال بالدمع دجلة وفرات ومثل ما سال من عيوني الدماء

بكت الكرخ والرصافة بل با بل والنهروان والزوراء

قبره روضة كروض جنان وهو الخلد فيه ما الخلداء

زدها زهرة السماء ضياء نورها نور أعين والسناء

مرقد للعروج مرقاة فضل وبه المعارج الارتقاء

هو غيث أبو غوث سماء المكرمات ومنهما الأنداء

وهو عنوان عهد صاحب النو رين في حربه الفنا والبقاء

كان للدين من سراج وفاء فالسراج انطفى ومات الوفاء

هو

مامۆستایەکی قەرەداغیی تری لەبیرکراو

٥٨١

لە بابەتێکدا لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری ئەکادیمی و دواتریش لە بەرگی هەشتەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوەدا بڵاوم کردەوە باسی حامیدی قەرەداغیم کرد کە مامۆستایەکی کۆنی کوردە و لە سەرچاوەکانی مێژووی زانایانی کورددا ناوی نەبوو، ناوی و شتێک لە مێژوویم نووسی.

دوای ئەوە لەناو ئەو دەستخەتانەدا کە برای بە نرخم مامۆستا ئەحمەد عەبدولوەهاب پێشکێشی کردم ناوی مامۆستایەکی تری قەرەداغیم دی کە بە گوێم ئاشنا نەبوو- وابزانم- سەرچاوەکانی مێژووی زانایانی کوردیش لێی بێ ئاگان.

ئەو مامۆستا لە ڕێگەی دەستخەتێکییەوە دەناسرێت و دەناسێنرێت، هیوادارین دەستخەتی تریشی مابێت و لەمەولا دەربکەون تا زیاتر و باشتر بیانناسین.

باسی دەستخەتەکە:

ئەم دەستخەتە ئێستە لەلای من بە ژمارە ٥١٢/٤٤ پارێزراوە دەستخەتێکی نایابی جوانی باش هەڵگیراو و پارێزراوە. بەشی هەرەزۆری دەستخەتی مامۆستای باسەکەمان خۆیەتی بە خەتێکی وردی خۆشی جوان نووسیویەتییەوە، خەتی پەراوێزەکانی وردترە.

دەستخەتەکە ئەم دانراوانەی تێدایە:

١- ریسالەی مەسعوودی لە ئادابدا.

٢- نامیلکەی قزڵجی لە باسی (أجزاء القضية)دا.

٣- نامیلکەیەک لە باسی (اللزوم)دا وا دیارە دانراوی (شمس الدين) ناوێکە.

٤- شەرحی (داشکبری زادە) لە ئاداب و مونازەرەدا.

٥- (داشکبری زادە) لە ئادابدا.

٦- شەرحی (داشکبری زادە) خۆی بەسەر نامیلکەی پێشووەوە.

٧- الرسالة الحنفية في الآداب.

٨- نامیلکەیەکی تر لە باسی (اللزوم)دا.

٩- پارچەیەکی حەوت بەیتی شیعری شێخ مەعرووفی نۆدێیی، لەوە ناچێت پێشتر بڵاو کرابێتەوە.

١٠- هۆنراوەی عەرووزی شێخ مەعرووفی نۆدێیی.

١١-ناميلكەی (أبو الجيش الانصاري الاندلسي) لە عەرووزدا.

هەشت دانراویان یەک لە دوای یەک بە خەتی مامۆستای باسەکەمان مامۆستا مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا عەبدولقادری قەرەداغییە. سیانەکەی دوایی بە خەتی مامۆستا مەلا محێدینی کوڕی شێخ محەمەد قەسیمی پایگەلانییە.

مامۆستا مەلا ئەحمەدی قەرەداغی دانراوەکانی لە نێوانی سالانی ١٢٩١- ١٢٩٤ی کۆچیدا نووسیوەتەوە.

لە دوای نووسراوەکانییەوە واتە لە کۆتاییی ناميلكەكانەوە مێژووی نووسینەوەیانی نووسیوە.

لە کۆتایی گەلێ لە پەراوێزەکانەوە نووسیویە چ کاتێکی شەو و ڕۆژ نووسیویەتییەوە، وەک: دوای عەسر، شەو، کاتی هەتاو کەوتن، چێشتەنگاو... هتد. بەلام بەداخەوە - جاریکیش چییە- نەینووسیوە لە چ گوندێ یان شارێ یان مەدرەسەیەک نووسیویەتییەوە.

لەبارەی ڕشتە و بنەماڵەی خۆیشیەوە تەنیا دەنووسێ: ئەحمەدی کوڕی مەلا عەبدولقادری قەرەطاغی. لە کۆتایی یەک دوو پەراوێزیشیەوە نووسیویە (احمد الحمدي).

ڕەنگە لەم دەستخەتەوە ئەوە وەربگیرێت کە مامۆستا مەلا ئەحمەد لە کاتی فەقێتیدا ئەم کتێبانەی نووسیبێتەوە - ڕەنگە وایش بێت- بەلام گومان لەوەدا نییە - ئەگەر وایش بێت- موستەعید و ئاخر مادە خوێن بووە و، موستەعیدێکی بە توانا و لێوەشاوە بووە. وەک دەیشگونجێ لە کاتی سەرەتای مەلایەتیدا نووسیبنیەوە. بەتایبەتی کە دەبینین پیاوێکی بە توانای خەتخۆشی وەک مامۆستا مەلا محێدینی پایگەلانیی کتێبی بۆ نووسیوەتەوە و، لە نووسینەکەیشیدا بە مامۆستا - نەک بە هاوڕێ و برا- ناوی دەبات.

بۆ دەرخستنی پلەی مامۆستا مەلا ئەحمەد و توانای مامۆستا مەلا محێدین دەقی نووسینەکەی مامۆستا مەلا محێدین وەک خۆی لێرەدا دەنووسم:

«تم تحرير هذه العروض المنظومة يوم الثلاثاء سابع من شهر ربيع الاول سنة ١٢٩٢ على يد الفقير الحزين محي الدين ابن الشيخ محمد قسيم الپايگلاني، لاجل استاذي الامجد الملا احمد بن ملا عبدالقادر القرەطاغي. والحمد لله رب العالمين. وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله واصحابه أجمعين».

الا يعجز المعلل عن اقامة الدليل على مدعاه ويسكت ومن
ذلك هو الافحام اذ يعجز السائل عن التعرض له وذلك
العجز هو الالزام فح تنتهي المناظرة وتتم اذ لا قوة لهما
على اقامة ما ينفعهما الا انهما يتزايلان بلا تفرق وأما
آداب المناظرة فهي انه ينبغي للمناظر ان يحترز عن الايجاز
والاختصار وان يحترز عن الاطناب في الكلام
وان يحترز من استعمال الالفاظ الغريبة في البحث
وان يحترز عن استعمال اللفظ المجمل في البحث ولا بأس
بالاستفسار وان يحترز عن الدخل في كلام الخصم
قبل الفهم ولا بأس بالاعادة وان يحترز من التعرض
بما لا دخل له في المقصود وان يحترز عن الضحك و

ورفع الصوت في اثناء المناظرة وامثالهما وان
يحترز من المناظرة مع اهل المهابة والاحترام و
ان يحترز لا يحسب المناظر الخصم حقيرا هذا الذي
ذكرنا غاية ما يراد في هذا الباب فتمت الرسالة
المنسوبة الى العالم الفاضل مولانا الشهير بطاشكبري
زاده على يد الحقير الفقير الى المولى
الفقير الحقير احمد بن ملا امين القادري

الفراغ في يوم الاربعاء غرة
جمادى الاخر سنة
الف ومائتين واحدى وتسعين من الهجرة النبوية
المصطفوية صلى الله عليه وآله وصحبه وسلم تسليما

دانراوێکی مامۆستا شێخ ئیبراهیمی عەباسی

٥٨٢

ئەو سەرچاوانەی لە دەستدان بەتایبەتی (إمارة بهدینان العباسية)[1] گەڕام بۆ ناو و شوێنەواری ئەم مامۆستا هیچم لە بارەیەوە دەست نەکەوت.

خۆشبەختانە دانراوێکی ئەم مامۆستام بە خەتی خۆی دەست کەوت، لێرەدا ناوی مامۆستا خۆی و دانراوەکەی تۆمار دەکەم:

ناوی: وەک مامۆستا خۆی لە سەرەتا و کۆتاییی کتێبەکەیەوە نووسیویە و منیش دەینووسم، ناوی ئیبراهیمی کوڕی مستەفای کوڕی عەباسە، لەسەر لاپەڕەی یەکەمی دەستخەتەکەیش لەقەبی (العباسي) نووسراوە.

ژیانی: وەک نووسیم لە هیچ سەرچاوەیەکدا ناوی ئەم مامۆستام نەدیوە، بەڵام خۆی دوای نووسینەوەی پاکنووسی دانراوەکەی ساڵی ١١٣٨ک ی نووسیوە، واتە لەو مێژووەدا لە ژیاندا بووە.

باسی دانراو و دەستخەتەکە:

وەک گوتم ئەم دانراوە بە خەتی مامۆستای دانەریەتی بە خەتێکی وردی جوان نووسیەتییەوە. دەستخەتەکە باش هەڵگیراوە و پارێزراوە بەرگێکی پێستی قاوەیی لە هەردوو دیوەیەکەیەوە نەخشێنراوی هەیە.

لە کتێبخانەکەی خۆمدا بە ژمارە: ٤٠٩/٤٤ پارێزراوە ١٦١ لاپەڕەیە، لاپەڕەی ٣١ دێری تێدایە.

سەرەتاکەی:

دوای (الحمدلله) و (صەلات و سەلام) «وبعد: فيقول أفقر العباد إلى فيض فضل ربه العلي إبراهيم بن مصطفى بن عباس الموصلي: لما رأيت همم الطلبة على أبواب النهجة المرضية واقفة، وعلى النظر إلى خفايا خبايا زواياه عاكفة، حركني مفيض الانعام، على الخاص والعام، ان أعلق عليه ما عسى أن يكون سببا لاتصال عملي، بعد انقطاع أجلي، والمرجو من إخواني أن يصلحوا ما فيه من سهو او خلل، ويستروا ما ظهر من وهم او زلل، وان يعتبروه كالذيل لحاشية شيخ مشايخنا فريد دهره ووحيد عصره الشيخ محمد الاحسائي، تغمده الله برضوانه وأسكنه اعلى غرف جنانه، فإنها جليلة المقدار عند ذوي الاعتبار، غير انها لم يقع منها على ثلث الأخير إلا النزر اليسير، فجعلت هذه بمنزلة التتمة لها، ليعود علي من بركات مؤلفها، والمسؤل من رب البرية، ان يجعلها مقبولة مرضية، إنه على ما يشاء

---

(١) بڕوانە: محفوظ عمر العباسي، إمارة بهدينان العباسية، مطبعة الجمهورية – الموصل، ١٣٨٨هـ – ١٩٦٩م.

قدير، وبعباده خبير بصير... ».

بۆیە ئەم سەرەتایەم گواستەوە ئێرە تا لە دەست و قەڵەمی مامۆستا خۆیەوە مەبەستی لە دانانی کتێبەکەی وەرگیرێت.

ئەمەیش کۆتاییی کتێبەکەیە:

«... اللهم إني أسألك واتوجه إليك بنبيك محمد صلى الله عليه وسلم نبي الرحمة بأن تنفع بهذه التعليقة الخاص والعام، وترزقنا النظر إلى وجهك الكريم في دار السلام، وان تعيذنا من شر حسود يفضح، ولئيم لا يصفح، فإن النسيان من خصائص الإنسانية، والخطأ والزلل من شعار الآدمية، والمنصف من غفر قليل خطأ المرء في كثير صوابه، فإن الله يأبى العصمة لكتاب غير كتابه، مع أني بذلت جهدي وطاقتي ولم آمن الزلل، معترف بكثرة السهو والخلل، راجيا ممن حسن خيمه، وسلم من داء الحسد أديمه، ان يصلح ما تحقق خطأه إلى الصواب إن يمكنه عن ذلك الجواب، ويطلب جزاء ذلك من الكريم الوهاب، وأستغفره تعالى مستعيذا به من حسد يسد باب الانصاف، ويصد عن جميل البيان والاوصاف.

وكان الفراغ من تسويد هذه المباركة الميمونة في العشر السابع من الثلث الثالث من المحرم الحرام، بعد صلاة الجمعة سنة ثمان وثلاثين بعد المائة والألف، في جامع سيدي وسندي وملاذي ومعتمدي، القطب الرباني الشيخ محي الدين عبدالقادر الگيلاني قريبا من مرقده المنور، اعاد الله علي وعلى المسلمين من نفحاته، ومن علومه الشريفة ومن بركاته، في الدنيا والآخرة، إنه على ما يشاء قدير، وبالاجابة جدير، حسبي الله ونعم الوكيل، ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم، وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين. والحمدلله رب العالمين. وأنا الفقير اليه سبحانه إبراهيم بن مصطفى بن عباس، اعوذ بالله من شر الجنة والناس، وأسأله اللطف يوم يؤخذ بالأقدام والنواص. سنة ١١٣٨هـ.

ثم إني لما بيضتها ظهر لي قصور كثير، فزدت ونقصت وبدلت على حسب ما بدا، والحقت في آخرها نبذة مما لا يستغنى عنه من علم الرسم.. فمن وقف على ذلك فليصلح كما ذكرنا وله الأجر. كتبه إبراهيم بن مصطفى».

ئەم کۆتاییـیـەیشم بە درێژی نووسی، چونکە گەلێ شتی لێ وەردەگیرێ، یەکێک لەوانەی کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە: مامۆستا لەو کاتەدا لە بەغدا چی کردووە؟ کە ئەو توانای دانانی کتێبێکی ئاوای بووبێت بڕوا ناکرێت بە فەقێتی لە بەغدا بووبێت. دەبێ مامۆستا و (مدرس) بووبێت لە مەدرەسەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی وەک چەند مامۆستای کوردی تری کۆنمان؟ ڕەنگە!

[illegible]

[illegible] ... واحتج بان ذلك المضموم اثقل

وارى من قاعدة الضم ... ان يعذر له فاجاد في اغتفار ان يقارنه عرض قياسا على قرن واحتج بان ذلك المضموم اثقل من المكسور واذا كان ذلك المفتوح قد فر منه الى الحذف في قرن المفتوح القاف ففعل ذلك بالمضموم احق بالجواز

قال ولداره منقوا الادغام قوله وهو ادخال حرف ساكن في مثله متحرك من مخرج واحد بلا فصل ويكون في المثلين والمتقاربين وفي كلمة وفي كلمتين وهو باب متسع واقتصر الناظم على ادغام المثلين المتحركين في كلمة كما سياتي والظاهر ان سكون الثاني العارض للوقف لا يمنع الادغام قوله لا كمثل صفف الصفف بحركة ما يلبس تحت الدرع قاموس

الذلج ذلل ضد الصعب والكلل جمع كلة وهو ستر رقيق يخاط كالبيت يتوقى فيه من البق واللبب ما ذكره قال بترد لذلك ان يصدر ابدالي قال الناظم في بعض كتبه الا ان يكون اولهما تاء المضارعة فتقيد لهم بعد مدة او حركة نحو ولا تيمموا لتكلم عنى يجوز ايضا الادغام في الماضي اذا اجتمع فيه تاءان والثانية اصلية نحو تتابع فيؤتى بهمزة الوصل فيقال اتابع كما ذكره في الكافية وغيرها وقد فاته هذا الشرط هنا قوله وشذ اى الفك فيما استوفى شروط الادغام وهي الفاظ محفوظة مثل الل السقاء وصكك الفرس وضببت الارض وقطط الشعر ونحوها مما هو مذكور في محله فان العرب شذت في فكها اختيارا كشذوذ ترك الاعلال في نحو القود والصيد والحوكة فلا

يقاس على شيء من المفكوكات كما لا يقاس على شيء من تلك المصححات وما ورد من ذلك في الشعر عد من الضرورات قوله واذا كان المثلان ياءين لازما تحريك ثانيهما الى خلاف لن يحيى ورايت محييا فلا يجوز الادغام لعدم الاعتداد بالحركة العارضة قوله انبحوز لك كل منهما والفك اكثر نص النحويون وكلاهما فصيح قرأ بهما في السبعة ولعل الناظم قدمه لكثرته قال المرادي وذكر التفتازاني عكسه وهو ما عليه اكثر القراء قوله ومن ادغم الحق الف الوصل وقال الحلي وفيه ان الله لم يخلق همزة وصل في المضارع وانما ادغام هذا النوع في الوصل دون الابتداء فان وقف وجب الابتداء بالاظهار وما نقلناه عن الناظم في بعض كتبه هو الصواب فعلم بذلك ان من ادغم خصه بالوصل ومن فك خصه بالابتداء فالخلاف لفظي وسياتي ان تخفيف نحو هذا بحذف احدى التاءين كما سياتي قريبا قوله ومن ادغم نقل حركة

الاولى الى الفاء واسقط الهمزة وجوبا لتحرك الساكن بحركة النقل وقال ستر يستتر بفتح اولهما وثاني الثاني مع شد ثاني الاول وثالث الثاني وكسره وفي المصدر ستارا بكسر اوله وتشديد ثانيه ويجوز في نحو هذا اذا ادغم كسر فائه على اصل التقاء الساكنين اذ الفاء ساكنة وحين قصد الادغام سكنت التاء الاولى فالتقى ساكنان فكسر اولهما على اصل التقاء الساكنين ويجوز على هذه اللغة كسر التاء اتباعا للفاء والمضارع واسم الفاعل والمفعول مبنية على ذلك الا ان اسم الفاعل يشتبه بلفظ اسم المفعول على لغة من كسر التاء اتباعا فيصير مشتركا كالمختار فيحتاج الى القرينة قوله وفك الادغام من فعل جوبا ثبت لمن تعذر نحو حللت وقلن ان ضللت وشددنا اسرهم والفرق بين هذا وبين ما سياتي من قوله وفي جزم وشبه الجزم تخيير قفي ان سكون المضارع المجزوم عارض يزول بزوال الجازم والامر محمول عليه قوله تخيير قفي الفك وهو لغة اهل الحجاز والادغام وهو لغة تميم وانما ادغموا اعتبارا بتحريك الساكن في بعض الاحوال نحو اردد القوم ولم يردد القوم واهل الحجاز لا يعتدون بذلك والمراد بالتخيير استواء الوجهين في اصل الجواز لا في الفصاحة ويرد على قوله وفي جزم وشبه الجزم تخيير لم يردوا وردوا فانه يجب فيه الادغام وكذا اتصل بالمدغم فيه واو جمع او ياء مخاطبة او نون توكيد نحو ردوا ردي ردن ادغم كل العرب افاده المرادي وغيره وعلل بان الفعل حينئذ مبني على هذه العلامات وليس بحركته

هاء الغائب وجب ضمه في الغائب وفتحه في الغائبة نحو ردوه ولم يرده وردها ولم يردها لان الهاء خفية لم يعتد بوجودها فكان الدال قد وليت الالف والواو فالتزم الكسر قبل ساكن فقال رد

القوم

المضموم بالكسر لانها حركة التقاء الساكنين في الاصل فان لم يتصل بالفعل هاء الغائب او الغائبة او الساكن ففيه ثلاث [illegible]
لغات الفتح مطلقا وهو بني اسد وغيرهم نحو رُدَّ وعَضَّ وفِرَّ والكسر مطلقا وهو لغة كعب وغيره والاتباع لحركة الفاء وهو
الاكثر في كلامهم قوله وذلك اسلوب التعجب الزم اي باجماع العرب كما نص عليه في شرح الكافية نحو احبب الى بزيد واشدد بحمرة
وجه عمرو ومنه واحبب الينا ان تكون المقدما قوله والزم الادغام ايضا في هلم باجماع كما في شرح الكافية لثقلها بالتركيب
بالتركيب ومنهم الزمخشري اظهارها لم يجز ولينبه ما اجازه في اظهر ورد من الضم للاتباع والكسر لالتقاء الساكنين لعدم
التركيب وحكى الجرمي فيها الفتح والكسر عن بني تميم ويتبع في هلم والاتباع والضم قوله وهي اسم فعل بمعنى احضر في المتعدي وائت
في اللازم فتلزم طريقة واحدة ولا يختلف لفظها بحسب من هي مسندة اليه وهي لغة اهل الحجاز قوله او فعل امر لا ينصرف
الخ فتلحقها الضمائر البارزة بحسب من هي مسندة اليه فتقول هلما وهلموا وهلمي وهلممن بالفك وهي لغة بني تميم وفي كيفية تركيبها
ثلاثة اقوال احدها المذكور وهو قول جمهور البصريين والثاني والثالث قول الخليل والفراء وقيل انها بسيطة و
هذا هو الصحيح حتى نقل بعضهم الاجماع عليه قوله بضم العين هذا احد الافعال التي قيل انها لازمة للبناء للمفعول
ابدا ونهاجن وسُلّ وبهت وطُلّ دمه واُهدر واولع بكذا وزهي علينا اي تكبر وحم ووعك وزكم وثلج وسقط
في يده ورهصت الدابة ونُفست المراة ونتجت الناقة وغم الهلال واغمي على زيد واخواتها مما لم اطلع عليه و
غنيت هنا بمعنى اعتنيت به قوله على جل المهمات هو بضم الجيم ولو قال على حل المهمات بالحاء المهملة لكان احسن
ونرى ما قال بعض المشايخ بان هذا ينافي قوله في الخطبة مقاصد النحو بها محوية والمقاصد
هي المهمات فعبارته هناك تدل على انه الزم ان يجري جميعها اذ هو مقتضى عموم الاضافة وعبارته هنا تدل على انه
جرى على جلها اي معظمها لا كلها قوله هو فعل ماض بمعنى جمع اي لا اسم تفضيل كما قيل مختصرا بكر الصادر يفيد ان فاعل
احصى ضمير راجع الى الناظم مدلول عليه بقوله غنيت على طريق الالتفات من التكلم الى الغيبة ويجوز ان يكون الفاعل
ضميرا المستتر في كل اي جمع كل منظومتي الكافية الشافية اخلاصة اي العاني ما يكمله وهي مفعول احصى ومن الكافية
بيان لما تقدم للضرورة ولا يخفى ما فيه من البلاغة ولا يبعد ان يكون اشارة الى انه التقط وانتخب لباب الكافية حيث اخذ
منها الشطر والشطرين والبيت والبيتين مع بعض تغيير ودونه كما هو الواقع المشاهد وفي قوله كما اقتضى غنى بلا
خصاصة الطباق وهو كناية عما جمع من المحاسن الظاهرة ثم قابل بالشكر نعم الانعام وثنى بالصلوة على خير الانام وعلى اله
البررة الكرام واصحابه الخيرة العظام ليكون على طريق البدء الختام فيا رحمنا الله واياه في دار السلام فاحمد الله مصليا
على محمد خير نبي ارسلا الخ ولله الحمد اولا واخرا باطنا وظاهرا وصلى الله وسلم على سيدنا ومولانا محمد النبي الامي الامين
وعلى اله وصحبه ما قامت الاشياء برب العالمين اللهم اني اسألك واتوجه اليك بنبيك محمد صلى الله عليه وسلم نبي الرحمة بان
تنفع بهذه التعليقة الخاص والعام وترزقنا النظر الى وجهك الكريم في دار السلام وان تعيذنا من شر حسود
ينقح ولئيم لا يصفح فان النسيان من خصائص الانسانية والخطاء والزلل من شعائر الادمية والمنصف
من اغتفر قليل خطاء المرء في كثير صوابه فان الله يأبى العصمة لكتاب غير كتابه معولي بذلت جهدي وطاقتي وانا امي الالباب
معترف بكثرة السهو والخلل راجيا ممن حسن خيمه وسلم من داء الحسد اديمه ان يصلح ما اختفى خطاه الى الصواب
ويطلب جزاء ذلك من الكريم الوهاب واستغفره تعالى مستغفرا [illegible] باب الانصاف ويبعد من حلل
البيان والاوصاف وكان الفراغ من تسويد هذه المباركة [illegible] في العشر السابع من [illegible] الثالث من [illegible] بعد
صلوة الجمعة سنة ثمان وثلثين بعد المائة والالف في جامع سيدي [illegible] وملاذي ومعتمدي [illegible] محي الدين
عبد القادر الكيلاني قريبا من مرقده المنور اعاد الله علي [illegible] من علومه الشرعية ومن بركاته في
الدنيا والاخرة انه على ما يشاء قدير وبالاجابة جدير وحسبنا الله ونعم الوكيل ولا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم وصلى
الله وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه اجمعين [illegible] ابرهيم بن مصطفى [illegible]
اعوذ بالله من شر الجنة والناس واسال الله [illegible] يوم [illegible] الاقدام [illegible]

دوو پارچە شیعری شێخ ئەحمەدی سنەییی گۆرانیی

٥٨٣

ئەم مامۆستا بەهۆی ئەوەوە لە کوردستان هەڵکەنراوە و لە بەغدا جێگیر بووە و نەوەکانیشی پاش خۆی خوێندەوار بوون و لەسەر رێبازی باو و باپیرانیان رۆیشتوون.. شتێک لە مێژووی ژیانی زانراوە.

ئەم مامۆستا ناوی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەد قەسیمی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەد قەسیمی یەکەمە.

بەگوێرەی ئەوەی لە دەستخەتی ژمارە (٥٩٤٦ م و)دا دۆزیمەوە ئەم مامۆستا ساڵی ١٢٠٨ک-١٧٩٣ز لەدایک بووە. شوێنی لەدایکبوونی دیاری نەکراوە.

مامۆستا شێخ ئەحمەد یەکەم پیاوی بنەماڵەی مەردۆخییە کە گەیشتووەتە بەغدا و لەوێ نیشتەجێ بووە، بۆم روون نییە کەی گەیوەتە بەغدا و لە کوێوە چووە، ئەوەی روونە ئەوەیە باو و باپیری لە کوردستانی ئەودیوەوە - ئەردەڵانەوە- هاتوونەتە کوردستانی عێراق و لێرە نیشتەجێ بوون و لق و پۆپیان لێ بووەتەوە و، لە قەرەداغ و سیاگوێز و شوێنانی تر دامەزراون و خزمەتی زانست و ئاینیان کردووە.

ئەوەی زانراوە و لە بەڵگەنامەکانی ناو کتێبخانەکەیان وەردەگیرێ ئەوەیە ئەم مامۆستا ساڵی ١٢٤٧ک - ١٨٣١ز لەلایەنی حکوومەتی ئێرانەوە پلەی قازیی عەسکەری دراوەتێ. ساڵی ١٢٤٩ک - ١٨٣٣ز لە بەغدا کراوە بە سەرپەرشتیاری مزگەوتی مورادییە. واتە دەبێ لە دەوروبەری ساڵی ١٢٤٨ک - ١٨٣٢ز دا لە ئێرانەوە هاتبێتە ئەم دیوەوە.

دوای ئەوەی لە بەغدا نیشتەجێ بووە گەلێ کار و فەرمانی پێ سپێرراوە لەوانە:

١- وەک وتمان ساڵی ١٢٤٩ کراوە بە (متولی) سەرپەرشتیاری کاروباری مزگەوتی (موراد پاشا) لە بەغدا.

٢- مودەڕیس و مامۆستای مزگەوتی (عتیق حسن پاشا) بووە.

٣- ساڵی ١٢٦٠ مووچە و بەراتی (٣٢٥) قورووش بووە.

٤- ساڵی ١٢٦٦ مووچە و بەراتەکەی بووە بە (٨٧٥) قورووش، هەر لەو ساڵانەدا دوو تەغار گەنم و دوو تەغار جۆی ساڵانە بۆ ماڵ و خێزانەکەی بۆ بڕراوەتەوە.

٥- بەپێی بەڵگەنامەیەکیش - یان باشتر بڵێم- بەپێی ئەوەی خۆی نووسیویەتی دەردەکەوێ ساڵی ١٢٥٣ لە هەرات بووە، بەڵام چۆن و بۆچی چووە بۆ هەرات؟ بە کارێک نێرراوە یان خۆی چووە؟ نەمزانیوە.

ژیانی له بەغدا نووسراوە و ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئەم مامۆستا لە بەغدا ماوەتەوە و نەوە و کوڕ و کوڕەزاکانی لە بەغدا بڵاو بوونەتەوە و تا ئێستەیش هەر لە بەغدا و دەوروبەری بە ناوی (سنوی)وە ناسراون و، گەلێکیان شوێن و پلەی دیاریان هەیە. رشتەی زاناکانی نەوەکانی بەم شێوەیە:

شێخ تەها کوڕی شێخ ئەحمەد بووە زانایەکی کەم وێنەی چەرخی خۆی بووە. چەندان دانراو و شوێنەواری نایابی لێ بەجێ ماوە. چەندان پلە و فەرمانی دیار و بەرزی لە درێژایی و پانایی دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە. چەندان دانراو و شوێنەواری شاکار و پڕ بایەخی لێ بەجێ ماوە، ساڵی ١٣٠٨ لە شاری مووسڵ کۆچی دوایی کردووە.

کوڕی دیاری شێخ تەها شێخ عەبدولمەجید بووە کە ئەمیش لە بەغدادا ماوەتەوە و کار و فەرمان و پلەی بەرز و دیاری زۆری هەبووە. بەپێی رشتەی زانایانی بنەماڵەکە، دوای ئەم پیاوی دیار و ناودایان شێخ عەبدوڵڵای کوڕی ئەم مامۆستا شێخ عەبدولمەجیدە بووە کە لە خانەوادەکەدا جێگەی تایبەتی هەبووە و، میرات و کولتووری زانستیی بنەماڵەکە کەوتووەتە لای ئەم و، ئەمیش بەپێی توانا و بۆچوونی خۆی خزمەتی کردوون و هەوڵی پاراستنیانی داوە.

شێخ عبدوڵڵا لەبارەی بنەماڵە و پیاوانی بنەماڵە و شوێنەواریان و کتێبخانەکەیانەوە شتێکی نووسیوە کە کتێبێکی خنجیلانەی لێ پێک هێناوە بە ناونیشانی (الموجز في تواريخ حياة الاسلاف الكرام) منیش پێشەکیم بۆ نووسیوە و پێیدا چوومەتەوە و ساڵی ٢٠٠٧ لە (بنکەی ژین) لە سلێمانی چاپ کراوە.

ئەو کتێبە سەرچاوەی ئەم نووسینەیە.

هەروەها لە کتێبی (ورود الكرد في حديقة الورود)یشدا هەندێک بە درێژی - لە چاپی دووەمدا- لەسەر پیاوانی ئەم بنەماڵە - بەتایبەتی شێخ تەها- نووسیومە و، بەشێک لە شوێنەواری ئەدەبیی ئەم مامۆستام خستووەتە ڕوو.

هەردوو چاپەکەی ئەم کتێبە لە دەزگای ئاراس لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٢ چاپی یەکەم و ساڵی ٢٠٠٧ چاپی دووەم ئەنجام دراون.

باسێکی دەستخەتەکە:

ئەم دەستخەتە لە (ئەلبوومی کەشکۆڵ)یشدا کەمێک باسیم کردووە دەستخەتێکە لە شێوەی بەیاضدایە، بەرهەمی چەند شاعیری فارس و هەندێک شوێنەواری مامۆستا مەلا ئەحمەدی گۆرانیی- نووسەرەوەی-شی تێدایە، ئەمە باسی ناوەڕۆکەکەیەتی بە کورتی:

١- سەرەتای پارچەیەک شیعری فارسیی خاوەن نەزانراو.

٢- سەعدی.

٣- لە لاپەڕە (٥)دا نووسراوە (مسمط بلغاري).

٤- لە لاپەڕە (٧)دا سەلمان و حافظ

(بەیاض)ەکە ١١٠ لاپەڕەیە وا دیارە هەمووی بە خەتی شێخ ئەحمەدی گۆرانییە. مێژووی ١٢٣٠ تا ١٢٥٣ی تێدایە. پێوانەکەی (٢١×١٠)یە بە ژمارە ٩٥/٤٤ لە کتێبخانەکەی خۆمدا پارێزراوە.

١

(هـو الـغـــــفـــار)ن...

ئومـــێـــدم وه لوطف (هـو الغـــفـــار)ن

(رحــمـن الرحــيم) كــارســاز كــارەن

نـەجــات دەهـەندەی خــەليل جــە نـارەن

یوونسش جـە بـەتن مـاهـیی خـەلاص کـەر

ئـەیوویش نـە دەست کــرمـــان هـەزارەن

تۆ کـــەردی ئـەیووب نـە کـرمـان خــەلاص

مـــەلجـەء بێ کـەسـان هەزار هـەزارەن

يە چـەندێ وەخـتـــەن جـۆيای خـاصـانم

جــــەو بۆنـە خـــــەرجـم هـەزار هـەزارەن

نـە هـەر مــــەکـــانێ رەند بدان ئاشکار

مــامــا وە دەســتـم دڵ جـێش بێـزارەن

چەند سـاڵەن دايم جـســتـوجـۆی رەندم

نمە گـنـۆم وە دەست دڵ پڕ غـــــوبـارەن

داس ســاڵ عــومــر ياوان بە چل ســاڵ

دڵ نـە داخ و داخ مــــاویی خـــاڵانـەن

پـەرێشــان حــاڵم جــە بەد بـەخــتی وێم

دايم المدام خـــــــــەم وەنـەم بـارەن

دڵ پـەراگـــەندەن پـەرێ رەند خـــاص

[بـويـنـا وە دەم تـا بـەيـنـەت دارەن!]

ئیـــســتـــە شـوهـرەت رەندیی منمــانان

تـەمـــەنـنام وە لوطف هـەشت و چەهـارەن

جـــە ســـەرتا وە پا بێ عـــەيبـــەن باڵاش

رەندەن مـەحـبـووبـەن شـيـرين گـوفـتـارەن

نـەزاکـــــەت فــــــرۆش يـانـەی بـاوانـەن

خـــەط و خـاڵ شـيـرين گـۆنـا گـوڵنارەن

ســـوەيل گـــۆنـا و غـەبغـەبش- ڕەژيدە

نـەفح بـۆی بـەيـان گـــــوڵ وە بـەهـارەن

تـەقــرير تەعـــريف ئـەو نـەورەســيــدە

ســـــەنـەيش يـاونـا دەو و چـەهـارەن

شـــەریفی ئەو رەند شـــەكـــەر ڕازانـەن
پـەروەردەی [مكـان!] طـەهـران طەهـارەن
یا حـــەق باجـــەتی لیـقـــای مـــصطەفـــا
بـەشق ئـەبوبـەكـــر كــــە یار غـــــارەن
بە صـیـدق و ئـیـخـلاص عـومـەر خـەطاب
قـــاطیع كـــونەندەی قـــەوم كـــوفـــارەن
بە [نیّت!] پاک عـــوثمـــان عـــەفـــفـــان
جەمعش كەرد قورئان صوورەت [هزارەن!]
بە عـــەشق ئـەمـــیـــر بنچـینـەی عـــەبا
شـــێـــر صـــەف شكەن دوڵدوڵ ســـوارەن
ئەو نـەوڕەســـیـــــدە تا (یوم القـــیـــام)
ســـپـــــەردم وە دەست هـەر چار یارەن
یـانـە بـاوانش ئـەو نـەوڕەســـــــیــــــــدە
قـــــەریب وێـمـــــەن دڵ بـێ قـــــەرارەن
تـەحـــــریـر نـەفـــــیـــــر نـەبۆ نیگارش
ئامـــال قـــەلبـــەن [صـــەلامـــە!] وارەن
قـــادر قـــودرەت كـــەرۆ نـەصـــیـــبم
پـەی بەژن و بـاڵاش دڵ بـێ قـــــــەرارەن
بدەۆن تەحـــریز جـــە قـــەضـــا و قـــەدەر
حـــــەق بپـــــارێزۆش ئاهـووی شكارەن
تـا (قـــاب قـــوسین) ، (ومـــا ارسلناک)
ســـپـــــەردەی [قـــادر!] لەیل و نەهارەن
هـێـمـــای دوڵدوڵ نـە كـــەفــتـــەن نـە دام
بـە وێـنـەی كـــــەلڕەم ئـاهـووی تـەتارەن
چونكە دوڵدوڵی جـــە گـــەل رەم كـــەرۆ
دەمـــاغش نە ئەوج بـەرز كـــۆهـســـارەن
ئەبرووان دوو قـەوس وە هـەم پەیوەســـتـەن
مـــوژانان چەنی عـــەینان خـــومـــارەن
زوڵفـــان ئەســـوەدی نـە بـەین ئەگـــریج
زنج و غـەبغـەبش سـێب خـوانسـارەن

گـۆنـا ئەحــمــەریی ژاڵە [لی دشــتــە!]
لە بان عــەقــیــقــیـی یاقــووت ئابدارەن
گـوڵبــون نە طـەرح غـونچــەی گـولاًبیی
ئەر صــەد وێنەی گـوڵ پـەرچینش خـارەن
گــــەردەن مــــیـنای صـــاف بلوورەن
مــاویی خــاڵانش [بیــســو!] تیـمــارەن
ترنجـان پەیوەند بەو سـیـنەی مـەڕمـەڕ
نەســـیم ترنج حـــەیی مـــەزارەن
ئەر نەصـــیب کـــەرۆ خـــودای ذولجـــەلال
ئامـــــاڵم چەندش حـــــەلاڵە وارەن
بە لوطـفت بکەر رەحــــمـێ وە حـــاڵم
ئینتـیـظـار لەیل شـیـرین گـوفـتـارەن
مـــازا حـــەســـرەتان ببـــەروون وە گڵ
ئەو نەوڕەســــیـــــدە بۆ بە شکارم (!)
نامش (مـــەنیـــجـــە) حـــەق یاونا بۆ
فـریشـتـەی بەخـتـم ئەمـجـار بێـدارەن!
بەخت پەراگــەندەی سـەفــەر (هـەراتەن)
دوو ســـــاڵ (کـــامڵ) تـەمـــام تـەیارەن
جـە زێد و مـەکـان کـوردسـتـان زەمین
ئاوارەی وەتـەن، ئـەردەلان شـــــــارەن
[یاد دون!] وێم مــەندەن وە بێ کــــەس
دوســــتـــــاخ طەهـران نـە یار دیارەن
ئەسـیـر دوسـتـاخ نە دەست گــەبری
مـەنیـجـەی طەهران تورک خـونخـوارەن
کـافـرەن مـوطڵـەق، بێ دین ئەرمـەنیی
رافـــضـــیی صـــەریح [مــرک!] نازارەن
دایم المدام ئامــــادەی جــــــەنگەن
تورک ئەرمــەنیی جـــە دین بێــزارەن
فـــەلاح و نەجـــاح پەرێمـــان نیـــەن
خـوشـووع و خـوضـووع مـودام هەزارەن

***

٢

مــــــيـــــــرزام ديم گـــــــوڵـی...
نه قـــەلعـــەی هـەرات ديم جـــەمين گـــوڵێ
ســـــەرتاپا بێ عــــەیب نیگارین گـــوڵێ
لار و لەنجـــەی خـــاص وینەی بولبـــوڵێ
دەســـتـــە بە دەســـتـــە حـــەی تاران حـــەی
دەســـــتـــــە بی وە بان کــــەتفـــان وەی
پێـشـــانی چـون جـام خـــورشـــيـد ئەنوەر
مـــەدرەوشـــۆ نە طەرح چون قـورس قـــەمـــەر
ناصـــیـــەی ئەو نوور حـــۆری زادەی حــوور
ســۆ مـــەدۆ نە جـەرگ چون تیــر فـــەخـفـوور
کـــــۆرپە حـــــەی وەچان دەور نـاصـــــیــــــە
ســـەنعـــان وێڵ کـــەردەن وێڵ چە [کـــریوار!]
ئەبرووان دوو قـــەوس پەیوەســـتـــەن وە هـەم
مـــوژانان تیپ تیپ حـــەم مـــەدان وە حـــەم
دوو عـــەین مـەخـمـــوور خـەرامـــان دەســتـوور
تـیـپ مـــــــوژانـان مــــــــەدرا وە زەروور
صەف صەف صەف بەستەن سوپای کێومەرز
وەی پەی قـــەتڵ ناحـــەق ئەولاد هورمــــز
بینی [شـــــەمس!] زەڕ نوقـــرەی [فطانی!]
صـــەيقـــەل دادە يەد ئوســتـــای فـــەڕەنگیی
زوڵفـــان ئەســـوەدی ســـیـــای دەیجـــووریی
مـــــەدرەوشـــۆ چون تووک طاوس بەحـــریی
چین چین خـــــەم وەردەن نە دەور گــــــۆنا
تیپ ئارا کـــــەردەن چون ســـــوپای دارا
هـەر وەقت شـــەمـــيـــمش مـــەدۆ نە دەمـــاغ
عــــەظم پوســــيــــدە زينده کــــەرۆ چاغ
ئەو نـەفح زوڵفـــەين چون نـەفـــەس عـــيـــســـا
زينده مـــەکـــەرۆ مـــوردە نە صــــەحــــرا
گـــــۆنا ئەحــــمـــــەریی ئەبیـــــەض داخل
گـــوڵناری و ئەبیـــەض بە هـەم مـــەدا خل!

فـەم غـونچـەی نیـهـان یاقـووت نە تێـدا!
سـی و دوو لوئلوء عـەکس مـەدۆ پێـدا
لوئلووی غـەڵطانیی پەیوەسـتـەن وە هەم
سـی و دوو ددانـەن بـێ زیـاد و کـەم
چای فـەم چون فنجـان حـەوز کـەوثەرە
هەر کێ مـەنۆشـۆ جـە دین بێ بەرە
طوول گـوڵناریی ئەبیـەض [مـداخل!]
سـۆ مـەدۆ نە جـەرگ لەت لەت مـەبۆ دڵ
لەبان عـەقـیـقی سـفـیـدی پەیوەست
سـەفیدی و ئەحـمـەر جا گـەرتەن وە قـەصت
زنج و غـەبغـەبش چون سـێب خـوانسـار
مـەدرەوشـۆ نە طەرح شـووڵەی خـۆر ئێـوار
گـەردەن مـینای صـاف سـینە بلوورین
سـینە لەوح سـیم جـام فـەخـفـوورین
چەند دانە زەمـڕووت تێ نیـشـان کـەردەن
نەقش نەقـاشـان مـەسـتـوو بـەردەن
پێـوە بەند بیـیـەن دوو لیـمـۆی سـاوا
نەفح و ئەو لیـمـۆ رۆح مـەدۆ جـەلا
(دایم المدام) مـەخـفـی نە پـەردە
مـەر وێش بەو پـەنجـە یەخـە وا کـەردە
ئەو عـەطر لیـمـۆی رۆح ئەفـزای حـەیات!
مـوردە مـاوەرۆ نە رووی سـەر بیـسـات
چەند خـال مـیـشكیی نە دەورش تەندەن
رەژیدەی قـودرەت پەس و پیش تەندەن!
نـاف بـە وێـنـەی نـاف ئـاهـووی تـەتـاران
مـەملووەن جـە مـیـشک مـایەی عـەتاران
طەلیـسم ئەو گـەنج كـەسێ نەشكوفـتـە
کلیـدش نە دەست ئوسـتـای دوڕ سـوفـتـە
ئەو صـەفحـەی شیشـەی سفید شیر ماهی
مـەمـانۆ چون تووک بەط سـەراویی

نەرمـیـی پاو پووز سـفـیـدیی پەنجـە
عـالەم وێڵ کـەردەن بەو لار و لەنجـە
ئەو شـۆخ [مـورادم!] من کـەرد ئەراگـێل
دیسـە مـەگـێـلـۆ نەهەردەی دوجـەیل
بمانۆ ئەو شـەخص تا قـاف قـیـام
پـەی دەردەداران زیـنـدە کـەرۆ رام
هانا بەو مـەرقـەد پادشـای لەولاک
شـای (قـاب قـوسین، ومـا ارسلناک)
تا دنیـا نە پشت گـاو مـاهی بۆ
... ئـەلـطـاف لا تـنـاهـی! بـۆ
مـیـرزام ئەو شـەخـصـە ئەگـەر مـەونێش
... دوور مـەوی بـە وێـنـەی دەروێـش
یە شـەخـصێ واتەن دوورکـەفـتـەی وڵات
دووسـتـاخ خـاڵ خـاس مـەحـبـووب هەرات
ا ح م د دڵ پـێـوە بـەنـدەن
پەی هـەراتیـیـان مـات دەرمـەندەن

تاریخ ٥ شهر ذی الحجه در سال هزارو دویست پنجاه و سه، در هنگام قلعهء هرات محاصره بود تحریر گردید.

٣

یـا حـەق زگـارم
یا حـەق جـە ناحـەق زار و زگـارم
ئەر صەدْ شـەرمەسار هـەم غیصیان بارم
ئەگـەر صـەد هـەزار بار گـوناهکارم
ئەز صـەد بار گونام جە قاف تا قافەن[١]

(١) ئەم پارچە بەم شێوە بەناتەواوی ماوەتەوە.

[illegible]

بسم الله الرحمن الرحیم

[illegible]

محرم صفر ربیع‌الاول ربیع‌الثانی [illegible]

جمادی‌الآخر رجب شعبان رمضان شوال [illegible]



کەشکۆڵی "سێتا"یش سەرچاوەیەکی تری ئەدەبی کوردی

٥٨٤

لەناو ئەو پاشماوەی کەشکۆڵ و بەیاضانەدا کۆم کردوونەتەوە و پاراستوومن، پاشماوەی کەشکۆڵێکی کۆنەی دڵۆپەلێدراوم لەلایە لە سەریم نووسیوە:

(کەشکۆڵی سێتا) و لە (ئەلبوومی کەشکۆڵ)یشدا تۆمارم کردووە.[١]

بەڵام تا ئێستە بە وردیی باسی ناوەڕۆکەکەیم نەکردووە و - وەک پێویست- بە مێژووی ئەدەبی کوردیم نە ناساندووە. لێرەدا شتێکی لەسەر دەنووسم.

باسی دەستخەتەکە:

دەستخەتەکە لە قەوارە و شێوەی پانی و درێژیی لاپەڕەکانیدا لە کەشکۆڵی (گوڵزاری بەهار) دەچێت. بەڵام دیارە ئەم خەتی مامۆستایەکی ترە.

ئەوەی کە ماوە (٣٠) لاپەڕەیە. سەرەتا و کۆتاییی دیار نییە.

لە ناوەوەیشیدا لێی کەوتووە. لە هەندێ شوێنیدا دڕاوی هەیە.

دڵۆپە لێی داوە و کەوتووەتە ناو ئاو، یان لە تاقدا ئاو بەسەریدا ڕژاوە و هاتووەتە خوارەوە. بەهۆی ئەوەوە مەرەکەبەکەی باشە نووسینەکەی نەکوژاوەتەوە، بەڵام چەند لاپەڕەی ئەمدیوە و دیوی تارمایی مەرەکەبەکەی کەمێک تێکەڵاویی لەناو دێرەکانی چەند لاپەڕەیەکیدا بەدی هێناوە.

ژمارەی دێری لاپەڕەکانی وەک یەک نییە، لاپەڕەی وای هەیە (٢٠) بەیتی تێدایە، لاپەڕەی وایشی هەیە (١١) بەیتی تێدایە.

پێوانەکەی (١٦×٢٠)ە.

نووسەرەوەی ئەم دەستخەتە کە دیارە لە هەواخواهانی تەریقەتی نەقشبەندی و مورید و مەنسووبی شێخ عومەری بیارە بووە، لە کەشکۆڵەکەیدا بایەخی تایبەتی بەو شیعرانە داوە کە لە پیاهەڵدان و ستایشی شێخ عومەردا بوون، واتە زۆرتر شیعری مورید و مەنسووبانی ئەو شێخەی لە کەشکۆڵەکەیدا کۆ کردووەتەوە. ئەمەیش بە ئاشکرا لەو باسە وەردەگیرێ کە لەسەر ئەم کەشکۆڵە نووسیم.

نووسەرەوەی کەشکۆڵەکە لەبارەی خۆی و مێژووی نووسینەوەی کەشکۆڵەکەیەوە هەندێ شتی

---

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، ئەلبوومی کەشکۆڵ، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم. چاپخانەی خانی دهۆک -٢٠٠٨.

نووسیوه، نووسینەوەیان هەندێک تیشک دەخاتە سەر خاوەنی کەشکۆڵەکە.

بەپێی ئەو مێژووانەی لەم چەند لاپەڕەدان دیارە ئەم کەشکۆڵە ماوەیەکی باش بە دەست مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای خاوەنیەوە بووە و هاوڕێی هەمیشەیی بووە.

لە لاپەڕە (٥)دا دوای شیعرەکانی مامۆستای موسەنیف نووسیویە:

«تمت شد از ید عبدالله سیتاه* همگی گویم آه صدآه* برای محبوبهء چون ماه* در خانهء دەخدا* بیست و هفتم ماه رمضان المبارك* وقت چاشت خوردن بي چاشت* زیرا كه روزه خوردن خطا است* سنة الف وثلاثمائة وخمسة بعد الهجرة النبى صلعم. سنة ١٣٠٥»

لە لاپەڕە (١١)دا نووسیویە:

«تمت شد از دست عبدالله سیتاه، تولدش در سنهء هزارو دوصدو شیصت و هشت هجری است. ١٢٦٨ هندو سهء عجم است»

لێرەدا هەندێکی دەستخەتەکە دڕاوە و شتێکی نووسینەکەی تێداچووە.

لە لاپەڕە (٢٤)دا نووسیویە:

«تمت شد از دست عبدالله سیتاه ١٣٠٧»

دەبێ ئەوەیش بڵێم: نازانم مەبەستی لە وشەی (سیتاه) چییە، ئەگەر (سیتاه)یش نەبێت. بە هەر حاڵ ئەگەر (سیتاه) بێت بە نووسینی کۆن هەڵدەگرێت (سێ تاه) بێت وەک نووسیومە. هەڵیش دەگرێت (سی تاه- ٣٠-) بێت. وەک هەڵدەگرێت (سەیتاه) بێت. هەر چۆن هەیە ئەمانە بۆچوونن.

ئەوەی روونە ئەوەیە مامۆستا کەشکۆڵەکەی - ئەوەی لەم بەشەدایە- لە نێوانی ساڵانی (١٣٠٥-١٣٠٧)دا نووسیوەتەوە، خۆیشی لەو کاتەدا تەمەنی لە دەوروبەری (٤٠) ساڵدا بووە. ئیتر هیچی تر لە ژیانی و بەرهەمی تری نازانم.

ناوەڕۆکەکەی:

ئەم کەشکۆڵە - ئەوەی کە ماوە- ئەم بابەتانەی تێدایە:

١- پارچەیەک شیعری ئەحمەدی کۆر کە سەرەتاکەی بە:

ئاستانەی دڵبەری شیرین کەلام

(جنة الفردوس) و هەم (دار السلام)

دەست پێ دەکات. دیارە سەرەتاکە بەیتێکی کەمە و، نایشزانم پێش ئەوە چەندی تری تێداچووە. ئەم پارچە لە دیوانی ئەحمەدی کۆردا[1] هەیە، لە کەشکۆڵەکەدا (٥٠) بەیتە.

٢- لە لاپەڕە (٤)دا پارچەیەک شیعر نووسراوە، لە سەری نووسراوە (کلام کردی). پارچە

---

(١) بڕوانە: دیوان و شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر (موکریانی)، لە: عەزیز موحەممەد پور (داشبەندێ) و لەگەڵ پێداچوونەوەی: مامۆستا هەژاردا. چاپخانەی پەیام، تاران، چاپی یەکەم، ١٣٧٨ (هەتاوی). ل. ٢٢١.

شیعرەکە بە زاراوەی گۆرانییە و، ئەمە سەرەتاکەیەتی:

صەدای زڕەی زەنگ

شەبێ دیم ئاما صەدای زڕەی زەنگ

هەندێک لە (قەتارییە)ی[1] مەولەوی دەچێت. ٢١ بەیتە.

ئیشارەی بۆ ناوی کەس تێدا نەکراوە، بەڵام بەپێی دوا بەیتی دەبێ شیعری شاعیرێک بێت کە نازناوی (زەلیل)ە، ئەمەیش دوا بەیتەکەی:

زەلیل (نو دقت) فامش بییەن کەم

هەرچەند شادیش بی داش وە مەتای غەم

٣- بەدوای ئەمەدا پارچەیەک شیعر دێت لەسەری نووسراوە:

(وله ایضا) واتە ئەمەیش هەر شیعری شاعیری پێشووە. ئەم پارچەی دووەم دوو جار بڵاو کردووەتەوە، وام بیستووە کە شیعری مامۆستا مەلا ئەبوبەکری موسەنیفە.[2] ئەگەر وابێ دەبێ مامۆستا مەلا ئەبوبەکر لە شیعرەکانیدا (زەلیل) و (حەسەن)ی بەکار هێنابێت، چونکە لە کۆتاییی ئەم پارچەی دووەمەدا نووسیویە:

ئەر بە رەحم وێت ببەخشای (حەسەن)

حەسەنات مەبۆ ئەحسەن هەی ئەحسەن.

***

لەبەرئەوەی بە بیرما نایێ ئەو پارچە شیعرەم بە بڵاوکراوەیی دیبێت و، ئەگەر شیعری مامۆستای موسەنیفیش بێت ئەوا تەمەنی لە چوارسەد ساڵ زیاترە لە کۆتاییی ئەم کورتە وتارەوە بڵاوی دەکەمەوە.

٤- لە لاپەڕە شەشدا پارچەیەک شیعری کوردیی لە ستایشی شێخی ضیائەدیندا هەیە، لەوە دەچێت شیعری شاعیرێک بێت کە نازناوی (کەیفی) بێت.

دوای ئەوە بچڕان و کەوتن هەیە کە نازانرێت کەوتووەکە چییە و چەندە، یەک بەیتی کوردی لە سەرەتای لاپەڕەی دوای کەوتنەکەوە بە کوردی هەیە کە ئاوایە:

وەکوو تیکرار و تەصریفی فەقێیان

لە بەحثی زوڵفی تۆیە قیل و قالم

***

---

(١) بڕوانە: دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە، لەسەر نووسینی مەلا عەبدولکەریمی مدرس. چاپی یەکەم. ل: ٤٩٩ .

(٢) دوو جار ئەم پارچە شیعرەم بڵاو کردووەتەوە؛ جارێکیان ناتەواو بوو، جاری دوایی تەواوم کرد. بڕوانە: کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، ل: ٥٩

٥- دوای ئەوە پارچەیەک شیعری نالی دێت.

٦- دوای ئەوە پارچەیەک شیعری ئەحمەدی کۆر نووسراوە کە لە دیوانەکەیدا نییە، هەوڵ دەدەم لەم هەڵەدا ئەمەیش بنووسمەوە.

٧- لە دوای ئەوەوە پارچەیەک شیعری کوردیی خاوەن دیارینەکراو نووسراوە، حەوت بەیتە.

٨- لە لاپەڕە (١٢)دا پارچەیەک شیعری (جامی) نووسراوە.

٩- لە لاپەڕە (١٣)دا پارچەیەک شیعری کوردیی قادری ساوجبلاغیی هەیە لە ستایشی شێخی ضیائەدیندا. ئەم پارچە شیعرە (٢٧) بەیتە، دوای ئەوە سێ بەیت نووسراوە لە ستایشی (فاروق)دا دەبێ ئەویش هەر لە ستایشی شێخی ضیائەدیندا بێت. دوای ئەوەیش لە لاپەڕە (١٦)دا پارچەیەکی تر شیعری میرزا قادری سابلاغی بە کوردی هەیە.

١٠- هەر لە لاپەڕە (١٦)دا پارچەیەک شیعری مستەفا بەگی کوردی هەیە.

١١- لە لاپەڕە (١٨)دا شیعری (حەریق) و دواتر شیعری (کوردی) هەیە.

١٢- دوای ئەوە پارچەیەک شیعری فارسیی خاوەن دیارینەکراو و دوای ئەویش بەشێک لە پارچەیەک شیعری عەلی حەریری نووسراوە.

١٣- دوای ئەو لاپەڕە و پێش لاپەڕە (٢١) بچڕان هەیە و دیار نییە کەوتن و بچڕانەکە چەندە. دوای ئەوە، واتە سەرەتای لاپەڕەی (٢١) بە پارچەیەک شیعری کوردیی ناتەواو - لە سەرەتاوە- دەست پێ دەکات، پێ دەچێ شیعری (مەستی) ناوێک بێت.

١٤- لاپەڕەی ٢٢ و بەشێکی لاپەڕە ٢٣ شیعری فارسییە لە ستایشی شێخی ضیائەدیندا.

١٥- لە لاپەڕە (٢٣)دا پارچەیەک شیعری ئەحمەدی کۆر دەست پێ دەکات کە لە دیوانەکەیدا هەیە تا لاپەڕە ٢٤ دەخایەنێ.

١٦- سەرەتای لاپەڕە (٢٥) پارچەیەک شیعری مەلا (عەبدوڵڵای جەلی)یە بە فارسی قافییەکەی (...استی)یە. پارچەکە (٣٠) بەیتە.

دوای ئەوەیش پارچەیەک شیعری (٢٤) بەیتی کوردیی جەلیی نووسراوە. هەوڵ دەدەم هەردووکیان بنووسم.

١٧- دوای ئەوە (٤) چوار بەیت و پارچەیەک شیعری فارسی دێت. دەستخەتەکە لە لاپەڕە (٣٠)دا دەبڕێتەوە، بەڵام ئاشکرایە کە ئەو بڕانەوە تەواوبوونی دەستخەتەکە نییە و نازانرێت دوای ئەوەیش چەندەی لێ کەوتووە.

لە کۆتایی ئەم کورتە باسەوە پێش ئەوەی بێمە سەر نووسینی شیعرەکانی دەڵێم: دەستخەتەکە لە هەندێ شوێندا - نادروستی و هەڵەی نووسەرەوەی تێدا دەبینرێت، لەوانەیە ئەویش وای دەست کەوتبێت، لە پەراوێزەوە کەمە- کەمە ئاماژە بۆ دروستیی شوێنەکان دەکەم.

دەبێ ئەوەیش نەبوێرم کە شیعرەکانی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای جەلی پێشتر نموونەیان لە (کۆیە و شاعیرانی)دا لێ بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ئاوا بە تەواوی بە بڵاوکراوەیی نەمدیوە.

کەلامی کوردی

صـــــــــــــــەدای زڕەی زەنــگ..

شـــەبێ دیم ئامـــا صـــەدای زڕەی زەنگ
زەوارێ نە مـــوڵک کـــارخـــانەی فـــەڕەنگ
یابوویێ نە خـــەم کـــەردەن وە پێـشـــەنگ
صـــەد قـەتاری غـەم پەیوەسـتـەن وە هەم
هـەزار طـەنبـــەڵی ئاوەردەن نـە غـــــەم
منیش نیـشـتـەبێم نە جـایێ بێـدەنگ
نە گـــۆشـم ئامـــا صـــەدای زڕەی زەنگ
هۆڕێزام سـەرسـام واتم: یە چێـشـــەن؟
واتن: بـازرگـــان مـــەتای غـــەم پێـشـــەن
واتم: خـــواجـاکـای[1] کـامین مـەکانەن؟
واتشـــان: خـــواجـــای شـــار غـــەمـــانەن
ئیـسـمش غـەمگینەن هـەر غـەم بارشـەن
چەند سـاڵ[2] خـەرید غـەمـان کـارشـەن
ســـا ئێـــد شنەفـــتم هۆڕێزام دەردەم
تا شـیم وە پێشـواز تیـجارباشـیی غـەم
واتم: نەوجەوان[3] خـەرقەی غـەم وە دۆش
ئەی تیـجـارباشـیی مـەتای غـەم فـرۆش!
سـاتێک درەنگێ قـافـڵـەکـەت لەنگ کـەر
خـــەرید مـــەتای غـــەمـــان لە یـەک دەر
سا کە ئێد شنەفت خواجای[4] دڵ غەمین
فـــەرمـــا: ســـارەبان بار وست نـە زەمین
من چەنی تیـجـار خـــواجـای پڕ هـونەر
کـــەردمـــان قـــیــمـــەت هەردوو بەرابەر
دەست شـیـراو بەیع هـەردوو داین وەهەم
ئەو بـی وە بایـع من مـوشـتـــەریی غـەم

---

(١) خواجەکەی بێت باشترە.

(٢) لە بری (ساڵ) ئەگەر (ساڵەن) بێ باشترە.

(٣) ڕەنگە (نۆجوان) باشتر بێت.

(٤) لە هەموو شوێنەکاندا ڕاست وایە (خواجە) بێت.

مامەڵەی قیمەت شادیی و غەم کەردین
وێنەی قـــەپانچـــیی قـــەپان ئاوەردین
هەرچەند شادیم بی کێشـام وە غـەمدا
کـەردم نە حـوجـرەی دڵەی مـاتەمـدا
حـوجـرەی دەروونم نە غـەم کـەردم پڕ
نامم مەنشـوور بی بە خـواجـای غـەمکڕ
بەو طەور جە ئەزەل بەخـتم ناخـاسـەن
ئیـسـتـە نە بازاڕ مـەتام کـەسـاسـەن
بێ قـیـمـەت کـەفـتـەن نە بازاڕەدا
چمـان مـینای وێش داش وە خـارەدا
ئینشاڵڵا[1] و ڕەحمان سوودش خاس مەبۆ
نەزانام نە بەخت من کـەسـاس مـەبۆ
وە هەر طەورێ بۆ جـە من بسـتـانۆ
وەرنە تا مـەحـشـەر جـەلام مـەمـانۆ
(زەلیل) نەو وەخت فـامش بییـەن کـەم
هەرچەند شادیش بی داش وە مەتای غەم

کەلامی ئەحمەدی کۆر

روحـەکـەی خـۆم! بۆ چ نەکـەم روح و دڵ و دینم فـیـدات؟
وەک شـەککەر خـۆشـە قسـەت، شـیـرینە لێـوت وەک نەبات
ئاوی لێــوت ئاوەکــەی خــضــرە نە وەک چاهـی [دەرت!]
بۆیە کـەوتوومـە چاهـی چەناگـەت نۆش بکەم ئاوی حـەیات
پەرچەم و کـاکـۆڵەکانت بێن خـۆشـتـرن هـەردوو لە مـیـسک
خـاڵی رووی ئەتۆ[2] بەنەوشـە سـونبـولە خـەططی سـیـات
مــــاهـی نۆ هـەروەک بـرۆتـە روومـــــەتت هـەروەک هـەتاو
[کـــــر... کـــوی] خــــەڵقـی دەڵێن: رۆژ بـوو هـەڵات!
چاوەکـانت بە سـاحـیریی لەکن مـردووان زیندوو دەکـەن
من چ غـــەممە گـــەر بماوێتــــە بە دڵ تیــرەی نیـگات

(١) ئەگەر (ئینشالاو) بێت رەساترە.
(٢) ئەگەر (تۆ) بێ باشترە

نێـوقــەدت باریکە وەک مــوو، قــامــەتتــە ســەروی راست
ســپــیــەتیت کــافــوور دەبیــژی، گــەردەنت هەروەک مــینات
نەک بە تەنهــا من گــرفــتــاری غــەمــی عــیــشــقی ئەتۆم
بەڵکە شــەیدا بوون لە بۆت صنفی مــەلا و شــێــخی وڵات
صــۆفــیــیــان[١] کــونجی عــوزلەتیــان[٢] بۆ خــۆیان دەگــرت
ئێــســـتــا هاتوون هەمــوو وەک کــەر کــەوتوون لەلات!
خــەرقــەکــەی بەریان دڕاند و دین و ئیــمــانیــان فــرۆت
تەکــیــەکــەی خــۆیان بەجێ هێــشت بوونە خــۆڵی ژێری پات
یووســفــی مــیــصــرە[٣] عــەزیزم تۆ منم یەعــقــووبەکــەت
نابێ رەحــمێ بکەی[٤] بە حــاڵی پیــرەکــەی جــەور و جــەفــات؟
دووکـــــەڵی ئاه و هــەناســــــەم عـــــالــەمی کـــــردۆتە تــەم
ئاگــری کــوورەی دڵی من وا دەســـووتێ ســات بەســـات
چاوەکـــەم کـــوانێ وەفـــا و شـــەرتەکـــەی ئەو جـــارەکـــەت؟
چی بەسەرهـات- روحەکەی خــۆم! - گەوهەری شەهوارەکەت
زاهیــد و، شــێخ و، وەلیــی هەرسـێک دەیانکرد مــەنعی من
ئەوێستا- عەزیزم! - غەم دەخۆن بۆ گوڵی رووخسارەکەت
شـــــێـــــخـــــەکـــــەی دوێنێ کـــــە تەعنەی لێ دەدام[٥]
ئیمرۆ مێزەری سووتا لە عیشقی چاوەکەی بیمارەکەت[٦]
چاوەکــــەم کـــوێر بوو ئەوەندە گـــریام لە دووری چاوی تۆ
بۆم بنێـــرە - تـــوو خـــودا- لەو تۆتیـــاکـــەی خـــاکی پات
با وەفــاکــەت دەرحــەقــقی (ئەحــمــەد) تەواوبێ رۆژ بەرۆژ
چونکە مــوشــتـــاقی ئەتۆیە ناگـــاه دێ وەقـــتـــی وەفـــات.

(١) ئەگەر لێرەدا (وا) یەک هەبێ باشترە.
(٢) لێرەیشدا (لە)یەک ببێ باشترە..
(٣) رەنگە (میصری) بێت باشتر بێت.
(٤) ئەگەر (کەی) بێ رەوانترە.
(٥) لێرەدا تێکەڵاویی لە نێوان دوو باڵی بەیتەکەدا دروست بووە و دەبێ ئاوابێت:
(شێخەکەی دوێنێ کە تەعنەی لێ دەدام ئیمرۆ ئەڵێ)
مێزەری...
(٦) ئەم بەیتە و دوو بەیتی پێشوو قافییەکانیان لە تەک قافییەی ئەم پارچە شیعرەی ئێرەدا ناگونجێت و وەک ئەوە وایە لە پارچەیەکی تر بن، بەتایبــەتی بەیتی یەکــەم (چاوەکــەم کــوانی...) وەک ســەرەتای پارچەیەکی تازە وایە.

مەلا عەبدوڵڵای جەلی

دەبێ پێش ئەوەی شیعرەکانی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای جەلی بڵاو بکەمەوە بەسەر ئەوەدا نەڕۆم کە لە (م. و)دا چەند شوێنەواری مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای جەلیم دیوە لێرەدا ناونووسکردنیان دەبێت بە زیادە ڕوونکردنەوەی بەرهەم و ژیانی مامۆستای جەلی.

١- لە دەستخەتی ژمارە (١١/٤٣٣٦١م. و)دا فەتوایەکی ئەم مامۆستا هەیە لەبارەی ساڵی باڵغبوونی کچەوە بە شایەتیی- شایەتی جیا- جیا.

٢- دەستخەتی ژمارە (١١٩٣٩م. و)ش دانراوێکی ئەم مامۆستایە لە بەیاندا.

٣- دەستخەتی (٣٠٤٥١م. و)یش دانراوێکی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلییە بە ناوی (تحفة الطلاب شرح خلاصة الحساب). محەمەدی کوڕی حاجی ئەبوبەکری بانەیی وەقفی کردووە. دەستخەتی (٣٦٦٧٨)ش نوسخەیەکی تری ئەو کتێبەیە.

٤- مەولوودنامەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای جەلیی چەندان نوسخەی لە کتێبخانەی ناوبراودا پارێزراوە ئەمە ژمارەی هەندێکیانە:

(١٤٥٢٩) نوسخەیەکی باشە ئەحمەدی یادئابادی ساڵی ١٣٤٤ بۆ مەلا ئەحمەدی شەقڵاوەیی نووسیوەتەوە. ئەم ژمارانەی تریش نوسخەگەلی ئەو دانراوەن: (٢٢٠٨٦، ٢٤٠١١، ١٤٥٢٩، ١٧٠٠٢، ٢١٢١٨، ١٨٧٣٧، ٢٠٣٦٩).

٥- نامەی مەلا عەبدوڵڵا بۆ شێخی ضیائەدین سێ ژمارە و سێ دانەی هەیە کە ئەمانەن: (٢/ ٢٦٠٩٥ ، ١٨١٩٣، ١/١٤١٩٩).

کەلامی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی

(یا سید الرسل) چە غەریبە حیکایەتم؟
(یا هادي السبل) چە عەجیبە شکایەتم؟
ئەدبار و رووسیاه و فەقیر و قەلەندەرم
بێ فیکر و ذیکر و هۆش و (قلیل البضاعتم)
بیللاهی دڵ فیگار و موبەڕڕام لە خوڵقی چاک
تەڵڵاهی شەرمەسار و موعەڕڕا لە طاعەتم
بۆ مەدحی ئەهلی فەقر زوبان لاڵ و ئەبکەمم
وەقتی ثەنای ئەهلی غینا پڕ فەصاحەتم

عـومـری عـەزیز بە جـیـفـەیی دنیـا تەلـەف بوو
بێ قــووت و بێ زەخـیـرەی راهی قـیـامــەتم
سـەر تا قـەدەم وجـوود نوحـووسـەت قـەرینی من
چاکـیی تیـا نیـیـە، هەمـوو عـەیب و قـەباحـەتم
بۆ راهی ئاخـیـرەت بە مـیـثلی مـوور سـست پام
بۆ تۆشـەی جیـهان سـەگ و ضـەیفـەم مـەهابەتم
گـەر چە عـەمـامـەکەم سـپییـە و پێم دەڵێن مـەلا
قـەلبم رەشـە مـیـثـالی [قـشـەی!] بێ هیـدایەتم
هـەنگامی دەرس خــوێندن و قــورئـان بەبێ درۆ
مـەفهوومی ئایەی قـەمطەریر و عەبووسە قیافـەتم
وەقتی نیـفـاق و غـەیبـەت و تەزویر و ئیـفـتیـرا
بە دائیم لە صـەدری مەجلیس و ئەیوانی عیززەتم
مــوونەوەرە هـەیکەلی زلـم و قـامــەتی بڵند
مـەعنام گـەلێ بچووکە دەنی و پەسـتە هیـمـمـەتم
نەم مـاوە چـارە ئەی دڵ پڕ غـەم چە قـوڕ بکەم(!)
هەردەم هەناسـەکێشی غـەم و دەرد و حـەسرەتم
ئەی شـاهی ئەنبیـا و دوڕ[1] سـەری تاجی ئـەولیا
رەحـمێ بە حـاڵی من کە سـەگی خـاکی دەرگـەتم
حـیـفظـم بکە لە وسـوەسـەی دێوی لەعنەتیی
چونکە فـەقـیـری تۆو و دۆعـاگـۆیی ئوممەتم
مەمخە چنگی حوکمی هەوا و دەستی نەفسی بەد
گـەر هیچ نییـەم لە زومـرەی ئاحـادی میللەتم
بگرە بە لوطف و مـەرحـەمـەت دەستی ئەم سـەگە
هـەرچـەند خـەسیس و پیس و سـزاواری نەفـرەتم
بـەشـقی چـەهـار یاری گـوزین و مـوبارەکت
ئاگـات لە من بێ وەقـتی سـەفـەرگـاهی ریحلەتم
ئیمـان لە شەڕ و شۆڕشی شـەیطان خەلاص بکەم
شـەرمن نـەکـەی بە داوەت جـاندانی سـەکـرەتم

---

(١) ئەم (دوڕ)ە نەبێ باشترە.

جێگەم بکە لە شاری شەفاعەت لە ڕێی خودا
قوربانی دار و بەرد و زەن و مەرد و طیبەتم
خورەم بکە لە ڕۆژی جەزادا بە ڕووی سفید
چونکە فیدای [وادەی روضای!] ڕەوضەتم
دوورم بخە لە ئاتەش و بم[1] ئاوی ناو بەهەشت
مات و مەلوول کە دوشمن بێ دین و دەوڵەتم
مەطران و جاشلیق و قەشە ئوسقوفی لەعین
شادان مەکە بە ضەرب و ئیهانە و سیاسەتم
صەد جار سەگێکی پیس و گرۆیم هەزار شوکر
چونکە سەگی محەمەد و ئەصحابی عیزەتم
وەرنە (جەلی) چە حەددی تۆوە ئەم شکایەتە
بۆ خۆی دەزانێ حاڵ و حەواڵ و حیکایەتم

کلام حاجی ملا عبدالله کوی

تا بکی ای دل اسیر نفسی بی پرواستی؟
مائل جا هو جلال و طالب دنیاستی
بهر دنیا هر زمان در گردش و در کوششی
غافل از ترتیب اسباب ره عقباسی
روبروی اهل دنیا پشت بر ارباب فقر
(فی المثل) مهر غنارا هم سر حرباستی
در منام و غیبتی دور از مقامات شهود
غرق بحر لابستی بی کشتی إلا ستی
بهر تکلیفات عقبا همچو موری سست پا
بهر تحمیلات دنیا اشقر شش پاستی
کس ندیدی زین خراب آباد دنیا پایدار
بگذری از وی اگر اسکندرو داراستی
میروی عریان سوی ملک بقا ای پادشه
گر چه فارغ در لباس اطلس و خاراستی
میخورد کرمان وجود نازکت در گور تنگ
گر شهی گر مانیو گر والی والاستی

(١) دەبێ ئەم (بم)ە [بمشۆ] بێت و نووسەرەوە لە بیری چووبێت.

میشوی در زیر قاف قبر پنهان بیگمان
گر سلیمان زمانستی و گر عنقاستی
زار میگردی بزیر پنجهء شیر اجل
گر ملای پر بلا گر شیخ و گر آغاستی
چون سموم قهر مردن میوزد بی اختیار
خشک لب جان میدهی گر برلب دریاستی
لشکر شاه اجل هنگام ضرب و گیر و دار
میرباید جان ز تن گر پیر اگر برناستی
سائیلان قبر با گرز گران آتشین
(یسألان عنك) گر سلطان تخت آراستی
می بکوبندت مثال پتک آهنگر یقین
گر گنویی بی غلط دردم جواب راستی
روز رستاخیز چون بینی زهر سو ولوله
مست و حیران میشوی گر عاقل و داناستی
دفتر عصیان سیاه وصفحهء رویت سیاه
در میاه رو سفیدان چون سگ رسواستی
گاه أفتی گاه خیزی غرق دریای عرق
گوییا مست مدام نشئهء صهباستی
می کشندت چون خر مرده بمیدان حساب
می نیاری دم زدن گر خود خری عیاستی
از زفیر نار دوزخ وز شهیق دوزخی
صعقهء میگیردت گر حضرة موسا بستی
نیست امید نجاتت از حساب و وز عذاب
گر نه خاک پای شاهی تخت او ادنی ستی
احمد مرسل محمد آنکه امکان ز ابتدا
بهر ایجاد جنابش از عدم برخواستی
ای شفیع المذنبین وی چاکرت روح الامین
خزنه‌دار مخزن اسرار (ما او حی ستی)
جمع شد در سینه ات انوار علم لا یزال
عالم علم محیط (علّم الاسما) ستی

با سموم قهر تو جنّت شود بئس المصیر
با نسیم لطف تو دوزخ فرح افزاستی
داعی ایجاد عالم از کمینگاه عدم
بانی اصل واساس سنت غرّاستی
قبهء خضرا عجوز آسا بگرید روز شب
چونکه فخر و آبروی تودهء غبراستی
رتبهء ادناترین خادمان روضه ات
برتر از نو آسمان (جنة المأوی) ستی
وارث نور و بهای انبیای مرسلین
باعث کری بنای شوکت کراستی
با بکەم تەعدیلی نەظم و قافییە و رەویەی عەرووض
بەم زبانە هیچی تر شیعرم لە بۆ هەڵناستی
بیکەمە کوردیی زبانی خۆمە چاکی تێ دەگەم
خوایە تەوفیقم بدەی من بندە تۆ مەولاستی

نامەیەکی بڵاونەکراوەی مەولانا خالید

٥٨٥

خواڵێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریم چەندەی هەوڵ داوە و، چەندە- بەتایبەتیی لە کۆکردنەوەی نامەکانی مەولانا خالیدا- سەرکەوتوو بووە، دیارە هێشتا نامەگەلێک، یان گەلێ نامە ماون کە مامۆستا دەستی پیایاندا نەگەیشتووە و پەیی پێ نەبردوون، دۆزینەوەی هەر نامەیەک لەو نامانە و خستنیە سەر خەرمانی سامانی مەولانا، پڕکردنەوەی کەلێنێکە لەو کەلێنانە، بەڵکو زیاتر ژیانی ئەو کەڵەپیاو و کەڵەزانای گەلی کوردە روون ببێتەوە.

ئەم نامەم لەناو ئەو پەڕە پەڕانەدا دەست کەوت کە مەلا عوسمانی موفەتیشی ئەوقاف کۆی کردوونەتەوە و، ماوەی سوود لێوەرگرتنی پێ دام.

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمدلله وسلام علی عباده الذین اصطفی.

امید که مهیمن بنده نواز بیهمال و کریم خطابخش ذو الجلال، آثار تجلّیات جلال را از نفس و ملك و اموال وروح و أولاد و عیال آن مرکز دائرهء کمال بردارد، وبر نواحی ومحال أعداء دین ومخالفان ملّت سید المرسلین- صلی الله علیه وعلی آله وصحبه أبد الآبدین - بکمارد آمین.

باز بیاد آوری فقیر بیمراد خامهء منشیان عطارد منشان را تصدیع و شمهء ینابیع فتوّت ووفارا بجوش وبحور صحبت قدیمەرا بخروش آورده، وطلب ادعیهء مستجابه در أزمنهء مستطابه نموده بودند، رسید، دل غافل را چنان بیدار نمود که گویا مجنونِ بیدارا از شهپر پری سایهء، و یا عندلیب شیدارا از شمیم گلشن وایهء آمدو، آنچه از آلام درد فراق، ولواعج آتشگدهء اشتیاق بر زبان آنعزیز نکند، وآن گذشتد بود همەرا جناب سید احمد تفصیلا أدا نمود. باز أورا توصیه وسفارش نمودیم، ألبتّه کما هی احوال را بگوش حکمت نیوش خواهد رسانید، ومادام التفاتی برواج سنت سنیه ورفع بدع ردّیه داشته باشند...

طلب دعا ازین مسکین از مقولهء تحصیل حاصل است، واگر بعض موانع نمیبود میخواستیم که سید أحمدرا باخود بسفر حجاز ببریم، اگر بدین دو بیت حافظ نامەرا ختم نمودن انسب نمود:

روز وصـل دوسـت داران یـاد بـاد
یـاد بـاد آن روزگـــــاران یاد باد
گـر چه یاران فـارغند از حـال من
از من ایشـــان را هزاران یاد باد

لێرەدا وا پێ دەچێت کە ئەم نامە تەواو بوبێت، بەڵام لە هەمان پەڕەدا لە ئەودیوی لاپەڕەکەوە شتێکی تر بە هەمان خەت نووسراوە، لەوە دەچێت تەواوکەری ئەم نامە بێت، وا ئەوەیش لێرەدا دەنووسین:

عزیز من چنانکه میفرمودندو چنان بود، بدِ همسایەرا همایسه داند، سرشتِ طفلِ بدرا دایه داند، ما مرید ومتعلقان خودرا بهتر میشناسیم. اگر ملا عبدالله هراتی نباشد هرگز نظام خانقاه مبارکه براه نمیرود، وهرکس نسبت بدو چیزی گوید أز حظّ نفسی یا بشریّتی خالی نخواهد بود (من کل الوجوه) اورا وکیل فقیر دانندو، سخن هیچ مرید خلیفەرا نسبت باو قبول نفرمایند، در ایام بودن فقیر انواع أموررا نسبت باو بحضور این بیحضور میرسانیدند همه بیحاصل بود! خلاصه باید تا وقت معهود نگذراند هیچ کس اورا مکدّر کند، والسلام ختام.

اضعف العباد خالد النقشبندی المجددي اللهم اهدنا صراطك المستقیم.

لە پەنای ئەم دەقەیشدا یەک دوو مێژوو تۆمار کراون لەوانە:

* کۆچی دوایی سولەیمان پاشای کوڕی عەبدوڕەحمان پاشا و دانیشتنی ئەحمەد پاشای کوڕی لە شوێنی، کۆتایی مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٢٥٥ک. بەڵام گورگ هێنان بۆ ئەحمەد پاشا کە لەوانەیە پڵنگ خەوتبێ.

* کۆچی دوایی خوا لێخۆشبوو بەهەشتی مەحموود پاشا و دانانی سوڵتان عەبدولمەجیدی کوڕی لە جێگەی، خوا تەمەنی درێژ کات و پایەبەرزی بکا ساڵی ١٢٥٥ک.

[illegible]

عزیزم چنانکه میفرمودند و چنان بود [illegible] همت دارند سرشت خلیفه

بد را وا به دانند ما مرید و متعلق [illegible] نیستیم اگر ملا عبدالله

هراتی نباشد هرگز نظام خانقاه مبارک [illegible] نمیرود و [illegible] نسبت باو چیزی گوید

از حظ نفس یا شریعت تعالی نخواهد بود [illegible] او را وکیل فقیر دانند و سخن

هیچ مرید و خلیفه را نسبت باو قبول نفرمایند در ایام بودن فقیر انواع امور را

نسبت باو بحضور این بحضور میرسانیدند [illegible] بود خلاصه باید تا وقت

معهود نکند [illegible] هیچ کس او را تکدر کند [illegible] الله احد الکل المستقیم

[illegible]

مولانا

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله و سلام علی عباده الذین اصطفی مهیمن بنده نواز سبحانک و کریم
خطابخش جل الملال آثار تجلیات جلال را از نفس و ملک و اموال و زوج و اولاد
و عیال آن مرکز دائره کمال بر دارد و بر نواحی و محال دین و فالغان ملت
سید المرسلین صلی الله علیه و علی آله و صحبه ابد الآبدین بگمارد آمین بار بسیار آوری
فقیر بیمراد خامه مشتاق عطارد نشان به تصدیع و شمه ینابیع فتوت
و وفا به جوش و بحور محبت قدیمه را بخروش آورد و طلب ادعیه مستجابه
در ازمنه مستطابه نموده بودند سید دل غافل به چنان بیدار نمود که
گویا مجنون بیدار به از شهر پری سایه و یا عندلیب شیدا به از شمیم
گلشن و ایه آمد و آنچه از آلام درد فراق و لواعج آتشکده اشتیاق بر زبان
آلوزیر نغمه دان گذشته بود همه به جناب سید احمد تفصیلا ادا نمود و باز
او را توصیه و سفارش نمودیم البته گاهی احوال را بموش حکمت شنیق خواهد
رسانید دا دام التفات بر رواج سنت سنیه و رفع بدع ردیه داشته باشند
طلب دعا از این مسکین از مقوله تحصیل حاصل است و اگر بعضی موانع نمیبود
میخواستیم سید العور را با تحفه لعل حجاز ببریم اگر بدین دو بیت ختم نامه را ختم نمودن ا
روز وصل دوستداران یاد باد یاد باد آن روزگاران یاد باد گرچه یاران فارغند از یاد من

نوسخەیەکی نایابی تەفسیری بەیضاوی

٥٨٦

ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٦ لە سەردانێکی بەڕێز فوئاد عارفدا دوو شوێنەواری پڕ بایەخی کەلەپوور و کولتووری کوردیم بینی.(١)

یەکێکیان نوسخەیەکی نایابی (تەفسیری بەیضاوی)یە، کە خۆشنووسی گەورە و لەبیرکراوی کورد عەبدوڵڵای کوڕی مەلا عەبدوڕەحمانی کەرکووکی نووسیویەتیەوە. ئەم کتێبە پیرۆزە جگە لەو بایەخەی لە رووی ئاینییەوە وەک تەفسیرێکی جێ متمانەی زانایان - بەتایبەتی زانایانی کورد- و تەفسیری قورئانی پیرۆز.. هەیەتی، دوو بایەخی تایبەتیی بۆ مێژووی کورد هەیە:

یەکەمیان: بۆ مێژووی خۆشنووسانی کورد کە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای نووسەرەوەی ئەم کتێبە پیرۆزە یەکێک بووە لەو خۆشنووسانە کە بەداخەوە تا ئێستە - من بزانم- هەواڵێکی نازانین و هیچمان لە شوێنەوارەکانی - کە بێگومان کەم نەبوون- لە دەستدا نییە.

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا بەم کارە رەنگینەی دەچێتە ریزی خۆشنووسە دەسترەنگینەکانی کوردەوە و ناوی لە لاپەڕەی زێڕیندا - وەک خۆی پێشتر بۆ کەسانی تری کردووە- تۆمار دەکرێت، دەبێ بگەڕێین و چاوەڕوان بین بەڵکو لەمەولا هەواڵ و شوێنەواری تازەی بدۆزینەوە و زیاتر لە بەرهەم و سەردەم و ژیانی شارەزا ببین.

دووەمیان: ئەو بایەخدانە بێ بڕانەوە و بارسایی نەزانراوەی میرانی بابانە بە زانست و هەوڵدانیانە بۆ گەشەپێدان و رازاندنەوەی کتێبخانەکانیان بە کتێبی نەوازە و جوان بە دەستخەتی خۆشنووسانی دەسترەنگین و باڵادەست.

ئەم شوێنەوارە یەکێکە لەو شوێنەوارانەی شیاوی ئەوەیە - وەک کاتی خۆی میری بابان ویستوویەتی- بە جوانترین شێوە لە مۆزەخانەی تایبەت و جێگەی بایەخداری وڵاتدا بپارێزرێت.

باسێکی ئەم دەستخەتە:

ئەم دەستخەتە یەکێکە لەو دەستخەتانەی کە پێیان دەگوترێ (خزائنی= گەنجینەیی) واتە بۆ گەنجینەی دەستخەتی میر و دەسەڵاتدارێک نووسراوەتەوە. بەرگێکی پێستی رەقی نەخشێنراو بە گوڵی جۆراوجۆری بە رەنگەکانی: قاوەیی و پرتەقاڵی و تەلایی و سەوز و سپی هەیە، لەبەرئەوەی باش هەڵنەگیراوە بەرگەکە لە بنەوە و سەرەوە تەقیوە و لێی بووەتەوە.

---

(١) برای بە نرخم کاک شێخ حەسیبی بەرزنجی بوو بەهۆی ئەم سەردانەم، وەک هەر ئەویش بوو هەواڵی ئەم شوێنەوارانەی پێ دام.

له سەرەتاوە دوو سەرلەوحەی جوانی بە گەڵا و گوڵ و رەنگەکان رازێنراوەی هەیە. لەژێر سەرلەوحەی یەکەمدا فیهرەستی لە پەڕەی (٣٨٧ سورة الملك)ەوە تێدایە. تا کۆتاییی تەفسیرەکە کە پەڕەی (٤١٨)یە. بەم پێیە دەبێ فیهرەستی بەشێکی کەوتبێت و، رەنگە سەرلەوحەیەکی تریشی کەوتبێ.

ئەمە یەکێکە لەو دەستخەتە دەگمەنانە کە ژمارە بۆ لاپەڕەکانی دانرابێت. جگە لە رازاندنەوەی سەرەتاکەی هەموو لاپەڕەکانی دوو چوارچێوەیان بۆ کراوە، چوارچێوەی یەکەم کە بە دوو خەتی تەڵایی کەمێ ئەستوور و پان کراوە تەفسیرەکەی لەناودا نووسراوە. چوارچێوەی دووەم یەک خەتی تەڵایی لەوی تر باریکترە پەڕاوێز و تەعلیقاتی زانایان و تەفسیرەکانی تر و قیرائەتەکانی قورئانی پیرۆزی تێدا نووسراوە.

تەفسیرەکە بە خەتێکی نوسخی زۆر جوان و بە مەرەکەبی رەش نووسراوەتەوە. قورئانەکەی ناو تەفسیرەکەیش بەهەمان شێوە، بەڵام بە مەرەکەبی سوور و سەر و بۆر بۆ کراویی نووسراوەتەوە. هەر لاپەڕەیەکی - بێجگە لە پەڕاوێزەکان- (٣١) دێری تێدایە. پێوانەکەی (٢٥×١٥)یە. (٨٣١) لاپەڕەیە. لە کاغەزێکی تەنکی تورمەدا نووسراوەتەوە.

سەرەتای سوورەتەکان بە پانکۆڵەیەکی تەڵایی بە ئەندازەی دوو دێر بە ئاوی تەڵا رەنگکراو جیا کراوەتەوە. ناوی سوورەتەکە و ژمارەی ئایەتەکانی و باسی (مکی) یان (مدنی) بوونی سوورەتەکە بە مەرەکەبی سپی لەسەر ئەو پانکۆڵە تەڵاییە نووسراوە.

لە کۆتاییەوە چەند پەڕەیەکی لێی بووەتەوە، بەڵام باشە پارێزراون و تێدانەچوون.

لە دوا لاپەڕەیدا کە تەفسیرەکە کۆتایی هاتووە نیو لاپەڕەی سەرەوەی بە گوڵ و ئاوی تەڵا و رەنگەکانی مەرەکەب نەخشێنراوە.

یەکێک - دیارە بۆ شوێنەونی- دوو دێری لە باسی نووسینەوەکەی و ناوی نووسەرەوە و بۆ نووسراوەی بە مەرەکەبی شین رەش کردووەتەوە. بەڵام باشە بە زەحمەت دەخوێندرێتەوە.

ئەو نووسراوی کۆتاییە وەک خۆی دەگوێزمەوە ئێرە:

«قد وقع الفراغ من تحرير القاضي بيضاوى الشريف في يوم السبت في وقت الضحى من يوم السادس في شهر محرم الحرام على يد العبد الضعيف الحقير الفقير عبدالله بن ملا عبدالرحمن الكركوكي لأجل مولانا العظام وعالى الهمام محمود پاشا المكرم ابن خالد پاشا الأكرم في سنة سبع وتسعين ومائة بعد الألف من الهجرة النبوية المصطفوية بحرمة سيد البشر.


اللهم اغفر لنا ولوالدينا ولوالد والدينا ولاوستادنا[٢] ولمشايخنا خاصة ولمن سبب في تحريرنا هذا

(٢) ئەم نووسەرەوە بەڕێزە بەپێی (مولانا العظام وعالي الهمام) دەبێ کەمێ عەرەبییەکەی لاواز بێت. بەپێی ئەم وشەیش (لاوستادنا) دەردەکەوێ کە ئەمە پێش (٢٤٠) ساڵ نووسراوەتەوە لەو کاتەوە زەوقی نووسەرەوەی کورد وابووە - وەک دوایی وای لێ هاتووە- کە لە باتی سەر و بۆری عەرەبی پیت لە رێنووسی کوردیدا بەکار بێنن.

التفسير الشريف بحرمة مولانا محمد- صلى الله عليه وسلم وعلى آله وأولاده وازواجه وذرياته - آمين برحمتك يا ارحم الراحمين».

شوێنەواری دووەم کە لەو سەردانەدا لای بەڕێز فوئاد عارف بینیم شەجەرەی بنەماڵەیەکی بەرزنجییە کە فوئاد عارف لە لقێکی ئەو شەجەرەیە بە یارمەتیی خوا لە ناو شەجەرەکاندا باسی دەکەم.





لا مبدل لكلماته وهو السميع العليم

قد وقع الفراغ من تحرير القاضي البيضاوي الشريف في يوم السبت في وقت الضحى من يوم ثاني [illegible]

[illegible]

[illegible]

سبع وتسعين ومائة بعد الالف من الهجرة النبوية المصطفوية تحية

سيد البشر اللهم اغفر لنا ولوالدينا ولوالد والدينا ولاوستادنا

ولمشايخنا خاصة ولمن سبب في تحريرنا هذا التفسير

الشريف بحرمة مولانا محمد صلى الله عليه وسلم

وعلى آله واولاده وازواجه وذرياته

آمين برحمتك يا ارحم

الراحمين

م

دوو دانراوی سەید ئەحمەدی نەقیبی یەکەم

٥٨٧

دانراوی یەکـەم: ناوی (خـلاصـة العـقـیـدة في شـرح الدرة الفـریدة) دیارە بەم دانراوە شـەرحی هۆنراوەی (الدرة الفـریدة)ی شـێـخ مـەعـرووفی نۆدێیی کـردووە. بەداخـەوە ئەم دانراوە هەر سـەرەتاکـەی دیارە و نازانرێت چەنـدەی لێ لەناوچووە. ئەوەی کـە لە دەسـتدایە حـەوت لاپەڕەیە، وا دیارە نووسـەرەکەی تەواوی نەکردووە؛ چونکە لاپەڕەی حـەوتەم تەواو نەکراوە تا بڵێین لاپەڕەکـانی دوای ئەو لاپەڕە تێداچوون.

سەرەتاکەی دوای (الحمدالله) و صەلات و سەلام ئاوایە:

«اما بعد: فیقول الفقیر إلی عفو الملك المنجي احمد بن السید محمود الگله زردي النودهي البرزنجي: لما رایت الرسالة المنظومة الموسومة بـ(الدرة الفریده) مع صغر حجمها و وجازة نظمها، مشتملة علی فراید من علم العقیدة ومحتویة علی دقائق الاسرار الکلامیة، منطویة علی مباحث هي مفاتح العلوم الالهیة، للعالم الفاضل، والنحریر الکامل الجامع بین المعقول والمنقول، حاوي الفروع والاصول، مبین الحلال والحرام، امام الائمة ومقتدی الانام، سیدي وسندي و مولاي قبلة صاحب الفضائل والراي البهي السید الشیخ معروف البرزنجي.»

خەتی نووسەرەوەکەی خۆشە لە بەینی (ثلث) و (نسخ) دایە.

بەهۆی ئەوەوە ناتەواوە ناوی نووسەرەوە و مێژووی نووسینەوەی نازانرێ.

دانراوی دووەم: نامـیلکەیەکی بچکۆلەی هەشت لاپەڕەییـیە، سـەرەتا و کـۆتـاییی دیارە، ناوەڕۆکەکەی بەرپەرچی بیر و بۆچوونی کەسانێک دەداتەوە کە تەشەر و توانج دەگرنە هەندێک لە سەیدان و نەوەکانی پێغەمبەر(د.خ).

لەسەر لاپەڕەی یەکەمی نووسراوە:

«هذه رسالة شریفة قد حوت فوائد لطیفة للسید الاکبر والمسك الاذفر، السید احمد البرزنجي- حفظه الله المنجي- قد تملکه الحقیر ابن خاله ابن النقیب- جعله الله- عالما بهمة حضرة الغوث- رضي الله عنه- . وصلی الله علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه وسلم.

سەرەتاکەیشی ئاوایە:

«وبعد: فیقول الراجی ربه المنجي السید احمد بن السید محمود الگلەزردی البرزنجی: لما کان الناس في زماننا یبغضون السادات لافعالهم التی لا تلیق بشأنهم ویبحثون قبح افعالهم... » پاش

ماوەیەک نووسیویە:

«فأردت ان أصنف رسالة دالة على شرفهم وتحريم غيبتهم وبغضهم، فأقول: ان شرفهم... »

کۆتایەکەیشی ئاوایە:

«تم كتابة هذه الرسالة الشريفة للسيد العالم الفاضل ابن عمتي الكامل السيد احمد بن السيد محمود البرزنجى. حفظه الله المنجي على يد ابن خالته ابن النقيب، جعله الله عالما بهمة حضرة الغوث. -رضي الله عنه- ١٤ ذي الحجة سنة ١٣٠٢».

شایانی باسە دوو سەید ئەحمەدی نەقیب هەیە، سەید ئەحمەدی یەکەم و سەید ئەحمەدی دووەم. سەید ئەحمەدی دووەم ئەوەیە کە دیوانەکەی چاپ بووە بە ناوی (دیوانی سەیید ئەحمەدی نەقیب). ئەم دوو دانراوە دانراوی سەید ئەحمەدی یەکەمن کە باوکی سەید ئەحمەدی دووەمە. لەبارەی ژیانییەوە شتێکی ئەوتۆ نازانم.

مامۆستا شێخ ڕەسووڵی گومەتەیش سەربازێکی گومناوی سەر ڕێگەی کۆکردنەوەی کەلەپووری کوردییە

٥٨٨

یەکەم جار کە دیوانی مەولەویی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسم دیوە و پێشەکییەکەیم خوێندووەتەوە باسێک بەرچاوم کەوت، کە زوو جێگەی لە مێشک و دڵمدا کردەوە و لە بیرم نەچووەوە.

باسەکەیش ئەوەیە کە مامۆستا باسی هەوڵ و کۆششی خۆی بۆ کۆکردنەوەی شیعرەکانی دیوانی مەولەوی دەکات و، باسی ئەو کەسانە دەکات کە سەرچاوەی شیعری ئەم شاعیرە بوون و، کەم تا زۆر کەشکۆڵ و شیعرییان لەلا بووە، باسی مامۆستا شێخ ڕەسووڵی گومەتەیش دەکات کە کەشکۆڵی شیعری مەولەوی و شاعیرانی تری لەلا بووە.

ساڵ هات و چوو ئەم باسە لە مێشکمدا نەسڕرایەوە و بۆ هەلێک دەگەڕام سەر و سۆراخێکی ئەو کەشکۆڵە بکەم؛ چونکە مامۆستا ئەوەی نووسیوە کە ئەو کەشکۆڵەی چنگ نەکەوتووە و نازانێ چی شیعری مەولەوی تێدایە. لە بەغداوە چەند جار نامەم نارد و دۆست و ئاشنام بۆ لای نەوەی مامۆستا شێخ ڕەسووڵ ڕاسپارد، گەلێ لەو هەولانەم بێ سوود و ئەنجام بوون. دوا هەوڵم نامەیەک بوو بۆ شێخ ئەنوەری حاجی شێخ قادری کوڕی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ ڕەسووڵم نارد، بە دەمیی وەڵامی دابوومەوە کە: هەوڵم بۆ دەدات.

دوایی بە ماڵەوە هاتمەوە بۆ سلێمانی، لێرەیش لە تەک جەنجاڵی و سەرقاڵیدا ئەم باسەم لە تەک هەوڵەکانی ترمدا بۆ شوێن هەڵگرتنی پەیداکردنی سەرچاوەکانی کەلەپووری ئەدەبی کوردی دانابوو.

تا ئەنجام کۆششەکانم بەریان گرت و، ئێوارەیەک کاک شێخ حسەینی کوڕەزای مامۆستا شێخ ڕەسووڵ هات بۆ بەخێرهاتنەوە کردنم و دیارییەکیشی بۆ هێنابووم کە بریتی بوو لە چەند لاپەڕە دەستخەت، کە لای ئەوان وایە ئەمە هەموو شوێنەوارەکانی باپیریانە، بەڵام من گومانم بۆ باسەکە دەچێت و، بڕوام وایە، وەک مامۆستا مەلا عەبدولکەریم فەرموویەتی، ئەو زاتە کاتی خۆی کەشکۆڵی نایابی شیعری هەبووە سا ئیتر هەرچۆن بووە یان بە یەکجاری تێداچووە، یان لای ئەم و ئەو کەوتووە و جارێ ئێمە لێی بێ هەواڵین.

هەرچۆن هەبێت دیارییەکەم، وەک دیارییەکی پڕ بایەخ لە کاک شێخ حسەین وەرگرت و، دامنا بۆ هەلێک شتێکی لە تەکدا بکەم. دوایی کە بە شێنەیی هاتمەوە سەری و سەرنجیم دا دەبینم ئەمە

پاشماوەی دەفتەرێکی کۆنی دەستخەتی شیعرە، کە گومان بۆ ئەوە دەچێت دەستخەتی مامۆستا شێخ ڕەسووڵ خۆی بێت.

پێش ئەوەی شتێک لەگەڵ ئەو شیعرانەدا بکەم کە لە دەستخەتەکەدان هەوڵ دەدەم مامۆستا شێخ ڕەسووڵ بە مێژووی زانایان بناسێنم:

مامۆستامان ناوی ڕەسووڵی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەمەئەمینە. شێخ حەمەئەمین لە بەرزنجەوە هاتووەتە گوندی سێوسێنانی سەر بە ناوچەی قەرەداغ. شێخ ئەحمەد پێنج کوڕ و کچێکی بووە. کوڕەکانی گوندی گومەتەیان دروست کردووە و لەوێ جێگیر بوون.

مامۆستا شێخ ڕەسووڵ ساڵی ١٨٨٠ لە گوندی سێوسێنان لەدایک بووە.

مامۆستا لە منداڵیدا وریا و زیرەک و لەسەرخۆ بووە و، لەبەر نەبوونی قوتابخانە لە تەک براکانیدا خەریکی کار و کشتوکاڵ بووە، بەڵام لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا چووە بۆ خوێندن و خوێندەوارییەکی مامناوەندی بەدەست هێناوە و لە گوندی گومەتەدا نیشتەجێ بووە، بە کۆششی خۆی ژیاوە و پێشنوێژی بۆ خەڵکی گوندەکە کردووە کە بەزۆری خزم و کەس و کاری خۆی بوون.

بەداخەوە بەسەرهات و ژیانی نەنووسراوە و شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نازانرێت.

گومان لەوەدا نییە کە قوتابخانەیەکی بچووک - یان گەورە-ی بووە، بەڵام - دووبارە- بەداخەوە کتێبخانەکەیشی تێداچووە و جگە لە چەند پەڕەی دەستخەتی خۆی کۆکراونەتەوە و لە بەرگی دەفتەرێکدا پارێزراون هیچی تری لێ بەجێ نەماوە.

ئەوەی لەو چەند پەڕەی ئەو دەفتەرە وەردەگیرێ ئەوەیە ئەم پیاوە قوتابیی قوتابخانەی شیعری مەولەوی بووە، زۆر هۆگری شیعرەکانی مەولەوی بووە، لاساییی ئەوی کردووەتەوە، شوێن پێی لە شیعر نووسیندا هەڵگرتووە. ئەمەیش دەمانبات بۆ لای ئەوەی کە بڵێین: مامۆستا شێخ رسووڵ مەولەویناس و مەولەوییزان بووە و، بێگومان - وەک مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە پێشەکیی دیوانی مەولەویدا باسی کردووە- دیوانی مەولەوی لەلا بووە و، ڕەنگە ئەگەر سەرجەمی شیعری مەولەویی لەلا نەبووبێت زۆربەی شیعرەکانی لە دەستدا بووە، هەروەها ڕەنگە کەشکۆڵی شیعری شاعیرانی تریشی لەلا بووبێت.

لەبارەی کەشکۆڵی یان دیوانی مەولەوییەوە کە بوویەتی و باسی کراوە گەلێ هەواڵم پرسی و نەگەیشتمە ئەنجامێکی تەواو، ئەوەی کە ترووسکە هیوایەک لەم بارەوە دەخاتە سەر ڕێگەی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەوەیە کە دەڵێن: کەشکۆڵەکە کەوتووەتە لای کاک فازیلی کوڕەزای مامۆستا شێخ ڕەسووڵ کە من نەمتوانی دەستی بخەم، هیوادارم لەلای ئەو پارێزراو بێت و ڕۆژێک بێت دەربکەوێت و سوودی خۆی بدات.

هەرچۆن هەیە ئەوەی لەبارەیەوە زانراوە ئەوەیە ژیانی لە گوندی گومەتەی قەرەداغدا بەسەر بردووە و تا دوا قۆناخی هەر لەوێ ماوەتەوە و لەوێیش ساڵی ١٩٥٨ز کۆچی دوایی کردووە و ئارامگای هەمیشەییی لەوێیە.

لێرەوە دەگەڕێمەوە لای چەند پەڕە دەستخەتەکەی کە بە دووری نازانم دەستخەتی خۆی بن و دەڵێم:

دەستخەتەکە دوو بەشە، بەشی یەکەمی ١٤ لاپەڕەیە بە خەتێکی جیاواز لە بەشی دووەم نووسراوەتەوە، وەک ئەوە وایە پاشماوەی کەشکۆڵێک بێت، سەرەتا و کۆتایی دیار نییە و ناوی کەس و مێژووی نووسینەوەی پێوە نییە. بەشی دووەم ٣٦ لاپەڕەیە، ئەویش بە دوو خەت نووسراوەتەوە. ئەم بەشەیان بە زۆری شیعری مامۆستا شێخ رەسووڵ خۆیەتی. بەڵام بەشی یەکەم (یا فەردی ئەعظەم)ی مەولانا خالید و دوو سێ پارچە شیعری تری تێدایە.

وەک گوتم مامۆستا شێخ رەسووڵ قوتابیی قوتابخانەی شیعری مەولەوی بووە، ئەم چەند لاپەڕەی بەردەستمان ئاوێنەی رووناکی ئەو باسەن و هۆگربوونی مامۆستا بابا رەسووڵ بەشیعری مەولەوییەوە زۆر بە ئاشکرا تێیدا رەنگ دەداتەوە.

شیعرەکانی هەموویان لەم دەرفەتەدا جێگەیان نابێتەوە، بەڵام وەک لاپەڕەیەکی مێژووی ئەدەبی کوردی پارچەیەک شیعری مامۆستا لێرەدا بڵاو دەکەمەوە بۆ بەڵگەی ئەو بۆچوونەم و، بۆ ناساندنی قوتابییەک لە قوتابییەکانی قوتابخانەی شیعری مەولەوی.

(وله) گفتوگۆ لەگەڵ پیاڵەی شکاو

(کرتی) پیاڵە ئیمرۆ هاتە پێش
سەراسەر ئەحواڵ سوئال کەردم لێش
وات: من سەنگێ بووم کەمتەرین سەنگ
بێ قەدر و قیمەت نارەوا و بێدەنگ
پایز دووپشک و مار بوو لە جێما
بەهاریش مانگا و گا ریبا پێما
هاوین بە گەرمیی خۆر تاوم ئەسەند
زسان بێ ئارام بە سەردیی یەخبەند
تەقدیر شاگردی ئوستادی نوورە
هۆر من گرت هەوای دامە ناو کوورە
(نعوذ بالله) چەشتم ئێشی سەخت
ئەلئەمان هەوار ئەو نووەر و بێ بەخت
نەهات بە هاوار ئەیکرد تەماشا
واتم بۆ نەجات (کلا و حاشا)
حاڵی جەهەننەم ئەهاتە یادم
واتم: چون ئیسلام ئاخر دڵشادم

تاویامـــۆ (نوره) هێنامـــیـــــه دەر
ئەمـــجـــار وه مــێکوت ئاهنـی گـاســەر
شـــاگـــردی پڕ زۆر هـانەته جـــەســـەم
جـا ئاغـام بنوار بەو جـەسـتـه و خـەسـتـەم
بەعـــضـێ وه نەعـــره بەعـــضـێ وه نالّه
شـانه و شـان شـانان خـاص ئەو گـۆپالّه
له شـــانـای گـــۆپالّ زایەریم بـو بەرز
لەبەر ئێـشی سـەخت جـەسـتـەم هاته لەرز
پاڕامــۆ: شـاگــرد ئامــان صـەد ئامــان
ئینصـافـەن بەسـەن دەسـتم وه دامــان
ئەزانەن جـەسـتـەم چون سـوفـتـەن له پێش
خـۆ سـوفـتـه بەدحـالّ له یاو بالّی مـێش (!)
چه جـــای گـــۆپالّ ئاهـنـی گـــا ســـەر
ئەر شــــانـان له کـــێـــو بۆ زێڕ و زەبەر
دەســبـــەردار نەبۆن تا ورد بووم چون گـەرد
بێـــچـــاره پڕ ئێش هێنام ئاه ســـەرد
واتم: دەس بـڕیـا لـه هـەمـــــــوو لایـه
نۆبەی رەحـــمـــەتی حـــەق تەعـــالایه
ئەو وەخـــتـــه مـــەردێ فـــەهـیم هاته لام
کـــــردمـی وه پیـــالّه مـــەرهەم دا له زام
حـــورمـــەت پەیدا بوو بووم بـه جـــای چایـی
عـــالەم پەرێشـــان بۆ [شـــیـــراو بـای!]
طـالەعـم بلّند بـەخـــتـم هەوای ســـەند
دەســـتی مـــەهـوەشـــان له گـــەردەنم بەند
منیـش دەس له مل لێـــو وه بـانـی لێـــو
عـــەجـــایب هەردوو بۆ یەکـــتـــر پەشـێـــو
گـــاهـێ دای ئەنام لـه پێـــشـی چاوی
بـێ پەروا لـه عـــــام بێـــــژێ بەدناوی
گـــاهـێ دای ئەنام لەســـــەر بەری دەس
عیشق بێـهـۆشی کرد له تانەی گشت کـەس

گـــاهـێ بـه ئاوی گـــەرم شـــست و شـــۆم
ڕەونـەقـێ عـــــەجــــیب پـەیدا ئـەبـوو بۆم
گــــــــاهـێ لـەنـاو تـاق زەڕیـنـی بـێـگـەرد
تـەخــــــتم یا بـلـوور یا ئـاڵـتــــوونی زەرد
گـــاهـێ لـه سندووق زەڕکـــاری ڕەنگ ڕەنگ
نـەخـــــــتـێ دای ئـەنـام دڵـی ئـەبـوو تـەنـگ
بـێـــــچـــــاره ڕۆحی بـۆ لای من پـەرواز
ئـەی هەی نـامــەدەر وه ســـەرپـەنجــەی نـاز
مــیـثلی پـێـشین جــار بـەزمـێ هـەم پەیدا
هـەردوو بـۆ یەکـتـر ســەرخــۆش و شـــەیدا
ئـێش و ســــــزای پـێش نـەمــــا لـه یادم
وام زانـی بـەو حـــــاڵ دایم دڵـشـــــادم
لـه نـاکــــاو ئـەجـــەل درەوشـــا چـون بـەرق
دای لـێـم پـاره بـووم لـه پـا هـەتـا فــــەرق
ڕێزەم ڕژیا خـــاک خــۆشــیم چوو لـه دەس
چون خــۆشـی دنیــا نامــێنێ بـۆ کــەس
وەک خــۆی فــانیــیــەن کـارش هـەم فـانی
حـــەولـدەر بـۆ ئـاخـــر ئـەو جــاویدانـی
هـەرچیم هـات بەســـەر لـه ئـێش و خـــۆشـی
ئـیسلامی سـەرکـەش صـوبح تـۆیش ئـەنۆشی
(شـێخ ڕەسـووڵ) ئـەر تـۆیش کەمێ فـامت هەن
دڵ بـه نـەوازش دنـیــــا هـیچ مــــەبـەن
چون وەک پـشـتــەمــاڵ حـەمـام هـەر تـاوێ
هـا بـه ڕووی یـەکـێ ئـەر گــــــەدا نـاوێ
دوشــــمنی پـڕ فـــەن بـه مــیـثلی دنیـــا
فــــامت بـۆ نـیـــیــەن نـەبـوەن لـه دنیـــا
بـه حـیـله ســازیی خــۆی کــەردەن وه لـەیل
بـەمــەجنوون مــەککار چی مــەدەرۆ مــەیل؟
ئـەر مـــــەیلێ بدەی وه تـۆڕداوی فـــــەند
ئـەسـیــرت ئـەکـا و ئـەبی حـەســرەتمەند

قـــولابی فـــیکری گـــیـــرۆ ریشــــەی دڵ
پـڕ ئـێـش بـێ ئـارام تـا چـی بـۆ تـۆی گـڵ
شـــوو نـاکـــا بە کـــەس بۆ هیچ کـــەس نابێ
پشـــتی خـــوار ناکـــا بۆ کـــەس دانابێ

***

ئەم پارچەیە درێژە و ١٧ بەیتی تری ماوە، بەڵام ئەوەندەی کە نووسرا بەسە بۆ ئەوەی بزانرێت کە چۆن لاسایی پارچە شیعری.

نەتیـــجـــەی پاک دین شـــێخ ســـازانی!
خـــاس وەتـەن نە دڵ مـــەعـدووم ســـازانی

مەولەویی دەکاتەوە کە قسەی لەگەڵ پارچە شووشەیەکی شکاودا کردووە کە شێخ مومینی سازانی دابوویە دەستی.

باسێکی دەستخەتەکە:

ئەم دەستـخـەتە چەند پەڕە کاغەزی کۆنی پەرپووتی دڵۆپەلێدراوی دۆرنجاوییە، دوایی بەبێ تەرتیب یەک خراونەتەوە تێکڕا (٦٠) لاپەڕە دەبێت، وا پێدەچێت بەشی زۆری خەتی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ رەسووڵ بێت.

ئەو شیعرانەی لە دەستخەتەکەدان چەند بابەت دەگرنەوە. وەک گفتوگۆ لەگەڵ دڵ.

موناجات

شیرین بەهارە

گفتوگۆ لەگەڵ شەماڵ

مەرثیەی شێخ غەفووری شێخ حسەینی چرچە قەڵا

مەرثیەی شێخ طەیبی برادەر زادم

گفتوگۆ لەگەڵ شەماڵ

دیارە ئەمانە پاشماوە و کۆکراوەن لە دەستخەت و دیوانی مامۆستا شێخ رەسووڵ و رەنگە شیعر و بەرهەمی تری زۆر بووبێت، بەڵام لەوانەیە هەر ئەمەی مابێت.

وسيلة الوصول الي حضرة الرسول

٥٨٩

دەستخەتێکی بچکۆلەی سەرەتا ناتەواو بەو ناونیشانەی سەرەوە لە کتێبخانەکەمدایە، بە سەرچاوەکاندا گەڕام بەڵکو نوسخەی تری بدۆزمەوە، یان هەواڵی دانەرەکەی بزانم شتێکی ئەوتۆم دەست نەکەوت، ئەوەندە هەیە لە **(ایضـاح المکنون)**دا ناوی دانراوێک هەیە نزیک لەم ناوەوە کە ئەمەیە (وسیلة الوصول الی معرفة حدیث الرسول لبدرالدین محمد بن سلامة الماردیني).[(١)]

لە شوێنەکانی تردا ناوی ئەم دانراوەی مامۆستا ماردینیم نەبینی.

لێرەدا ئەم دانراوەیش بە کتێبخانەی کوردی دەناسێنم بەڵکو لەمەولا نوسخەی تر دەست بکەوێت یان زانیاریی زیاتری دەربارە بزانرێت.

وەک گوتم دەستخەتەکە سەرەتاکەی نەماوە، ئەوەی کە هەیە ئاوا دەست پێ دەکات:

«اللهم صل وسلم علی سیدنا ومولانا محمد وعلی آل سیدنا محمد السید الجلیل. اللهم صل وسلم علی سیدنا ومولانا محمد وعلی آل سیدنا محمد الذي اخترته من نسل اسماعیل... »

کتێبەکە لەسەر شێوەی **(دلائل الخیرات)**و ئەو جۆرە کتێبانە لە بابەتی صەلاواتدایە لەسەر پێغەمبەر(د.خ). نازانرێت لە سەرەتاوە چەندەی لەناوچووە، ئەوەی کە ماوە ٨٤ لاپەڕەیە بە پێوانەی (١٦×١٠) لاپەڕەی (٩) دێری تێدایە. مەحموودی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عومەرساڵی ١١٧٨ک نووسیویەتییەوە.

دەستخەتەکە پەرپووت بووە، وەک زۆر لە دەستخەتەکانی کوردستان کەوتووەتە ئاوەوە و تەڕ بووە بەڵام نووسینەوەکەی نەکوژاوەتەوە.

---

(١) بڕوانە: ایضاح المکنون في الذیل علی کشف الظنون عن اسامي الکتب والفنون. تألیف: اسماعیل پاشا البابانی. المجلد الرابع. ص: ٧٠٩ طبعة دار الفکر ١٤٠٢هـ - ١٩٨٢م.

دانراوێکی مامۆستا مەلا عەبدولقادری قەرەحەسەنی

٥٩٠

نازانین ئەو مامۆستانەمان بە تاکەکەسیی لە پەنا و پەسێو و سووچ و قوشبنی ئەم کوردستانە بەرینەدا بێ چاوساغ و ڕێگە پێشاندەر خۆبەخۆ کاریان کردووە و لە سەرەتای بەکوردی نووسینەوە هەوڵی ئەوەیان داوە بەشی خۆیان لەسەر ڕێگەی ئەو کاروانە پیرۆزەدا هەبێت.

بێگومان گەلێک لە بەروبوومی ئەو هەوڵە سەرەتاییانە بەهۆی کەمتەرخەمیکردنی بنەماڵەی ئەو کەسانە و ڕۆشنبیرانی دەوروبەریانەوە لە عاستیاندا، تێداچوون و گوڵی هیوای خاوەنەکانیان پووکاوەتەوە.

ئەگەر تاک و تەرایەکیان لەملاولا مابن و شیاوی ئەوەن بناسێنرێن و، یادی خاوەنەکانیان زیندە رابگیرێت؛ چونکە یەکە یەکەی ئەو کەسانە هەڵگری مەشخەڵی ڕووناککەرەوەی ئەو ڕێگە پیرۆزەن و چینانی دوای ئەوان شوێنکەوتووی ئەوانن.

یەکێک لەو مامۆستایانە مامۆستا مەلا عەبدولقادری قەرەحەسەنییە، ئەم مامۆستا لە سەردەمی خۆیدا هەوڵی داوە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بە زمانی کوردی بە گەلەکەی بناسێنێ. بۆ ئەم مەبەستە کتێبێکی بە ناونیشانی «مانگ و ڕۆژی ژیانی حەزرەتی پێغەمبەر(د .خ)» داناوە.

مامۆستا عەبدولقاد جگە لەم دانراوەی کە لەلای منە دانراوی تریشی هەبووە و بەختی یار بووە توانیویەتی چاپیان بکا، لە دانراوە چاپکراوەکانی چەند لاپەڕەی کتێبی «سی پارەی خوو ڕەوشت» لەدەستدایە کە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی - دوای بەرگەکەی - نووسراوە:

«سی پارەی خوو ڕەوشت دانراوی عبدالقادری محمد علی قەرەحەسەنی حصاری. ئەم سی پارەیە پی شەوەی باسی تاریخی قران و حدیث ئەکا.

مزی چاپ لی دانو بلاو کردنەوەی هی ملا احمد مسعودی جونەلی لە قضای رواندز وە ملا عبدالکریم هکزیە.

چاپخانەی فرات - بغداد

لە سالی ١٣٥٧»

هەروەها کتێبی (شجرەی پێغەمبەر)یشی هەیە. ٢٠ لاپەڕەیە، ساڵی ١٩٣٧ لە بەغدا لە چاپخانەی فورات چاپ کراوە.[1]

---

(١) بڕوانە: ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی، نەریمان مستەفا سەید ئەحمەد، بەغدا، ١٩٧٧، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ل: ٤٨.

مامۆستا عەبدولقادری دانەری ئەم کتێبە، کتێبەکەی بەش بەش کردووە، بەشەکانی بە ناوی (بەند) داناوە، دوای پێشەکییەک (بەندی یەکەم) دەست پێ دەکات و، کتێبەکەی لە چوار بەندا تەواو دەبێ.

مامۆستا سەرەتای کتێبەکەی ئاوا دەست پێ کردووە:

«بە ناوی خوای بەخشندە و پەروەردگاری عالەم.

هەموو کەس بە قەدەری ئیقتیدار واجبە کە سەعی و کۆشش بۆ قەوم و خوێشی خۆی بکات و، لە هەموو چاخێکدا لەسەر تەرویجی فرمانی نیشتمانی بێت، وە دانا و فەیلەسووفی هەر پۆلێک بە واسیطەی ذەکا و فیکری خۆیەوە کۆشش بۆ دەفعی نیفاقی ئەو پۆلە بکات. زێرا هەر کۆمەڵ و پۆلێک مۆرانەی نیفاقیان لە ناودا بوو پایە بەرز و بڵند نابن و ژێرکەوتوو موحەققەر و بێ هێز و مەتانەت ئەبن. دوشمن و ناحەزیان لە هەموو وەختێکا مووەفەق و باڵا دەس ئەبێت، وە دائیما مەغلووبی جیهاتی ئەربەعەی خۆیان ئەبن.

ئەمجارە واجبە کە هەموو زانست و دانایێک بە دڵ و بە گیان لە رێککەوتن و دەفعی نیفاقی بەینی پۆلی خۆی کۆشش بکات.

هەر کۆمەڵێک کە رێککەوتوو بن نامە و شوهرەتێکیان وەرگرتووە و لە ناو ئەمثال و ئەقرانی خۆیاندا ناژمێررێن، وە بەڵکو عەلاوە بە (مافوق) و ئەعلا عەد ئەکرێن. ئێمەی کورد... »

ئەمەیش بەشێک لە کۆتاییی دانراوەکە:

«ئیتر هیچی کە نانووسین، زێرا درێژە دەکێشێت، خوا ئەگەر تەوفیق بدا حەیاتی ئەبوبەکریش (مستقلا) لە سێپارەیەکدا دەنووسینەوە، وە هەتا لاوی نیشتمان بە تەواویی لە حەیاتی ئەبوبەکر تێ بگەن کە چەند زاتێکی گەورە و بە هیممەت بووە.

دائیما تکامان لە خزمەت لاوی نیشتمان ئەوەیە لە دوعای تەوفیق غافڵمان نەکەن و ئەوانیش بە قەدەر تاقەت کۆشش بکەن، دا وەکو باقیی ئومەمی موجایرە پێش بکەوین.

لە ٣ی ذیلحەجە وە لە ساڵی ١٣٥٥ی هیجریی [١٩٣٦- ١٩٣٧ز] تەواو بوو».

ئەم دانراوە ٣٤٥ لاپەڕەیە. لاپەڕەی ١٧ دێڕ و کەمتر و زیاتری تێدایە. خەتەکەی مامناوەندی و خۆشخوێنە. بە رێنووسێکی سەرەتاییی کوردی نووسیویەتی، لە هەندێ شوێندا بۆ لامی قەڵەو و یێی کراوە (...) سێ خاڵی داناوە.

زمانەکەی کوردییەکی سادەیە وەک نووسینی ئەو سەردەمە و دوای ئەوە و نووسینی گەلاوێژ و دەنگی گێتیی تازە و کتێبەکانی ئەو سەردەمە.

لە لاپەڕەی دواییی کتێبەکەدا مامۆستا ناونیشانی کتێبێکی نووسیوە دانراوی خۆیەتی، بەڵام جگە لە ناونیشانەکەی هەواڵێکی تری نازانم ناونیشانەکەی ئاوایە:

«كتاب السيف المحمدية في الرد على الشدلية النقشبندية»

تألیف: عبدالقادر محمد على القرهحسني الحصارى ١٣٥٥»

به ناونیشانەکەیدا دیارە کتێبەکەی بە زمانی عەرەبی بووە و، دیارە لەو کاتەدا بزووتنەوەی حەقە لە گۆڕێدا بووە و، ئەمیش بۆچوونەکانیانی بەلاوە هەڵە بووە و بەرهەڵستی کردوون. ئەگەر کتێبەکەی لە دەستدا بووایەت شتێکم لە بارەیەوە دەنووسی.

ئەم دانراوەی ئێرەی کە باسیم کرد لە باسی (سیرەت) رەوشت و ژیانی پێغەمبەر و یارانیدایە، کتێبەکەی لە کۆمەڵێ سەرچاوەی باوەڕپێکراوی ئیسلامی وەرگرتووە و کارەکەی تا ئەندازێکی باش زانستییانەیە.

خۆشنووس و ئەدیب و مێژوونووسی کورد
مامۆستا سەید تاهیری هاشمی

٥٩١

کورتەیەکی ژیانی بە قەڵەمی خۆی:

«هێشتا وام لێ نەهاتبوو کە بانگی داکم بکەم و بڵێم: دایە گیان! دایکم بە رەحمەت بی رۆیی، من مامەوە و باوکێکی زۆر بە رەحم و خاوەن بەخشش کە هەموو چەشنە تەقەلایەکی بۆ بەرزیەتی من بەتایبەتی بۆ خوێندەواریم ئەدا.

رۆژێک دەست و پێ و خزمان وتیان: تاهیر لە مانگی ذیلحەجەی ساڵی ١٣٣٢ی کۆچی مانگیدا لەدایک بووە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بنرێتە بەر خوێندن.

بەڵێ لە خزمەت مامۆستا شێخ عارف و خاتوون مریەمی خێزانیدا – کە هەردووکیان لە ساداتی لهۆن و بە ئەصل بەرزنجی بوون– دەستم بە خوێندن کرد و، لە خزمەت خاتوون مەریەمدا قورئانم خەتم کرد.

دواتر ماڵی باوکم تالان کرا و خوێندنی منیش دواکەوت و، وا ئەزانم ساڵی ١٣٣٩ کۆچی مانگی بوو کە منیان نایە بەر خوێندن.

لە مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٣٤٠ک دا چوار پێنج هەزار سوار هێرشیان هێنایە سەر ماڵی باوکم و تالان و سیر و سۆز کراین. دەربەدەر کەوتین، باوکم بردمانی بۆ هۆرێن و شێخان بۆ ماڵی عوسمان بەگی شەرەف بادینی. بەبۆنەی ئەوەوە هۆرێن و شێخان ئەوبەری سنوور بوو لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بوو هۆردووی تالانکەر نەیانتوانی بمانگەنێ.

ئەوەیش بڵێم: لەبەرئەوەی باپیری پێنجەمم سەید شێخ رەسووڵ لە گوندی سۆڵەی سەر بە ناحیەی قەرەداخی سلێمانی دانیشتووە پێمان ئەڵێن: سۆڵەیی. شوێنی لەدایکبوونم دێی دەوڵەتئاوای رەوانسەرە.

لە خزمەت باوکمدا سەردانی سۆڵەم کرد و بە خزمەت شێخ حسەینی رەئیسی سەیدەکانی سۆڵە – کە پوورزای باوکم بوو– گەیشتم.

لە کۆتاییی ساڵی ١٣٤١دا گەڕاینەوە بۆ دەوڵەتئاوا لە ساڵی ١٣٤٧دا باوکم خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا محەمەد رەحیمی رۆحانیی سنەیی بە مودەڕیسی هێنایە دەوڵەتئاوا. منیش لە خزمەتیدا خوێندنم دەست پێ کردەوە.

کاتێ تەمەنم گەیبووە ١٦ ساڵ شیعری کوردی و فارسیم دەگوت، بۆ هەڵسەنگاندن و

ڕێکخستنی شیعرەکانم پێشانی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا حەمەڕەحیم ئەدا، ئەویش بە ڕووخۆشی و میهرەبانییەوە شیعرەکانی بۆ ڕێک دەخستم و زۆر لە شیعر و ئەدەبیاتدا هانی دەدام. هەر لەو ساڵانەدا شاگردیی کاکم خوالێخۆشبوو سەید وەجیهەدینی هاشمیم دەکرد، کاکیشم سەبارەت بە مانا و وەزن و ڕیشەی قسەی جوان زۆری پێشاندام.

لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا دەفتەرێکی دووسەد پەڕەییم کڕی و بەناوی دیوانی شیعرەوە دەستم کرد بە کۆکردنەوەی شیعرەکانم، ئەم دەفتەرەم ئێستایش ماوە.

ساڵی ١٣١٨ چوومە کرماشان و لە بانکی کەشاوەرزی دامەزرام. لەوێ لە خزمەتی مامۆستای پایەبڵند (بدیع الزمان مهی فرهی) خەڵکی سنەدا دەستم کرد بە خوێندن، تا ئەو مامۆستایان گواستەوە بۆ تاران. هەر لەو سەردەمەدا هاوساڵ و هاودەمم خوالێخۆشبوو مامۆستا بابا مەردۆخی ڕۆحانی بوو.

بەم چەشنە ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ شیعر و ئەدەبدا عیشقم زیاتر ئەبوو. ئەنجا دەستم کرد بە نووسینی پەخشانی فارسی، هەڵبەت ئەو پەخشانانەی کە من نووسیومن پەخشانێکی سۆفییانەیە، سەبارەت بە پیاوە گەورەکانی عیرفان.

ئەو کاتە کە لە کرماشان بووم تازە گۆڤاری گەلاوێژ بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلادین سەجادی بڵاو دەبووەوە. دۆستی خۆشەویستم ئیبراهیمی نادری هەم گۆڤاری گەلاوێژی بۆ دەهێنام و، هەم وتارەکانمی ئەگەیاندە گەلاوێژ. ئەو کەسانەی کە وتارمان بۆ گەلاوێژ دەچوو من بووم و خوالێخۆشبوو یەدوڵڵای ڕەزایی کە بە زاراوەی کەڵهوڕ دەینووسی، لە سنەیشەوە خوالێخۆشبوو ناسرخانی ئازاد پوور.

ساڵی ١٣٣٢ وازم لە کاری ئیدارە هێنا و گەڕامەوە دەوڵەتئاوا تا ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی. لەو ساڵەوە تا ساڵی ١٣٥٦ زستانان لە کرماشان و هاوینان لە دەوڵەتئاوا دادەنیشتم و هەر لەو ساڵانەدا لە ڕادیۆی کرماشان دەستم کرد بە نووسینی بەرنامەی ئەدەبی. گرینگترین بەرنامەم کە لە هەموو قوژبنێکی کوردزمانەوە بەتایبەت گوێیان بۆ ڕادەگرت و داوایان دەکرد، بەرنامەی (هەوارگەی دڵان) بوو.

هەوارگەی دڵان لە سێ بەش پەخشان و سێ بەش شیعر پێک دەهات، کە پەخشانەکانی لەگەڵ شیعرەکاندا جۆر دەردەهات. ئەو سێ پارچە شیعرە کە لە بەرنامەی هەوارگەی دڵاندا ئەمهێنان و بڕێ جار هەرسێکی هەڵبەستی خۆم بوون، بڕێ جاریش لە شیعری مامۆستایانی شیعر و ئەدەب وەکو: مەولەوی، بێسارانی، وەلی دێوانە، سەیدی، نالی، مەحوی، بێخود و... هەڵم دەبژاردن و لە هەموو شوێنێکا پەخشانەکەش سەبارەت بە مانا لەگەڵ شیعرەکاندا دەس لەمل بوو.

جگە لە هەوارگەی دڵان هێندێکی زۆریش بەرنامەم سەبارەت بە شیعر و ئەدەب و مێژوو بۆ ڕادیۆ کرماشان دەنووسی، تەنانەت چەند بەرنامەی ئاینیم لە ژیانی ئیمامانیدا نووسی، کە لە بابەتەوە زۆر کەموێنە بوون، بەڵام هیچکام لە بەرنامەکانم نەیتوانی ناوبانگی هەوارگەی دڵان، کە بۆ خۆی کتێبێکی پەخشان و هەڵبەستە لە هەڵبژاردەی شاعیرانی کورد، بەدەست بهێنێ».

تا ئێرەم بە کورتکردنەوە و دەستکارییەوە لە نووسینی مامۆستا سەید تاهیر خۆیەوە وەرگرت. مامۆستا سەید باقری هاشمیش کورتە ژیانیکی مامۆستا سەید تاهیری نووسیوە، بەشێکی هەر ئەوەی خۆیەتی و بەشەکەی دوایی تەواوکەری هەندێکی و بەشێکی دوای کۆچی دواییی مامۆستایە، پوختەی ئەو بەشەی کە لەوێدا نییە دەکەم بە تەواوکەری ئەم بەشە:

مامۆستای هاشمی یەکێک لە خۆشنووسانی سەردەمی خۆی بووە، بەتایبەتی شێوە خەتی (نسخ) ئەویش بە سەبکی حافز عوسمان لەم شێوەدا بە شایەتی شارەزایانی ئەم هونەرە مامۆستا سەید تاهیر بێوێنە بووە. بەم شێوە خەتە جوانە چەن کاری گەورەی ئەنجام داوە، لەوانە:

١- قورئانی پیرۆز. بە خەتێکی (نسخ)ی نایاب قورئانێکی نووسیوەتەوە کە بەداخەوە تا ئێستە چاپ نەبووە و تەنیا نوسخەی لەلای سەید حەسەنی کوڕی لە کرماشان پارێزراوە.

٢- الصحیفة السجادیة. چاپ کراوە.

٣- دلائل الخیرات. ئەمیش چاپ کراوە و، خەتێکی زۆر جوانە و، لە خزمەت نوسخەیەکی دام.

مامۆستای هاشمی جگە لە زانایی و بلیمەتی و هونەرمەندی یەکێک بووە لە پیاوە رەوشت بەرزەکانی سەردەمی خۆی لە رەهەندەیی و سەخاوەت و، راستگۆیی و، ئەمانەت و، دەمپاکی و، قسە خۆشی و، وەفا و دڵپاکیدا گۆی هونەری لە هاوڕێیانی خۆی بردووەتەوە.

مامۆستا بە فارسی و کوردی و عەرەبی شیعری وتووە. کە قەسیدە و غەزەل و جۆرەکانی شیعر دەگرنەوە. پاش خۆی چەند دانراوی پڕ بایەخی لێ بەجێ ماوە، لەوانە:

١- دانراوێک لە ژیان و بەسەرهات و کەراماتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا.

٢- ائمەء اطهار از دیدگاه اهل سنت.

٣- قرة العین. بەسەرهات و کەراماتی شێخ حسەینی سۆڵە.

٤- نور الواصلین في ذکر کرامات السید عبدالقادر الملقب بقمچی رەش.

٥- پێشەکییەک بۆ دیوانی (ابو الوفا) شێخ عەبدوڕەحمانی نەقشبەندی.

٦- برهان الحق. بابەتێکی عیرفانییە.

٧- منبع الانوار. بەسەرهات و کەراماتی شێخ حەسەنی قەرەچیوار.

٨- نامیلکەیەک لەبارەی ژیانی شێخ عەبدولقادری گەیلانییەوە.

ئەم هەشت دانراوەی بە فارسین و بە خەتێکی زۆر جوانی فارسی نووسیونیەوە.

شوێنەوارە کوردییەکانیشی ئەمانەن:

١- ژیانی وەلی دێوانە.

٢- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دیوانی بێسارانی.

٣- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی سەید ساڵحی کرماشانی.

٤- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوی.

٥-ناميلكەیەک لەبارەی عەرووز و قافیەوە لە زمانی کوردیدا.

٦- ناميلكەیەک لە عیلمی بەدیعدا.

٧- دیوانی لەیلێ و مەجنوون بە سەبکی نیظامی گەنجەوی لە ۲۰۰۰ بەیتدا.

٨- هەوارگەی دلان، بە شیعر.

٩- زنجیرەیەک پەخشان، ئەوانیش هەر بەناوی (هەوارگەی دلان)ەوە.

ئەم مامۆستا مەزنە رۆژی دووەمی تیرماهی سالی ۱۳۷۰ی کۆچی هەتاوی لە تەمەنی ۷۸ سالیدا مالئاوایی لە جیهان کرد و لە گۆرستانی دەولەت ئابادی زادگا و دلخوازی بەخاک سپێرراوە.

ئەمەی من نووسیم کورتەیەکی زۆر کورتی ژیانی مامۆستا سەید تاهیرە. ژیانی مامۆستا و لێکدانەوەی هونەری و بەرهەمەکانی بە کتێبێکی درێژ تەواو نابێت، بەلکو رۆژێک بێت یەکێکی کارامە و شارەزا ئەو پرۆژە پیرۆزە جێبەجێ بکا.

الحمد لله خالق الارض والسماء والصلوة والسلام على حبيبه سيدنا

محمد افضل المرسلين والانبياء وآله الاصفياء واصحابه الاتقياء

كتبه العبد المذنب الغبي المفتقر الى عفو ربه الغني محمد طاهر سيد زاده

الهاشمي ابن قيدار الهاشمي الحسيني السولي البرزنجي عفى الله عنه وعن والديه

راجيا قبول ربه الكريم وكان الفراغ في ليلة الخميس

العاشر من شهر شوال سنة ثلث واربعمائة

بعد الالف من هجرة من له

العز والشرف عليه

وعلى آله السلام

وَاَنْ لَيْسَ لِلْاِنْسَانِ اِلَّا مَا سَعٰى وَاَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ
يُرٰى ثُمَّ يُجْزٰهُ الْجَزَاۤءَ الْاَوْفٰى اَللّٰهُمَّ صَلِّ عَلَيْهِ
صَلٰوةً تُشْرَحُ بِهَا الصُّدُوْرُ وَتَهُوْنُ بِهَا الْاُمُوْرُ
وَتُكَاشَفُ بِهَا السُّتُوْرُ وَسَلِّمْ تَسْلِيْمًا كَثِيْرًا دَائِمًا
اِلٰى يَوْمِ الدِّيْنِ دَعْوٰىهُمْ فِيْهَا سُبْحَانَكَ اللّٰهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ
فِيْهَا سَلَامٌ وَاٰخِرُ دَعْوٰىهُمْ اَنِ الْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِيْنَ

تمت الأوراد والصلوات الغوثية لحضرة غوث الأعظم و
ملاذ أولياء العالم شيخ الإسلام السيد الشيخ الإمام
محيي الدين عبد القادر الحسني الحسيني الحنبلي الجيلاني
سلام الله تعالى عليه في ليلة الأربعاء في ربيع الثاني سنة ١٤٠٦ ١٤/٩/٢٧
بيد المذنب طاهر الهاشمي . وصلى الله على النبي محمد وآله

اللهم صل على سيدنا محمد والحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وآله وأصحابه أجمعين

كتبه الفقير إلى الله تعالى طاهر بن فضل الهاشمي الحسيني الشيوخي النقشبندي عفى الله عنه وعن والديه في ليلة الأربعاء ٢١ جمادى الأولى سنة ١٤٠٧

پێڕست

